# هاوڕێیانی شەقامی جمهوری

## ئەزموونی نووسەرانی کەرکوك لە نێوان شارو تاراوگەدا

**ئامادە کردنی: ئازاد ئەحمەد ئەسوەد**

2015

ناوی كتێب: هاوڕێیانی شەقامی جمهوری
ئامادە كردنی: ئازاد ئەحمەد ئەسوەد
دیزاینی: د. جلیل الزهیری
دیزاینی بەرگ: حسین كاكەیی
چاپخانە: چاپخانەی كارۆ
سەرپەرشتیاری چاپ: نەوزاد شێخانی
ژمارە بلاّوكراوكانی كۆمەڵە: 204
چاپكراوەكانی كۆمەڵەی ڕوناكبیری و كۆمەلاّیەتیی كەركوك
ساڵی چاپ: 2015 چاپی یەكەم

ژمارەی سپاردنی(20) ی ساڵی 2015 ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان / كوردستان.. كتێبخانەی گشتی كەركوك

پێشکەشە بە:

- مستەفا گەرمیانی 1961 –2007
- عەباس عەسکر 1939- 2007
- جەمیل ئەمین 1956 – 2011
- زاهیر رۆژبەیانی 1950 – 2012
- محەمەد موکری 1945 – 2012
- جیهاد دڵپاک 1948– 2013
- ئازاد سوبحی 1961 - 2014
- ئەحمەد ئەسوەد 1935- 2015
- محمد صابر محمود 1932- 2015
- و..ئەوانەی بەدوایاندا ئەڕۆن

# پێشەکی

ئەم کتێبە ئەزموونی ژیانی ئەدەبی و هونەریی هەندێ لەو نووسەرە کەرکوکیانە لەخۆ ئەگرێ کە لە هەندەران ئەژین. ئەوەی جێی سەرنجە هێزی خۆسەپاندنی شێوە گێرانەوەی بەسەرهاتەکانە کە بە شێوازێکی چەشەدارو سەرنجڕاکێشی ئەوتۆ نووسراونەتەوە خوێنەر ناچار ئەکەن لە خوێندنەوە بەردەوام بێ و هەرگیز نەیەوێ بگاتە کۆتایی. ستایلێک تێکەڵ لە کۆمیدیاو تراجیدیا، تێکەڵ لە چیرۆک و شانۆو شیعر. رووداوەکان بە جۆرێک بەرجەستە ئەبن وەک ئەوەی تەماشای فیلمێکی سینەمایی بکەی یان رۆمانێک بخوێنیتەوە یان لە تابلۆیەک رامێنی.

ئەزموونی ئەم نووسەرو هونەرمەندانە تەنیا ئەزموونێکی کەسی، ئۆتۆبایۆگرافی نی یە، بەڵکو ئەشێت وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و هونەریی شارێک تەماشا بکرێ لە سەردەمێکی دیاریکراودا.

گێرانەوەی ئەزموونەکانی ناو ئەم کتێبە، گەرچی وەکو دیمانە دێنە پەرچاو، پەڵام دیمانەیەکی بێ پرسیارو وەڵامە، ئازادییەکی تەواو بە نووسەر دراوە لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و چۆنێتیی گێرانەوەی ئەزموونەکان، ئەوەندەی پەیوەندیی بە هونەرو ئەدەبیات و باری رۆشنبیریی شارەکەوە هەبێ.

بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەم لە دوو سەرچاوەوە بۆ هات، یەکەم؛ کتێبی (الروح الحية ـ جيل الستينات في العراق)ی شاعیری عێراقی فازڵ عەزاوی، کە تیایدا ئەزموونی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسیی خۆی و ئەوەی شەستەکانی ئەدەبی عێراقی ئەگێڕێتەوە. دووەم: دیمانەیەکی سەرنووسەری گۆڤاری **Banipal**ی بەریتانی خاتوو مارگرێت ئۆبانک لەگەڵ شاعیری عێراقی سەرگۆن پۆڵس سازی داوەو لە ژمارە یەکی ساڵی **1998**ی ئەو گۆڤارەدا بڵاو کراوەتەوەو من وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی. دیمانەکە بێ پرسیارو وەڵامەو سەرگۆن تیایدا ئەزموونی شیعرو ژیانی خۆی ئەگێڕێتەوە لە حەبانیەو کەرکوکەوە تا سان فرانسیسکۆ.

دواجار، ئەم کتێبە لە ڕاستیدا لە نووسینی هەموو ئەو نووسەرانەیە کە لەم کتێبەدا بەشدارییان کردووە، رۆڵی من تەنیا راسپاردنی نووسەران و کۆکردنەوەی بابەتەکانیانەو هیچی دی.

ئازاد ئەحمەد ئەسوەد
بەریتانیا/ ئۆکتۆبەری **2013**



# هاوڕێیانی شەقامی

# جمهوری

ئازاد ئەحمەد ئەسوەد

## کەرکوك لە سەردەمی زێڕینیدا

پاش تووانەوەی شۆڕشی کورد لەساڵی **1975**دا، بەهۆی سیاسەتی تەعریبەوە، هەموو یەکێتی و سەندیکا کوردییەکان لە کەرکوک قەدەغە کران؛ بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد داخرا، ناوی قوتابخانەو کتێبخانە کوردییەکان کران بە عەرەبی؛ ئامادەیی کوردستان بوو بە (عبدالملک بن مروان)، کتێبخانەی ئاسۆ، کە جەبار کەریم (جەبار ئاسۆ) خاوەنی بوو، بوو بە (مکتبة الطليعة)، کتێبخانەی گەل، کاک سەڵاح خاوەنی بوو، بوو بە (مکتبة الشعب)، کتێبخانەی هەندرێن داخرا. هەرسێ کتێبخانەکە ئەکەوتنە سەر شەقامی جمهوری. بەڵام سەرباری ئەوەش کەرکوک لە نیوەی دووەمی حە فتاکان دا جۆرە پێشکەوتن و ئەشونمایەکی رۆشنبیریی بە خۆیە وە بینی؛ کتێبەکانی مارکس و سارتەرو کتێبی نووسە رە پێشکەوتنخوازەکان دەست ئەکەوتن، کتێبە کوردییەکان لە هەموو کتێبخانەکانی شاردا ئەفرۆشران، وەکو کتێبخانەی (الدار الوطنية) کە کەوتبووە سووچی شەقامی جمهوری بەرامبەر گازینۆی ئەسر، کتێبخانە بچووکەکەی دایی ئەمین بەرامبەر پاسەکانی مەحاکم، کتێبخانەی عەسری و فەلەستینییە لە بازاڕی ئاڵتوونچییەکان. هە روەها شارەکە جۆرە کرانەوەیەکی سیاسیی بەخۆیەوە بینی، بەهۆی بوونی حیزبی شیوعی عێراقی لە بەرەی نیشتمانی دا. ئەو کاتە رۆژنامە ی هاوکاری دەرئەچوو کە عەبدوڵلا عەباس سکرتێری نووسینی بوو،، هە فتەنامەی پاشکۆی عێراق کە لەتیف هەڵمەت و سەبری بۆتانی سەرپەرشتییان ئەکرد، گۆڤاری بەیان کە سەلاح شوان و بورهان قانیع و مەحمود زامدار دەریان ئەکرد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ و، هەفتەنامەی بیری نوێ کە حیزبی شیوعی دەری ئەکرد، هەروەها گۆڤاری مانگانەی (شمس كردستان) بە عەرەبی. جگە لە مانە ئە وسا لە کەرکوکدا بە ڕێوە بە رایە تیی راگەیاندنی ناوخۆ (مديريه الاعلام الداخلي) هە بوو کە شاعیر(مرشد الزبيدي) بە ڕێوەبەری بوو، چەندین چالاکیی ئەدەبی و هونەرییان پێشکەش کرد لە شانۆگەری و پیشانگای شێوەکاری و کۆڕی ئەدەبی بە زمانی عەرەبی. لەوانەی لەیادم مابێ؛ شانۆگەرییەکی جەلیل قەیسی کە خۆیشی ئامادە بوو، شانۆگەرییەکی مستەفا حەللاج بەناوی (الدراويش يبحثون عن الحقيقه). شانۆگەرییەکان لەلایەن تیپی شانۆی ئەزموونگەری (فرقه المسرح التجريبي)ەوە پێشکەش ئەکران. حوسێن میسری و ئیسماعیل هەورامی و سەعید کاکەیی لە ئەندامانی ئەو تیپە بوون. چەندین پیشانگای شێوەکاری بۆ یونس عەزاوی (برای فازڵ عەزاوی)و مدحەت کاکەیی کە تازە لە ئیسپانیاوە هاتبۆوە، کرایەوە. کۆڕێک بۆ تاریق جاف بە زمانی عەرەبی کە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆجیانەی بۆ شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت کردبوو، کۆڕێکی شیعری بۆ سەلاح حەمەئەمین بەرزنجی و هەندێ شاعیری عەرەب کە زۆربەیان شیوعی بوون، لە قاتی سەرەوەی گازینۆی ئەسر لە شەقامی جمهوری.هەروەها ساڵی **1984**یش کۆڕێکیان بۆ شاعیرانی کورد کردەوە، شیعرەکانیان بە کوردی ئەخوێندەوەو هونەرمەندی شێوەکار محەمەد

ساڵەیی تەرجەمەی عەرەبیی شیعرەکانی ئەخوێندەوە. پیشانگای شێوەکارییان بۆ هونەرمەندانی کوردی وەکو ئاشتی مەهدی و هیمەت کاکەیی و حوسێن کاکەیی و محەمەد ساڵەیی و گارا رەسوول و ئاری بابان و ئیبراهیم عەلی ئەحمەد (بڵند) و ئەرمین ئەحمەد ئەسوەدو دلێر حەمە شەریف و چەند کەسێکی دیش کردەوە.

## سەرەتاکان

شەوێکی زستانی کۆتایی شەستەکان بوو، خوشک و براکانم هەموو نووستبوون تەنیا من بەئاگا بووم، باوکم، نازانم بۆ! دە فلسی دامێ و وتی "بۆ خۆت بڕۆ بۆ چایخانەکەی کەریم چایچی"، کە لەسەر کۆڵانەکەمان بوو لە گەڕەکی شۆریجە. کەریم چایچی وتی: "بایی 5 فلس لقوومێکت ئەدەمێ، بایی 5 فلسیش سێر تەلەفیزۆن ئەکەی". یەکەم جارم بوو تەلەفزیۆن ببینم، یەکەم جاریشم بوو بەتەنیا لە چایخانە دانیشم. لە گەڕەکەکەماندا تەنیا لەو چاخانەیەو تاکوتەرا لەماڵانیش تەلەفزیۆن هەبوو. "شریفە فاضل" گۆرانیی "علی مین علی مین"ی ئەووت، وامئەزانی گۆرانی بەسەر سینەما عەلەمین دا ئەڵێ. شەریفە فازڵ، تەنیا نیوەی سەرەوەی لەشی لە شاشەکەوە دیار بوو، وامئەزانی قاچوقولی لەناو سندووقی ژێر تەلەفزیۆنەکەدایە.

ساڵی **1970** کە بەیانی **11**ی ئازار درا، من دە ساڵان بووم، ئەو شەوە تەقەیەکی زۆر کرا، خەڵکێکی زۆر رژانە سەر شەقامەکان و تا دەمەو بەیان گۆرانی و سروودیان بەسەر کوردو مەلا مستەفای بارزانی دا ئەووتەوە. من نەمئەزانی مەسەلە چی یە، پرسیارم لە دایکم کرد، وتی: کورد هەقی وەرگرتووە. لەوێوە بە زاراوەی کوردو کوردایەتی ئاشنایەتی بووین، ئەگینا بەر لەوە، تەنانەت زمانی کوردی و تورکمانیمان لەیەک نەئەکردەوە، تەنانەت وامان ئەزانی "عبدالحلیم حافظ" کوردەو هاوڕێی خاڵم عەبدولە، کە هەمیشە گۆرانییەکانی لەسەر زار بوو و، خۆیشی شێوەی زۆر لەو ئەچوو، کاتێکیش عبدالحلیم لە شەستەکانی سەدەی رابوردوودا هاتبووە بەغدا خاڵم شەرەفی ئەوەی پێ بڕابوو تۆقەی لەگەڵدا بکات... هەروەها وامان ئەزانی "فهد بلان" هاوڕێی باوکمە، لەبەر ئەوەی باوکم حەزی لەدەنگی بوو و هەمیشە سەربوردەی ئەوی بۆ ئەگێڕاینەوە. بەڵام پاش ئەوە، بیری توندڕەوی نەتەوایەتی لە هاوڕێ و خزمە نزیکەکانی دوور خستینەوە. دایکم و میمکم، کە لە منالییەوە بە تورکمانی قسەیان ئەکرد، ئێمە (کوڕەکانیان)، ناچارمان کردن واز لە زمانەکەی خۆیان بهێنن و بە کوردی قسە بکەن.

هێشتا بیری ناسیۆنالیستی پاکیزەیی منالیمانی ژەهراوی نەکردبوو، هەموو رۆژێکمان جەژن بوو، خاڵم مەزهەر (باوکی وەلید مەزهەری گۆرانیبێژ) شوفێری پاسی مەسڵەحە بوو کە پێیان ئەووت "ئامانە"، لە نێوان شۆریجەو تەعلیم تەپەدا کاری ئەکرد. بە پاسەکەی بە گەڕەک و شەقامەکانی شاردا ئەیگێڕام. لە پێشەوە لای

خالّم ئەوەستام و دەستم بە شیشەکەوە ئەگرت، لە کاتی بادانەوەشدا بازووم لەگەڵیا ئەبزواند، وامئەزانی خۆم پاسەکە لێئەخورم.
ئێوارانی جەژن لەگەڵ کەسوکارمان ئەچووین بۆ گۆڕستانی موسەڵلا.بۆنی بخوورو، خوێندنی پڕ لە هەڵەی سوورەتی یاسینی کوڵکە فەقێ و، سەیرکردنی کچانی لەخۆمان بەتەمەنتر، لەو یادەوەرییە خۆشانەن هەمیشە بە ماشێنی زەمەن ئەگەرێمەوە لایان . لە گۆڕستانی موسەڵلا لەسەر دیوارێکدا رامان ئەکرد، هێند بەلامانەوە بەرز بوو بە زەحمەت پیایدا هەڵئەزنایین. کە بە گەورەیی چووینەوە ئەو شوێنە، دیوارەکە لای ئەژنۆمانەوە بوو.. من و موزەفەری خاڵۆزام بە بێجامەوە، بەدزیی کەسوکارمان لە گۆڕستانی موسەڵلاوە بەپێ ئەچووین بۆ سینەما خەیام کە نزیکترین سینەما بوو لێمانەوە، سەیری پۆستەری فیلمەکانی رۆژانی جەژنمان ئەکرد. ئوم کەلسووم گۆرانیی "هـذه لیلتـی"ی ئەووتەوە، لەقەد یەکێک لە پۆستەرەکانیش نووسرابوو "هذه اللیله"، وامان ئەزانی ئوم کەلسووم رێکلام بۆ ئەو فیلمە ئەکات.. چەندین جاریش خۆمان بە پشتی عارەبانچی یەوە گیر ئەکرد، کە تا سەرەتای حەفتاکانیش هۆیەکی سەرەکی وهەرزانی گواستنەوە بوو لە کەرکوک، کابرای گالیسکەوانیش قامچیی بۆ رائەوەشاندین.
هەر پاش بەیانی**11**ی ئازار، لە **1970/3/27**دا ئاهەنگێکی گەورە لە گوندی حەساری ناوچەی شوان، لە نزیک کەرکوک ساز کرا، ئەو رۆژە شار چۆڵ بوو، ئێمە هەموومان بە سواری لۆرییەک چووین کە چەندین خێزانی دیی لەخۆ گرتبوو، منداڵ و مەزنێکی زۆریش خۆیان بە پشتی لۆریەکەوە گیر کردبوو. لە نزیک شوێنی ئاهەنگەکە کۆپتەرێک نیشتەوە، تۆزوخۆڵێکی بەرپا کرد چاو چاوی نەئەبینی، کوڕەکانی مەلا مستەفای تیا دابەزین، پێم وابێ ئیدریس و لوقمان بوون.
پێم وایە ساڵی **1972** بوو بۆ یەکەم جار چووم بۆ شانۆگەری. ئاهەنگی یادی **11**ی ئازار یاخود نەورۆز بوو، لە قوتابخانە بلیتم بڕی، بەڵام شەوی شانۆگەرییەکە بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەر دەرگا رایانگرتم و نەیانئەهێشت بچمە ژوورەوە، لەبەر ئەوەی بێجامەم لەبەردابوو، پاشان لەبەر بچووکیی تەمەنم بەزەییان پیاما هاتەوە. بە نواندنی واقعییانەی ئەکتەرەکان سەرسام بووم، کە پێشتر ئەو جۆرە نواندنەم تەنها لە تەلەفزیۆن و سینەمادا بینیبوو. ئەوەندەم لەیادە لە کۆتایی شانۆگەری یەکەدا ئەکتەوەکان یەک یەک ئەیانووت "من تاوانبار نیم"، پاشان لاوێکی منداڵکارە هاتە سەر تەختەی شانۆو بە ئیلقایەکی شیعریانە وتی "ئەی کێ تاوانبارە؟"، کە ناونیشانی شانۆگەری یەکە ش بوو.
هەر لەو ساڵانەدا بوو فازڵ جافی تازە ئەکتەری لاو، کە ئێمە ئەمانئەناسی، هەرچەند بە کۆڵانەکەمان دا تێئەپەڕی منداڵان دوای ئەکەوتن و هاواریان ئەکرد "دایکی شەهید، دایکی شەهید"، کوڕی خاڵم ئەیووت "ئەو پیاوە دایکی شەهید بووە". لەڕاستیدا فازڵ جاف لە شانۆگەرییەکدا بەناوی "دایکی شەهید" کە سەلمان فایق کاکەیی دەری هێنابوو رۆڵی سەرەکیی بینیبوو.

هەر لەسەرەتای حەفتاکان دا بوو (ئەرپە)م بینی. جارێک لای چایخانەکەی حەمە گوڵناس بینیم، جلێکی خاکیی لەبەر بوو و دوو دەمانچەی لە ناوقەدیبەستبوو. جارێکی دیش بینیم نزیک مەرکەزی پۆلیسی پریادی بەرەو شۆریجە ڕای ئەکردو کۆمەڵێ پۆلیسیش بە چەکەوە دوای کەوتبوون، ئەرپە خۆی بە تێمسێکی پڕ لە نەفەر گیر کردو سەرکەوت بێ ئەوەی تێمسەکە بوەستێ. ئەفسەرەکە، کە خۆی دەمانچەی پێ بوو، تفەنگێکی لە پۆلیسێک سەند، نیشانی لە تێمسەکە گرت و تەقەیەکی لێ کرد، بەڵام تێمسەکە لەو کاتەدا گەیشتبووە لای جێشتخانەکەی عومەر جگەرچی لە سووچی جادەکە، بەلای ڕاست دا پێچی کردەوەو لەبەر چاویان ون بوو، پۆلیسەکانیش گەڕانەوە مەرکەز.. جەمیل ئەمین وتی بە چاوی خۆم بینیم ئەرپە جێبێکی جەلالییەکانی لە پشتەوە ڕانەکێشاو نەیئەهێشت بڕوات... هەتا ئەرپە لەژیان دا مابوو پۆلیس حەددی نەبوو روو لە شۆریجە بکات. گوایە خۆی وتبووی "من یان لە سەرتاشخانە یان لە حەمام ئەکوژرێم". هەرواش بوو. ساڵی **1972** بوو، ئێمە لە پۆل بووین لە قوتابخانەی سەلاحەدینی سەرەتایی کاتێ گوێمان لە تەقەیەکی زۆر بوو، وتیان ئەرپە کوژرا. ئێمە بەڕاکردن بۆ شوێنی ڕووداوەکە چووین، چەند پۆلیسیکمان بینی بە تفەنگەوە، قاقا پێئەکەنین، جامخانەی سەرتاشخانەکەش لە (مەیدانی مامرەکە) هاتبووە خوارەوە. ڕۆژی دوای ئەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر بەدوای تەرمەکەی ئەرپەوە بوون، کە بەبەردەم قوتابخانەکەی ئێمەدا تێپەڕین بەرەو قەبرستانی شۆریجە. چەند ڕۆژێک دوای ئەوە کەسانێکی نەناسراو تەرمەکەیان لە گۆڕ دەرهێنابوو کەس نەیزانی بۆ کوێیان برد.. محەمەدی حەمە باقی ئەو کاتە شیعرێکی جوانی لەسەر ئەرپە نووسی.

دێتەوە یادم مەقامبێژی ناوداری عێراقی یوسف عومەر هات بۆ کەرکوک (دواتر زانیم کە ساڵی **1969** بوو)، لە مەولوودێک ئامادە بوو کە دایی قادری مەقامبێژی تورکمان لە گەڕەکی موسەڵلا سازی کرد، لە گۆڕەپانێکی نزیک مەرکەزی پۆلیسی پریادی کە دواتر ئەو شوێنە کرا بە عیادەی شەعبی و خانووبەرە. یوسف عومەرو چەند مەقامبێژێکی تورکمان لەو مەولوودەدا تا دەمەوبەیان مەقامیان چڕی.

کۆتایی شەستەکان شەڕی نێوان جەلالی و مەلایی بوو، شەو نەبوو ئەدەنە سەر چایخانەکان و زەلامێک دوان ئەکوژرێ، جار نەبوو لە گۆڕستانەکەی شۆریجە زەلامێک بە کوژراوی، بەدەست و پێ بەستراوی و لووت و گوێ و گەلوگون بڕاویی ئەدۆزرێتەوە. بە ناوی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە هەموو جۆرە وەحشیگەرییەک ئەنجام ئەدرا. جارێکیان، نزیک ماڵی خۆمان لە گەڕەکی پریادی، قەڵەباڵغی یەکی زۆرم بینی، وتیان زەلامێک کوژراوە، کاتێ کە چووم پۆلیسێکی زۆر ئەو ناوەیان تەنیبوو، لە دوورەوە کوژراوەکەم بینی، جلە کوردییە ڕەشەکەی بەری خەڵتانی خوێن بوو، سەری شۆڕ بوبووە ناو چڵکاوەکە. تا هەفتەیەک لە ترسا خەوم لێ نەکەوت.

دیمەنی مرۆڤی کوژراوو کارەساتی دڵتەزێن هەر لە منداڵییەوە بوبووە کابووسێک بەرۆکی یادەوەرییەکانمی گرتبوو.. بەهەجەت لاوێکی تورکمان بوو لە شۆریجە دانەنیشتن، بەیانییەک زوو بە سواری پایسکیل بۆ سەر کار ئەچوو، بەبەر چاومەوە خۆی بە لۆرییەکدا کێشا، وەکو مریشکی سەربڕاو هەڵئەبەزی و تەکانی ئەدا، ئەو دیمەنە هەتا ئێستاش موچڕکە بە لەشما ئەهێنێ. گەرچی پاش ماوەیەک چاک بۆوە، بەڵام هەمووی ساڵێکی نەخایاند، بەهجەت سەرباز بوو لە روبایەیەکی دەوروبەری سلێمانی، بەدەست پێشمەرگە کوژرا.. ساڵی **1976** ئەوزادی برام کارەساتێکی لەو بابەتەی بەسەر هات؛ تازە فێری پایسکیل لێخوڕین بوبوو، نزیک بەرتەکیە ئۆتۆمبیل لێیدا خوێنێکی زۆری لەبەر رۆی، بەتەمای نەبووین، چەندین هەفتە لە نەخۆشخانەی جمهوری (کەرکوک) مایەوە تا چاک بۆوە.

کە خوێندن لە کەرکوک بوو بە کوردی، زۆربەی قوتابیان بە جلی کوردییەوە دەوامیان ئەکرد، ئەمە بۆ قوتابخانەیەکی وەکو هی ئێمە کێشە نەبوو لەبەر ئەوەی هەموو قوتابیان کورد بوون. بەڵام بۆ ئەو قوتابخانانەی لە نەتەوەی جیاواز پێک هاتبوون کێشە دروست ئەبوو. لەو قوتابخانەیەی ئەحمەدی مەلا ئەیخوێند، بەڕێوەبەرەکەیان کە کورد بوو، داوای لە قوتابیان کرد کە بە کراس و پانتۆڵەوە دەوام بکەن، چونکە گەر ئەوان بە جلی کوردییەوە دەوام بکەن، سبەی قوتابی بە عەرەبەکانیش بە عەگاڵ و دشداشەوە دێن بۆ دەوام!

لە قوتابخانەی سەلاحەدینی سەرەتایی لە شۆریجە، کۆمەڵێ قوتابیی دەنگخۆشیان هەڵبژارد سروودێکی نوێ بڵێنەوەو بۆ تەلەفزیۆن تۆمار بکرێ. من و ئەوزادو وشیاری براشم لەگەڵ ئەو کۆرسەدا بووین، عوسمان دەروێشیش سروودبێژ بوو. عوسمان لە سەرەتاکانی شەڕی عێراق – ئێران دا کوژرا. هەموو رۆژێ لە هۆڵێکی ناو قوتابخانەکەدا پرۆڤەیان پێ ئەکردین، مامۆستای مۆسیقا یەک یەک لە نزیکەوە گوێی لێ ئەگرتین و دەنگمانی تاقی ئەکردەوە، ئەوەی دەنگی زیقن بووایە ئەیناردەوە پۆلەکەی خۆی، کە ئەگەیشتە لای من دەنگم بەرزو قەبە ئەکردەوە، بەڵام ئەو کلاوەتەی بەسەرا نەچوو، پوولی بە منیشەوە نا. لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم مانەوە دەستبەرداری تۆمار کردنی سروودەکە بوون. نازانم شیعرو ئاوازی کێ بوو، سروودەکە بەم شێوەیە دەست پێ ئەکات:

ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات
ئەی هەڵگرانی دروشمی خەبات
تا کورد بمێنێ ناوی ئێوە نامرێ
هەردەم دیارە وەک مەشخەڵە ئاگرێ
ئەی شەهیدانی.......................

پێم وایە ساڵی **1972** یان **1973** بوو د. نەجمەدین عومەر کەریم (پارێزگاری ئێستای کەرکوک)م لە شۆریجە بینی، بەرامبەر دووکانەکەی حەسەن نوتووچی ڕێی ئەکرد، جینزێکی شین و قەمسەڵەیەکی چەرمی قاوەیی لەبەردا بوو. وتیان

ئەوە دکتۆری تایبەتی مەلا مستەفایە. گەرچی لەگەڵ ماڵی د. نەجمەدین دا هاوسێ بووین، بەڵام بە دەگمەن ئەبینرا. مەلا عومەری باوکی، پیاوێکی زۆر هێمن بوو، لە مزگەوتەکەی سەید نوورەدین بە دەنگە بەسۆزەکەی بانگی ئەداو، بەیانیی جەژنانیش بانگی جەژنی ئەداو ئێمەی خەنی ئەکرد. ساڵی **1970** میری بڕیارێکی بۆ مەلاکان دەرکرد کە بکرێنە مامۆستای سەرەتایی. بڕیارەکە مەلا عومەریشی گرتەوە.
پاش نیوەڕۆیەکی هاوینی ساڵی **1974** لەگەرمەی شۆڕشی کورددا دژی ڕژێمی بەغدا، لەکاتێکدا ئێمە، کوڕانی گەڕەک، لە کۆڵان وەستابووین، لاند ڕۆڤەرێکی سپیی ئەمن وەستاو مام عەلیی باوکی زاهیر ڕۆژبەیانییان داگرت و بۆی دەرچوون. مام عەلی، ئەمن هێندەیان تەعزیب دابوو هۆشی لەبەر بڕابوو و نەیئەتوانی ڕێ بکات، دوو کەس لە دراوسێکان چوونە بن باڵیەوەو هێدی هێدی بردیانە ماڵەوە. پاشان بۆمان دەرکەوت زاهیر ڕۆژبەیانی، کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو لە کەرکوک، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو، مام عەلیی باوکیان لەبری ئەو گرتبوو. گرتن و ئازاردانی کەسوکار لەلایەن ڕژێمەوە کارێکی هێندە چاوەڕوانکراو بوو خەڵک خۆیان بۆ ئامادە ئەکردو هەمیشە لەسەرپێ بوون بۆ هاتنی ئەمنەکان و قۆڵبەست کردنیان. تەنانەت شێخ حیسامەدین، باوکی جەلال تاڵەبانی، کە لە شەقامی جمهوری دا ئەمانبینی پیاسەی ئەکردو ئەیانووت ئەوە باوکی مام جەلالە، لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان دا چەند جارێک پەلکێشی دایرەی ئەمنیان کرد و پێیان ئەووت: بڕۆ کوڕەکەت بهێنەرەوە!
هەر ساڵی **1974** ، لە گەرمەی شۆڕشی کورددا، عەرەبی دشداشە لەبەر کەوتنە فەرهوود کردنی ماڵی عەبدلوەهاب تاڵەبانی، کە لەپشت ماڵی ئێمەوە بوون لە گەڕەکی پریادی، ئەشیای ماڵەکەیان ئەگواستە ناو لۆرییەکەوەو پۆلیسیش پاسەوانییان ئەکرد. ئێمەش، خەڵکی گەڕەک، دوور بەدوور سەیرمان ئەکردو ئەمانئەوێرا لێیان نزیک بکەوینەوە. پاشان ماڵە عەرەبێکیان تیا نیشتەجێ کرد.
ساڵی **1974** لەکاتی شۆڕشدا تەرمی جاشێکی دراوسێمانیان هێنایەوە کە بەدەستی پێشمەرگە کوژرابوو. باجی سەعدیەی هاوسێمان، کە ئافرەتێکی تورکمان بوو زمانە کوردییەکەشی باش بوو، لە پرسەی جاشەکەدا لەناو قەڵەباڵغییەکەدا وتی: ئێ باوکەکەم بۆ ئەبن بە جاش؟، پرسەکەش کە لە جاش جمەی ئەهات، یەکێکیان هەڵیدایەو وتی: بۆ ئێمە جاشین؟ هەی... دەستی کرد بە جنێو ناردن بۆ مەلا مستەفای بارزانی کە ئەو ناوەی لێ نابوون. باجی سەعدیە وەکو ئابراکەدەبرا لەبەرچاو غەیب بوو!.. پاش هەرەسی شۆڕش، جاشەکەی هاوسێمان گەڕایەوە ناو ماڵو منداڵی. ئەوەی ناشتبوویان تەرمی کەسێکی تر بوو لەو ئەچوو.

## ئەو ڕۆژەی مانمان گرت

ساڵی **1974**، تازە قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کردبوو چووبوومە پۆلی یەکی ناوەندی لە ئامادەیی شۆڕیجەی کوڕان. ئەو قوناغە بۆ من دنیایەکی تازە بوو: قوتابییەکان گەورەترو بە تەمەنتر بوون، زۆریشیان ڕیش و سمێڵیان هەبوو، هەروەها بینای قوتابخانەکەش گەورەتر بوو. لە سەروو ئەوانەشەوە دیاردەیەکی نوێ هەبوو کە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا نەبوو؛ ئەویش یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، فازڵ عوسمان سەرۆکی بوو. لە ئەندامە دیارەکانیشیان: جەمیل ئەمین و ئیحسان غەفوور (باوکی هونەرمەند چۆپی فەتاح) و نوورەدین چاوشین بوون. هەروەها یەکێتیی گشتیی لاوان و قوتابییانی عیراقیش هەبوو، کە (اتحاد الشبيبه)یان پێ ئەووت و سەر بە حیزبی شیوعیی عیراقی بوو، نەجیب خودابەخش سەرۆکی بوو، لە ئەندامە دیارەکانیشیان: کەریم پەڕەنگ و حەمە غەفوور بوون.

بەیانییەک بارودۆخ شڵەژا: لەسەر داوای یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەمووومانیان لە پۆل هێنایە دەرەوەو لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا کۆیان کردینەوە. وتیان مان ئەگرین. من نە ئەمزانی لەسەر چی مان ئەگرن، نە ئەشمزانی مان گرتن مانای چییە، یەکەم جارم بوو ئەو وشەیە ببیستم. لەو ڕۆژانەدا دیاردەی لێدانی قوتابی لەلایەن مامۆستاوە ببووە گیروگرفتێکی گەورە، بەتایبەتی کە قوتابی لەو قۆناغەدا هەراشە و لە تەمەنێکدا نییە کە لێدان لە مامۆستا قەبووڵ بکات. ئیتر ئەو ڕۆژە یەکێک لە قوتابییەکانمان، کە ناوی محەممەد ئەحمەد ڕەحمان بوو ناسراو بە حەمە کەلارە، لەلایەن مامۆستا یوسف سەعیدی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمانەوە دارکاری کرابوو. حەمە کەلارە لە ڕووداوەکانی 31ی ئابی 1996دا شەهید بوو..

ئیتر ئێمەش مانمان گرت بۆ ئەوەی دوایی بە زەبروزەنگ بهێنرێ بەرامبەر بە قوتابی. گەرچی لەو ڕوژانەدا ناکۆکیی نێوان پارتی و شیوعی گەیشتبووە ناو قوتابیانیش، بەڵام لە بۆنەی وادا کە لە بەرژەوەندیی قوتابیدا بوو، بەتایبەتیش لەو ڕۆژەدا، هەموو هەڵوێستیان کردبوو بە یەک. هەموو قوتابییان لەلایەک، لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا ڕاوەستابووین، بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش لەلایەک، لەسەر سەکۆ چیمەنتۆکەدا وەستابوون. فازڵ عوسمان بە دەنگی بەرز و دەست ڕاوەشاندن و بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان کە من هیچی لێ حاڵی نەبووم، کەوتە قسەکردن. گوتارێکی حەماسی و ئیرتیجالیانەی وەهای دا هەموو قوتابیانی هێنایە جۆش و خرۆش. ئەوەندەم زانی بەڕێوەبەرەکەمان، مامۆستا یوسف سەعید، کەوتە لێدانی جەمیل ئەمین کە لێیەوە نزیک بوو. قوتابیان هەموو پێکەوە هێرشیان کردە سەر جەنابی بەڕێوەبەرو جەمیلیان لەبەر دەستی ڕزگار کرد. من لە ترسا هەموو گیانم ئەلەرزی، وامئەزانی ئێستا پیاوانی ڕژێم دێن و دەسرێژ لە هەموومان ئەکەن. ئیتر دۆخەکە بەوە ئەئەچوو بەرەو هێوری بڕوات. ئەوە بوو بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی کەرکوک، مامۆستا فاتیح محەممەد ئەمین، کە ئەویش پارتی

بوو، ڕاهێشت کرا. ئیتر لەو ڕۆژەدا بڕیار درا چیتر لێدان بەرامبەر قوتابی بەکار نەهێنرێ. بەڕاستی ڕۆژێکی مێژوویی بوو. ڕۆژێک بوو سیاسەتی دارکاری و لێدانی نەهێشت لە قوتابخانەدا. قوتابییانی شۆڕیجە هەرگیز ئەو ڕۆژە لەیاد ناکەن. هەرگیز ئەو هەڵویستە جوامێرانەی فازڵ عوسمان و هەڤاڵانی لەیاد ناکەن..

لەو قوتابییە هەرزەکارو مێردمناڵانەی لەو ڕۆژەدا ئامادەبوون، یان ئاگاداری ڕووداوەکە بوون و، دواتر بوون بەکەسایەتی ناسراو لە بواری ئەدەب و هونەردا: کەریم پەڕەنگ، عەبدوڵا قادر دانساز، هەردوو ئەکتەری برا جاسم و قاسم محەمەد غەفوور زەندی کە لە هەردوو زنجیرە درامای (بەهاری دزراو) و (مەرەزە) دا ڕۆڵیان بینی، ئەوزادو وشیار ئەحمەد ئەسوەد، هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەوزاد ئەحمەد داودە، هونەرمەندی شێوەکار ئیبراهیم عەلی ئەحمەد (بڵند)، ئیحسان غەفوور فەتاح (باوکی هونەرمەندی گۆرانیبێژ چۆپی فەتاح)، ئازاد عەبدولواحید کەریم، فایق سەعید کە ئێستا پسپۆڕە لە بواری پەروەردەدا، لێکۆڵەری سیاسی تاهیر ڕەحیم، عوبێد ئەحمەدی شاعیر، هەروەها مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیی ئەوسامان مستەفا زەنگەنە، خاوەنی شیعری (بێئومێدی).. لەگەڵماندا هەندێ قوتابیی عەرەب هەبوون، کاتێ پاش بەیانی **11**ی ئازاری **1970** خوێندن بوو بە کوردی، ئەوان هەر لە ئامادەیی شۆڕیجەدا مانەوەو خۆیان نەقڵ ئەکرد بۆ قوتابخانەی عەرەبی. یەکێک لەوانە ئەحمەد ئەبو زێد بوو. کاتێ شۆڕش هەڵگیرسا لە ئازاری **1974**، ئەحمەد ئەبو زێدیش لەگەڵ قوتابییە کوردەکانی هاوەڵیدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. بەڵام پاش ماوەیەک باوکی چوو بە شوێنیاو هێنایەوەو لە ئامادەیی شۆڕیجەدا دەوامی خۆی کردەوە.

## مستەفا زەنگنە

ساڵانی **1974 - 1976** لە قۆناغی ناوەندیدا لە ئامادەیی شۆڕیجەی کوڕان، مامۆستا مستەفا زەنگنە وانەی زمان و ئەدەبی کوردیی پێ ئەووتین. مستەفا زەنگنە لاوێکی قۆز بوو، شاعیریش بوو. کچێکی خۆش ئەویست، لەبەر ئەوەی کەسوکاری کچە ڕازی نەبوون هاوسەرگیری بکەن و کچەکەیان بۆ کەسێکی خزمی خۆیان هەڵگرتبوو، کچە خۆی سووتاند. مستەفا زەنگنە شیعرێکی کاریگەری لەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە نووسی بەناونیشانی "بێ ئومێدی"،کە هونەرمەندی مەزن قادر مەردان کردی بە گۆرانی و بەسەر زاری هەموو کەرکووکییەکەوە بوو. هەموو شەوێک کە ئەو گۆرانی یە لە تەلەفزیۆن پیشان ئەدرا کەس لە دەرەوە نەئەماو شەقام و کۆڵان چۆڵ ئەبوو.

مستەفا زەنگنە فێری خۆشەویستیی ئەدەبی کوردیی کردین. ناچاری ئەکردین ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بخوێنینەوەو پاشان لە پۆل گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە ئەدەبییانە ئەکرد کە لەماڵ ئەمانخوێندەوەو پرسیاری لێ ئەکردین. لێرەوە خۆشەویستیی شیعرو ئەدەبیات لەلامان چەکەرەی کرد. لەڕاستیدا هەموو ئەو

شاعیرو ئەدیبانەی لەو قۆناغەدا لە ئامادەیی شۆڕیجە ئەیانخوێند قەرزاری مستەفا زەنگنەن.
من و موزەفەری خاڵۆزام ڕۆژنامەمان بە بیست و پێنج فلس ئەکڕی، موزەفەر ئەیووت: ئازاد با هەموو بابەتەکان بخوێنینەوە، پارەکەمان بە فیڕۆ ئەچێت! من بە بەراورد لەگەڵ هاوەڵەکانمدا خوێندنەوەم هێواشترو پەیامەکەم درەنگتر پێ ئەگەیشت. دێتە یادم ڕۆمانی "دایک"ی مەکسیم گۆرکیم بە دوو هەفتە خوێندەوە، لەکاتێکدا ئەوزادی برام بە سێ ڕۆژ تەواوی کرد. ئەوەش پێم وایە جۆرێکە لە دیسلێکسیا کە هەتا ئێستاش لەگەڵمایە. لەکاتی خوێندنەوەدا خەیاڵم شەپۆلانی ئەداو ئەیبردمە ناو دنیایەکی دی، ئەوەش ئیحای شیعریی پێ ئەبەخشیم.

## ئەو ڕۆژەی ئێلڤس پرێسلی مرد

16ی ئابی **1977** بوو، لە گۆڕستانەکەی شۆڕیجە ئەمانخوێند، ئیبراهیم عەلی ئەحمەد (بڵندی شێوەکار) هاتە لامان و بە خەمبارییەوە هەواڵی مەرگی ئێلڤس پرێسلیی پێ ڕاگەیاندین. من یەکەم جارم بوو گوێم لەو ناوە بێ، بەڵام ئیبراهیم، بەهۆی برا گەورەکانیەوە کە هەواداری ئەو گۆرانیبێژە ئەمێرکییە بوون، شارەزاییەکی باشی هەبوو لەبارەی ژیان و گۆرانی و فیلمەکانی. ئیتر بەبۆنەی مردنی ئێلڤسەوە لە تەلەفزیۆن زوو زوو گۆرانی و فیلمەکانی پیشان ئەدرا.. هەر لەو ماوەیەدا بوو بە گۆرانییەکانی بۆنی ئێم و ئاباو گۆرانی یە ئینگلیزییەکانی سامی کلارک ئاشنا بووین.

## هاوڕێیانی شەقامی جمهوری 1978 – 1980

کۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی بیست، کۆمەڵێ هاوڕێ بووین، لە سەرەتای تافی لاویماندا بووین، تەمەنی هیچ کاممان لە بیست ساڵان تێنەئەپەڕی. تازە ئاشنایەتیمان لەگەڵ دنیای ئەدەبیات دا پەیدا کردبوو، سەرمەستی ئەشئەی بڵاوبوونەوەی یەکەم بەرهەمی ئەدەبیمان بووین، کتێبخانەو چایخانە ئەدەبییەکانی شار ئەگەڕاین بۆ بینین و ناسینی ئەدیب و هونەرمەندە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە؛ فازڵ جاف، عەلی کەریم، جیهاد دڵپاک، جەلیل زەنگەنە، فەهمی کاکەیی، محەمەد موکری، سەلام محەمەد، عەبدوڵلا سەڕاج، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، محەمەد عەبدولرەحمان زەنگنە، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، غەفور ساڵح، موعتەسەم ساڵەیی، حەسەن جاف، حەمە کەریم عارف و ئەحمەد کەریم زامداری برای،...
کۆمەڵێ هاوڕێ بووین، خەونمان بە ئیستانبوڵ و ژیانێکی رامبۆیانەو کچە هیپی یەکانی ئەورووپاوە ئەبینی. سەرمەستی گۆرانییەکانی داریوش و شڤان پەروەرو سێڵدا باغجانی تورکی بووین. ژیان تامی شیرو هەنگوینی ئەدا، هەموو ڕۆژێکمان کەشفێکی نوێ بوو، وەکو نووسەرو ئەکتەری کۆمیدی ئەڵمانی کارڵ ڤالەنتین ئەڵێ: "تەنانەت پاشەڕۆژیش لە ڕابردوودا جوانتر بوو ".. لە ڕاستیدا چێژی ئەو

ڕۆژانە، ئەوەندەی بۆ چێژو خۆشیی تافی لاوی ئەگەڕێتەوە، ئەوەندە بۆ بارودۆخی سیاسی ناگەڕێتەوە. بە واتایەکی دی، بارو دۆخی سیاسیی وڵات هەر چۆنێک بێ، هێندە کاریگەریی لەسەر تافی لاوی نابێ وەکو خۆشترین قۆناغی ژیان.
ئەو کۆمەڵە هاوڕێ یە بریتی بوون لە؛ کەریم پەڕەنگ، مارف عومەر گوڵ، جەمیل ئەمین، ئەحمەدی مەلا، مستەفا گەرمیانی، فایق سەعید، ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەدیب نادر، عەلی شێخ عومەر، نەجات حەمید ئەحمەد، ئیحسان حاجی غەفوور فەتاح، عزەدین مەجید (لەناو بزووتنەوەی کۆمونیستیدا ناسراو بە جەمال ئەیوب)، عەبدوڵلا قادر دانساز، ئیبراهیم عەلی ئەحمەد (بڵندی شێوەکار)، گارا رەسوول، تاریق عەزیز (خەبات)، غازی عاسی زەندی و من و هەندێ هاوڕێی تر. هەر لەو سەردەمەدا ئەجیبە ئەحمەد حەکیم و دڵپاک تاهیرمان ناسی، کە هەردووکیان تاقە دەنگی شیعریی ئافرەت بوون لە کەرکوک. دڵپاک لەپاڵ شیعر نووسین دا بێژەریش بوو لە تەلەفزیۆنی کەرکوک، بەڵام ئەجیبە، کە ئەوسا دەنگێکی دیاری شیعری کوردی بوو و لەگەڵ محەممەد حەمە باقی دا شیعری رۆمانسی و بوێرانەیان بۆ یەکدی ئەنووسییەوە، بەهۆی دابونەریتی کۆنەپارێزی خێزانەکەیەوە کە هاتوچۆی دەرەوەیان لێ قەدەغە کردبوو، بە دەگمەن هاتوچۆی کتێبخانەی ناسۆی ئەکرد. تەنیا بۆی هەبوو هاتوچۆی چەمچەماڵ بکات کە لە یەکێک لە قوتابخانەکانیدا مامۆستا بوو. بەهۆی جەمیل ئەمینەوە کە دراوسێیان بوون، ئامەو شیعرمان لەگەڵ ئەجیبەدا ئەگۆڕییەوە.
لەبەر نەبوونی هیچ دامودەزگایەک و کۆمەڵەیەکی ئەدەبی یان هونەری یاخود رۆشنبیری لەو شارەدا، کتێبخانەو چایخانەکانمان کردبووە شوێنی بەیەکگەیشتن و یەکتر ناسین و مشتومڕی ئەدەبی و سیاسیمان. بەرۆژ لە کتێبخانەی ناسۆدا کۆ ئەبووینەوە، یان لە گازینۆی ئەسرِ دائەنیشتین، کە چایخانەیەکی دوو نهۆمییەو ئەڕوانێتە سەر شەقامی جمهوری، ئەو شەقامەی دەمەو ئێواران تا شلوکوت ئەبووین، محەممەد ماغووت وتەنی؛ بە سەدان کیلۆمەتری کەڵەکە کراو بەسەریا هاتوچۆمان ئەکرد، پاشان بەدەم فەلافیل خواردنەوە بەرەو گازینۆی "ام الربیعین" کە ئەکەوتە نێو دارو درەختەکانی تەپەی مەلا عەبدوڵلاوە، ئەڕۆیشتین. لەوێ تا نیوەشەو درێژەمان بە وتووێژە ئەدەبی و سیاسیەکانمان ئەدا، پاشان هەر بە پێ، بە کۆمەڵ، بە شەقامە نیمچە تاریکەکانی شاردا ئەگەڕاینەوە. زۆر جاریش بەپێ بۆ عەرەفە (پاریسی کەرکوکییەکان) ئەچووین، کە گەڕەکێکی مەسیحی یەو ئینگلیزەکان لە ساڵانی سیی سەدەی رابردوودا خانووەکانیان لەسەر شێوازی خانووی ئینگلیزی بۆ کرێکارانی کۆمپانیای نەوت دروست کردبوو و پەرژینی ماڵەکان لە دارو دەوەنی کورت، کە پێی ئەڵێن نیننی، کرابوون. ئێوارانی هاوین کوڕو کچانی شار لە سێکند کلاس-ی عەرەفە (نزیک ماڵی جان دەمۆ) کۆ ئەبوونەوەو ئایس کریمیان ئەخواردو لە پارک و شەقامەکانی ئەوێدا پیاسەیان ئەکرد.

بەپێی مۆدەی جلوبەرگی ئەو سەردەمە، زۆربەمان کراسی گوڵ گوڵیی ڕەنگاوڕەنگ و پانتۆڵی چارلستۆنمان لەبەر ئەکرد کە ناوقەدی تەسک و دەرلینگی نیو مەتر پان بوو. زوڵف و قژمان درێژ ئەکرد، مۆدەیەک بوو (خەنافس)یان پێ ئەووت، لاسایی کردنەوەی تیپی مۆسیقای (بیتڵز)ی بەریتانی بوو. بەڵام هەندێ لە هاوڕێکانمان؛ جەمیل و فایق و مستەفاو ئەوزادو عەزەدین زۆر جار جلوبەرگی کوردییان لەبەر ئەکرد، بەتایبەتی لە بۆنە ئەدەبی و هونەرییەکاندا کە بە زمانی عەرەبی بەڕێوە ئەچوون و ئامادەبووان لە هەموو نەتەوەکان بوون.
زۆربەمان، بۆ تەواوکردنی کەسێتیی شیعریمان، تووشی دەردە نازناو بووین، ؛ کەریم عەبدوڵلا قادر نازناوی (پەڕەنگ)ی هەڵبژارد، مارف عومەر (بەرزنجی) بوو، ئەوزاد ئەسوەد (ئاوارە) بوو، دڵپاک تاهیر (کاوانی)، منیش ئازاد شەیدا، بەڵام خەبات عارف قەناعەتی پێ هێنام کە ناوەکەی خۆم کوردییەو پێویستیم بە نازناو نی یە. ئەوانی دی، بە پێچەوانەوە، سەرەتا بە ناوی خۆیان ئەیاننوسی، دواتر نازناویان بۆ خۆیان هەڵبژارد؛ مستەفا مەحەمەد دواتر بوو بە گەرمیانی، فەخرەدین محێدین بوو بە ئەدیب نادر، ئەحمەد محەمەد مەلا عومەر بوو بە ئەحمەدی مەلا. دەرهێنەری سینەمایی حوسێن دواتر بوو بە سێودین، کە لەگەڵ سەباح کەریم دا وەکو دووانە هەمیشە پێکەوە ئەبینران.
ئەوەی ئێمەی لە ئەدیبە لاوەکانی دی جیا ئەکردەوە؛ وتووێژە ئەدەبییەکانمان هێمنانە بوو، بەخیلیمان ئەئەکرد لە دابەشکردنی ئەو زانیاری و ڕۆشنبیرییە هەژارەی هەمانبوو، تێبینییەکانمان لەسەر شیعری یەکدی رووخێنەرانە ئەبوون، ئەمانئەزانی رژدی و رق چییە، هەمیشە هانی یەکدیمان ئەدا. بەرامبەر بەوە جیددی و خۆبەزلزان ئەبووین، بە پێچەوانەوە، وتوێژو گفتوگۆکانمان هەمیشە تێکەڵ بە گاڵتەو گەپ ئەبوو.. لە نێوان ئەوزاد ئەسوەدو مستەفا گەرمیانی دا نهێنی یەک هەبوو پەیمان پێ ئەئەبرد؛ هەمیشە ستایشی شیعرو نووسینی یەکدییان ئەکردو لەگەڵ بەرهەمەکانی نووسەرانی جیهاندا بەراوردیان ئەکرد. تومەز ژێر بەژێر ڕێک کەوتبوون ستایشی بەرهەمی یەکدی بکەن و یەکدی ئەشکێننەوە.
هەموومان لەو سەردەمەدا هەڵگری بیری چەپ بووین، بیری چەپیش لە حەفتاکان و، تەنانەت هەشتاکانیش دا، ئینجیلی ئەدیب و ڕۆشنبیری کورد بوو، بەڵکو هێڵی سوور بوو کەس بۆی ئەبوو بیبەزێنێ. ئەبوایە لە کۆتایی هەموو چیرۆکێکدا چینی پرۆلیتاریا سەرکەوتنی بەدەست بهێنایەو، لە کۆتایی هەموو شیعرێکیشدا خۆرێکی گەش هەڵبهاتایە، ئەگینا بەر ئەفرەتی مارکسیستەکان ئەکەوت و بە شاعیر یان نووسەری وردە بۆرژوا، تەنانەت بە پیاوی ئیمپریالیزم تۆمەتبار ئەکرا!. نازم حیکمەت و پابلۆ نێروداو ڤلادیمێر مایاکۆفسکی و یەفگینی یەفتوشینکۆو گارسیا لۆرکاو لوی ئەراگۆن و پۆل ئیلوارمان ئەخوێندەوە، نەک وەکو تازەگەرێک، بەڵکو لەبەر ئەوەی کۆمونیست بوون. لەڕاستیدا ئەو بۆچوونە کرچوکاڵەی ئێمە بۆ مارکسیزم زیانی زۆری بە پێشکەوتنی ئەدەبیمان گەیاند. بەڵام لەپاڵ ئەو شاعیرانەدا، رامبۆو بۆدلێریشمان ئەخوێندەوە. بە ژیانە بۆهیمییەکەی رامبۆو ڤان

گۆخ سەرسام بووین، ئەو شێوە ژیانەی رامبۆمان بە ئاوات ئەخواست؛ وەکو ئەو، بێ پارەو پوول، بە پێ و بە قاچاغ، بە سواری شەمەندەفەرو کەشتی ئەم وڵات و ئەو وڵات بکەین.. ساڵانێک دواتر، زۆربەمان بەو ئەزموونەدا تێپەڕین.
ئەو ئەدیبانەی لەو سەردەمەدا لە شارەکانی دی یەوە ئەهاتن بۆ لامان؛ لە هەولێرەوە کەریم دەشتی و کەریم سۆفی، کە لەگەڵ مارف دا خوێندکاری زانکۆ بوون لە بەغدا، ئەبووبەکر خۆشناو، کە تازە کۆمەڵە شیعری "کۆڵۆمبس کیشوەرێکی تر دەدۆزێتەوە"ی چاپ کردبوو، هەروەها کتێبێکی لەسەر ژیانی چێ گیڤارای لە عەرەبی یەوە وەرگێرابوو. ئەبوبەکر، گەرچی شیوعی نەبوو، بەڵام هەر لە رقی بەعسیەکان، بەشداریی لە ئاهەنگی ساڵیادی حیزبی شیوعی ئەکردو خۆی سەرخۆش ئەکرد. ئەک هەر ئەوە، ساڵی **1980** کاتێ خوێندکار بوو لە زانکۆی موستەنسریەی بەغدا، خوێندکارە فەلەستینییەکانی سەر بە بەرەی میللیی رزگاریخوازی فەلەستین (الجبهه الشعبیه لتحریر فلسطین) جەماعەتی جۆرج حەبەش، کە حیزبێکی مارکسی بوو، لەگەڵ خوێندکارە بەعسییەکان دا بەشەڕ هاتن، خۆشناو لایەنگیریی خوێندکارە فەلەستینییەکانی کرد..هەروەها لە هەولێرەوە فەیسەڵ دێهاتییش سەردانیی ئەکردین. فەیسەڵ ئەیویست لاسایی وجودییەکان بکاتەوەو ژیانێکی بۆهیمیانە بژی.. بەڵام وجودیەت لای کورد، وەکو مەریوان وریا قانع ئەڵێ، لە فەلسەفەوە بوبووە نەعل لەپێکردن و ریش درێژ کردن و جلوبەرگی شڕو پۆخڵ لەبەرکردن...لە کفری یەوە عەبدوڵلا قەرەداغی زوو زوو سەردانیی ئەکردین. عەبدوڵلا قەرەداغی پرۆژەیەکی بەدەستەوە بوو کە شیعری هەموومان تەرجەمەی عەرەبی بکات. لەگەڵ (د.سەلاح خالس)ی سەرنووسەری گۆڤاری (الثقافه) رێککەوتبوون کە لە هەر ژمارەیەکدا مەلەفێک لەسەر یەکێک لە شیعری ئێمە بڵاو بکەنەوە. ئەوە بوو مەلەفێکیان لەسەر مارف عومەر گوڵ بڵاو کردەوە، ئیتر پاش ئەوە راگیرا.. قەیس قەرەداغییش ژمارەیەکی زۆر شیعری کوردیی تەرجەمەی عەرەبی کردبوو بڕیار بوو لە کتێبێکدا چاپی بکات.. لە سلێمانییشەوە خەبات عارف و جەمال غەمبار ئەهاتن.
خەبات عارف لە نیوەی دووەمی حەفتاکان دا دیارترین دەنگی شیعریی بوو لەناو ئەوەکەی خۆیدا. ئێمە، هەموو هەفتەیەک بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەرچوونی هەفتەنامەی "بیری نوێ"مان ئەکرد، تا شیعری خەبات عارف بخوێنینەوە. ئەو هەر لەسەرەتاوە دەستبەرداری بنەما تەقلیدییەکانی شیعر بوو، وەکو کێش و سەرواو، هەروەها نوقم بوون لە رۆمانسییەتێکی هەرزەکارانە، کە ئەوساو ئێستاش، شیعری کوردیی ئیفلیج کردووەو رێی لە گەشە سەندنی گرتووە. خەبات لەو شاعیرە دەگمەنانە بوو کە لە سەردەمێکدا پەخشانە شیعر، یاخود شیعری ئازادی ئەنووسییەوە، کە بە هیچ جۆرێ دەرچوون لە کێش بە شیعر دائەنرا. بەڵام خەبات سەلماندی، کە شیعر شیعرەو بە کێش و سەروا ناپێورێ.

خەبات هەرچەندە بە ئینتیما شیوعی بوو و بەدەر نەبوو لەو رەوتە باوە، بەڵام ئەو پتر گرنگیی بە هونەری شیعریی، بە شیعرییەتی دەق ئەدا وەک لە ئایدیۆلۆجیای سیاسی. شیعری وەکو "ئەمە خۆشەویستیی منە"، "نیکۆس بیلۆیانیس"، "سەمای مەرگ"، "ئەوسا ئەوین شیرین بوو وەک نیگای مەستی چاوەکانت، تاڵ بوو وەکو دوورکەوتنەوەت"، "تۆ چرایەکی ئازاری لەشەوانی تەنیاییمدا دائەگیرسێی" سەرسامی کردبووین؛ بە تەکنیکە نوێکانی، بە بینای رستەو وشە نوێکانی کە غەریب بوو بۆ ئەوسای شیعری کوردیی. شیعری کوردیی ئەوساو، تەنانەت ئێستاش، پڕە لە گوڵ و ئەستێرەو خۆرو باران و بەهارو رووبارو شەوو ئاسمان و عەشق و،... موفرەداتی شیعری کوردی لەو سنوورە بەرتەسکە تێناپەڕێ و، خەیاڵی شاعیری کورد لەوە زیاتر بڕ ناکات.

ساڵی 1979 لە سلێمانی کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیرە لاوەکان کرایەوە، کە جگە لە خەبات عارف، عوسمان شەیداو حەمە سەعید حەسەن و زۆر شاعیری دیش بەشدارییان تیا کردو، حەمە فەریق حەسەن کۆڕەکەی بەڕێوەی ئەبرد. لەو کۆڕەدا، بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیران کە بە هاوارو قیڕە قیڕ شیعریان ئەخوێندەوە، خەبات بە دەنگێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ، تەنانەت هەندێ جار بە چرپە، کە بە حاڵ گوێت لە دەنگی ئەبوو، شیعری خوێندەوە. بە پێی پێویست دەنگی بەرز یان نزم ئەکردەوە، بەڵام نەیئەقیڕاند. خەبات کاسێتێکی کۆڕەکەی بۆ ناردم، زۆر لە شاعیرانی کەرکوک لەبەریان گرتەوە. من ئەوەندە بە دەنگ و ئیلقای شیعریی خەبات کاریگەر بوبووم، لە کۆڕە شیعرییەکانمدا لاساییم ئەکردەوە. ساڵی 1980 کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە هەولێر کۆڕێکی شیعریان بۆ کردینەوە، کە جگە لە من، ئەنوەر مەسیفی و دڵپاک تاهیرو نزار خەیلانی وهەندێ شاعیری دیش بەشدارییان تیا کردو، عەبدولوەهاب تاڵەبانی کۆڕەکەی ئەبرد بەڕێوە. ئازاد جندیانی لەسەر کۆڕەکەی نووسی و لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوی کردەوە، تیایدا ئەڵێ: بەڕای من شیعرەکەی ئازاد ئەحمەد لەڕووی شێوەو ناوەڕۆک و شێوازی خوێندنەوەدا باشترین شیعر بوو... سوپاس بۆ خەبات عارف کە فێری خوێندنەوەی شیعری کردم.

پێم وایە هاوینی ساڵی 1980 بوو خەبات، جارێک لەو جارانەی هاتوچۆی کەرکوکی ئەکرد، ڕێی کەوتە ماڵمان. ئەو ژوورەی تیای دانیشتین پانکەی تیا نەبوو. خەبات، کراسە سپییەکەی بەری لە ئارەقەدا خوسا!. لەو دانیشتنەدا، کە ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەدی براشم ئامادە بوو، باسی شیعرو مارکسیزم و، گۆڕینی دنیامان ئەکرد!، تاقە بابەتی حەفتاکان و هەشتاکان، هەروەکو خۆی لەم دواییەدا لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیم: "ئەمویست بەهار بهێنمە بەر دەرگاتان"!

ئێوارەیەکی هاوینی ساڵی 1979 لە کەرکوک، لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا لە شەقامی جمهوری، شێرکۆ بێکەسمان بینی، لەگەڵ فازڵ جاف و عەلی کەریم و محەمەد موکری و فەهمی کاکەیی و ئەواندا وەستابوو، سیگارێکی بە دەستەوە

بوو و بە روخسارێکی جیددییەوە ئەیڕوانی یە خەڵک و شەقام. ئێمەش، کۆمەڵێ لاوی تازە هەڵچوو، تازە ئاشنا بە ئەدەب، شەیدای شیعری شێرکۆ؛ مارف عومەر گوڵ، کەریم پەڕەنگ، مستەفا گەرمیانی، جەمیل ئەمین، ئیحسان حاجی غەفور، ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فایق سەعیدو من، بە شەرمەوە لەولاترەوە وەستابووین، بە ئیعجابەوە تێمان ئەڕوانی، رووشمان نەئەهات بچینە لای، بەخێر هاتنی بکەین و خۆمانی پێ بناسێنین. مارف عومەر گوڵ نەبێ، چووە لای و داوەتی کرد، بەڵام شێرکۆ زۆر بە ئەدەب و بە خەندەیەکەوە داوای لێبوردنی کردو، پاشان لەگەڵ فازڵ جاف و ئەوان بەرەو نادی بەڕێ کەوتن. ئەوە یەکەم و دوا جارم بوو شێرکۆ ببینم. ئەم هاتنەی شێرکۆم لە شیعری "ژیانێکی رامبۆیانە"دا تەوزیف کرد:

"ئەگەڕێمەوە حەفتاکان؛

ئێوارەیەکی یەسینینی بوو، چرووت بەدەستێ، لەمارکیز ئەچوو، لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا وەستابوو

وتیان ئەوە شێرکۆ بێکەسە. تەمێ رژایە ئەو ناوە. پەڕوتووکی فریشتە بارییە سەر شان و ملمان"

## کەریم پەڕەنگ

لەناو ئەو نەوەیەی ئێمەدا کە لە کۆتایی حەفتاکان دا لە کەرکوک سەریهەڵدا، کەریم پەڕەنگ و مارف عومەر گوڵ لەهەمووان دەرکەوتووترو پڕبەرهەمتر بوون. پەڕەنگ لەپاڵ شیعر نووسین دا لە عەرەبییەوە تەرجەمەی ئەکردو بابەتی رەخنەیی و ئەدەبیی بڵاو ئەکردەوەو ئۆپەرێتی بۆ منالان ئەنووسی، بەڵام پتر وەک شاعیر ناسرا؛ خەیاڵێکی شیعریی بەرفراوان، کوردییەکی پەتی و رەوان، هەتا سەر ئێسقان کاریگەر بە زمانی توحفەی مظفریە و رشتەی مرواری و رۆمانەکانی یەشار کەماڵ بە تەرجەمەی شکور مستەفا. لەوێوە نازناوێکی شیعریی دەگمەن و ناوازەی بۆ خۆی هەڵبژارد؛ پەڕەنگ، واتە پشکۆ.

هاوڕێتیی من و کەریم پەڕەنگ بۆ هاوینی ساڵی **1978** ئەگەڕێتەوە، کاتێ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێ دا لە کۆڵان بە بێجامەوە وەستابووم، لاوێکی قۆزی لاوازو باڵا بەرز، سوورو سپی، بە رۆژنامەیەکەوە لێم نزیک بۆوەو وتی:" تۆ ئازاد شەیدای؟"، منیش ئەو کاتە تازە دەستم بە شیعر نووسین کردبوو، ئەو نازناوەم بۆ خۆم هەڵبژارد بۆ ئەوەی سیفەتێکی شاعیرانە بەخۆم بدەم!. وتی:" شیعرێکت لە پۆستەی خوێنەرانی پاشکۆی عێراق دا بڵاو بۆتەوە". شیعرەکەی بۆ خوێندمەوە، من لە خۆشییانا قاچم ئەلەرزی. بۆ چەندین شەو خەوم لێ نەکەوت، تەنانەت کاری لە وانەکانی قوتابخانەشم کرد. پێم وابوو ئیتر منیش ناوم کەوتە نێو ناوان، لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ئەواندا ناو ئەبرێم. ئیتر لەو رۆژەوە پەڕەنگ بوو بە نزیکترین هاوڕێم. هەموو رۆژێ لە شۆریجەوە تا شەقامی جمهوری و کتێبخانەی ئاسۆو، بگرە تا عەرەفە بەپێ ئەچووین و بەپێ ئەهاتینەوە. هەرگیز

نایەتە یادم جارێک لە جاران پێکەوە سواری تێمس بووبین؛ تێمس (یان پۆلۆنی) پاسێکی بچووک بوو لە دۆڵمشەکانی تورکیا ئەچوو 12 - 15 ئەفەری ئەگرت، لە حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانیشدا ئامرازی گواستنەوەی سەرەکی بوو لە کەرکوک. مام ڕۆستەم و مامە ڕیشە لە حەفتاکان دا شوفێری تێمس بوون، پێش ئەوەی روو لە چیا بکەن.
پەڕەنگ لاوێکی زۆر قسەخۆش و نوکتەچی بوو. بەدەم ڕێوە لەسەر جادە بەدەنگی بەرز شیعری ئەم و ئەوی بە شێواوی بۆئەخوێندینەوەو بە پێکەنینی ئەهێناین، یان گۆرانیی ماملێی بۆ ئەووتین. جارێکیان من و پەڕەنگ و مستەفا گەرمیانی و فایق سەعیدو ئەوزاد ئەسوەد، لە شەقامێکی نزیک گازینۆی مەجیدییە ئەپەڕینەوە، فایق و مستەفاو ئەوزاد هەڕەمەکییانەو دوور لە خەتی پەڕینەوە کە ئەوسا پەیڕەو ئەکرا، لە شەقام پەڕینەوە، پەڕەنگ رووی لەمن کردو وتی:" کورە ئەمانە زۆر شۆرجەیین"!
لەبەر ئەوەی پەڕەنگ شیوعی بوو، لەگەڵ باوکما هەمیشە لە کێشەدا بووم و داوای لێ ئەکردم دوور کەومەوە لێی. وشیاری برامی (کە ئەوسا مێردمناڵ بوو) راسپاردبوو بە دزییەوە شوێن پێمان بکەوێ و چاودێریمان بکات. شەویش کە ئەگەڕامەوە ماڵ شەڕی لەگەڵ ئەکردم.
لە 1979/3/19 دا یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغدا کۆڕێکی شیعریان بۆ کردینەوە. لە کەرکوکەوە کەریم پەڕەنگ و مارف عومەر گوڵ و ئەحمەدی مەلاو عەبدوڵلا دارتاش و من بانگ کرابووین. ئەبوو دڵپاک تاهیریش بەشداریی بکات، بەڵام باوکی ئەیهێشت بۆ بەغدا بچێت. هەروەها لە شارەکانی دیەوە، مەوجود سامان و ئەبوبەکر خۆشناوو کەریم سۆفی و هەندێ شاعیری دیش بەشدارییان کرد. لەتیف هەڵمەت کۆڕەکەی بەڕێوە بردو، دکتۆر عزەدین مستەفا رەسول، سەرۆکی ئەو کاتەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، وتاری پێشەکیی لەسەر شیعری لاوان خوێندەوە. لەبەر ئەوەی یەکەم کۆڕی شیعری بوو لە ژیانمان دا هەموو شڵەژابووین، کەریم پەڕەنگ تەنانەت پێش ئەوەی ناوی بانگ بکرێ، لەتیف هەڵمەت هێشتا خەریکی خوێندنەوەی پارچەیەک لە شیعرەکەی ئەو بوو، خۆی گەیاندە سەر سەکۆ. لە کاتی شیعر خوێندنەوەشدا دەستی ئەلەرزی و لەگەڵیا کاغەزەکانی دەستی ئەلەرینەوە. منیش بەهەمان شێوە شڵەژابووم، ناگام لەخۆم نەبوو چۆن گەیشتمە سەر سەکۆ، دەستم کرد بە قیڕەقیڕو دەست راوەشاندن، وام ئەزانی رووبەڕووی پیاوانی رژێم وەستاوم و دەست ئەکەم بە چاویانا. گوێم لێ بوو لەتیف هەڵمەت لە پشتەوە بە چرپەوە وتی:" تۆزێ هێواش، دەنگت داگرە"!
کەریم پەڕەنگ لەو کۆڕەدا، کە بەناوی عەبدولکەریم پەڕەنگەوە بەشداریی کرد، یەکێک لە جوانترین شیعری خۆی خوێندەوە؛ شیعری "خەونێکی تر لە رەشماڵەکەی زەرێ دا". بەرای هەمووان، شیعرەکەی پەڕەنگ و مارف عومەر گوڵ جوانترین شیعری ئەو کۆڕە بوون. کەریم دەشتی بابەتێکی بەعەرەبی لەسەر

کۆڕەکە نووسی و لە رۆژنامەی (العراق)دا بڵاوی کردەوە، هەمان ڕای دەربڕی. ئەحمەدی مەلا لەو کۆڕەدا، کە بەناوی تەواوی خۆی (ئەحمەد محەمەد مەلا عومەر) بەشداریی کرد، شیعری "ئەحمەد ئاغا"ی خوێندەوە، کە لەسەر ئەو کرێکارانە بوو بەیانیان زوو لەمەیدانی ئەحمەد ئاغای ناوچەرگەی شاری کەرکوک کۆئەبوونەوە تا خاوەن کارەکان بێن و بیانبەن بۆ کار بەڵام زۆربەیان بەنائومێدی ئەگەڕانەوە. ئەبوبەکر خۆشناو، بەڕێش و کاسکێت و کراسێکی خاکی یەوە کە هەر لە چێ گیڤارا ئەچوو کۆمەڵێ شیعری کورتی خوێندەوە، لەوانە شیعرێک بۆ کەرکوک، لەو بارودۆخە سیاسییە دژوارەدا هاواری ئەکرد: بۆنی بێدەنگی ناخۆشە ئەی شاری ژان. خۆشناو زۆرترین چەپڵەی بۆ لێدرا.

راو بۆچوونە رەخنەییەکانی کەریم پەڕەنگ لەسەر شیعرەکانی ئێمە یاخود شیعری کەسانی دی جێگەی بایەخ بوو. بۆ وێنە، سەلاح شوان لە شیعری "شەوێک لە شەوانی سیمرخ"دا ئەڵێ "ئەمشەو سێ شەوە بەتەنیام". پەڕەنگ ئەیووت بۆچی سێ شەو؟ ئەو پێی وابوو ژمارەکە هەڕەمەکییەو قابیلی گۆڕینە، ئەمەش لە بەهای شیعر کەم ئەکاتەوە. یەکێکی دیش لەو تێبینییە گرنگانەی پەڕەنگ، وتی شاعیری کورد برووسکی پەیامەکەی ئەهێڵێتەوە کۆتایی، بە شێوەیەکی دی، شاعیری کورد شیعرێکی تەواو لەسەر وێنەیەک یاخود دێڕێکی جوان بنیات ئەنێ.

کەریم پەڕەنگ سالی **1980**، شەڕی عێراق - ئێران تازە دەستی پێ کردبوو، لەگەڵ ئەدیب نادردا وڵاتیان بەجێهێشت و بەرەو تورکیاو بولگاریاو رۆمانیا بەڕێ کەوتن، بەڵام ئەدیب غەریبیی کەرکوکی ئەکرد، خۆی بۆ نەگیراو پاش دوو مانگ گەڕایەوە. پەڕەنگ لە کۆتایی ئەو ساڵەدا خۆی گەیاندە نەمساو تا ئێستاش لەوێ لە ڤیەنای پایتەخت ئەژی.

## مارف عومەر گوڵ

مارف عومەر گوڵ، سەرەتا بە ناوی (مەعروف عومەر بەرزنجی)یەوە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بڵاو ئەکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەرێکی تر هەبوو بە ناوی عومەر مەعروف بەرزنجی، لە مارفی خۆمان بەتەمەنترو ناسراوتر بوو، ئەمەش جێی چەواشەی خوێنەرو ئەدیبان بوو، بەتایبەتی کاتێ ئەچوو بۆ (دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی) لە بەغدا بۆ وەرگرتنی موکافەئەی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی، ئەیان ئەدایەو وایان ئەزانی هی عومەر مارف بەرزنجی یە. هەروەها، عومەر مارف بەرهەمەکانی خۆی لە میدیاکانی حیزبی شیوعیدا بڵاو ئەکردەوە، مارفی لەمەڕ خۆشمان کاتێ بابەتێکی بۆ رۆژنامەی برایەتی ئەنارد، کە هی پارتی بوو، بۆیان بڵاو نەئەکردەوە، بە عومەر مارف بارزنجیی تێگەیشتبوون. لەبەر ئەم هۆیانە مارف دەستبەرداری ناوی هۆزەکەی بوو و ناوی باپیری بەکارهێنا، (سەی گوڵ)، بەم جۆرە بوو بە مارف عومەر گوڵ.

مارف زۆری حەز لە پیاسە ئەکرد، هەمیشە بەدەم ڕێوە گۆرانییەکانی مامڵێی ئەووتەوە، نوکتەو سەربوردەی ئەدیبانی کوردو عەرەبی بۆ ئەگێڕایەوە، کە بۆ ئێمە بینینیان خەون بوو.مارف ئەوسا دەنگێکی شیعریی دیار بوو لە کەرکوک، لەپاڵ شیعردا خەریکی نووسینی بابەتی ئەدەبی و هونەریی بوو لەسەر مۆسیقاو سینەماو شتی دیش، لەوانە؛ بابەتێک لەسەر گۆرانییەکانی حەسەن گەرمیانی. لە کۆتایی ساڵانی ئەوەت دا مارف لە بەلجیکا بوو، من لە سویسراوە پەیوەندیم پێوە کرد، کە داوای ناونیشانەکەمی کرد، وتم بنووسە: سویسرا - ئازاد ئەحمەد! لەڕاستی دا ئەوە ئاماژە بوو بۆ بابەتێکی مارف کە ساڵی **1977** لەسەر مردنی چارلی چاپلن لە گۆڤاری بەیان بڵاوی کردەوە بە ناوی "سویسرا: چارلی چاپلن". چاپلن کە دوا ساڵەکانی ژیانی لە سویسرا بەسەربرد، ئەوەندە بەناوبانگ بوو، هێندە بەس بوو هەوادارانی لەسەر زەرفی نامەدا بنووسن: سویسرا - چارلی چاپلن بۆ ئەوەی بگاتە دەستی!. مارف لەناوەڕاستی هەشتاکان دا کۆمەڵە شیعرێکی بەچاپ گەیاند بەناوی (هێلانەی نغرۆ). ساڵی **1986** رووی لە شاخ کرد، پاشان خۆی گەیاندە نۆکراینا و لەوێ بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر جینۆسایدو ئەنفال هێنایەوە. پاش تەواو کردنی خوێندن وەکو پەنابەرێک رووی لە بەلجیکا کرد. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەڕایەوە بۆ وڵات و ئێستا عەمیدی کۆلیجی یاسایە لە زانکۆی سلێمانی.

ساڵی **1984** زاهیر رۆژبەیانی و مارف عومەر گوڵ و من، لە دانیشتنێکی ئەدەبی دا لەماڵی زاهیر، لەژێر کاریگەریی شیعری ئەدۆنیس و، پاش قەناعەتێکی پێشوەخت و گفتوگۆکردن لەو بابەتە، بڕیارمان دا گۆڕانکاری بەسەر فۆرمی شیعرەکانمان دا بێنین ودەسبەرداری خاسیەتە تەقلیدییەکانی شیعر بین وەکو کێش و لیریکیەت و وشە باوەکانی ناو شیعری کوردیی ئەو کاتە. زاهیر لەو دانیشتنەدا وەکو رەخنەگرێک دەوری مێنتۆری ئەبینی. بەڵام مارف رای لەگەڵ ئێمەدا جیاواز بوو و پێی وابوو ئەکرێ بە هەمان خاسیەتەکانی ئێستای شیعر داهێنان بکرێ. مارف هەتا ئێستاش لەسەر هەمان ئەو ڕایە ماوە، ئێستاش کە شیعرێک لە رووسی یەوە بە کێش و سەرواوە وەرئەگێڕێ لە پەراوێزدا ئەنووسێ: بە شیعرەوە وەرمگێڕاوە!

## ئەحمەدی مەلا

ئەحمەدی مەلا لە گەڕەکی عەرەسەوە ئەهاتە لامان، لاوێکی باڵابەرزی ڕەشیق، سمێڵ رەش و قژ لوول، پتر کاریگەر بوو بە ئەدەبی عەرەبی و، بەتایبەتی لەژێر کاریگەریی سەیابدا شیعری ئەنووسی. ئەحمەد سەرەتا بە زمانی عەرەبی دەستی بە نووسین کرد، هەندێ شیعرو تەرجەمەی لە رۆژنامەی (الراصد)ی بەغدادی بڵاو کردەوە، لەوانە چەند شیعرێکی لەتیف هەڵمەتی وەرگێڕایە سەر زمانی

عەرەبی. پاشان لەگەڵ لێدانی شیوعی یەکان دا ساڵی **1979** ئەو رۆژنامەیەش داخرا.

ئەحمەد لاوێکی زۆر قسە خۆش و نوکتەچی بوو. ساڵی **1980** لە پەیمانگای نەوت دا خوێندکار بووین، ئەبوو پاش تەواو کردنی ساڵی یەکەم، سێ ساڵ پراکتیک بکەین لە کۆمپانیای نەوت ، پاشان ساڵی دووەمی خوێندن تەواو بکەین و دیپلۆما وەربگرین. ساڵی یەکەممان بوو، لە ئەحمەدمان پرسی چی وەڵامی خەڵک بدەینەوە گەر لێیان پرسین "خەریج چین؟"، ئەحمەد وتی: ئەڵێین "خەریک مەعهەدین"!..

جارێکیان لە بەغداد، من و ئەحمەدی مەلاو سەباح شەریف (کە دواتر لە سویسرا بوو بە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، لەناو پاسێکی **18**نەفەری دا لە (باب الشرجی)یەوە بۆ ئەعزەمییە ئەچووین، لەرێ مایینێکمان بینی، ئەحمەدو سەباح کەوتنە مشتومڕی ئەوەی ئاخۆ مایین ئەزێ یان نازێ، ئەحمەد بە دەنگێکی بەرز وتی: نازێ، نازێ.. کاکی شوفێر وتی "نازل؟" یەکسەر پاسەکەی راگرت، پێی وابوو دابەزین هەیە، پاشان کە بۆی دەرکەوت دابەزین نی یە کەوەتەوە رێ، ئەحمەد وتی: کورە بابە ئەزێ!

هاوینی **1980** کاتێ خوێندکاری ئامۆژگای نەوت بووین، من و ئەحمەدی مەلا لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک/ تەرکیزی کۆن، لە بابەگوڕگوڕ پراکتیکمان ئەکرد، شەوان بە پێ، بە سەفەرتاسەوە، بۆ عەرەفە ئەچووین و لای چوار شمشێرەکە یەکمان ئەگرتەوە، لە دوورەوە گوێمان لە شووتی شەمەندەفەری کۆمپانیا ئەبوو ئەهات کریکارانی دەوامی رۆژی ئەهێنایەوەو ئێمەی ئەبرد بۆ دەوام. ئەم دیمەنە لە رۆمانی "زاکیرەی با"ی ئەحمەدی مەلاو، لە شیعرەکانیشیدا رەنگی داوەتەوە.

کە بووین بە سەرباز، من و ئەحمەدی مەلا پێکەوە لە **1980/12/5** دا بە نابەدڵی بەرەو خان بەنی سەعد / دیالە بەرێ کەوتین. لەبەر ئەوەی چەند هەفتەیەک لە سەربازیی دوا کەوتبووین، لە مەعەسکەر دووچاری سووکایەتییەکی زۆر بووین. پاش ئەوەی بۆ بەغدایان ئەقڵ کردین بە چوار مانگ، ئەحمەدی مەلا هەڵات. منیش ساڵێک پاش ئەوە هەڵاتم؛ ئەحمەد بۆ دەرەوەی وڵات، منیش بۆ ناو هێزی پێشمەرگە.

ئەحمەد هەتا لە کەرکوک بوو شاعیرێکی تەقلیدی و کەم بەرهەم بوو، رەنگە باشترین شیعری لەو سەردەمەدا شیعری "ئەحمەد ئاغا" بێ، کە ساڵی **1979** لە کۆڕە شیعری یەکەی بەغداد خوێندیەوە. بەڵام پاشان، لە کۆتایی هەشتاکان دا، کۆمەڵە شیعری "زەردک"ی لە سویسرا بڵاو کردەوە. زەردک لە ڕاستی دا موفاجەئەیەکی شیعری بوو بۆ ئەو کاتە، شیعری مۆدێرن بوو بە هەموو مانای وشە، زیرەکانە سوودی لە ئەزموونی رامبۆو، بە شێوەیەکی کەمتریش ئەدۆنیس بینی.نیدی نە شیعری ئەحمەدی مەلا، نە شیعری کوردی بە گشتی، وەکو خۆی نەمایەوە. پەخشانە شیعری کوردی، گەر هەبووبێ، لە زەردکەوە گۆڕانیکی رادیکاڵیی بەسەردا هات؛ بەکارهێنانی موفرەداتی گەرمیانی و وشەی (ناشیعری)

کە تا ئەو کاتە قەبووڵ نەدەکرا، زمانێکی تایبەت، دوور لەو بازنە تەسکەی شیعری کوردیی تیا نوقم بوبوو، ڕستەی درێژو یەک بێ بەکارهێنانی خاڵبەند ، مامەڵەیەکی تایبەت و جیاواز لەگەڵ کەلەپوور، ئەمانەو گەلێکی دی لە خاسیەتە نوێکانی زەردک بوون.
ئەحمەدی مەلا ساڵی **1981** لەگەڵ سەباح شەریف و مستەفا گەرمیانی دا هەڵاتن بۆ ئێران و پاشان بۆ سویسرا. ئەحمەد پاش ئەوەی حەوت ساڵ لە شاری جنێڤ مایەوە، بۆ خوێندن ڕووی لە فەرەنسا کردو بڕوانامەی دکتۆرای لەوێ هێنایەوە. ئێستاش لەگەڵ خێزانەکە ئیسپانییەکەیدا لە ئیسپانیا ئەژی.

## جەمیل ئەمین؛
## باوکی روحیی هاوڕێیانی شەقامی جمهوری

هاوڕێتیی من و جەمیل ئەمین بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان ئەگەڕێتەوە، کاتێ قوتابیی قۆناغی ناوەندی بووین لە ئامادەیی شۆڕیجەی کوڕان. جەمیل لەناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دا کەسی دووەم بوو لەدوای فازڵ عوسمان. بەیانییەکیان، کاتێ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێ دا لە گۆڕەپانی قوتابخانە وەستابووم، نوورەدین چاوشین، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی یەکێتیی قوتابیان، هاتە لامەوەو وتی تۆ ئازاد ئەحمەدی؟ وتم بەڵێ، وتی زەحمەت نەبێ لەگەڵما وەرە بۆ بارەگا. مەبەستی بارەگای یەکێتیی قوتابیان بوو لە قوتابخانەکەمان. من زراوم چوو!. گەرچی یەکێتیی قوتابیان بارەگایان بەئاشکرا هەبوو بەڵام زۆربەی ئەندامانیان، لە بەرەبەری شۆڕشی **1974**دا، لەترسی ڕژێمی بەعس بە نهێنی کاریان ئەکردو تەنانەت هاتوچۆی بارەگاشیان بە شێوەیەکی ئاشکرا نەئەکرد. لەڕاستیدا ترسی من تەنیا لە ڕژێم نەبوو، بەڵکو پتر لە باوکم بوو کە هەمیشە هەڕەشەی لێ ئەکردین توخنی سیاسەت نەکەوین!. کاتێ چووینە ژوورەوە، جەمیل ئەمین لەوێ بوو، وتی ئەمە خۆی نی یە. لەڕاستیدا ئەوان بەدوای ئازاد ئەحمەدی برای ئەوزاد ئەحمەد داودەی گۆرانیبێژدا ئەگەڕان.
ئەوەندەی پێ نەچوو شۆڕشی **1974** دەستی پێ کردو، جەمیل ئەمین لەگەڵ ئیحسان حاجی غەفور فەتاح و فازڵ عوسمان و نوورەدین چاوشین و ئەکرەم حەسەن بازیانی و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و مامۆستایان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، بەرادەیەک قوتابخانەیان چۆڵ کرد کاری لە وانەکانیشمان کرد. بەڵام شۆڕش دەستخەرۆی کردن و ئەو پێشوازییەی لێ نەکردن کە شایانی بوون، تەنانەت ناویان لە قوتابیان نابوو "هێزی جێگرو نانخۆر"! پاش تووانەوەی شۆڕش و گەڕانەوەیان بۆ شار، جەمیل و ئیحسان بیری چەپیان هەڵگرت. ئیحسان پەیوەندیی بە حیزبی شیوعی عێراقییەوە کرد، بەڵام جەمیل وەک مارکسییەکی سەربەخۆ مایەوە.

لە کۆتایی حەفتاکان دا پەیوەندیمان توندوتۆڵتر بوو، هەموو رۆژێک یەکمان ئەبینی. لەناومان دا تەنیا جەمیل خۆی لە قەرەی نووسین نەئەدا. بەڵام جەمیل رۆشنبیرێکی ئینسایکلۆپیدیایی بوو، شارەزایی لە هەموو بوارێک دا هەبوو، لە ئەدەب و هونەرەوە بیگرە تا مێژووی حیزبە سیاسی یەکانی عێراق و شۆڕشەکانی جیهان. هەموو ژمارەیەکی رۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەخوێندەوەو ئەیپاراستن؛ گۆڤاری بەیان، رۆژی کوردستان. رۆشنبیری نوێ، رۆژنامەی هاوکاری، هەفتەنامەی پاشکۆی عیراق. لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی و پیشانگایەکی شێوەکاری و نمایشێکی شانۆیی دا، کوردی بوایە یان عەرەبی، ئامادە ئەبوو. جەمیل کاریگەریی لەسەر هەموومان هەبوو، هەموو گوێمان لێ ئەگرت. جەمیل کەسێک بوو بە کێشی لەشولار پەنجا کیلۆگرام نەئەبوو، بەڵام لاوێکی قۆزو سەرنجڕاکێش بوو، ریشێکی تەنکی دانابوو هەر لە داریوش ئەچوو. کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، هەرگیز دەنگی هەڵنەئەبڕی، هەرگیز نەیئەزانی تووڕەیی چییە، نەیئەزانی رق و کینە چییە، هەموومانی وەکو یەک خۆش ئەویست. ئێمە لەوەوە فێر بووین یەکدیمان خۆش بوێت. بەرهەمەکانمان پێش بڵاو کردنەوە بۆ یەکدی ئەخوێندەوەو سەرنج و تێبینیمان لە یەکدی وەرئەگرت و یەکدیمان هان ئەدا بێ ئەوەی هەست بە رژدی بکەین بەرامبەر بەیەک، بێ ئەوەی کێبڕکێ بکەین. لەڕاستیدا ئەوەی هاتوچۆی کتێبخانەی ئاسۆی کردبێ، ئەوەی لە شەقامی جمهوری لەگەڵ جەمیل ئەمین دا پیاسەی کردبێ مەزنی و میهرەبانیی ئەو مرۆڤەی بۆ دەرکەوتووە. جەمیل ئەمین بۆتە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ژیانمان.، باوکی روحیی ئەوەی ئێمە بوو.

لە کاتێکدا ئێمە بە چاوی حیزبی شیوعیی عیراقییەوە ئەمانڕوانی یە مارکسیزم، جەمیل جۆرێکی دیی لە مارکسیزم پێ ناساندین. لە کاتێکدا ئێمە زۆربەمان پەیوەندیمان کرد بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە (کە ئەوسا ناوی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینیی کوردستان بوو) لەبەر ئەوەی هەم مارکسیزم و هەم بیری نەتەوایەتیی پێکەوە گرێ ئەدا، جەمیل وای ئەکرد، ئەو وەکو ئێمە هەرزەکارو نەتەوەچی و هەڵەشە نەبوو، وەکو ئێمە بە سادەیی لە مارکسیزم نەگەیشتبوو، بەڵکو بە قووڵی و هێمنی بیری ئەکردەوە. مەسەلەی ئینتیما نەبوونی جەمیل بە هیچ لایەنێکەوە بۆ ئێمە لوغزێک بوو چەند ساڵێک دوای ئەوە بۆمان کرایەوە؛

هەر لە ڕێی جەمیل ئەمینەوە، نەجمەدین فاتیح شکورمان ناسی، کە دواتر لەناو هێزی پێشمەرگەدا بە شێروان ناسرا. شێروان لە رێکەوتی **1982/3/5** لە گوندی قازانی نزیک ئۆردوگای پیرەمەگروون لەگەڵ ئەنوەر حەسەنی سەرکردەو **10** پێشمەرگەی دیی تیپی **21**ی کەرکوک لە شەڕێک دا لەگەڵ جاشەکانی قالە فەرەج بە پاڵپشتیی کۆپتەری جەنگی، شەهید کران. لەو شەڕەدا، وەک ئەگێڕنەوە، شەهید شێروان قالە فەرەجی پێکاو برینداری کرد، لە خۆشیی دا حەماس گرتی و هەستایە سەرپێ و وتی: کوشتم! لەو ساتەدا بە فیشەکی جاشەکان ئەپێکرێ و شەهید

ئەكرێ. پاش شەهید بوونی شێروان، ڕێکخراوی (کارگەران)، کە ڕێکخراوێکی مارکسی بوو لەناو ڕژێم و هێزی پێشمەرگەشدا بە نهێنی کاریان ئەکرد، بەیانێکیان لەسەر دەرکردو شەهید شێروانیان وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتیی خۆیان ناساند. ئەو ڕێکخراوە، لەسەرەتای شۆڕش دا بڕیاریان دا بە نهێنی لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا خەبات بکەن. یەکێتی کە ئەوسا ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بوو، جگە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانی کوردستان، خەتی گشتیی لەخۆ گرتبوو بۆ کەسانێک نە کۆمەڵە بوون نە شۆڕشگێڕان، بەڵکو بێلایەن بوون. ڕێکخراوی کارگەرانیش کە ئەوسا یەکێتییان وەکو لایەنێکی پێشکەوتنخواز ئەناساند پێیان وابوو ئەکرێ لەناو هێڵی گشتی دا بە نهێنی درێژە بە خەبات بدەن لە دژی ڕژێمی بەعس. ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامیان هەبوو لەناو یەکێتی دا بە نهێنی کاریان ئەکرد، لە هەموویان ناسراوتر نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا بوو کە لە گۆڤاری "کۆمەڵە"دا لێکۆڵینەوەی ئابوری و سیاسیی بەپێزی بڵاو ئەکردەوەو، چەند کتێبێکیشی لەسەر تەعریبی کەرکوک و شتی تر بەچاپ گەیاند. بەڵام هەر ساڵێک پاش ئەوە، یەکێتی خەتی گشتیی نەهێشت و بەوەش جێگە بە بیروباوەڕی جیاواز لێژ کرا.

لەوەوە بۆمان دەرکەوت جەمیل ئەمین پەیوەندیی بە کارگەرانەوە کردووە، بەڵکو ئەشێت یەکێک بێت لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە، گەر پەیوەندیی تایبەتیی نێوان خۆی و نەجمەدین فاتیح (شەهید شێروان) لەبەرچاو بگرین. جگە لەوە، لە گفتوگۆ سیاسی یەکانمان دا هەمیشە یەکێتیی وەکو لایەنیکی پێشکەوتنخواز وەسف ئەکرد گەرچی ئینتیمای پێوە نەکردبوون، هەروەها وەسف کردنی حیزبی شیوعیی عیراقی بە حیزبێکی تەحریفی و، بەرگری کردنی لە (مارکسیزمی راستەقینە). لە ناوەڕاستی هەشتاکان دا لەگەڵ شەهید ئازاد هەورامی دا باسی جەمیل ئەمینمان کرد، بەو پێیەی هەورامی هاوڕێ یەکی نزیکی جەمیل و شەهید شێروان بوو، هەورامی وتی کە جەمیل سەر بە ڕێکخراوی کارگەرانە. کاتێ ئەم قسەیەی ئازاد هەورامیمان بە جەمیل گەیاند، نکوڵیی لێ نەکرد، بەڵکو بەرگریی لە بیروباوەڕی خۆی کردو پاساوی بۆ هێنایەوە. پاش ئەمانی کارگەران، ڕەوتی کۆمۆنیستی سەری هەڵدا، جەمیل ئەمین، پێم وایە، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕەوتە، کە دواتر بوو بە حیزبی کۆمونیستی کریکاری. بەڵام جەمیل مارکسییەکی سەرسەخت و توندڕەو نەبوو، بەتایبەتی لەم دە ساڵەی دوایی دا، بەڵکو کەسێکی واقیعی و پراکتیکی بوو هەمیشە بە قووڵی و هێمنی بیری ئەکردەوە.

جەمیل ئەمین لە **2011/8/17** بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

## مستەفا گەرمیانی

هەر لەو سەردەمەدا مستەفا گەرمیانیمان ناسی، لاوێکی نیسکانیی ڕووخۆش و هەمیشە لێوخەند، چوست و گەشبین و پڕ خۆزگەو ئاوات، تازە دووچاری یەکەم

ئەزموونی خۆشەویستی بوبوو لەگەڵ مەهاباد قەرەداغی. تازەش دەستی بە شیعر نووسین کردبوو. شیعری رۆمانسیی نزار قەبانی ئاسای بۆ مەهاباد ئەنووسی، مەهابادیش هەمان شێوە شیعری بۆ مستەفا ئەنووسی. مستەفا، بە پێچەوانەی زۆربەمان کە پەتای نازناو گرتبوومانی، بە ناوی خۆی، مستەفا محەمەد ئەیئووسی. شیعرەکانی بە زۆری لە هەفتەنامەی (پاشکۆی عێراق)دا بڵاو ئەکردەوە. زۆربەی شیعرەکانی مستەفا لەلایەن نوورەدین محەمەد سەعیدەوە تەرجەمە کرانە عەرەبی و لە رۆژنامەی (العراق)دا بڵاو کرانەوە. نوورەدین لاوێکی کەرکوکیی بوو خوێندکاری ماستەر بوو لە بەشی سۆسیۆلۆجیا لە زانکۆی بەغداد، لە ناوەراستی هەشتاکان دا لە رووداوێکی ئۆتۆمبیل لە رێگەی نێوان کەرکوک ــ بەغداد گیانی لەدەست دا. مستەفا گەرمیانی ساڵی **1981** لەگەڵ ئەحمەدی مەلاو سەباح شەریف هەڵاتن بۆ ئێران و لەوێوە خۆیان گەیاندە سویسرا. پاشان مستەفا لە سەرەتای ئەوەدەکان دا رووی لە سوید کرد. لە پاش رووخانی رژێمی سەدام گەرایەوە کەرکوک، تا لە زنجیرە تەقینەوە تێرۆریستییەکەی رۆژی **2007/7/16**ی کەرکوک دا کوژرا.

## فایق سەعید

کە فایقمان ناسی تازە ماڵیان لە رومادی یەوە هاتبۆوە کەرکوک، هەر لەوێش چووبووە بەر خوێندن، بۆیە زمانە عەرەبییەکەی لە کوردییەکەی باشتر بوو، هەندێ شیعری لەتیف هەڵمەت و مارف عومەر گوڵی وەرگێرایە عەرەبی. ئەو کاتە بەناوی خۆی باوکی، (فایق عەبدولکەریم)ەوە بەرهەمەکانی بڵاو ئەکردەوە. پاشان کاتێ لە سەرەتای ساڵانی ئەوەتدا رووی کردە سوێدو، زانکۆی لەوێ تەواو کردو پیشەی مامۆستایی گرتەبەر، ئیتر بە تەواوی پشتی لە ئەدەبیات کردو کاتی خۆی بۆ بواری پەروەردە تەرخان کرد، گەرچی وەرگێرانی ئەدەبییشی کردووە، لەوانە رۆمانی "یەکەمین مامۆستا"ی جەنگیز ئیتماتۆڤ.
فایق، پێم وایە بەهۆی سیاسەتی تەعریب و راگواستنیان بۆ رومادی، روحی کوردایەتیی لە هەمووومان بەتینتر بوو. لە زۆربەی بۆنە ئەدەبی و هونەرییەکانی شاری کەرکوک دا کە هەمووی بە زمانی عەرەبی ساز ئەکرا، فایق وەکو تەحەددایەک جلی کوردیی لەبەر ئەکرد.ساڵی **1979** کۆرێکی شیعری بۆ شاعیری فەلەستینی خالید عەلی مستەفا کە لە بەغدا ئەژیا، لە هۆڵی بەرێوەبەرایەتیی راگەیاندنی ناوخۆ (مديريه الاعلام الداخلی)دا ساز کرا. لەو کۆرەدا فایق سەعید، کە زمانە عەرەبییەکەی لە هەمووومان باشتر بوو، پرسیاری شیعری کوردیی لێ کرد، لە وەڵامدا خالید عەلی وتی کە تەنیا شیعری شێرکۆ بێکەسی خوێندۆتەوە.

## هاوڕێیانی تەپە:

## ئەدیب نادر، نەجات حەمید، عەلی شێخ عومەر

لەڕێی عەلی شێخ عومەر قەرەداغی، کە هاوڕێی هەموو نووسەرانی کەرکوک بوو و، لە ئامادەیی پیشەسازیی کەرکوک ناسیم، هاوڕێیانی تەپەمان ناسی؛ ئەدیب نادر، نەجات حەمید، خالید مەجید فەتحوڵلا کە ئەوسا کۆمەڵە شیعرێکی چاپ کرد بەناوی "خونچەکانی گەرووی تەپە"، مەحمەد مەشعەل، فەیسەڵ هەمەوەندی.
ئەدیب نادر ئەوسا بەناوە راستەقینەکەی خۆی، فەخرەدین محێدین، بابەتی ئەنووسی. نازناوە ئەدەبییەکەی هەڵبژاردنێکی هەرەمەکی ئەبوو؛ لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کاتێ لە ئێران پەنابەر بوو ویستی بە پاسپۆرتێکی ساختەوە خۆی بگەیەنێتە ئەورووپا. پاسپۆرتەکە بە ناوی ئافرەتێکەوە بوو، (ئەدیبە قادر)، ناچار بوو دەستکاریی بکات، ئەوە بوو ناوی یەکەمی بگۆڕێ بۆ (ئەدیب)، ناوی دووەمیشی بۆ (نادر) کە ناوی باپیریەتی، بەم جۆرە ناوی پاسپۆرتەکە لە (ئەدیبە قادر)ەوە بوو بە (ئەدیب نادر). ئەدیب، بەپێچەوانەی هەمووماندەوە، بە شیعر دەستی پێ نەکرد. یەکەم بەرهەمی بڵاو کراوەی بابەتێک بوو لەسەر ئیزرا پاوند، پاشان شیعرێکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی "لۆرکا". ئەدیب ئەوسا کەسێکی کەمدوو و هێمن بوو، بەڵام لە وتووێژی ئەدەبی دا دیپلۆماسیەتی نەئەزانی، رەخنەو تێبینییەکانی لەسەر نووسینی هاوڕێکانی تا رادەیەک توند بوو. بەڵام رەنگە کەس وەکو ئەدیب هاوڕێ نووسەرەکانی خۆی خۆش نەویستبێ، ئەبوو رۆژانە سەر لە کتێبخانەی ئاسۆ - تاقە شوێنی پێکگەیشتنی ئەدیبانی کەرکوک- بدات بۆ بینینی هاوڕێکانی و گفتوگۆی ئەدەبی و سیاسی و پیاسە کردن لەگەڵیاندا... ئەوسا گوێمان لە گۆرانییەکانی بۆنی ئێم Boney M ئەگرت؛ راسپوتین، ما بەیکەر، دادی کوول، وامان ئەزانی لە شەقامەکانی لەندەن، یان لەسەر پردی (گۆڵدن گەیت بریج)ی سان فرانسیسکۆدا پیاسە ئەکەین. ئێستاش لە بەریتانیا من و ئەدیب کە گوێمان لە گۆرانییەکانی بۆنی ئێم ئەبێ وا ئەزانین ساڵی 1979یەو لە شەقامی جمهوریی کەرکوک دا پیاسە ئەکەین.
رۆژێکیان لە کتێبخانەی گشتی دا لەگەڵ هاوڕێیانی تەپەو زۆرێک لە هاوڕێیانی تر دانیشتنێکی نافەرمیمان کرد لەسەر شیعری لەتیف هەڵمەت. ئێمە هەموومان هەواداری لەتیف هەڵمەت بووین، تەنیا نەجات حەمید نەبێ، پشتگیریی رەخنەکانی ئازاد عەبدولواحیدی ئەکرد لە شیعری هەڵمەت. بەڵام نەجات شارەزاییەکی باشی لە رێبازە رەخنەییەکاندا هەبوو لەگەڵ تەمەنیدا، کە تەنیا 18 ساڵ بوو،ئەئەگونجا. رەخنەکانی نەجات لە شیعری لەتیف هەڵمەت لۆجیکی و مەلموس بوون و لەگەڵ شیعری جیهانیدا بەراوردی ئەکردو گوتەی رەخنەگرانی جیهانی ئەهێنایەوە.
بە پێچەوانەی هەموومان، عەلی شێخ عومەر سەرچاوەی خوێندنی جۆراوجۆر بوو؛ کتێبی وجودی و ئایینییشی ئەخوێندەوە، بە شێوەیەکی کەمتریش مارکسی. لەناوماندا تەنیا عەلی شێخ عومەرو جەمیل ئەمین خۆیان لە قەرەی نووسین

ئەئەدا، بەڵام عەلی خوێنەرێکی باش بوو و بۆچوون و تێبینی یەکانی جێی سەرنج بوون. لە باسکردنی مەسەلە فیکری و فەلسەفییەکان دا زمانی گێڕانەوەی نوکتەی بەکار ئەهێنا.
هەر لە کتێبخانەی گشتیی کەرکوک دا گارای هونەرمەندی شێوەکارمان ناسی بێ ئەوەی بزانین هونەرمەندە. هەر لە یەکەم دانیشتن دا گارا هێرشی کردە سەر رژێمی بەعس و بە "عیسابە"ی ناو بردن، کە ئەمە لەو سەردەمەداو بۆ کەسێک کە ئەیناسیت ئاسایی ئەبوو. بەڵام گارا دڵی پڕ بوو، گوندەکەیان (شۆراو) کە نزیک کێڵگە ئەوتییەکانی باباگوڕگوڕ بوو، لە شەستەکاندا رووخێنرابوو و خەڵکەکەی ئاوارە ببوون، ماڵی گاراش هاتبووە رەحیماوا. ئیتر دوای ئەوە متمانەمان بەیەک کردو هەموو رۆژێک لە کتێبخانەی گشتی دا یەکمان ئەبینی.
ساڵی **1978** هونەرمەندی شێوەکار مدحەت کاکەیی لە ئیسپانیاوە بە بڕوانامەی دیپلۆماوە لە بواری هونەری شێوەکاری دا گەڕایەوە کەرکوک. مدحەت کاکەیی یەکەم کورد بوو ئەو بڕوانامەیە لەو وڵاتەدا بەدەست بێنێ. مدحەت هێشتا بۆنی ئیسپانیای لێ ئەهات، پیشانگای ئەکردەوەو تابلۆکانی، کە تەجریدی و جیاواز بوون لە تابلۆ ئینتیباعییەکانی هونەرمەندانی کورد، بە سلاید نمایش ئەکرد. سلاید بۆ ئێمە شێوازێکی نوێی نمایش بوو پێم وایە مدحەت کاکەیی یەکەم شێوەکاری کوردە بەکاری هێنابێ.

## ئامادەیی پیشەسازیی کەرکوک

لە ئامادەیی پیشەسازیدا، ساڵی **1979**، من و دڵپاک تاهیرو ئەکرەم گەڵۆزی، کە دواتر لەناو هێزی پێشمەرگەدا بە شێرکۆ ناسرا، پەیوەندیمان کرد بە (کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان)، کە پاشان بوو بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. سەرشانەکەمان عادل شەریف بوو، ئەویش هەر قوتابی بوو لەگەڵماندا، دواتر لەناو تیپی **21**ی کەرکوکدا بە مامۆستا عادیل ناسرا. شانەکەی ئێمە سەر بە (کۆمیتەی هێرش) بوو. سەیر ئەوە بوو من تا چەند ساڵێکیش دوای ئەوە هەر وامئەزانی سەر بە (کۆمیتەی ئاگر)ین. بەر لەوە، هەمووەمان هاوسۆزی حیزبی شیوعی عێراقی بووین، گەرچی ئینتیمامان پێوە نەکردبوو، پەڕەنگ و ئیحسان نەبێ. پێمان وابوو کە حیزبی شیوعی نوێنەرایەتیی مارکسیزمی راستەقینە ئەکا لە عێراق دا، هەتا کۆمەڵەمان ناسی. ئێمە ئینتیمامان بە "کۆمەڵە"وە کرد لەبەر ئەوەی کۆمەڵە هەم رێکخراوێکی مارکسی بوو، کە لەگەڵ تەوژمی باوی ئەو سەردەمەدا ئەگونجا، هەم ناسیۆنالیستی بوو، کە خواست و ئارەزووە نەتەوایەتییەکانمانی تێر ئەکرد. بەم جۆرە ئەو رێکخراوو حیزبانە بە ختووکە دانی سۆزی نەتەوایەتی لەلایەک و، بیری باوی مارکسیزم لەلایەکی دی، دزەیان ئەکردە ناومان و رووبەڕووی رژێمێکی دڕندەیان ئەکردینەوە. تەنها لەسەر ئینتیما کردن بەو رێکخراوانەوە چەندین لاوو هەرزەکار ژیانیان لەسەر دانا، یەکێک لەوانە

کەریمی برای ئەحمەدی مەلا بوو، کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبۆوە بیست ساڵ، لەسەر ئینتیما بۆ ڕێکخراوێکی نهێنی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئیعدام کرا.
لەو قۆناغەدا، دڵپاک تاهیر لەپاڵ شیعر نووسیندا بێژەریش بوو لە تەلەفزیۆنی کەرکوک. ئەوسا تەلەفزیۆن بەدەست کەمیی کادیری ئافرەتەوە ئەیناڵاند، تەنیا هەردوو خوشک (نەسرین و پەروین مەحموود) هەبوون وەکو بێژەرو ئامادەکار کاریان ئەکرد. لەسەر داوای ئەو دوو خوشکە، کە لەگەڵ ماڵی دڵپاک دا دراوسێ بوون لە گەڕەکی ئیسکان، دڵپاک لە تەلەفزیۆن تەعین بوو. ئەوە بوو بە ڕۆژ دەوامی ئامادەیی ئەکردو ئێوارانیش، پاش دەرچوونمان لە قوتابخانە، لە ئێستگەی تەلەفزیۆنەوە پاسێکی 18 نەفەرییان ئەنارد بە شوێنیا. ئەو ئێوارانەش کە دەوامی تەلەفزیۆنی نەبوو، پاش دەوامی قوتابخانە چەند سەعاتێکمان پێکەوە بەسەر ئەبردو پاشان بە پێ ئەگەڕاینەوە.. دڵپاک لە نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا، بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆ سیاسییەی لە تەلەفزیۆن لەسەری بوو، کەرکوکی بەجێ هێشت و لە هەولێر نیشتەجێ بوو، ئیتر بەیەکجاری دەستبەرداری شیعر بوو و رووی لە شانۆ کرد.
لە باسی ڕۆژانی ئامادەیی دا، جێی خۆیەتی ڕووداوێکی سەیر بگێڕمەوە؛ ڕۆژێکیان من و دڵپاک لە گۆڕەپانی ئامادەیی دا وەستابووین، قوتابییەک، کە خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی شوان بوو، لێمان نزیک بووەوەو وتی حەز ئەکەم خۆمتان پی بناسێنم، منیش شاعیرم، ناوم کەریم دەشتی یە! لە ڕاستیدا ناوی کەریم بوو. وتم من کەریم دەشتیی شاعیر ئەناسم خەڵکی هەولێرە، وتی شیعری بڵاوکراوەم هەیە، بۆتانی ئەهێنم. کاتێ شیعرەکانی بە دەستنووس بۆ هێناین، یەکسەر ناسیمانەوە کە هی کەریم دەشتیی شاعیری هەولێرییە، پێشتر لە گۆڤاری بەیان دا خوێندبوومانەوە. بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی شیعری خۆیەتی.. ماوەیەک دوای ئەوە قوتابییەکی هاوڕێی کەریم دەشتی یە ساختەکە هاتە لامانەوە وتی کەریم نیازی پاک نی یە‌و ئەیەوێ لە دڵپاک نزیک بێتەوە!

## فازڵ جاف و ئەوان

نووسەرانی نەوەکەی پێش ئێمە، کە بە تەمەن کەم تا زۆر دەیەیەک لە خۆمان گەورەتر بوون، بە حوکمی تەمەن و ئەزموون جیاواز بیریان ئەکردەوەو، دەمێک بوو مارکسیزمیان لە بیرو مێشکی خۆیاندا تەکاندبوو، یارمەتیدەرو هاندەر نەبوون بۆ ئێمە، بەڵکو جۆرە ساردوسڕی و دابڕانێکی ئەدەبی لەنێوان ئێمەو ئەواندا هەبوو. لەڕاستیدا هەردوو لامان بوبووینە هۆکاری ئەو پەیوەندییە ساردوسڕە. ئێمە کە لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیماندا بووین و پێویستیمان بە هاندان و دەستگرتن هەبوو، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەوان لەتەک ئێمەدا جۆرە لەخۆبایی بوونێکی پێوە دیار بوو، بەتایبەتی کە هەندێکیان ئەوسا لە لووتکەی داهێنان و ناوبانگدا بوون. بە پێچەوانەوە ئێمە لەلایەن ئەدیبانی دەرەوەی شارەکەمان پتر

هان ئەدراین، بەتایبەتی شێرکۆ بێکەس و مەحمود زامدارو، هەندێ ئەدیبی لاو، وەکو خەبات عارف و عەبدوڵلا قەرەداغی.بەشێکی تری ئەو ساردوسڕی و دابڕانە ئەگەڕێتەوە بۆ خۆمان؛ ئەحمەدی مەلا ئەبێ کە بیرو بۆچوونی ئیسلامی بوو، هەموومان هەڵگری بیری مارکسی بووین، بێگومان مارکسییەکی کرچوکاڵ کە لە میانەی وتووێژی نێوان خۆمان و خوێندنەوەی یەک دوو کتێبی مارکسی کە شیوعییە عێراقی یەکان وەریانگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی، وەکو عەبدولڕەزاق ئەلسافی، لەلامان گەڵاڵە بوبوو، ئیتر هەموو فیکرێکی دیمان ڕەت ئەکردەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، فازڵ جاف و ئەوانمان بە عەبەسی و وجودی تۆمەتبار ئەکرد تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوان مارکسی نەبوون و، پتر گرنگییان بە شانۆی کامۆو بێکت و یۆنسکۆو شانۆی عەبەس ئەدا، گەرچی بواری ئیشکردنی فازڵ جاف شانۆی مەلحەمیی برێخت بوو. ئەو دابڕانەی نێوان ئێمەو ئەوان، کە خەتاکەی بۆ هەردوو لامان ئەگەڕێتەوە، زیانی پێ بەخشین و کاریگەریی سلبیی هەبوو لەسەر پێشکەوتنی ئەدەبیمان.
هەموومان لە هەشتاکاندا یەکە یەکە، تەنانەت پێش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆشیالیستی، دەستبەرداری بیروباوەڕی مارکسی بووین. پێم وایە ئەوزاد ئەسوەد دوایین کەس بوو واز لە فیکری مارکسیزم بێنێ، ئەگینا تا کۆتایی هەشتاکانیش سەرچاوەی نووسینەکانی خاڵی نەبوو لە پلیخانۆڤ و نووسەرە مارکسییەکانی تر. مەریوان وریا قانیع ئەیووت: یەک سەدەیە باوی پلیخانۆڤ ئەماوە، کەچی ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە یەخەی نابێتەوە!

## دیاردەی لەتیف هەڵمەت

"مێژووی ئەدەبی کوردی"ی عەلائەدین سەجادی یەکەمین کتێبی کوردی بوو لە ژیانما بیخوێنمەوە. گەرچی کتێبەکە ناوی ئەدەبی کوردی بوو بەڵام تەنیا شیعر بوو، کە 25 شاعیری کلاسیکی لەخۆ گرتبوو. هێندە عاشقی ئەو شاعیرە کلاسیکیانە بووم چەندین دەفتەرم بە خەتی خۆم بە شیعری ئەوان پڕ کردەوە، هەتا دیوانی "پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە"ی لەتیف هەڵمەت کەوتە بەردەستم. ئەو کۆمەڵە شیعرە بە جۆرێ کاری تێ کردم بوو بە هاندەرێک کە دەست بە نووسینی شیعری نوێ بکەم. ئەوەی پتر سەرسامی کردم ئەوە بوو شاعیر پەیامی شیعریی ئەدرەسی خوێنەر ئەکرد، لەگەڵ خوێنەردا گفتوگۆی ئەکرد، موفرەداتی ژیانی ڕۆژانەی بەکار ئەهێنا؛ ئەرێ، کچێ ئاخر..، ئەی تۆ بۆچی..، ئێ کچێ تۆ..، هیچ دوور نی یە، دە گۆرانیم بۆ بڵێ دەی ، هتد، بەستەی خۆش خۆش، وشەی جوان گوڵە گوڵ، نیشتمان دایکە دایک،.. هەروەها ناونیشانی دوورو درێژو سەیر؛ "بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە"، "هەر دوانزە شمشێرەکەی دوانزە سوارەی مەریوان"، "پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە"،.. لە هەمووش گرنگتر،

جورئەتی دانپیانان و درکاندنی نهێنی، کە بۆ ئەو سەردەمە ئاسایی نەبوو. شێتی بوو:

من سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لات و زگارو خەمگینم
هەتا بڵێی لەڕو سیس و ناشیرینم "بۆ کچێک کە ئەیدیوم"

هەروەها لە چاوپێکەوتنێکدا کە مستەفا ساڵح کەریم لە (پاشکۆی عێراق)دا لەگەڵیا سازی دا، هەڵمەت ئەڵێ: پاسکیل نازانم لێخوڕم و رقم لە ماتماتیکە.. لەڕاستیدا لەتیف هەڵمەت زمانی شیعریی لە بورجی عاجەوە هێنایە ناو خەڵک.لەتیف تەنانەت لە دیوانەکانی پێشووشی، "خواو شارە بچکۆلەکەمان"و "ئامادە بوون بۆ لەدایک بوونێکی تر"، کە تا ڕادەیەک تەمومژاوی بوون، وشەو دەستەواژەیەکی ئەوتۆی بەکار ئەهێنا جێی هەڵوەستەی خوێنەر بوون؛ ئەم کوولەکانە ئەشکێنم،پەرستگاکان ئەڕووخێنم، گیانە لەناو بۆگەنی تەرمەکانا بۆت ئەگەڕێم، گیانە دوێنێ ئەو کفنەم دڕی کە میوانەکەمان منی تیا شاردبووەوە، وا منداڵەکان دەلاقە لەقوڕ گیراوەکان ئەکەنەوە،... ئەگێڕنەوە، کاتێ لەتیف هەڵمەت بە بازاڕەکانی شۆریجەدا تێنەپەڕی دووکانـــدارەکان ئەیـــانووت: کوولەکەکانتـــان بـــشارنەوە!.. لەتیـــف ئەک هەر شیعرەکانی، بەڵکو هەڵسوکەوت و وتەکانیشی جێی سەرنج و مشتومڕ بوون. بۆ نمـــوونە ئەیـــووت "ئەگەر گـــوڵ نیـــت دڕک بە"! چـــونکە مرۆڤـــی پاســـیڤ و پشتگوێخراو ناچێتە مێژووەوە. ئەو شیعرو گوتە نائاساییانەی لەتیف لە کەرکوکدا لەناو خەڵکی ئاساییشدا ناوبانگیان بۆ پەیدا کردبوو،گەرچی لەتیف لە شارەکەدا بە بنەماڵەوە ناسراو بوون. شێخ مەحموودی باوکی لەتیف هەڵمەت، پیاوێکی کورتە باڵای سمێڵ فش، کەواو سەڵتەی سەوزی لەبەر ئەکرد ئەتووت ئامۆزای شێخ مەحموودی حەفیدە.

بەجۆرێ عاشقی شیعری لەتیف هەڵمەت بووم، بەر لەوەی بە دیداری بگەم چەندین چـار خەونـم پێـوە ئەبینـی، لە هەمـوو خەونەکانیـشما لەتیـف هەڵـمەت کەسـێکی بـاڵابەرزو چوارشـانەو لەخۆبـایی بـوو. لەتیـف هەڵـمەت، ئەوسـا لە بەغـدا لەگەڵ سەبری بۆتانی دا سەرپەرشتیی هەفتەنامەی (پاشکۆی عێراق)یان ئەکرد، رۆژانـی هەینی ئەگەڕایەوە کەرکوک. رۆژێکی هەینیی هاوینی ساڵی **1978** بوو، لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا کەریم پەڕەنـگ بە لەتیـف هەڵمەتـی ناسـاندم. وەکو عاشـقێک لە یەکەم ژووان دا بـێ، کـاتێ تـۆقەم لەگەڵ کـرد هەمـوو گیـانم کەوتە لەرزیـن. لەتیـف هەڵمەت، بە پێچەوانەی خەونەکـانمەوە، کەسـێکی لاوازو بچکـۆلەو، تـا بڵێـی خـاکی بـوو. بە جـۆرێ هـانی دام متمـانەم بەخـۆم پەیـدا کـردەوە. ئیتـر پـاش ئەوە هەرچـی شـیعرم بـۆی ئەنـارد لە پاشـکۆی عێـراق دا بـڵاوی ئەکـردەوە، سـەرەتا لە پۆسـتەی خوێنەران، پاشان لە لاپەڕەی سەرەکی. یەکەم شیعرم لە ئـازاری سـاڵی **1979** دا لە پاشکۆی عێراق بەناونیشانی "خەمی شیرین" بڵاو بۆوە.

بەجۆرێ عاشقی لەتیف هەڵمەت بووم، تەنانەت لاسایی ڕێوڕۆیشتن و شێوەی قسە کردنیشیم ئەکردەوە. وەکو ئەو، جانتایەکی بچکۆلانەم ئەخستە بن هەنگڵم و لەگەڵ

کەریم پەرەنگ دا پێکەوە لە شۆریجەوە بەپێ ئەچووین بۆ "شارع جمهوری".
تەنانەت هەندێ لە هاوڕێ نزیکەکانم هەستیان بەم هەڵسوکەوتەی من کردبوو.
هەموو شیعرەکانی لەتیفم ئەزبەر کردبوو و بۆ هاوڕێکانم ئەخوێندەوە. ئیتر لەتیف هەموو رۆژانێکی هەینی کە ئەهاتەوە کەرکوک، ئەبوو بە جەژن، هەموو لەدەوری کۆ ئەبووینەوەو رۆژەکەمان پێکەوە بە پیاسەو دانیشتنی چایخانەو وتووێژی ئەدەبی بەسەر ئەبرد. رۆژێک، هەر هاوینی 1978 بوو، لە شەقامی مەجیدیەوە بەرەو قشڵە رێمان ئەکرد، لاوێکی قۆزو باڵا بەرز بەرامبەرمان هات، لەتیف هەڵمەت پێی ناساندین، وتی ئەوە محەمەد موکریی چیرۆکنووسە، پاشان پێکەوە چووین لە قاتی سەرەوەی گازینۆی ئەسرێ دانیشتین، لەوێدا لەتیف باسی شاعیرێکی کرد شیعرێکی بۆ ناردبوون لە پاشکۆی عێراق بۆی بڵاو بکەنەوە بەڵام رەت کرابوو، لەتیف وتی: لە شیعرەکەدا نازانم ئەڵێ ژووری چاوەکانت؟! موکری بە پێکەنین و ئیشارەتی دەست وتی: ژێرزەمینی چاوەکانت؟!.. ئەو تێبینیانەی هەڵمەت و موکری زەنگێک بوو بۆ ئێمە کە هەمیشە پەنامان بۆ مەجانیەت و دەستەواژەی حازربەدەستەبرد.
لەو سەردەمەدا کێشەیەکی ئەدەبی هەبوو لەسەر شیعری لەتیف هەڵمەت، کە خوێنەرانی شیعری لەتیفی کردبوو بە دوو گرووپەوە؛ لایەنگران و نەیاران.
سەرقافڵەی نەیارانی شیعری لەتیف، ئازاد عەبدلواحید بوو.ئازاد زنجیرە رەخنەیەکی بڵاو کردەوە لەسەر ئەو ستایلە شیعرییە سادەیەی لەتیف هەڵمەت پێی ئەنووسی، کە پێی وابوو وشک هەڵاتنی بەهرەی شیعری بە لای لەتیف. لەولاشەوە کەمال غەمبار بە زنجیرە وتارێک وەڵامی ئازادی ئەدایەوەو بەرگریی لەو شێوازە شیعرییەی لەتیف ئەکرد. لەڕاستیدا ئازادی رەخنەگری لاو لەو تەمەنەدا، کە بیست ساڵ ئەبوو و نە ئەبوو، رێی تێ نەئەچوو خاوەنی خەزینەیەکی رۆشنبیریی وابێ گورز لە هەیبەت و شاعیرێتیی لەتیف هەڵمەت بدات، کە ئەوسا لە ترۆپکی داهێنان و ناوبانگ دا بوو، بەتایبەتی پاش بڵاو بوونەوەی "پرچی ئەو کچە...". ئەو کاتە دەنگۆی ئەوە هەبوو کەسانێکی دیاری ناو رۆشنبیریی کوردی لەپشت ئازادەوە بن و یارمەتیی بدەن یاخود هانی بدەن. پەنجەی تۆمەتیش بۆ فازڵ جاف و محەمەد موکری و مەحموود زامدارو ئەوان درێژ ئەکرا. سەلام محەمەدی شاعیریش چووە پاڵ ئەو گرووپەو وتارێکی رەخنەیی توندی لە رۆژنامەی هاوکاری دا بڵاو کردەوە تیایدا ئەڵێ لەتیف هەڵمەت هیچ ئیزافەیەکی نەخستۆتە سەر شیعری کوردی.
فازڵ جاف و ئەوان رەخنەو تانووتەکانیان لە شیعری لەتیف نەئەشاردەوە، گەرچی بڵاویان نەئەکردەوە. بەڵام ئێمە وەکو قەدیسێک ئەمانڕوانییە لەتیف هەڵمەت و، هەرچیی بڵاو ئەکردەوە پێی سەرسام ئەبووین، نەک تەنیا وەکو بەهای شیعری، بەڵکو وەکو هێمایەکیش بۆ بەگژداچوونەوەی رژێم. لەتیف لە شیعرێکدا ئەڵێ:
کە دڵ کوێر بێ خۆرەتاویش شەوی تارە
ئەگەر پشیلە پۆلیس بێ هەموو مشکێک تاوانبارە

لەکاتێکدا ئێمە بە بوێریی لەتیف سەرسام بووین کە بە ئاشکراپۆلیس دادگایی ئەکات، فازڵ جاف ئەیووت: ئەمە شیعر نی یە، نوکتەیە.
بەڵام رەخنەکانی ئازاد عەبدلواحید لە شیعری لەتیف هەڵمەت، دواتر، گومانی لا دروست کردین لەسەر ئەو ستایلە شیعرییەو، جۆرە قەناعەتێکیش بە بۆچوونە رەخنەییەکانی ئازاد، بەتایبەتی پاش دامرکانەوەی روحی هەرزەکارانەی شۆڕشگێڕی لەلامان و، جیاکردنەوەی شیعر لە سیاسەت و، روانینە شیعر وەکو شیعر. ئەم قەناعەتەش بە شێوەیەکی تایبەت پاش بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە شیعری "زریان"ی ئەنوەر قادر محەمەد لەلامان چەسپ بوو. زمانە شیعری یەکەی زریان کارێکی زۆری تێ کردین ووای لێ کردین بە خۆماندا بچینەوەو گۆڕانکاری بەسەر زمان و شێوازی شیعریماندا بهێنین.

## سەلام محەمەد

سەلام محەمەدم بۆ یەکەم جار ساڵی **1979** لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا بینی، برادەرێکی خزمی خۆی بەیەکی ناساندین؛ لاوێکی لاوازو باڵابەرز، خەندەیەکی هەمیشەیی لە سمێڵە خورماییی و چاوە سەوزەکانی دا ئەبریقایەوە. سەلام ئەوسا خوێندکاری کۆلیجی یاسای زانکۆی بەغدا بوو، کۆتایی هەفتە ئەگەڕایەوە کەرکوک. ناسینی سەلام محەمەدو تەوقە لەگەڵ کردنی، بۆ منێکی هەرزەکاری عاشقی شیعری سەلام، یەکێک بوو لەو ساتە خۆشانەی خەونم پێوە ئەبینی و، گوڕو تینی شیعریی پێ ئەبەخشیم.
زۆربەی شیعرەکانی سەلام محەمەدم ئەزبەر کردبوو، بەتایبەتی شیعرە درێژەکانی؛ دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، داری زەنگیانە ، ئۆپەرێتی خۆشەویستی، تینوێتی و زستانی جوان، ئاکسل و سارا... و، بۆ هاوڕێکانم ئەخوێندنەوە، تەنانەت ئەوانەش کە سەودایان لەگەڵ شیعردا نەبوو، ئەمویست ئەو گۆڕانکاریانە ببینم کە بەسەریان دا دێت کاتێ گوێی لێ ئەگرن. لە قوتابخانە، لەسەر شەقام، لەماڵەوە لەبەر ئاوێنە، شیعرەکانی سەلامم بە ئیلقاو دەست جووڵاندەوە ئەخوێندەوە.

## گرووپی کەرکوک

ئێستا کە بەو رۆژانەدا ئەچمەوە، نازانم بۆ ناوی "گرووپی ئەدەبیی کەرکوک"مان بەرگوێ نەکەوتبوو. گەرچی زۆربەی ئەدیبانی ئەو گرووپە؛ فازڵ عەزاوی، سەرگۆن پۆڵس، مونەیەد راوی، ئەنوەر غەسانی، جان دەمۆ، سەلاح فایق، قەشە یوسف سەعید،.. بۆ دەرەوەی وڵات کۆچیان کردبوو، بەڵام هەندێکیان هێشتا لە کەرکوک و شارەکانی تردا مابوونەوە؛ جەلیل قەیسی، محێدین زەنگنە، یوسف حەیدەری، قەحتان هورمزی،... خوێندنەوەی ئەو گرووپە لەکاتی خۆیدا، بێگومان، کاریگەریی خۆی ئەبوو لەسەر ئەدەبی ئێمە، گەر رێ نیشاندەرمان هەبوایە.

هەروەهـا، هـیچ جـۆرە پەیوەنـدی یەکیـشمان لەگەڵ ئەدیبـانی ئەتەوەکـانی دیـی شارەکەدا نەبوو، بەتایبەتی ئەدیبانی تورکمان. لەڕاستیدا ئاسەواری شەڕی کوردو تورکمان لە تەمووزی 1959دا هێشتا لە ئارادا بوو، رەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەو دوور کەوتنەوەیەش بووبێ. لەو شەڕەدا، کە پەنجەی تۆمەت بۆ حیزبی شیوعی درێژ ئەکرێ، کەسانێکی بێتاوان لە هەردوو ئەتەوە بوون بە قوربانی.

## کۆتایی ئاهەنگ

چێژو ئەشئەی سەردەمی لاوی و هاوڕێتیی و ئەدەبیمـان هێندە دەوامـی ئەکـرد، ئـاگری جەنـگ گەیـشتبووە داوێنمـان و خەریـک بـوو تەمەنمـان ئەسـووتێنێ. کەوتبووینە نێوان دوو دۆزەخەوە؛ لەلایەک سەدام و جەنگە دۆڕاوەکەی کە هەشت ساڵی خایاند، لەلایەکی دی شەڕی کورد کوژیی حیزبە کوردی یەکان لە چیادا کە ئەویـش هەشـت سـاڵی خایانـد. زۆربەی هاوڕێکانمـان ڕێگەچـارەیەکی دیـیان هەڵبژارد؛ کۆچ. هەموو کۆچیان کردو بەسەر ئەم جیهانەدا پەرت و بڵاو بوونەوە. کەریم پەرەنگ بەر لە هەمووان، لە کۆتایی ساڵی 1980 دا بۆ ئەمسا کۆچی کرد. دوا بەدوای ئەو، ئەحمەدی مەلاو مستەفا گەرمیانی و سەباح شەریف ساڵی 1981 لەرێی ئێرانەوە خۆیان گەیاندە سویسرا، ئەحمەد لە جنێڤەوە بۆ فەرەنساو پاشان ئیسپانیا رۆیشت، مستەفا لە ئێران و پاکستانەوە بۆ سویسراو پاشان بۆ سوێدو، پاش رووخانی رژێمیش گەڕایەوە کەرکوک، تا لە تەقینەوە تیرۆریستییەکەی رۆژی 2007/7/16 دا کوژرا. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ئەدیب نادر بۆ ئێران و لەوێوە بۆ بەریتانیا رۆیشت و، پاش رووخانی رژێم گەڕایەوە کەرکوک. گارا لە ناوەڕاستی هەشتاکاندالە ئێرانەوە بۆ ئەڵمانیا چوو. فازڵ جاف ساڵی 1981 لە سەربازی هەڵات و خۆی گەیاندە سوێد. فەهمی کاکەیی لە سەرەتای هەشتاکاندا پەیوەندیی کرد بە هێزی پێشمەرگەوە، لە کۆتایی ئەو دەیەیەدا بۆ سوێد کۆچی کرد. جەبار کەریم، خاوەن کتێبخانەی ئاسۆ، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بە تۆمەتی ئینتیما بـۆ رێکخراوێکـی نهێنـی (یەکێتـی نیـشتمانی کوردسـتان) دژ بە رژێمـی بەعـس دەسـتگیرا کـراو حـوکمی لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو، بەڵام سـاڵی 1988 بەر لێبوردنی گشتی کەوت و بەرەڵا کرا، پاش ئەوە بۆ هۆڵەندا هەڵات. مارف عومەر گوڵ ساڵی 1986 چوو بۆ ئۆکراینـاو پاشان بەلجیکا. عەبدوڵلا قادر دانساز لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ سوێد، فایق سەعید 1990 بۆ سوێد، سەلام محەمەد بۆ سوێد. ئیحسان حاجی غەفوور لە کۆتایی هەشتاکاندا بە خێزانەوە بۆ هۆڵەندا رۆیشتن. تارق عەزیز (خەبات) بەر لە هەمووومـان، ساڵی 1980 بە مەبەستی خوێنـدن رووی لە ئیتاڵیـا کـردو تـا ئێـستاش لەوێ ئەژی، رۆژنامەنووسـێکی ناسـراوەو لە چەنـد رۆژنـامەیەکی ئەو وڵاتەدا وەکـو فـریلانس (سـەربەخۆ) کـار ئەکات.منیش لە سەرەتای هەشتاکاندا پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەوە کردو، ساڵی 1997 دوایـین کەس بـووم لە هاوڕێکـانم وڵات بەجـێ بـێڵم، تـا لە بەریتانیـا

گیرسامەوە. لە هاوڕێکانمان تەنیا نەجات حەمیدو نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدو عەلی شێخ عومەر ماندەوە.
سوپاس بۆ هاوڕێیانی شەقامی جمهوری. هاوڕێیەتیی ئەوان مانای بە ژیانم بەخشی. ئەوان منیان هاویشتە ناو دنیای جوانی ئەدەب. ئەوان نەبوونایە رەنگە ئێستا مامۆستا بوومایە لە گوێرە دێیەکدا، یان راهێنەری فوتبۆڵی یانەیەکی پلە دە، یان دارتاشێك لەگەڵ بانگی نیوەڕۆدا دووکانەکەم دائەخست و رووم لە مزگەوت ئەکرد، یاخود فەرمانبەرێک لە کۆمپانیای نەوت ئێواران بە دوو عەلاگە سەموون و میوەوە ئەگەڕامەوە ناو ماڵ ومناڵ،... خۆشنوودم کە لەسەردەمی ئەوان دا ژیام. گەر بۆم لوا دووبارە بژیمەوە، هەر ئەوان ئەکەمەوە بە هاوڕێم، هەر کەرکوک ئەکەمەوە بە زێد.

ئازاد ئەحمەد ئەسوەد/ بەریتانیا

دیسەمبەری 2012–ئۆکتۆبەری2013




# شیعر پێداویستییەکە
# بەڵام نازانین بۆچی!

ئەحمەدی مەلا

## منداڵیی :

ئەگەر لە منداڵییەوە دەستی پێبکەین، هەڵبەتە شیعر و شاعیر و منداڵیی بە سێکوچکە و سەرچاوەیەکی نەبڕاوە لەمەڕ نووسینەوە دەکرێت سەیر بکرێت. لەم رووەوە چەند جارێکی دیش ئاماژەم بۆ سەردەمی منداڵیم کردووە. بەڵام قۆناغی "گەڕەشێخان" مەبەست لەو گوندەیە کە لە دەشتی دزەییە کە لە ساڵانی شەستدا مامێکم لەو گوندە مامۆستای قوتابخانەکە بوو و ئێمە و ماڵی نەنکم کە چەند ساڵێک دەبوو باپیرەم وەفاتی کردبوو و خاوەن چوار منداڵ بوو و ئێمەش ئەوکات سێ کوڕ و کچێک بووین، گەورەکەی ئەو خێزانەش تەمەنی تەنها پانزە ساڵێک دەبوو و کەریمی براشم کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتا لە لایەن ڕژێمەوە دەگیرێت و یەکێکە لە شەهیدە بێگوڕانەی کورد ؛ ئەو کات تەمەنی چەند مانگێک دەبوو، لێقەوماوی گوندی "زەردک"ی ناوچەی شوان بووین، پەنامان بردبووە گوندی گەڕەشێخان. هاوینی شەست و سێ لە "زەردک" بووین، حەرەس قەومی شاڵاو دێنن و سەرەتاکانی ئەنفال بوو چونکە خوێن و ماڵی کورد لە لایەن ڕژێمەوە حەڵاڵ کرابوو و دوای ئەوەی هەموو کتێبەکانی باوکم لە ناوەند حەوشەکە دادەنێن بۆ ئەوەی ئاگری تێبەردەن، تەنانەت قورئانەکەشیان لە سەرووی هەموو کتێبەکانەوە دانابوو. ئەم کارە گەوجەیان نەکرد. ئەشکەنجەیەکی دەروونی باوکمیان داو و پاشان قۆڵی دەگرن و سواری جێبێکی سەربازی دەکەن و بەرەو حەپسخانەی موسەیەب ڕاپێچی دەکەن. دوا بە دوای ئەم رووداوە، ئیتر بۆ یەکجارەکی ئێمە لە ناوچەی شوان هەڵدەکەنرێین. مامم بە شوێنماندا دەنێرێت و دوای چەند هەفتەیەک بوو یا چەند مانگێک، بە باشی نازانم، دەگەینە گەڕەشێخان. ئەو سەفەرە بۆ منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان بە جۆر ئۆدیسەیەک دەکرێت بەراورد بکرێت. سەرەتا لە گوندەکانی دەم زێ و بۆمباران و ڕاکردن و خۆشاردنەوە لە قەدپاڵەکان دەژیاین. بە بیرم دێت میمکێم بە نووکە چەقۆیەک قەدپاڵەکەی هەڵدەدڕی بوو بۆ ئەوەی خۆمانی تیا بشارینەوە. هەروەها ناکرێت غارەغارەکەی نەنکم فەرامۆش بکرێت کاتێک بە سەر خۆڵەتەپانییە گەرمەکە ڕایدەکرد و بۆمباش دەکەوتە ئەم لاو ئەولامان.

هەندەی نەبرد، دەمەو عەسرانێک لە سەر قایغێک لە زێمان دا و مانگایەکیشمان پێ بوو. مانگای ماڵی نەنکم بوو، تاقە سەرچاوەی بژێویان. دوای پەڕینەوە و ئیتر بەو شەوە دەبوو، هەندێکمان لە سەر گوێدرێژ و هەندێمان لە سەر ئەسپ و گەورەکانیش هەر بە پێ، بە قەراغ گوندە سووتاوەکاندا دەرۆیشتن و "قەشقە" و

"خورخور" بۆنی سوونی لێدەهات. (ئەم وێنانە چەندان و چەندان جار لە شیعرەکانم، بە تایبەتی لە شیعرەکانی سالآنی هەشتا و نەوەدەکان رەنگیان داوەتەوە).
ئەمە یادەوەرییە هەرە لەبەرچاوەکانی سەرەتای چاوکردنەوەمە. هاوینێک و پایزێک و بەهارێک لە گەڕەشێخان ماینەوە. باوکم دوای نۆ مانگ لە زیندان دەردێت. بۆ ماوەیەکی کورت گەڕاینەوە گوندی "زەردک" و پاشان بۆ یەکجارەکی ژیانی گوندمان جێهێشت.
ئەو قۆناغە تایبەتە، مەبەست لە گوندی "گەڕەشێخان"ە، چونکە دەچمە قوتابخانە و فێری نووسین دەبم، بەڵام شەوان هاوینی "گەڕەشێخان" زۆر ایبەت بوو. هەموو لە دەور بەردێکی لووسی سپی کە گوایە لە دەشتی حیجازەوە گەیشتبووە دەستمان، کۆدەبووینەوە و هەر کەسە و بەردە سپییەکەی دەگرتە دەست و ماچی دەکرد و دوعامان دەکرد بۆ ئەوەی خوا دڵی رژێم نەرم کات و باوکمان لە حەپس بەرەڵا کات.
ئەم حالەتە منداڵیی ئینسان و بارودۆخی کۆمەلآیەتی و سیاسی و سایکلۆژی میللەتێکیش دەخوێنێتەوە. حەپسکردنی باوکم هیچ هۆیەکی لە پشتەوە نەبوو تەنها لەبەر ئەوەی کە کورد بوو. ئەمە لە وڵاتێکی دی کە یاسا بەرقەرار بێت مومکین نییە روو بدات. ئەمە سەرەتاکانە، ئەی کۆتاییەکان چۆن دێنە پێشەوە...؟
بەهاری ساڵی ئایندە، واتە لە لە ساڵی **1964** واتە دوای نۆ مانگ باوکم بەرەڵا دەکرێت و بە بڕیارێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ "گەڕەشێخان". واتە گەڕانەوە بۆ "زەردک" بۆ ئەوەی بە یەکجاری بچینە شاری کەرکووک. من لە شاری کەرکووک گەورە دەبم. قۆناغەکانی سەرەتایی و مامناوەندی لەوێ تەواو دەکەم.
ئەو رەگهەڵتەکاندنە بوو کە ئیتر لە هیچ شوێنێک نەگیرسامەوە. ئێستا وا دە ساڵ دەبێت لە ئیسپانیام و لە نێوان گەڕانەوە و مانەوە لە ئیسپانیا دەژیم. هەست دەکەم رەنگە ئاسان نەبێت جارێکی دی گەڕانەوە مومکین بێت، بەڵام بەردەوان سەفەر دەکەم. حەز دەکەم لە هاتوچۆدا بم.
هەمیشە وێنەکانی ئەو زەمانە زاکیرەم جێناهێڵن و لە گەڵیاندا دەژیم.
پاشان قۆناغی کەرکووک دێت. ئاووهەوایەکی غەریب بۆ منداڵێکی شەرمن و هەستیار و کەمدوو. وەکو زۆربەی منداڵانی ئەو زەمانەی شار. یاریکردن و سینەما و سەرەتاکانی تەلەفیزیۆن. ئیتر خوێندنەوە و سەرهەڵدانی ئارەزووی ئەدەب و نووسین و کاری سیاسی و هتد.

سەبارەت بە کتێبی زەردک/یش، هەڵبەتە ناوی "زەردک" بارگاوییە بە گەلێ وێنە و بەسەرهات و دونیایەک شتی هەمەچەشن. "زەردک" دونیایەکی هەژار بوو بە هەموو مانەیەک، بەڵام خەڵکێکی سادە و خزمدۆستی تیا دەژیا. ئەمە رەنگبێت خەسلەتی هەموو گوندەکانی کوردستان بێت.

لە راستی دا، من لە شاری ژنێڤ، واتە لە سویسرا زەردکم کەشف کرد. ژنێڤ و زەدک وەکو دوو جەمسەری دونیا وابوون. ژنێڤی کالڤان و ژان ژاک رۆسۆ و کۆنترین کۆمار لە دونیادا و رووبار و دەریاچە و دارو دارستان و چیا سەرکەشەکانی ئەلب و ...ئەمەو دەولەمەندی ئەو شارە و گوندەکەی من کە بە هەمووی دە درەختی تێدا نەبوو، ئەویش لە حەوشە نابووتەکەی مزگەوتەکە چێنرابوون. زەردکی هیشکوبرینگ، هاوینی تەپوتۆز و زستانی سارد و باراناوی. هیچ کانییەک و هیچ جۆگەلەیەک و هیچ دەریاچەیەکی لێ نەبوو، لە ریکێک بترازێت کە ژنان بە تەنەکە بەو رۆژگارە ئاویان دەهێنا و زەرعاتێکی وای تێدانەبوو و لە دوکانێکی بچووک بترازێت هیچ بازار و بازرگانی تێدانەبوو، لە مەلا بترازێت یەک دوو خوێندەواری دیکەی نەبوو، لە تەهلیلەی دیوانە عەلی بترازێت هیچ گۆرانیبێژ و نامێرێکی مۆسیقای لێ نەبوو، مەگەر بلوێری شوانان نەبێت.

دونیای ئاژەڵداری و تەنها پیکاپێک گوندی بە شاری کەرکووکەوە گرێ دەدا.

ماڵی باپیرەم کە ئاژەڵداریان دەکرد و باری ئابووریان بۆ ئەو سەردەمە خراپ نەبوو، بەڵام لە سنووقە بۆراقدارەکە کە دەستێ نوێنی لەسەربوو و تاخمی چایلێنان ئەو کات لە سنووقێکی داربوو و شوێنی پیاڵەکان، بە ریز لەتەنیشت یەکەوە بوون. هەروەها ئاوێنەیەک و حاجەت و مەشکەیەک هیچی دیکەیان نەبوو. ئەمە وێنەی هەموو ماڵەکانی گوندی زەردکە.

تەمەنم یەک دوو ساڵ لە سەرووی بیستەوە دەبوو، لە ژنێڤ دا، زەردک بە رووما تەقییەوە و لە خۆمم پرسی "من چی دەکەم لێرە"؟ ئەم پرسیارە سەفەرێکی شیعریی و خوێندنەوەیەکی سایکلۆژیش بوو. رەنگە ئەم دوو چەمکەش دەستەخوشکی یەکتر بن.

من لە مێژا بوو خولیای ئەدەب و هونەر بوو، لە کەرکووک دەستم بە نووسین کردبوو و شانۆنامەم دەنووسی و رەسمم دەکرد و حەزم دەکرد خۆم فێرە مۆسیقا بکەم...نازانم سەرەتاکانی لە چییەوە سەریان هەڵدا، چونکە ماڵی ئێمە لە هونەر و شیعر و نووسانەوە زۆر دوور بوو. باوکم مەلا بوو، چێژیی شیعریی نەبوو و ئەو هەندەی گرینگی بە فیقە و شەریعەت دەدا، هەندە گرینگی بە دیوە ئەدەبەکەی

ئەدەدا، بەڵام بوونی کتێب سەرنجی رادەکێشام و بە تایبەتی بەیتە شیعرێکی فارسی کە باوکم لە دیوی ناوەوەی کتێبەکانی دەینووسی سەرنجی زۆر رادەکێشام کە ئەمەی لای خوارەوە بوو " چ غم دارم اگر نیکم اگر بد، بحمدلله کە نامم شد محمد" ئەم دێرە هەموو شەخسییەتی باوکم شی دەکردەوە. هەرچەند باوکم سەید نەبوو، بەڵام لە سولالەی پێغەمبەروە دەهاتە خوارەوە. مەرجەرعەییەتی ئاینی و ئەخلاقی ئەو بوو.

بەڵام لە راستی دا نازانم بۆچی من دەستم بە نووسینی شیعر کرد! دوای سی ساڵ رەنگە، نووسینی شیعر بۆ کێشەیەکی وجوودی بگەڕێتەوە. من دەنووسم بۆ ئەوەی هەبم. ئەگەر وەسیلەیەکی دیکە بۆ ئیسپاتی وجوودی خۆم شک بەرم، رەنگە نیتر نەنووسم.

کە لە ژنێڤ بووم زۆر بە جیدیی هەوڵی نووسینم لە لا چەکەرەی کرد. خێرا هەستم کرد کە شتی دیکەم هەیە کە بیڵێم و زۆر زوو ئازادانە رەخنەم دەگرت. دێتەوە یادم هێشتا لە کەرکووک بووم، ئەو کات هێمنی شاعیر تازە دیوانی نالەی جودایی بلاوکردبووە و حەمەجەزاش شیعرێکی لێکردبووە گۆرانی، بە دڵی هەموو کەس بوو، من بە دڵم نەبوو و رەخنەم لە نەمەتی فیکریی ئەو جۆرە شیعرانە دەگرت و هەستم دەکرد سەر بە دونیایەکی بەسەرچووە. ئەوەی راستی بێت، من زۆر خێرا هەستم کرد لە ئەمەتێکی ئێستاتیکی و عەقڵیی دیکەوە بەرەوە دونیا دەبمەوە. بە کورتی، پێش ئەوەی ئەمە خۆ خەریکردنێکی فیکری و فەلسەفی بێت، جۆرە ئەمەتێکی دیکەی ژیان بوو. بە رای من ژیان پێش فیکر و فەلسەفە دەکەوێت. دەسپێشخەرییە راستەقینەکان هەمیشە لە ژیانەوە یەخەیان گرتوون پاشان کتێبی و فیکر و خوێندنەوە رێنومایان کردووین و لە کتێب دا رەنگیان داوەتەوە.

هەروەها ئاووهەوای شاری ژنێڤ خۆی لە خۆی دا، بۆ ئەو تەمەنە، دەیان پرسیاری کلتووری لە لا دروست دەکرم، پاشان خوێندنەوە کتێبگەلێک کە ئەو کات نەدەگەیشتنە کوردستان، یارمەتییان دەدام کە خۆم کەشف کەم و راستی خۆم زیاتر بناسم. دوور بووم لە رەقیبی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، دوو لە سوڵتەی خێزان و حیزب، دوور بووم لە هەموو بارستاییەک کە دەبنە بارگرانی بەسەر نووسینی شیعرەوە. ئەمەش بەرای من یەکێک بوو لەو سەرمایە لەبنەهاتووانەی کە دەست کوردێک کەوتبێت!! ئێمە سەرەرای ئەوەی وەکو میللەت ئازاد نەبووین، وەکو تاکیش ئەو ئازادییەیان لێ زەوت کردبووین. من ئازادی فەردی خۆم چنگ کەوت و لە دایکبوومەوە. ئەمە رەنگە یەکێک بێت لەو هۆیانەی کە یەکەم شیعری دیوانی زەردک بە "لە دایکبوون "دەست پێدەکات.

هەر لەوە قۆناغەش دا، بە ئەدەبی "کلاسیکی" کوردیدا چوومەوە، نالی و مەحوی و حاجی و شاعیرانی دیم جارێکی دی و بە چاوێکی دیکەوە خوێندەوە و لە پاڵ ئەم خوێندنەوانە بۆدلێر و رامبۆم لە کەرکووک بە سەرپێی خوێندبووە و بە عەرەبی و فەرەنسی جارێکی دی لە شاری ژنێڤ خوێندمەوە و شاعیرانی لوبنان و هەندێ لە شاعیرانی مەغریب و لە سەرهەمووشییەوە، ئەمەتی ژیانی خۆم زۆر جیاواز بوو، تەنانەت بۆ پەناهەندە کورد و عێراقییەکانی ئەو شارە.

" لە نێوان ساڵانی 84 و 85 ، 86 ، 87 دەستم کرد بە نووسێکی زۆر جیاواز. دوای ئەوەی زۆربەی زۆری زۆر ئەو شیعرانەی کە دەینووسم، دەیاندڕێنم و تەنها 9 شیعری لێ گل دەدەمەوە کە شیعرەکان ساڵانی 86 و 87 بوون. من پێش ئەمەش، لە کەرکووک دیوانێکی خۆم خستبووە تەنوورەکەی دایکمەوە. زۆر زاڵم بووم لە گەڵ خۆم.

دوای گەلێ پرس و پرسیار ، سەرەتا ناوم لێنابوو "بەردەکانی قەڵا" پاشان گەیشتمە ئەوەی ناوی لێبنێم "زەردک" هێما بۆ "گوندە هەژارەکەی دونیا" و هێما بۆ لە دایکبوونی شیعر بە نیسبەت خۆمەوە و تەحدایەکیش بۆ دروستکردن و بنیاتنانەوە ئەو گوندە لە رێگای وشەوە، چونکە لە ساڵی 1985 لە لایەن رژێمی سەدامەوە وەکو سەدان گوندی دیکە روخێنرا بوو. ئەوەی لە شەست و سێ پێیان ئەکرا لە هەشتاو پێنج کردیان. بیست و دوو ساڵی درەنگتر. ئەمە لە سەر بەرنامەیەکی سایکلۆژی پیادەدەکرا، پاشان دەبێتە بەرنامەیەکی سیاسی.

## کەرکووک کرانەوەیەک بەرەو دونیا

کەرکووک بۆ من شار بوو...ئەو شارەی کە بە بێ ئارەزووی خۆمان، بە بێ ویستی خۆمان، بە بێ ئەوەی ژیانی شار و شارستانان ختووکەی ئەفسی باوکمی دابێت، لە بەیانییەکی پایزدا، تازە چووبووومە پۆلی دووەمی سەرەتایی، دوای ئەوەی باوکم لە حەپەسخانەی موسەیەب ئازاد دەکرێت و هەموو بوزگڕ و بوخچەکانمان لە نێو پیکابێک جێی دەبووەوە، هەندەی ئەبرد لە 'زەردک'ەوە ماڵمان بۆ کەرکووک گواسترایەوە.

"زەردک" وەکو جەمال رەشیدی مێژوونااس دەڵێت :"لە پاشماوەی وشەی زەردەشت-ەوەیە". ئەمە راست بێت یا نەء، ئیتر کەرکووک بە ئاسمانە نارنجییەکەی و گەرەکە جیاوازەکانی و لەهجە و زمانە جیاوازەکانی فەزایەکی فراوانترم بۆ دەرەخسێنی. بە بێ ئەوەی بمانەوێت، فێری سێ زمان دەبووین. ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان کوردی و تورکمانی و عەرەبی وەکو ئەو ئەکرۆپاتانەی لێهاتبوو، بە بێ ئەوەی بزانێت چ تۆپێک لە چ دەستێک دایە، یارییان پێ دەکات،

ئێمەش ئەوها لە کوردییەوە بۆ تورکمانی و لە تورکمانییەوە بۆ عەرەبی قسەمان دەکرد. لە راستیدا، کەرکووک لە چاو شارەکانی تری کوردستان، لە هەموو شارەکان شارتر بوو. ئەمجۆرە کۆسمۆپۆلیتییە و بوونی ئینگلیزەکان لە شارەکە، بوونی کێڵگە نەوتییەکان و بوونی هێڵی شەمەندەفەر و تێکچڕژانی رەگەز و زمانی جیاواز لە فەزایەکدا، ئەم حالەتانە وایکردبوو کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە تەماسدا بین لەگەڵ "ئەویتر"دا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، جۆرە دەوڵەمەندییەک بوو.
دوای بەیانی یانزەی ئازار کە ئەو کات تەمەنم سیانزە ساڵان بوو، هەستی بەکوردبوون زیاتر لە ناخی ئیمەی کوردی کەرکووک چەکەرەی دەکرد و من یەکەم کەس بووم لە پۆلەکەم لە سەر تەختە رەشەکە، بە کوردی، یەکەم وشە بۆ قوتابیان بنووسم. ئەم دۆزینەوەی زمانە، پۆلی یەکەمی سەرەتایی تیا بووژاندمەوە، کە لە گوندی گەڕەشێخان، کتێبە بە تاوبانگەکەی ئیبراهیم باڵدارم دەخوێندەوە. وێنەکان بە جۆرێک لە ناخمدا رۆچووبوون، هەستم دەکرد لە پشتەوەی کوردستان کوردستانێکی دیکە هەیە. ئەم خەونە تا ئێستاش لە گەڵمدایە. رەنگە ئەمەش هۆکار و هاندەرەکانی شیعرنووسینیش بێت لە لام.
قۆناغی دووەم ناسینی خوێندەوران و شاعیرانی شارەکە بوو. رەنگە هەموو کوردانی ئەو قۆناغە شەقامی جمهووریان بێتەوە یاد. جۆرە یانەیەک بوو بە بێ پسوولە، جۆرە کۆبوونەوەیەک بوو بە بێ بڕیار، جۆرە ئاشنابوونێک بوو بە بێ ئەوەی پێشوەخت بیرمان لێی کردبێتەوە. دوو هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم گردبوونەوەیە هەبوو. ئەدەب کە ئەو کات بە ویست و بە بێ ویست گرێدراوی سیاسەتی نەتەوایەتی و چینایەتی بوو. واتە هۆکاری ئەدەبی و سیاسی.
لەو نێوەندە نابێت ناوی ئەو کەسانە فەرامۆش کەین کە رۆڵیان لە گەشەسەندنی ئێمە دەبینی، بە بێ ئەوەی پەیوەندی بەتینمان لە گەڵیاندا هەبووبێت. چونکە بە تەمەن کەمێک لە ئێمە گەورەتر بوون، وەکو جیهاد دڵپاک، عەلی کەریم و مەهدی ئومێد، پاشان ئەم سێ ئەکتەرە دەچنە شارەکانی سلێمانی و هەولێر. هەروەها عەبدوڵا سەراج و جەلیل زەنگەنە و فەهمی کاکەیی و حەمە موکری و مەدحەت کاکەیی تازە لە ئیسپانیا گەڕابووە و سلایدەکانی پێ نیشان دەداین و رەسمی ئەو قاپەی کردبوو کە لە مەدرید نانی تیاخواردبوو، زۆر سەرنجی رادەکێشاین.
بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ هاوتەوەکەی خۆم بکەم کە بە راستی هەستمان دەکرد یەک جەستەین و خەون بە یەکشتەوە دەبینین و ئەم گردبوونەوانە هێزی دەداینێ. لە نێو ئەم هاوڕێیانە، هەڵبەتە دوو برا رۆحسووکەکەی شۆڕیجە ئازاد و ئەوزاد ئەسوەد،

کەریم پەرەنگ کە شیعری دەنووسی ونیستا لە نەمسا خۆی بۆ تەرجەمە تەرخانکردووە، موستەفا گەرمیانی کە دوای گەڕانەوەی بۆ کەرکووک، دوای ئازادکردنی لە دەستی حەیدەکانی رژێم، لە شارەکەی شەهید بوو، هەروەها سەباح کەریم کە ئەبوولنوورمان پێ دەوت، لە بواری ئەدەبییاتی کۆمەڵە زۆر وریا بوو هەروەها حوسێن سیوەدین کە ئێستا لە بواری سینەما کار دەکات، هەروەها سەباحی شەریف باسی شۆڕشی دەکرد و هەستمان دەکرد نهێنی دونیا لە لای ئەوە.. یا فەخرەدین محێدین (ئەدیب نادر) گەنجێکی وریا بوو تا ئێستاش لە بواری نووسین وتەرجەمە هەر چالاکە، یا فایق سەعید کە ئێستا خۆی بۆ بواری پەروەردە خەریک دەکات، چالاکانە خەون بەوەوە دەبینێ کوردستان لەم بوحرانە پەروەوردەییە رزگار کات. دوو هاوڕێی دیکە کە خەڵکی رەحیمائاوا بوون : ئەحمەد عارف و عەبدوڵا دارتاش. دوای لێبوردن لە هاوڕێی و برادەرانی دیکە دەکەم کە ئێستا ناویانم نایەتەوە یاد.

من لەو ماوەیەدا دەستم بە نووسینی شیعر کردبوو و هەروەها لە بواری سیاسیشدا، لە هێڵی نهێنی لەگەڵ بەشێک لەو برادەرانە چالاک بووین. چالاکییەکانی ئێمە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و هەستکردن بە کوردبوونی خۆمان و بەرگریکردن لەو هەڵمەتانەی کە رژێم دەمێک بوو بەرپای کردبوو.

ئەو قۆناغە بە نیسبەت منەوە، لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەست پێدەکات تا سەرهەڵدانی جەنگی ئێران و عێراق، چونکە پێش ئەو قۆناغە، قۆناغی منداڵی، وەکو هەموو منداڵانی دیکەی ئەو سەردەمە یارییەکانی گەڕەک و چوونە سینەما بە دزییەوە و کەشفکردنی فلیمی هیندی و کابۆیەکانی رۆژئاوای ئەمەریکی و مۆسیقای تویست و فلیمفلیمێن و شەڕەشەق و راکردن بە دوای کوتری هەڵاتوو و هتد. واتە شەش ساڵ، بەڵام ئێستا کاتێک ئاوڕ لەو ساڵانە دەدەمەوە هەست دەکەم زۆر لەوە درێژتر و زیاتر بووە. ئەمەش دەوڵەمەندیی ئەو ئەزموونە روون دەکاتەوە.

ئەو سەردەمە ماغووتمان دەخوێندەوە، سەیاب و بەیاتی و سەعدی یوسف هەمیشە لەسەر زار بوون. بۆ یەکەمجار ژیانی رامبۆ و بۆدلێرم لە کتێبێکی عەرەبی خوێندەوە کە لە دوو بەرگ پێکەتابوو و زۆر سەرنجیان راکێشام...دوای چەند ساڵێک، دوای ئەوەی فێری فەرەنسی بووم هەردووکیانم تەرجەمەی کوردی کرد.

شاعیرە کوردەکانیش، من زیاتر لەتیف هەڵمەتم دەخوێندەوە، حەزم لە بوێری و ئەو غینائییەتە دەکرد کە هەموومانی تا رادەیەک راکێشابووە ژێر کەزیی ئەو کچەی کە خۆشیدەویست. ئەمەش گرینگ بوو بۆ ئێمە...گۆڤاری وەکو بەیان و

ڕۆشنبیریی نوێ و پاشکۆی عێراق و ئەم بڵاوکراوانە سەرەرای رووە سلبییەکەی، هانی دەداین و لە ڕێگەی ئەوانی دیکەوە، ئەدەبی جیهانیمان دەخوێندەوە. (دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، ئەدەب لەو سەدەمەدا، لە فەزایەکی زۆر تەسکدا دەخوێندرایەوە).

لەگەڵ ئەو باردۆخە زۆر دژوارەدا وردە وردە گەورە دەبووین لە ناکاو جەنگێکی بێ مانا و کوشندە لە نێوان عێراق و ئێران هەڵیکرد. من زوو هەستم بەوە دەکرد کە ئەم جەنگە زۆر دەخایەنێت. بۆ ئەوەی خۆم کۆبکەمەوە بۆ سەفەری یەکجارەکی، بە باشم زانی یەک دوو مانگ سەربازی بکەم بۆ ئەوەی ئەزموونی ئەم بێ مانابییەش بکەم. چوومە ژێر خێوەتی سەربازانەوە، ڕۆژێکیان، .هەر بۆ رابواردن سڵاوم لە نایب زابووتەکەم نەکرد، جوێنێکی مزری پێدام و یەکەم ڕۆژیش بە دزییەوە چوینە ناو شارەوە و ئۆردوگامان جێهێشت. ئەو یەک دوو مانگە ناوەڕۆکی ڕژێمی عەسکەرتاریام کەشف کرد کە ڕەنگە دەیان کتێب نەتوانێت یەک ڕۆژت بە تەواوی پێ بناسێنێت.

کەرکووکم لە سەرەتای هەشتا و یەک جێهێشت. چەند جارێک گەڕامەوە بەڵام کەرکووکەکەی خۆمم نەدۆزییەوە. کەرکووکە حەمیمییەکەی من لە گەڵ جەنگدا ئاوابوو.

شتی زۆرم لەمەڕ لە دایکبوونی "زەردک"ەوە نووسیوە، ئەوەندەی دیکەش شت بنووسم ناگەنە ئەو ئامانجەی کە من مەبەستمە. بە واتایەکی دی، دەکرێت شتێکم وتبێت و لێرە شتێکی دیکە بڵێم تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوە بێت کە کاتی خۆی نووسیومە. بۆ شیعر دەنووسم و بۆچی ناوی "زەردک"م لەو کۆشیعرە نا؟ بە مەرجێک کاتێک کە لە کەرکووک دەژیام، هەندە حەنین و نوستالژیام بۆ ئەو گوندە نەبوو. بۆچی دوای چەندین ساڵ، لە کێشوەرێکی دیکە، لە شارەکەی ژان ژاک ڕۆسۆ، یادەوەرییەکان بە جۆرێک شاڵاوم بۆ دەهێنن کە نغرۆم دەکەنە نێو چەندین وێنەی شیعریی کە هەوڵێک بوو بۆ شکاندنی سەرجەم ئەو تەوقانەی کە شیعری کوردی پێ کۆت دەکرا. هەر لە شیعریی سیاسی هەڵویستخوازەوە بۆ ڕۆمانسییەتێک کە گەیشتن بە یار تاقە ئامانجێتی، ناشبێت سەرجەم ئەو زمانە شیعرییەی حەفتاکانمان لە یاد چێت کە لە نێوان زمانێکی قووپاو و ڕەمزییەتێکی وا کە تەنها بە جێگۆڕکێی وشەکان کۆتایی دەهات، مەیسەر دەبوو.

بوژانەوەی ئەو وێنەگەلە لە قووڵایی ویژدانمەوە سەریان هەڵدەدا، واتە دوای ئەوەی پرسیارێکی وجوودی و دەروونیم لە خۆکرد:" من کێم و چی دەکەم لەم شارە""؟ بە راستی ئاووهەوایی کەلتووری و زمانەوانی و کەشی گشتی شاری

ژنێڤ، بۆ منێکی بێ ئەزموون و راکردووی کۆمەڵگایەکی سوونەتی کە تیایا وەکو کەمینەش حسێبی بۆ نەکراوە، هەراسانی دەکردم ؛ چۆن دەتوانم لەم ژینگە نوێیە بژیم. چۆن لە پاڵ کۆمەڵگەیەک هەڵکەم کە کۆنترین کۆماریان هەیە و رۆڵی ژان کەلڤان بە ئاشکرا و تا ئێستاش بەسەر ژیانی خەڵکەکەیەوە دیارە؟ هەروەها سەرجەم کۆدە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن.
رەنگە "زەردک" لە رووی دەروونییەوە سەیری بکرێت، بە پاشەکشەیەک سەیر دەکرێت و گەڕانەوەیەک بێت بۆ زێد، نەک بۆ نیشتمان، چونکە جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان زێد و نیشتیماندا هەیە. یەکەمیان جێی لە دایکبوونە، گەڕانەوە بۆ رەحمی دایک بە هەردوو ماناکەی، نیشتیمانیش مانایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی هەیە زیاتر. بەڵام تەنها لە تووڵەرێیەشەوە ناکرێت ئەم دەقانە بخوێنرێتەوە، چونکە لە پشتی ئەو دەقانە هەوڵێکی جیددیی هەیە بۆ دروستکردنەوەی وێنەی شیعریی. تێکەڵییەکە لە وێنەی سوریالی و ئایەتی قورئانی و ئاماژە بۆ تێکستە کلاسیکییە کوردییەکان و راکردنێکە لە دەست زمانی حازربەدەست و دەکرێت بەمجۆرە وەسف بکرێت : ئەم دەقانە " ئەگێرسانەوەیەکن". ئەم دەقانە وەکو سروش، لە دوای تایەکەوە لە دایکبوونە، ئاماژە تیشکیەخشیان لێوە دەردەچێت.
هەروەها بە جۆرە تەحددییەکیش دەژمێردرێت. چونکە لە ساڵی 1985 رژێمی سەددام سەرجەم گوندەکانی دەوروبەریش شاری کەرکووکی خاپوورکردبوو، ئەم ناولێنانە، هەوڵی زیندووراگرتنی ناوی ئەو گوندەیە. ئیمڕۆ هەر کەسێکی لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر یا بە پێچەوانەوە، بە ئۆتۆمبێل سەفەر بکات، ئەو ڤیتعەیە دەبینێت کە ئاماژە بۆ گوندی زەردک دەکات.

## گەڕانەوە بۆ ماڵی یەکەم..

## گەڕانەوە بۆ ئەودیو نۆستاڵژیا

## ئاوڕدانەوەیەک لە ئەزموونی شیعر

## و ساڵەکانی ئێرە و ئەوێ



ئەدیب نادر

بەر لەم ژیانەیش ژیاوم

جارەهای جار تەماشای خاسەم کردووە و

بەدوای ڕوخسارە کۆنەکەی خۆم گەڕاوم

بەر لەم ژیانەیش ژیاوم

جارەهای جار لەو بەشە باستانییەی ڕۆح

کەرکووک ئاوێنەیەک بووە و

من وەک نارسیس تێیراماوم!...

بێگومان، ڕێکخستنی ئەزموون و داڕشتنی بە شێوەیەکی هونەرییانە، پێویستە بە مەبەستەوە ئەنجام بدرێت و کارێکی گرنگ و بایەخدار دەرببڕێت کە تێڕامانی قووڵبڕ و دنیای تازە دادەهێنێت و تەرزێکی نوێی بوونیش دەخوڵقێنێت کە ئە ئەو دنیا واقیعییەیە کە بە درێژایی ساڵەکان تێبینیمان کردووە ونەیش ئەو بوونە میکانیکییەیە کە بە مردنێک قەرزارباری کردووین.زۆرجار مرۆڤ وادەزانێت ئەو شتەی کە ونی کردووە دووبارە دەستەبەر کردنەوەی لە ڕێگای نووسینەوە تارادەیەک ئاسانە، بەڵام..کە تێهەڵدەچێت ئەزموونی مەرگێکی دژوار یەخەی دەگرێت، دەبێتە دایکی منداڵێک کە دنیایەکی جیاوازە و سەرشەقانە بە وشە دەیهێنێتە بوون. بێگومان ڕابردوو بە شێوەی خولیا بێت، یان ماخۆلان پێوە گرتن، دزە دەکاتە نێو پڕۆژەی نووسینەوە و دەرەنجام پێداگرییەکی تراژیدییانەی دەبێت و دەبێتە مایەی شپرزەیی خۆی و تەنگەتاوکەری بەرنامە دواڕۆژییەکانی، بۆیە پێویستە بە خوڵقاندنەوەی ئەو ڕابردووە خۆی لەخلتەکان ودەسەڵاتەکانی ئەوسەردەمە داماڵێت کەدواجار بەم پڕۆسەیە چارەسەرێک دێنێتەکایەوە کەڵکەڵە بەردەوامەکەی پێ کاڵدەبێتەوە و نیدی بواری ئەوەی دەدات لە پانتاییەکانی داهاتوودا ئەو ڕابردووە هێندە بە هەژموون نەبێت و خۆی چڵەوی شتەکان بگرێت، لێرەیشدا من دەمەوێت ئەو ڕابردووە بخولقێنمەوە کە نەخشەی ژیانی کێشاوم، دەمەوێت نەخشەی ژیانی ئەو دەمەی خۆم بئافرێنمەوە کە لە نێو خوڵگە و ئەزموونی شیعر و ئەدەب، نووسین و خوێندنەوە، ڕووداوەکانی ئەوسا و ئەو هاوڕێیانەی کە مانایان بەو بوونە بەخشی و بەردەوامیشن لەوەی گرنگ خۆیان پێشکەش بە خەیاڵگە و یادم بکەن کە هەرخۆیان زیندووتر لە هەموو ڕۆحلەبەرێک

پارێزگارییان لێکردووە، سەرەنجام زاتی ئەوە دەکەم بڵێم لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەم ئەزموونە خاکییەم دەتوانم خاوەنی سەردەمی خۆم بم، چونکە لەو باوەڕەدام ئەوەی خاوەنی ئەزموونی خۆی نەبێت، هەرگیز خاوەنی سەردەمی خۆیشی نییە.

یادەوەری..نازانم کێیە کە ناڵێت یادەوەری ئیشتیاکراوترین شتە لە ژیانی مرۆڤدا؟ یادەوەری...دەی با هەندێک لە چرکەساتە دانسقە و جوانەکانی ژیان بەم پرسیارە بە وەڵام ئاووسە بدرەوشێنمەوە: داخۆ ئەگەر بنیادەم یادەوەری نەبوایە دەیتوانی شتێک دابهێنێت و ناوی نووسینی لێ بنێت؟ یان ئەگەر مرۆڤ بێ یادەوەری بوایە نووسین چ مانایەکی دەبوو؟ یادەوەری نەبوایە زەمەن دەیتوانی ڕەهەندەکانی خۆی دەستەبەر بکات؟ ئایا ڕابردوو دەبوو بە چەمکێکی هێندە زیندوو لە تانوپۆی ژیان خۆیدا؟ داخۆ ئەزموون لە ژیانی مرۆڤی بێ یادەوەریدا چ جۆرە بوونێکی دەبوو؟ یان خودی مرۆڤ بێ یادەوەری چ جۆرە بوونەوەرێک دەبوو؟ لێرەوە دەکرێ بڵێین نووسین سەبارەت بە هەر ئەزموونێک ئاوڕدانەوەیە لە سەرلەبەر و کۆی باکگراوەندی زیندەگی نووسەرەکەی، ئاوڕدانەوەیە لە تەواوی ڕابردوو، ئاوڕدانەوەیە لە مێژوو، جا ئەو مێژووە مرۆڤ خۆی وەدی هێنابێت، یان بارودۆخ و ژینگە و ڕەوشێکی سیاسی تایبەتمەند و واقیعێکی دیاریکراو دروستیان کردبێت. دیارە نووسەر هەر شتێک دەربارەی خۆی بنووسێت ئەوا دەربارەی ئەو باکگراوەند و پاشخانەیش نووسیوویەتی، واتە ئەگەر لە ئەزموونێدا باسی شار بکات ئەوە ئیستەرەم باسی خۆی کردووە، ئەگەریش باسی خۆی کرد ئەوا باسی ئەوی کردووە کە بێگومان شاری سەرزێدێتی، کە لە هەموو شارەکانی تری دنیا پێوەی پەیوەست ترە. جا کە من بڕیاری ئەوەم دا ئەم ئەزموونە بەرجەستە بکەم، بیرم لە کەرکووک کردەوە، هەرگیز پێشتر وەکو ئافرەتێک نەمبینیبوو، نەمدەزانی تەواوی خەسڵەتە مێیینە جوانەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بۆیە ڕەنگبێ وڵاتە و وڵات بەدوای شارێکی لەو بابەتەدا گەڕابێتم، بەڵام...مرۆ هەمیشە کە دووردەکەوێتەوە ئینجا ئاوڕدانەوەکانی مانا دەستەبەر دەکەن. کە ئاوڕم دایەوە، ئەوسا شتێکی گرنگم بۆ دەرکەوت، لە ڕاستییدا من ئەوسا درکم بەوە کرد کە بۆ کۆپییەکان ئۆریگینالم بەجێهێشتووە! ئیدی لە ڕێگای ئامادەکردنی یادەوە کەوتمە گردکردنەوەی یادەوەرییەکان، کە بەبێ هیچ گومانێک، لێرەدا دەبنە ئاوێنەیەکی ڕاستگۆ و دەقاودەق یادەوەرییەکانی شاری تێدا دەردەکەوێت، ئەو، من..من، ئەو..لە کۆتاییدا هەمیشە جێگۆڕکێمان کردووە و هەتا هەتایشە هەر ئەو کارە ئەنجام دەدەین. ئیتر ئا بەم پێیە بیرکردنەوە لە نووسین، بیرکردنەوەیە لە ڕابردوو،

ڕابردووی کات و شوێن، بیرکردنەوەیە لە خودی ژیان، کە سەرەنجام دەبێتە کاراکتەری ڕاستەقینە و ئاوازەی داهێنانەکان کە بۆ ماسییەکانی خوێندنەوە دەبنە ئاو و بۆ هەناسە دەبنە هەوا و بۆ تێرامانەکانیش دەبنە ئاسۆیەکی پانۆرامیی و منیش ڕێک لەوێوە دەمەوێ بێمە دەرەوە، لەو شوێنەی کە بەرجەستەیە و وەدی هاتووە..کەواتە ئەزموون پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە یادەوەرییەوە هەیە، یادەوەریش بیناسازی ماڵی نۆستالژیایە و تەنها ئەو کەسە دەستە بەری دەکات کە پەیوەندییەکی ئاشقانەی لەگەڵ شوێنی هاتنە دنیا و ئەو کەسانەدا هەبووە و بەردەوامە کە مانا بەو ئەزموونە دەبەخشن. ڕاستە مرۆڤ هەمیشە خۆی دەیەوێت نووسەری سەرنوێشتی خۆی بێت، بەڵام لە ڕاستییدا چەندێک لە مرۆڤەکان توانیوویانە ببنە نووسەر و داهێنەری قەدەری خۆیان؟ بێگومان بێچەند و چۆن شتێک دەبێتە مایەی ئەوەی کە چارەنووسی کەسێک گۆڕانکاری بە خۆوە ببینێت. حەتمەن ئەو شتەی کە قەدەری منی گۆڕی: جۆرێک بوو لە یاخیبوون، لە خۆم، لە ئەوی دی، لە شار، لە ئاسمان، لە کۆتری بێ گمەی سەر منارەکان، یاخیبوونێک کە خۆی تەنها لە گەڕاندا دەبینییەوە و ئامانجیشی سەقامگیر بوون بوو لە دۆزینەوەیەکی بەهاداردا. ئیتر ڕۆیشتن بوو بە ئاواڵم، ڕۆیشتم بۆ ئەو شوێنەی کە ڕۆحی یاخییەکان فریوو دەدات، ئەو شوێنەی کە تەسەووری ئەوە دەکەیت تاقە جێگایەک بێت بتوانێت ڕۆح لە ونبوونەکانی خۆی ڕەها بکات. ئیدی تاکە شتێک کە کۆڵە پشتەکەمی لێوانلێو کرد شیعر بوو، شیعر بەرهەمی گەڕانی پاش یاخیبوون بوو، کە هەوڵی دەدا ببێتە زەوییەک، زەوییەکی دانسقە وتۆوەکانی ڕۆحم یەک یەک لە ناخی خۆیدا بچێنێت، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێک ڕوویدا ئەوا لەودیوەوە ڕۆحم بکەوێتە سەرەتاتکێ، ئیتر ئەو شتەی کە لە ناوەوەمدا ڕوویدا جگە لە درککردن بەوەی کە شیعر دەتوانێ ڕۆحم لە یاخیبوونێکی نەگەتیڤ خاڵی و ئازاد بکات شتێکی دی نەبوو. دیارە پاش ئاشنا بوونیش بە دنیای سیحراویی شیعر، ئیدی هەمیشە هەستم بەوە دەکرد ئەو دنیایە لە شوێنێکی تردایە، هەمیشە خۆمم بۆ گەڕان بەدوای ئەو شوێنەدا تەیار دەکرد، گەڕان بە دنیایەکدا کە پێمان نامۆ نییە و تێیداین، شتێکی پەیگیرە، دەستاوێژێکی دیکەیە بۆ خۆ پەروەردەکردن و کەڵەکە کردنی زانیاری لەبارەی ئەدەبەوە، دیارە ئەدەب لە توێی بوونە مەعنەوییەکەی خۆیدا هەمیشە کەشف و ستایشی ئەو جوانییانەی ژیان دەکات کە خودانی بەهان و هاوکات دزێوییەکانیشی ڕیسوا دەکات. بەڵام مەرجیش نییە ئەدەب هەمیشە جوانییەکان مانیفێست بکات، بەڵکو زۆرجار جوانیی لەوێوە مانیفێست دەبێت کە ئەدەب لە ڕێگای دزێوییەکانمانەوە هەقیقەت بخاتەڕوو، ئێمەیش لە ڕێگای ئەو

هەقیقەتەوە باشتر لە خۆمان ڕامێنین وکۆششی ئەوە بکەین لەناو ناشرینییە زۆرەکانــدا جوانییە ناچیزەکان پەروەردە بکەین و جوانیی تریشیان لەگەڵدا بخەملێنین. بەڕاستیی ئێستا کە ئاوڕدەدەمەوە، ئەوەی سیگنیفای ژیانم دەکات و بەرجەستەی دەکات ڕاکردنە، بێگومان ڕاکردن لە دنیایەکی کۆن و تەقلیدی و گەڕان بۆ دنیایەکی جیاواز کە ئەویش بێچەند و چۆن شیعر فەراهەمی دەکرد و هەموو ناحەزیی و سەروسەدا و هەراوهوریاکەی دەرەوەی لە ناوەوەدا دەچەپاند. دیارە من بەر لە شیعر زۆر تەنیا بووم، لە زەمانە پڕ مەینەتی و کلۆڵییەکاندا بەڕاستیی تراژیدیایە مرۆڤ تەنیا بێت و گۆرانی گوتنیش نەزانێت ئەگەر وتەکەی ڕامبۆ ئاوەژوو بکەینەوە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە بەدوای ئەڵتەرنەتیڤدا دەگەڕام، بەدوای شتێکدا دەگەڕام کە لەم دنیا عاجباتی و سەیرونەستەمە"مرۆڤانە ئاوزەدکراوە !"دەرمبێنێ و ئەو تەنیاییە بڕەوێنێتەوە کە هەمیشە مەسەلەیەکی ئۆنتۆلۆژییە و هەڕەشە لە بوونم دەکات. بێگومان تەنیایی ئەو سەردەمەی هەرزەکاریم گەلێک لەوە هەستەوەرتر بوو کە هەنووکە وێنەکەی بەرجەستە دەکەم، چونکە بە سەلیقەیەکی باڵاوە شیعری هەڵبژارد تا گەمارۆ کلتووریی وکۆمەڵایەتییەکانی خۆی پێ بشکێنێت. شیعریش هەمیشە تەنیاییەکان خاپوور دەکات و ناهێڵێت لە دنیاکەی خۆیدا بوونیان هەبێت. بۆیە قەت جارێکی تر تەنیا نابم. بێگومان ئێستا کە بیر لەوە دەکەمەوە گەشتێک بە کووچە و کۆڵانە بێدواییە لە تیشک نوقمەکانی منداڵیی خۆمدا بکەم، هەست بەوە دەکەم لەبەر سێقدەری ماڵی نۆستالژیایەکی هێشتایش هەر جحێڵدام، ئەو ماڵە پێرفێکتەی لە هەموو کەرەسەکانی یادەوەری بەرخورداره، وەکو ئەفسانەیەکی سەیر و بێهاوتا، وەکو هێزی کێش کردنێکی سەرسووڕهێنەر سەرنجە باڵاکانم ڕادەکێشێ و دەمباتە ژوورەوە، منیش بە چاوی هونەرمەندێکی تەڕدەست و کارامە سەیری شتەکانی دەکەم، بابەتییانە دەنۆڕمە ئەو جیهانە بچکۆلەیەی مەودام لەگەڵیدا وەرگرتووە، ئیتر یاقووتی بەها جوانە کۆنەکان دەدۆزمەوە، هەڵبەتا من ونم نەکردووە، بەڵکو دنیای ئێستا ونی کردووە، بۆیە دنیای ئێستا بێبەرییە لەو خەناوکە بێچوونەی کە هەمیشە دەیکات بە شۆڕەژنێکی ئەوتۆ کە بۆ ساتەوەختێکیش چییە ئەفسوونەکەی لە بیری شاعیر نەچێتەوە. ئەو ماڵە هەرگیز هەستی بێوەرێتیم پێنابەخشێت..دەمخاتەوە ئامێزی دونیایەک کە لە چاوی منداڵییمدا مەزنترین دونیا بوو، بێگەردترین و ڕۆشنترین و نایابترین فەزای هەبوو، پەپوولە بەوەفاکانی زوبان دەسووتان هەتا ڕۆشنتری بکەنەوە. ئەگەرچیش ئێستاکە گەلێک دوورکەوتووەتەوە، بەڵام هەمیشە لە ژێر هەژمموونی یادەوەریمدایە وکتێبخانەیەکی

سیحرئامێزی جادووگەرە..هەموو دەمێک یادەوەریم دەتوانێ دەستەبەری بکات، یەک یەک لە ڕیز و خانەکانی خۆیان کتێبەکان دەربهێنێ و پەنجە بە لاپەڕە بێکۆتاییەکانیاندا بهێنێت، ئەو لاپەڕانەی یاد، کە هەمیشە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کۆتاییان هەبێت و سنووردار بن...بێگومان هەڵدانەوەی ئەو ڕووپەڕە زۆر و زەوەندانە لە ئەندێشەدا دەبن بە وێنە ئەمرەکانی تێپەڕیوو، ئەو وێنانەی پەیدەرپەی ڕۆح دەکەن بەئاسمانی زستان ودیدە بە مەوداکانی دۆزەخ دەبەخشن. ئەوسالآنە کە تاکو ئێستاکەیش درێژبوونەتەوە، وەکو گوێچکە شەیتانۆکەیەک وابووم، ئیشتیمان و ماڵەکەمم بە کۆڵەوە بوون. هەموو شتێک پەرت بوو، ڕۆحم وێلڕ و بێنەوا بوو، دەمویست داڵدەیەکی تۆکمە و مەحکەمی بۆ بدۆزمەوە، هەموو شتێکی تر بەدوای ئەقڵدا عەودالڕ بوو، تەنها شیعر نەبێت، کە هەمیشە پێویستییەکی زیاتری بە ڕۆح هەبوو تا لەدایک بێت..ئیتر بوو بە پەناگا بۆ ڕۆحێک کە هەردەم لە مەراق و خەمی ئەوەدابوو سێبەرە پەرشوبڵاوەکانی خۆی کۆبکاتەوە، چونکە دەیزانی کە تەنها و تەنها بە یەکخراوی و یەکپارچەیی کاریگەریی و بوونی ڕاستەقینە دەستەبەر دەکات. ئیتر ئاوا بوو کە ماڵی شیعر بووە جێنیشتگام. ئەو قەرەبووی هەموو شتێکی بۆ دەکردم، لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی لە خۆیدا کۆکردبووەوە، خۆشەویستییەکی سەمەرە و نامۆ، ناپابەند بە کات و بەدەر لە شەرتبەندیی لە میانماندا پەیدا بوو، چۆن چۆنی پەییم پێبرد؟ کاتێک کە هەستم کرد تەماهییەک لە نێوانماندا هەیە، ئەوسا زانیم و خاترجەم بووم. زۆرجار لەودا بەدوای خۆمدا دەگەڕام، یاخود لەودا خۆم دەدۆزییەوە. کە ئاشقی ئەو بووم بە ناڕاستەوخۆ ئاشقی ئەو مرۆڤە بووم کە لەناو ئەودا بۆی دەگەڕام..ئەو دنیایەی کە من تێیدا بووم بچووکتر بوو لەوەی کە شیعر بتوانێت هەناسەی تێدا بدات و خەفە نەبێت..دنیای شیعر پێویستیی بەوە بوو ڕەهاییەکی پتری تێدا بێت..بەڵام تێپەڕاندنی بارودۆخ سانا نەبوو، چونکە ئەغڵەب سنوورەکانی ئیرادەی دەبوارد. ئەو بارودۆخەیش کە تێیدا هەڵمدەکرد بەوە ئیرادەی زەوت دەکردم کە کردبووومی بە شەیتانۆکەیەکی بێ داڵدە و نەوا..هەڵی ئەوەیشی پێدەبەخشیم لە داڵدەیەک بگەڕێم ئەو دنیایە بێت کە بچووکیی من و گەورەیی شیعر بگرێتە خۆی. لە ژێر سایەی گرژ و مۆنی ئاسمانێکدا، ئاسمانێکی عەبووس و ڕۆحزلی ئەو سەردەمە پڕاوپڕ لە ماژەرایەدا بووم بە میوانی خانەخوێیەک نەک هەر ماڵەکەی خۆی، بەڵکو دنیا و کەونیشی بە موڵکی خۆی دەزانی و هەوڵی ئەوەی دەدا هەموو شتێک بۆ خۆی قۆرخبکات..کەس هاوبەشی ئەو دنیایەی ئەو نەبێت و کەسیش تێیدا خودانی دەنگ نەبێت..بەڵێ ئەو خانەخوێ دیکتاتۆرە بارودۆخێکی وای خوڵقاند پەرتەوازەی

شوێنەکانی تری کردین، زۆربەی ئەوەکەی ئێمەی سەراسیمە وپەراکەندەی ڕێگایەکی دژوار کرد و لە هەموو شتێکی جوان دابڕین، تەنانەت وای لێکردین باوەڕ بە درۆ و دەلەسەیش بکەین، وەلێ ئەوەی کە نەیپەرژا بیکات یەک شت بوو، نەیتوانی گەڕانەوەمان لە ڕێی یادەوەرییەوە لێ قەدەغە بکات، نەیتوانی لە یادەوەری دامانبماڵێت، بەوەیش نەیتوانی لە مرۆڤایەتی دامان بماڵێت، چونکە مرۆڤ پەر لە هەموو شتێک یادەوەرییە. کەرکووکیش هەرگیز بەجێندەما و بوو بەو یۆتۆپیایەی یادی کرد بە جێسەقامی خۆی..ئەو یادەی کە لە دروستکردن و وێنە بەخشین بە ڕابردوو هەمیشە ماندوونەناسە و هەمیشەیش بە کۆششی سەرەکیی خۆی دەزانێت بمانگێڕێتەوە باوەشی گەرموگوڕی نۆستالژیا..چرکەساتێک ئاوڕدەدەمەوە، چرکەساتێک بۆ یادەوەری کاتێکی بێدوایی و دووروودرێژە، مەودایەکی پانوپۆڕ لەسەر جوگرافیای ژیاندا بەرزەفت دەکات. ئاوڕدەدەمەوە، لەپڕێکا یادەوەرییەکی زۆر و زەبەند پەلاماری حاڵەتی نامۆیی و غەریبیم دەدەن..دەتوانم ڕێک وەکو شەهرەزاد سەربهووردییەکانی خۆم بەسەر سەدەها شەو دابەش بکەم و هێشتایش لەبن نەیەن، بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەم کە زیندەگیم شەوێکە و ئەمەیش خولاسەی حەکایەتی ئەو شەوە دانسقەیەیە کە بە دەمامکی سەرجەم شەوەکان دەمامکدارە. بەر لە چوونە ناو بابەتەکەشەوە، با بە ڕاشکاویی دان بە شتێکی گرنگدا بنێم، وێدەچێت دەستپێک نووسینم بە شتێکی دژوار و زۆر جیددی وەرنەگرتبێت. ناتوانم زیادەڕەویی ئەوەیش بکەم کە پێچەوانەی ئەمە بیرم لێکردۆتەوە. بەڵام بێگومان بەربڵاوبوون و قووڵبوونی ئەزموون بە هێواشیی ئەو کردەی پێچەوانەیەیان لەسەر ڕێگای نووسیندا سڕییەوە، بۆ یەکجاریی سڕییانەوە، ئەگینا نووسین سەرەتا هاوئاهەنگ نەبوو لەگەڵ دڵەڕاوکێ و زیاد لە پێویست هەستیار بوون و پێوانە کردنی دژوار و ئەستەمی وشە و ڕستە و کۆپلە و ئینجا شیعر و...تاد. لە ڕاستییدا شتێکی ئەوتۆم دەربارەی پێودانگەکانی نووسین نەدەزانی، نەمدەپرسی، لەبەر ئەوەی پرسیار کردن لە جەستەی ئەم کلتوورەدا شتێکی نامۆیە، تەنانەت لە خۆیشم نەدەپرسی بۆچی یاخود بۆ کێ دەنووسم، یان بنووسم؟ سەرەتا بە ساکاریی دەمویست ببم بە خوێنەرێکی بە ئینساف و چاودێری ئەو خودە بکەم کە زۆر گرنکە ناوەڕۆکی دەق لێوانلێو بکات. لە تانوپۆی زەمەنێکی جوانتر و جیاوازتر لەوەی کە ئەوسا هەبوو، سەرنجم بۆ لای نووسینە بە تەوازۆ و شەرمنەکان بە کێش بکەم، کە حەتمەن زۆر کەم نەبوون، یاخود بیریان لێبکەمەوە و بڵێم نووسەرەکانیان دوورەپەرێز و بێدەنگ و قورس و سەنگین هەڵیانکرد، زیاتر لە ناواخنی دەقەکانیان وردببمەوە،

سەرسامییەک لە دڵمدا وەکو چرا داگیرسێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان توانای ئەوەم هەبێت بە نێوەندە ئەدەبییەکە بڵێم: لە ڕووبەری بەرهەمەکانیاندا لانیکەم دەنگێکی ڕەسەن و جیاوازیان تەقاندۆتەوە کە بەبێ سێودوو هەتاهەتایە زایەڵەی دەبێت. بۆیە بۆ ئەوەی ئەو ئاواتە بەدی بهێنم سەرومڕ دەمخوێندەوە، دەمخوێندەوە هەتاکو کارلێکێکی ئەوتۆ لە نێوانی هزر و هۆش و بابەتەکاندا بێتەئاراوە نۆرمان هۆلاند وتەنی گۆڕانکاری بخەملێنێت، ئیتر درک بەوە بکەم کە کتێب لە مرۆڤ بەخشش تر و سەخییترە، لەبەر ئەوە هەتا توانیم لەو نزیکتر کەوتمەوە، چونکە دەمزانی لە پاشملە قسەم پێناڵێت و بوختانم بۆ هەڵنابەستێ، درۆیشم بۆ ڕێکناخات، ئیتر تا لەوەوە نزیکتر بم، تا پەیوەندیم بەوەوە پتەوتر و قایمتر بێت ئەو دووریەم هەڵبژارد و ئیدی ئاوەها بوو کە هەستم کرد بە شتێکی سەیر ئاووسم، هەستم کرد لە سەرەتای ئاووسییەکەمدام و بێزوو بە وەدی هێنانی دەکەم، هەناوم ڕیشەکێش دەکات، ئاوێتەی دەبم، لەگەڵیدا کارلێک دەکەم، لە هەموو شتێک دادەبڕێم تەنها لەو دنیایە نەبێت کە هەوڵ و تەقەللای دروستکردنی دەدەم، هەوڵی لکاندنی پارچە لێک ترازاوەکانی دەدەم وەکو ئەوەی منداڵێک بم و دنیاکەیش پەزلێک بێت و سەرقاڵم بکات. خولاسە خۆم لە نێو بۆتەی زماندا دۆزییەوە، خۆم لە نێو نووسیندا دۆزییەوە، مەفتوونیان بووم بەبێئەوەی بە شێوەیەکی بابەتییانە پەیم پێیان بردبێت. ئیدی منیش بێ جیاوازی وەکو سەرجەم منداڵانی گەڕەکەکەمان، لە ژوورێکی هاکەزایی و پەڕپووتی خانووی گڵینی بێوەژنێکدا دەژیاین، کە هەر لەوێیش لەدایک ببووم، زۆرجار دەبیسترا خاوەنی چەند خانوویەکی بەکرێیە و کەچی بە ڕۆژیش دەچووە گەڕەکە دوور و دەوڵەمەندنشینەکانی شار و لە ژێر عەبا و پەچەوە دەرۆزەی دەکرد. بەهەرحاڵ، ئەوێ کە دەکەوتە ناو کۆلانی بازاڕەکەی تەپپەوە، هەموو شتێک بە ئاسایی دەچوو تەنها ژیان نەبێت. هێدی هێدی یادەوەریم دەچنی و کەڵەکەم دەکرد، گەورەبوون شتێک بوو بەدوایدا ڕامدەکرد، وەکو منداڵانی دیکە دەمویست ئاسایی و نۆڕمەڵ بم، دەکەوتمە کۆلان، جاروبار لە کەوش و سۆلڕ یاخی دەبووم و بە پێی خاووس یاریم دەکرد، پەلەوەرم ڕاودەنا و ئەزیەتم دەدان، دەمویست کلکی پشیلە بەدەکان بئاڵێنمە قامکەکانم و تا هێز و تینم تێدایە تووڕیان هەڵبدەم، قەلەمووونە علوو علوو کەرەکانی باجی مەحبووبە دەهەری و جاڕس بکەم، دەمەلاسکێی مانگا بێحاڵ و پەراسوو لە ژماردن هاتووەکانی ئوم عەلی بکەم و..ئیتر بزمار، پارچە تەختە، ئێسقانی تیژی لە پشیلە بەجێماو بە پێمدا دەچەقین..سەرم دەشکا، چەند دڵۆپە خوێنێک و مشتێک فرمێسکم دەڕشت و هەمان تاس و هەمان حەمام دووبارە

دەبووەوە..هەتا ئەو ساڵەی کە شار کەسی تێدا نەما و زۆربە دایانە شاخ. ئێمە ئەوسا هەرزەکار بووین، کاڵفامبووین، نەمان توانی وەک زۆربە شار چۆڵ بکەین، تەقریبەن نەشماندەزانی مەسەلە چییە، بۆیە پاشان کە شتەکانمان بۆ ڕوونتر بووەوە هەستمان بە کەموکووڕی کرد..هەستمان بە شەرمەزاری کرد..وەک بڵێیت خەتایەکی گەورەمان کردبێت کە زوو گەورە نەبووین! ئیتر ئەو هەستە نەفرەتییە منداڵیی و هەرزەکاریی منی کرد بە قوربانیی . ئیدی وەکو دیۆجینەس چرای گەڕانم داگیرساند، گەڕان بەدوای ئەڵتەرنەتیڤدا..ئەوسا ڕۆح بوو بەو هەرێمەی چاوەڕێی ئەوە بوو شتێک داگیری بکات، ئەو شتەیش کە دواجار بە سیحر و ئەفسوونی خۆی قەوارەمی دەستەبەر کرد شیعر بوو.. شیعر بۆ من جیهانی دیاری دەکرد، بەڵام نەمدەزانی شیعر مرخی لە شتی تر خۆشکردبوو، بەڵێ مرخی لەوە خۆشکردبوو ئەو جیهانە هەڵشێلێتەوە و بیکات بە جیهانێکی تر. بێگومان پاشان دەرکەوت ئەو ئەڵتەرنەتیڤەی کە من بەدوایدا دەگەڕام لە دونیای ئەدەبدا دۆزیوومەتەوە..ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو خۆم ئامادەی ئەوە بکەم تا وزەکانی خۆمی تێدا بتەقێنمەوە و تێیدا ببم بەو کاراکتەرەی کە لە ڕاستییدا ناتوانم ڕۆڵەکەی لە واقیعدا بگێڕم.

پاش نوغرۆ بوونی ئەو دنیایەی کە هیوای شاخ بۆمانی بونیاد نابوو، موسافیرە دوورەکان کە گەڕانەوە بوون بە کتێبی ئائومێدییەکی تابڵێی ڕۆشن و شاریش بوو بە خوێنەرێکی بێزار و کزومەلوول، خوێنەرێکی میلانکۆلیی.. ئێمەیش، ئەوانەی کە خەریکبوو بە زۆرەملێ لە ژێر داروپەردووی ئەو دونیایەوە دەهاتینە دەرێ، بێبەریی نەبووین لە کاریگەریی نەگەتیڤانەی ئەو ئەتمۆسفێر و بارودۆخە تاڵ و دژوارە..لێرە بەدواوە دەستبەجێ شتەکان کاژی نۆرمەڵیی وئاساییبوونی خۆیان فڕێدا. دنیایەکی تر سەرنجی ڕاپێچ کردم، لەشیعردا خۆی حەشاردابوو، لە میانەی خوێندنەوەوە دوای کەوتم، خوێندنەوە لە پێناوی هەقیقەتەکانی ئەو دنیایە هەروەکو ویلیەم ڕای دەڵێت، لەناو کتێبەکاندا چاوشارکێی لەگەڵدا دەکردم و زیاتر هۆگر و گیرۆدەی دەبووم، دەمویست ئەزموونی مرۆڤەکانی دی لە میانەی وشەکانی خۆیانەوە بەرجەستە بکەم. سەرەتا لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆم پەیوەندیم پەیداکرد کە دەستی وێنە کێشانی هەبوو، بە تایبەتیش بە کێشانی پۆرترێت سەرقاڵ بوو، ئەو دەمانە تازە بۆ قۆناغی ناوەندی چبووین، پێکەوە بۆ پارکە بچکۆلەکەی "ئوم ڕەبیعەین"دەچووین و تێیدا سەعیی و دەورمان دەکردەوە..جاروباریش پێکەوە تەماشای ئەو گۆڤارە پڕ وێنانەمان دەکرد کە لە ئێزگەی ڕادیۆی مۆسکۆوە

بۆی دەهاتن..هێندەی پێدەچوو شەمەندەفەرەکەی شار سەرتاپای ژیانی گۆڕی..باوکی کە چەند سەر مەڕومالاتێکی هەبوو لە نزیک ئەو هێڵە ئاسنەی کە دڵی تەپپەی وەک هەنارێک شەق دەکرد، دەیلەوەڕاندن..دوانیوەڕۆیەکیان بوو بە شایەدحاڵی مەرگی قێزەوونی باوکی خۆی، بینی کە چۆن شەمەنەفەرەکە کۆتایی بەو ژیانە هێنا و هەلابەهەلای کرد. ئیدی لەجیاتی ئەوەی وەکو جاران پۆرترێتی"ئوم کەلسووم" و هونەرمەندانی تر بکێشێت، تا ماوەیەکی درێژخایەن دوا تابلۆی نێوان ژیان و مردنی باوکی دووبارە دەکردەوە و وێنەی کۆئەندامی هەناسەدان و کۆئەندامی هەرسی بە کۆمەڵێ ڕەنگی دراماتیکییانە دەکێشا و دەیویست بەگریان چاوەکانی خۆی بپووکێنێتەوە. ئیدی هێندە تارمایی دەنگی شەمەنەفەرەکە خۆی پیشانی گوێچکەکانی یادی ئەودا تا بەیەکجاریی شێت بوو. دواتر بوو بە کەسێکی گەلێک تەنیا و بە خۆدا شکاوە و میلانکۆلیی ولە هەموو شتێک مەودای وەرگرت ودوورکەوتەوە.ئینجا لەگەڵ"مەجید"ی کوڕی مەلا عەبدولکەریمی مزگەوتی کۆلانەکەی ئەودیومان کە هاوڕێی ساڵەکانی پێشووم بوو پەیوەندیم گەشەی سەند و پتەوتر بوو. مەجید بەو تەمەنە کەمەی عەرەبییەکی زۆر باشی دەزانی، گەلێک بۆم کەڵکمەند بوو، سەرومڕ لە کتێب و دنیای کاغەز دەدواین، ئەو زیاد لە پێویست گرەویدەی ڕۆمانەکانی"نەجیب مەحفووز"بوو، بە تاسووقەوە لەبارەیانەوە گۆی دەکرد، بەلام من ئەوەندە مەیلی دەقەکانی ئەوم نەدەکرد،سەرباری ئەوەیش قسە پەیدەرپەیەکانی ئەو ئاشقی ئەدەبی گێڕانەوەیان کردم و هانیاندام ڕۆمان بخوێنمەوە، بەڕێکەوت بێگومان و بەبێ هەڵبژاردن بە ئیریک سیگال، مەنفەلووتی، زونون ئەییوب، ئیدمۆن سەبری، عەبدولخالق ئەلروکابی، ئیتماتۆڤ، کازانتزاکیس، گۆرگی، حەنامینە، شۆلۆخۆف و گەلێکی تریش تێهەڵچووم و کەچی لە ڕاستییدا خاوەنی ئەو مەراق و خولیا گەورەیە نەبووم کە تێکستی زۆر درێژ بخوێنمەوە، هەستم دەکرد نەفەسم زۆر لەوە کورتترە، بۆیە شیعر گوزارشتئامێزتر خۆی بۆ من بەیان کرد و بەگوێرەی نەفەسەکەیشم بوو. ئیتر شیعر بەسەرمدا باڵادەستیی خۆی سەپاند، درەنگیش درکم بەوە کرد کە ڕێگای هەزاربەهەزاری شیعر لەبەر ئەوەی کۆتایی نییە، لەژێر پێی هەموو شاعیرێک، یاخود ئاشق بە شیعر، ڕادەکێشرێت، دەچەڕێنرێت و درێژدەبێتەوە، بێکۆتایی درێژدەبێتەوە، واتە شاعیر قەت ناتوانێت بە دوا مەنزڵی شیعر بگات، هەرگیزیش نازانێت لە کوێی ڕێگاکەیدایە، ئەو خۆی یەک کۆتایی بۆ خۆی هەیە، کە شایەد ببێتە کۆتایی بۆ شیعر و ئەزموونە شیعرییەکەی خۆی، بەلام بۆ شیعر نا..هەرگیز. بەلام هەرگیز شتێکی ئاسان نەبوو، ئەوسا و ئێستایشی

لەگەڵدا بێت زریانی جیددییەتی نووسینی شیعر هەمیشە بەرووەمدا هەڵیکردووە و لەگەڵ کێشەوگرفتی جیاوازبووندا ویڵداش بووە و زۆر دژوارانە بۆم بە ئەنجام گەیشتووە، سەختییەکەیشی هەمیشە لە توندوتیژ بووندابووە، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ پرسیاری ئەوەم لە خۆم کردووە کە چ شتێکی جیاوازم ئەنجامداوە؟ بەر لەوەیش کە لەلایەن ئەوانی ترەوە ڕەت بکرێمەوە، خۆم خۆم ڕەت کردۆتەوە ئەگەربێت و جیاوازبوون کاراکتەری بەرهەمم نەبووبێت. وا هەست دەکەم ئەمە چاکترین هەڵوێستە شاعیرێک پەیڕەوی بکات، چونکە سەرەنجام بۆ خودی شیعر خۆی چاکترین بونیادنەرە. وەکو پێشتر گوتم، ئەوسا دژوار بوو و هەتا لەو ئەزموونە سەرەتاییانەیش دوورتر دەکەوتمەوە شتەکان دژوارتر دەبوون، لەبەر ئەوەی زۆر بە جیددی بیرم لە زۆرێک لە لایەنەکانی نووسینی شیعر دەکردەوە. بێگومان بەر لە هەموو شتێک: چ شتێک هەیە بۆ ئیزافە کردن و پێویستیشە چۆن چۆنی تەرح بکرێت و چیش بگەیەنێت؟ ئاشکرایە کە شیعر تەلیسمێکی سەیر و تام و بۆیەکی عەجایەبی ئالوودەی ژیانم کرد و ئیدی لەوساوە ئەهاتووەتە کێویترین خەونیشم کە بەبێ شیعر وێنای ژیان بکەم. بۆیە سەرەتا خوێندنەوەی شیعر بە شێوەیەکی چڕوپڕ بوو بە خولیایەکی پەیگیر و بێ لەککە، بەشێک لەو کاتانەیش کە سەرقاڵی شیعر خوێندنەوە نەدەبووم، وردبوونەوە و ڕامان لە شیعر بەسەر بیرکردنەوە و تێفکرینمدا زاڵ دەبوون، لە بۆتە و ئەتمۆسفیری ئەوکاتانەدا، لە سروشتی ئەو ساتە پڕ تەلیسمانەدا، گەڕان بۆ بەرجەستە کردنی شیعر دەبێتە تاقە خولیا و هیچ هاوشانێکی تری نابێت..ئیتر بە چڕیی عەوداڵی ئەو شتانە بووم کە ئەگەری ئەوەیان هەبوو لە کۆنتێکستێکی شاعیرانەدا تێکستی شیعریی بهێننەدی..زۆرجاریش گومان هەڵیدەگرتم کونجکاو بم، نووسینی خۆم لەگەڵ ڕووبەری پڕ داهێنانی شیعری جیهانیدا بەراوورد بکەم، بلند ئەلحەیدەری و مەحموود دەروێش وماغووت و خەلیل حاوی و ئەمەل دەنقەل و عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی و سەلاح عەبدولسەبوور و..ئیلیەت و بۆدلێر و ڕامبۆ و واڵت ویتمەن و..پۆشکین و ئەلێکساندەر بلۆک و زۆری تریش بخوێنمەوە و بپرسم شیعر چۆن دەتوانێ هەستی بەرکەماڵبوونم پێ ببەخشێت ئەگەر لەناو سارایەکی ئەدەبی تاڕادەیەک سکوزانەکەردا خۆم ببینمەوە؟ بێگومان شیعر، بێچەندوچۆن پێداویستیی بەوە هەبوو لەلایەن هەڵاڵەی هەموو گوڵە شیعرییەکانی دنیاوە بپیتێنرێت، یانی بە کاریگەرییەکانی بارگاوی بکرێت و لێی وەربگرێت وهەوڵی ئەوەیش بدات ئیزافەی ئەفسووناوی بخاتەسەر، بەبێئەوەی دەستبەرداری لایەنە گرنگەکانی فیکر و واقیعی تایبەتمەندیش بێت، لانیکەم سۆز و ئامرازەکانی شیعر

بکاتەبەری و شتێکمان پێ بڵێت کە لە ڕاستییدا بەرهەستە، چونکە فیکر ڕاستە بەرهەمی ئەقڵێکە بەڵام دەرهاویشتەی واقیعە و پەنانەبردنیش بۆ بەرهەمی ئەقڵ و سەرپێشک نەکردنی لە پێداچوونەوە دوایینەکانی نووسیندا دوورخستنەوەی نووسینە لە بەرکەماڵیی ڕۆحیی و هونەریی. جا بێگومان لە هەر ڕوانگەیەکیشەوە بڕوانینە دونیا دەتوانین ئەو دیوجامە شیعرییە ببینین کە لەبەری دەکات، دنیا دەتوانێت لێوڕێژ بێت لەو ئێلیمێنتانەی کە ئەگەری زۆر هەیە لەناو تانوپۆی داهێنانەدا هارمۆنییەکی ئاوازە بچنن و فەزایەکی جیاکار بۆ خوێنەر بخوڵقێنن بۆ ئەوەی نیگا سەرسامئامێزەکانی خۆی پێدا هەڵواسێ و لەزەت و چێژ لەو سەرسامبوونە هەڵهێنجێت. ئیدی لێرە بەدواوە نووسین بوو بە هەوڵێر و پێداویستیی بۆ بەدیهێنانی شتێکی هاوشانی ئایدێنتیتی. خولیای نووسین هاوتای خولیای خوێندنەوە پەرەلێڵێکیان پێکهێنا و ڕۆژانە شانبەشان دەڕۆیشتن. کە دەقێکم موتالا دەکردەوە، ئەگەر داهێنانێکی ناچیزیشی تێدا بوایە ئەوا هەستم دەکرد مرۆڤێکی کراوەترم، هەستم دەکرد تۆزقاڵێک زیاتر سەرم لە دونیای ئاڵۆز دەردەچێت، بەڵام بە پێچەوانەیشەوە کە دەقێکی بوودەڵە و خراپم دەخوێندەوە ئەوا خۆم بە بنیادەمێکی داخراو و گەمارۆدراو و بێ مەیل و ئیشتیا دەبینی، هەستم بەوە دەکرد کە دنیا شتێکی نامۆ و تەلیسمئامێزە و بە هیچ کلۆجێک لێی حاڵی نابم. دیارە ئەوسا شیعریش خۆڕسکانە لەدایک دەبوو، بە تێپەڕبوونی کاتیش هەستم بەوە دەکرد کە بۆ موتوربە کردنی پێویستم بە هزر و هۆش هەیە، چونکە پێشتر بونیاد و لایەنە هونەری و تەکنیکییەکانی شیعر نووسین و ئەتمۆسفیری گشتی دەق پرسی زۆر گرنگ نەبوون و کەمتر سەرقاڵیان دەکردم و ئەوەی کە لەلام گرنگ بوو جەخت کردنەوە بوو لەسەر بەردەوامیی نووسین، دواتر خودە هێدی هێدی ئەزموون دزە تێکردووەکەم و خوێندنەوەی چڕوپڕ بە شێوەیەکی ڕەخنەئامێزانە کردەی تەتەڵە کردنیان هێنایەئاراوە و ئەو هۆشەیان بۆ فەراهەم کردم. کەواتە بە دوو وەرز ئاشنا بووم، وەرزێک شیعر وەکو بارانی بێ سەرەتا و بێکۆتایی بەسەرمدا دایدەکرد و وەرزێکیش شیعر وەکو گەڵای درەختەکانی پاییز دارستانی کەشکۆڵەکانیان بەجێدەهێشتم و پەیدەرپەی هەڵدەوەرین..جار دوای جار و بێ ماندوو بوون ئیشم تێدا دەکردن و بە پاکنووس کردنەوەم دەبەخشین، کورت و پوختم دەکردنەوە و لە خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی چێژ و لەزەتی بیر کردنەوەمدا قەناعەتم پێیان لەق دەبوو، ئیتر یەک یەک دەبوون بە هەڵم و لە قورسایی بێهوودەی خۆیان قوتاریان دەکردم. بێگومان ئەم ئیگەرانیی و ڕاڕاییە دواجار بوو بە وێڵداشی نووسین و وای لێکردم زۆر کەمتر بە نووسینەکانی خۆم

قایل بم و بەردەوام مژوولی بەراوورد کردن بم..بەراوورد لەگەڵ ئەو دەقە شیعرییانەی کە دەمخوێندنەوە و زۆرجار هێندەکانی خۆمیان لەبەرچاو دەخستم، چ لە لایەنی بابەت و چ لەلایەنی داڕشتن و زمانەوە. بەڵام ئەمە حاڵەتێک بوو پاشتر کاڵبووەوە، چونکە ئەزموون بەردەوام خەریکی خۆ پەروەردە کردن بوو، جگە لەوەیش، هەموو ئەو شیعرانەی کە دەیشمخوێندنەوە داهێنانی بەرجەستە نەبوون، کارکردنی بەردەوامیش وای لێ نەدەکردم بەدوای پاداشت و ستایشدا بگەڕێم، بەڵکو ئەو کارە شیعرییانەی کە ئەنجامم دەدان، ئەگەر کرچوکاڵیش بوونایە ئەوا خۆیان لە خۆیاندا مەبەست بوون، خۆیان پاداشتی من بوون و تا ئەوپەڕیش دڵخۆشیان دەکردم و ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەر هاوشێوە ماونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەیش کە بە هێووریی یەخەی گەورەبوونمان دەگرت، پێداویستیی گەمە و یارییەکانیشمان دەبوایە پێبەپێی ئەوە گەورە بێت، دەبوایە یاری دیکەیش هەڵبژێرین، لەگەڵ تەمەن و ئەزموونماندا بگونجێت، ئیدی بەو شێوەیە یارییەکانمان وەرچەرخانی بەسەردا هات و زمان بوو بەو زەمینەیەی کە یارییەکانمانی لە ئامێز گرت و تێیدا کەوتینە گڕوگاڵ. ئەگەرچیش بۆ من سەرەتا زمان هەر تەنها گوزارشتی لە خودی خۆی دەکرد و هیچی لە ناخی خۆیدا نەدەئافراند، بەڵام دواتر ناخی زمان و هەڵقووڵاندنی وزەکانی بوو بە خولیا و چیدی ئەو زمانەی جاران نەما کە تەنها گوزارشت لە شکڵی خۆی بکات، بەڵکو پێشینەی پێداگری ئەوە بوو کە کەشفی ناخی خۆیشی لە ئەستۆ بگرێت. جا با ئەختێک بێینەوە سەر دنیاکەی ئەو سەروبەندە، دنیای تەپپەی مەلا عەبدوڵڵا..من و عەلی شێخ عومەر و ئەجات حەمید ئەحمەد و..بێگومان دەبێ بە ئیسافەوە ئەوە بڵێم کە ئەجات، کەمتر تێکەڵی ئێمە دەبوو، دیارە ئەو، ئەو کاتانە لە ئێمە جیددی تر خۆی سەرقاڵی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کردبوو، بۆیە کاتەکانی پتر بۆ ئەو جیددییەتە تەرخان کردبوو، جگە لەوەیش زمانە عەرەبییەکەی زۆر لەوەکەی ئێمە تۆکمەتر بوو، ئیدی هەر خۆی بە سەرچاوەی گرنگتر و پەیگیرترەوە خەریک کرد بوو..خالید کاوێس و فەیسەڵ تاهیریش هەروەها..پێکەوە ڕاپێچی نێو دنیای ئەدەب بووین و خۆمان تێیدا دۆزییەوە. بەردەوام یەکمان دەبینی، کتێبمان ئاڵوگۆڕ دەکرد و ئەمەیش هاندەرێک بوو بۆ ئاشنابوون بە نووسەرانی هەمەچەشنە و بەناوبانگ و دەمەتەقێ و گفتوگۆمان لەبارەی هەموو ئەو شتانەوە دەکرد کە پەیوەندییان بە تانوپۆی ئەدەبەوە هەبوایە، جگە لەوەیش نووسینە کرچوکاڵەکانی خۆمان بە شەرمەوە دەخستە بەر ڕەخنەیەکی هەژارانە، ڕەخنەیەک کە تەنها و

تەنها خۆی بە شتە پەراوێزییەکانی دەقەوە سەرقاڵ دەکرد و بەدوای شتێکی ڕووکەشدا دەگەڕا تا لە میانەیەوە بڕیار لەسەر دەق بدات و هەڵی بسەنگێنێت..بەهەرحاڵ، هەندێجار بە یەکتری سەرسام دەبووین و..دەکەوتینە بەر ستایشی یەکتری و هەندێجاری تریش لەیەک نارازی و یەک ڕەتکەرەوە و شێوازی یەک قبووڵ نەکەر بووین..لە ڕاستییدا گرەویدەیی من بە عەلی شێخ عومەر و خالید کاوێس سنوورەکانی دەدایە دواوە و گاڵتەی پێدەکردن. بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەجات حەمیددا بەو شێوەیە ئەڕسکابوو، چونکە ئەو، وەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێدا و لەبەر ئەوەیش کە خۆی بە زیرەکتر و بەهرەمەند تر لە قەڵەم دەدا، شوورەیەکی بەدەورانەدەوری خۆیدا کێشابوو، بەڵام سەرباری ئەوەیش ڕێزم دەگرت، چونکە دڵنیا بووم لەوەی کە دەبێت پارێزگاری لەو مەودایە بکرێت کە ئەو بۆ خۆی هەڵیبژاردبوو، دەیشمزانی کە تەقەللای ئەوە دەدات خزمەتی نێوەندێکی هەژار بکات، ئەو نێوەندەیش بۆ من ئەوەندە گرنگ بوو شەفاعەتی بۆ هەموو ساردوسڕیی، یاخود کەموکووڕی، یان خوانەخواستە خەوشیی، یان ناحەزییەک دەکرد ئەگەر لە نێواندا هەبوایە، کە بوونی نەبوو، چونکە سەرەنجام مادامەکی مەبەستی هەردوولامان یەکبوو، هیچ نیرەییەک لەمیانماندا نەبوو، تەنها پێشبڕکێ نەبێ، کە ئەویش لەپێناوی بەرهەمهێنانی شتێکی بەجێ و جیاواز، لە دۆستەکانیشەوە ئەوە فێر بووم کە ژیان وەکو گەردنێک وایە ڕق وقین خەفەی دەکات، بۆیە بە پێویستم زانی ئەو گەردنە ئازاد بهێڵمەوە و لێنەگەڕێم نینۆکە دزێو و چەپەڵەکانی قین لەسەریدا بلەوەڕێن. خالید کاوێس بەر لە ئێمە پەیوەندی لەگەڵ شیعردا بەرقەرار کردبوو، زۆر بە چڕوپڕی دەیخوێندەوە، لە بیرمە کەرەتێک لەبارەی "ئاگروگوڵ"ەکەی خالید دلێرەوە دواین ومن لە ئاستی ئەو کە لە بەرگەوە بۆ بەرگ کتێبەکەی لەبەر بوو، تووشی حەپەسانێکی بێڕادە بووم..ساڵانێکیش دواتر کە لە بەرگەڵوو یەکمان گرتەوە، لەبەر ئەوەی دەستی وێنەکێشانێکی ڕەنگینی هەبوو، لە شاخ هەندێ شیعرم نووسیبوو کە موتاڵایانی کردەوە مۆتیڤی بۆیان کێشاوبەرگێکی جوانیشی بۆکردن،دەمویست لەژێر ناونیشانی "گەڵاڕێزانی درەختە کوێستانییەکان"چاپیان بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعری پڕۆپاگەندەیی نەبوون و جگە لەوەیش جیاکار بوون بە بڕێک تەم ومژ و ناڕاستەوخۆیی، یان زۆر بە کورتی دەتوانم بڵێم تا ئەوپەڕی شیعری بەرگری نەبوون، بۆیە چانسی بڵاوبوونەوەیان پێ نەدرا. بەڵام عەلی شێخ عومەر کاراکتەرێکی تاسەرئێسقان جیاواز بوو، پڕاوپڕ بوو لە جۆش و خرۆش وکەفوکوڵی ژیان، ژیانێکی سەیریش لە ناخیدا قوڵپە و قەڵبەزەی دەکرد، پێکەنینە ئەفسانەییەکەی دنیای منداڵیی لە

ئێستادا ئامادە دەکردەوە، قسە بەتاموبۆکانی لە فەزا و یادی ڕۆژەکاندا قەتیس دەبوون و بەجێیان نەدەهێشت، هەمیشە چەشنی جووتێک بۆهیمی بەدوای خۆشەویستییدا دەگەڕاین و لەو سەرەوە شکستمان دەدووریەوە، چونکە لەبریی هەموو شتێک خەمۆکیی ئەتمۆسفێرەکەی پاوان دەکرد..پێکەوە کاتێکی زۆر چادە ساردوسڕەکانمان نەوازش دەکرد..لەو سەروبەندەی هەرزەکاریماندا دڵداریی ئەو شتە نەبوو کە لە ئاسۆی بیرکردنەوە ماندا کێشی نەبێت، گەرچی بەدوای خۆیشیدا زۆر زۆر عەودالی دەکردین، بەڵام سەرباری ئەوەیش بۆ ئەو تەمەنەمان گرنگترین ڕەگەز و ئێلیمێنتێک بوو کە دەبوایە بە کردەوە پڕاوەی بکەین و لەمیانەیەوە بە خودی خۆمان ئاشنابین..زۆرجار لە جیددییەت دەگەڕاین و دەتوانم بڵێم شیعر بوو بە زامنکەری و سەرتاپای هزر و ناوەزمانی خستە ناو خولگەکانی دەسەڵاتی خۆیەوە..ئەو ساتانەی کە دوور لە شیعر بەسەرمان دەبردن وامان مەزەندە دەکرد کە کاتمان دەرخواردی ونبوون دەدا، یانی هەموو ئەو کاتانەی دوور لە شیعر و ئەدەب دەمانگوزەراند پێمان کاتی ونبوو بوون. لەودیو شیعر و شتەکانی ترەوە تاڕادەیەک قەرەبووی ئەو خۆشەویستییەمان دەکرد کە بەدوایدا دەگەڕاین و نەمان دەدۆزییەوە، ئەو خۆشەویستییەی کە گرنگترین نهێنی بوو لە نێوانماندا و هەرگیز لە گەڕان بە دوایدا ماندووبوونمان نەدەچنییەوە.لەمەحاجەرەی ماڵەکانەوە، لە کەلەبەری دەرگا وکەلێنی دارژاڵە تەپ وتۆزاوی و درەختە چڕوپڕەکانەوە منەی نێونیگا برینداڕەکانمان دەکرد و نیگایەک، تەنها نیگایەک بەس بوو سەر و دڵمان لە گرێژەنە بەرێت و بۆ نێو هەڵدێری ئەشق تلۆری بکاتەوە. بەدوای ئەو دڵۆپە ئارەقانەدا عەودالبووین کە وەکو مرواری دەبریسکانەوە و ئاشقێک نەبوو یان نەیدەوێرا بە فوویەکی ناچیز کزریان بکاتەوە و نەهێڵێت بە کەنداڵە هەزار بە هەزارەکانی داخ و حەسرەتدا شۆڕببنەوە. هێشتا گەردی ڕۆژگارێکی زۆر لە یادم نەنیشتووە و دێتەوە بیرم، ڕۆژێک پێکەوە بۆ تۆمارگای "دارولئەلحان"چووین و داوای کاسێتێکی"ئوم کەلسووم"مان کرد، تازە هەڵدەچووین، ناوی گۆرانییەکەمان نەدەزانی، ئەگەرچی خەڵکێکی زۆریش لە دووکانەکەدا وەستابوون، کەچی لەبەر ئەوەی ئەشقی یەکتەرەفە کێشوەری دڵی و گیانماتی سەرانسەر گرتبوو، بەیەکەوە وەکو دوو گەنجی زۆر چوختی گۆرانییەکەمان بۆ خاوەن دووکانەکە گوت و ئەویش دەستبەجێ زانی داوای گۆرانی"ئەمەل حەیاتی"دەکەین..لە هەقیقەتدا، کۆلاژەکەمان هەر خۆی نووسەرێک بوو، ئێمەیش هەریەکە و تێکستێکی خۆشەویستی ئەو بووین و نەیدەتوانی هەرگیز لە کەسمان بەریی بێت، نەیدەتوانی هەرگیز نکووڵی لە هیچ کەسێکمان بکات، چونکە

هەمووەمانی بە تەواوکەری ئەزموونێک لە قەڵەم دەدا بەبێ ئێمە ئەگەر تەواویش بوایە ئەوا هووده و بایەخی نەدەبوو. ئێمە لەدایکبووی بارودۆخ و ڕەوشێک بووین، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکییانە ئێمەی خستبووە ژێر قەڵەمڕەوی شکستی نەوەکەی پێشووەوە، دەمانویست تۆڵەی ئەو شکستەی ئەوانیش بکەینەوە، بیرمان لە شتی زۆر گەورە دەکردەوە، دەمانویست لە ئابڵووقەی ئەو قەڵەمڕەوە بێبەزەییە دەرباز بین، یەکترمان بێڕادە خۆشدەویست، پێکەوە مرخمان لەوە خۆشکردبوو ئەو دنیایە بگۆڕین و ژێرەوژووری بکەین کە نوشووستییەکەی ئەوان بۆ ئێمەی خەمڵاند بوو، چاومان لە دنیایەک بڕیبوو کە خۆمان دەمانویست بیخوڵقێنین. دیارە دواتر لە نووسینەکانماندا کەم و زۆر ئەو دنیایەمان ئەفراند کە تاقە ئامانجمان بوو. بەواتایەکی تر ئەوەی کە دەمانخواست بیئافرێنین دەنگێک بوو، دەنگێکی درەوشاوەی دانسقە و تایبەتمەند، کە بێ چەندوچوون بوو بەو دەنگەی کە بە دەنگی نەوەی هەشتاکان جیاکار کرا... دواجار کە لە ئامادەیی پیشەسازی "ئەلتەئمیم"دەستم بە خوێندن کرد، دنیاکەم ئاسۆیەکی بەرفراوانتری گرتەخۆو تەپپەی مەلا عەبدوڵڵای بەجێهێشت، لە تەقینەوەیەکی بێسنووردا خۆی بینییەوە و بوو بە شار، خەڵکی تر هاتنە ناوییەوە، لەوانە کەریم پەڕەنگ، ئازاد ئەحمەد، مارف عومەر گوڵ، ئەحمەدی مەلا..ئەگەرچی ئەم وەکو ئێمە بە ڕیالیزمی سۆشیالیست و مارکسیزمێکی سەقەت گرەوێدە نەبوو، بەڵکو شار بۆی بوو بە فەزا و ئەتمۆسفیرێکی شیعریی پانوپۆڕ و لەو سەرەتایانەدا دەستی هێشتا پێی ڕا نەدەگەیشت و لەناویدا میلانکۆلییانە مەلەی دەکرد و لەگەڵ سەباح مەحمووددا پەیاپەی دەمبینین ڕتووشی خەم و بێزاریی ئەگەیشتنە قەناعەتێکی یەکلاکەرەوە دایدەپۆشیی و لەگەڵ خۆیشیدا لە ململانێی نەوەدا بوو لەو زەمەنە شپرزە و دڕدۆنگەدا چ ئاڕاستەیەک بۆ خۆی هەڵبژێرێت و بیکات بە ڕێڕەوی شیعر و ژیانی ئایندەی خۆی..مستەفا گەرمیانی، فایەق سەعید، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، عیزەدین مەجید، غازی عاسیی، سەباح مەحموود، جەمیل ئەمین، سەڵاح حەمەئەمین...کە زۆرجار لە کازینۆی "نەسر" پێکەوە دادەنیشتین، یاخود هەر لە مەیدان و وێستگای پاسەکانی ئەحمەدئاغا ڕادەوەستاین و پەنجەمان لەگەڵ باسوخواسی شیعردا نەرم دەکرد، وابزانم سەڵاح یەکەم کەس بوو کە باسی شیعری ئەدۆنیسی لەگەڵدا کردم وەلێ بەوە دەچوو بایەخ و گرنگیی ئەدۆنیسی بەباشی هەرس نەکردبێ بۆیە ئەوسا نەیتوانی لەلای مندا بەرامبەر بەو شاعیرە ئەفسانەیە جێگایەک بە خۆشەویستیی ببەخشێت. جگە لەو ئەییوب شەریفیش، کە شێوەکارێکی بە توانای شارەکە بوو، کە زۆربەی جار شۆڕشی ڕۆشنبیریی چین و

جوتیاران و ماوتسی تۆنگ و ئەراگۆن و هەندێ جاریش ترۆتسکی گفتوگۆکانیان جڵەو دەکردین، بەڕاستیی خوێنەرێکی بێبڕاده و نایابی شیعر و ئاشقێکی ڕاستەقینەی ئەراگۆن بوو، سەرسامی بووم، سەرلەبەر کۆشیعری "چاوەکانی ئێلزا"ی لەبەر بوو، جگە لەوە خاوەنی کۆمەڵە تابلۆیەکی ڕیالیزمی تەعبیرییانەی جوانیش بوو کە چەند جارێک لە خانووەکەی ماڵی باوکی لە ڕەحیماوا بینیبوومن. ئینجا خەلیل کاکەیی هونەرمەندیشم بیرنەچێت کە هەمیشە لە پێشانگاکاندا پێکەوە سەرقاڵی وتووێژ و ڕاڤەکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هێڵ و ڕەنگ و دابەشکردنی ڕووبەر و کۆمپۆزیسیۆنی تابلۆ بووین، سەعید کاکەیی و حسێن میسریش پشکێکی باشی ئەو ڕووبەرەی فەزاکەیان بۆ خۆیان داگیر کردبوو کە سەروەر بۆ جەنەڕاڵ پرۆڤەی شانۆگەرییەکانیان بانگهێشتیان دەکردم و هەمیشە خۆم لە ئەدا و ڕۆڵ و نواندنەکانیان هەڵدەقورتاند و بێحەد و سنوور سەرم دەنایە سەریان و قەڵسم دەکردن، کەچی هەردەم زەردەخەنەکانیان گوناهباری دەکردم، هەروەها گەلێکی تریش کە یادی بە بێژنگ بوو کۆمەکی ئەوەم ناکات وەبیریان بهێنمەوە..کە زۆرجار پیاسە دوور و درێژەکانمان بە شەقامی جمهووری و وەستانەکانمان لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆ و چەندبازییە ماندوونەناسەکانمان هەرگیز تینوێتییان نەدەشکاندین، دەتگوت هێشتا دەستمان پێ نەکردووە و نەکەوتووینەتە دەمودووکردن..هەروەها سەر بە کتێبخانەکانی "گەل، هەندرێن، ئاسۆ، دارولوەتەنییە"دا کردن هەرگیز وەڕس و بێزاری نەدەکردین..جارەهای جار تووڕەیی و هەڵسوکەوتی سەیر و عەجایەبی "دایی ئەمین"یش دڵشکاوی نەدەکردین کە لە دووکانە زۆر بچووکەکەیدا کتێب و گۆڤاری کۆنی دەفرۆشت و دەکەوتە خوارووی سینەما "عەلەمێن"ەوە..هەریەکە و بارێک کتێب دەبوو بە ئاواڵی گەشتە سیزیفییەکانمان، جاروبار دەچووینە کازینۆی "نەسر"، زۆر کەڕەتی دیش دەچووینە چاخانەکەی "ئوم ڕەبیعەین"و تا درەنگانێک سەرقاڵی ئەو گفتوگۆ تەمەن درێژانە دەبووین کە کۆڵەکەکانی ئەو دنیایەیان ڕایەڵ دەکرد کە بۆ خۆمان خەریکی بونیادنانی بووین..جاروباریش پاش تەواو بوونی دەوامی ئامادەیی پیشەسازی لەگەڵ مستەفا گەرمیانیدا یاپشە یاپشە شەقامی ئەتڵەسمان تەی دەکرد و تەواوی دوانیوەڕۆیەکی زستان لە کازینۆی "مەجیدییە"دادەنیشتین، هەر چۆن ڕاهاتبووین هەر ئاوا دەکەوتینە وتووێژ، دەربارەی هەموو شتێک دەدواین و دەمە و عەسریش بۆ یەکگرتن لەگەڵ چەردە هاوڕێکانی ترمان بەرەو شەقامی جمهووری خلدەبووینەوە و لەگەڵ شۆڕبوونەوەکانماندا هاوشانی ئەوان، بەردەوامیمان بە ئاخاوتنەکانمان دەدا و پەیتا پەیتا شادیمان دەستەبەر دەکرد و بە

شێوەیەکی ڕەهایانە هەر خۆمانمان بە خاوەنی دنیا دادەنا. کە درەنگانێکیش بۆ ماڵێ دەگەڕامەوە، بۆ ئەوەی پێکدادان لەگەڵ باوکم ڕوونەدات کتێبەکانم لە پشت دەرگای حەوشە لەلای دارژاڵەکەمان دەشاردەوە و بەدەست بەتاڵیی دەچوومە ژووری، ئەو وەک بڵێیت هەمیشە بۆ من لە بۆسەدا بێت، شێتە شێتی تۆزی هێمنیی سەرشانی کۆڵادەکەی دەتەکاند و دەیوت: "دیسان باری کەرێکی تر کیتابی عەشقت هێناوەتەوە؟..."ئیتر وایدەزانی هەموو ئەو کتێبانە هەر دەربارەی عیشقن و هیچی تر..منیش سەرەنجام درکم بەوە کردبوو ئەو کتێبەی کە بە عیشقەوە نەنووسرابایە ئەوا هیچ بایەخێکی نەدەبوو، بێگومان عیشق بۆ هێنانەدی شتێکی تەواو جیاواز، عیشق بۆ داهێنان دەیکردە شتێکی گرنگ و خوێنەری جیددی بۆ پەیدا دەکرد..پاش خەوتنی ئەو، بێدەنگییەکی ڕۆشن باڵادەستی بەسەر ئەتمۆسفیرەکەدا دەکێشا، ئەوسا دەچوومە حەوشە و دەمهێنانە ژوورەوە، هەر بەو دایکە دەچووم کە بۆ یەکەمجار کۆرپەڵەکەی لەباوەش بگرێت و ئەوازشی بکات. مەحاڵ بوو وێنای ئەوە بکەم کە لەوە دڵشادتر بم. بێگومان جارەهای جار ژەمەکانم بەیاد دەسپارد، چونکە هێند ئاوێتە وئالوودەی ناخی کتێب دەبووم هەموو شتێکی تر لە مێشکمدا دەڕەوییەوە. کە شەوی هاودەم ڕادەشکا وکشوماتییەکی ئاسمانییانە لە ژوورەکەدا باڵادەست دەبوو، قۆرییە چاکەم دەخستە سەر زۆپاکە و لەپاڵ شۆڕەشۆڕی باراناودا دیوانی سەڵاح عەبدولسەبوور، یان خەلیل ئەلحاوی، عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی، بەدر شاکر ئەلسەییاب، محەممەد ئەلماغووت، مەحموود دەروێش، نەزار قەببانی، یان...م لە کتێبخانە بچکۆلەکەمەوە دەردەهێنا و تا درەنگانێک لە کۆڵانە سیحراوییەکانی شیعردا پیاسەم دەکرد و بۆ ئەفسانەی بە شاعیر بوون دەگەڕام، کە دەیش نووستم لە کووچە وکۆڵانی خەونە کێوییەکانمدا بەدوای ئەو شاعیرەدا دەگەڕام کە لە ژیانی ڕاستەقینەمدا دەمویست ڕۆڵی وکارفەرمای بگێرم، دەمویست وێنەکەی لە ناخی خۆمدا بەدی بکەم، لە ڕاستییدا دەمویست ببم بەو شاعیرە..بێگومان هەموو ڕۆژێک شتی تازەمان کەشف دەکرد و لە کتێب و داهێنەری تازە دەدواین.. شتگەلێکمان موتاڵا دەکردەوە کە ئەو سەروبەندە باوبوون..دەبوایە بەو شتانەیشەوە وابەستە بین کە ئەو سەرزەمانە ڕەواجیان هەبوو، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی مارکسیزم کە ئەو دەورانە لەوە بە ئاگانەبووین قاڵبێکە و ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم داهێناندا قوتدەکاتەوە..مەحاڵ بوو کتێبێکی سارتەر یان دۆزەخەکەی هێنری باربۆس، کافکا یان کامۆ تەنانەت کۆڵن وِیڵسن و ڤلادیمێر نابۆکۆڤ یان هەر نووسەرێکی دەرەوەی ئەو ئەتمۆسفیرە بگرینە دەستمان و ڕووبەڕووی ناو و ناتۆرەیەکی بێپایان نەبینەوە و بە

دژەپێشکەوتن لە قەڵەم نەدرێین. دەشبوایە گوێ لەگۆرانییەکانی زولفۆ لیڤانەلی و سێلدا باجان و شڤان پەروەر و مارسیل خەلیفە و فەیرووز و میریام ماکیباو...تاد بگرین و سەرومڕیش باسی ستیڤ بیکۆ و خەسرەوی گوڵسورخی و نازم حیکمەت و ئەحمەد فوناد نەجم و پابلۆ نیرۆدا و پۆل ئێلوار و..زۆری تریش بکەین، لە هەموو شتێکیش سەیرتر دەبوایە پێبەپێی چاوەڕوانییەکان ببین بە گیڤارا..بە ڕاستیی گەمارۆیەکی ڕۆشنبیریی فرە لەسەرمان بوو و تەنانەت بە درێشەوە یارا و بوێریی شکاندنیمان نەبوو..بۆیە ساڵانێک لێگەڕاین تا هەرزەکاری وپاکیزەییمان بدزێت و فریوومان بدات. تەقریبەن دەورووبەری ئەو سەردەمانە بوو شیعری"عەشقێکی دەروێشانە"م نووسی کە ئاوا دەستی پێدەکرد:

ئەو ئەسپە شێیەی گشت شەوێک

مناڵدانی خەونە پاکیزەکانی من

بە سمەکانی هەڵدەدڕێ و

سەرلەنوێ دەست دەکاتەوە

بە چوارناڵەیەکی چەمووش

هەموو پێچ و پەنایەکی سەری دوورم دەپشکنێ و

بۆ شۆڕەسوارێک دەگەڕێت

چاویلکەیەکی لە چاوە و

گیرفانەکانی پڕ پڕن لە تیشکی خۆر و ئارەقە..

ئەگەرچی بە بۆچوونی دواترم دەقێکی ئاسایی بوو، کەچی ستایشی ئەحمەدی مەلا بۆ ئەو دەقە و گفتوگۆ کردن لەبارەیەوە لەگەڵ ئازاد ئەحمەددا هەستی ئەوەی پێبەخشیم کە لەسەر ڕاستەڕێی نووسینداام و ئەوەیش مەسەلەیەکی دڵخۆشکەرانە بوو، یان ئەو تێبینییانەی کە لە نێوان من و مارف عومەر گوڵدا نووسرا و لەمەڕ شیعرێکی خۆمەوە هەم تێبینی و هەم داکۆکی کردنیش بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە درێژەی گرتەخۆ وزەی تێگەیشتنێکی جیددی تری تەقاندەوە و بووە مایەی ئەوەی هەنگاوێک لە شیعر نزیکتر ببمەوە..ئەو هاوڕێیانەیش کە شانس و سرووشی

شیعر یاوەریان بوو لە بڵاوکردنەوە سەرەتا مارف عومەر گوڵ، ئینجا کەریم پەڕەنگ، دوای ئەوانیش ئازاد ئەحمەد بوون، من زۆر دوای ئەوان ئەو شانسە بوو بە هاودەمم..کە مارف ماوەیەک گیرا و پاشان بەرەڵا بوو، ئیرەییمان پێیدەبرد، وامان هەست دەکردکە ئێمە هێشتا ئەچووینەتە ناو قافڵەی خۆگرانەوە. هەر کە هەواڵی بەربوونیمان زانی ئەوەندە تامەزرۆی بینینی بووین یەکسەر لەگەڵ ئەوزاد ئەحمەد و نازانم کێی تر بۆ ماڵیان چووین، دیمەنێکی سەیر لە کۆڵانەکەیاندا سەرنجی ڕاکێشام، لەبەر دەرگایەکی شەقوشڕدا کوڕێکی گەنج گەنج بە زنجیر بەسترابووەوە، هێندەی زنجیرەکە هەڕەشەی لێکردین کوڕە شێتەکە هەڕەشەی لێدەکردین. کە لە ماڵیشیان ڕۆنیشتین و دەمەتەقێ گەرمبوو، تێبینی ئەوەم کرد کە باسی گەلێک شتمان کرد، بەڵام تەوەری سەرەکی گەنگەشەکانمان شیعر بۆ خۆی قۆرخی کرد، ئەوەم بە جوانی دێتەوە بیر کە باس و بابەتی سەرەکی ئەوەبوو کە مارف لەگەڵ بەربوونیدا پێموابێت شیعری "ئاسمانی خاک"ی نووسیبوو، ئەو باسی ئەو دەقەی بۆمان دەکرد و تێکەڵ بە ئەزموونی زیندانی بوونەکەی خۆی دەکرد و ئێمەیش چرکەساتەکان لەگەڵیدا دەژیاین و دەتگوت قوتابی وردیلەین و گوێمان بۆ مامۆستایەکی کارامەی مێژوو ڕاگرتووە، دواتر کە ئەوێمان بەجێهێشت، ئەمەندە بیرم لەو کوڕە و زنجیرەکەی کردەوە، هەتا من خۆم بووم بە کوڕەکە و شیعریش بێگومان بوو بە زنجیرەکانی دونیا و منیان بۆ ئەبەد بەستەوە. دیارە ئەوسا ئەوە باو بوو کە لە پاڵ خوێندنەوە و نووسیندا، بۆ ئەوەی بە چاوێکی پڕ ڕێز و نەوازشەوە تەماشا بکرێین دەبوایە لە گفتوگۆکانماندا قسەی مارکس و لینین و کێ و کێ بهێنینەوە..ئەم هەڵوێستە ئێمەی هاویشتبووە نێو ئابڵووقەی ڕیالیزمی سۆشیالیستەوە، بۆ ئەوەی خۆیشمان لە تانە و توانج و پەلاماری دۆستان دووربخەینەوە ناچار بووین پەنابەرینە بەر ئەدەبێکی پێشکەوتنخواز! سەردەمێکی زۆر سەیر و ڕمووزن بوو، بیر کردنەوەمان لەوەیش سەیرتر هەڵدەکشا، هەموو خۆمان وەک شەهیدی زیندوو لە قەڵەم دەدا، موبتەلای شیعر بووین، بەڵام نیشتیمان هانی ئەوەی دەداین وەکو هۆکار لە شیعر بڕوانین و بەو شێوەیە تێبفکرین و ئامادەی خۆبەخت کردن بین. نیشتیمان لە هەموو شتێک نێت تر و بەرجەستەتر و موقەدەستر بوو، هەموو شتێکیش لە پێناوی ئەودا تەرخان بوو، کە ئەمە شیعریشی دەگرتەوە، ئەویش قوربانییەکی تری نیشتیمان بوو!..

هاوینی ساڵی هەشتا، ئامادەیی پیشەسازیم تەواو کرد بوو لەگەڵ کەریم پەڕەنگدا سەرقاڵی تەواو کردنی مامەڵە و سەروکاری سەفەری هەندەران بووین، جەنگی

نێوان عێراق و ئێران چەند ڕۆژێک بوو هەڵگیرسابوو. کە لە بەغدا سواری ئۆتۆباس بووین بەرەو تورکیا بڕۆین بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبووین، ئەو هەموو گەنجە عەرەبەمان دەبینی کە لەلایەن کەسوکارو دۆست و برادەرانیانەوە ماچ دەکران و بەڕێ دەخران، دڵمان پەیتا پەیتا درزی تێدەکەوت، سەرەنجام بوو بە کۆمەڵە درزێک، لەبەر ئەوەی کەس لە بەڕێ خستنی ئێمەدا ڕانەوەستابوو، کەس ئەملاوئەولای ئێمەی ماچ نەکرد تا گوزارەی "بە ئومێدی دیدار" بۆ ئێمە مانایەک دەستەبەر بکات. ئیدی من کە لەلای پەنجەرەکەوە بووم، هێشتا دەستەکان هەر لە ڕاوەشان و جووڵانەوەدا بوون کە ئۆتۆباسەکە بەسەر شەقامەکەدا داخزایە خوارەوە و شتەکانی لەبەر چاوماندا کرد بە دیمەنی بچووک بچووک و کتوپڕ دەستەکان خواحافیزییان لەیاد نەما و هێواش هێواش پەنجەکان وەک گەڵای زەرد هەڵوەرینە خوارەوە و هەموو شتێک بەجێما، تەنها هەستی کەساسییەکە نەبێ کە زۆر بێبەزەیی بوو و هەر مایەوە. من ڕووی خۆم لە کەریم پەڕەنگ وەرگێڕابوو، نەمدەویست چاوەکانم ببینێت، هەوسارم بۆ فرمێسکە لاقائاساکان بەرهەڵدا کرد بوو و زەنگۆڵیان بەست. دواجار درکم بەوە کرد کە کەریمیش خودداری لە بینینی من دەکات، چونکە ئەویش ڕکێفی بۆ بورکانەکەی خۆی بەرەڵا کردبوو و دەگریا..لە تەی کردنی ئەو ڕێگا درێژخایەنە بێسەروبەرە تروسکایی چییە لە دڵمدا جێگای نەدەبووەوە. کە گەیشتینە ئیستانبوولر، تازە کودەتا میلیتارییەکەی "کەنعان ئەفرین"ئەنجام درابوو و توندوتیژییەکانی پاشکۆشی هەر بەردەوام بوون، ڕۆژانەیش لە کۆڵان و گەڕەکەکانی ئەم شارە باستانییەدا شەڕە تفەنگ بوو، بارودۆخ فرە ناهەموار بوو، ئەو ڕۆژانە دەچووینە سەر دەریای مەڕمەڕە و بۆسفۆر، نەک بۆ ئەوەی لەزەت لە بینینی دەریاو شەپۆل و قیژە و شەقژنی ئەورەسەکان هەڵێنجین، بەڵکو تا جێ پێی نازم حیکمەت هەڵبگرین، لەو هەورە ڕەشانە ڕابمێنین کە لە تابلۆی شیعرەکانیدا لە سەرووی دەریاوە داینابوون، لەوێ ئاسمانی پێ گرژ و مۆن و عەبووس کردبوو..کەشتییەکانیش لەسەر ئەو سارا شینەدا پەرشوبڵاو ببوونەوە و هەستی دوورکەوتنەوەیان لەلادا تۆخ دەکردینەوە و وێنەیەکی میلانکۆلییان بە چاوی دەروونمان دەبەخشی..جگە لەوەیش، تا خۆمان بەوە قایل بکەین کە دنیاکەی ئێستا هەمان ئەو دنیا کۆنە نییە، بەڵام ئەفسووس..لەوێ، سەرمان لەوە دەسوڕما کە ماسیگرە پیرەکان قولاپەکانیان دەردەکێشایەوە، ماسییە بچکۆلەکان لە حەوادا هەڵپەسێردراو پەلەقاژێیان دەکرد و بەدوای پشوویەکی تردا دەمیان تا ئەوپەڕی دادەپچڕی و دواجار لەناو سەبەتەکاندا کۆڵیان دەدا و بۆ هەمیشە ئارامییان هەڵبژارد..لە سۆفیاشدا، کە ئێمە بە

شەمەنەفەر پێیدا ڕابوردین، پەیکەری دیمیترۆڤمان بینی کۆترەکان خەڵتانی جیقتەی سپی و سەوزیان کردبوو..بەڵام ڕەستاخیز لە شوێنێکی تردا بوو، لەوێ لە بوکارستدا بوو..جگەرەیەکی کێنت و پێکێک مارتینی بێهاوتا بۆ ئەبەد تەلیسمی ڤینۆسیکیان دەشکاند وتاهەتایە لە خواژنێتییان دەخست!! ئەوانە یاسا و ڕێساکانی شمەک و ماددە بوون کە تاکی ئەو وڵاتە و گەلێک وڵاتی دییان دەپلیشاندەوە و حورمەت و کەرامەتیان زەوت دەکرد، نا نا یاسا و ڕێسای ئەو مارکسییەتە بوو کە کوێرانە باوەڕمان پێی هەبوو و کەچی مرۆڤی ئاوا بێیەها و ناچیز دەکرد. ماوەیەک لەوێ مایەوە، بۆ من نۆستالژیا زۆر کاریگەر و شێلگیر بوو، گەرچی بۆ ئەوە نەڕۆیشتبووم زوو بە زوو بگەڕێمەوە، بەڵام چرکەساتێکیش نەمدەتوانی ئەو شتانە لەیاد بکەم کە بەجێمهێشتبوون، بۆیە لەبەر خاتری کەرکووک و یادەوەرییەکان بڕیاری گەڕانەوەم دا. پاش نزیکەی دوو مانگ و نیو، ماڵئاواییم لە کەریم کرد و گەڕامەوە ناو ئەو جێگایەی کە دۆزەخ کاوێژی پێ دەکرد و بە تاسووقەوە لە چاوەڕوانیمدا بوو. هێشتا هاوڕێیان پەڕەوازە نەببوون..هەر لەگەڵ گەڕانەوەمدا دەبوایە سەر لە کەسوکارەکەی کەریم بدەم، موخابن ئەو دایکە میهرەبانەی بەر لە گەیشتنم ئەم دنیایەی بەجێهێشتبوو، باری دژواری خێزانەکەیش هێندەی تر کاری تێکردم، بەڵام هیچم لەدەست نەدەهات. لە پەیمانگای تەکنۆلۆژی کەرکووک بەردەوامیم بە خوێندن دا، بە هەمان شێوەی جاران کۆنتاکتەکانمان درێژەیان بەخۆوە بینی. هێندەی نەبرد ئەحمەدی مەلا و دواتریش مستەفا گەرمیانی بە ڕێگای قاچاخ خۆیان گەیاندە ئێران..ئازاد ئەحمەد خۆی گەیاندە"بالیسان"، نەوزاد ئەحمەد چوو بۆ زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و منیش کە پەیمانگام تەواو کرد لە سەربازگەی"تاجی و موسەییەب"دا بووم بە سەرباز و پاش مانگ و نیوێکیش کە مەشق تەواو بوو، گوازرایەوە بۆ سەربازگەی "ئەلڕەشید"و جاروبار ئێواران لەگەڵ چەند برادەرێکی پەیمانگام کە لەگەڵم سەرباز بوون دادەبەزینە ناو سێنتەری بەغداد و لە هەموو فرسەتێکدا وەکو شت ونکردوویەک بەدوای کتێبخانەکاندا دەگەڕام، زۆرجار چەند سەعاتێکم لە شەقامی"ئەلڕەشید" و شەقامی "ئەلموتەنەبی"دا بەسەر دەبرد، لەناو کتێبەکاندا گەلێک جار کتێبی مارکسیی کۆنم دەدۆزییەوە، هەندێ جار دەمکڕین، هەندێجاری تر دەترسام، بە دزییەوە دەرم دەکردنە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەترسام و دەمزانی چ ڕیسکێک وەردەگرم،کەچی دەمشاردنەوەودەمبردنە سەربازگە ولەژێر پەتووە خەتخەتە سەوز و سپییە سەربازییەکا ئەوە هەوڵم دەدا بیانخوێنمەوە..بەڵام ترس هێندە بێڕەحمە قفڵی لە تێگەیشتنم دەدا..ئای چەند کاڵفام بووم، چ ئایدیا و بیرۆکەیەک بەسەرمدا

زاڵبوو وای لێکردبووم خۆم بخەمە ژێر هەژموونی ئەو پرکێشی و ریسکەی تەنیا بە یەک ناراستەدا دەیبردم ئەویش بێگومان ناراستەی مردن بوو؟ بەهەرحاڵ..لەوێ دەورەی چاککردنی تانک و زرێپۆشمان دەخوێند، ئەو دەستەیەی هەمان دەورەی ساڵی پێشتریان تەواو کردبوو نێردرابوونە بەرەکانی جەنگ و شتاقیان رێگای گەڕانەوەیان نەگرتبووەبەر. کە بەوەم زانی ترس و سامێکی بێ‌رادە دایگرتم، ترس و سامێکی رمۆک و هەدادان رەوێن..پێنج شەممەیەک بە بێ مۆڵەت وەرگرتن هاتمەوە، رۆژی دواترکە منیان بۆ گەراج برد تا بۆ بەغدا بگەڕێمەوە، خواحافیزیم لە فوئادی خاڵۆزام کرد و سواری پاس بووم، هەر کە ئەو گەراجی بەجێهێشت من لە پاسەکە دابەزیمە خوارێ و چوومە ناو پاسێکی ترەوە کە بۆ هەولێر دەچوو، کە گەیشتمە ئەوێ یەکسەر بۆ زانکۆ چووم، لەگەڵ ئەوزاد ئەحمەد و هەندێک هاورێی دی لە"بەشی ناوخۆیی" زانکۆدا چەند رۆژێک مامەوە و پاشان هەر لەگەڵ ئەوزاددا بۆ بالیسان چووین، ئەوزاد گەڕایەوە و منیش لەوێ مام. سەرەتای زستان بوو، ئازاد ئەحمەد بۆ وەرتێ چبوو، من بۆ ماوەیەک ناساغ کەوتم، کە چاک بوومەوە رێگای وەرتێم گرتەبەر، ماوەیەک لەوێ مامەوە، لەوێدا بوو کە"گارا"ی هونەرمەند و"مەریوان وریا قانع"ی نووسەر و رۆشنبیرم ناسین، پاشان لەگەڵ ئازاددا بۆ بالیسان گەڕاینەوە، ئەو ماوەیەی کە من لەوێ بووم درکم بەوە کرد کە بەراستی ئەو ژیانە لەگەڵ خودی مندا ناتەبا و ناسازگارە، بۆیە بەرامبەری هەستم بە جۆرە رەتکردنەوە و بێ ئیلتیزامییەک دەکرد، لەوە زمان درێژتریش بووم کە قبووڵی بێدەنگیی بکەم، بێگومان بەرامبەر بەو شتە نابەجێ و خراپانەی کە لەوێ ئەنجام دەدران،"دەق وەکو ئەوەی کە دواتر یەکێک بۆی گێرامەوە کە بەرپرسێکی بچووک وتبووی"...بۆ من ئازادی بە سنوور ناشنا نەبوو، سەرچاوەی جوانییەکانی ژیانیش بوو بۆیە نەمدەتوانی دەستبەرداری بم، دەشمزانی ئەم قەدەرە ئەوانی تر بۆ منیان نووسیووە، دەمزانی دەبێ بیدەمە دواوە و رەتیبکەمەوە. تەنها وەبیر هێنانەوەی ئەو هەموو گوللەیەی کە لە شەرە شوومەکەی هەشتاوسێی بالیساندا بۆ کوشتنم رەوانە کران بەسبوو بۆ ئەوەی بەدگومانیی لەبەرانبەر هەموو شتێک وەکو چەرەدووکەڵ بکشێت و هزر و هۆشم قانگبدات. ئیتر چیدی لەناو دنیای خەیاڵدا سەقامگیر نەبووم. چەندین رۆژ دوای راکردن و گەڕانەوەمان بۆ بالیسان و ئەختێک هێوور بوونەوەی دۆخەکە،لەگەڵ ئازاد لە سەربانی مزگەوتەکەی بالیساندا بە شێرزەیی پیاسەمان دەکرد، رێک هاوشێوەی ئەو پیاسانەی شەقامی جمهووری..بەڵام بە تەنها یەک جیاوازییەوە کە ئەویش ئازاد وەکو جاران لەگەڵ

منــدا گەرموگــوڕ و ســەمیمی نەبــوو، هەتــا ئێــستاکەیش ئەو هەڵوێــستەی ئەوتەلیسمێکە، بگرە پرسیارێکە و چاوەڕوانی وەڵام دەکات. زۆر هەوڵمدا قایلی بکەم هەتا پێکەوە بۆ هەندەران ملی ڕێ بگرینەبەر، کەچی بەداخەوە هەولێر و تەقەللاکانم سەرجەم شکستیان هێنا و ئیتر منیش ناچار و دڵشکاو بەرەو سەرگەڵوو ڕۆیشتم. دواتر لەو ناوچەیە لەگەڵ خەلیل کاکەیی شێوەکاردا یەکمان گرتەوە. خەلیل وەکو بەرجەستە کەرێکی تری وشەی "بەردەوامبوون"دەرکەوت، کەرکووک و هونەر و ئەدەب هەمیشە خاڵی هاوبەشی نێوانمان بوون، ئەو هەتاوە ئامادەیە بوون کە هەرگیز ئاوابوونیان بۆ نەبوو. گفتوگۆ بێدواییەکانمان لە قەڵسیی و بێزاریی بەدەر بوون، تەنانەت خەونەکانیشمان هاوکەنار بوون، بە ڕاستی خەلیل کاکەیی بە مانای وشە بۆ من دەروازەیەکی گرنگ و پانوپۆڕ و جیددی بوو بۆ هاتنە ناو دنیای هونەر و خۆشنووسیی و ڕەنگ و هێڵەوە. چەندین کاتژمێری بەپیت و فەڕ لە تابلۆیەک ورد دەبووینەوە، کات پەیدەرپەی ڕادەبورد و قسە تەڕ و بڕەکانمان هەر چکیان نەدەکرد، وەکو دوو عاشقی سەرچلڕ وبێباک وگوێ بە هیچ نەدەر وابووین، شتی هاوبەشمان گەلێک زۆر بوو، لە زۆر شت و خاڵدا یەکمان دەگرتەوە، بە تایبەتی لەو خۆ تەرخان کردنەمان بۆ هونەر و ئەدەب..ئیتر لە سەرەتای هاوینی ساڵی هەشتاوچواردا پێکەوە سەرێکی کەرکووکمان دا و لەوێ خەریکی یەکالا کردنەوەی ئەوە بووین کە چۆن خۆمان بۆ وەرزێکی پڕ لە سەفەر و پڕکێشیی و سنوور بەزاندن تەیار بکەین..بەدوای دەرچەیەکدا وێڵبووین، دەمانویست ڕۆحی خۆمان لەو هەموو پلیشانەوە و گەمارۆ قورسە قوتار بکەین. نەماندەزانی چی چاوەڕێمان دەکات. هەموو شتێک تامی خۆی لە دەست دابوو، واماندەزانی ئەوەی بەرەو ڕووی دەچین سەرزەمینی ڕزگارییەکانە، بەڵام درەنگ زانیمان"داریوش" گوتەنی:"ڕووبەڕوو سەراب، پشتی سەر خەراب..."هەر ئەیسە..سەرێکی دەڤەری کاکەییانماندا، چەند ڕۆژێک لە دێی"عەلی سەرا"وگوندەکانی دەوروبەریدا ماینەوە، قەدەرێک لە ماڵی پیاوێکدا لاماندا"خاڵە نەزەر"یان پێ دەگوت، کاراکتەرێکی تۆڵستۆییانەی دلۆڤان و پڕ میهری هەبوو، تەنها و تەنها لەژێر چەتری بێڕادە گەورەی دلێ و کاریگەریی یاسای خۆشەویستییدا هەڵسوکەوت و مامەڵەی دەکرد، بەڕاستی سەیر بوو، پیاوێک بوو دەتگۆ لە ئەفسانەوە دەرچووە، دەتگو لە ڕووباری پیرۆزی حەکایەتە کۆن و ڕەسەنەکان ناوی ڕەنگاڵەی خواردۆتەوە، زۆر خزمەتی کردین و بەتەنگمانەوە هات، پاشانیش بە پیکاپەکەی خۆی ڕێگای گەڕانەوەی بۆ کورت کردینەوە، ماوەیەک دوای ئەوە لە ئۆردووگای کەرەج هێندە بیرم لەو ڕەفتار و دەمودوو

جوانانەی دەکردەوە، ڕۆژێک یادە ئاوازەکانی بوون بە شیعری "ئەگەر ئەمجارە بێمەوە"کە وا دەستی پێدەکرد:

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە

لەبەر دەرکەی خاڵە نەزەر وێستێ دەگرم

لە خۆشی دۆیەکی خەست و دوو چای شیرین

پڕ بە گۆزەڵەی غەریبی ئێستام دەمرم..

و پاشان فەوتا..دوای ماوەیەکی تری ناسەقامگیریی و لە هەموو شوێنێک بوون، وامانـدەزانی نیشتیمان جێگۆڕکێی لەگەڵ تاراوگەدا کردووە. تا نیشتیمانی بزربووی خۆمان بدۆزینەوە لە سورداشەوە بەرێ کەوتین، وەلێ ئەوەی کە دواتر دۆزیمانەوە ماڵێکی دوور بوو لە قووڵاییەکانی نۆستالژیادا، نۆستالژیایەک ئەبەدییەتی دەپۆشیی..بێگومان لەناو ماڵی نۆستالژیادا شارێک بەهەشتی یادەوەرییەکانە..ناوەکەی وەکو خاڵ لەسەر گیانی ڕۆحماندا کوتراوە.ئیتر لە هەموو شوێنێک، لە هەموو شارێک کە پێی تێدەنێم، هەوڵ و کۆشش دەدەم لە ڕێگای یادەوەرییەکانەوە ئامادەیی بە هاوڕێیانی ئەوێ ببەخشم تاکو دیسانەوە ئەزموونی ڕابردوو- ئەزموونی کەرکووک بکەم بە پاڵنەرێک بۆ بەردەوامیوون، تاکو دیسانەوە هەستی تێدا هەڵکردنم بخرۆشێنم..لە ڕاستییدا بە بێ ئەو برادەرانە هەرگیز ناتوانم تەسەووری کەرکووک بکەم، چونکە ئەو شوێنێکە و ئەوان ڕۆحین و لەو بڕوایەدام کە بۆ من هاوبەهان، بۆ من نوێنەری بە ئەمەکی شارەکەن و شارەکەیش نمایندەی بە وەفای ئەوانە..هێشتایش زستانی ئەو ساڵە یادم دەرچێنێ کە تێیدا نەخۆش کەوتم، کۆتایی ساڵی حەفتاونۆ بوو، نەخۆشییەکی وایش نەبوو، کەچی گەلێک پێی دڵتوند و نیگەران بووم، لەناو جێگا کەوتبووم و بێ تاقەت و حەوسەڵە بووم، دایکم دەیشێلام ومنیش بیرم هەر لای ئەو هاوڕێیانەم بوو، وەکو دیاردەیەکی بێ ڕاقە وێنای مردنم دەکرد، کتوپڕ گوزارەی "ئیتر نایانبینم"وەکو شەمشەمە کوێرەی سەدا فەزای ئەندێشەمی تەی کرد، بۆ ئەوەی هەستەکانم لەدایکم بشارمەوە، ڕووم لە دیوارەکە کرد و هەوڵێکی سەرشەقم دا تا کاوێژکردنی چاوەکانم سەرکوت بکەم، یەک یەک ناویانم دەهێنا و لێوەکانم ئەو گوزارشتەی پێشوویان هەڵدەهێنایەوە، دڵتەنگیم تخووبەکانی خۆی بەجێدەهێشت..وەلێ کە ڕۆژی پاشتر چاوەکانم بە ڕووی ئاسمانێکی بێگەرد و سافدا هەڵهێنایەوە زانیم کە

هێشتا هەر زیندووم، هێشتا هەر لێرەم و بینینیان مەحاڵ نییە، ئەوسا تێگەیشتم کە پەیوەندیم لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا ڕووکارانە نەبوو، حاڵیبووم لەگەڵ ڕۆحیاندا پەیوەندییەکی نهێنیی ئامێزم هەبوو، ڕۆحی ئەوان کە دواتر پەییم بەوە برد ڕۆحی شارەکە خۆیەتی..بێگومان دوای چەند ساڵێک تاراوگە لە نێوانماندا ڕۆڵی ئەو مردنەی گێڕا کەمن لێی هەستامەوە و بووبەهۆی ئەوەی جارێکی تر گوزارەی "ئیتر نایانبینم" لە یادەوەریم زیندووبێتەوە و لە بیریشمدا بەرجەستە بێتەوە..خولاسە ئەمە ئەو تەماهییە بوو کە لە نێوانماندا بەرقەرار ببوو..دواجار ئەوەی لە نیشتیمان مایەوە تەنها شارێک بوو، ئەوەی لە شارەکەیش مایەوە شەقامی جمهووری و شیعر و کتێب و پیاسە دوورودرێژەکانم بوون.ئەوە خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ من کە درک بەوە بکەم ئیدی هەتاهەتایە لە ڕێگای ئەوانەوە نیشتیمان خۆی دەنوێنێ و زیندووە...

کۆتایی ساڵی هەشتاوچوار، لە ژێر تۆپبارانێکی خەستدا، زینۆی سوورمان بڕی و لە کەوشەنی سەردەشتەوە بۆ ناو ئێران ڕۆیشتین، هێشتا گیرفانەکانم لە گۆیژە سوورەی درەختە پەرتوبڵاوەکانی قەتپاڵی زینۆی سوور تژی بوون، یادەوەریشم لە تامێکی ڕەنگاوڕەنگ تژی بوو کە بۆ هەمیشە پارێزگاری لێدەکات و دەیکات بە خۆراکێکی مەعنەوی بۆ ڕۆحی هەمیشە داواخوازم. ئیتر شەوە تاریکە هاودەمەکانی تەنیایی ئۆردووگای "کەرەج"م، شاملۆ و نیما یۆشیج و خەییام و بابا تاهیر و فرۆغی فەڕووخزاد و سوهرابی سوپەهری و بزوورگی عەلەوی و عەلی ئەشرەف دەروێشیان و سادقی هیدایەت و مەحموود دەوڵەت ئابادی و...بە ئەفسوونی هەتاوە دوورەکانی هەزار و یەکشەوە ڕووناکی دەکەنەوە و دەبم بە کاراکتەری بەرجەستەتری دنیایەکی جیاواز و هەوڵی زیاتر دەدەم لەمیانەی ئەزموونی خودیی خۆمەوە لەم جیهانە تازەیەی تاراوگە بڕوانم. ئەمە سەرەتایە بۆ گۆڕان، بۆ بوون بە کەسێکی تر، کەسێک کە چیدی نایەوێت پۆرترێتێکی یەک ڕەهەند بێت لەناو چوارچێوەیەکی بچکۆلەدا..ئێرە ئێستگای ئاشنابوونە بە خەڵکانێک، بە ئاسۆکانی خوێندنەوەم بەرفراوانیی دەبەخشن، بە "مفرد بێیغە الجمع..و زمن الشعر..و اسماعیل"ی ئەدۆنیس و قەسیدەی "مدورە"و "عبر الحائگ فی المراە"ی حەسەب ئەلشەیخ جەعفەر و دنیای ئەفسووناوی و وێڵگەئامێزی مارکیز و ئۆستۆریاس و..هەرچییەکی تریشیان دەست بکەوێت ئیرەییان نییە و درێغی ناکەن چەند ڕۆژێک بەمنیشی بدەن و بە تاسووقێکی کێوییانە و شەهوەتێکی سەیر و بێسنوورەوە هەڵیانبلووشم. ئەمانە لەو داهێنانانە

تەواو جیاوازن کە بە حوکم وسەپاندنی ڕەوش و ژینگەیەکی ناتەندروست دەبوایە مامەڵەیان پێبکەم و بیانخوێنمەوە."زمن الشعر"کتێبێکی ئەمەندە گرنگ و بیری حازربەدەست گۆڕەڕە کە بونیادی هەموو شتێکم لێ ئاڵوگۆڕ دەکاتەوە، پێم وایە هەر تەنهـا بەسـەر کـردنەوەی ئەم کتێبە پڕ بـایەخە وام لێدەکات پەی بەرم کتێبخـانەیەکی بێشوومار و نایـاب و سیحراویم خوێندووەتەوە. ئێرە وەکو وتم ئێستگایە، تێبینیی هەموو جۆرە کەسێکی تێدا دەکەیت، پێشمەرگەی ڕووخاو و بێ ورەی پاش شەڕی براکوژی، بیماری دەروونیی، ڕۆشنبیر، شۆڕشگێڕی خەوبین، ناپـاک و دایـک خـۆگێ، جاسـووس، سـەربازی هەڵاتـوو، چـاش، گەواد، هاوڕەگەزباز، خواپەرست، هۆمۆسێکسوەلر، فشەکەر و خۆ هەڵکێشی ئەوتۆ کە لە مێـژوودا قەتـاوقەت جێیـان نـابێتەوە و زۆر نمـوونەی سـەیری تـریش. بگوزەرێین..لێرە لەگەلر کۆمەڵێ ڕۆشنبیریی عەرەبی عێراقی تەماس دەگرم کە بێگومـان دوای ناسینیان دنیاکەم تەواو دەگۆڕێت، لەوانە"جەمال جومعە، جەمال مستەفا عەبـدوڵڵا، حەمیـد ئەلعوقـابی، کەریـم ناسـر، عەلـی ئەلخەییـات، کەریـم ئەلئەسدی"و..چەندانی دیش کە ئەخشێکی دیار لە گۆڕینی تێفکرینمدا دەبینن، بە تـایبەتیش "جمـال مستەفا عەبدوڵڵا"کە لەهەموویـان زیـاتر لێم نزیـک دەبێتەوە و تەمـاهی لەگەلر هـاوڕێ گرنگەکـانی کەرکـووکم دەکـات..هـانم دەدات هەنـدێک لە شیعرەکانی خـۆم وەربگێڕم، تـامەزرۆیە ڕەهەنـدەکانی ڕۆشنبیریی و کلتـوورێکی دیکە بدۆزێتەوەوخەزینی فیکر و مەعریفەی خۆی پێ پڕتر بکـات، چونکە دڵنیـایە بەو شێوەیە مرۆڤی شـاعیر دەوڵەمەنـدتر دەبێـت، دەزانێـت تێگەیشتن لە دنیـا لەو سـەفەرەوە دەسـتپێدەکات کە بەنـاو ڕۆشـنبیریی و کلتوورەکـانی تـردا تێـی دەپەڕێنێـت..زۆرجـار لەگەلـر جەمالـدا لە ئۆردووگـاوە بـۆ تـاران دەچـووین، لە ئوتێلێکی تـابڵێی هەرزانبەهاو خراپی کووچەی عەرەبدا ژوورێکی بچکۆلانەمـان دەگرت، من دەمەوعەسر دەچووومە باکووری شار، ناوچەی نزیـک کۆنسوڵخانەکان و برادەرێکی خانەقینیم لەوێدا کاری دەکرد و هەندێ خەڵکی مەسیحی دەناسی کە بەدزییەوە عارەقیان دروست دەکرد، سەرباری ئەوەی کە دەمزانـی قەدەغەیە و گەر بمگـرن تووشـی جەڵدە و زینـدانی دەبم، کەچـی هەر پڕکێشیم دەکـرد و دەمکـڕی، دەشـێ مەسـەلەکە بـۆ ئەو کـاتە هەر تەحەددا کردنێکـی بـێ بیرکـردنەوە بوویێت، بە ڕاستیی ئەو سەروەختانە تەحەددا کردن لە یارایەکی شیعریی بێرادە تژی دەکردم و دەیکـردم بە کەسێکی دی..دوو بـوتڵی پلاستیکیم لـێ دەکـڕین و دەمخـستنە بەینـی چەند کتێب و ڕۆژنامەیەکی کەیهانەوە و کە تـاریکیی چۆلەکەکـانی بێدەنـگ دەکـرد و هەموو شوێنێکی بە ڕەنگی خـۆی دادەپۆشـی ئەوسـا دەمهێنـانەوە، دەتگۆ زارێکی

چڵێسم لیکی شادییەکی بێڕادەم لێوە دەتکا، وەک بڵێیت مەدالیای بردنەوەی پێشبڕکێیەکی گرنگم پێبەخشرا بێت، لەوێ، لەو ژووره نیمچە نووتەکەی ئوتێلە پەڕپووتەکەدا پێکەوە دەمانخواردەوە و ئەوەندەی تر لەسەر باسکردنی شیعر و بەسرا و کەرکووک گەرم دەبووین، ئەوەندەی تر لە خوێندنەوەی شیعر و گوێگرتن گەرم دەبووین..ئیتر نا بەو جۆرە، ئەو برادەرە عەرەبانە وێنای شیعرێکی جیاواز لە شیعری گۆران دەکەن وهێدی هێدی هانم دەدەن ئەدەبێکی دیکەی جیاواز لە ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست تاوتوێ وموتالا بکەم..کە پێشتر لەبەر مەسەلەی هەڵوێست و ئیلتیزامی باوی سەردەم خۆم لێیەوە بەدوور دەگرت، ئەدەبێک بە قووڵیی لە مرۆڤ دەدوا و گوزارشتی لە مەینەتی و چەرمە سەرییە بێدواییەکانی دەکرد، فەلاکەت و موسیبەت و نافاتەکانی ژیانی ئاشکرا دەکرد..ئەو ئەتمۆسفێرە تەندروستە دنیابینیمی فراوانتر و کاریگەرتر کرد، لێرەوەیە کە ئیتر لەوە حاڵی دەبم کە"گەڕان"بەدوای هەرشتێکدا تەقەلالای زۆری دەوێت. ئەگەرچی"گەڕان"تەنیا وشەیەکە، بەڵام چەمکێکی گرنگی ژیانە، سەنگوسووژ و شەنوکەو کردنی ڕۆشنبیریی و کلتوورەکانی دی سەرچاوەی کەشفکردنێتی و لە موتوربە کردنی نووسین و داهێناندا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت و ئیدی هەرگیز ناتوانم دەستبەرداری بم. لێرەدایە کە ئیدی شیعر جێگایەکی ماقووڵتر و بەجێتر بە ژیانی خۆم دەدات کە لە هەموو شتێک زیاتر پێی ئاشنام و ئاسانتر دەتوانم گوزارەی لێبکەم..جێگایەکی شایستە بەو شتە سادە و ئاساییانە دەدات کە دەکرێ جیاوازی گەورە لەژیاندا وەدی بهێنن. نزیکی و تێکەڵبوونم لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرە ناوبراوانەدا وای کرد کە تێگەی پێشووم بەرامبەر بە شیعر کاژوواژ بێت و سەرانسەر بگۆڕێت. ئیتر لەناو زماندا فێری خەون بینین بووم. ئەگەرچی من درەنگ درکم بەوەکرد وشە، کە یەکەی زوبانە، کاتێک خەتەرناک دەبێت کە مانا لە پشتییەوە بێت، بەڵام درککردن بە شتە گرنگەکانی زمان و نووسین دوایش بکەوێت ئینگلیز وتەنی هێشتا هەر درەنگ نییە. ئیتر دەمویست بە زوبان نیشتیمانێک دابهێنم، لەناو ئەو نیشتیمانەدا بە دڵ و بیر وئاوەزیش دەوڵەمەند دەربکەوم، بە کورتی ئاشق بووم، شیفتەی ئەوە بووم خۆم زمان بخەمە ناو کۆنتێکستێکەوە کە بە خودی خۆم تایبەتمەند بێت، ئەو کۆنتێکستەیش بوو بە کەڵکەڵە، بوو بە خولیام کە لەناو شیعردا تەوزیفی بکەم. ئیتر لەوەوە حاڵی بووم کە تەقاندنەوەی زمان لە شیعردا یانی بارگەدار کردنی بە ئاسۆیەکی لەوەی خۆی بێسنوورتر، یانی بەخشینی مەودایەکی بێکۆتاتر بە زمان هەتاکو مانا و دەلالەتی جیاواز و پتر لەخۆ بگرێت، یانی تێپەڕاندنی ڕووکەش، تێپەڕاندنی ڕەهەند و ئاستە

دیارەکان بەرەو ڕەهەند و ئاستە نادیارەکان..تێفکرین لەوەی کە ئەبجەدییەت چۆن دەتوانێت جگە لەو دونیا ئادژەباوەی کە زمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێنەی دەکێشێت، دنیایەکی شاردراوە و نادیار، بەڵام لە ڕێگای لێخوردبوونەوەوە درک پێکراو بونیاد بنێت..ئەزموونی ژیانم بە تەماس لەگەڵ ئەم دۆستانەی هەڵکەوتدا بە شێوەیەک دەوڵەمەندی کردم کە بەردەوام ئەو شتانە بخەمە ناو شەقڵی نووسینەوە کە لە میانەی ئەزموونی خودیی خۆمەوە دەیانبینم، یان خۆم ئازمایشم کردوون و بە کامڵیی توانام بەسەریاندا دەشکێت، ئیتر لەکاتی شیعر نووسیندا کۆششی ئەوەم دەکرد جەستەی نووسین بە دوو ڕەهەند موتوربە بکەم، دەرەوەی وەکو شووشەیەکی دیودیار و شەفاف وابێت، ناوەوەیشی وەکو تەلیسمێک وابێت، تۆپێکی کریستاڵیی بێت، هەڵگری تەمومژێکی نادەستئەنقەستی جوان بێت، هەتا خوێنەری چیکڵدانە تەنگ و پەلەکەر و خوێنەری ئەفەس درێژ و جیددیش هەتا ئەندازەیەکی بەڕێ وجێ ئامانجی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە و بگەنە کلایماکسی چێژ و سڕیی و سەرسامبوون..بەڵێ ئەو هەموو سەرنج و تێبینیی و گفتوگۆیانەی لە نێوانماندا بەرپا دەبوون بەردەوامییان بە شتێک دەبەخشی، ئەویش شیعر بوو..شیعر بە پێچەوانەی جاران دەبوو بە فیلتەرێک و ڕۆحمی لە ئایدیۆلۆژیا و تاکڕەهەندیی و خڵتە پیسەکانی پاک دەکردەوە و بەرانبەر بە تراژیدیاکانی ژیان توانای بەرگەگرتنی پتری پێ دەبەخشیم..شیعر دەبوو بەو ئێلیمێنتەی ژیان کە ئەمدەتوانی دەست هەڵگری بم. بە کورتی لەبەر ئەوەی منی دەکرد بە ئیندیڤیدوالێکی تر و هەستم دەکرد جوانتر کردنی خۆ کە تەنها و تەنها لە میانەی ئەوەوە بە ئەنجام دەگات تاکە ئامانجی بێهاوتای منە، هیچ شتێکیش توانای ئەوەی نییە ببێتە ئەڵتەرنەتیڤی ئەو جوانییە و تەماهی لەگەڵدا بکات.وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، جەمال مستەفا و ئەوان زۆر هاندەرم بوون، کە گەیشتنە"دانیمارک"یش سەرومڕ ئاگاداری هەواڵر و دەنگوباسی یەکدی بووین، جەمال زوو زوو نامەی بۆ دەناردم و داوای لێدەکردم شیعری خۆم پەرچڤەی عەرەبی بکەم، چونکە لەوێ ماوەیەک خەریکی دەرکردنی گۆڤارێک بوون بە ناوی"الێوت"ەوە، وەکو خۆیشی لە نامەیەکدا ئاماژەی پێدابوو دەیانویست بیکەن بە مینبەرێک بۆ شیعری نەتەوەکانی دی، بە تایبەتیش بیکەن بە پەنجەرەیەکی کراوە لەبەردەم شیعری نوێی کوردی. ئیدی بە هاندانی پەیدەرپەی ئەو شیعرێکی خۆم کە دوای چوونە سوریام و لە سەروبەندی ڕووداوەکانی هەڵەبجەدا بەناوی"لەوێدا کیمیا دەبارێت"ەوە نووسیبووم، وەرمگێڕا. بێگومان هەڵچوون هەناسەسواری کردبوو، سۆزێکی خاوی بەسەردا زاڵبوو، بەڵام وادیار بوو وەرگێڕانە کەم شپرزە و سەرنەکەوتوو

بوو بۆیە بڵاویان ئەکردەوە. وێرای ئەوەیش هەوڵەکانم هەر بەردەوام بوون و پاش چەند ئەزموونێکی لەو بابەتە شیعرێکی "مەوجوود سامان"م وەرگێڕا کە کاتی خۆی لە شاخ لە نامیلکەیەکی بچکۆلەدا چاپ و بڵاوکرابووەوە، شیعرێکی درێژبوو بەناوی "کۆچی ڕۆژهەڵاتی"یەوە، وێدەچوو تێیدا لە هەوڵەکانی پێشووم سەرکەوتوو تر و بەخت یارتر بوویم، بۆیە کە ناردم چەند کۆپلەیەکیان لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردەوە. لێرەدا بوو کە تابلۆ و پەیکەرە برۆنزییە ئۆریگینالە جیهانییەکانم دیت، لێرە سەرسامیم بە فرانسیس بیکۆن و کاندینیسکی و پۆل کلێ و مۆنێ و ڕینێ مارگریت وهێنری مۆر و جیاکۆمیتی و جۆرج براک و..پەیدا کرد و بووم بە عاشقی سەرسەخت و ئالوودەی شیعرە ئەزموون چۆڕ و ئیحا لە ژیان وەرگرەکانی فڕوغ و دواجاریش خودی خۆی، چونکە لەڕاستییدا شیعر و شاعیری ڕاستەقینە دەمکەن بە مرید و دەروێشی خۆیان..چونکە کاتێک کە شیعر بوو بە گوزارشت لە ئەزموونێکی پێداگر و خۆسەپێن، ئیدی خوێنەر دڵبەستە و عاشقی شاعیرەکەیشی دەکات، ئیدی بۆ هەمیشە لەبەردەم ڕۆحێکی ترانسێندێنتاڵدا هیپنۆتیزەی دەکات..منیش وام لێهات و چوومە ناو تاریکییە ئەفسانەییەکانی ئۆردووگا و هەندێک لە خەڵک دوور کەوتمەوە، بەو ئومێدەی لەو نزیکتر بکەومەوە، ئیتر بوردەبارانە سەرقاڵی وەرگێڕانی کۆی دیمانەکانی فڕوغ بووم کە"سیرۆس تاهباز" لە نامیلکەیەکدا کۆی کردوونەتەوە، کە پاش ئەنجامدانی دەستنووسەکەی و دەستنووسی شیعرەکانی خۆم و کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی خۆم و کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی یەشار کەمال و ئۆ هێنری و دەروێشیان و عەزیز نەسین کە وەرمگێڕابوون و بۆ جنێڤ بۆ ئەحمەدی مەلام نارد و دواتر لە پۆستەدا، لەمیانی جنێڤ و لەندەندا سەرنگوم بوون..زۆر هەڵسوکەوت هەیە دەیانکەم، بەڵام وەڵامی ئەوە شک نابەم کە بۆ دەیانکەم! لەوانە..نازانم بۆچی ئەو سەروبەندە بوو بە خولیام ئەو گۆڕستانە بدۆزمەوە کە دوا ئارامگای فڕوغ بوو..؟ دەستەویەخەی گەڕان و پرسیار بووم..پاش بێدارییەکی عاشقانە و ئینجا خەوتنێکی ڕۆحییانە لەگەڵ فڕوغدا، بەیانییەکی زوو گۆڕستانی ناوداری "عەزیم ئەلدەولە"م دۆزییەوە، دووربوو، لە باکووری تاراندا بوو، لە دەروازە ئاسنینە نایابەکەیم دا، پیاوێکی کامڵی خەواڵوو لەودیوەوە داکاساو و سەرسام تێی دەڕوانیم، تۆزێک هاتە پێشەوە و وەکو بڵێت لەگەڵ دیوانە یان شێتێکی پۆشتە و پەرداخ دا بدوێت، بە ڕیشخەندێکەوە وتی: چیت دەوێ؟ منیش وتم: هاتوومەتە ژووانی خاتوو فڕوغ..وابزانم کە ئەوەم وت لە شێتیتیم دڵنیاتربوو، حەپەسانەکەی ئەمجارە ناوێتەی گاڵتەجاڕیی بوو، وتی: خاتوو فڕوغ خەوتووە، ناتوانم دەرگات

لێبکەمەوە، قەدەغەیە..بیرم کردەوە درۆیەکی سپیی بۆ بکەم بۆ ئەوەی لۆژ لۆژ نائومێدانە ئەگەڕێمەوە.. پێم وت: حاجی ئاغا بە قوربانت بم من ئەو هەموو ڕێگایە لە"کەربەلا"وە هاتووم، توخوا هەروا مەمگێڕەوە..ناخانەیش هەندێک پاڕامەوە و سەد تەمەنییەکیشم پێی بەخشی..دیار بوو وشەی"کەربەلا" لە هەموو شتێک پتر ئەفسوونی خۆی کردبوو..تەماشایەکی ئەملاوئەولای خۆی کرد، هێشتا زۆر زوو بوو، کەسیش دیار نەبوو..بە هێواشی بەگوێمدا چرپاندی: زوو گەشتەکەت تەواو بکە.دیارە گەشتەکەی من بەوە دەچوو ژووانێک بێت لەگەڵ خودی شیعر خۆیدا..گۆڕەکە، تاتە بەردێکی ئەستووری مەڕمەڕیی لاکێشەوار بوو، پارچە شیعرێکی خۆی لەسەریدا هەڵکۆڵرا بوو، پێم وابێت شیعری"پرندە مردنی است"بوو. کتومت بەو تاتە بەردانە دەچوو کە ئاشوورییە باستانییەکان بۆ نووسینەکانیان بەکاریان بردبوو، گۆڕێکی تابڵێی سەر سووڕهێنەر، پانوپۆڕ و گەورە بوو، هەستم کرد لەم دنیایە بێ مەوداتر و بێسنوورترە، بەخۆم وت: جێگای خەونە لەبارچووەکانی منیشی تێدا دەبێتەوە، ئیتر وەکو حاجییەک بەدەستم جەستەی مەڕمەڕەکەم ئەوازش کرد و وەکو مەدهۆشێک لەسەریدا ڕاکشام، زێوانە بەساڵداچووەکە لە بێ باوەڕییدا چاوەکانی هەڵدەپلکاند، دەمویست پێی بڵێم من زالوو نیم، جنۆکەیش نیم، چاوەکانت هەرگیز درۆ ناکەن، ئەم ئاوێزانییە بۆ من گەیشتنە بە مراد، گەیشتنە بە سەرچاوە، کە شیعری ڕاستەقینەیە..دوای قەدەرێک دوورکەوتنەوەیش، کە بە چاوی لێڵەوە ئاوڕمدایەوە هێشتا هەر لەودیو شیشەکانی دەروازەکەوە وەستابوو، وەک ئەوەی هێشتاکە هەر کەسیرەی بینینی پەرجوویەک بێت، یاخود درەختێک بێت و براوسکەیەکی ناکاو سەوزیی لەبیر بردبێتەوە.

ئیدی کە من بووم بە کتێبێک و شیعریش بوو بە کاراکتەرێکی سەرەکی تێیدا، نۆڕمەڵیی هەموو خەسڵەتەکانی خۆی لەدەستدا، هەموو شتێک گۆڕا..تاراوگەیش ئەوەندەی وێنا دەکرا دزێو نەبوو، مادامەکی یادەوەریی دەورووژاند، مادامەکی شیعری دەکرد بەوماڵەی کە شوێنی جوانییەکانە و هاوسەنگیی دێنێتەوە ناراوە..کەرکووکیش هێندە دوور نەبوو، ئەگەر لەوێشدا لە باوەشی نەبوومایە، ئەوا ئەو لەناومدا ئاوەدان بوو، ترپەکانم گەمارۆیان دەدا، تەنها ئاوڕدانەوەیەک هەموو مەوداکەی دەسڕییەوە..تەنها ئاوڕدانەوەیەک منی دەگەیاندەوە ئەو دنیایەی لە قووڵایی خودئاگا و ناخودئاگای خۆمدا پاراستبووم، تا بە هیچ کلۆجێک لێی بێبەریی نەبم. ئەو ماوەیەیش کە لەگەڵ خەلیل کاکەییدا پێکەوە بووین بەڕاستی ماوەیەکی دەوڵەمەند بوو، هەمیشە هەستم دەکرد بەدوای

ئەپۆلۆدا دەگەڕێم.. هەستم دەکرد خەلیلیش گۆگانێکە و بەدوای ڤانکووخی هونەردا عەودالە..دەمەتەقێکانمان هەتا ئەبەد بەدوای تێگەیشتن و چێژ ولەزەت وەرگرتن لە هونەروئەدەب درێژ دەبوونەوە، گەڕانەکان هەردەم ئامانجەکانی خۆیان دەپێکا. کتێبخانە بێئەژمارەکان، گالێرییە پەرتوبڵاوەکان، مۆزەخانەکانی هونەری هاوچەرخ، شوێنەوارە هەمەجۆرەکانی تاران، چالاکییە ڕۆشنبیریی وهونەری وئەدەبییەکانی بیوورڕۆ کلتوورییەکانی باڵوێزخانەکان کۆتاییان ڕەت دەکردەوە. کە تازە گەیشتبووینە ئەوێ، پەلە پەلی ئەوەمان بوو زوو سەفەر بکەین، بۆیە خۆمان هاویشتە ناو پڕکێشییەکەوە، ویستمان بە قاچاخ وساختە لە فڕۆکەخانەی "مهرآباد"ەوە بڕۆین، بەڵام بەخت یاوەرمان نەبوو، یەکێک بوو بە باعیس و گیراین و پێیم وابێ نزیکەی چوارمانگ لە گرتووخانەی زەبەللاحی "قەسر"ی تاران توند کراین، بە ڕاستیی کاتێکی بێئەندازە خەمگین و قورس بوو، شوێنێکی تابڵێیت تاریک و دڵتوندکەر و پڕ لە تاوانکار و شێت و دەستدرێژکەری سێکسیی بوو، کەم شەو هەبوو بتوانم بە ئاسوودەیی بخەوم، دەبوایە تا دەمەدەمی بەرەبەیان هاوار و شیقڕن و گریانی ئەوانە گوێچکەکانم خۆشە بکات کە بەرەو سێدارە و مردن دەبران، دەیشبوایە ئاگام لەخۆم بێت، قورئان بخوێنمەوە و تێکەڵی کەس نەبم نەبا دەستدرێژی بکەنە سەرم و لاقە بکرێم!..مەچەکی کەلەپچەکراومان چ هەستێکی دەورووژاند کە بەکۆڵانەکانی "توپخانە"دائێمەیان بەرەو دادگا دەبرد، دوای تەواو بوونی ماوەی زیندانییە کەیشمان، کە لە ئاوەندی بەهاردا بوو، کە بە ماشێنی پۆلیس بۆ ئۆردووگای "زوب ئاهن"ی کەرەج ئێمەیان بردەوە، لە ڕێگادا،سەوزایی دارەکان چ هەستێکی سێکسیی سەیریان لەناوپاییزی دەروونمدا دەبزواند..ڕێک دەتوت بیابانێکی ڤڕوقاتم و بەهەشتێکی پاراوم پێشکەش دەکرێت..پێویستیم بە ماوەیەکی درێژخایەن هەبوو تا لەو خەونە کێوی و جەنجاڵانە خۆم بتەکێنم کە دەبوونە مایەی وروووژاندنێکی بێبەزەییانەی غەریزە و منیان دەکرد بە ئاژەڵێکی چەمووش و بێ بەندوبار..نیتر کە هێواش هێواش هاتمەوە مەدار، کەفوکوڵر و خرۆشم دامرکایەوە، پەلەکردنم بەیاد سپارد..پاش ئەو موغامەرەیە، ئایندە هێندەی تر لێم دوورکەوتەوە و پێیم نەکرا بە جەستەی بگەم..بەڵام ڕابردوو باشتر لە ژێر دەستڕەسمدا بوو، بۆیە هەردەم لەمیان تازە هاتووەکاندا بۆ هاوڕێیانی شەقامی جمهووری چاوم دەگێڕا و لە سەنگوسووژ نەدەکەوتم. ئەو سێ ساڵەیش کە لەوێدا نیشتەجێ بووم، هەمیشە تەسەووری ئەوەم دەکرد ڕۆژێک لەمیان ئەو بە لێشاو هاتووانەدا"ئازاد ئەحمەد"ببینم، نەمدەزانی بۆچی ئەو لە هەمووان زیاتر لە

دەرگای ئەندێشە و بیری دەدام، وەلێ موخابن هاتنی ئەو خەونێکی گرانبەها و تەقریبەن مەحاڵ بوو، هەر وەکو خەونیش مایەوە و درێژەشی بە خەونبوونی خۆی دا. بێگومان کەسانی دی وەکو"گارا"ی شێوەکار، کە پێشتر لە وەرتێ ئاشنای بیووم، هاتن..کە لە هاوینی هەشتا و چواردا بەیەکەوە سەردانییەکی کەرکووکمان کرد لەگەڵ دۆستی زۆر خۆشەویستمان "ئەییوب شەریف"ی شێوەکاردا یەکمان گرتەوە،کە ساڵێک بەر لەوە لەگەڵ یازدە هونەرمەندی شێوەکاری شاردا بە سێ تابلۆی ڕیالیزمییانەی تەعبیرییدا بەشداری لە پێشانگای شێوەکارانی کەرکووک لە سلێمانیدا کردبوو، چەند ساڵێکیش دواتر بە کارەساتی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی کرد. ماوەیەک پێکەوە بووین و ئەو پچڕانە کاتییەمان پێکەوە گرێدایەوە و دەق وەکو جارانی زوو، ئێواران دەچووینە یانە و بارە تاریکە لە دەنگی خەمگینی ئوم کەلسووم پڕاوپڕەکان، وەکو قەیاغەکەی ڕامبۆ تا ئەو پەڕی مەست دەبووین و لە هەموو شتێکەوە دەممان دەژەند، داهێنان، هونەر، شیعر، سیاسەت، عیشق، کەرکووک، هاوڕێیان، کتێب کتێب کتێب..کەچی زۆر سەیر بوو کەسمان بچووک ترین مەودای بەردەمی خۆی نەدەبینی و بەرنامەمان هەر ئەوە بوو کە لەسەر شیعر و هونەر و شتە پەیوەندی دارەکانی ترو لەسەر ئەوەی کە سەرقاڵی بووین بەردەوام بین و پاشەڕۆژیش تیشکەکانی ئەو چرکەساتانە ڕۆشنیان دەکردەوە کە تێیدا وتووێژەکان ئێمەیان پێک دەگەیاند. زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی شیعر و هونەر و ئەدەب زەمەنیان دەبەزاند..ئیتر بەیانی زوو بەدواماتدا دەهات و بۆ گەڕەکی "تسن"دەیبردین و لەوێ قاوەڵتی سەروپێمان دەکرد و بۆ پیاسەی شەقامەکان دەگەڕاینەوە..ئاوابوو، هەر دەڵێی ئەم شتانە لە ژیانێکی ترمدا ڕوویانداوە نەک لەم ژیانە، بۆیە هەمیشە چاومان لەو ڕابردووە و لەو تێکەڵبوون و نزیکییەیە کە ئەو توێژەی ئینتیلیجنسیا ڕەنگەکانی خۆیانیان پێبەخشیووە..جگە لەو کەسی ترم نایەتەوە یاد کە ئەوەندە ئەربابی هونەر و ئەدەب بووبێت و لەوێ دیدەنیم کردبێت و یاخی بووبێت لەوەی کە یاد و قەڵەم بەسەری بکەنەوە..دیارە پاش سەرفیراز بوونمان لە زیندان، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەوێدا توانیمان یەک ژمارە لە گۆڤارێکی بچکۆلانەی خاکەڕا بەناوی "زەنگ"ەوە دەربکەین. هەڵبەتا پێشتر چەند جارێک لە ماڵەکەی خۆی لە کەرەج سەرمان لە مامۆستا هەژار دابوو کە ئەو کاتە بێلێبڕ مژوولی فەرهەنگی"هەمبانە بۆرینە" بوو و لەگەڵیشیدا کۆمەڵێک باس و خواسمان لەبارەی بارودۆخی ئەدەب و هەموو شتێکی تر ورووژاندبوو، ئەویش برادەرانی لقی هەشتی پارتی لەوە ئاگادار کردبۆوە کە هەندێک لاوی ڕۆشنبیر و هونەرمەند

و ئەدەبدۆست لە ئۆردووگای کەرەجدا بەرقەرارن و وای بە باش زانیبوو کە لق پەیوەندیمان پێوە بکات و ئامادەی ئەوە بێت کە دەستی کۆمەکمان بۆ درێژ بکات..ئیتر داوایان کردبوو سەردانییان بکەین، ئێمەیش، من و خەلیل کاکەیی ڕۆیشتین و دەرەنجام ئەوان ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو کۆمەکێک دەربڕی و ئێمەیش ئەوەمان پێ باشبوو کە تەنها تایپ و ڕۆنیۆ و ستێنسڵەکەیان بەکار بهێنین و هیچ شتێکی تریان لێ دەرخواست نەکەین..ئینجا بە هەوڵی هەموو ئەو برادەرە ڕۆشنبیر و ئەدیب و هونەرمەندە دڵسۆزانە ئەو گۆڤارە تاقانەیەمان دەرکرد. هێندەی پێنەچوو لەگەڵ خەلیلدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتین بەشێک لەو شیعرانەی لەوێ نووسیبوومن بە دەستخەتی خۆم بنووسمەوە و ئەویش کۆمەڵێک مۆتیڤیان بۆ بکات و خۆشنووسیی تایتڵەکانیش بنووسێت و دیزاینی بەرگەکەیشی بۆ بکات..و بیبەین لە ناوچەی "انقلاب"ی تاران فۆتۆکۆپیان بکەین ..ئەئاوا کۆشیعری "کۆچی بێ وادە" هاتەبەرهەم و شەوێک پێکەوە فۆتۆکۆپییەکانمان برد و لە ئۆتێلێکی سەرووی شاردا لاپەڕەکانمان نووشتاندەوە و دەرزیمان لێیاندا. ئێستا چیدی لەسەر خەیاڵ نیم کە تیراژەکەی چەند دانە بوو، بەڵام حەتمەن لەسەد دانە پتر بوو. ئەڵبەتا هەر هەمووویم پێشکەش بە برادەرانی ئەوێ و ئەوانەی ئەورووپپا کرد، کۆپیم بۆ شاعیری خۆشەویست ئەنوەر قادر محەمەد نارد کە ئەوسا لە یەکێتی سۆڤیەت سەرقاڵی خوێندنی دکتۆرا بوو، بۆ دکتۆر کەمال میراودەلیم نارد کە ئەو سەروبەندە لە لەندەن خەریکی دەرکردنی گۆڤاری "پەیڤ"بوو و هەروەها بۆ زۆری تریشم نارد و بێگومان ئومێدم بەوە نەبوو کە تەنانەت وەڵامی گەیشتنیشیانم پێبگاتەوە، کەچی تەنها دکتۆر کەمال بە نامەیەکی پڕ مەحەببەت و دڵڕفێن وەڵامی دامەوە و ژمارەیەکی گۆڤاری پەیڤیشی بۆ ناردم وپێموابێ دووادانەی لە شیعرەکانی ناو کۆشیعرەکەشی لەو ژمارەیەدا بڵاوکردبووەوەولەنامەکەشیدا ئاماژەی بەوە دابووکە لە داهاتوودا بەیناوبەین سەرپاکی شیعرەکانی دیش بڵاودەکاتەوە..ئەوەیش بۆ من دەربڕی شتێک بوو، ئەویش ئەوەی کە شیعرەکان خاوەنی ئاست و بەهایەکی ئیستێتیکیی و ئەدەبی باشن و بۆ بەردەوامبوونی منیش تابڵێی گرنگبوو. سەرباری هەموو هەوڵە فاشیل و ڕەنجە بێ ئاکامەکانیشم بۆ دەرچوون، ئەو سێ ساڵەی لە ئۆردووگا چەقی بووم کەچی ژیانم بۆ پێشکەوتنی زیاتر لە تەقەللای جیددی لێوڕێژ بوو، لە خوێندنەوەی جۆرەکییانە تژی بوو، لە ئەزموونی نووسین و وەرگێڕان، لە خود وردبوونەوە، لە ئەوی دی تێڕامان و گرنگیی بوونەکەی لە پێشبڕکێی داهێناندا، چی بڵێم پڕ بوو لە کەشفکردنی دنیایەک ئەگەر لەوێ نەبوومایە بۆم نەدەبوو بە ئەزموون و لە

قووڵکردنەوە، یاخود تێپەڕاندنی ئەزموونە کرەک و دێرینەکان و چوونە ناو ئەزموونی تازەترەوە و درککردن بەو ڕاستییەی کە: هەر تەنها داهێنان گرەوی لە زەمەن دەبردەوە، هەر تەنها ڕایەڵی شیعریش پتەوترین ڕایەڵێک بوو کە بە درێژایی و سەرتاسەری ئەو گەشت و سەفەرانە پارێزگاری لە خۆی کرد و تا هەنووکەیش هەر بە بەردەوامیی دەیکات. کۆتایی ساڵی هەشتاوحەوتیش بوو، پاش دوو گەشتی سەرنەکەوتووانە بۆ دیمەشق، گەیشتمە سوریا. وەک بڵێیت سیندیبادێکم و لە حەکایەتەکانی هەزارویەکشەوەوە دەرچوومە و خۆم داوەتە دەست شەپۆلی سەرشێت و هەڵکشان وداکشانی دەریای قەدەرەوە.ئەمە ئەو جیهانە پاستانییە بوو کە ناچارانە دەبوایە بە سییەکانی هەناسە بدەم، دەبێ ڕۆڵی تێدا بگێرم، یاخود گەشتە عاجباتییەکانی خۆمی تێدا بە ئەنجام بگەیەنم. لێرە لەهەموو شوێنێک زیاتر هەستم بەوە دەکرد کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدام، هەستم بە ڕاستیی بوونی ڕۆژهەڵات دەکرد و چێوە و فەزای شتەکان گەورەتریش دەبوونەوە..لێرە بە خەڵکێکی تری میهرەبان ئاشنا دەبم، کە دەبنە هاندەرێکی گەورە بۆ ئەزموونەکەم، لەوانە"کەریم عەبد"کە ڕۆشنبیر و شاعیر و چیرۆکنووسێکی داهێنەری عێراقییە.لە مانگەکانی کۆتایی هەشتاوهەشت و سەرەتای هەشتاونۆدا چامەی درێژی"قەوزەی ئەو کوژانەوە خەوبینە"دەنووسم و بە هانی ئەو وەریدەگێڕمە سەر زمانی عەرەبی و هەر خۆی پیایدا دەچێتەوە و پێموابێت دەیکات بە سێ بەش و دواتر لە هەردوو گۆڤاری"مجلە الف" کە لە قوبرس دەردەچوو و"الپقافە الجدیدە"ی حیزبی شیووعی عێراق و هەفتەنامەی"الوفاق"ی زمانحاڵی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا بڵاویاندەکاتەوە و لەمەی دواییشیاندا ستوونێک لەسەر قەسیدەکە دەنووسێت. جگە لەو لێرە تەها خەلیلی شاعیر و زوهەیرحەسیبی شێوەکار وعەلی ئەبو زەڕاعی نووسەرو ڕۆژنامەوان و بەشار بووبووی شاعیر دەناسم، کە ئەمەی دواییان لەبەر ئەوەی لەگەڵ سەلیم بەرەکاتدا نزیکایەتی هەیە و پێکەوە کاریان لەگەڵ فەلەستینییەکاندا کردووە لە لای منیشدا خۆشەویستی دەکات و بەو چڕوپڕییەی کە لە پێنج کۆشیعرەکەیدایە و بەو ستایەڵە جیاوازەی نووسینی ئاشنا و سەرسام دەبم..لێرە، گەنجێکی ئەدەبدۆست کە ناوی ئاراس و نمایندەی ئاڵای شۆڕش بوو لە دیمەشق، لە ماڵەکەی خۆیدا کۆڕێکی تایبەت بە شیعر خوێندنەوە بۆ من و کامەرانی غالیب و ڕەفیق سابیر ساز دەکات، من چامەیەکی درێژ بەناوی"مەیین"ەوە، کە لە مەینەتی و پەژارە سەختەکانی ئەزموونی ئۆردووگاکانی ئێران سەرچاوە و ئیحای وەرگرتووە دەخوێنمەوە، کۆمێنتی زۆر جوانی لە لایەن عەبدولخالق زەنگنە و ئاراس

عەبدولکریمی دەرهێنەر و ئەوانی دیەوە لەسەر دەوترێت، بەڵام جوانترینیان ڕەفیق سابیر مانیفێستی دەکات و دەڵێت: "قەسیدەیەکی زۆر مۆدێرنە، بەڕاستیی ئێمە زۆر بەرامبەر بە ئەوەکەی پاش خۆمان کەمتەرخەمین"، بێگومان دانپیانانێکی تا سەر ئێسقان بە ئینسافانەیە و بریا ئەوەکەی ڕەفیق سابیر هەر هەموو تێفکرینیان وابوایە و بەو بوێرییەی ئەویش دەریان بڕیبایە..خۆ داوای ئەوەمان لێ نەدەکردن ئەوە بکەن کە شاعیری مەزنی گریکیی کۆستێس پاڵاماس لە چوارینەیەکی ستایشنامێزدا هەمبەر بە شاعیری لەو سەردەمانەدا تازەکار یانیس ڕیتسۆس کردویەتی و دەڵێت: "ئێمە وەلا دەکەوین، ئەی شاعیر، هەتاکو تۆ تێبپەڕیت". بێ شک هاندان کۆڵەکەی داهێنان و نوێبەخشییە و ئێمەیش زۆر ئاتاجمان پێی هەیە، ئەوەکەی بەر لە ئێمە لەتیف هەڵمەت و فەهمی کاکەیی و عەبدوڵڵا سەڕاجی لێ بترازێ کەسی تریان ئامادەیی ئەوەیان نەبوو ببنە دۆستمان، ڕێنماییمان بکەن و کاتی ئەوەیان هەبێت هانمان بدەن، بەداخەوە نەیانتوانی بە شێوەیەکی بەرپرسانە لەگەڵماندا ڕەفتار بکەن و ئاوڕمان لێبدەنەوە، چونکە پێموابێت خۆیان بە کامڵ و پێرفێکت دەزانی و کەسیشیان بە تەواوکەر، یان درێژەدەر بە داهێنانی(!!)خۆیان نەدەزانی، بەهەرحاڵ، ڕووبەری داهێنان شتێکی ئەوتۆی ناچیز نییە کەسێک بە تەنیا یاخود ئەوەیەک بتوانێت بۆ خۆی قۆرخ و مۆنۆپۆڵی بکات و بڵێت:"من دادەهێنم، کەواتە کەسی تر بۆی نییە دابهێنێت"..دیارە کە ئەو سێ ناوەی سەرەوەم هێنا لەبەر ئەوەیە دانی پێدا بنێم کە لە هەموو کەسێک پتر قەرزاباریانم. بێگومان پەیوەندییەکی سروشتی پێکەوە گرێی دەداین، لە چایخانە دادەنیشتین، پیاسەمان دەکرد، کاتێکی زۆریان تەرخان دەکرد بۆئەوەی لەگەڵمان باسی کاروبارەکانی داهێنان و نووسین و خوێندنەوە و بڵاوکردنەوە بکەن. بەڕاستیی ناتوانم ڕۆڵی عەبدوڵڵا سەڕاجی چیرۆکنووس لە هی ئەوان بەرزتر نەنرخێنم، خاوەنی فەزایەکی مەعریفی و ڕۆشنبیریی بەربڵاو بوو و پێگە و بایەخی زۆریشی بۆ ئەوەکەی دوای خۆی دادەنا، ڕەفتاری گەلێک جوانی دەنواند کە جیاوازی تەمەن کێشەبەندییەکی ئەدەنایەوە و هەستمان بە هاوڕێیەتی ئەو دەکرد نەک باوکسالارێتی و بەوەیش ڕێزی زیاتری بۆ خۆی دەستەبەر دەکرد. پیاسەکانی شەقامی جمهووری و دانیشتنەکانی چایخانەکەی بەرامبەر بە سینەما سەلاحەدین و دەمەوعەسرە درەنگ وەختەکانم هێشتایش هەر لەبیرە، کە بۆ دووکانەکەی باوکم دەهات، کە دەکەوتە دەرەوەی مەزاتخانەکە لە ئەحمەدئاغادا و وەکو زۆربەی دۆستە جوانەکانی ترم ببووە دۆستی باوکیشم و بەو هۆیەوە هەوای شانازی کونە لووتەکانی باوکمی فشکردبووەوە. ئێستایش ئەوەم بیرناچێت کە

چەند بە ڕێزەوە لەسەر مێزی دووکانەکەی باوکم دا لەودیو بەرگی"لاکێشە ڕووناکەکان" و دوای ئەویش"مردوو خەون نابینێ"دا پێشکەشنامەی بۆ نووسیووم، پاشان"بارام ناوێک هەبوو"ی بە باوکم دابوو تا بیدات بە من، ئەمە کاتێک بوو کە ئیدی لە شار ئەمابووم و لە جادەکانی جوانترین ئازادیدا پیاسەم دەکرد کە ئاسمانێک سێبەری بەسەریاندا دەکرد گەواڵە هەوری ترس تا دەهات زیاتر بە سەریاندا شۆڕدەبووەوە. هەرگیز نایەتەوە بیرم کە لە پێشکەشکردنی ڕاوبۆچوون و ئامۆژگاری قرچۆک و چکووس بوو بێت، بە پێچەوانەوە لە پێشکەشکردنی ئەو شتانەی کە ئەو کاتە بۆ من و هاونەوەکانی ترم پڕ بایەخ بوو تا بڵێی دڵفراوان و سەخاوەتمەند بوو، کە قەتاوقەت ناتوانم بە ئەندازەیەکی بەجێ سوپاسگوزاری بم. بەهەرحاڵ، لەبەر نەبوونی هاندانی تەواو بوو کە دەبوایە تەنیا باڵ خۆ پێبگەیەنین، بەڵام بێگومان ئەگەر ئەوان دەست پێشکەرییەکی لەو بابەتەیان بکردبایە ئەوا حەتمەن ئێمە پێشوەخت تر هەستمان بە بوون و گرنگی نەوەکەمان و بایەخی هەوڵە ئیبداعییەکانی دەکرد و زووتر پێگەیشتنمان بەخۆوە دەبینی و بە شێوەیەکی جیددییانەتریش پەیمان بە بەرپرسیارێتی ئەوە دەبرد کە مادامەکی ئێمە لەناو دنیای ئەدەبیاتداین، پێویستە بێجگە لە داهێنان بیر لە شتێکی تر نەکەینەوە، هەربۆ نموونە سیاسەت کە بە گوێرەی ستاندالڕ تاشەبەردێکی زەبەللاحە بە ئەستۆی ئەدەبەوە. بە هەرحاڵ، بە بۆچوونی من داهێنەر بەرپرسیارە لە تێپەڕاندنی ئەوەی پێش خۆی و ڕێنمایی کردن و ئاوڕدانەوەیش لە ئەوەی پاش خۆی. بێگومان وێنەکانی ئەو سەروەختە قەت لە ئەندێشە و یادەوەریمدا کاڵنابنەوە. کە لە تاران لەگەڵ فەهمی کاکەیی ڕێکەوتی یەکمان کرد، کاتێکی بە پیتمان پێکەوە بەسەربرد، ئەو ماوەیەیش هەرگیز هەستم بە جیاوازی تەمەن نەکرد، زوو زوو یەکمان دەبینی، ئەو دەمە هەندێک لە ڕۆشنبیرە عێراقییەکان گۆڤارێکی بچکۆلەیان دەردەکرد، نایەتەوە خەیاڵم ناوی چیبوو، وەلێ فەهمی کاکەیی لە یەکێک لە ژمارە بەراییەکانی ڕانانێکی جوانی لەسەر کۆشیعری"کۆچی بێ وادە"مدا نووسیبوو، هەندێ کۆپلەشی لە شیعرەکان وەرگێڕابوو، دواتر بۆم ئاشکرابوو کە مەوجوود سامانی شاعیر هانیداوە تا ئەو ڕانانە بنووسێت، چونکە ئەو سەروەختانە من و مەوجوود سامان زۆر پێکەوە هاتوچۆمان دەکرد، هەر لە سورداشەوە، لە پاش دانوستانەکەی هەشتاوچوارەوە هەتا کۆتایی هەشتاوحەوت کە پێکەوە بۆ سوریا چووین. ئەو کاتە، پاش هاتنی مەوجوود ژوورێکم لە نزیک"کووچەی عەرەب"بەکرێ گرت، ئەوی تێدا بوو، منیش هەفتەی دوو ڕۆژ لە ئۆردووگاوە دەچووم و بەیەکەوە دەبووین، گەڕان و سووڕانێکی بێڕادەمان دەکرد، برادەری

ڕۆشنبیری کورد و عێراقیمان دەبینی و زۆرجار لە ژوورەکەماندا کۆڕی وتوویژ و دەمەتەقێی ئەدەبی و سیاسیی و فەلسەفی و هونەری بێدواییمان گەرم دەکرد و بە عەرەقی هەرزانیەهای بەرهەمی کریستیانەکانی باکووری تاران بەدمەست دەبووین. زۆربەی کاتەکانی دی ئەو گەنگەشانەمان بۆ چاخانە، یان پارکێک دەگواستەوە، یان کتێبمان دەخوێندەوە، بەڕاستیی مەوجوود مۆرانەی خوێندەوە بوو و منیشی دنەدەدا تا بە هەڵپە و ئیشتیایەکی قووڵترەوە بخوێنمەوە و بابەتەکانم ژیرانەتر هەڵبژێرم و کات بە خوێندنەوەی شتی ئەوتۆوە بە فیڕۆ نەدەم کە لەگەڵ مندا نەدەگونجا. جگە لەوە گەلێک جار بۆ شانۆکانی تاران و سینەماکانی دەچووین، دەتوانم بڵێم ئەوە ڕیتواڵی ڕۆژانەمان بوو. دانی پێدا دەنێم کە نزیکیم لە مەوجوودیشەوە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر کەسێتییمدا هێناو بەهای هاو چەرخانەتری پێبەخشیی و بە زۆر شت منی ناساند کە پێشتر مەیلم نەدەکردن لەوانە ئەدەبییاتی جیددی میللەتانی تر، شانۆ، شینەما، نووسین بە زمانی عەرەبی کە ماوەیەک سەرقاڵی بووم و بە داخەوە دواجار بە کاریگەریی نەگەتیڤانەی تاراوگە لێی ساردبوومەوە. وێڕای هەموو شتێک، ژیان لە دیمەشقدا هەست و سۆزێکی جیاوازی پێمبەخشی، زۆر لەوە سەختتر نەبوو کە وێنا دەکرێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەزاران کەسی تر هاوبەشی ئەو بارودۆخەی من بوون، دەتگۆ لە ناوجەرگەی شوێنەواری ژیارێکی بەسەرچوودا دێم ودەچم، هاوکات وەک بڵێیت کەشفی جێگا و هەرێمە نوێیەکانی شیعر دەکەم، گەڕەک وکۆڵانە زۆر تەنگابەرە باستانییەکانی دیمەشقی کۆن، دەیان گێڕامەوە ناو دونیای هەزارویەکشەوە، کە بە بازاڕی سەرگیراوی "حەمیدییە"یشدا گوزەرم دەکرد هەستێکی ڕمۆک دەستەویەخەم دەبوو،وەک ئەوەی بۆ ڕابردوو گەڕابێتمەوە، وەک ئەوەی لە زەمانی عوسمانییەکاندا بم ، هاوکات هەستێکی ناوازەی ئەوتۆیش لەلامدا شەقڵی دەگرت کە درکم بەوە دەکرد وەک ئەوەی پێم بکرێت بە هەموو ڕەهەندەکانی وەختدا هاموشۆ بکەم،ئاخر مایکۆفسکی وتەنی: شیعر یانی سەفەرکردن. بێچەندوچۆن دژواربوو،بەڵام سەردەمێکی فرە تاڵ وناخۆشیش نەبوو. وەکو چۆن هەندێجار لە تاراندا دەچوومە کافیتێریای "نادری" ،تا سەبووریم بە بینینی ئەوهەموو نووسەرە بێتەوە کە مشتەری ئەو شوێنە بوون، لێرەیشدا زۆرکەڕەت بۆ چایخانەی "ڕەوزە"دەچووم کە کەوتبووە ناوچەی ساڵحییەوە، لەوێ لەگەڵ برادەرانیدا یەکدیمان دەدیت و وەک هەمیشە و بە بێ ئەوەی بەدوای بابەتدا بگەڕێین دەستبەجێ وتوویژە بە پەلوپۆکانمان دەستی پێدەکرد و بەردەوام دەبوو.بەڵام ئەگەر جاروبار پارەیەکی ئەوتۆم بەخۆم شک ببردایە ئەوا ڤیروسیام

لێدەکرد و بۆ کافیتیریای "هاڤانا"دەڕۆیشتم کە شوێنێکی گرانبەها و جیاواز بوو، دڵیشم بەوە کەفوکوڵی بووژانەوەی تێدەگەڕایەوە کە لە سووچێکدا، لەلای پەنجەرە سەرتاسەرییەکەوە موزەفەر نەوابی شاعیر، یان فازلڕ ئەلڕوبەیعی چیرۆکنووس،یاخود عەبدولڕەحمان مونیفی ڕۆمانووس، یان سەعدی یوسفی شاعیر، یان نەزیە ئەبو عەفشی شاعیرم دەبینی، هەروەها گەلێکی تریشم لە شاعیر و نووسەرانی عێراقی و سوری لەوێدا دەبینی و وەک بڵێیت بینینیی ئەوان لانیکەم بۆ بەردەوامبوونی من لە بارێکی ناهەموار و ئەستەمی وادا پاڵنەرێکی فرە گرنگ و پێداگر بوو. بێگومان ماوەیەک "سەییدە زەینەب"ئەو شوێنە بوو کە بەحالڕ باری ئابووریم بەرگەی دەگرت. جارجار لەسەر شۆستەکاندا کتێبی دەستی دووم دەکڕی و گەلێ جاریش لەو بڕادەرە عەرەبانەی ئەوێ قەرزم دەکردن و دەمخوێندنەوە، لە ڕێگای برادەرێکی بەغداییشەوە کە ناوی"ئەبو زەهرە"بوو دەمتوانی کتێبەکانی کتێبخانەکەی"فازلڕ ئەلڕوبەیعی"بەرم و سەرقاڵیان بم. جگە لەوە کەریم ناسریش لەوێ دەژیا و پەیوەندییەکی بەتین و باش پێکەوەی گرێ دەداین، زۆرجار بۆ موتاڵاکردنەوە کتێبی دەدامێ. هەڵبەتا کەریم لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری ئاوداریشدا شیعر و نووسینی بڵاو دەکردەوە، چەندین شیعریشی کرابوون بە دەق بۆ گۆرانی، لەگەلڕ مندا تا بڵێی میهرەبان بوو. دوانیوەڕوانێک لە سەییدە زەینەب پێداگری ئەوەی کرد لەگەڵیدا بچمەوە ماڵێ، کە چووینە ماڵە شەپڕێوەکەی، پێی وتم حەزی لەوەیە پێکەوە دەقی شیعرەکانی بخوێنینەوە و بە ڕاشکاویی بۆچوونی خۆمی پێ ڕابگەیەنم کە کوێی هۆنراوەکانیم بەدلڕ نییە، چ دێڕێک، چ کۆپلەیەک، لە چ شوێنێکدا هەست بە تێئاخنین و زیادەڕۆیی دەکەم، لە چ شوێنێکدا پەی بە نەشازی دەبەم، تا وتوویژی لەسەر بکەین. ئیتر هەتا شەوێکی زۆر درەنگ وەخت هەموو شتێکمان بیرچوو تەنها شیعر نەبێ، ئەو شەوە، ئەو هەڵوێستەی ئەو شتی زۆری فێرکردم، گرنگترینیان ئەوەبوو فێر بووم لە ڕاوبۆچوونی ڕاشکاو و ڕاستگۆیانە و ڕەخنەئامێزانەی دۆستە ئەدیبەکانم ئەپرینگێمەوە. بێگومان پاش بڵاوکردنەوەی کۆشیعری "بین حدود النفی"یش بۆم دەرکەوت کە کەریم ناسر بەشێکی بۆچوونەکانمی بەهەند وەرگرتووە و گۆڕانکاری لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ئەنجامداوە، ئەمەیش لێوانلێوی کردم لە شانازی و چاونەترس تر بووم بەرامبەر بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و دەربڕینی بیروڕای ڕەخنەیی خۆم.

بێ شک سەرباری خراپی دۆخ و حاڵ وبارم، ئەوێ ویستگایەکی دانسقە و خۆشەویست بوو، تەنانەت ئێستایش یادی بەجێ نەهێشتووم..کەم خۆم خەریکی نووسین دەکرد، ئەو ڕۆمانەی کە دڵم تابڵێی پێی خۆش بوو لە ساڵی هەشتاو شەش لە ئۆردووگای کەرەج دەستم پێکردبوو لەوێ خەریکی تەواو کردنی بووم و ئەمەندە خورافییانە بوو هەر تەواو نەدەبوو، بێلێبڕ کارم تێدا دەکرد، دەمنووسی، پاکنووسم دەکردەوە، دیسان دەمنووسییەوە، وەک بڵێیت ئەم هەموو دووپاتکردنەوە و نووسینەوەیە کردەی سزادانی خۆم بێت بۆ ئەوەی سەرەنجام شتێکی باشتر و کامڵتری لێ بێتەدی. یان خۆم لە خڵتەو نیشتەنییەکانی قۆناغی ئۆردووگاکان ڕزگار بکەم، بەڵام موخابن مەحاڵبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا جارجارە هێندە خۆمم لەلادا پەسندبوو خۆم بە حسێن عارفێکیش نەدەگۆڕییەوە، جارەهای جاری تریش لەبەر ئەوەی هەرگیز لە شتی خۆم ڕازی نەدەبووم هەستم دەکرد نەهیلێکم و هیچی تر..ئیتر ئەمە بوو بە"خەونی نێو بازنە ئاوییەکان"و لەبەشی یەکەمیدا ئەزموونی لەشارەوە بۆ شاخ و لەبەشی دووەمیشیدا ئەزموونی لە شاخەوە بۆ ئۆردووگای کەرەج و ئۆردووگاکانی تر تەرح دەکرا. لە دیمەشق جارێکیان لە چاخانەی"ڕەوزە"دا "عەبدولخالق زەنگنە"ئامادەیی خۆی بۆ ئەوە دەربڕی کە چاپی بکات، بەڵام من جارێکی تریش دەیڵێمەوە لەبەر ئەوەی سەددەرسەد لێی ڕازی نەبووم نەمویست پەلەی چاپکردنی لێبکەم و پاشان دەغڵودانی پەشیمانیی بدوورمەوە..بەڵام بێگومان چرکەساتەکانی نووسینم بە مەستییەکی بێرادەوە دەگوزەراند، بەشێکی تری کاتەکانی شەویشم بە خوێندنەوەوە بەسەر دەبرد و بە ڕۆژیش لە بەرامبەر مزگەوتی"سەییدە ڕوقییە"لە دووکانێکدا کارم دەکرد، کارێکی دوورودرێژ و دەرامەتێکی ناچیز، ڕەنگە لە باوەڕ بەدەر بێت ئەگەر بڵێم تەنها بەشی کرێی ژووره بچکۆلەکەم و بەحاڵ بەشی ژەم و نیوێک خواردنی ڕۆژانەمی دەکرد..! جاربەجاریش خاوەن کارەکە ژەمێکی دیکەی دابین دەکرد، هەندێ جار هێلکە و ڕۆن، یاخود فەتتووشی دەهێنا ونەختێکیشی بە من ڕەوا دەبینی..بەیانیانیش"ئوم ئوسامە"ی دراوسێ ژووری میهرەبان کە لە هەمان خانوودا کرێچی بوو، پەرداخە قاوەی بۆم دەهێنا و قاوەڵتییەکی هەژارانەیشی بۆم فەراهەم دەکرد، هەندێ نیوەڕۆی هەینیانیش موجوددەرەی بۆ دەکردم..ئێستا هەمیشە لە خۆم دەپرسم : چی تاراوگە والیدەکات لە چاوی بە خەمداچووی سوڕگومێکدا ببێتە ئەو بەهەشتەی لەکیسی چووە؟ بۆ من شتی بچووکی ناخی خۆم، یان زاتی ئەوە دەکەم بڵێم ئەو وردە ئۆخژنانەی کە ئەوانی دی سەرچاوەی بوون ئەو ڕۆڵەیان گێرا.. وردە ئۆخژنی ئەو ئاوڕە مرۆڤانەیەی کە لەو

شوێنە تازەیەدا هەڵیان دەهێنجی.. هەڵبەتا تاراوگە سەرەتا دەروازەیەکە، یان بانێژەیەکە دەڕوانێتە دۆزەخێکی نادیار، چونکە شوێنێکی تا ئەوپەڕی نامۆ و جیاوازە و تۆ دەکەویتە دەرەوەی هەموو شتەکانییەوە و پێی نامۆیت، ئەم نامۆبوونەیش تەنیاییەکی بێ ئامان بەرهەم دەهێنێت، تەنیاییش دۆزەخێک لە ئاخدا بەرپا دەکات..ئیتر ڕێگا چارە تەنها خۆشەویستییە، خۆشەویستی تاقە ڕێگای دەرباز بوونە، کە سەرهەڵدەدات ئیدی تاراوگە دەبێتە ئەڵتەرنەتیڤی بێ هاوشانی نیشتیمان و قەرەبووی زۆرێک لەو شتانەت بۆ دەکاتەوە کە لە دەستت چوونە و تاسە و غەریبیان دەکەیت. ئەمە پێشمەرجییەکی گرنگە بۆ بەرکەماڵ بوونی ئەزموونی نووسین و هاتنەدی ئامانجی سەرەکی نووسین کە داهێنانی دنیایەکی جیاوازە بە بێ ئارگیوومێنت. لە چامەی "خەونە لەبیر کراوەکەی ئادەم"دا، کە تا ئەوپەڕی ژاوەیە لە هەست و سۆزی بێبەرێتیی، ئادەم خودئاگایە، دەزانێت کە ئەنگێزە و غەریزەیش پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نۆڕمەڵر بوون و کاڵیی خۆی بکات، چونکە نائاساییبوون و تۆخیی دەشێ کارەساتی بەدوادا بێت، بۆیە بە ئارەزوویەکی ئاگرینەوە بۆ چارەسەردەگەڕێت. لە سەربانەکانی غەریزەدا دەرپێی ڕەنگاوڕەنگی سەر تەناف و گوێسەبانە دوورەکان دەبینێ و زاری تژی لە برسێتیی تامی سێوی لێ دەتکێ، ئەو سێوەی کە ئەو هێشتا نەیخواردووە و بەهۆیەوە بەهەشت بەدەریش کراوە، ئەو ئەو تامە هەر بە خەیاڵر دادەهێنێت، زەمەنێک بە هاودەمیی خەیاڵر ڕادەبوورێت بە بێئەوەی حەوایەک پەیدا بێت و تامی سێوێکی ڕاستەقینە ئاشنای زاری بکات تا ببێتە دەروازەیەک بۆ گەیشتن بەو پەیوەندییەی کە بەرکەماڵیی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، کەچی ئەو فرسەتەی بۆ هەڵناکەوێت،"کلیلەکەی "لێ بووە بە کێشەیەکی گەورە و نازانێت چی لێبکات، گەڕانەکان ڕووبارێکی ئەبەنۆسیی دەکەن بە ئاسیاری، لەگەڵر کرۆشمەی وردە شەپۆلەکانیدا بۆ هەموو شوێنێکی دنیای پڕ خەم و کەسەر دەچێت، بەڵام ناگەڕێتەوە بۆ شوێنی یەکەم، بۆ ئەو بەهەشتەی کە ونی کردووە، چونکە ناتوانێت کلیلەکە لەکۆڵی خۆی بکاتەوە، ئەو کلیلەی دەرگایەک ئەکاتەوە شایستەی چییە؟ شوێنی لوواو بۆ ئەو ناو ناوەکەیە، ئەوێ جێگایەکی شیاوە بۆ سەرکوت کردنی ئەو ئارەزووە چڵە و ئەکراوە، بۆ نادیار کردنی ئەو کێشە سێبەرییانە..ئەمە گۆشەنیگایەکی میلانکۆلیی سەرەتاکان بوو کەوتبووە پێش عەشقەوە، دواتر عەشق کاژوواژی کرد و گۆڕا..ئیتر ئاوا شتەکان شانبەشان ڕۆیشتن و نیگەرانیی هەمیشەییش بە سەریاندا باڵادەست بوو. بێگومان هەست دەکەم کە جێگایەک هەیە و مەرجە پێیبگەم و هێشتا لە هیچ شوێنێکی ئاسۆوە

ئاماژەکانی دەرنەکەوتووە تاکو ڕێگای گەیشتنم دیاری بکەم..ئەو چەمکی "مەرج"ە هەردەم دنەم دەدات ناسەقامگیر بم و هەوڵی کەللەشەقانە تر بدەم. بێ شک پەیمانی هەتاهەتایی لەگەڵ خوێندنەوە هەر دەبێ بەردەوام بێت، وایزانم قەتاوقەت ئەو چرکەساتە نزیک نابێتەوە کە تێیدا بە شێوەیەکی جیددییانە بە خۆم بڵێم ئیتر بەسە، مەحاڵیشە نووسینی شیعر بە یاد بسپێرم..ئەم دووشتە تازە لەگەڵ کەزییەکانی ڕۆحدا هۆنراونەتەوە، بڕیاری گەوجانەی لەو جۆرەیش تەنیا لەلایەن مردنێکی گەوجی مەودا نەدەرەوە وەردەگیرێت!...

دیارە جارێکی تریش سیندیباد ئاسا لە بۆتەی هەزارویەکشەوەوە دێمە دەرێ، سەرکێشییەکی تری ئەفسووناوییانە ڕاپێچم دەکاتە نێو تێکقژقژانەکان، دەڵێی کاتی خۆی لە ڕەودا ئاوکیان بریووم، تاراوگەیەک لە خۆم دادەماڵم و تاراوگەیەکی دیکە دەپۆشم..ئێرە دوورگەیەکی پڕ ژاوە ژاو و هەرا و هەڵلایە، هەستی ئەوەم لێ زەوت دەکات کە بە شێوەیەکی کاتییانە بیر بکەمەوە. لێرە لە"لەندەن" بە بڕیارێکی خودئاگایانە سەرقاڵی ئیش دەبم، ئامەوێ هەرگیز ئەزموونی بێ دەرامەتی و کوێرەوەری ئێران و سوریا دووپات بکەمەوە..پاش پێنج ساڵ بەڕێگاوە بوون، پاش چەندەها شکست، دەگەمە لەندەن، تابڵێی شەکەتی ڕیگایەکی ئەفسانەیی و چاوەڕوانییەکی بێکۆتایی گەیشتن دەگەم، کار لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان دوورم دەخاتەوە، هیچ بڵاوکراوەیەکم پێناگات، وەکو ئێستایش نییە، ئەوسا دنیا هێشتا نەببوو بە گوندێکی بچکۆلانە..نیگەرانیی زمان فێربوونیش هەوڵێکی زۆرم پێ دەدا و تەواو ماندووم دەکات، بەڵام هەر بەردەوام بە سییە یونیڤێرساڵەکانی شیعر هەناسە دەدەم، کەم کەم دەنووسم، کەم کەمیش دەخوێنمەوە..ژیان وەکو ڕووبارە ئەبەنۆسییەکەی ئادەم یەخەی بەردەوامبوونی گرتووە..دەمەوێت ماوەیەک بەمشێوەیە بەسەربەرم، دەمەوێ خۆم جێگیر وبەرقەرار بکەم، باری ماددییانەی ژیان پتەو وتۆکمە بکەم، هەرکاری ماسوولکەیی ئەنجام بدەم و بە قووڵییش بیرنەکەمەوە. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا، کەریم عەبد دەگاتە لەندەن و پەیوەندیم پێوە دەکات، لە ڕێگای ئەوەوە کە ماوەیەک خەریکی دەرکردنی گۆڤاری "ڤێێ"ە، بە چەندەها نووسەر و ڕۆشنبیر ئاشنایەتی پەیدا دەکەم، لەوانە دکتۆر عەبد جاسم ئەلساعدی، شەریف ئەلڕوبەیعی، هاشم شەفیق، ئەحمەد ناهد، هەیفا زەنگنە، عەبدولکەریم گاسید، ئیبراهیم ئەحمەد کە خاوەنی ڕۆمانی "مندالی سی ئێن ئێن"بوو، ئەجم والی و سەلیم مەتەر و زۆری تریش. ئێوارەیەکی هاوینی ساڵی نەوەد و شەش لە ماڵی دکتۆر عەبدجاسم داوەت بووم، جگە لە بەشێک لەو

ناوبراوانەی سەرەوە"زهوور گورام"ی مەغرببیش لەوێ داوەتە و ئاشنای دەبم کە ڕۆمانووس و ڕەخنەگرە و قوتابی دکتۆرایشە، ئەو کات داوەتی لەندەن کرابوو تا لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کورتە چیرۆکی عێراقی لە کۆڕی دوو ڕۆژەی کورتە چیرۆکی عێراقی لە"هەمەرسمیس"دا پێشکەش بکات، لە گەرمەی گفتوگۆدا پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە کە ئایا بابەتی شیعرەکانم چین و شیعر بە شێوەیەکی گشتی بۆ من چی دەگەیەنێت..منیش بە شەرم، یان ویقارێکی شیعرسەپێندەوە تێهەڵدەچم، وشەکانم ئیقاعێکی سەیریان لێوە لەدایکدەبێت و ئەفسوون بە ئەتمۆسفێرەکە دەبەخشێت، لە درێژەی قسەدا دەڵێم: بەر لەوەی تامی ژیان بچێژم و بزانم چ میوەیەکە شیعر ڕەگوڕیشەی لە دڵ، ئینجا لە هزر و ئەندێشەمدا داکوتا و ئیدی لەمیانەی ئەوەوە تامی شتەکان دژەیان کردە هەناوم و درکم بە بوونێک کرد کە پێویستە جەخت لەسەر خۆی بکاتەوە، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی لەگەڵ دنیادا پێوەندی بەرقەرار بکەم. ڕۆحم لەناو شیعردا نیشتەجێ بووە، هەر کاتێک بمەوێ پێوەندی لەگەڵ ڕۆحمدا بەرقەرار بکەم ئەوا پەنا بۆ نووسینی شیعر دەبەم و ئیتر لەوێدا، لەو ڕووبەرە پاکژ و پاکیزەیەدا من و ئەو بەیەک دەگەین و پەیوەندی سەرومڕ و تازە بەرقەرار دەکەینەوە. هەرگیز لە کاتی نووسیندا وێنەیەکی دیاریکراوم نەبووە دژایەتی بکەم، بەڵکو هەمیشە دژایەتی خۆمم کردووە، هەردەم لە نووسینی ئەمڕۆدا دژایەتی دوێنێی خۆمم کردووە، هەردەم ویستوومە ئەمڕۆ ئەو کەسەی دوێنی نەبم، خۆم هەڵبشێلمەوە، تاقە دەستاوێژیشم بۆ ئەم کردەیە دژایەتی کردنی خۆم بووە،هەستم کردووە ئەگەر وا نەکەم ئەوا هەموو شتێکی دوێنێ بەسەر ئەمڕۆدا دەسەپێنمەوە، چونکە من کە ئەمڕۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان جودا نەبم، ئەوا لەپێناوی ئەوەی شتەکان دووبارە بکەمەوە بووندارم، بەوەیش بەرهەمی خۆم دووبارە دەکەمەوە و تەنها دەبمە خودانی یەک دەق و هیچی تر..بێگومان شیعر و ڕۆح لە پەیوەندییەکی دیالەکتیکیدان، شیعر ئەگەر ڕۆحی تێدا نیشتەجێ نەبێت، وڕێنەیەکی پەتییە، ڕۆحیش لە ڕاستییدا لە سۆنگەی ئەزموونەوە خۆی دەخزێنێتە ناو شیعر و تێیدا سەقامگیر دەبێت و تیشکی جەوهەریی خۆی دەداتێ، چونکە ئەزموون تاقە ڕێگایەکە کە ڕۆح هەڵیدەبژێرێت بۆئەوەی پێیدا گوزەر بکات و بپەڕێتەوە بۆ نێو تێکست و بە تەواوەتی بەسەرماندا باڵادەست بێت،شاعیریش تەنهایەک مێژووی هەیە،ئەویش مێژووی ئەزموونە شیعرییەکەیەتی، چونکە ئەو هەمیشە لەو دنیا تازانەدا دەژیت کە خۆی دایدەهێنێت، پابەندیش نییە بە مێژووی دنیای ماددییەوە، ئەگەر لە مێژووەکەی خۆیشی ڕووتکار بکرێت ئەوا لە ژیاننامەکەیدا شتێکی ئەوتۆ نابێت تا تەوزیفی بکات، واتە

ئەو تەنها خاوەنی ئەزموونێکی شیعرییە کە ژیانی دەیخەملێنێت، لە سەرەتایشدا بە شێوەیەکی بەجۆش و خرۆشانە ئەو ئەزموونە تەوزیف دەکات، بەڵام دواتر و بە هەڵکشانی تەمەن و قووڵبوونی ئەزموونەکەی ئەو کردەیە دەخاتە ئەستۆی خەیاڵ و خەیاڵیش ئیتر دەبێتە بکەری ڕاستەقینە. واتە پانتایی و ڕووبەرێکی بەرفراوانتر بە خەیاڵ دەبەخشێ، یان خەیاڵ لە ڕووبەری شیعردا دەبێت بە بکەری ڕاستەقینە..گەلێک ئەم دێباجە تیۆرییەیان بەدڵ دەبێت، بە تامەزرۆییەوە گوێ بۆ بەردەوامی قسەکان ڕایەڵ دەکەن، ئەمەیش هێندەی تر ئەفسوون بە دڵم دەدات، داوای ئەوەم لێدەکەن وەکو نموونە لە ئەتمۆسفیری شیعرێکی خۆم بدوێم، منیش باسی چامەی "خدر لە پاراندا دەمرێت"یان بۆدەکەم..لەکاتی دواندا دەڵێم کاتی شیعر نووسین زۆر بیر لە زمان دەکەمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە چۆن کشانێکی وا بە وشە بدەم کە لە شیعردا مانای خۆی تێپەڕێنێ، چونکە بەکارهێنانی خراپی زمان زۆرجار کوشتی مانای لێدەکەوێتەوە..دەڵێم: دەزانم ئەمە شتێکە بە وتن زۆر ئاسانە، بەڵام هەموو شتێک بە هەوڵ هاتۆتەدی، بێگومان..سەرسام دەبن، زۆر هانم دەدەن ئەو شیعرە وەربگێڕم، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بە زمانی خۆیان بیخوێننەوە، منیش چەند شەوێک بەجیددی خۆمی لەگەڵدا بێدار دەکەم، چەند شەوێک دەکەم بە قوربانی وەرگێڕانی دوو چەکامە، پاشان بە پێشەکییەکی زۆر کورت وجوانی "کەریم عەبد"ەوە لە ڕۆژنامەی "القدس العربی"دا بڵاودەکرێتەوە کە لە لەندەن دەردەچێت. جگە لەمەیش پەیوەندییەکی بە تین لە نێوانی من و زهووردا شەقڵ دەگرێت، سەرەنجامی هەندێک دەردە دڵ و چەند دەمەتەقێ و گوتوبێژێک لەگەڵیدا نووسینێک بە ناوی "قلادە کردستانیە"وە لە مەغریب لەبارەی منەوە بڵاودەکاتەوە، چەند نامەیەکم بۆ دەنێرێت، لەو نامەیەی کە لە2751998لە ڕەباتەوە بۆی ناردووم ئەوە ئاشکرا دەکات کە پاش بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆمانی بەناوی "جسد و مدینە"وە، خەریکی لێبوونەوەیە لە ڕۆمانێکی تر و بە ساکارییەکی بێڕادەوە پێم دەڵێت:"لمادا تسللت الی بعض فقرات روایتی الجدیدە التی ڕوشک علی الانتهأ منها..ببساگە لانک تمکنت فی لحڤە خاگفە ڕن تفجر الانسان فیک.."! ئەمە چ بەختەوەرییەکە! وەک کاراکتەر دزە دەکەمە ناو دنیای ڕۆمانێک، تەنانەت بیرکردنەوە لەوەی کە کاراکتەرێکی کامڵبم وبشێم بۆ ئەوەی ببم بە پاڵەوانی ناو ڕۆمانێک خۆی لە خۆیدا پاڵنەرێکی بەهێزە، من کە هەرگیز هیچ شتێک نەبوومە ئەوا دەبمە پاڵەوانی...بیردەکەمەوە، بەخۆم دەڵێم ئەمە خەونێکە، پاشان دەڵێم نەخێر ئەمە هاتنەدی خەونێکە لە زەمانێکی بێ خەوندا(کە بێ شک تێیدا خەون شتێکی پێداگرە و زۆر پێویستمان پێی هەیە).

دواجار کتێبی دڵکێشی هەزارویەکشەوە دادەخەم ونازانم ئیدی کەینێ جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەری، هەموو شتێک هەر وەکو خۆی بەردەوام دەبێت، هاوڕێکان بە کەرکووکیشەوە، کۆمەڵێک شتی هاوبەشمان لە نێواندا بووە و هەیە، لە یادەوەری شارێکدا سەقامگیرین و لە یادەوەری ئێمەیشدا ئەو شارە سەقامگیرە، ئێمە هەسارەیەکین هەتاوەکەمان لەم شارەدا هەڵاتووە، کەللەمان پڕاوپڕە لە شتەکانی دێرزەمان، شتگەلێکی هێند لاسار، هێند چەتوونن، لەگەڵڕ ئەوەشدا دەمانخەنە سەر جادە گرنگ و بە ئیحتوبارەکانی نووسین، هاوڕێکان هەر وەکو خۆیان کۆمەڵێ برینی قووڵن لەسەر جەستەی یادەوەری و کۆڵەووژی نۆستالژیا دەیان کولێنێتەوە، پازدە ساڵڕ ڕادەبوورێت، بیست ساڵڕ ڕادەبوورێت ، کەچی هەست بە دووری ناکەم، چونکە شیعر و کەرکووک پردی ناوەوەی نێوانمانن، ئەو دنیایە بونیاد دەنێن کە هەمیشە بۆ من ماڵێک بووە کە تێیدا هەستم کردووە دەتوانم بە شێوەیەکی جیاوازانە تێهەڵبچمەوە، کە تێیدا هەستم کردووە من ئەو کۆترە جەرد و ماڵییەم کە سەرجەم ئاوڕەکانم بەرەو ئەوێ، بەرەو ئەو شارە ڕێنماییم دەکەن کە هەمیشە منداڵدانێک بووە و منیش ئاوڵەمەیەکی ورد بوومە تێیدا.

نۆکتۆبەری 2010: لەندەن



# له خەوندا دابڕان نیه، زنجیره هەیه

# چرکەیەک بۆ کەرکووک

بەیان سەلمان

کەرکووکی ساڵانی شەستەکان تێکەڵەیەک بوو لە جوانی و ترس، بەهای ئازادی و هاوڕێیەتی؛ دراوسێتی و خزمایەتیش لە لووتەکە بوو. خەڵکەکان وێڕای سادەیی ژیانی ئەوساکە هەمیشە شتێک هەبوو خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن.

سیاسەت ئەگەرچی گەمارۆی دابووین، نیشانەکانی ترس لەسەر چاو و لێو و ئاخافتنەکانمان بوو، وەلێ ئێمە منداڵی ترس نەبووین، وێڕای هەموو قەدەغەکان دژ بە کورد دەمانتوانی بەهای خۆشی بدۆزینەوە، خۆشیمان لە شتە هەر بچووکەکاندا دەبینیەوە، لە چا خواردنێکی بەیانیانی زستان، لە پیاسەیەکی ئێوارانی هاوین، لە سەرەتاتکێی عەسرانی بەهاران و لە مەکتەب هاتنەوەی نیوەڕوانی پایزان. وەرزەکان واتایان هەبوو، کاتی دیاریکراویان هەبوو، یاداشتی خۆیان بە هێمنی لە دڵماندا دەنووسیەوە. ئاگاداری خۆشەویستیان دەکردینەوە، زادی یادگاری هاوڕێیەتی ئەو کاتەیان بۆ دەخستینە نێو تێشووی ئەمڕۆ، ئێمەش کەم کەمان لەو زادە دەخوارد تاکو لە پاش وونبوونیان ئەگەر ئەختێکیش بێت تامی ئەو ئازیزانەی پێ بکەین و گرێی توندی ئەو هاوڕێیەتانەمان بۆ سەردەمێکی ساردو سڕ پاشەکەوتکەین.

دونیای سیاسەتی ئەوسا وەک هەمیشەیی کەرکووک، لە تەوەری " قیر النهایە" کۆشکی کۆتایی، کە سەردەمی حوکمی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو و لە نێوان "ابو تبر" کە دەکاتە خاوەن تەور، چاومان بە زەقی لەسەر دونیا دەکردەوە. ئەبو تووبەر دەهاتە نێو ماڵەکانمان، لێفەی دایکمی پڕ خوێن دەکرد، لاشەی براکانمی بە نێو کۆڵانەکان و بە دوای موسەلەحەکاندا بەکێش دەکرد، لە خەونەکانمان دەیهێنایەوە نێو ڕاستی، هەڕەشەیان لێدەکردین لە ترساندا دویان دەکەوتین تاکو سەرمان نەبڕن، کەچی لە خەوندا سەریاندەبڕین. ئەوەی دڵیدەداینەوە کەسە شارەزاکانمان بوون کە لە ڕژێم تێگەیشتبوون و دەیانگوت:"هەموو ئەوانە پڕوپاگەندەی خۆیانە تاکو خەڵکی چاوترسێنبکەن".

ئێمەی منداڵ لەو جیهانە ترسناکەدا گەورەدەبووین، گوێمان لەو چیرۆکە سامناکانە بوو و جەستەی منداڵیمان بەردەدا و هەوڵمان دەدا بێنە نێو خەونی ئەو چیرۆکانەی دایک و دایەگەورە بۆیان دەگێڕاینەوە. کە ئەمانیش مردن لە دوی خۆیان کەسایەتی نێو چیرۆکەکانیان بە نێو گەڕەکەکاندا پیاسەیان پێدەکردین و منداڵانیان لەدەوری

خۆیان کۆدەکردەوە تاکو ئەوان لەبری مردوەکان مەتەڵ و چیرۆکمان بۆ بگێڕنەوە. هیچکات رژێمی بەعس جێی متمانەی کورد نەبوو بە تایبەتی ئەوانەی کەرکووک، ئەو هەلیکۆپتەرانەی لە مانگی تەموزدا بە بۆنەی 17ی تەموز کیسە حەلوایان فڕێدەدایە خوارەوە وێرای ئامەزرۆییمان هەرگیز نەدەچووین هەڵیگرینەوە، دەترساین ئەوەک ژەهری تێدا بێ بۆ ئیمەی کورد، لەبری ئەوە دەچووین بەر دەرگای حەوشەکانمان ناوەرژێن دەکرد تا ئاوماڵەکان و گەرەک فێنکبێتەوە و لەگەڵ کوڕانی دراوسێ تەماشای جوانی و گەنجێتمان دەگۆڕیەوە. هەر لەو قرچەی گەرمایە کۆمەڵێ خەڵکی ئیمام قاسم و شۆریجە و ئیسکان و ئازادی و حەسیرەکان بە بیانووی بووکەبارینەوە دەهاتنە تەپە و رەحیماوە، ئێوارانیش هەموو لە بازاری عەسری و قۆریە دەسوڕانەوە.

هەموو شتێک واتای هەبوو، ڕێورەسمی رەمەزان بۆ بڕوادار و بێبڕوا جێی خۆی کردبۆوە. لەودیو دەرگای ماڵانەوە کە فایق و سەلاح داودەی هونەرمەند بە دەهۆڵ و زورناوە دەگەیشتنە ئاستی ماڵەکەمان لەمدیو دەرگاوە من و ژیانی خوشکم و عبدوڵای برام دەستمان دەگرت و شاییمان دەکرد، لەولاشەوە دایکم بە هێمنی خواردنە سادەکەی بۆ بەرۆژووبوونی ئامادەدەکرد، پڕ بەدڵ پێمان پێدەکەنی و سەرزەنشتی نەدەکردین. نەیەوت گوناهە و نابێ. نزیکی جەژنیش هەموو کچانی دراوسێ هاوکاری کولیچەکردنی یەکتریان دەکرد و تاکو بەرەبەیان لە فڕن بە دیار برژانی کولیچەوە گوڵەبەرۆژەمان دەخوارد، نۆرەمان دەگرت و بێزار نەدەبووین، باسی سیاسەت تێکەڵ بە بۆنی گەرم و تازەی کۆلیچە دەبوو. کوردایەتی هەر وەک رەمەزان لەلای کۆمونیست و غەیری کۆمونیست لە بەرزترین پلەدا بوو. کەس نەبوو کورد نەبێ، هەموو تورکمان و عەرەب و مەسیحیەکانیش دژ بە رژێم کوردبوون، کەسیش نەبوو لە ئاستی ئەوانی دی دڵڕەش و قەوم پەرست بووبێ. لێرەدا ناتوانم ناوی "بەهجەت تورکە" نەهێنم، ئەم پیاوە تورکمانە پێشمەرگەیە بەشێکی لە یادگاریی ئەو سەردەمە هەیە، کوردایەتی ئەو وەک هەموو کورەکان کراسێکی یەک رەنگ بوو هەموو بێ جیاوازی لەبەریان دەکرد، هەر یەکێک دڵسۆزی خۆی بۆ دەسەلماند، داستانێک بوو، دەبوو هەموو کەسێک تێدا قارەمان بێت، بەهایەکی مرۆڤانەی لەلامان هەبوو، خۆمان پێوە دەگرت و بە دەوری دەسوڕیانەوە و سروودمان بۆ دەوت و لەگەڵ خۆماندا گەورەمان دەکرد و باوەشمان پێدادەکرد. کەچی کەسیش نەدەترسا بە ڕاشکاوی رەخنە لە ئاین بگرێ، بڵێ من نابمە کۆمنیست، ناچمە ژێر ڕکێفی بەعسی، من کوردم ئەگەر بە

تورکمانیشم بکەن، کوردم یا بە عەرەبیش بدوێم و بخوێنم، خەڵکی کەرکووکم یا بۆ سولێمانیش ''قاومەدەن'' خەڵکی بناری بابەگوڕگوڕم یا لە تەنیشت گوێژە و کوورانیشەوە ژوورێکی بەکرێم هەبێ، یاخود لە ناو جەرگەی رۆژئاوا نیشتەجێ ببم. گۆڕی دایک و باوکم و مامەکانم لە شێخ موحێدینی کەرکووکە یا ئازیزەکانی تریشم لە شار و لاتانی دونیا بنژێرین. دونیای راستی ئەوەیە کە خۆمان لە خەیاڵ و ویژدانی خۆماندا دەیکێشین ئەک ئەوەی بۆمانی دەکێشن، جیهانی جوانی ئەوەیە کە خۆمان هێڵەکانی راستەدەکینەوە یا بە چەوتی نیشانمان بدەن. ئێمە لەوێین یا لێرەش بین، لەسەر گردی تەپەی مەلا عبدوڵا ئاگری نەورۆز دەکەینەوە یا بە ترس و لەرزی رابردووش گەمارۆ درابین.

دوور لە پیاهەڵدان بەو سەردەمەوە دەتوانم بڵێم کە من شانسم هەبوو ساڵانی شەست و حەفتاکانم بینی چونکە بێ بوونی ئەو سەردەمە دونیای ئێستام بۆ وێنا ناکرێ. من لە دەرگای ئەو سەردەمەوە هاتمە دونیاوە، لە پاڵ پەنجەرە دارەکانیدا گەورەبووم، لە نێو گیای بەهاری بەردەوامیدا دەنووستم، لەلا کۆڵانەکانیدا وردەکاریی ژیانم بە ئهێنی لەسەر پارچەی قوماشی داهاتووی ئەدەبیمدا دەچنیەوە، لە باوەشی گەرمی جوانی گەڕەکە خاکیەکانیدا یاریم دەکرد، هەر لەوێ چاوم راهێنا تەماشاکانم لە پۆستەری بەردەم سینەماکانەوە بگوازمەوە سەر شاشەکانی، بچمە نێو پانتایی فیلمە فانتازایەکان و لەوێوە خەون ببینم و ئەوەستم لە خەو بینین، ئەوەستم لەوەی بچمە بەردەم سینەما و ماوەیەک چاوم لەسەر پاڵەوانە کارتۆنیەکانی سەر ریکلامەکان چەقببەستێ و هەستم لە رەنگی ئەوان تێرکەم و ئەوجا بگەڕێمەوە ماڵ و خەرجیی ئەو رۆژانە هەژارەی پێم دەدرا کە هەموو رۆژێکیش ئەبوو بۆ بینینی فیلمێک کۆم دەکردەوە. کە هیتشکۆک بە زلیی دەهاتە پێش شاشەکە و بە ئاوازێکی پڕ ئاگادارکردنەوە پێی رادەگەیانین کە وەریابن فیلمەکە فرە ترسناکە، لەو چرکەیەدا قسەکانی عبدوڵای برام دەهاتەوە گوێم بەر لە هاتنی هەردووکمان بۆ فیلمەکە ئەو ئاگاداری دەکردمەوە ''فیلمەکە زۆر ترسناکە کچێ هاوار نەکەی!'' منیش سوێندم بۆ دەخوارد کە خۆم رادەگرم بەڵام یا هەر برۆین. ترسی خۆمان لە دونیای باڵندەکانی هیتشکۆک دەبینیەوە، بەهێزیمان لە جۆن وێن و جوانیمان لە ئاڤا گەردنەر و لێهاتوویمان لە جیمس بۆند و رۆمانسیەتمان لە فاتن حەمامە و دونیای رەنگمان لە فیجینتی مالا دەدۆزیەوە.

هەر لە نێو ئاسۆی کراوەی ئەو سەردەمەدا بازنەی هاوڕێیانی ئەدەبیی و شانۆم ناسی، عەلی کەریم، جەلیل زەنگەنە، موحێدین زەنگەنە، جیهاد دڵپاک و یادگار

(؟). ژیانی ئەدەبی لە بازنەی چەند کەسێکدا بوو، هەموو کەس نەیەوێرا خۆی دەرخات کە کاری ئەدەبی دەکات، جگە لە نەبوونی دەرامەت بۆ ئەنجامدانی کارەکان. هونەریش دەبوو لە چوارچێوەی دیاریکراودا بێت، تەنانەت حەزی خوێنەوەش لە چوارچێوەی ناشکرایی کەسەکان دەمایەوە. حەز بە خوێندن دەیکردە هۆشیاری ئەمەش نەدەبوو کەس بە ئاشکرا باسی بکات. بازنەی کۆبوونەوەی ئەدەبی بێ ئەوەی کەس بزانێ دوا ڕۆژ دەبێ بەچی یان نابێ بەچی لەلای کتێبفرۆشی ئاسۆ بوو لە شەقامی جەمهوری. دەچووین و وەختێکی زۆرمان لە نێو کتێبە کۆن و نوێکاندا بەسەردەبرد. هەموو هەفتەیەک دەچووین، بە نەبوونی پارەش هەر کتێبمان دەکڕی. زۆرجار کاک جەبار خاوەنی کتێبخانەکە کتێبی بەقەرز دەداینێ، ناسیاو و نە ناسیاو جێی بڕوای کاک جەبار بوو، کتێبمان هەڵدەبژارد و قسەمان لەگەڵ دەوروبەری خۆمان دەکرد، کەس نەبوو بڵێ تۆ کچی نابێ لەگەڵ کوڕاندا قسە بکەی، هیچ کوڕێکم تووش نەبوو ڕێزی شکانبم لەو جێیە، ئەگرچی تا رادەیەکی زۆر کچێکی دڕ بووم و فێربیووم لە چاوی پیاوان نەترسم، شەرم لە تیروتوانجیان نەکەمەوە، سڵ لە مۆڕەیان نەکەمەوە، بەڵام کوڕانی ئەو کاتەش فرە جیاواز بوون، ئەم بۆچوونەشم لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە قۆناغی ئاوەندی لێدەرچێ من هەموو قۆناغەکانی خوێندنم تێکەڵاوی کوڕ بووین. ئەو کتێبفرۆشەی ئاسۆش شوێنێک بوو بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا، تەنانەت کتێب گۆڕینەوەش، ئەوەی من هەمبوو دواتر دەمدا بە یەکێک بیخوێنێتەوە و ئەوەی ئەوانیش هەیانبوو دەیاندا بەمن. بەو جۆرە ئابووریشمان لە پارە دەکرد و بۆ کتێبی دیکە و شتی تر پاشەکەوتمان دەکرد. دەمانتوانی وەک کچێک لەگەڵ کوڕانی دراوسێ دانیشین، قسەبکەین، کتێب بەیەکتری بدەین و هەندێ جار بە هاوشانی عەبدوڵای برام لەگەڵیشیاندا بچینە سینەما و بە دەرکەوتنی راچکۆمار لە فیلمەکە فیکە لێدەین. مێژووی من وەک کچێک پڕ ئازادی بوو ناتوانم زۆر بەهی کچانی دی بەراوردی بکەم. رەنگە ئەوەی من بۆم دەلوا کچانی دی بۆیان نەلوابێ، وەلێ بە ئاشکرا کچانی دیکەشم دەبینی کە جەژنان پێکەوە دەرئەچووین و بازار و ماڵی هاوڕێیانمان پێکەوە دەکرد و بە ئارەزووی خۆمان جلو بەرگمان لەبەر دەکرد.

ئێمە منداڵی و هەرزەکاریمان لە سەردەمێکدا بەسەر برد کە ناتوانین ناوی بنێین ژیانی ئەدەبی لە کەرکووک، چونکو کەرکووک وەک هەڵەبجەی پاش کیمیاباران و ئەو گوندانەی پاش ئەنفال و شارۆچکانەی دوای تەرحیلکردنیان و داگرتنیان بۆ نێو ئۆردوگا زۆرەملێکان، دابڕانی تێدا هەبوو، نەک تەنها لە لایەکدا یاخود لە

بواریکدا، بەڵکوو سەرجەمی ژیانمان زنجیرە دابڕان بوو. زۆربەی کوردەکانی کەرکووک پێشتر خاوەنی خانووی خۆیان بوون، کە خانوەکانیشیان بە شەرعیەتی دەسەڵاتی رژێم و لە ژێر پلانی تەرحیل و تەعریبکردن داگیردەکران ئیدی لەوەدوا کەسەکان لە جێیەکدا سەقامگیر نەدەبوون، لە خانویەکدا نامانەوە، تەنانەت زنجیرەی ژیانی هەر یەکێکمان پڕ لە دابڕانە. دابڕان تەنها بریتی نیە لەوەی جێیەکت جێهێشت و بۆی دێیەوە (لە حاڵەتی ئێمەماناتیشدا قەت نەهاتینەوە)، یان شتێکت دەکرد و دواتر دێتەوە سەری، بە چالاکیەک هەڵدەستای و پاشان دەستپێدەکردەوە. دابڕان حەسرەتی لە دەستدانی ناسنامەیە، لە کیسدانی یادگاری شوێن و هاوڕێیانە، ماندووبوونە، تێکۆشانە تاکو سەرئێسقان، وشەیەکە هەموو ژیانت سەرقاڵدەبی پێوە و بێ وەستان وڵامی خەڵکی دەدەیەوە: "من غەریبە نیم، بەڵەسڵ کەرکووکیم". دابڕان لەعنەتی غەریبایەتیە لە ناخی شاری لەدایکبوونت، لە نێو دڵی خاکی وڵاتی خۆت، من بە درێژایی تەمەنم غەریبە بوومە، لە کەرکووکەوە تاکو پاریس هەر غەریبەم. دابڕان تامی ژەهر دەدات، سامی مۆتەکیە و زۆر قورسە، قورگ و سینەت هەڵێناگرێ، لەوە سامناکترە کە بە وشەیەک دەربیبڕین، ڕیشەی کەسەکە لە کات دەردەهێنێ دواتر هەرچەندە دەکەی پێڕاناگەی، هێندە وێزگەکان لەیەک دوور کەوتوونەتەوە هیچ شەمەندەفەرێک پێیدا ناڕوات. تەمەنی ئێستامان لە منداڵی و هەرزەکاری ئەو دابڕانەشەوە هاتووە. خوناوی ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەشە، بۆ ئەوەی کەسێک لە ئێمە بتوانێ بچێتەوە سەر ئەو مێژووە ناکرێ بێ ئەوەی بەو قۆناغانەدا بچێتەوە. ئەو سەردەمە ئەوەندەی نازاردەر و هەژێنەر بوو ئەوەندەش پڕ بەها و مایەیی متمانە و خۆشەویستی بوو، دەقی جوانیمان تێدا دەهۆنەوە، لەکەی هەندێک ڕۆژی سەختمان پاکدەکردەوە، هەر خودی ئەو دابڕانانەمان پەرە بە پەرە لەناخماندا دەنووسیەوە و دواتر ڕەنگە بەسەر دیواری کۆڵانێکی کەرکووکدا هەڵیواسین. دابڕان کێشەی پێشوو و دوایی دەخوڵقێنێ، مێژووی ڕابردوو و مێژووی ئێستا تێکەڵدەکات، بۆچوونمان بۆ ئەوسا و بۆچوونمان بۆ داهاتوو دەخاتە پێشچاو. ئێمە کێین ئەگەر بەرهەمی ساتی دابڕاو نەبین؟ یان لە کوێین ئەگەر ڕیشەمان تێکەڵ بە گژ و گیای ئەو دابڕانە نەبێ؟

لە تەمی خەیاڵمدا عەلی کەریمی هونەرمەند و یادگار (کە نەمیان دواتر لە ڕەشەگرتنی ئەنفالەکان سەرنوگم بوو لەگەڵ دوو برا بچووکەکەی عەلی کەریم) کە خزمایەتیەکی دووریش بەیەکی دەبستینەوە هاتوچۆی ماڵمانیان دەکرد و ئێمەش دەچووین بۆ ماڵی عەلی لە نێو قەڵای کەرکووک. عەلی لە زۆر دەمێکەوە خەریکی

شاتۆ بوو، بەردەوام دەیخوێندەوە، هەندێ جار لەلای ئەویش کتێبم دەهێنا. ئەوساکە شانۆگەریەکان لە کەرکووک کەم نمایش دەکران، بواریان نەدەدا بە کوردی پارچە شانۆیەک نمایش بکرێ، هەر بۆیە زۆربەیکات ئێمە دەقە شانۆییەکانمان لە تەلەفیزیۆن دەبینی. من لەلای خۆمەوە بەردەوام پارچە شیعر و وردە نووسینم دەنووسی و لەلاوە دامدەنا، بە ڕاستی نەمەزانی بۆچی دەیانووسم! یان بۆ لەلاوە دایاندەنێم! چونکو لەو تەمەنەدا بە مێشکمدا نەهاتووە ڕۆژێکیان بچێنە نێو دونیای نووسین، ئاشڵێم نووسەریی. تەنها پێمخۆش بوو کە جیهانێکی خۆمم داهێنابوو لە سایەیی ئەوەوە دەمتوانی شتەکان ڕوونتر ببینم، جگەلەوەی گەشەکردنی ئەدەبیم لە قۆناغێکی زووەوە خۆی ئامادەدەکرد بێ ئەوەی بە تەواویی دەستپێبکات. لە قووتابخانەی سەرەتاییش کلیلی کتێبەخانەیەکی بچووکی مەکتەبەکەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ بەدەستمەوە بوو، ڕاستریشە بڵێم بە شرێتێک لە ملمدا بوو. ئەو ماوەیە مۆڵەتی ئەوەم هەبوو کە بە هەوەسی خۆم کتێب بەرمەوە ماڵەوە، منیش ئەوەندەی لەو تەمەنەمدا نووسەرانم دەناسی کتێبەکانیان گەر لەوێ هەبوایە دەمبردنەوە. لەهەمانکاتدا ڕاوێژکاری ئەو کەسانەشم دەکرد کە دەیانەویست کتێب بەرنەوە و پێمدەوتن کە کامە کتێب من خوێنومەتەوە و بە باشی دەزانم. خوێندنەوە ئەو قۆناغەش بوو بواری بەرفراوانکردنی خەیاڵە و دەرچوونە لە دونیای هەژاریی و توندو تیژیی سیاسی. ئێمە کە منداڵیش بووین قورسی ئەو بارە سیاسیە لەسەر شانمان بوو، چونکو بە هۆی باری سیاسی براکانم هەر جارە و یەکێکی خێزانەکەمانیان لەبری ئەوان دەگرت و یاخود دەهاتن ماڵەوەیان دەپشکنی. بچووکیی تەمەنیشمان و تێنەگیشتنمان لەو دۆخە ئەوەندەی تر ترسی لە دڵماندا دەڕواند. بە هۆی ئەو دۆخەوە زۆر ئازاری دەروونی دایکمیان دا، کەچی بۆ یەک چرکەیەک لە دایکمم نەبیست بێزاریی و نارەحەتی خۆی لەوە دەربڕێ، بەپێچەوانەوە وا هەستم دەکرد کە هانی زیاتری دەدا کوردایەتیەکەی تۆختر بکاتەوە، هەر بۆیە هەمیشە ئامۆژگاریی ئەوەی دەکردین کە بە کوردی قسەبکەین و تاکو مردنیشی هەر جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکرد.

دواتریش هەر بە هۆی بارو دۆخی براکانیشمەوە کە سێیان پێشمەرگە بوون سێ جار کتێبخانەکەم لەناوچووە. هەر کاتێ ئاگادار دەکراینەوە کە موسەلەحە هاتە گەڕەکەوە و دەستیان بە پشکنینی ماڵان دەکرد لەلای خۆمانە دەستمان بە حەمام داخستن دەکرد و وەک زۆربەی خەڵکی ئەو کتێبانەی گومانمان لێیان هەبوو قەدەغەن دەمانکردنە سووتەنی حەمام و وەک جەستەی خۆمان تەماشای

سووتانیامان دەکرد، گوێمان لە قرچە قرچی هەندێ بەرگ و پەڕەکانی بوو و تاکو دوا کتێبی هەڕەشەلێکراو و جێی مەترسی ڕستەکانمان بە خێرایی دەخوێندەوە، زەینمان لەو چرکەیەدا هێندە تیژ بوو لە هەڵکشانی تەمنیشماندا ئەو ڕستانەمان هەر لەبیر ناچوو، پاشان بەو جەستە ئەشکەنجەدراوە، بە ناوی گەرمی حەمامەکە خۆمان دەشۆرد، دەگریاین و ناومان بە خۆماندا دەکرد، دەگریاین و داوای لێبوردنمان لەو جەستە هەڵپرووکاوانە دەکرد، دەخەوتین و بە سووتەکی دوا ڕستەکانیان خۆمان دادەپۆشی، ڕۆژی دوایی هەڵدەستاین لە خەو و دەچوینەوە لای کاک جەبار کتێبفرۆشەکەی ئاسۆ و دەستمان بە کتێب کڕین دەکردەوە و دەگەڕیانەوە ماڵەوە تاکو کتێبخانەکانمان دیسان پۆلێن بکەین. من ئەگەر هیچ کارەساتێکی دیاریکراوشم بەسەردا نەهاتبایە هەر لەبەر لەناوچوونی کتێبەکانم دەبوو کۆچبکەم و لە ناو جەرگەی ڕۆژئاوا جارێکی دی ماڵی کتێبخانەکەم دانێمەوە. ئەوانەی کتێبەکانیان دزیم، ئەوانەی کتێبەکانیان فڕێدام، ئەوانەی بە هۆیانەوە کتێبەکانم سووتێندران بەشێکی ژیانی منیان لەگەڵ پەڕەکانیدا دڕاند و سووتاند و زیندە چاڵیان کرد.

ئەو مێژووە سەختەی کەرکووک چاوی کردینەوە، فێری کردین چۆن بەرەو خەون بچین، چۆن لە ئاستی کوشتن و گرتن و ڕفاندن بەرگریکەین، چۆن هەنگاو لە خۆشەویستیدا بنێین و کەس تۆقمان نەبا.

زۆربەی کەسوکاری من لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک کارمەند بوون، بە خۆماڵیکردنی نەوت و هەر زۆریش پێش ئەوە دەستیان بە تەرحیلکردنی کوردەکان کردبوو، خێزانی منیش بێبەر نەبوون لەوە، کوڕانی مامم، دوو برام و ماڵی خزمانی ترم هەموو لە سلێمانی گیرسانەوە. قۆناغێ داهاتووی من هاتوو چۆ بوو لە نێوان سلێمانی و کەرکووک، دواتریش بە هۆی خۆشک و برایەکم لە نێوان سلێمانی و کەرکووک و هەولێر بووم. زمانم وەها گۆڕا کەس نەیەزانی خەڵکی کوێم! کە دەچوومە سلێمانی لە دەرەوە لێیان دەپرسیم''خەڵکی کوێی؟'' کە دەهاتمە کەرکووک و هەولێر هەمان پرسیاریان لێدەکردم. ئێستاش لە هەندەران لێم دەپرسن خەڵکی کوێی؟ دەڵێم کوردم. لە ڕاستیشدا ئەم دوا پرسیارەی هەندەران جیاوازی ئەما لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لەوێ لێمدەکرا. لە کاتێکدا هێندە خۆم بە کۆزمۆپۆلیت دەزانی بێ ئەوەی لەو کاتەدا مانای ئەو وشەیەش بزانم شوناسی کەرکووکی بەرە بەرە کاڵدەبۆوە. دەهاتمە سلێمانی و لە کەرکووک دوور دەکەوتمەوە، دەهاتمەوە کەرکووک و لە سلێمانی دوور دەکەوتمەوە، دەگەیشتمە

هەولێر و سلێمانی دەهاتە بیرم و دەچوومە سلێمانی و بیری کەرکووکم دەکرد. بوومە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی فرە جەستە، فرە سەر، فرە زاراوە، فرە کلتووری شار، بە بێدەنگی وانەکانی کوردی فێردەبووم. لە دۆی دادەم دەخواردەوە، لە ژێر دوو داری بەرزی گەش چاوم دادەخست، لە نانی ساجی ئەو کاتەم دەخوارد؛ لەسەر گردی نزیک تانکی ناوی تەپەی مەلا عبدوڵاشەوە تەماشای شارم دەکرد. ئەمەزانی چاو تەنها ئامرازێکە و وێنەکان دەگرێ و لەلایەکەوە دایاندەنێ، بیرەوەری داهاتوو لەو ئەلبۆمە خەیاڵیە نائاشکرایە کۆدەکاتەوە و یەک بە یەکیان لە ئێستادا یاداشتیان دەکاتەوە. وێنەی ئەو ساڵانەی کە هاوسەرگیری کوڕ و کچێک دەهاتە پێش چاوم، دەهۆڵ و زوڕنا و شایی لە نێوەندی گەڕەکەکان لێدەدرا، گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ لەمسەر بۆ ئەوسەری کۆڵان هەڵدەواسران، چۆن باسی شادی ئەو کاتە بکەم؟ بە چ وشەیەک باسی جوانی ئەو گڵۆپانە بکەم؟

هەر ئەوە بۆخۆی ئەو دونیا تاریکەمانی پڕ ڕەنگ کردبوو. لە سەعات سێی ئێوارەوە دەست بە هەڵپەڕکێ دەکرا تاکو نیوەشەو؛ ژن و پیاو لە ناوەڕاستی کۆڵان دەستیان دەگرت، ئێمەی منداڵ دەچووینە پشتی ژنەکان و فەقیانەی ژنەکانمان لە پشتەوە گرێ دەدا کە دەیانەویست دەرچن ماوەیەکیان پێویست بوو. جارێکیان لە یەکێک لەو بۆنانەدا، ئەو کچەی بڕیاربوو هاوسەرگیری بکات بە کوڕەی زاوای وت "ئەگەر فایق داوەدە نەیت بۆ زوڕنا لێدان من شووت پێناکەم". فایق لەو سەردەمە زۆر داوای لەسەر بوو، دە کەسیان بۆلای نارد تاکو ڕازی بوو لە شای ئەو کچە بەشدار بێت و شای سازکرا و فایق بەتایبەتی لەبەردەم بوکە لەسەر ئاوازی "وەی وەی زاراگیان" زوڕنای بۆ لێدا.

چۆن بە بیری کەسماندا نایەت ئەو کاتە درێژانەی لە ناواخنی ڕەشبینی و خەمۆکی باری سیاسی و ئابووری و کلتووری کورد لەو سەردەمە واتامان بۆ خەونەکانمان بە چاوکراویی دادەهێنا. لەگەڵ ستارتریک دەچووینە نێو جیهانی سەر ئەستێرەکان و لە گۆی زەوی دوور دەکەوتینەوە، لە کێشە ئابوورییەکان هەڵدەهاتین و دەچووینە پەنای ئەو بوونەوەرانەی خەیاڵمان دایدەهێنان و وامان لێکدەدایەوە کە توانایان لە ئێمە گەورەترە. کێ لە ئێمە نەدەچووە نێو جیهانی هەزارو یەک شەو و خۆی بە پاڵەوانێکی نێوی نەبینی؟ کێ چەند جارێک لەگەڵ سندباد گەشتی نەکردوە و نەدەگەیشتە ئەو دوورگانەی تەنها هێزی جادوگەرەکان دەگەیشتن پێیان؟ کێ کەشتیەکەی بە هۆی گەردەلوولی ئۆقیانووس نووقم نەبووە و خەونی بە تەنیای

رۆبنسن کروزۆ نەبینی؟ کام کچە لە ئێمە نەیەویست لەگەڵ ڤالانتینا تیریشکۆڤا گەشتی سەر مانگ بکات؟

دواتریش من بە دوی ئاشتی دەگەڕام، لەشەڕدا بە دوی ئاشتی دەگەڕام، لە نەبوونی شەڕیشدا هەر دەگەڕام و ئێستاش دەگەڕێم. ئارامیی وێنەیەکی ئەفسووناوی بوو پێی نەدەگەیشتین. هەر بۆیە زۆر دواتر وەک زۆربەی هاوڕێیانم بەری ئاشتی درۆ، ڕێگەم گرتەبەر و لە تونێلی خەیاڵەوە بۆناو فڕۆکەخانەی کۆنکریتی بەرەو فەرەنسا دەرچووم و شەڕێکی ترم لێرە دەستپێکرد. شەڕی ساردی بێ چەک، شەڕی ڕەهای مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، بێئۆقرەیی لە دەریای نەهامەتی کات و بڕینی ڕۆژگارەکان بە پێداچوونە بە ڕابردوو، وەلێ بێ پاشەکشێ و بێ دەستهەڵگرتن لە ژیان و بەکارکردن لەسەر خود. شەڕی ئێرە لە چەشنی فارگۆنە کۆنەکانی ڤیتارێکە کە هیچ وێزگەیەک نەماوە لێی بەوەستێ چونکو تاقە وێزگە هەر ئەوەیە لە دواجار لەلای بەردەم وێزگەی شەمەندەفەرەکان وەستابوو و بە تەنیشتیدا دەرۆیشتین و وەک مۆزەخانەیەکی سەر شەقامێکی کراوە تەماشامان دەکرد و بەلایدا تێدەپەڕین. دەستپێکردنەوە لێرە، لە ڕۆژئاواوە دەکاتەوە لەدایکبوونەوە لە جێیەکی دی. وێڕای دژواری ژیان، وشەکان لێرە بەرگ لەبەر دەکەنەوە، واتای خۆیان پڕ بە پێست خۆیان بەکار دەهێندرێن، مانا و دژە مانا لە جێی خۆیەتی؛ فێربوونی زمان لە تەمەنێکی هەڵکشاودا زۆر سەختە، دەستکردنەوە بە خوێندن و چوونەوە بۆ دانیشگە و لە پۆلێکدا لە تەنیشت کچ و کوڕی 18 و 20 ساڵ جێگیربیت گەلێک دژوارە، پاش نیوەڕوان کاری قورس کە جەستەت دەکاتە تەختە و ناچارت دەکات ببیتە سویسکە بۆ ئەوەی زمان فێربی، ئەمانە بێ وێنە ئەزێتدەرن. ئەوەی ئارامبەخشە، کردنەوەی دەرگایەکە بەسەر دەرەوە، بەسەر ئازادی، هەنگاوەکانت لە شەڕ و تۆپ و تەیارە و دەنگی گولە و دەبابە و نەڕەی سیاسیەکان لە پشت مینبەری بەرزەوە دوور دەخاتەوە و دەچینە نێو کاتەوە، ئیدی تەنها گوێت لە زەنگی ئاگادارکردنەوەی کات دەبێ کە میترۆکانی پاریس لە باوەشیاندا دەتهێنن و دەتبەن و پاش چەند هەڵەیەکی بچووک لە بەرەوچوونی وێزگەیەک فێرت دەکەن چۆن ئیدی هەڵە نەکەی و وەک ئاڵەتێک ڕێی خۆت بگریتە بەر و تەنانەت تەماشای وێزەگەکەش نەکەی. فێردەبی چۆن لە تەنیاییدا هەموو شەقامەکانی پاریس بەپێ ببڕی و دواتر لە خودی پاریسیەکان باشتر شوێنەکان بناسیەوە، لە بری ئەستێرە تابلۆی نێو مۆزەخانەکانی بژمێری و هەر ئەگەیە ژمارەی راستیان، سینەماکانی یەکی بە یەکی تاقیکەیەوە و فیلمە بێ

شوماره‌کانی یاداشته‌که‌ی، خواردنی ریستورانه‌کانی تامکه‌ی. چاو ده‌پۆشین له هاوڕێ کۆنه‌کانمان که ورده ورده ده‌ستمان لێ هه‌ڵده‌گرن و حوکمی مردنمان به‌سه‌ردا ده‌بڕنه‌وه، ئێمه‌ش ده‌ستیان لێده‌شۆین و داری چوراچیوه‌ی په‌نجه‌ره کۆنه‌کان بۆیه ده‌که‌ینه‌وه، ئه‌وجا به هێمنی تۆڕی هاوڕێیه‌تی نوێ ده‌چنینه‌وه؛ هاوڕێیه‌تی عه‌قڵانی که نه حوکمکردن و نه به‌کەم سه‌یرکردن وه‌ک ژنێک و غه‌ریبه‌یه‌ک جێی له‌و په‌یوه‌ندیانه‌دا نابێته‌وه. تۆ تۆی و ئه‌ویش ئه‌وه، به بێ ئه‌وه‌ی که‌سمان ئه‌ویتر بین. ئێره له چه‌شنی که‌رکووک شاری کۆزمۆپۆلیته هه‌رچی که‌مایه‌تی دونیایه به خۆیان و زمان و کلتوور و خوارندیان و به‌رگیانه‌وه نێو شه‌قامه‌کانی پاریسیان پڕ ره‌نگ کردووه. کێ قینی له ره‌نگه لێره جێی نابێته‌وه، ئێره شاری ئه‌ستێره و مانگ و خۆر و باران و به‌فر و هه‌وریشه. که ساماڵه به‌ده‌ره‌وه‌ین، که مانگ نیوه‌یه به‌ده‌ره‌وه‌ین، که هه‌ندێ جار تیشکی خۆر ده‌ماتسوتێنێ خۆمانی ده‌ده‌ینه‌به‌ر، که باران و به‌فر و تۆفانیش بێت هه‌ر به ده‌ره‌وه‌ین. ئه‌م دونیا گه‌وره بچووکراویه له پاریس بوارێکه ئێجگار گه‌وره‌یه که مرۆڤ و به تایبه‌تی ژن لێیه‌وه خۆی کۆده‌کاته‌وه و ئه‌و کاتانه‌ی دابڕان بوو له‌گه‌ڵ دونیای نووسین و شاری له‌دایکبوون دیسان به‌یه‌که‌وه گرێیان ده‌ده‌ینه‌وه. ئه‌م گرێیانه یه‌که به یه‌که‌ی هه‌نگاوێکمان فێرده‌کات، هه‌ر جاره‌ی ڕێیه‌کمان نیشان ده‌دات لێیه‌وه ده‌توانین به ڕابردوومانـدا بچینه‌وه، به دڵسۆزی پێدا بێینه‌وه و سه‌ردانی بکه‌ین، گله‌یی لێبکه‌ین، بیشیلاوێنینه‌وه.

ئه‌زموونی پاریس هێنانی دونیایه له‌سه‌ر سینیه‌کی پڕ ره‌نگ تابلۆکانی تۆلوز لوتریک و داڤید و رۆبانس و فراگۆناریان له‌سه‌ر کێشراوه و ئێمه چا سه‌وزێکی ئێوارانی له‌سه‌ر ده‌خۆینه‌وه و ورده‌کاریی ژیان ده‌نووسینه‌وه. ئه‌و شه‌قامانه‌یه که لێوار په‌نجه‌ره و بالکۆنه‌کانی په‌یکه‌ری مۆزه‌خانه‌یه‌کی دێرینن و پێشوازیمان لێ ده‌که‌ن و جوانیان به چرپه پێمان ده‌ڵێن: "مه‌چن بۆ مۆزه‌خانه هه‌موو شه‌قامه‌کانی پاریس خۆیان مۆزه‌خانه‌یه‌کن!". ئه‌و باخچه گشتیانه‌ی که له هه‌ر سوچێکیاندا وێنه‌یه‌کی که‌سایه‌تیه‌کانی نێو رۆمانه‌کانمان پێده‌ناسێنن، موغازه‌ی عه‌تره‌کانیشیان ئه‌و بۆنانه بڵاو ده‌که‌نه‌وه که ده‌مانبه‌نه‌وه بۆ بۆنی که‌رکووک و پێمان ده‌ڵێن: "ئێره شاری ژیانه نه‌که‌ن بمرن".

پاش **14** ساڵ ژیان و خوێندن له پاریس، مانگی ئوکتۆبه‌ری **2012** گه‌ڕامه‌وه کوردستان. گه‌یشتمه فڕۆکه‌خانه‌ی هه‌ولێر و پاش چه‌ند رۆژێک له هه‌ولێره‌وه چوومه‌وه بۆ کوردستان، من هه‌میشه به که‌رکووکم ده‌وت کوردستان. له

ڕەحیماوەوە ئاگرەکەم لێ دەرکەوت، لەگەڵیشیدا گڕی دڵیشم قوڵپی بە چاومدا و لە نێو وێرانەی شارێکدا وێنەکانی خۆم و ئەو ئازیزانەی لە ژیانمدا بوون یەک یەک پێشوازیان لێکردم- جۆلانەی منداڵیمان، ماڵی هەرزەکاریم، کۆڵانی هاوڕێیەتیم، بەر دەرگای دراوسێ دڵسۆزەکانمان، دەرگای قووتابخانەی ناوندیم، پردەکانی، شوێنەواری سینەما خەیام و عەلەمێن و سەلاحەدین(کە دەبێ تا مردن سوپاسی خاوەنەکانیان بکەین بۆ هەموو ساتی جوانی ئەو کاتانەی کەرکووک)، ئەوجا قۆناغی ئازار و چوون بۆ سەر گۆڕی کەسوکارم هاتە پێشێ. وێنەی کەرکووک، دوا وێنەی ئێستا لە یادم ئەوەیە کە خێوی شار و خێوی کەسەکان لەلا کۆڵانەکان پێکەوە پیاسە دەکەن. ئێمە لە نێو شارە گەورەکاندا پێستی مرۆڤ لەبەردەکەینەوە، ئەوانەی کەرکووکیش دەبنە هەڵم، هەر جارەی یەکێکیان وندەبێ و دەفتەری ژیانی قوفڵێکی زلی لێدەدرێ؛ وەلێ ئەو قوفڵە هەمیشە کلیلێکی لەدڵماندا هەیە جار ناجارێک دەیکەینەوە و دەچینەوە سەر گەنجینەیەک کە ڕۆژانەی هەر کەسێکی بە وردە مرواری تێدا هۆنراوەتەوە. هەر یەکێکیش شتێکی لە ئێمە هەڵگرتووە.

پاریس دەرفەتێکە کە بوار نادات پێیەکانت بخزێن، دەکەوی و خۆت هەڵدەگریەوە، دڵت پڕ زامە و بێشکەت بۆ ساز دەکات تاکو ئازارەکانت بلاوێنیەوە. لە هەمووشی گرنگتر، پاریس ماڵێکی گەورەیە تێدا فێردەبی کەلو پەلەکەت بە کاوە خۆ ڕێکخەی. لێرە فێر بووم تاڵی خەونەکانم بەیەکەوە گرێدەمەوە و زنجیرەیەکی تۆکمەی لێدروستبکەم. کاریگەریی پاریس زۆر گەورەیە بەسەر ئەزموونی نووسینم، قاوەخانەکانی ئێرە بۆخۆیان جێیەکن لێیەوە فێر دەبی تەنیا بیت، دونیا بەدەوەرتەوەیە و هەر بەتەنیا دەنووسی و بە سەر شانی ڕستەکانەوە دەچیەوە کەرکووک، شەقامەکانی لەگەڵ ئاوازی هەنگاوەکانت ڕادێن و لێرەوە دەتبەنەوە بۆ شەقامە دێرینەکانی ئەوێ و لەوێشەوە بۆ سلێمانی و هەولێر و دەهۆک. ئێرە بوارێکە کە تێیدا بە وردەکاری فەرشچنێک کاری ڕۆژانە دەکەی و کاری نووسین زیاتر دەکەی. خودی ڕۆژانە بەشێکی گەورەیە لەم سەختی ژیانە، وەلێ ئەو بەشەشە کە فێرتدەکات لە کاردا پلەی سەربازێکی ئاساییت هەبێ، لە نووسینیشدا دەگەیێتە پلەی سەربازێکی ئۆفیسەر. ئەم جۆرە سەربازییە خزمەتێکە کۆتایی نیە، بەشێکە لە ژیانی ئێرە کە فێرت دەکات بە دڵسۆزی و پڕ سۆز، بەڵام بێ بەزەییهاتنەوە بە خود، بە چاکی بیر لە ژیانی ڕابردووت بکەیەوە. لە ڕاستیدا لەو کەسانە گەمژەتر نیە کە وابزانن نووسین بەخششێکە و تەنها پێویستی بە گەشەپێدان هەیە. هەڵبەست و نووسین بەگشتی بەشێکە لە هەموو شتێکی تری

کەسەکە کە دەکرێ لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی کەسێکدا بکوژێتەوە، دابڕانی تێدا هەبێ و پاشان بە رەخسانی دەرفەتێک گەشەبکات. کێشەی ئەوەی ئێمە لەوەدایە کە هەر یەکەمان(لە نێو هەموو برادەرانی کە دەیانناسم، لە کەرکووک و سلێمانی و هەولێریش) بە قۆناغی زۆر سەختدا رۆیشتووین، هەمیشە دابڕانێک لە ژیانی هەر یەکەماندا هەبووە، تەنانەت ئەوانەشی کە کەسانی دەوروبەریان باری ژیانیان بۆ ئاسانکردبوونەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەوانیش هەر بێبەش نەبوون. لێرەوە هەندەران دەبێتەوە بەشێک لە هەنگاوی نوێ، دروستە کە بۆ هەنگاونان پۆستاڵێکی سەربازیی لەپێ دەکەین، بەڵام هەر ئەو پۆستاڵەشە کە بەرگە دەگرێ. ئێمە لێرەوە دیسان ڕابردوو دروستدەکینەوە، لێرەوە دەچینەوە سەر سەربانەکانی کەرکووک و دیسان دیقەتی ئاگری ئەمری کەرکووک دەدەین. کەرکووک تەنها شارێک نیە کە لێی لە دایکبوومە، چونکو ئەگەر لە شارەکانی تری کوردستانیش لە دایکبوومایە هەر وەها تەماشام دەکرد کە ئەوێ بەشێکە لە مێژووی تەواوکەری ئێمە.

ڕابردووی کوردی کەرکووک دوور لە هەموو ئەوانی دی پڕە لە جانەوەر و دەعبا، پڕە لە دەرزی یاداشت و بە هەموو گیاندا دەچەقێن، بە هەورازی سەخت ئەخشەی کراوە و هەر دەبێ سەرکەوین، ئاوی مەنگت لەبەردەمە و گەرەکە مەلەی تێدا بکەین. کەرکووک پڕ لە ئەدەبە، پڕ لە هونەرە، مایەی بیرکردنەوەیە لە خود. هەموو وێنەکانی: ئاگرە ئەمرەکەی کە بە زۆر دەیانەوەێ لە دڵماندا بیکوژێننەوە، قەڵا و قەیسەریە دێرینەکەی، دەشتی بەهارانی ئۆکاشە، سەیرانی حەسار، شوان، حاجیبەیخان عەلیبەیان، سمایلبەگی و کەوڵە و قەیتوول... لە شادەماری ژیانی هەر یەکێکماندا زیندوون.

بەیان سەلمان

چرکەیەک لە پاریسەوە بۆ کەرکووک

11 ئازار 2013



# شارو شاخ و تاراوگە

حوسێن کاکەیی

گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکان و سارێژ کردنی برینی ساڵانی تەمەن بیرو خەیاڵێکی تیژو هەستێکی قووڵی دەوێت بۆ ئەوەی مرۆ بتوانێت بە ئەسپایی و بێدەنگی بیگێڕێتەوە گەر ژیانمان خۆش بوێت، جوانتر وایە پەیامێک بەجێ بهێڵین.. وەکو چرکەی ساتەکان تەمەن گوزەر دەکات و ساڵان دێن و دەچن. بۆ هەمیشەیی وێنەی شارێک لە بوون و خەیاڵمدا هەیەو لێم جودا نابێتەوە.. وەکو بڵێیت لەو شارە بەولاوە چیی ترم نەدیبێت.. کەرکوک شارێکە پڕ لە یادەوەری و بەسەرهات حەز ناکات وا بەسەرپێیی و بەکورتی ناوی بهێنم و لێی ببمەوە..
ئێمە وا گەورە بووین زۆر جار بیرو یادی خەمەکانیشمان دەکەینەوە چونکە بەشی هەرە زۆری زیندەگیمان خەم و چەرمەسەری و بێبەشی بووە لە سادەترین خۆشییەکان.. بیر لە تیشکی ڕووناکی شارێک دەکەمەوە کە خواوەند لەمێژینەوە ڕووناکیی خۆی پێ بەخشیوە ئەو ئاگرەی لەناخیدا جۆش داوە بە کڵپەو بڵێسەیەو هەرگیز ناکوژێتەوە..
بەسەرهاتەکانیم بە وشە پێ ناووترێتەوە، دەبنە چیرۆکێکی ناتەواو، ڕەنگەکان پێنووسەکەم لێ وەردەگرن و فڵچەیەکم دەدەنێ و دەڵێن تۆ دەتوانی بەو فڵچەیە زۆر بنووسیت..
چی بگێڕمەوە، خەونە بەجێماوەکان.. ئەو تابلۆیانەی بە ڕەنگ و واتاکانیانەوە بوونە ژێر تۆزو گەردی زەمەنی بێ بەزەییەوە.. ئەو ئاوێنانەی کەسێک نەبوو سەر ڕوومەتیان پاک بکاتەوە.. کوچەو کۆڵانەکانی ڕێگای قەسابخانە.. سێبەری دیوارە ڕووخاوەکانی قەڵا.. فرمێسکی ووشک بووی ناوەکەی خاسە.. ئەو ئێوارانەی کە لەژێر ڕووناکیی ئاگرەکەی شۆڕیجە بۆ داهاتووم وانەکانم لەبەر دەکرد.. خەیاڵی خۆم ئەستێرە بارانی ووشە دەکەم و پێ دەبەمە بێدەنگی..
لە تاراوگەی ئەم دوور ووڵاتییەوە گەلێک ئەستەمە بۆ من وەکو شێوەکارێک پاش زێتر لە چارەکە سەدەیەک لە دەربەدەری لەجیاتی ڕەنگ و فڵچەو کانڤاس پەنا بەرمە بەر کاغەزو پێنووس هەندێ لە یادەوەرییەکانم ئاشت بکەمەوە.. لەم شەوە تارەدا هزرو خەیاڵ باڵندەیەکەو پەنجەرەی دەروون بەجێ دەهێڵێت بەرەو شارو یارو دیار دوور دەفڕێت و بەرز دەنیشێتەوە. منداڵیی خۆم وەکو کانیاوێکی ڕوون دێتەوە یاد.. چۆن شەوانی هاوین لە سەربانی ماڵەوە لەسەر پشت ڕادەکشام حەزو خوزگەکانمم دەژمارد وەکو ئەستێرە گەشەکانی قووڵایی ئاسمان لەکاتێکدا هەیڤی مانگەشەو چەپکە تریفەی خۆی بە ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ دەبەخشی و چوار دەورەی داڵغەکانی منداڵیمی ڕووناک دەکردەوە..

## کەرکوک سەرەتای هەشتاکان

سالانی تەمەن بەخێرایی گوزەریان کرد.. خەم و خەونەکان هەر دەهات و گەورە دەبوون بە خۆشم. نەمدەزانی لەبەرچی بۆ ڕەوانەوەی هەست و دەربڕین پەنام دەبردە بەر هێڵ و ڕەنگ و جوانکاری.. ڕەنگم هێندە خۆشدەویست حەزم دەکرد بۆیەکان بخۆمەوە!!

قەڵا گوێچکی سووکەو وا ئەویش بەگوێمدا دەچرپێنێ.. دەڵێت هێشتاکێ شوێن پێی یادەوەرییەکانت لە کوچەو کۆڵانەکاول کراوەکانم نەسڕاونەتەوە.. چاوەڕوانی ئەوەم ئەو باڵندەیە سەفەری دوور بگرێتە بەرو بۆلام بێتەوە!! چەند تامەزرۆی ئەو ڕابردووەم جارێکی دی وەکو خۆی دووبارە ببێتەوە.. خۆ لەگەڵ هەر هەنگاوێک دەیان گرفت دەهاتە ڕێگام.. بۆ کردنەوەی پیشانگایەک پەنام دەبردە خەونەکان!!..

قۆناغی ئامادەییم لەو دەشت و چۆڵەوانییە تەواو کرد لەژێر شوورەی قەبرستانی موسەڵلا، کێلی قەبرەکانم دەژمارد بۆ ئارەزووی ژیان.. لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان وەرنەگیرام.. پێشتریش بەرێکەوت نەقیبی هونەرمەندانی عێراق "حەققی شبلی" هات بۆ کەرکوک و چاوم پێ کەوت، ئەو کاتە خەریکی خولێکی هونەری بووم کە بۆ خۆشنووسی و وێنە کێشان لە شار کرابۆوە.. داوام لێ کرد بەڵکو یارمەتیم بداو لە ئەکادیمیا بخوێنم، پێی وتم: "إبني لازم اتوقع واتيير بعپی"، واتە ئەبێ ئیمزای بکەیت و ببیتە بەعسی. ئنجا بە بزەیەکەوە وتی: "هی السالفه بقت عليک ابني؟"، واتە قابیلە هەر لەسەر تۆ ماوە؟"ما تشوفني بهژا العمر.." نابینی من بەم تەمەنەوە... سەری باداو رۆیشت.. ئیتر منیش لەوساتەوە دەستم لە هەموو شتێک شوشت. ناچار بۆ ئەوەی نەبم بە سووتەمەنیی جەنگی قادسیە، بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆم چوومە پەیمانگای نەوتی کەرکوک بەو هیوایەی هەر نەبێت لە شارەکەم چەند ساڵێکی تریش بمێنمەوە.

## شەقامی جمهوری – هۆڵی گازینۆی نەسر

کۆڵم نەداو وتم ئەکادیمیاش فت!! با پەنا بەرمە ئەزموون و هەوڵ و تەقەلای خۆم. کاری هونەریی خۆم دەکەم خۆ هەر من نیم لەم وڵاتە بێبەش بکرێت و ئەوەی بەسەر بێت. دێتەوە یادم کاتێ قوتابیی سێی سەرەتایی بووم تەمەنم هەر نۆ ساڵێک بوو، مامۆستای وێنە کێشان سێ کاری زەخرەفەی هەڵبژارد بۆ بەشداری کردن لە پیشانگای ساڵانەی چالاکیی قوتابخانەکان کە ئەو کاتە لە (بەهو بەلەدی)ی کەرکوک ڕێک دەخرا. مامۆستا داوەتی کردم، منیش کە زۆر پەرۆش بووم ڕوخسەتم لە

مـاڵەوە وەرگرت و، لەبەر ئەوەی پەلە بووم بەپێیان ویستم قەدبڕ لە چەمی خاسە بـپەڕمەوە، شـووڕەکە بەرز بـوو، ناچـار خـۆم هەڵـدا، سـەرم شـکا. خێـرا بە دەستەسڕێک سەرم بەست و خـۆم گەیانـدە جۆگەلە ئـاوەکەو خـۆم پـاک کـردەوە. ئـاوەکەی خاسە قووڵ نەبوو، بە ئاسـانی پەڕیمەوەو لەکاتی دیاریکراودا گەیشتمە جێـی مەبەست! مامۆستا زۆری پـێ سـەیر بـوو کە بەو شـێوەیە بینیمـی لای کـارە بونەرییەکانم ڕاوەستاوم!

پاشان، لە کەرکوک ئەو کاتە تەنها (دار الپقافه الجماهیریه) هەبوو کە هەر بەناو بە ڕۆشـنبیریی جەمـاوەر نـاو نرابـوو. بیـرم لـێ کـردەوە لە کەرکـوک پیـشانگایەک بکەمەوە، کە دەبوایە ڕەزامەنـدیی ئەوان وەرگرم. بەرپرسـی ئەو دەزگـایە شـاعیری عیراقـی "مرشـد الزبیـدی"بـوو. کە چـووم بـۆ لای بە پێکەنینـەوە وتـی: "هـا کـاکە شترید؟"، وتم: بۆ پیشانگا کردنەوە هـاتووم بـۆ کـارە هونەرییەکـانم. وتـی: "رنـت برلوانـک ولوحاتـک بتستننانی.. ورنـی (یـا لیتنـی کنـتَ دیـوانی.. رقر مـن یَـدر إلـی یانی.. )" دێرە شیعرێکی (بدر شاکر السیاب)ی وتەوە.

بە شێوەی قسەکانی زۆر دڵگەش بووم، وا دیار بوو لاریی نەبوو بەڵام وتی: ئێستا پارێزگاری کەرکوک (زهیر القادری) یەو زۆری حەز لە هونەری شێوەکارییە، پێم وایە فرسـەتێکی باشـە ئەو بێـت و پیـشانگاکەت بکـاتەوە. هەر لەوێ مـن نائومێـد بووم، چون دەمزانی ئەو پارێزگارە تایبەت لەلایەن ڕژێمەوە نێردراوە بۆ سەرکوت کردنـی کـورد لەو شـارە. زوبەیـدی وتـی: "لازم هـو یفـتح المعـرچ". ئیتـر هەر بەو شـێوەیەش کـرایەوە. هـاتمەوە مـاڵەوە لە خۆشـییا پـێم زەویـی نەدەگـرت.. ڕۆژی کـردنەوەی پیـشانگا هەمـوو شـتێک ئامـادە بـوو، دەیـان کەس لە دەرەوەی هـۆڵەکە چـاوەڕێ بـوون کەی جەنـابی پارێزگـار دێـت و پیـشانگا ئەکـاتەوە. کە پەیـدا بـوو دەتـووت بـۆ بەرەی شـەڕ هـاتوون نەک بـۆ پیـشانگا؛ پاسـەوانێکی زۆر بە چەک و جلوبەرگی سەربازییەوە ڕژانە ناو هۆڵی پیشانگاکەوە.

پارێزگـار پتـر لە دوو کـاتژمێر مـایەوە. جەمـاوەر لە دەرەوە لە چاوەڕوانیدا وەڕس بوبـوون ئەویـش لەنـاو هـۆڵەکەدا بە ئـارەزووی خـۆی دەسـووڕایەوە. بەر لەوەی هۆڵەکە بەجێ بێڵێت لەسەر پـارچە کاغەزێکدا بە خەتێکی سەوز بـۆی نووسیم کە سبەی هەرچی زووە وەرە بۆ دیوانی پارێزگا کـارم پێتە! ئیمزایەکی لە کـاغەزەکەدا کـردو دایە دەسـتم. لـێم وەرگـرت بەڵام مـن لەو سـاتەدا هەمـوو بیـرو هۆشـم لای حەشاماتەکەی دەرەوە بـوو کەی ئەم بڕوات و ئەوان بێنە ژوورەوە. خەڵکی وایـان دەزانـی کە گیـرم خـوارد تـازە شـتێک رووی داوەو تـیش بـووم! بەڵام خۆشـبەختانە ئەو ئێوارەیەم بە خۆشیی ئەوان گوزەرانـد. دێتە یـادم ڕۆژی دواتـر خوالێخۆشبوو

جەلیل قەیسی لەگەڵ نووسەر عەبدوڵلا سەراج هاتن بۆ پیشانگاکە بە وتەی بەنرخ بەسەریان کردمەوە. بۆ سبەینێ کە رۆژی کردەوە لەجیاتی ئەوەی بچم بۆ هۆڵی پیشانگا بەرەو پارێزگا بەرێ کەوتم. بەدەم رێگاوە خەیاڵم دەکرد "ئاخۆ جەنابی پارێزگار چیی گەرەک بێت لەمن"! هەرچەندە دەمزانی بۆ کاری خێر نییە، دەشمزانی خەڵات ناکرێم!

کاغەزەکەم پیشانی پاسەوانەکان دا، کە نیمزای پارێزگاریان لەسەر بینی بەپەلە منیان کردە ژوورەوە. دەتووت لە ژووری دادگام و پارێزگارەکەی دوێنێ نەبوو کە لە دەفتەری پیشانگاکە کۆمەڵێ وشەی پڕوپاگەندەو ستایشی بۆ نووسیبووم. دیمەنێکی سەرسام و سەرسوڕهێنەر بوو. چاویلکەکەی داگرت و چاوی هەڵبڕی، بەبێ پێشەکی وتی: "ها ابوکتە اجیت... تدری لیش دزیت علیک؟"، بە ئەسپاییەوە وتم: "غیر علی مود معرچی". ویستی بمگرێت: "ڕنت شاب واعد وڕریدک بفنک تخدم الپورە!.. ڕرید یکون لک شرف وترسم للسید الرئیس جداریە فی إحدی ساحات کرکوک.. ومکافئتک، قگعە ڕرچ وخمسە ڕلاف دینار". ئەو پارەیە ئەو کاتە یەکجار زۆر بوو. وتم: "سید المحافڤ، ڕنی ڕسلوبی ڕرسم سریالی مو رسام مال بورتریهات، البارحە مو شفت ڕعمالی بالمعرچ؟". دیار بوو بەو وەڵامە زۆر قەڵس بوو، وتی: "انتو کلکم مخربین.. لو ما تسویهە راح ڕعلمک اشلون ترسم سریالی"!.. بۆ ئەوەی زیاتر هاری نەکەم وتم با بڵێم: "ممکن تعگینی مهلە حتی ڕفکر؟"!.. وەڵامێکی بازاڕیی دامەوە، وتی: "إمشی ولی.. بعدین ڕشوفک، راح یکون الحساب ویاک شی پانی"... ئەوە بوو هەر لەو کاتەوە گوزەرانم لێ تێک چوو... لە ماوەیەکی کورتدا پیشانگاو ماڵ و شارو حەزو خۆزگەکانم بەجێ هێشت..

ئەو سەفەرەم زیاتر لە بیست و شەش ساڵی خایاند تا جارێکی تر بەو شارە شاد بوومەوە..من هەر لە سەرەتاوە باوەڕم بە شەڕو ماڵوێرانی نەبووە.. لە ماڵەوە بەدرێژیی پێنج مەتر دیوارەکانم رەنگ کردبوو دژ بەو ئاگرەی کە رۆڵەکانی دەستە بە دەستە بۆ مەرگ لە بەرەکانی شەڕدا درویێنە دەکردو خەڵکی دەنارد بۆ مەیدانی مردن.. ئێستاش نازانم بەو هەرزەکارییەی خۆم چۆن وێرام ئەو کارە بکەم و ملم نەبوو بە پەتەوە؟! شاراوە نەبوو و زۆر بە زەقی دیار ، وەکو نەفرەت کردن لە شەڕ.. پێشتریش لەلایەن هونەرمەند ئاری باباناوە بیرۆکەیەک هەبوو بۆ کردنەوەی پیشانگایەک بۆ هونەرمەندانی کەرکووک کە سێ بەشی کورد بوون، لە مووزەخانەی سلێمانی.. زۆر بە پەرۆشەوە بوو، هەمووانی کۆ کردەوە. هەوڵێکی یەکجار پیرۆز بوو لەو کات و ساتەدا بۆ سازدانی ئەو پیشانگایە.. ئاری لە گیرفانی

خۆی کۆستەرێکی گرت و کەرەستەکانی هونەرمەندانی گواستەوە بۆ سلێمانی.. لەبیرمە پۆستەری پیشانگاکە من کردم، کە دەروازەی قەڵای کەرکووک بوو. لە سلێمانیش ئاسان نەبوو، من و ئاری بابان چووین بۆ سەندیکای هونەرمەندان ئەو کاتە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی و هونەرمەند ئەحمەد سالار لەوێ بوون.. هەردووکیان زۆر بە گەرمی پشتیوانییان لێ کردین و بە چالاکی و پرۆژەی خۆیان زانی.

ئەوەی زۆر سەیر بوو ئەوە بوو کاتێ پیشانگا کرایەوە لە مووزەخانەی سلێمانی، یەکێک لە هاوڕێیان بە پەلە هاتە ژوورەوەو ووتی: برا کەرکووکییەکان ئەوەی لێرەیە با بەزووترین کات ئێرە بەجێ بهێڵێت، کوڕی باشێک خەبەری لێ داون.. ئەوە بوو دەستبەجێ ئەو شوێنەمان بەجێ هێشت و پیشانگاکەمان چیدی دووبارە نەبینییەوە.

## چیاو شۆڕش

لە کەرکووک پەیوەندیم بە هەندێ برادەرەوە کرد ووتیان ئێمە یاریدەت دەدەین و دەتگەیەنینە ناو شۆڕش.. ئیتر کە ژیانم لە شاردا لێ تێکچوو ڕووم لە شاخ کردو پێم ڕەوا دوور لە پڕوپاگەندەو دروشمکاری خزمەتی ئامانجە پیرۆزەکان بکەم.

کە گەیشتمە ناو شۆڕش، کەشو هەوایەکی تر بوو، بۆ یەکەم جار لە ژیانما هەناسەی ئازادیم هەڵمژی، هەستم بە بوون و سەرفرازی کرد. پێم وابوو لەوێ کاراتر دەبم و ئازادانەتر دەتوانم بە هونەرەکەم خزمەت بە نەتەوەکەم بکەم. لەوێ ماوەیەک لەناوەندی کۆمەڵە مامەوە، چاوم بە خوالێخۆشبوو ئازاد خانەقینی و نیعمەت کاکەیی کە لەوێ ناوی بێستوون بوو، کەوت. ئەوان لە تیپی مۆسیقای شەهید کارزان کاریان دەکرد. پاشان پێشنیاری ئەوە کرا بچم بۆ هەڵەدن، کە بنکەی هونەرمەندانی شۆڕشی لێ بوو. بە هەورازی چیای دابان دا بەرەو هەڵەدن بەڕێ کەوتین، جێگایەکی دڵڕفێن، چواردەوری بە چیا گەمارۆ درابوو، لەوێ جارێکی دیش هونەرمەندی شێوەکار "گارا"م بینییەوە، لە ژوورەکەی خۆی جێگای بۆ کردمەوە. لەوێ زۆر مامەوە، هەستم بەوە دەکرد کە ژیانی ناو شۆڕش بەرەو دۆخێکی ئاڵۆزو نادیار دەڕوات. لەلایەک کەناڵی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا هەبوو، لەلایەکی دیش گوزەران بەگوێرەی خواست و دڵی ئەو خەڵکە بەڕێوە نەدەچوو. هەموو شتێک بە چارەنووسی باری ڕامیاری و گفتوگۆکانەوە بەسترابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە کارە هونەرییەکانمان بەردەوام بووین. من و گارا لەپڕا بیرمان لە کردنەوەی پیشانگایەک کردەوە. چووین بۆ سکرتارییەت،

هونەرمەند بێستوون عەبدولقادریش لەوێ بوو، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ بەشداری کردن. بیرۆکەکە بوو بە پیشانگایەکی سێ قۆڵی!
بەر لە ساز کردنی پیشانگاکە من لە هەوڵی ئەوەدا بووم کۆمەڵە هێڵکارییەک دژ بە شەڕوماڵوێرانی بڵاو بکەمەوە. ئەحمەدی مەلا کەریم ئەو کات لەوێ بوو، کە بیرۆکەکەم بۆ باس کردو کارەکانم پیشانی دا، ئەو پێی جوان بوولەژێر ئەم ناونیشانەدا بێ "جەنگ دزێوەو شێواندنی مرۆڤایەتییە.."، پاشان هەر بەو ناوەش بڵاو کرایەوەو، گاراش پێشەکییەکی پوخت و جوانی بۆ نووسی. پاش چەندین نامە بە دەستوخەتی شەهیدی ئەمر ئازاد هەورامی و، هەروەها مەلا بەختیاریش، ئەو کۆمەڵە هێڵکارییەم لە ناوەندیی کۆمەڵە بۆ چاپ کرا.
گاراش ماوەیەک لەگەڵ منداڵانی هەڵەدن خەریک بوو و پیشانگایەکی قشتی بۆ ساز کردن و فۆڵدەرێکی سادە بەڵام جوان و پڕ لە واتای بۆ دروست کردن. ئەو فۆڵدەرەی گاراو نامیلکەو وێنەو ئەرشیفی تر لەگەڵ تابلۆکانم ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە لە ماڵەکەی خۆم لە کەرکووک پارێزرابوون، پاشان دەستم کەوتەوە.

## پیشانگای ناو شۆڕش

لە سورداش من و گاراو بێستوون عەبدولقادر نیازمەند بووین پیشانگایەڵ لەدێی کۆتەڵ بکەینەوە، کارەکانمان پێوەخت ئامادە کردبوو. بەڵام دەبوایە بانگەوازی نێزگەی شۆڕش وپۆستەرو ووردەکارییەکانی تری بۆ بکرایە، بۆ ئەو مەبەستە من و گارا چووین بۆ لای مام جەلال. مام بە گەرمی پێشوازیی لێ کردین و وتی ئەم شێوەکارانە زۆر هەژارو بێ تەماحن داوای هیچ ناکەن! هەرچێیەکیان ویست بۆیان بکەن. ئێمەش داوای **300** دینارمان کرد بۆ خەرجیی کەرەستەکانی پیشانگاکە، مام جەلال بە پێکەنینەوە ووتی: ئەو پارەیە لەم ڕۆژگارەدا بەشی قاپێ عارەق ناکات! دەتانبینم لە گیرفانی خۆتان خەرج دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ لام. شوفێرێکی هەبوو سیروانی ناو بوو، مام ڕای سپارد بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بمانبات بۆ سلێمانی بۆ کڕینی کەرەستەو پێداویستییەکان. بەرلەوەی ئەوێ بەجێ بێڵین لاوێکی قۆز کە لە سلێمانییەوە هاتبووبە جلوبەرگی کوردییەوە هاتە ژوورەوە، دیار بوو داواکاریی هەبوو. مامە ووتی: فەرموو چیتان دەوێ؟.. کوڕە لاوەکە ووتی: هاتووم بزانم ئەوم گفتوگۆیە لەگەڵ ڕژێم کەی دەبڕێتەوە!.. مام جەلال ووتی: باشە کوڕم تۆ ژنت هێناوە؟.. لاوە ووتی: ئەوەڵا. مام ووتی: ئەگەر ژن بهێنی چەندی پێ دەچێت؟ لاوە ووتی: ساڵێک، دوو ساڵ.. مامە ووتی: ئەگەر ژن هێنانێک ئەوەندەی پێ بچێت،

دەتەوێ مەسەلەی نەتەوەیەک بە ساڵ و دوو ساڵ ببڕینەوە؟! گانجەکە ووتی: وەڵامی خۆمم وەرگرت، پاشان ڕۆیشت.

ئێمەش چووین بۆ سلێمانی و پێداویستییەکانمان کڕی. ئەو بڕە پارەیەی مام جەلال داینێ بەشی هیچی نەکردو دووبارە گەڕاینەوە. مام لە دوورەوە ئێمەی بینی ووتی: ها نەمووت دەگەڕێنەوە؟!.. ڕۆژانی دواتر پیشانگاکە لە کۆتەڵ لەژێر چاودێریی مام جەلال کرایەوە. ئەم جارەیان بێ ترس و دڵەڕاوکێ.. لە کەشو هەوایەکی ئازاد بە ئامادە بوونی پێشمەرگەو جەماوەرو سەرکردەکان.. پاش کۆتایی هاتنی پیشانگا، دەفتەری تۆمارگاکە نەماندەزانی بە نسیبی کێ دەبێ. گارا ووتی دەیخەینە قورعەوە، ناوی کێ دەرچێت با لای ئەو بێ. خۆشبەختانە دەفتەر کەوتە لای من.. کە هەڵم دایەوە لە یەکەم لاپەڕەدا مام جەلال نووسیبووی: "ڕاستە دەڵێن هونەرمەندان ئەندازیارانی دڵ و دەروونی مرۆڤن".

لەو ماوەیەدا من جارێکی تر بە دیداری هاوڕێی نووسەرم ئەدیب نادر شاد بوومەوە. ئەوکات ئەو لە بەرگەڵوو لە بەشی ئیعلام و گەیاندنی شۆڕش خزمەتی دەکرد. لەکاتی پیشانگاکەو دوای ئەوەش ماوەیەک پێکەوە بووین و باس و ڕازی زۆرمان پێکەوە کرد. ووتمان کە باوەڕمان بە شار نەما ڕوومان لە شاخ کرد، کە باوەڕ بە شاخ نەما ڕوو لەکوێ بکەین؟ خۆ ناچین تەسلیم ببینەوە! هەر بۆیە لەو ساتەوە بیرمان لەوە کردەوە ڕوو لە هەندەران بکەین، ڕێگایەکی سەخت و نادیاری تر بگرینەبەر بەرەو ئێران. بە دۆڵی سەفرەو زەروون دا کەوتینە ڕێ تا پەڕینەوە دێی هەرزنەو لەوێشەوە چووین بۆ شاری سەردەشت. ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو، بەم چەند دێرە ئەو ڕێگاوبانە نانووسرێتەوە. لە ڕێگادا لەژێر سێبەری داران پشوومان دەدا، لە کانیی سازگار ئاومان دەخواردەوە، چیاو هەورازی سەختمان دەبڕی، گیرفانمان پڕ دەکرد لە گێووژی گەییوو بەدەم ڕێوە دەمانخوارد، بە گۆرانی ووتن ماڵئاواییمان دەکرد.

نێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا.. وەک شیعرو ئاواز لەیەک بەستەدا

لە مەرزی سەردەشت دا خۆمان وەکو پەنابەر ناساند، گیانمانیان پشکنی. پاش لێپرسینەوەو ئەم دەست و ئەو دەست کردن بردراین بۆ وورمێ و لەوێشەوە بۆ تاران، پاشان بۆ کەرەج، لە ئۆردوگایەکی پڕ لە پەنابەری کوردو عێراقی دا نیشتەجێ کراین. پتر لە سێ ساڵ لە ئۆردوگای کەرەج ماینەوە! ئێمە بە مەبەستی چوونە هەندەران ڕوومان لەوێ کردبوو، بەڵام دەرچوون هەروا ئاسان نەبوو لەبەر ئەوەی پاسەپۆرتمان نەبوو.. دەڵێن بزن بۆ شەوێک جێگای خۆی خۆش دەکات، ئێمەس ئەو هەموو ساڵە دەبوو بەفیڕۆ نەدەین. دەرفەتیکی یەکجار گونجاو

بوو لە نزیکەوە موزەخانەکانی تاران بەسەر بکەینەوە کە لە دەورانی شاوە دروست کرابوون و پڕ بوون لە شاکاری هونەرمەندانی جیهان. یەکەم جارم بوو لەو وولاتە تابلۆی ئۆریجینالی جیهانی ببینم. ئیتر لەو ساتەوە تەلیسمی سیحراویی تابلۆ شکا، بە بینین ئەو هەموو گەنجینەیە خەیاڵەکان خاڵی بوونەوە، لە کاتیکدا لە وولاتی خۆمان تابلۆ جیهانییەکانمان بە چاپکراوی دەبینی.
من زۆر حەزم لە خۆشنووسیی فارسی بوو، دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ من لە نزیکەوە شارەزایی پەیدا بکەم لە خەتی شکستەو نەستەعلیقی فارسی و زۆر شتی تر کۆ بکەمەوەو ببینم.. ئیتر ئەوە ببوو بە خۆراکی هەفتانەمان کە دەچووین بۆ تاران بۆ گەڕان بەدوای موزەخانەکاندا. مۆزەخانەیەکی لێ بوو بەناوی "مۆزەی هونەری هاوچەرخ" کە ئەندازیاری بەناوبانگی فەرەنسی لیۆ کوربوزێە دروستی کردبوو، ناوەوەو دەرەوەی مۆزەخانەکە بە کاری هونەری و پەیکەری جیهانی پەیکەرسازانی وەکو گابۆ، ماکس بیڵ، هێنری مۆر، ناوەوەش بە تابلۆکانی تۆلۆز لۆتریک، ماتیس، ڕینوارو دەیانی تر ڕازێنرابووەوە.
لەو ئۆردوگایەدا هەموو کرابوون بەیەکدا، جاری وا هەبوو پەناهەندان لە هەژماردن نەدەهات، بە لێشاو بۆ لامان دەهاتن، بەسەر هۆڵەکاندا دابەش دەکران، پاشان بە دەستە لێیان نەقڵ دەکرا بۆ شارەکانی تری ئێران، هەرکەسە خۆی و بەختی، هەموو کەسێک دەرەقەتی گوزەرانی ئەو کەمپەی نەبوو، هەبووپەشیمان دەبووەوەو زوو بە زوو دەگەڕایەوە، هەبوو شێت دەبوو، دەیانووت "فۆرمی پڕ کردۆتەوە" لەجیاتی فۆرمی سەفەر، هەبوو گەزێک ڕیشی بەردابووەوە خۆی لێ دەکردین بە عاریف و خوداناس، هەشبوو لە دەستبەتاڵی پەنای دەبردە بەر هەتیوبازی، بەڕاستی ئۆردوگایەکی سەیر بوو، گەر نووسەر بوومایە ڕۆمانێکن لەسەر دەنووسی. ئێمە لە گۆشەیەکدا بە بێدەنگی کاری هونەریی خۆمان دەکردو دەستمان بە کڵاوی خۆمانەوە گرتبوو، دەگەڕاین و هەوڵی دەربازبوونیشمان دەدا.
من زۆر هەوڵم دا لەوێ پیشانگا بکەمەوە، بەتایبەتی لەڕێی باڵوێزخانەی وولاتانی بیانییەوە لە تاران، بەڵام کاتێ دەیانزانی پەنابەرم پاشگەز دەبوونەوە. ئەدیب نادر لەوێ کۆمەڵە هۆنراوەیەکی بەناوی "کۆچی بێ وادە" بڵاو کردەوە، من بەرگی نامیلکەکەم بۆ کرد، پێم وایە فەوتا لەبەر نالەباریی جێگاو ڕێگاو سەفەری کتوپڕو بەسەرهاتی نادیار...
من و ئەدیب نادر هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرمان دا بۆ دەرچوون لەو وولاتە بەڵام وا دیار بوو تا دەهات ئەو ڕێگایەیان ئاڵۆزتر دەکرد، پێیان وابوو کە ئەگەر ڕێگا بدرێت بە پەنابەرو کارئاسانییان بۆ بکرێت بەرەو ڕۆژئاوای بەرەڵایی دەڕۆن کە

پڕە لە فەسادی و لەڕێ دەرچوون. ئێمەش ناچار بووین بیر لەوە بکەینەوە بەڕێگای نایاسایی بڕۆین، ئەویش مخابن سەری نەگرت، لەجیاتی قورتار بوون خۆمان لە زیندان گرتەوە. زیندانی قەسر لە تاران بەندەکانی پڕ بوون لە خەڵک، بە قەولی خۆیان شلوق بوو، خەڵکی لە ژوورەکاندا جێیان نەدەبووەوە، بۆ ئەگبەتی دەتووت هەر ئێمەیان نوقسان بوو، سێ مانگی ڕەبەق بە حەسرەتی تەنانەت فلچەو مەعجوونێکی ددان بووین، ئەسپێ لە بەرکمان فەتەرۆی دەکرد! ئۆردوگامان پێ گورگ بوو کەوتینە قوڕگی شێرەوە! بە ئێمەیان دەووت ئێوە میوانن، چەند ڕۆژێک و دەڕۆن، قوڕی ئێمە خەستەو بۆمان گیراوەتەوە. هەبوو چاوەڕوانی لەسێدارەدانی دەکردو لەهەمان بەند دانرابوو..لەملاوە دزێک باسی سیاسەتی دەکرد.. لەولاوە گرد دەبوونەوەو گۆرانییان دەووت، کە پاسەوانەکان نزیک دەبوونەوە، دەنگیان بەرز دەکردەوەو دەیانکرد بە سەڵەوات.. لەولاوە "جەواد یەساری" گۆرانیبێژی ناودار هێنرایە ژوورەوە بە تۆمەتی ووتنی "گۆرانیی موبتەزەل" خۆیان ووتەنی.. شەڕی عێراق و ئێرانیش لە گەرمەدا بوو، فڕۆکە عێراقییەکان بەشەو دەگەیشتنە تاران و بۆردومانێکی خەستیان دەکردو دەگەڕانەوە.. زیندان نوقمی تاریکی دەبوو، دەبوو بە هەڵلا پەنابەران هاواریان دەکرد دەی خودا بەر زیندانی قەسر بکەوێت بەشکو ئێمەش هەڵێین.. هاواریان دەکرد بزەن بزەن، لێدە لێدە قوربان کیرت سەدام، لایەکی ئەم قەسرە جوانەمان بۆ بڕووخێنە.. ئێمەش لە کونجێکدا خۆمان و بێدەنگیمان حەشار دەداو دەمانووت لەوێ لەدەستی قورتارمان بوو تا گەیشتە ئێرە پێی دەچێت بەدوومانەوە بێت و وازمان لێ نەهێنێت.

پاش بەربوونمان لە زیندان ئەو وولاتەمان بەتەواوی لەبەرچاو کەوت، نائومێدی دایگرتین.. بەهەر بەزمێک بوو پاش چاوەڕوانییەکی زۆرو درێژخایەن، کە دەرفەتمان بۆ هاتە پێشەوە دەرکەوتین و ئێرانمان بەجێ هێشت، هەر یەکەو وولات بە وولات تا گەیشتینە ئەورووپا.. من گەیشتمە وولاتی بەلجیکا.. ئەدیب نادر گەیشتە بەریتانیا.. گارا پێش ئێمە لە ئەڵمانیا گیرسایەوە.

## هەندەران بە یەکجاری...

دەمەو زستان بوو، کۆتایی ساڵی **1988**، گەیشتمە پایتەختی بەلجیکا، بروکسل، گەلێک شەکەت و ماندوو، تەنیا خەونم بە ژوورێکەوە دەبینی تیایدا بحەوێمەوەو کاری هونەری ئەنجام بدەم... گیرسانەوە لە وولاتی ڕووبنس.. ئەنسۆر.. ماگرێت.. وولاتی بیرەو پەتاتە..لە تۆزو گەردی ڕێگەوبان و پەنابەری کۆن بوومەوە.. داوای

مافی پەنابەریم کرد.. وایتر لە بیست و دوو ساڵە لەم وولاتەدا بەتەواوی نیشتەجێ بووم... بەر لەوەی مافی پەنابەرێتیم بدرێتی لە ماڵی هونەرمەندێکی بەلجیکی بەناوی (ئیڤون هانس) بۆ ماوەیەک ژووریکی پێ دام هەتا مافی پەنابەریم وەرگرت. ئیڤون هانس ژنێکی زۆر بەتەمەن بوو کەچی ڕۆژانە کاری هونەری پەیکەرسازیی دەکرد. لەو ئافرەتەوە فێری ئەوە بووم بێووچان کاری خۆم بکەم، وەستان لەلام واتای نەبوو.. هەر لە یەکەم ساڵەوە لەوی مەن دەستم بە کردنەوەی پیشانگاو، هەموو مۆزەخانەو گالێرییەکانی ئەو وولاتە گەڕام و چاوم بە دنیای بەرینی هونەر کرایەوە.

ئەو حەزو ئارەزووەی کە لە کەرکووک لە کەشکۆلی خۆزگەکانمدا هەڵمگرتبوو لێرە توانیم بیکەمەوە. ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانم لەم وولاتەدا تەواو کرد، بێ ئەوەی پێم بڵێن "لازم تێیر بعپی"!.. جیهانێکی بگۆڕو جیاواز بەڕووما کرایەوە.. بەشی هەموو ژیانم تابلۆی هونەرمەندە جیهانییەکان و گالێری و مۆزەخانەکانی وولاتانی ئەورووپام بینی..پتر لە پەنجا پیشانگام کردۆتەوە.. ئێ باشە ئەی وولات و شارەکەت؟!

پاش بیست و شەش ساڵ توانیم بۆ یەکەم جار بگەڕێمەوە کەرکووک.. دەست بخەمە ملی ئەو شارەی کە لێم زیز ببوو.. ساڵەها بوو تامەزرۆی دیداری بووم و ناشتم کردەوە.. بەڕێگاوە بووم شەپۆلی بیرەوەرییەکان بە لرفە ڕۆخ و کەناری شپرزەی چاوەڕوانییان دەهەژاند لە پڕێکدا گڕو بڵێسەی دەروونی باوەگوڕگوڕ وەدەرکەوت، کانیاوی فرمێسکی شادی جارێکی تر بووژایەوە.. بەرلەوەی بچمە ماڵەوە چووم لەپاڵ ئاگرەکەی شۆریجە تێر حەسامەوەو یادەوەرییەکانم تازە بووەوە.. ئەو ئاگرە چەندە بەوەفا بوو لە منداڵییەوە تا ئێستا هەر بەپێوە بۆمان دەسووتێت.. قەڵا دێرینەکەشەهەر چاوەڕوان بوو تا پەروازەی باڵندەکە بەتاسەوە بێت و لەسەر جەستەی هەنجن کراوی بنیشێتەوە.. دانیشتووانی کۆچیان کردبوو.. شوورەی دیوارەکان وێران بوون.. نە کوچەی تێدا مابوو نە کۆڵان.. هیچ شتێک لەم شارە جگە لە سووتانی ئاگرەکە وەکوو خۆیان نەمابوون.. ئاوەکەی خاسە ووشکی کردبوو.. داپۆشرابوو بە خاشاک و کرابوو بە زبڵدان.. کۆڵانەکەمان هێندە گرژ ببوو دەتووت کراسێکی کۆنەو چۆتە ئاو.. کە بەجێمهێشت هێشتا گڵۆپی قەد دارتێلەکان بەکزیی دەسووتان.. کە هاتمەوە دارتەلەکان گڵۆپیان پێوە نەمابوو و لە تاریکیداماونەتەوە.. پیاسەی شەقامی جمهوری هەمان تامی جارانی نەدەدا.. ئەمسەرو ئەوسەرم کرد کەسم نەبینی.. کتێبخانەی ئاسۆ داخرابوو.. هاوڕێ

کۆنەکانم زۆر لەمێژ بوو چۆڵیان کردبوو.. بەڵێ ئەو یادەوەرییانە شتێکن ئەمڕۆ تەنها لە خەیاڵی ئێمەدا ماونەتەوە...

چەند هەنگاوێک ئەملاتر چوومە بەرامبەر "گازینۆی النیر" ئەو جێگایەی یەکەمین ئەزموونی هونەریی خۆم لە پیشانگایەکدا پیشان دا، دەبینم ڕەنگیکی زەقی پرتەقاڵیی بۆ کراوە، بووە بە گازینۆی شەقەی تاوڵی و دۆمینە.. چوومە بەردەم پاریزگا جەللادەکانی بەعس هەڵاتبوون.. پۆرترێت و مۆنومێنت و پەیکەرەکانی سەرۆک هەموو سووتێنرابوون، ڕووخابوون.. زوهێر قادری.. چەهەننەم دەزانێت گەیشتە کوێ!...

نەچوومەوە چیا چونکە گوندنشینەکان بەجێیان هێشتبوو و ڕوویان لە شار کردبوو.. شۆڕش ئێکسپایەر بوو، ئەمجارە ببوو بە دەسەڵات.. بە سەرکردەو وەزیرو سەرۆک کۆمار.. منیش تەشییەکەی منداڵیم دەرست.. بە کۆمەڵێ تابلۆوە هاتمەوەو سەرلەنوێ لەو قشڵەیە پیشانگایەکم بۆ خەڵکی شارەکەم کردەوە، لەو جێگایەی کاتی خۆی گرتووخانە بوو، زیندانی کرام و ئاویان دەڕژاندە ژێرمانەوە.. کەرکووک دووری تۆ بوو بە ئەریتێکی ترش و تاڵ.. ڕۆژگارێک بوو تیایدا هەر ئێوەم دەناسی لەبەر هەندێ پێت بەختەوەر بووم.. ئێستا کە لێت دوور دەکەومەوە ئەو بەختەوەرییەم لێ دەسەندرێتەوە..

من کە تۆم بینی جارێک دەگریام و جارێک پێدەکەنیم..

لەکاتی گەڕانەوەو ماڵئاواییشم دەمزانی هەمدیس بەڕێگاوە دەبێ تێر تێر بگریم...

شێوەکار کاکەیی

بەلجیکا 2010/12/12



# Flashback

دڵپاک تاهیر

لەناو خێزانێکی سادە بەڵام پڕ کلتوری کوردی جوان، وەک سێیەمین کچ لە خێزانەکەمدا لە سەرەتایساڵانی شەستەکان لە شاری کەرکوک لەدایک بوم، هەرچەندە لە کاتی لەدایک بونمدا باوکم قاچاخ بوو، بەڵام بۆ دڵدانەوەی ئەو، هەواڵی لەدایک بونی من بە کوڕ بەو راگەیەنرابوو. منداڵێکی لاسارو وریابوم، هەمیشە حەزم دەکرد هەمو شت بزانم، پێم وابو نەزانینی هەمو شتەکان بێهێزییە بۆ کەسایەتیم وبە بێ دەسەڵات ناوزەد دەکرێم، زۆر جار دەکەوتمە وێزەی ئامێرە کارەباییەکان و هەوڵم دەدا شتێکیان لێ بکەم، بەڵام زۆربەی جارەکان تێکم دەدان، لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵم نەدەداو جارێکی تر هەمان شتم دەکردەوە، تا لە دە جاران جارێک سەردەکەوتم. ئەمە فەلسەفەی ژیانی من بوو، کە ژیان هەمیشە سەرکەوتن نیە بەڵکو سەرکەوتنی پاش نوشست زۆر بە نرخترە لەو سەرکەوتنەی کە بۆ یەکەمجار بەدەستی دێنیت.

منداڵیم پڕە لە چیرۆکی سەرکێشی، چونکە پەروەردەی باپیرم بوم، ئەوێک کە هەردوو چاوەکانی هەر لە گەنجییەوە لە دەست دا، هەلی زۆر شتی لەدەست دابوو، بۆیە هەوڵی دەدا ئەو سەرکێشیانەی کە ئەو لە گەنجی حەزی پێ دەکردوفریای نەکەوت بەمنی بکات، زۆربەی پشوەکانی هاوین ئەچومە سەردانی باپیرم لەلادێکەمان، "کانیبناو" ئەو گوندە جوانەی کە کەوتۆتە نێوان دوو زنجیرە شاخ و پشتی داوە بە پشتی بەردە قارەمان و ڕوو لەکەرکوکە، پێم وانیە سەر دارێک هەبێ لەو گوندە جێگا پێ ی منی لێ نەبێت، یەکێک لە هۆکارەکانی چونی من بۆ لادێکەمان بینینی ژنێک بوو بەناوی "لەعلی" کە ژنێک بوو ئاستی تێگەیشتنی کەم بوو زۆر جار حەزم بە سەردانی گوندەکەمان دەکرد چونکە ئەو بە من زۆر ئیزعاج دەبوو ناوی لێنابوم سڵقاو خۆرەکەی کەرکوک، هەمیشە حەزم دەکرد لەعلی بمدوێنێ بەڵام ئەو هەر بە سروشتی خۆی کەسێکی کەمدوو بەستەزمان بوو منیش کاتێ نەمبینی ئەو ئیهمالم ئەکاو قسەم لەگەڵ ناکا هێندەی تر بێ تاقەت دەبوم وسەرم دەخستە سەری. من هەمیشە حەزم دەکرد بەتەنها شتی گەورە بکەم هەر لە منداڵیەوە حەزم لە شەراکەت نەبوە، پێم خۆش بو هەمیشە خۆم بەرپرسیارێتی شکست وسەرکەوتنەکان هەڵگرم. بۆیە هاوڕێم کەم بوو تەنانەت لەناو حەوشەکەی ماڵە سادەکەمان لە ئیسکان خانویەکی قوڕیان بۆ دروست کردبوم بۆ ماڵە باجێنە، لەگەڵ داڵەکەمدا بەیەکەوە یاریمان دەکرد، من داڵەکەمم زۆر خۆش دەویست بەڵام خەڵک لێی دەترسان، تەنانەت نەیاندەوێرا هاتوچۆمان بکەن، کەچی لای من لە جوانیا شێوەی کەنارێکی جوانی دەدا. هەرچەندە منداڵیم زۆر سادە بوو بەڵام توانیم

زۆر چێژی لێ وەربگرم بەتایبەتی لەگەڕەکی ئیسکانی تازە بیرەوەی زۆر جوانم تۆمار کرد، کە هەندێکیان کاریگەری زۆریان لە سەر کاراکتەری من هەیە.

سەرەتا باوکم هاندەر نەبو کە من بچمە قوتابخانە چونکە ئەزمونی مناڵەکانی پێش منی هەبو کە سەرکەوتو نەبون لە قوتابخانە، بەڵام من هەمیشە لێی ئەپاڕامەوە کە بمخاتە قوتابخانە هەتا قەناعەتی کردو لە قوتابخانەیەکی حەسیرەکە ناونوس کرام کە ناوێکی عەرەبی هەبووبەداخەوە بیرم نەماوە، ناز ناوی من لەماڵەوە (دڵە) بوو، هەر کە فامم کردەوە گوێم پڕ بوبو بەو ناوە، کاتێک یەکەم رۆژی قوتابخانە لە پۆلدا مامۆستا ناوی خوێندکارەکانی خوێندەوە وتی کێ ناوی نە خوێندرایەوە؟ وتم من، وتی با من ناوی تۆم خوێندەوە، من سور بوم لەسەر ئەوەی کە گوێم لە ناوی خۆم نەبوە، ئەو وتی ناوت چیە؟ وتم دڵە، وتی نێ دڵپاک ناوت خوێندرایەوە، وتم من ناوم دڵەیە، دڵپاک نیە، ئیتر ئەوە یەکەمجار بو کە بزانم ناوم دڵپاکە تاکو چومەوە ماڵەوە ولە دایکم پرسی وتی بەڵێ ناوت وایە. لە ژیانی خوێندنی سەرەتاییم تەنها ٢ مانگ دەرسی عەرەبیم خوێند بەلامەوە زۆر قورس بوو بەڵام ئیتر بەیانی ١١ی ئازار دەرچو خوێندن لە کەرکوک بو بە کوردی وناوی قووتابخانەکەشم بو بە نەورۆزی سەرەتایی، ئەومبو لەسەربانی ماڵی خۆمانەوە کتێبە عەرەبی یەکەم فڕیدایە ماڵەکەی دراوسێمانەوە، ئیتر ئەوکتێبە عەرەبیانەم نەبینیەوە، هەندێ لەو شتانەی کە لە قۆناغی سەرەتایی ڕویان داوە لە بیرەوەری من دا ناسڕێنەوە، مردنی باوکی شادیەی هاوڕێم کە لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم بەڕاستی فێری کردم کە لەدوای مردنی باوک و دایک ئیتر مناڵ بە شێوەیەکی سروشتی هەستی لێپرسراوێتی لا دروست دەبێ ، چونکە شادیە دوای کۆتایی مۆڵەتی مردنی باوکی یەکەم رۆژ کە هاتەوە بۆ دەوام لەگەڵ خۆیدا سینیەک شیرینی هێنابو لە قوتابخانە ودواینا بۆ فرۆشتن، کاتێک لێم پرسی بۆ ئەم سینیەت هێناوە؟ وتی ئەبێت بژێوی سبەی پەیدا بکەم خۆ باوکم نەماوە ئیتر کێ ئێمە بژێنێت، هەروەها رۆژی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول یەکێکە لەو بیرەوەریانەی کە ئێستاش وادەزانم روداوی ئەمڕۆن ئەو کات من لە چواری سەرەتایی بوم، پێشمەرگە بە پێش قوتابخانەکەماندا دەهاتنەوە هەمو مات و بێ تاقەت من ئەمزانی ئەمانە چین؟ لە مامۆستاکەمم پرسی کە چاوی ئەدەتروکان لە ئاست کاروانی هاتنەوەی پێشمەرگەکاندا، ئەو وتی ئەمانە پێشمەرگەن دێنەوە بەڵام بێ ئەوەی تێم بگەیەنێت لە کوێ بون وبۆ دێنەوە.

دیمەنی (ش)ی هاوڕێم یەکێکی ترە لەو بیرەوەریانەی کە زۆر جار قێز ئەکەمەوە لە عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێ پیاوکە رێز لە تەمەنی خۆیان ناگرن،

کاتێک بەیانیەکی زوو لەکاتی هاتنی (ش)دا بە پەرۆشەوە لە گەڕەکی بەرتەکیەوە بۆ قوتابخانەی نەورۆز زۆر بەرێنانە لە یەکێک لەکۆلانە تەنگەبەرەکاندا هاتبوە خوارەوە، پیاوێکی هاوتەمەنی باوکی پەلاماری دابوو، زۆر بێویژدانانە ئازاری سنگی دابوو، ئەم ڕوداوە وای لێکردم تا ماوەیەکی زۆر لەتەمەنی منالێم لەو جۆرە تەمەنانە سڵم دەکردەوە نەبادا بە دەردی هاوڕێکەمم لێ بێت. پاسکیلەکەی باوکم ئێستاش لە زاکیرەی منا جێی خۆی هەیە، کە چۆن هەمو بەیانییەک باوکم لەگەڵ چوونی بۆ سەرکار بۆ بازاڕی حەسیرەکە منیشی ئەخستە بەردەمی خۆی لە پێشەوەی پاسکیلەکەو کتێبەکانیشمی لە پشتی پاسکیلەکە دەبەستەوە، بەڵام کاتێک کە هەستم کرد گەورە بوم وئیتر زەمەنی پێش پاسکیلم تێپەڕاندوە خۆم لە باوکم ئەدزیەوە.

کاتێک کە گەیشتمە قۆناغی ئامادەیی لە ١١ی ئازاری کچان، جارێکی تر خوێندن بووەوە بە عەرەبی و منی توشی شکست کردەوە، من هەمیشە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیم بەپلەی زۆر باش ئەبڕی، بەڵام بونی خوێندن بە عەرەبی وای کرد دوای تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی لە ماڵەوە مانبگرم، پێم وابو ئەو مانگرتنە کاریگەری دەبێ. بەڵام کاتێکم زانی فرسەتم لە دەست چو، بۆیە بە ناچاری چومە ئامادەیی پیشەسازی کەرکوک لە بەشی کارەبا وەرگیرام. سەیر لە وەدا بو من پێش ئەوە بۆ یەک سات بیرم نە لەکارەبا نە لە قوتابخانەی تێکەڵ نەکردبۆوە وهیچ عەشقێکیشم بۆی نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی لە پرۆسەی خوێندن دانەبڕێم، بە ناچاری دوای هەندێ هاوڕێم کەوتم بۆ ئامادەیی پیشەسازی و شانم دایە بەرخوێندنی پیشەیی و خۆم گونجان.

من لە قۆناغی ناوەندیدا زۆر چوبومە ژێر کاریگەری مامۆستا پەرژین تاڵەبانی، بەشێک لەسەرکێشیەکانی تەمەنی هەرزەکاریم پەیوەست بون بە پەروەردەی ئەوەوە بۆ من کە هەمیشە فێری وڵات پەرستی وخۆشەویستی خاک ونیشتیمانی ئەکردین، بۆیە زۆر جار لەدوای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، وانە تیۆرییەکانی ئەو لەسەر خۆشەویستی نیشتیمان وای لێ ئەکردم شیعر بنوسم هەر جارێکیش کە نیشانم ئەدا ئەو زیاتر هانی ئەدام، ئەمە سەرەتایەک بو بۆ چونە ناو ژیانی ئەدەب وڕۆشنبیریەوە.

سەرەتای ژیانی من لە ناو ئامادەیی پیشەسازی ئاسان نەبوچونکە ئەزمونێکی نوێ بو بۆ من کە لە تەمەنێکی زۆر ناسک وهەستیاردا بچمە ناو کوڕو بخوێنم، بەڵام بە حوکمی ئەوەی من زوو لە گەڵ بارو دۆخەکان ئەگونجام ، ماوەیەکی کەمی برد هەمو شتێک ئاسایی بۆوەو بووم بە هاوڕێی چەند گەنجێکی

کوردی شۆرشگێر، کە لە دوو لاوە کاریگەریان لەسەرم هەبوو: ئەوانیش بوارەکانی ئەدەب وسیاسەت بون. ئازاد شەیدا یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەم کە هەمیشە گفتوگۆی ئەدەبی وگۆڕینەوەی شیعرلە نێوانمان بوبوو بە نەریت، زۆر جار لە دوای دەوامی خوێندن بەیەکەوە بەپیاسە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە بە درێژایی ڕێگاکە گفتو گۆمان لەسەر شیعر و هەواڵی ئەدەبی بوو، پاشان ئەو بۆ گەڕەکی پریادی و منیش بۆ ئیسکانی نوێ دەگەڕاینەوە، هەرچەندە زۆر جاریش لەملاو لەولاوە ئەکەوتینە بەر تیروتوانجی خەڵکی، چونکە بۆ ئەوکاتە هاوڕێیەتی دوو ڕەگەزی جیاواز بە ئاسانی هەزم نەدەکرا. لە سەرەتای هەشتاکان بوو فیستیفاڵی شیعر گەنجان لە هەولێر ساز کرا، من یەکێک بوم لە بەشدار بوەکان، بە ڕاستی بۆ من ئەزمونێکی قورس بوو چونکە بۆ یەکەمجار بوو کە بتوانم شار بە جێبهێڵم و سەفەر بکەم، چی جای شیعریش بخوێنمەوە لە بەرچاوی جەماوەردا، بەڵام پاش خوێندنەوەی شیعرەکە هاتدەرم زۆر بوو ئیتر نازانم شیعرەکەیان بە ڕاستی پێ باش بوو یان تەنها موجامەلە بوو، دوای ئەوە لە ڕۆژنامەکانیشدا بایەخی باشی پێ درا، لەو بۆنەیەدا بۆ یەکەمین جار هونەرمەندی گەورە حەمە جەزا و هەڤاڵ ئازاد جوندیانیم ناسی. هاوکات ناوە ناوە لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکات شیعرەکانم بڵاو دەکرانەوە، ئەو کاتە سەرنجێکی باش هەبوو لەسەر شیعری ژنان چونکە ژمارەمان زۆر کەم بوو، لەو سەردەمانە، خاتو ئەجیبە ئەحمەد، ڕێواس جاف، مەهاباد قەرەداغی وکۆمەڵێک ژنی تر هەبوون. من لە ڕێگای ئازادەوە کۆمەڵێک گەنجی ترم ناسی وەک کەریم پەرەنگ ومارف عومەر گوڵ وچەندانی تر...... لەهەمان کاتدا لەگەڵ چەند گەنجێکی تردا بە مەبەستی ئاڵوگۆری مەسەلە سیاسیەکان بەردەوام دیدەنیمان دەبوو، بەراستی من سودم لە هاوڕێیەتی ئەو بەڕێزانە وەرگرت کە لەگەڵ بەشێکیان تا ئێستا پەیوەندیمان بە هێزە وهەندێکیشیان بە هۆی زروفی جیاجیاوە لەیەک دابڕاین. بە هۆی ئەو هاوڕێ بەڕێزانەمەوە هەر لە ساڵی یەکەمی پیشەسازیدا پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و بە شێوەیەکی ڕەسمی چومە ناو دونیای سیاسیەت وململانێ لەگەڵ ڕژێمی بەعسی فاشی ئەو کات. ئێمە ژمارەمان زۆر کەم بوو، بۆیە ئەو کەسانەی کە لەڕیگا لایان دەدا زوو درکمان پێ دەکرد، چەند کچێکی کورد لەو قوتابخانەیە بوبون بە هۆی دروست کردنی گرفت بۆ ئەوانی ترمان بەهۆی ئەوەی کە تێکەڵ بە هەندێ لە دەست وپێوەندەکانی ڕژێم بوبون، ئێمەش لە پێناوی ریفۆرم کردنی ئەواندا کێشەی زۆرمان بۆ دەهاتە پێش و هەندێکمان توشی گرتنیش دەبوین بەتایبەتی کوڕەکان. ڕۆژانی ئامادەیی پیشەسازی کەرکوک پڕ بوون لە سەرکێشی،

ئێمەی کورد ولاوو سەربە ڕێکخستنەکان، زۆر جارلەسەر مەسەلە نەتەوایەتیەکان لەگەڵ کەسانی شۆڤینی دەوروبەرمان ژیانی خۆمان دەخستە مەترسیەوە، زۆر جار ئێمەی کچانیش دەبوین بە بەشێک لە شەڕو پێکدادانەکان لەنێوان کوردو عەرەب و تورکمانی شۆڤینی.

ئازاد ئەحمەد کاریگەری ئیجابی هەبوو لەسەر توانای شیعر نوسینی من، پاشان مارف عومەر گوڵ و لەتیف هەڵمەت ونەجیبە ئەحمەد. بەڵام مەسەلەی شیعر نوسین لای من هیچ کاتێک بۆ ئەوە نەبوە کە سبەی ببم بە شاعیرێکی ناودارو کتێب چاپ بکەم، بەڵکو شیعر لای من وەسیلە بوو بۆ دەربڕینی ناخ، بۆ گەیاندنی پەیامە خەفەکراوەکان، بەڵام هەمیشە ئەوساو ئێستاش شیعر فریادرەسە بۆ دەرباز بون لە کابوسی ناخ، من وشیعرهەمیشە لە چاوشارکێداین، جاری وایە من لەوێم ئەو خەفەیە هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە. بەڵام نهێنی نێوانی من و شیعر شتێکە نە من نە کەسی تر درکی پێ ناکەین.

هەمان ساڵی دەوامی پیشەسازیم چومە تەلەفزیۆنی کەرکوک، ئێواران بێژەرو بەیانیانیش خوێندکار بوم، هەرچەندە چونی من بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک بێ بەرنامەو بە ڕێکەوت بوو بەڵام لەو ماوەیەدا چەندین بەرنامەی ڕۆشنبیری وهونەریم پێشکەش کرد، لەوانە بەرنامەی (شەوچرای هونەری) کە تا ئێستاش لە بیری زۆربەی ئەوەی ئەو سەردەمە ماوەتەوە، بەتایبەتی دوا بەرنامەم لەگەڵ هونەرمەندی گەورە حوسێن عەلی، کە هەندێک لە بینەران پێیان وابوو هۆکاری ئەمانی من لە تەفزیۆن پەیوەست بوە بەوەوە، بەڵام چیرۆکەکە بە جۆرێکی تر بوو.

بەهۆی بارودۆخی سیاسیم تەمەنی ژیانی من لەکەرکوک زۆر کورت بوو، لە دوای ٥ ساڵ کارکردنێکی سەخت لە تەلەفزیۆنی کەرکوک ئیتر چەندرمەکانی بەعس کەوتنە وێزەی عەشقی نێوان من وکەرکوک، تا بە ناچاری لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بارگەی غوربەتم تێک ناو چومە هەولێر تا بگەڕێم بەدوای ژیانێکی ئارامتر، بەرنامەکەی هونەرمەند حوسێن عەلیش دوا بەرنامەی من بوو لە تەفزیۆن، بڕیاری چوونم بۆ هەولێر بەهۆی ترسی گرتنم لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوەنزۆر کوتو پڕ بوو چونکە من بەنیازی ڕۆیشتن بووم بۆ سلێمانی بۆ خۆ حەشاردان بەو پێیەی کە لەو شارە دەتوانم پارێزگاری لە ژیانم بکەم وخەڵکی سلێمانیش باشتر بمپارێزن، بەڵام بارودۆخەکە بە شێوەیەکی تر گۆڕراو من چوومە هەولێر و لەوێ گیرسامەوە. پێم خۆشە بە ئەمانەتەوە باسی جوامێریی خەڵکی هەولێر بکەم کە چۆن هەمیشە لە نەزمەکاندا هاوکارو پشتیوانی من بوون، من لە دوو قەیراندا جوامێری هەولێریەکانم بینی کە چۆن مرۆڤ دۆستانە دەبنە هاوکارو

پشتوپەنا، سەرەتای ۱۹۸۳ یەکێک بوو لە قەیرانانە، ئەویتریش ڕۆژی ۳۱/ئابی ۱۹۹٦ بوو کە هەولێرییەکان جارێکی تر جوامێری خۆیان بۆ من وکەریم عوسمان دوپات کردەوە.

لە هەولێر لەگەڵ شانۆو کاری درامادا سەرەتایەکی نوێترم دەست پێ کرد، ئەوەشیان بۆ دوو مەبەست بوو: یەکەم دەربڕینی ئازارەکانی ناخم، دوهەمیان ئەبونی ژنی کورد لەسەر شانۆی کوردی، من پێم وابوو خزمەتی شانۆ هیچی کەمتر ئەبو لەو چەکە پیرۆزەی شانی پێشمەرگە، چونکە شانبەشانی مەسەلە ئەتەوایەتییەکان، شیعر، هونەر،کولتور، سەرجەم ژیان لەبەر هەرەشەی لەناو چوندا بوو، بۆیە ئەو خزمەتەی شانۆم پێ کەمتر ئەبوو لە خزمەتەکانی تر. یەکەم هەوڵی شانۆییم دەوری دولبەر بوو لە شانۆگەری قەڵای دمدمی عەرەب شەمۆ، ئەوکاراکتەرەی کە خۆم تیا دەبینەوە، وەک ژنێک کە بەگژ زوڵم و زۆری ڕژێم خەباتی دەکرد، پێم وابوو دولبەر پراوپڕ بۆ کەسایەتی من نوسرابوو. پاشان چەندین کاری ترم ڕوبەڕو کاریەوە وەک شاری ئەوین و خەج وسیامەندو چەندینی تر. شانبەشانی ئەوەش چەندین درامای تەلەفزیۆنی وەک کەوەکانی قەرەچوخ و خۆرنەوازان وچەندانی تر، هونەری شانۆ لەو سەردەمە عەشقێکی جوان بوو لە نێوان بینەرو شانۆکاراندا بەداخەوە ئێستا ئەو عەشقە لە بارچووە.

شانۆ وەسیلەیەک بوو بۆ دۆزینەوەی عەشقە ڕاستەقینەکەی ئینسان، خۆشەویستی و وعەشقی (کەریم عوسمان)ی ئەکتەرو دەرهێنەری شەهید، دەرئەنجامی خەباتی من بو لە سەرشانۆی کوردی، شانۆ بوو بە هۆی دروستکردنی ماڵێکی حەقیقی پڕ لە عەشق و جوانی بۆ ژیان، بۆ هونەر، بۆخۆشەویستی لەگەڵ کەریم عوسمان بەڵام عەشقێکی تەمەن کورت.

سەرەتای ناسینی من بۆ کەریم عوسمان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۸٦، ئەو لە گەڵ فاچل قەساب کرابوون بە عەسکەر لە موسڵ و سەریان زۆر ناشیرین تاشرا بوو، کاتێک هاتن بۆ سەردانی من لە هۆڵی گەل من زۆر بە دیمەنی هەردوکیان پێ کەنیم چونکە تا ئەوکاتە هەرگیز ئەمدیبوو بەسەری سفرکراوەوە قات لەبەر بکرێت، بەڕاستی دیمەنی ئەوان زۆر سەیر بوو، پاشان زانیم کە کەریم عوسمان بە ئیازە شیعرەکەی کاک شێرکۆ بێکەس کە بەناوی پەردەقارەمان بوو بۆ ئەو بخوێنمەوە وتۆماریشی بکەم، من دڵێم ئەشکاند شیعرەکەم بۆ تۆمار کرد وتەسلیمم کرد، بەڵام ئەو لە لای خۆیەوە بەرنامەی تری بۆ من دانابوو، من ئەوم وەک هونەرمەندێکی زۆر سەرکوتوو دەناسی بەڵام هاوڕێش بوین، من ئەوەم ئەدەزانی ئەو ڕێگای دوری دەبڕی ودەهاتە هەولێر بۆ بینینی من، تا لە شانۆگەری (مانگی

ناوابوو)دا، ئەو راستییەی درکاند کە خۆشی دەوێم و دەیەوێ ژیانی هاوسەریم لەگەڵدا دروست بکات، پێش ئەوەی من وەڵامی بدەمەوە ئەو ڕووی دووهەمی گیرفانە بەتاڵەکانی دەرکرد ووتی من ئەوەم، هیچم نیە نە پارە، نەماڵ نە هیچ سامانێک بەڵام دڵم پڕە لە خۆشەویستی ودەوڵەمەنترین کەسم لە سامانی عەشق، هەموی ئەبەخشم بە تۆ. بەڕاستی ئەوە بۆ من سەرمایەیەکی گەورە بوو هەتا بمرم خاوەنی سامانی عەشق بم، بەڕاست هەرواش بوو.

لە تێکڕای ١٠ ساڵی ژیانی هاوسەریم لەگەڵ کەریم عوسمان دا بەهەمووی پێنج ساڵ پێکەوە نەبوین، هەمیشە لە دووری یەکتر دەژیاین بەهۆی زروفی نالەباری سیاسی هەردووکمانەوە. زۆر جار کە باسکمان تێکەڵ دەکردو لەسەر شەقامەکان دەڕۆیشتین بە هەردوکمانەوە پارەی پاسمان نەبو کە پێی بڕۆینەوە بۆ ماڵ، بۆ دڵـژانەوەی خۆمـان بە نـۆرە گۆرانیمـان دەوت، یەکێـک لەو گۆرانیـانەی کە ئەو دڵنەوایی منی پێ دەدایەوە ئەوە بوو کە دەی وت:

ئەم ئێوارەیە زۆر ساردە
شار بۆنی بەفری گرتووە
ریشۆڵەکان بەرەوخوار دێن
تەم باڵای گۆیژەی گرتووە

ژیانی من لەگەڵ کەریم عوسمان زۆر سوریالی و جوان بوو، بۆ ساتێکیش ئەوم نەبینی وەک پیاوێکی رۆژهەڵاتی دەسەڵات و وجودی خۆی بنوێنێ، ئەو هاورێ بوو، بۆشایی زۆر شتی بۆمن پڕ کردبوەوە، بۆیە بیرم نایە ئەوەندەی لەگەڵ ئەو ژیام پێویستم بە هاوڕێ بوبێت. لەناهەنگی ئەڵقەکەمان پرسیارێک ئاراستەی ئەو کرا کە پێی خۆشە چەند منالّی ببێت؟ وتی : لەیەکەوە تا دوانزە کچ. بۆیە یەکەم ودوا منالّمان دووکچی دوانە بون بە ناوی سۆنیاو ڤانیا، کە ناوی دووکاراکتەری ناو چیرۆکەکانی چیخۆفن، ئەوێک کە کەریم عوسمان عاشقی بوو. کاتێک کە لەدایک بون شەهید دڵشاد مەریوانی نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ ناردین تیایدا نوسیبوی (کەریم گیان پیرۆزە ئەو ستریۆیە). من و کەریم زۆر بە ژیانی هەولێر خۆشحاڵ بوین چونکە هەولێرییەکان زۆر ڕێزیان لێ دەگرتین، بەڵام کورتبینیی عەقڵ و هۆشیاریی کورد کۆتایی بەو ژیانە رۆمانسییەی من وکەریم هێنا بێ ئەوەی کە بیر لەو خەرمانە دەوڵەمەندەی ئەو هونەرمەندە بکرێتەوە کە زیاتر لە ??ساڵ خزمەتی شانۆی کوردیی کرد.

جارێکی تر ڤینی کورد بۆ کورد سەری ئاوارەیی ودەربەدەری پێ هەڵگرتین، ئەمجارەیان بە بێ پێڵاو، بە تەنهاو بێ کەریم عوسمان وبێ سۆنیاو ڤانیا، ئەمەش

ئەزموونێکی تاڵی تر بوو، شکستێکی دەروونی بوو بەڵام هەڵسانەوەی تواناکان بوو، ئەمجارەیان لە هونەرو شیعرو شانۆوە بۆ چەکی شان وپێشمەرگایەتی و ململانێ ی سەختتر. ژیان بەم ستایلانەوە جوانتر بون، هەندێک جار خۆزگە دەخوازم بۆ من نەمتوانی ببم بە فیتەر، بە تەنەکچی، بۆ من ئەو پیشانە نازانم؟ هەندێ جار کە کارێک دەبینم و من لێی نازانم خەم دەخۆم کە چۆن ئەو فرسەتەم لەدەست چوە؟ من حەز دەکەم ئەگەر سەرەداوێکیش بێت بێ زانیاری نەبم لە هیچ بوارێکدا، بەڵام زۆر جار کات ئاستەنگە لەبەردەم هیواکانا.
من لە ئەزمونی پێشمەرگایەتی زۆر شت فێر بوم، ئەگەر ئینسان بە گەورەیی خۆی بزانێ هیچ شتێک لە ژیاندا مەحاڵ نیە، ژیان هەرچەند سەخت بێت بەڵام سەخت تریش بە ڕێوەیە. لە پێشمەرگایەتی فێری خۆشەویستیی گرووپ بوم، فێر بوم لە زۆر بواردا ژن بەهێزترین کائینە، بۆیە ڕۆژانی ژیانی پێشمەرگایەتیم گەرچی بەشێکی کەمە لە تەمەنما بەڵام گرنگ وپیرۆزە لام.
لە پێشمەرگایەتیەوە بۆ ژیانی ناو زانکۆو بۆ شەڕی یاساو سەروەری یاسا، ئەمجارەیان لە جاران نەرمترو کاملتر، چومە مەیدانی خوێندن، لە هۆڵەکانی کۆبونەوەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن چوار ساڵی سەختم بڕی لە کۆلیژی یاسای زانکۆی سلێمانی، بەڵام پاش وەرگرتنی بڕوانامەی بەکەلۆریۆس لە یاسا، بووم بەو کەسەی کە ئیتر لە گفتوگۆکانی یاسادا منیش چەکم پێیەو بێ بەرهەم نیم. بەڵام کەریم عوسمان هەر میوانی خەیاڵ وبیرکردنەوەکانی ڕۆژانم بوو، ئەوێکی بێ چارەنوس چۆن دەکرێ زاکیرەم چۆڵ کات؟. شیعرو کەریم عوسمان وەک دوو زەرورەتی ناخم ئاوێتەی یەک بوونەوە، ئێستا تۆ دەتوانی لە شیعری وەرزی سەفەرو لە دەنگە نەرمەکەی نیان عبداللەوە هەست بە برینەکانی من بکەیت بۆ کەریم عوسمان، کە دەڵێ:

کاتێ ئەڕۆی ڕەنگەکانی دڵتم بەرێ با بەهار بێ
تا شنەیان لە شەوانی بێ تۆییدا بەرەو لام بێ

لێوەکانم تامی وەرزی بێ بارانی ئەوێ ی لێ دێ
هەناسەم بۆنی نامۆیی وخاکی غەریبانی لێ دێ

تا لەم سەفەر دێیتەوە روحم لە جەستەم دەرئەچێ
بارانی عومری بێ تۆیی ئەم ئەم بۆ ناخم ڕۆ ئەچێ

وەرە ئازیز با لە ئامێزی یەکترا تێر تێر بگرین
بە فرمێسکی ئەم عەشقەمان گوڵی رازی یەکتر بگرین

سەختیی زامی هەڵوەرینی باڵەکانی کەریم عوسمان سەری غوربەتی پێ هەڵگرتم بۆ دورترین کیشوەر لەسەر روی ئەم زەویە، دوور بەڵام ئارامبەخش، جوان بەڵام پڕ لە تاڵیی غوربەت، لەدوای ٧ ساڵ ژیانی تاراوگە، بیرم نایە تەنها جارێک خەونم بە کەنارە ئارامەکانی سدنی و، دیوارە سەرنج راکێشەکانی ئۆپرا هاوس و، نمەی بارانی شەوان و، کێشمەکێشی ژیانە گەرم وگوڕەکەی ئەوێوە بینیبێ. خەونەکانم هەمیشە ماڵە جەنجاڵەکەی کوردستان بوە، هەموو شەوێک هەر وەک جاران لە زرمەی دەرگا ئاسنەکەی ماڵەکەی ئیسکان و پێ لەقەکانی پیاوانی بەعس خۆم هەڵدەدایە ماڵەکەی دراوسێمان وخانو بەخانوو منیان تەسلیمی یەک دەکرد، تا لەو سەری گەڕەکەوە دەهاتمە دەرێ و دەمووت ئۆخەی خۆ خەون بوو، چا ئەبو ئەگیرام. باڵای من لە سدنی و ڕەگەکانم لە شۆڕیجەو ئیسکان و حەسیرەکەو لای ئاوی خاسە بوون، زۆرم رەنجدا تاکو جارێکی تر چڵی روحم لە سدنی دا بڕوێتەوە، بەڵام ئە ڕەگی من چووە ناو ئەو خاکەو ئە ئەو خاکەش توانی تینوێتی من بشکێنێت، بۆیە بارگەم تێک ناو جارێکی تر هاتمەوە بۆ باوەشی دایکم و پڕ بەدەنگم وتم:

ئەی دایە گیان وە کو باران
تنوک... تنۆک
رژامە نێو دەروندەوە
کێڵگەی پاکی دڵم کێڵایت
گوڵی ئاڵی گۆنام چنیت
بەڵام نازانم بۆ دایە؟
ئەمدی جارێ ، خەندەی لێوی وشک هەڵاتوت
وەکو کانیی بەهارانی وڵاتەکەم
لەناخی دڵتا هەڵقوڵێ؟
ئەی دایە گیان
ئەی دایە گیان

دوای بڕیاری گەڕانەوەم بۆ لای بیرەوەریەکان و تاڵی و خۆشییەکانی هاوزمانەکانم، هاتمەوە مەیدان وبەهەمان گوڕو تینی جاران چوومەوە ناو مەیدانی

خۆسەپاندن و شەڕی وجود، لەگەرمەی ململانێ سیاسیەکانی کوردستان لە ٢٠٠٨دا من هۆڵی خوێندنی ماستەرم لە یاسای نێو دەوڵەتی هەڵبژارد، چوومە ململانێی نمرە لەگەڵ هاورێکانم و، بووم بە یەکێک لەو پێنج خوێندکارەی کە لە ٢٠٠٨ لە کۆلیژی یاسای زانکۆی سلێمانی وەرگیران، پاشان بووم بە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

من بێ ئەوەی پلانم بۆ دانابێت سیاسەت کردن بوو بە پیشەم، ململانێ ی سیاسی بوە بەشێکی گەورە لە ژیانی من، تاکە شتێک کە نەمتوانی بۆ ساتێکیش لە دوای هەنگاوەکانی ژیانمەوە بە جێیی بهێڵم سیاسەت کردن بوو، زۆر جار لە هەڵوێستێکی سەرپێیدا بڕیارم داوە کە چیترسیاسەت بەشێک نەبێ لە ژیانی من، بەڵام هەر تێپەڕبونی ڕۆژێکم بەس بوە تا تێهەڵچمەوە، زۆر جار هەر خۆم دادگایی خۆمم کردوە کە لەگەڵ بونی ئەو بڕوانامە باشانەی هەمە چی پێویستیەکم بە سیاسەت کردن هەیە؟. بەڵام بیرم دەچێتەوە کە سیاسەت کردن چێژێکی گەورەی هەیە لای من.

هیوام زۆرە لە کاری ئێستامدا کە کارێکی سیاسی دبلۆماسیە بەردەوام بم، چونکە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان بڕوانامە و جۆری کارەکەم کە پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیە، بەهیوام بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ کارێکی دبلۆماسی فەرمی وەربگرم.

هەرچەندە من بەشێکی گەورەم لەتەمەنم بە خشی بە ڕاگەیاندن، ئەویش خۆشەویستی ومیهری خەڵکی بۆ من هێنا، ئێستا من یەکێکم لە ژنە دەوڵەمەندەکانی کورد، چونکە سامانێکی گەورەی خۆشەویستی خەڵکم پێیە، ئەگەر خەڵک ململانێ بۆ پڕ کردنی حیسابی بانقەکەی خۆی ئەکات، من لە سەر بەدیهێنانی ساتێک خۆشەویستی خەڵک ئامادەم قوربانی زۆرم بدەم.

هەندێک جار قەدەر بڕیار ئەدات مرۆڤ بەرەو چی کەنارێک هەنگاو بنێ، ئەو شەپۆلەی منی هەڵگرتوە، زۆر جار لە کەنارێک لەنگەری گرتوە کە لەگەڵ خواستی خۆمدا نەبوە، بەڵام لەگەل لەنگەرگرتنیشدا هەوڵمداوە پاش حەسانەوە لەگەڵ شەپۆلەکە برۆم و نەوەستم، تا دەگەمە شوێنی مەبەست. من ئێستاش لەسەر پشتی شەپۆلەکە هەنگاو دەنێم بە هیوام لە بەهەشتی هیواکانما لەنگەر بگرێ.

دوای تەمەنێک لە خەبات و ماندوبون و ململانێ لە پێناوی مانەوە وسەربەرزیدا، سوپاسی باوکی بەرێزم دەکەم، کە لەپشت کاراکتەری منەوە بووە، خۆزگە پێش مەرگی ئەو، بمتوانیایە بەشێک لە ئەهامەتییەکانی تەمەنی تۆمار بکەم. سەربەرزم بەوەی لەبەشێکی سەختی ژیانمدا هەردو پارچە گرنگەکەی جەستەم سۆنیاو قانیا

هاوڕێ و هاودەنگم بون کە زۆر خۆراگرانە بون بە بەشێک لەو مێژووەی من وکەریم عوسمان کە ئەوان دەوریان تێدا نەبوو بەڵام شانازی پێوە دەکەن.

هەرچیم کردوە لە ژیانما بەشێکن لە بیرکردنەوەی من لە قۆناغەکانی تەمەنم و هەریەکەیان رەنگی سەردەمێکی پێوەیەو شانازییان پێوە دەکەم.

لە ئەزمونی ژیاندا، ئینسان زۆر جار باجی گەورە دەدا لە ترسەکانی بۆ شکست، بۆیە دەبێ لە دانانی پلانی سەرکەوتندا ئەگەرێک بۆ شکستەکانیش دابنێ. بەڵێ ژیان خۆشە بە ناخۆشییەکانیەوە، جوانە کاتێک درک بە شتە قێزەوەنەکان بکەیت، بۆ ئەوەی تەپڵی سەرکەوتن لێ بدەین دەبێ هەمیشە حیساب بۆ شکستەکانمان بکەین.

دڵپاک تاهیردەروێش
سلێمانی ٢٠١١/١٠



# ڕوو لە مەنزڵگەی منداڵی

ڕووناک شوانی

وێڕای دابڕانی هەمیشەییم لە کەرکووک، کەچی ڕایەڵەیەکی ئەفسووناوی ڕۆحی منی ئاوێتەی بەرد و دار و خاک و یەک بەیەک کووچە و کۆڵان و شەقامەکانی کردووە.بۆ هەر شوێنێک بڕۆم کەرکووکم لە ناخدا هەڵگرتووە، شار بە شار، وڵات بە وڵات لەگەڵ خۆمدا دەیگێڕم. لە بەستەڵەکی ئەسکەندەناڤیاشدا قرچەی گەرماکەی کەرکووک و تینەکەی باوەگوڕگوڕ لە ناخمدا کڵپە دەستێنێت. چیرۆکەکانی ئەستێرەی لیندگرێن منداڵە زیتەڵە و جەربەزەکانی کەرکووکم دەهێننەوە یاد، کە دواتر ژیانی هەریەکەیان بوو بەڕۆمانێک و شایستەی ئەوەن لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەو شارەدا زیندوو ڕابگیرێن. باکگراوندیژیانم کۆڵانەکانی قەڵا، عاشوور، ئیمام قاسم و ڕەحیماوایە، ئاخر ئەمن لەوێ ڕا چاوم هەڵێنا و لەوێندەرێ فێری ئەلفبێی ئەشق و ئازادیی بووم. ئەمێستاش لە فەنتازیامدا دەبمەوە کچۆڵە زیتەڵەکەی گوێقوڵاغی هەموو قسەیەک دەبوو، هەستی دەگرت بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکان حاڵی بێت، کیژۆڵەیەک بەدوو کەزی ڕەشی تووند و تۆڵ و قردێلەیەکی سپییەوە، چمکی کەواکەی ئەنکم گرتووە و بەسەر قەڵادا سەردەکەوم بۆ ماڵی خاڵە گەورەم دەڕۆم. لە حەساری ئەو تەکیەیەی ڕاگوزەری گەڕەکی مەیدان بوو،دەنگ هەڵدەهێنم و گۆرانی دەڵێم، زایەڵەی دەنگەکەم چێژێ بوونم لەلا نوێ دەکاتەوە. کۆترەکانی گوێسەبانەکە بەگمە گم وێکڕا ئاوازەکەم بۆ دەسێننەوە، وێڕای ئەوەش ترسی چیرۆکەکانی شای ماران و مێردەزمانم لەلا بەرجەستە دەبن، کە لە زاری گەورەکانەوە ژنەفتبوومن. لە تونێلەکانی جیهانە سەیروسەمەرەکەی ئەلیسدا ون دەبم، لە شوێنێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا پیرەمێردێکی ڕدێن چەرموو دەدۆزمەوە، تاقە ئاواتی خۆمی لەلا ئەدرکێنم، لاقێکی تازە بۆ باوکم دروست دەکات، لە خۆشییاندا شاگەشکە دەبم و ناخودئاگا یەک بەخۆم بەدەنگێکی بەرزتر گۆرانییەکە دەچڕمەوە. هێکڕا لە ژوورێکی ناو یەکێ لە داڵانەکان ڕا مەلایەکی نابینا وەدەردەکەوێت و بەتووڕە و تۆسەنییەوە ئێژێت( هەوار بەێمە ئەتەش). ئاخر باوکم لە شەڕە پڕ کارەساتەکەی چواردەی تەمموزدا، کە بەشەڕی کورد و تورکمانەکە بەناوبانگە، زامدار کرا. باوکم بەمەقسەدی بۆ ئیش چوون جامانەکەی لە ملی ئاڵاند و لە ماڵ وەدەرکەوت، لەناو دەروازەکەی( تۆپ قەلعەسی) بەفیشەک پێکرا، ئیدی چ گوترا بەگولەی وێڵەوە بوو، یاخود لە ماڵەکەی شاکر ئێراقییەوەنیشانەیان لێ گرت.گێڕانەوەی وردەکارییەکانی ئەو ماڵوێرانیی و کوشتن و بڕینەی ناو کەرکووک، ئەلفبێی وشەکانی خۆپیشاندان و بەرگری،تۆڕانیی و

مقاوەمە شەعبی،ناوی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئەوێ دەمێ بەرادەیەک لە ماڵی ئێمە و خزمێلدا دەگووترانەوە و دووبارە دەکرانەوە هەموویانمان لە زەیندا جێگیر ببوون. باوکم لە سۆنگەی ئەو برینداریيەلاقێکی بڕدرایەوە و چارەنووسی خێزانەکەمانی گۆڕی.

ژنێلێک سەرقافڵەی سەدان ژنی ون ناوی شارە خێرنەدیوەکەی ئێمە بوون ولەزەینی منی منداڵیشدا زادەی دەیان چیرۆک وسەرپشکی خەبات لەپێناو ئازادی ژن ورەتکردنەوەی زوڵم وستەم بوون. مریەم، خاڵۆژنە ئازاکەی دایکم( لە ڕەچەڵەکدا خەڵکی سەرپێل زەهاو بوو)، کە باوکمی بە زامداری لە کۆڵ هەڵگرتبوو و بۆ ماڵەوەی بردبوو،هەروەها ناوی نەنە زولێخا(میمکی دایکم، ساڵی**7196** کۆچیدواییکرد)، سەرباری سەختی ژیان و بەخێوکردنی کۆشێ خێزان، خەڵکی بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕوویان لێ دەنا لە شەڕ و کێشەی عەشایەریشدا ڕۆڵی کوێخا و سەرگەورەی دەبینی. وەسیەتی نەنە زولێخا ئەوەبوو، هەرکاتێک کورد سەرکەوت ئاڵایەکی بەرزی کوردستان لەلای سەرییەوە لە گۆڕستانەکەی شێخ محێدین هەڵبدرێت.

زەوتکردنی ئازادیی لە کوردانی کەرکووک تەنها لە چوارچێوەی ئازادییە کولتووری و سیاسییەکاندا نەبوون، بەڵکو هەموو سنوورەکانی بەزاندبوو، لە هەڵبژاردنی جلوبەرگەوە بگرە تاکو بەشوێنی ژیان و خوێندن و ئاخافتن ڕا دەگات. لەوێندەریشەوە چیرۆکی ناولێنانەکەم لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی قوتابخانەوە تووشی هەڵوێستەیەکی کردم، دەتگوت مرۆڤێکی نوێم لە خودی خۆمدا دۆزیوەتەوە،تاکوو ئەو دەمەی پێی ئاشنا نەبووم. ئەمن تا تەمەنی شەش ساڵان ناوم نیزاڵ( نچال) بوو و خزم و خیش( بەئێستاشەوە) بەو ناوە بانگیان دەکردم، کەچی دایکم لەبەردەم بەڕێوەبەری خوێندگەی ئەسمائی سەرەتاییدا و دەمی ناونووسکردنمگوتی ناوی (ڕووناکە)، گوتم نا، گوتی وس بە! لەوێ ڕا پەیم بەوە برد کە ناوی نیزاڵ یەکێ لە ناوە بقەکانە. هەینێ شەهید یاسین ئەنوەر بەهۆی ئەخۆشی باوکمەوە ئەرکی دەرکردنی ناسنامەی منی پێ دەسپێردرێ، فەرمانبەرە تورکمانەکەی فەرمانگەی ناسنامە( لەو سەرووەختەدا زۆربەیان تورکمان بوون) هێشتا لیتەیشەرێناوخۆلە ناخیداڕانەماڵرا بوو، ناوەکەی بە( پۆخ ئاد) واتا( ناوی گوو) وەسفکردبوو، و گوتبووی ئەم ناوە نانووسم، شەهید یاسین ناوی ڕووناکی خوشکی بەزەیندا هاتبوو و ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردبووم. وێڕای ئەوەی سەرگوزەشتەی ناوەکەم لە خۆیدا تیشکۆڵەی چرایەکی وشیاریی لە هزر و ئاخمدا

هەڵکرد و بەدرێژایی تەمەن لە گەشەکردندا بوو، هەمیشە شانازی بەهەردوو ناوەکانمەوە دەکەم. ناوی یەکەم باوکێکی خەباتکار و کۆڵنەدەر لێی ناوم، کە بەدرێژایی تەمەنی سەری بۆ داگیرکەرانی کوردستان دانەنەواند و خۆڕاگرانە ڕووبەڕوویان بووەوە. ناوی دووەمیشم هەڵبژاردەی یەکێ لە گەنجە هوشیارەکانی کەرکووک بوو، لە ساڵی 1972 لە ڕۆژی دەرچوونیدا لە کۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدا، بەدەستی ڕژێم تیرۆر کرا و شانازیی ناوەکەمی بۆ هێشتمەوە. ئەمە و پساندنی کۆتی دیلیی بوو بەئارمان و خەونی دانەبڕاوم.

زۆر منداڵبووم خولیای خوێندنەوەم کەوتە سەر. لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەستم بەخوێندنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە، ڕۆمان و کتێبەکانی برا گەورەکەم و باوکم کرد. هەندێ جار دەستم بۆ کتێب و گۆڤارە شاراوەکانیش دەبرد و دەمخوێندەوە. لە سۆنگەی خوێندنەوەی زۆرم بوو لە پۆلی شەشی سەرەتاییەوە لە نووسینی دارشتندا لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیشدا نمرەی بەرزم وەردەگرت. قۆناغی ناوەندیم لە ناوەندی خانزاد، بەهۆی ئاوارەبوون و گەڕانەوەمان بەدوو قۆناغ تەواو کرد. نووسینی پەخشان و دێڕە شیعرەکانم بەعەرەبی سەرنجی مامۆستای زمانی عەرەبی ڕاکێشا و داوای لێ کردم بەشیعری ( لوبنان) لە ڤیستیڤاڵی شیعریی لاواندا بەشداری بکەم. ئێستاش بەرایی ئەو شیعرەم دێتەوە یاد ئاوها دەستی پێ دەکرد( اهوال مفجعه تترى و خگوب تنهش فى الوجدان)، وەلێ لەبەرئەوەی زانیم ئەو ڤیستیڤاڵە لەلایەن یەکیەتی قوتابیانی و لاوانی بەعسەوە بەڕێوە دەبرێت، بەشدارییم نەکرد.

هەروەکو زۆربەی کوردانی کەرکووک سیاسەت لە ماڵمان ڕا دوور نەبوو. لەگەڵ گزنگی دەمەوبەیان خۆی دەخزاندە ژووری، میوانی فراوێن و نانی شێوانمان بوو، لەگەڵمان دەهاتە ناو نوێنەکانمانەوە و خەوی شیرینی لێ هەراسان دەکردین. ئێمەی نەوەی شەستەکان بەرەبڕۆژانی مەنعەتەجەول،شاردنەوەی کتێب و بڵاوکراوە، چەکە قاچاغەکان وگرتن و زیندانیکردنیتێکۆشەرە ناودارەکانی کەرکووکین. ڕۆژێلێکی گەلێک دوور نەبوون ئەو دەمەی دایکم هەمووماني لە موبەقەکەدا کۆدەکردەوە و دەرکەی لێ دادەخستین بۆئەوەی میوانەکانی باوکمان نەبینین، کە بۆ کۆبوونەوە دەهاتنە ماڵمان، دواتر دەمێکی ئازاد دەبووین، ئەگەر خەو نەیبردینایەتەوە، تەپڵەکە سیخناخ لە جگەرە و ژوورە قانگدراوەکە پێی دەگوتین، بەڵێ ئالێرەدا دانیشتنێکی نهێنیی بەڕێوە چوو و ئەگەر لە دەرەوە یان لە

خوێندنگەدا هەر پرسیارێکیان لێ کردن بێژن دایکمان نەخۆش بوو و ئەو میوانانە بۆلای وی هاتبوون.

سەردەمێکی ماڵمان لە ئیمام قاسم بوو، چەندین جاران شایەتی گرتنی مامم و مەلا محێدینی دراوسێمان و هاورێکانیان بووم. ئێستاش لەبەر چاومە کاتێک کاک قادربەنزینفرۆشیان گرت کوڕە گەورەکەی بەبەرد کەوتە شوێن ئەمنەکان و هەموو منداڵانی گەڕەک بۆ پشتیوانی ئەو وەدووی کەوتن. ئەو کاتە شۆڕشی بەردی فەلەستین لە هیچ کوێیەکەوە سەری هەڵنەدابوو، منداڵانی شارەکەی ئێمە پیاوانی بەعسیان بەردباران دەکرد. هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنی دنیا پەیی بەم ڕووداوە گرینگە نەبرد و لە هەواڵەکانیدا ئاماژەی پێ نەدا. وەکو خەونێکی دوور زیندانی ئەبوغرێبم لە زەینـدایە دەمێکی سەردانی مامـمان دەکـرد. چوکلێتەهەڵدانی ئازادکردنەکەیشیم لە یادە، ئەو کاتەیلە نێو پێی گەورەکاندا نوقڵە خۆشەکانمان کۆدەکردنەوە و کێبڕکێمان لەگەڵ منداڵەکانی تردا دەکرد، ئاخۆ کام قارەمان زۆرترین چوکلێتی گردکردۆتەوە!بێئاگالەوەیبزانینچباسە، بە بەرائەتی منداڵانەی خۆمانەوە ڕووداوەکانمان پشتگوێ دەخست. ئینجا ئاهەنگی گۆشت بەخشاندنەوە و مەولودی دەستی پێ دەکرد. ئێمەش لە خۆشی گردبوونەوەی زارۆکانی خزم و خێش لە دەوری یەکتردا، خۆمان سەرگەرمی چاوشارکێ و حەوت بەردینە و پەتپەتێن دەکرد، ئیدی نەگێڕانەوەی ڕۆژە سەختەکانی بەندیخانە و نەش تەعزیب و هەڵواسینەکانیمان دەژنەفت. ئەوە گەورەکان بوون بەپسکە پسک باسیان دەکرد، مەگەر جار جارە منی لاپرەسەن وەژوور دەکەوتم و گوێم هەڵدەخست، لە ڕوخسارە زەردهەڵگەڕاوەکەی مامم دەڕوانی، شەکەتی ئەو و خەمە قووڵەکەی چاوی ئەوانی دیم بەدی دەکرد، بەبێ ئەوەی لە ناوەڕۆکەکەی حاڵی بم. وەلێ لە دەورانێکی دیکەی ژیاندا پەنهانییەکانم بۆ ئاشکرا بوون ئەوسا خوێنەرێکی بەنەمەکی دێری خەمەکانی وان بووم.

بەرنامەی هەوارگەی دڵان و ئەو شیعرانەی بەدەنگی شوکروڵای بابان، کە لە ڕادیۆی کوردی کرماشان ڕا بڵاودەکرانەوە، هونراوەی ئەو گۆرانییە کوردی و عەرەبی و تورکمانییانەی لە ڕادیۆ گەورەکەی ماڵمانەوە، کە دایمە گرمەی دەهات، دەمژنەفتن، لە هزرمدا شوێنی خۆیان دەکردنەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆربەی ئەو شیعرانە.لە زەینمدا کاڵ نەبوونەتەوە. چیرۆکەکانی ڕادیۆی کرماشان لە پاڵ ئەو چیرۆکانەی ئەنکم شەوانە بۆی دەگێڕامەوە، ئاسۆی خەیاڵیان فراوانتر دەکردم، لەگەڵ جۆش و خرۆشی ڕووداوی چیرۆکەکاندا دەروونکەیل دەبووم و خۆم لێ

دەبوو بە یەکێ لە قارەمانەکان و هاریکاری پاڵەوانەکە یاخودپەریزادە میهرەبانەکەم دەکرد، ئیدی تەوقی گرتیخانەکانم دەپساند و کۆیلانم ئازاد دەکرد، منداڵانم نوقمی لەیستۆک و نوقڵ دەکرد.

ئاسوودەیی خەونێک بوو لە سایەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا هێنانەدی مەحاڵبوو. پاش ئەوەی باوکم و مامم بەپێی بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورەی حکومەتی بەعس و پرۆسەی تەعریبکردنی کەرکووک، هەروەکوو زۆربەی کرێکار و فەرمانبەرە کوردەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک لە کار وەدەرنران و بۆ شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک دوورخرانەوە. لە پێناو ڕەتکردنەوە و لە دژە وەستانەوەی ئەو بڕیارە زۆربەیان ئامادەنەبوون پەیوەندی بەکارە تازەکانیانەوە بکەن، بەپێچەوانەوە، باوکم لە ناو کۆمپانیا بەدەنگی بەرز هاواری کردبوو بڕیاری ئەحمەد حەسەن بەکر و سەرکردایەتییەکەی لە ژێر پێڵاوان دەنێم و ئێرە جێ ناهێڵم.دەمەو زەردەی ئێوارانێکی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی **1974** ، تەنها چەند مانگێک پێش کارەساتی هەرەس، ئاگاداربووین هێزی ئاسایشی بەعس گەڕەک و دەوروبەری ماڵەکەمانی لە ڕەحیماوا/ خانووی شەریکەیتەنیوە. ئیدی زانیمان دۆخەکە لەوەدا نییە وەمێنینەوە، دایکم مۆچیاری کردین لەژێر پەرژینەتەلبەنەکەیباخچەی پشت ماڵمان ڕا خۆمان دەرباز بکەین. دەمودەست بەپێی خاوسی و جلی ماڵەوە خۆمان گەیاندە ماڵە دراوسێیەکمان. دایکم لە دوای چەند کاتژمێرێک و لەژێر تاریکیی شەودا وەژوورکەوت. دوو ڕۆژی تریش لە کەرکووک ماینەوە و تاوەکو باوکیشم پێمان ڕاگەیشت ئینجا بەرەو سلێمانی بەڕیکەوتین لەوێشەوە تاکونێ کانی پانکە بەسواری ئوتۆمبیل، ئینجا بۆ یەکەمین جار بەسواری تراکتۆر ڕوومانلە پێنجوێن کرد ولەوێ گیرساینەوە. بۆ ئێمەی منداڵتر چوون سەیرانگە وابوو، وەلێ خەمە قوڵ و ڕاستەقینەکە لە دڵی باوک و دایکمدا بوو. خەمی شوێن و ڕێ، خەمی نان و ژیانی داهاتوومان.

لەوێراژیانجۆرێکیدیکەبوو، خانووی گڵ، سەرماوسۆڵە و بەفر، سۆپای دارین، بانگوش و بەفرماڵین.بەهەرحاڵ، لە ماڵێکی خۆشدا لەگەڵ ماڵی مەلا سادق( چوار کوڕی پێشمەرگە بوو و کوڕێکیشی بەناوی عەبدوڵا خانزاد شەهید بوو)بووین بەکرێچی. تا ماوەیەک ژیانمان ئاسایی بوو، سەردانی خزم و هاوەڵ و ئاسیاوە کەرکووکییەکان، هەواڵەکانی سەرکەوتنی شۆڕش جۆرێک لە ئاسوودەیی پێ دەبەخشین. هەرچەندە مامم، کە لە چۆمان دەهاتەوە مشتومڕی ئەو کاتەی سەرکردایەتی شۆڕش و نیگەرانیی هەندێک لە سەرکردە دانیشتووەکانی سەبارەت

بە ئایندەی شۆڕش بۆ دەگێڕاینەوە، کەچی هەواڵی ڕێککەوتنی شومی جەزایری نێوان ڕژێمی ئێراق و ئێران ڕاستیی نیگەرانییەکانی کردە واقعێکی تاڵ و دەرخواردی کورد و بەتایبەت ئێمەی هەڵاتووی دا. سەرماوسۆڵەی ئەوزستانەی پێنجوێن ژیانی لێ دژوارترکردین، باری ئابووری و ئازووقەمان لە کەماسیدابوو، شەهید ئەوزادی برام (ئەوێ دەمێ مێرمناڵ بوو) لەگەڵ چەند هاوەڵێکی بەیانیان زوو دەچوون لە دارستانەکانی بناوەسووتە داریان بۆ سووتەمەنی دەهێنا. ئەمانە وچڕبوونەوەی هێرشەکانی دوژمن و هەواڵی بەسۆی شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی هێڵی بەرگری ئۆقرەی لێ دەبڕین، بەڕادەیەک دەنگی تۆپباران دەگەیشتە بنا گوێمان. لە ترسی تۆپباران و فڕۆکە، دۆخەکە بەڕادەیەک گەیشت وێڕای دەیان خێزان پێش سیوادی بەیانی بەچاوی خەواڵووەوە خۆمان گەرم دەپێچایەوە، پەتوو و لێفە و ئازووقەی ڕۆژمان هەڵدەگرت و لەگەڵ گریانی ساوایان، ناڵەی بریندارو نەخۆشان و توکی ساڵمەندان بەپێیان ڕوومان لە دەشتی شلێر، یاخۆبایەوا و باشماغ،نزیکی سنووری ئێران دەکرد. ئیدی تا درەنگانی ئێواران لەوێ ڕۆژمان بەسەر دەبرد، ئینجا دەگەڕاینەوە پێنجوێن.

هەبێنی ناسوودەیی مرۆڤ، چ تاک چ کۆمەڵ دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەوی شەهە ڕەشەی دەزگایەکی ئەمنی درندەی چون ڕژێمە خوێن مژەکەی بەعس، بۆخۆ دەربازکردن کۆچ تاقە چارەسەرییە. دەمێکی هەرەس خەونی ئازادیی بەرەواژ کردینەوە. ئیدی باوکم بەناچاریی و هەناسە سەردییەوە بڕیاری کۆچی هەڵبژارد. لە سەرسنوور هەتا چاو هەتەری دەکرد حەشامات بوو. سواری زیلی ئێرانییان کردین و لە سەوڵاوە هەوارمان خست، ئیدی دوو ساڵان گەلێک شاران، ئوردوگا، ژیان لە خانووی پەڕپووتدا،چادر هەڵدان و هەڵوەشاندوەی، نەداریی، برسێتیی و ئاوارەییمان چەشت. ئەمانە هەموو وێکڕا لە خۆیدا کتێبێکن، گەلێک جاران قەڵەم لە هەمبەریاندا دەستەوەستان دەبێت و نایەتە گۆ، نازانێت بەکام زمان وێنایان بکات، چ ناوێکیان لێ بنێت و لە تویی کام ڕۆمان و دەقی شانۆیی و پەیڤ و قەسیدەدا شوێنێکی هێند شایستەیان بۆ بکاتەوە گوزارش لەوردەکاری ڕەنج و ئازارەکانی مرۆڤ بکات. وێڕای هەمووئەمانەش کۆچ فێرگەیەکی خودان مامۆستایەکی هێند لێزانە مرۆڤ فێری هونەری ژیان و سڕینەوەی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان دەکات.

لەوێڕا فێری زمانەکەی حافزی شیرازی بووم و لەو سەرەتای تەمەنەدا چاوم بەگوڵستانەکەی سەعدی ڕۆشن بوو. شیعرەکانی فروخزاد پەنجەرەکی بەرینی لە

رووی باخچە پڕ گوڵزارەکەی شیعری ژناندا بۆ خستمە سەر گازەرای پشت، ئەمیان تازک ئەلمەلانیکە نەبوو، بەڵکو بەرامەیەکی نوێی لە دوو تویێی خۆیدا هەڵگرتبوو. بۆنی ئازادییەکی فراوانتری لێ دەهات. لە شارە بچووک و گەورەکانی ئێراندا کولتور و شارستانییەتێکی جیاواز و پێشکەوتووترم لەوەی لەمەڕ خۆمان دیت. چەند دەستەخوشکێکی ئێرانیم هەبوون شریتی گۆرانی فارسی و گۆڤاری ( زن روز) ی ئێرانییان بۆ دەهێنام. پاش خوێندنی بناغەکانی زمانی فارسی توانیم تا رادەیەک فێری زمانەکە ببم. لەوە بەدوا کاتی سەردانی تیمی پزیشکیاراندا بۆ ئۆردوگاکەمان کاری وەرگێرانم دەکرد.لە سۆنگەی کارکردنی باوکم باری ئابووریمان ڕوو لە باشی دەچوو. تاکو ڕۆژێکیان ساواک باوکمی بەتۆمەتی توودەیی بوون زیندانی کرد. بەرایی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو، بارودۆخی ئێران ڕوو لە ناسەقامگیریی دەچوو، ئیدی ئێمەش هاوسەفەر لەتەک خەڵکانێکی زۆر بنە و بارگەمان پێچایەوە و ڕوومان لە هەواری باوان کردەوە.

بەپێی یاسای ئەو سەردەمەی ڕژێمی ئێراق ئێمەیان بە(عائدون) ناوزەدە دەکرد. ئەو ناوە ناحەزەی بەمەبەستی سووکایەتیکردن بەبالای مرۆڤی هەڵگری پەیامی ئازادیی و شۆڕشدا بڕابوو. بەو پێیە نەدەبوا لە کەرکووکدا نیشتەجێ بین، وەلێ ئەو بڕیارەشمان لە ژێر پێیان نا و لە گەڕەکی ئیمام قاسم ماڵێکمان بەکرێ گرت. ناوەندی خانزادم بۆ بەردەوامیدان بەخوێندنی هەڵبژاردەوە. تەعریب گۆڕانیکی بەرچاوی لە جەستەی شاردا کردبوو، وێڕای گۆڕینی ناوی شەقام و گەڕەک و فێرگەکان، گەڕەکی نوێ هەڵتۆقیبوون،لە بازاڕ و شەقامەکاندا خەڵکی نامۆ وغەوارە دەبینران. ئەمانە تەنگیان بەنێمەی دانیشتوانی شار هەڵچنیبوو، گەنجانیان تووشی گێچەڵ دەکرد،تام و چێژی شاریان ناخۆش کردبوو. کەرکووک لە کچۆڵەیەک دەچوو لاقە کرابێت، زریکەی دەگەیشتە عەرشی عەزیم. هەستکردن بەستەم و کۆیلەتی مرۆڤ ناچار دەکات ڕێگەی بەرگریی لە پێناو ئازادییدابگرێتەبەر. براکانم ڕێگەی بەرگریان هەڵبژارد. بەخاو خێزانەوە پشتیوانیان بووین. ماڵەکەمان بنکەی شاردنەوە کتێب و بڵاوکراوەی شۆڕش بوو. کار گەیشتە ئەوەی لە خۆپیشاندانەکەی کەرکووکدا لە ساڵی1982 برینداربهێنرێتەوە ماڵەکەمان و لەوێ چارەسەر و دەرباز بکرێت. پاش تەواوکردنی زانکۆ سلێمانی بوو بەمەنزڵی دووەمم، خێزانەکەشمان لە ترسی گرتن بۆ وێندەرێ هەڵاتن. ئەمجارەیان باجی کاری سیاسییمان گەلێک قورستر بوو. شەهیدبوونی ئەوزادی برام لە 15/ 11 / 1987گەورەترین زەبری بەباری دەروونیمان گەیاند.

وەلێ باڵای هیوامان بەرزتر دەبوو.بەگشتی قۆناغەکانی ژیانی ئێمەگەڵ هەموو جۆرە سەختییەکانی ژیانی بەبەرزی و نشیوییەکانییەوە تێدابوو. ساتا نییە لەناو ئەم هەموو گرفت و چەرمەسەرییانەی ژیاندا بواریک بۆ پێکەنین، خۆشیی، ئاهەنگ و زەماوەند بدۆزیتەوە. زامەکان بەقوڵایی ڕۆحدا ڕۆچووبوون، کەچی ژیان لەگەڵ تاوهەڵاتدا ئومێدی ڕۆژێکی نوێمان پێ دەبەخشێت. بەسەرهاتودژوارییەکانفێریانکردینسڵڵەتاریکێنەکەینەوە و بێ سڵەمینەوە هەنگاو بەرەو خۆر بنێین.

چەند ساڵێک دوای ڕاپەڕین دوای ئەو هەموو عەوداڵییەم بەشوێن ئازادیی و ژیانێکی ئاسوودە و ئارامدا، لە خاکێکی فرە دوور لە نیشتمان،وڵاتە هێمنەکەی سوێدم کرد بەنێستگەیەکی نوێی ژیان. لێرەشکتێب و خامە و کاغەزم کرد بەباشترین هاوڕێم.

دڵم لە کەرکووک هەڵنەکەندووە. بەپەڕۆشەوە سەردانی دەکەم، هێڵەکانی خەختێنی منداڵیم لە ڕەحیماوا لە حەوشەکەی ماڵی باوکم دەکێشمەوە و بەسەر هەموو خانەکاندا باز دەدەم، لە خانەی دروستدا دەگیرسێمەوە و ڕۆژگارێک زیندوو دەکەمەوە کە لە ناو قەرەباڵغی ژیاندا ونم کردبوون. چون سەردەمی منداڵیم لە ژێر دار قەیسییەکە بەدیار گوڵە نازنازەکانەوە دادەنیشم، ئەمجارەیان لە جیاتی سەعیکردن چیرۆک و هۆنراوە بەباڵای خۆشەویستیی ئەودا دەهۆنمەوە.

لە دوا سەردانم بۆ کەرکووک، بەسەر پردەکەدا تێپەڕیم، دەنگی باوکم بردمییەوە ناو یادەوەریی لاپەڕەکانی مێژووی شار و وێنەی خۆپیشاندانی سەر پردەکە و لافاوەکەی ساڵی(1957) ی کەرکووکیان تێکەڵ بەیەکدی کرد. وەلێ ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینم قەوزە و چەگل و قسڵە وشکهەڵاتووەکەی خاسە، مێژووی بەمەبەست لە پەراوێزخستنی کەرکووک و وشککردنەوەی ئاوەڕۆ مەزنەکەی ئارابخایە کە باووباپیرانمان لە دێرزەمانەوە شارستانییەتی خۆیان لە ڕۆخی ویداڕۆناوە. ئەو شارەی سەدان گەنج و مرۆڤی ڕۆشنبیر و بیرمەندی تێدا هەڵکەوتووە و لە پێناو مانەوەیان لەسەر خاکی باووباپیران و گێڕانەوەی ناسنامەی ڕاسەقینەی شارەکە و دانیشتوانەکەی ژیانی خۆیان کردۆتەوە قوربانی. ئەوت لە جیاتی ئەوەی ببێتە مایەی ئاسوودەیی و خێر و بەرەکەت بەسەر کەرکووکیاندا ببارێنێت، بۆتە سەرچاوەی نەهامەتی خەڵکەکەی. گێڕانەوەی ئاوەڕۆی خاسە چخەونوئارەزوویەکە. بیهێنە بەرچاو خۆت، دیمەنی شارێک، ئاوێکی پاکژی لە

نیوەڕاستدا بڕوات، ئەملا و ئەولای کافیتیریا و شوێنی گەشت و گوزار و بازاڕی پێشکەوتووی لێ چێ بکرێت، ئێواران ئاشقان بەناسوودەییەوە پیاسەی لەسەر بکەن، یاریگەی جۆراوجۆر منداڵە چاوگەشەکانی شادمان بکات، قەڵا بەنازەوە تەماشای باڵای شار بکات، عەلی مەردان و کوزەچی ئۆغڵی بەسۆزترین مەقام و سترانی بۆ بێژن، ئاخۆ ئەو کاتە کەرکووک چی لە قاهیرە و ستۆکهۆڵم و دۆسلدۆرف کەمتر دەبێت!!.

سەختی و دژوارییەکانی ژیان گەورەترین فێرگەم بوون، ئێستاش لە کتێبخانە مەزنەکەیدا بەدوی حەقیقەتدا دەگەڕێم، لەوێڕا دێڕە جوانەکانم لە کتێبی ژیاندا تۆمار دەکەم.

ڕووناک شوانی

سوێد 10/5 / 2013



# سەرەتاکان

**سەلام محەمەد**

نووسین لە سەر دوو شت ئاسان نییە . یەکەمیان یادەوەرییەکانی ئینسانە کە ئەویش دوو بەشە ئەو یادەوەریانەی کە نووسەر باسی خودی خۆی ئەکات لە گەڵ گێڕانەوەی ئەو شتانەی لەو سەردەمەدا روویان داوە کە نووسەردەوری مێژوونووس ئەبینێ ، دووەمیش باسکردنی ئەزموونی ئەدەبی و شیعری نووسەرێک یان شاعیرێک . تا رادەیەک هێشتا ئەوەی دووەم لە گەڵ لایەنی دووەمی بەشی یەکەم واتە باسکردنی دەوروبەر زۆر زۆر ئاسانترە لەوەی ئینسان تەنها باسی خودی خۆی بکات . رووداوەکان و بارودۆخەکان و گۆڕانکارییەکان خۆیان هەن و کاری نووسەر تەنها تۆمارکردنیانە بەڵام گەڕانەوە بۆ وردودرشتی بەسەرهاتەکانی رابردووی ژیانی تایبەتی چەندەی کارێکی خۆش و بەتاموچێژە ئەوەندەش سەخت و هەستیارە . لە سەرێکەوە پیاو پەردە لە سەر نهێنییەکانی ژیانی خۆی لا ئەدات و لە موڵکیەتی تایبەتییەوە ئەچێتە خانەی موڵکیەتی گشتییەوە ، لە سەرێکی دیکەشەوە قەناعەتم وایە یەک لە سەدای هیچ نووسەر و شاعیرێکی کورد نەهاتووە دەقاودەق چی لە ژیانیدا روویداوە وەک خۆی زەق و زۆپ بینووسێتەوە . زۆربەی ئەو بیرەوەریانەی کەوتوونەتە بەرچاویشم تەنیا لایەنە گەش و پۆسەتیڤەکانی ژیانیان دەرخستووە و ئەوەکانی تریان فەرامۆش کردووە . لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کاک حەمە کاکە رەش پێشنیازی سازکردنی دیدارێکی ئەدەبی لە گەڵما کرد و کاتێ دەستم بە وەڵامدانەوە کرد ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارە گشتی و ئەدەبییەکانەوە هەبوو بە پەلە پەنجەم بە پیتەکانی کۆمپیتەرەکەی بەردەستمدا ئەنا و دێڕەکان وەک شەپۆلێکی هێمن ئاسایی ئەڕۆیشتن . بەڵام کە گەیشتمە سەر باسکردنی ژیانی خۆم بینیم مەسەلەکە ئەوەندە ئاسان نییە وای لە سەرەتادا تێگەیشتبووم . ئەم کارە پلانێکی زۆر وردو بەخۆداچوونەوەی سفتوچڕی ئەوێ هەروەها لەرادەبەدەریش کاتی گونجاو و لەباری پێویستە . بۆ کەسێکی وەکو منیش کە ژیانێکی دەوڵەمەندی پڕ لە کارەساتی جۆربەجۆر و پڕ لە غاردان و هەناسەبڕکێ بووە بە لێوارەکانی مردندا لای کەمی یەک ساڵی تەواوی ئەوێ ئەگەر بە شتی لاوەکییەوە خۆم خەریک نەکەم . دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دیدارەش کە لە ژمارە ٣٧ و ٣٨ ی گۆڤاری هەناردا بڵاوکرایەوە جۆرەها نامە و پرسیارم بۆ هاتووە ، پرسیاری سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت دڵداریش . بۆچی وەکو شاعیرێک باسی تەجرەبەی خۆشەویستی خۆم نەکردووە لەو دیدارەدا ؟؟؟ ئایا نەمویراوە یان ژیان و گوزەرانی ئێستام کە لە سوید لە دایکی

منداڵەکانم جیابوومەتەوە و ژنێکی ترم هێناوە ڕێگربووە لە بەردەم باسنەکردنی ؟؟ئەدی بۆچی درێژەم نەداوە بە تاقیکردنەوە تاڵەکەی ساڵی ١٩٧٤ کە چۆن لە لووتکە هەرە بەرزەکەی دڵسۆزیەوە کە ئامادەییە بۆ شەهیدبوون پێچەوانە بە سەرما کەوتەوە و بە زیندانی ڕایات کۆتایی هات ؟؟

ئەو دیدارە کۆمەڵێ پرسیار و بۆچوونی جیا جیای وروژان و هەر لە گۆڤاری هەناریشدا کورتە وەڵامێکی هەندێ لەو سەرنجانەم داوەتەوە بەڵام بۆ خۆم بووە تاقیکردنەوەیەکی سوودبەخش کە ئەگەر لە پاشەرۆژدا ویستم بیرەوەریەکانم بنووسمەوە ئەبێ بەش بەش بەسەریان بکەمەوە و هەر بەشێکیش بە تێر و تەسەلی جوان توێکڵی بکەم و بیدەمە دەستی خوێنەرەوە یان مێژووەوە ئەگینا شتێکی ناتەواوی پچڕ پچڕی لێ دەرئەچێت . ئایا کەس هەیە شانازی بە مێژووی دڵداری و خۆشەویستی خۆیەوە نەکات بەڵام بە داخەوە کە زۆر جار خۆشەویستیش سەرەتا و کۆتایی هەیە ئەگەر باسی سەرەتاکەی بکەی ئەبێ ئەوەش ڕوون بکەیتەوەچۆن کۆتایی هات و بۆچی بەو جۆرە کۆتایی هات . ئەمەش دیسانەوە باسێکی درێژە ناتوانم لە چەند دێڕێکدا یان لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەگەریدا هەقی خۆی بدەمێ بۆیە بەسەریا بازم داوە . بە کورتی لەو دیدارەوە فێربووم نووسینەوەی یادەوەری کارێکی ئاسان نییە بە تایبەتی ئەگەر کورد بێت . ئەوانەی دۆست و برادەرن ئەگەر باسی لایەنێکی ناخۆش یان نێگەتیڤی خۆم بکەم پاسای بۆ ئەهێننەوە ئەڵێن بۆیە ڕایکردووە چونکە وا و وا بووە بەڵام ئەگەر ئینسان ئینتیهازی نەبێت دیارە کەسانێکیش هەن حەزی پێناکەن و ئەو کەسانە نەک هەر سوورن لە سەر ئەوەی بەردەوام باسی خراپەکانی ئەکەن بەڵکو دان بە چاکەکانیشدا نانێن و هەوڵ ئەدەن خوێنەری لێ بڕەوێننەوە .

زیاتر لە چل ساڵ بە سەر ئەزمونی شیعری و ئەدەبیمدا تێپەڕیوە . ئەگەر بۆ سەرەتا ڕاستەقینەکان بگەڕێمەوە من لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە لە تەمەنی دوازدە ساڵیمەوە دەستم بە شیعر نووسین کردووە کە ئەوساش لە پۆلی شەشی سەرەتایی و یەکێ ناوەندیدا بووم . نازانم چی وای لێکردم شیعر بنووسم. بێگومان کەس بە شاعیری لەدایک نەبووە بەڵام تا ڕادەیەک گشت ئینسانێک لە یەکێک لە بوارەکانی ژیاندا یان زیاتر بەهرە و توانای هەیە ئەگەر ژیان هەلومەرجی ڕەخساندنی ئەو بەهرەیەی بۆ دابین بکات کە زۆر جار خێزان و ژینگە و بارودۆخ بوونەتە هۆی فەوتان و لەناوچوونی بەهرە و توانای مەزن و داهێنەر بۆیە من گشت کاتێ کە بیر لە نووسەر یان شاعیرێکی گەورە ئەکەمەوە لە

هەمان کاتدا دڵنیام لەوەی شاعیر و نووسەری لەومەزنتر و داهێنەرتر نیگار زۆر هەبوون بەڵام بە هۆی بارودۆخەوە بە ئەزۆکی لەبارچوون و کەسیش نازانێ کێ بوون و کێ نەبوون . من رەنگە لە بواری تریشدا بەهرەم هەبووبێت بەڵام کە هەر لە منداڵیەوە خەریکی شیعر نووسین بوومە دیارە قەدەرەکەم لەوەدا بووە ببم بە شاعیر . کە بوومە بە شاعیریش بارودۆخی خێزان و کۆمەڵگە و دەوروبەر و دەورێکی گرنگیان هەبووە چەند بایەخ بە شیعر بدەم و کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم . وەک بەهرەکەم هەبووە هەلومەرج و بارودۆخ لە گەڵما یار نەبوون تا ئاسۆی شارەزاییم فراوانتر و قووڵتر بکەم بەڵکو ئەوەی نووسیویشمە لە چاوقایمی خۆمەوە بووە ئەگینا وەک ملیارەها بەهرەی لەبارچووی ئەم مرۆڤایەتیە دێرینە لە ناو بێرەنگی و بێدەنگی لەبیرچوونەوەدا کپ و خامۆش ون نەبووم و بۆ خۆم لێی ئەخەوتم . زۆر جاریش ئەڵێم خۆزگە وابووایە چونکە شیعر و ئەدەب و خوێندنەوە بۆ من تەنها دەردەسەری و کوێرەوەری بوون هیچ خزمەتێکیان بە ژیانی کەسایەتی و تایبەتیم نەگەیاندووە لە ژانەسەر زیاتر .

چەند دەفتەرێکم پڕ کردبووەوە لە شیعری کلاسیکی بەڵام هەرگیز بیرم لە بڵاوکردنەوە و چاپکردنیان نەکردۆتەوە هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٨ بە دوواوە گۆڕانێکی باش بە سەر ئەو شیعرانەدا هاتن و کەوتبوومە ژێر کاریگەری گۆران و هەردی و کامەران موکریەوە واتە هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی نوێخوازیم هەبووە بەڵام لە بەر نەبوونی کتێب و سەرچاوە و برادەر چ ئاگایەکم لە دونیای شیعری نوێ نەبووە و ئەو ساڵانە رەحمەتی باوکم لە شارۆچکەی دوبز مامۆستا بوو بۆیە خۆمانیش هەر لەوێ ئەژیاین کە شارۆچکەیەکی زۆر بچووک بوو لە ناوەڕاستی شەستەکاندا و هیچ کتێبخانەی تیادا نەبوو . ئەمە سەرەڕای بەربەرەکانێکردنی بەردەوامی رەحمەتی باوکم کە نووسین و خوێندنەوەی لێ قەدەغە کردبووم تا لە خوێندنی قوتابخانە دوانەکەوم و خۆم بە شتی دیکەوە خەریک نەکەم .هەروەها سەبارەت بەوەی کە لە بارەی دین و خوا و دۆزەخ و بەهەشتەوە زۆر پرسیارم ئەکرد و هەستی بەوە کرد هەندێک لەو پرسیارانە پەیوەندیان بەو کتێبانەوە هەیە کە ئەیانخوێنمەوە تا رادەیەک رێگای نادام بە ئاشکرا هیچ بخوێنمەوە بەڵام من هەر لە قۆناخی ناوەندیەوە نووسین و رۆمانەکانی نجیب محفوظ و توفیق الحکیم زۆر سەرنجیان راکێشام . پاشان نازانم لە ماڵی مامۆستایەکی هاوڕێی باوکم چاوم بە کتێبی کلیلە و دیمنە کەوت بە زمانی عەرەبی پێموابوو خەزێنەیەکم دۆزیوەتەوە . ئەو هەستەی خۆم بۆ برادەرەکەی باوکم دەربڕی ئەویش کتێبەکەی پێشکەش

کردم و روخسەتی لە باوکمیش وەرگرت بە ئارەزووی دڵی خۆم بیخوێنمەوە چونکە زۆر سوودی هەیە منیش لە جیاتی جارێک چەند جارێ ئەو کتێبە و کتێبی الف لیلە ولیلەم خوێندەوە ئەویش هەر مامۆستا ئەنوەر زێدان پێی بەخشیم . بەشێکی زۆری خەیاڵەکانی ئەو سەردەمەم سەرچاوەکەیان بۆ الف لیلە ولیلە ئەگەڕێتەوە . لە توفیق الحکیمەوە زۆر شت فێربووم و بە راستیش نووسینەکانی بۆ ئەو تەمەنەی من دەستیان نادا و باوکم ئاهەقی ئەبوو کە سەری سووڕمابوو لە پرسیارە زۆروزەبەندەکانم دەربارەی ژیان و مردن . هەندێجار پێمی ئەووت تۆ بە منداڵی پیر بووی چیت داوە لەم ژانەسەرە. ئەگەر ئەو حیسابێکی بۆ بەهرەی نووسین و خوێندنەوە و تەنانەت (بیرکردنەوە ) م بکردایە و یارمەتی بدامایە بێگومان سەرەتایەکی زۆر بەهێزترم ئەبوو بەڵام بە رەحمەت بێ سەرەڕای ئەوەی لە هەموو ژیانیدا تەنانەت یەک تاقە کتێبی بۆ نەکڕیوم چەند جارێک کتێب و شیعرەکانمی دڕاندووە کە ئەمەش رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤ و دەروونی کاریگەری هەیە لە ژیانی نووسەر و شاعیرێکی تازەهەڵکەوتوودا. هەموو ئەم کاردانەوانە بۆیە لای باوکم دروست ببوون تا هەموو بیر و هۆشم لای خوێندنەکەم بێت و شەهادەیەکی بەرز بەدەست بهێنم بە بێ ئەوەی لەوە ئاگادار بێت رەنگدانەوەکە بە پێچەوانەوە کەوتەوە . هەرچەندە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن تا لە ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆ وەرگیرام هەر لەو ساڵەشدا بوو باوکم کۆچی دوایی کرد و خۆم لە خەستەخانەی کۆماری کەرکووک لایبووم بەڵام ئەو پێیوابوو حەزم لە خوێندن نییە بۆیە ناچم بۆ بەغدا ئەوەبوو لە سەر داوای خۆی چوومە کۆلیجی قانون لە زانکۆی بەغدا ئەویش هەر لەو رۆژانە ماڵئاوایی لێکردین و فریای ئاشتنەکەیشی نەکەوتم . بە درێژایی قۆناخەکانی خوێندن تا چوومە زانکۆ هەمیشە لە یەکەمەکان بووم بەڵام رۆژێک لە رۆژان بە عەزرەتی ئەوەوە ئەبووم کە بڕوانامەیەکی بەرز بەدەست بهێنم . ئەو ساڵانە لە شارۆچکەی دوبز بووین پاشان کە لە ساڵی ١٩٦٩ هاتینەوە کەرکوک گۆڕانێکی زۆر گەورە کەوتە ژیانمەوە و پوختەیەکم لە شیعرەکانم هەڵبژارد و بیرم لە چاپکردنیان کردەوە لەدوای رێکەوتننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ . باوکم وازی لە کۆنترۆلکردنم هێنا و دێتەوە یادم جارێک وتی من بۆ تۆمە تۆ بۆ کێتە . دە بڕۆ هەموو ژیانت خەریکی شیعر نووسین و کتێب خوێندنەوە بە بزانە هیچ بە هیچ ئەکەی .

ئەو کاتە کاک رەزا شوانم ناسی کە یەکێک بوو لە نووسەرە چالاکەکانی شاری کەرکوک و یەکەمین نووسەری کەرکوک بوو ئاشنایەتی لە گەڵدا پەیدا بکەم . هەر

لە ساڵی ١٩٧٠ دا بوو کە داوام لێکرد پێشەکیەک بۆ شیعرەکانم بنووسێت کە هەموویان وەک ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ گڕیان لێ ئەباری و کاک رەزا پێشنیازی کرد ناوی لێ بنێم ( دڵی کوردستان ) تا ئەو کاتەش هیچ کەسێک ئەو دەستەواژەیەی بەکار نەهێنابوو . من پەلەم بوو ببم بە خاوەنی دیوان و تەمەنیشم شازدە ساڵ بوو کاک رەزا هەستی بەوەکردبوو ئەم شیعرانە مزگێنی پاشەڕۆژێکی رووناکیان هەڵگرتووە بۆیە وای بە چاک دەزانی لە چاپکردنی پەلە نەکەم . هەر لەو کاتەدا وردە وردە دەستم کرد بە نووسینی شیعری نوێ و هەندێ لە شاعیرانی ئەو رۆژگارە زیاتر بەرچاویان روون کردمەوە کە من توانایەکی باشترم هەیە لەو شیعرانەی لە ( دڵی کوردستان ) دا کۆمکردوونەتەوە. کە چووم بۆ بەغدا کاک رەزا شوان ئەدرەسی کاک سەلاح شوانی پێدام و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و ئەوسا ئەوان لە لووتکەی چالاکیدا بوون بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و ئەدەبیاتی روانگە . بە هۆی ئەویشەوە رەحمەتی جەلالی میرزا کەریمم ناسی و کاتێ شیعرێکی نوێم بۆ هەردووکیان خوێندەوە کە ناوی خەونی چاو بوو زۆریان بەلاوە جوان بوو وتیان تۆ شیعری وا ئەنووسیت چۆن رێگا بە خۆت ئەدەی ئەم وەزنو قافیەدارانە چاپ بکەیت و لە سەر خۆت ئەیانکەیتە ماڵ . جەلالی میرزا کەریم کە سەرپەرشتی لاپەڕەی ئەدەب و ژیانی ئەکرد لە هەفتەنامەی هاوکاریدا خەونی چاو و چەند شیعرێکی تری لێ وەرگرتم کە هەموویانی لە هاوکاری بڵاوکردەوەو یەکەم دیمانەی ئەدەبیش لە ژیانمدا ئەو سازی کرد بە ناوی گفتوگۆیەک لە گەڵ شاعیری لاو سەلام محەمەد هەر لەو ماوەیەدا لە هاوکاری بڵاوکرایەوە . لەو سەفەرەدا بۆ یەکەم جار رەحمەتی مەحمود زامداریشم ناسی ئەویش دیدارێکی ئەدەبی دوور و درێژی نیوسەعاتی لە گەڵما ساز کرد بۆ رادیۆی کوردی . کە شەوان لە گەڵ سەلاح شواندا ئەچووین بۆ نادی ئیتر وردە وردە حسین عارف و شێرکۆ بێکەس و کاکەمەم بۆتانی زۆر شاعیر و نووسەری دیار و ناودارم ناسی و هەر هەموویان لە گەڵ ئەوەدا بوون کە شیعرە کۆنەکانم چاپ نەکەم با لە بناغەوە بە کۆمەڵە شیعرێکی نوێ خۆم بە خوێنەر بناسێنم . وەختێ گەڕامەوە بۆ کەرکوک هەرچەندە گفتم دابوو بە لقی سێی پارتی کتێبی دڵی کوردستانیان بدەمێ و لەسەر ئەرکی ئەوان چاپ بکرێت بەڵام پەشیمان بوومەوە .

ئەو سەفەرەم بۆ بەغدا کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ دا بوو سەرەتای قۆناغێکی تازە و دنیایەکی تازەی لە مێژووی ژیانی مندا دروست کرد . لە هەموو نووسەران و شاعیران زیاتر سەلاح شوان دڵخۆش بوو بەو پەیوەندی

یەکترناسینەمان و لە راستیشدا یارمەتیەکی زۆری داوم . لە گەڵ کاک لەتیف هەڵمەتدا یەکترمان دۆزیەوە و لەوە بە دوواە تا رادەیەک رۆژانە یەکترمان ئەبینی و شیعرمان بۆ یەک ئەخوێندەوە . پاشان وردە وردە بەربووینە چالاکی و سیمینار و کۆڕبەستن لە کتێبخانەی شۆریجە و بەردەم کتێبخانەی ئاسۆ و تێکڕای کۆڕە ئەدەبیەکانی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک . هەڵمەت بە تەمەن شەش حەوت ساڵێک لە من گەورەتر و تاقیکردنەوەی لە بواری نوێخوازیدا زۆر لە من فراوانتر بوو چونکە ئەو ماوەیەی کە من لە دوبز ئەژیام و دوور بووم لە هەموو دەنگوباسێکی ئەدەبی ئەوان واتە لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت و ئەحمەد شاکەلی و فەرهاد شاکەلی تەواو کەوتبوونە خۆیان و بۆ یەکەم جار من ژمارەکانی شیعر و گۆڤاری شیعر ٦٩ م لە رەحمەتی لەتیف حامید وەرگرت . دوو کەس کە کاریگەریەکی زۆریان بە سەر منەوە هەبوو هەردووچیرۆکنووسی رەحمەتی لەتیف حامید و جەلیل قەیسی بوون بە تایبەتی کاک لەتیف کە هەفتانە دەچوومەماڵیان و کتێب و گۆڤارم لێ قەرز دەکرد و زۆر جار خۆی پێشنیازی بابەتەکەی دەکرد . جار جار سەردانی رەحمەتی جەلیل قەیسیشم دەکرد کە ئەوسا سەرپەرشتی گۆڤاری (العاملون فی النفط ) ی ئەکرد و زۆر هانی ئەدام بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی نوێ .

وا بزانم لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٧٠ دا یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک کرایەوە و هەموو ئەندامانی دامەزرێنەر بە یەکەوە ناسنامە زەرد و ناسک و جوانەکەی ئەندامیەتیمان بۆ هاتەوە کە تیایدا نووسرابوو رۆژی بوونە ئەندام ٢٤ / ١٢ / ١٩٧٠ ئەو کاتەش من رێک تەمەنم ١٦ ساڵ وچوار مانگ بوو لە پرۆگرامی گشتیدا تەمەنی ئەندام ئەبوو ١٨ ساڵ و لە سەرەوە بێت ئیتر نازانم ئەو هەڵەیە بەسەر دەستەی گشتی یەکیەتی لە بەغدا تێپەڕیبوو یان بە هۆی بارو دۆخە ناسکەکەی کەرکووک و کەمیی ژمارەی ئەندامانەوە بۆ تەواوکردنی نیسابی قانونی چاوپۆشی لێکرابوو بەڵام هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەردا لێژنەی رۆشنبیری پێکهات لە عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و من بە سەرۆکایەتی فوئاد تاهیر سادق کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بوو.

یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتی کە بە سەرۆکایەتی رەحمەتی رەئوف خانەقا بوو ئەم ئەندامانەی بە خۆیەوە گرتبوو رەحمەتی عبدالعزیز خانەقا ، رەحمەتی تاهیر سادق . کاک عوسمان خۆشناو ، کاک حسێن بەرزنجی و کاک فوئاد تاهیر سادق و کاک رەزا شوان . لەو ئەندامانەی چوست و چالاک بوون و بەردەوام هاتوچۆی بارەگای یەکیەتیان ئەکرد و پاشان کۆچی دواییان کرد خوالێخۆشبووان

ڕەئوف هەمەوەندی ، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و خەلیل خوێناوی و عبدالقادر کەسنەزانی بوون . لە گەڵ ڕەحمەتی عبدالقادر کەسنەزانیشدا پەیوەندیەکی بەهێزم هەبوو زۆربەی شیعر و کتێبەکانی ئەدۆنیسم لە ڕێگای ئەوەوە خوێندۆتەوە چونکە خۆم توانای کڕینی ئەو کتێبانەم نەبوو. کاک قادر چیرۆکی نوێی ئەنووسی و توانایەکی باشی هەبوو بەڵام ئەوەندە بە لایەوە گرنگ نەبوو ببێت بە چیرۆکنووس یان نا . یادی بە خێر پیاوێکی زۆر قسەخۆش و تایبەتمەند بوو . لە جەنگی نێوان عیراق و ئێراندا فەوجێکی خەفیفەی کردەوە و بوو بە مستەشار و ڕۆژێکیان کە بە مەستی بە سەیدەرەکەی سەید سادقا ڕەت ئەبێ ڕاناوەستێ ، سەیدەرەکەش تەقەی لێ ئەکەن و گوللەیەک بەر سەری کەوت و بووە هۆی کۆچی دوایی . ئەم پیاوە زۆربەی کتێبەکانی سارتەر و کامۆی خوێندبۆوە بەڵام ئوکە دەرزیەک کەشوفشی ناکرد و حەزی بە خۆدەرخستن نەبوو . من لە نزیکەوە ئەمناسی باوەڕی بە هیچ شتێک نەبوو هەمیشە ئەیوت مادام مردن هەیە هەموو شتێک فشەیە .

ڕەحمەتی ڕەئوف هەمەوەندیش شیعری ئەنووسی بەڵام زۆری ئەخواردەوە . جاری وا هەبوو شەو و ڕۆژ مەست بوو . ئەوسا ئێواران ئەچووینە یانەی مامۆستایان کە لە جێگەی بارەگای پارتی بوو لە سەرەتای شەقامی کۆماریدا . کۆمەڵێ نووسەر و شاعیری وەک موکری و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و ئەحمەد بێکەس و ڕەئوف هەمەوەندی زوو زوو ئێواران لەوێ کۆئەبووینەوە بەڵام هەرگیز بۆ یەک جاریش لەتیف هەڵمەت ئەهاتۆتە نادی . کۆمەڵێ یادەوەری خۆشی ئەو نادیەم لە یادە لەوانە ئەحمەد بێکەسی هاوڕێمان کە شیعری مەوزون و موقەفای ئەنووسی ژنەکەی کچی ڕەحمەتی عەلی مەردان بوو دیار بوو کاک ئەحمەد نێوانی لە گەڵ خەسوویدا تەواو نەبوو کۆمەڵێ شیعری لە سەر خەسوو لە کوردەواریدا نووسیبوو . ئەحمەد بێکەس خۆی نەی ئەخواردەوە بەڵام کە دائەنیشتین و گارسۆنەکە ئەهات ئەو داوای یەک قاپی تەواو عارەقی ئەکرد وەختێ هەڵئەسایین بوتڵەکەی بە سەرمۆری بە گارسۆنەکە ئەدایەوەو پارەی مەزەکانی ئەدا .

ئەو ڕۆژگارە ئێواران بارەگای یەکیەتی نووسەران هاژەی ئەهات و لە هەموو لایەکەوە نووسەرانی شار بە گەنج و پیرەوە ڕوویان تێ ئەکرد و جۆرەها باس و بەسەرهاتی کۆن و نوێ ئەهاتە پێشەوە . خۆی بە ڕاستی دوو نەوەی زۆر جیاواز بووین . پیر و بە تەمەنەکان لە سەرووی هەموویانەوە ڕەحمەتی ڕەئوف خانەقا کە سەرۆکی یەکیەتی بوو لە ژمارە تاقانەکەی گزنگدا شیعرێکی بڵاوکرایەوە دێری یەکەمیم هەر لە بیرە :

خەڵکە پەیمانی ئەدەم من قەت ئیتر پۆکەر ئەکەم

چی کرا چوو تێپەڕی ئەمما ئیتر خۆکەر ئەکەم

ئەوەی دووەمیش دوو جۆر بووین جۆری یەکەم نوێخوازەکان جۆری دووەمیش ئەوانەی بە تەمەن گەنج بوون بەڵام نوێخواز ئەبوون . بە بێ هیچ دوودڵیەکیش ئەوە دووپاتی ئەکەمەوە کە لە سەرەتای مێژووی یەکیەتیدا گەورەترین هۆی بەگەڕخستن و کۆکردنەوەی تواناکان ئەو لیژنە رۆشنبیریە بوو کە پێکهاتبوو لە عەبدوڵڵا سەراج و لەتیف هەڵمەت و من کە سەرپەرشتی کۆڕە ئەدەبیەکانمان ئەکرد پاشان وردە وردە توانای دیکەش بە دەرکەوتن بۆ نموونە محەمەد موکری کە یەکەمجار هات بۆ یەکیەتی وەکو شاعیر خۆی پێ ناساندین و شیعری نوێی جوانی ئەنووسی . کاک رەزا شوان بوو بە پەیامنێری هاوکاری و بە ناوی هیوا شوانەوە شتی بۆ ئەنووسین رۆڵێکی دڵسۆزانە و بەرچاوی هەبوو لە چالاکیەکانی نووسەراندا . یەکەم بەرنامەی تەلەفیزۆنی یەکیەتیش لە تەلەفیزۆنی کەرکوکەوە لە لایەن منەوە ئامادە و پێشکەش کرا لە ساڵی ١٩٧٢ دا .

بێگومان نابێ دەوری هەر سێ کتێبخانەی ئەسۆ و گەل و شۆڕیجەمان مان لە بیرچێت کە باسی بارودۆخی رۆشنبیری ئەو رۆژگارەی کەرکوک ئەکەین چونکە هەموو بڵاوکراوە کوردیەکانیان لا دەست ئەکەوت و خۆشیان کەسانێکی ئەدەب پەروەر و کورد پەروەر بوون بۆیە ئێواران زۆربەی ئەوانەی ئەهلی کتێب و خوێندنەوە و رۆشنبیری بوون لە بەردەم ئەو کتێبخانانەدا ئەبینران بە تایبەتی کتێبخانەی ئاسۆ کە بەرانبەر بە کازینۆی ئەسر و بە تەنیشت کازینۆی بابلەوە بوو . خەڵکی کەرکوک زۆر زۆر تامەزرۆی هەموو چالاکیەکی کوردانە بوون . تینووی هەموو جۆرە بابەتێکی کوردی بوون ئیتر هەر لە گۆرانیەوە تا دەگاتە شیعری نوێ و چیرۆکی نوێ ئەویش بە هۆی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سیاسی کە وای لە ئینسانی کورد کردبوو لە کەرکوک فەرامۆشی بە هەموو شتێکدا بێتەوە . من خۆم لەو ساڵانە کە سەفەرێکی سلێمانیم کرد و شەو چووینە نادی و گوێم لێبوو گۆرانیەکانی مەزهەری خالقی لێئەدرا ئەوەندەم بە لاوە خۆش بوو هەستێکی وا دایگرتم کە سلێمانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیە چونکە هەرگیز شتی لەو بابەتەم لە کەرکوکدا ئەبینیبوو . بە داخەوەش ئەو موعاناتەی کە ئێمەی کەرکوکیان هەمانبوو هاورێکانمان لە سلێمانی و هەولێردا ناراستەوخۆ لەو موعاناتە تێگەیشتبوون وەک ئەوەی کە ئەڵێن بەرد تا سەری خۆت ئەشکێنێ هەست بە

ئازاری ئاکەی ئەو لەیەکنەگەیشتنە تا ئێستاش درێژەی هەیە کەرکوکیەکان ئەگەر خۆیان بە پلەی یەکەم مشووری خۆیان نەخۆن زەحمەتە ئەوانەی دیکە لێی تێبگەن.

ئەو شیعرانەی لە ساڵانی ١٩٧١ بە دوواوە بڵاوم کردوونەتەوە سەرەتای تاقیکردنەوەی راستەقینەم بوون لە گەڵ شیعردا . گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە شیعر تەنها بەهرە نییە بەڵکو بەهرە و شارەزاییە . تا زیاتر بخوێنمەوە و خۆم لە ئەدەبیاتی جیهانی نزیکتر بکەمەوە باشتر و قووڵتریش لەوە تێئەگەم کە چی بنووسم و بۆچی بنووسم . کۆمەڵێ هاوڕێی شاعیر و نووسەرم هەبوون و هەر یەکەیان ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام بە نیسبەت پەیوەندیەوە لەتیف هەڵمەت لە هەمووان نزیکتر بوو بە هۆی ئەوەی زوو زوو یەکمان ئەبینی و خەون و خەیاڵی شیعریمان بۆ یەکتر باس ئەکرد جۆرەها چوست و چالاکیمان لەو بوارەدا دوو قۆڵی سازکردووە . وەکو تاقیکردنەوەی شیعریش سەلاح شوان نزیکترین شاعیر بوو لە منەوە و تارادەیەکیش شیعرەکانمان لە یەک ئەچوون .

تا نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ کە لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام و چوومە بەغدا رەحمەتی لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەڕاج و حەسەن جاف لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانم بوون بەڵام پەیوەندیم بە هەموو نووسەران و هونەرمەندانی شارەوە هەبووە . ئەوانەی کاریگەریان بە سەرمەوە جێهێشتووە هەردوو رەحمەتی لەتیف حامید و جەلیل قەیسی بوون . راستە ئەو پەیوەندیە نزیکەم نەبوو لە گەڵ رەحمەتی جەلیل قەیسیدا بەڵکو جار جار خۆمئەچوومە لای لە نووسینگەکەیدا کە ئەوسا لە تەنیشت فولکەی مرورەکەی تەپەی مەلا عەبدوڵلاوە بوو . تا وای لێهاتلە سەرەتای هەشتاکاندا جار جار پێکەوە ئەمانخواردەوە و سوودێکی زۆرم لە ڕێنماییەکان و تاقیکردنەوەکانی وەرگرتووە . پەیوەندیم لە گەڵ لەتیف حامیدی جوانەمەرگا جیاواز بوو . لای کەمی هەفتەی جارێک لە ماڵەوە سەردانیم ئەکرد ئەویش هەمیشە هانی ئەدام کە بەهرەیەکی شیعری گەورەم هەیە و پێویستە لە ڕێگای خوێندنەوە و شارەزاییەوە خزمەتی ئەو بەهرەیە بکەم . لەتیف حامید یەکەمین کەس بوو کە بە ئەدەبی نوێی عەرەبی و جیهانی ناساندم . جارێکیان کە تازە شیعری ژانی ئەرخەوانم نووسیبوو حەزم کرد یەکەم کەس بۆ ئەوی بخوێنمەوە کە ئەوسا بەڕێوەبەری ئامادەیی شۆریجە بوو . چووم بۆ لای و پێموووت شیعرێکی تازەم نووسیوە و یەکسەر بۆم خوێندەوە . تەوقەیەکی گەرمی لە گەڵدا کردم و وتی ئا ئاوها ، ئەمە وەرچەرخانێکی تازەیە کە

هیـوادارم بتـوانی درێـژەی پـێ بـدەیت . .ئەو شـیعرەم لە سـاڵی ١٩٧٢ دا لە رۆژنـامەی هاوکـاری بڵاوکرایەوە و لە دیوانەکەمدا نییە چونکە پێم نەدۆزرایەوە. هەرچەنـدە کـاک سەدرەدین عـارف مامۆستای زمـانی ئینگلیـزم بـوو جـار جـاریش سەردانیم کردووە لە ماڵەوە و زۆر باسی ئیلیۆت و رامبـۆی بـۆ کـردووم و تەنـانەت جارێـک قەسـیدەی بەلەمە سەرخۆشـەکەی رامبـۆی بە ئینگلیـزی پێمـدا و منـیش ئەوەنـدە خوێنـدبوومەوە ئەزبەرم کردبـوو بەڵام سـەدرەدین عـارف کە یەکـێکە لەوانەی پـێش روانـگە چیرۆکـی نـوێی نووسـیوە زۆر حەزی بە تـێکەڵاوی و خۆدەرخستن ناکرد بۆیە کەمتر ئەمبینی و نـایەتەوە یـادم کە هـات و چۆی یەکیەتی نووسەرانیشی کردبێت. لەتیف حامید و سەدرەدین عـارف و ئەحمەد شاکەلی بە چەنـد چیرۆکێکـی کەم ناویـان چـووە مێـژووی پـێش روانـگەی چیرۆکـی نـوێی کوردیەوە ئەوەش هیچ سەیر نییە چونکە کۆمەڵی نووسەر و شـاعیری گەورەی کەرکـوکی لە شەستەکاندا جمـاعە کرکوکیان دامەزرانـد و هەر هەموویـان لە ریـزی پێشەوەی شیعر و چیرۆکی عەرەبیدا بـوون لە عیـراقدەوانە جلیل قەیسی و فاضل العزاوی وسرگون پۆلس و جان دمو و .......... تاد خەڵکی شـاری کەرکـوک بـوون و ئەو سـێ چیرۆکنووسـەش لە نـزیکەوە ئاگـاداری چالاکیەکانیـان بـوون . پێمـوایە لەتیف حامید چەندەی سوودی بۆ من هەبووە ئەوەش زیاتری بـۆ لەتیـف هەڵمەتی کـردووە بە حـوکمی ئەوەی کە سـەرەڕای پەیوەنـدیە ئەدەبـیەکە ئـامۆزای یەکتـریش بوون .

لە حەفتاکاندا مشتومڕێکی دەوڵەمەند لە ئارادا بـوو دەربـارەی ئەدەب و نووسینەوە بە گـشتی و بە قۆنـاخی زێڕینـی ئەدەبـی کـوردی ئەژمێردرێـت و رۆژنـامە و گۆڤارەکـانی ئەو سـەردەمەش دەورێکـی زۆریـان هەبـوو لە گەرمکردنـی فەزای گفتوگۆکـان و کـۆمەڵێ بیروبۆچـوونی جیـاواز لە گۆڕەپـانەکەدا پەیـدابوون تـا رادەیەکیش بە هۆی رێکەوتنەکەی ١١ ی ئازارەوە جۆرە سەربەستیەکی دەربڕین هەبـوو چ لە بڵاوکـراوە رەسـمیەکانی وەک هاوکـاری و بەیـان یـان هەردوو رۆژنـامەکەی برایەتی و بیری نوێدا ئەمەش بەستەڵەک شـکاندن و گۆڕانکـاریەکی گەورە بـوو کە بە سـەر ئەدەبـی کوردیـدا هـات و لەو سـوباتە دوور و درێـژەی شەستەکان بە ئاگای هێنایەوە و سەرەتایەکی بەهێزی دارشت بۆ نەوەکانی داهاتوو .

بـۆ ئەنووسـم و بـۆ کـێ ئەنووسـم ؟ پرسـیارێکی زۆر بـاو بـوو کە لەو سـەردەمەدا موناقەشـەی لە سـەر ئەکـرا . بە نیـسبەت منیـشەوە بە بەردەوامـی رووبەرووی ئەو

پرسیارە بوومەتەوە بەڵام ئەوەی کە هاتی ئەدام بنووسم لە راستیدا حەزێکی تایبەتی بوو لە ناوەوەی خۆمدا . من ناڵێم کوردایەتی بووە یان شتێکی دیکە بەڵکو چۆن دوکاندارێک کوتاڵ و شتومەکی هەبووە بۆ فرۆشتن منیش بیرکردنەوە و ئازارم هەبووە . بۆ دەربڕینی بیرەکانم و بۆ بەربەرەکانێکردنی ئازارەکانم پێویستیم بە دەربڕین هەبووە و ئەو دەربڕینەش بۆ من تەنها لە رێگای وشەوە هاتۆتە دی . خۆم پاش گشت نووسینێک هەستم بە ئیسراحەتێکی بەلەزەت کردووە لە ناخ و ویژدانی خۆمدا . ئایا ئەزانی چەند تامێکی بێ وێنەیە کە ئینسان بابەتێکی ئەدەبی ئەنووسێت و پاشان کە خۆی وەکو یەکەم خوێنەر پیادا ئەچێتەوەچەندە دڵخۆش و شاگەشکە ئەبێت . بە هەر حاڵ ئەگەر وایش نەبێت من خۆم وابووم . وەڵامی بۆ ئەنووسم و بۆ کێ ئەنووسم لای من وا کەوتەوە بۆیە ئەنووسم چونکە رێگایەکی تر شک نابەم بۆ دەربڕین . زۆر جار ئەمووت خۆزگە دەنگم خۆش بووایە وەک مەزهەری خالقی یان توانای شمشاڵ ژەنین یان هەر ئامێرێکی دیکەی مۆسیقام هەبووایە . ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یەکێک لە ژمارەکانی ساڵی ١٩٧٦ ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ لەوێ وتارێکم لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی : شوان و شمشاڵدا کە تیایدا وتوومە تاقە رێگایەکی هاتنەدەرەوەم لە ناوەوەی خۆمدا نووسینە ئەگینا هیچ بەدیلێکی ترم نییە . بەڵام کە ئەنووسم من ناڵێم بۆ کێ ئەنووسم بەڵکو ئەڵێم کێ نووسینەکەمی بە دڵە و کێش بە دڵی نییە . پێموابێت ئەمە کێشەکە ئاسانتر ئەکاتەوە و نووسین خۆی جۆری خوێنەر دیاری ئەکات . ئیتر لەو رۆژگارەدا چی کاری تێکردووم و چی هەژاندوومی منیش لە بارەی ئەو شتانەوە شیعر و نووسینم بڵاوکردۆتەوە بە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەم کێ شیعرەکەمی بە دڵە و کێش رەفزی ئەکات . من کە یەکەم جار شیعری هەنگوینی تاڵم نووسی ویستم لە هاوکاری بڵاوی بکەمەوە بەڵام بەڕێوەبەری ئەوسای دەزگای رۆشنبیری کوردی عیمان محمد فائق لە سەر شیعرەکەی نووسیبوو لا اوافق علی نشره لانە یدعو الی تشجیع شرب الخمر . مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە سیاسەت و دینەوە نەبوو بەڵام بۆچوونی ئەو پیاوە وابوو کە نابێ بڵاوبکرێتەوە . پاش ئەمانی ئەو هەمان شیعر بە دیکۆر و دەرهێنانێکی جوانەوە لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆریشی هەبوو . هەمان حاڵەتم لە گەلێ شیعری دیکەمدا بەسەرهاتووە و دووبارە بۆتەوە بەڵام بە لای خۆمەوە کە پرۆسەی شیعرەکە تەواو بووە بە هیچ جۆرێک لێی پەشیمان نەبووومەتەوە و لە ژیانیشمدا یەک دێر شیعرم بۆ هیچ حزبێک یان کەسایەتیەکی سیاسی و دەسەڵاتدار نەنووسیوە بێجگە لە شیعری منیش دڵداری کەیوانم ئەی پارتی غەم کە لە ساڵی

١٩٧٣ بۆ پارتی نووسیوەمە و لە هەفتەنامەی برایی بڵاوکراوەتەوە و بە داخەوە ئەویش لە دیوانەکەمدا نییە و ئێستاش شانازی پێوە ئەکەم و یەکێکە لە شیعرە جوانەکانم .

هیچ کاتێ شیعری بۆنەم نەنووسیوە و هیچ شیعرێکم نییە تایبەت بێت بە بۆنەیەکی دیاریکراوەوە . لە ناوەڕاستی ئەوەتەکانىدا کە لە سوید بووم هونەرمەند زەکەریا چەند جارێک تەلەفۆنی بۆم کرد شیعرێکی وا و وای بۆ بنووسم تا بیکات بە گۆرانی بەڵام نەمتوانیوە داخوازیەکەی جێبەجێبکەم هەرچەندە حەزیشم کردووە یارمەتی بدەم .

من لە هەشتاکانەوە بەرهەمی شیعریم روویان لە کزی و تارادەیەک نەمان کرد . هۆیەکەی بۆ کارەسات و رووداوە ناخۆشەکانی ژیانی تایبەتی خۆم ئەگەڕێتەوە . زۆر جار پێمئەڵێن بۆ ئەو کارەسات و رووداوانە نەبن بە هەوێنی شیعر و نووسینی تر . راستەوخۆ بە ناسانی ئەڵێم گۆرانێکی بنەڕەتی بە سەر هەست و هزر و بیرکردنەوەی مندا هاتووە . باوەڕم بە زۆر شت نەماوە . قەناعەتم بەوە نییە بە سواری بەلەمی شیعر بتوانم لەم رووباری ژیانە بپەڕمەوە بۆ ئەوبەر . من ئێستا لە دونیایەکی سۆفیانەی پڕ لە سووتان و پڕ لە فرینی ناوەوەدا ئەژیم . وا هەست ئەکەم تازە بە تازە گەیشتووومەتە سەرەتای رێگا و ئەبێ لەم هەڵبژاردنەدا بڕیاری خۆم بدەم . نەک لە چەقی دووریاندا راوەستاوم بەڵکو هەر یەک رێگایە و ئەویش رێگای ژیان و پاشان مردنە . ناڵێم حەقیقەت بەڵکو من لە گەڕانێکی بەردەوامدام بگەم بە قەناعەتێک نارامی و ناسوودەیم پێ ببەخشێت . ئێستا شیعر ئەو نارامی و ناسوودەییەم ناداتێ بۆیە هەرچیەک ئەنووسم دەسبەجێ هەستێکی وا دام ئەگرێ کە ئەوەی نووسیومە کافکا وتەنی ئەوە نییە خۆم ئەمەوێ. ئەمڕۆ ئەدەبی کوردی پڕە لە شیعر و شاعیر . لاموایە هەڵە نیم ئەگەر بڵێم مەگەر تەنها لە مۆریتانیا شاعیر هێندەی کوردستان زۆر بێت چونکە مۆریتانیا بەناوبانگە بە وڵاتی ملیۆنێک شاعیر . لە ناو ئەم زۆروبۆریەشدا ئەگەر باشترین کتێب لە بازاری کوردیدا هەزاردانەی لێ بفرۆشرێت جێگای خۆشبەختیە . ئەمە بە راستی کارەساتە کارەسات . وەک هاوڕێی شاعیرم فەرهاد شاکەلی جارێک نووسیبووی ئەگەر لە کوردستان کتێبێک چاپ بکەیت وێنەی ژنێکی رووت بکەیتە بەرگی پێشەوە لە هەموو کتێبە باشەکان رەواجی زیاتر ئەبێت . کەواتە لای منیش ئەسڵەن هیچ کێشەیەکم نییە چۆن تەفسیری ئەنووسینی شیعرم بۆ ئەکرێت و چۆن لێکی ئەدەنەوە . کە گۆران ئەڵێ :

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

بە راستی ئەوە منم . ناتوانم ئەو شیعرە بنووسم کە تەعبیر لەو سووتانەی ناوەوەم بکات . رامبۆ هەر بە گەنجی وازی لە شیعر نووسین هێنا کە بێگومان نەیتوانی دە ئەوەنــدەی تــریش بنووســیت بەڵام کە نەینووســیوە دیــارە قەنــاعەتێکی ئەوتــۆی لادروستبووە چیتر شیعر نەنووسێت . من قەناعەتیشم لا دروست نەبووە بەڵام تا رادەیەک بەرچـاوم روونە کە نـاتوانم ئەو شـیعرە بنووسـم لە ئاسـتی تێگەیـشتن و بیرکردنەوەمدا بێت . ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٨ بە دوواوە ناو بەناو لێرە و لەوێ بە ناوی شیعرەوە چەند بابەتێکم بڵاوکردۆتەوە راستیتان ئەوێ بە لای خۆمەوە شیعر نین بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ هێشتنەوەی پردێکی پەیوەنـدی لە نێوان من و نووسیندا . ئەڵـێم رەنــگە ئەو پـردە لە پرێکـدا پەرە بـسێنێت و گـۆڕانی بەسـەردا بێت . مـن هەمــوو دەرگــاو پەنجەرەکــانم دانەخــستووە بە رووی خۆمــدا بەڵام بە هــۆی دوورکەوتنەوەیەکـی بیـست سـاڵی بۆشـاییەکی فـراوان لە نێـوان مـن و نووسـین و خوێندنەوەدا دروست بـووە وا بە گوێرەی کـات و دەرفەت پیادا ئەچمەوە تـا ئەگەر تــوولە رێیەکـیش بێـت بیگـرمە بەر و وردە وردە خـۆمی پێـوە خەریــک بــکەمەوە چونـکە من هەر شیعر نـانووسم بەڵکو کۆمەڵێ چیرۆکیشم لە حەفتاکاندا نووسیوە و بڵاوکـردۆتەوە لە هەندێکیانـدا دەستپێشکەریم هەیە لە بـواری مۆنۆلـۆژی نـاوخۆی چیرۆکــدا . بە دڵنیــاییەوە ئەڵــێم کە توانــای نووســینی رۆمانیــشم هەیە و چەنــد مــسوەدەیەکم لەبەر دەســتایە بەڵا مەخــابن زەوقــی بەردەوامبــوون و تەواوکردیــانم نەبووە . بە هیـوای دووبـارە بـاوەش کـردن بە وشەی کـوردی و ئەدەبـی کـوردی و شـیعری کوردیـدا . مـن نـاتوانم واز لە شـیعر نووسین بهێنم  ناشمەوێ شـیعرێک بنووسم رەونەقەکەی جـارانی نەبێت . شـیعر وەک ئینـسان پیـر نـابێ و هەمیـشە لە تازەبوونەوەدایە. مادام ژیان بەردەوامە کەواتە شیعریش کۆتایی نەهاتووە .

سوید  ڤیستەرۆس

٢٠١٢ / ٢ / ٢٤



# من و شار و ترس

سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئێوارەیەک لە تەنیشت کتێبخانەکەی باپیرمەوە وەستام، چاوم بە شیعرێکی وەرگێڕاوی حافزی شیرازی کەوت، هەر لە پاش ئەوە بە وردی بەنێو کتێبەکاندا گەڕام، خەیامم بینی لە پاڵ گۆزەیەکدا ڕاکشابوو، شیعری بۆ گۆزەگەر دەخوێندەوە، مەولانام بینی دەستی خستبووە ژێربالی شەمس و مەولەویم بینی بەزمانی ئەو شارە قسەی دەکرد کە بەنامۆ تەماشایان دەکرد، لەوێوە تێگەیشتم کتێب و شیعر جیهانێکی تایبەتین، هەر ئەو ڕۆژە لە کتێب ورد بوومەوە، ئەو چاوی تێبڕیم و من چاوم تێبڕی، هەردووکمان بووین بە دوو زۆرانباز، مەرجی شەڕەکەمان، بە کۆیلەبوونی یەکێکمان بۆ ئەوی تر بوو، لەو زۆرانبازییە من دۆڕام و بووم بە کۆیلەی کتێب، تا ئەمڕۆش کۆیلەیەکی گوێڕایەڵم و چاوەڕوانی کتێبی گەورەم دەستێکی ئەوازش بە پشتما بهێنێ و پێمبڵێ ئافەرین ئەی کۆیلەکەم.
لە دوو گەرمای گەورەوە هاتمە نێو نووسین، گەرمای کەرکووک و گەرمای کتێبخانەکان، ئێستەش پێم وایە هەتاو مێشک تەمەڵ دەکات و داهێنان لەو گەرما کوشندەیەدا دروست نابێ، کەچی بینیم هەرچی شیعر و هەستە ناسکەکانە، لە وڵاتی گەرم و ڕۆحەوە دەردەپەڕن، لەوێوە تێگەیشتم کەرکووک، شارێکە لە شارەکانی پیاسە و بیرکردنەوە و تەنیایی و قووڵبوونەوە، ئێواران و شەوان بۆ من سەرەتایەک بوون بۆ دەستکردن بە خوێندنەوە و بەدیهێنانی ئەرکە کۆیلایەتییەکەم بەرامبەر بە کتێب، چاوم دەبڕیە هەر قوژبنێکی شارەکە چیرۆکێک، بەسەرهاتێک یان ڕۆحێک تێیدا ڕاکشاوە، خەونم تێدا دەبینی، ماچ و بیرکردنەوەم تێدا دەبینی، ئەو ڕۆژانەم دەبینی کە مێردمنداڵێک بووم و ڕووداوەکان بەرەو لای خۆیان کێشیان دەکردم، مێرد منداڵێک بووم، سیاسەت، باوک، گەڕەک کێشانکێشانیان پێ دەکردم، کەس لە ڕۆحم نەدەگەیشت تەنیا خۆم نەبێ، ئەو ڕۆژە من چاوم کردەوە بینیم چواردەورم شارێکی ماندووە، لەو شارەدا تەنیا وشکاییم دەبینی، لە وشکاییی و بێدرەختییەوە وا تێگەیشتم لە دنیادا یەک ڕەنگ هەیە، ئەویش ڕەنگی دەشتایی و خاکییە، ئاشنای خاک بووم، وەک هەموو منداڵێکی برینداریی ئەو شارە لە گەڕەکێکی تایبەتی هاتمە ژیانەوە، زۆر لە گەڕەکی بەسەرهاتەکانی ئەجیب مەحفوز و ماڵەکانی جۆرج ئەمادۆ و بەردەرگەکانی شارە خۆڵینەکانی دەوڵەتئابادی دەچوو، گەڕەکێکی قەرەباڵخ، خێزانێکی قەرەباڵخ، کەس فریای ئەوە نەدەکەوت دەستی خۆشەویستی بەسەردا بنرێ، گەڕەکێک منی دروست کرد، ئەو گەڕەکە خێزان و هۆزەکانی دروست کردبوو، قەیران قەیرانی خۆشەویستی بوو، کەس لە زمانی خۆشەویستی نەدەگەیشت، دڵدارەکانیان لێ زەوت دەکردین و کچانیش تەنیا

وەک دوو چاو لە ئێمەیان دەڕوانی و ئێمەش وردە وردە لە نێو بێخۆشەویستیدا وەک دڵۆپەبارانی سەر لممان لێ دەهات، رامبۆ ئاسا دەمانگوت "ئای بۆ ژیانی منالّیم، شارێیەک بوو بۆ هەموو وەرزێ، بەدەر لە توانا، دەست تەنگتر، لە چاوترین دەرۆزەکەری پشت لە دنیا کردوو، شانازی کەر بەوەی کە بێ نیشتمان و بێ هاوڕێ، چ گەوجییەک بوو".

ئێواران و بەیانیان بە دیار وردە نسرمی سەرگەڵای ئاورشێنکردنی ئەو گوڵاڵەوە دەوەستاین، کە تاقە سەرچاوەی تەڕێتی ژیانمان بوون، هەمووومان پارچەیەک بووین لە وشکایی.

منداڵێک و منداڵییەکی سەیر، حەزەکان هەر هەموو پێش ئەوەی لەدایک بن لەباردەبران، بە منداڵێتی بە چاوی خۆم یەکەمین جار مەرگی مرۆڤم بینی کاتێک شۆڕ دەبوومەوە بۆ قوتابخانە، ئەو پیاوەی هەموو مرۆڤەکان سڵیان لێ دەکردەوە تەنیا هەژاران نەبێ، چاوم لێ بوو راکشابوو، لە پەنایەوە سێ هێڵی پان قەتماغەیان بەستووە، وەک سوورایی سەر بەفرێ ئاوەها لەچاوەکانما کۆپی بوون، لێوەکانی وشک، من و منداڵانی هاوڕێم لە قوتابخانەی سەڵاحەدین دەگەڕاینەوە بەدیار دیمەنی ئەو پیاوە کوژراوە وەستاین و چاومان بڕییە چاوە کراوەکانی، ئەو رۆژە کەس نەبوو دەستمان بگرێ و لە تەرمەکان دورمانخاتەوە، کەس نەبوو بڵێ ئەمە چیرۆکێکی قێوەزنەو ئێوە مەیخوێننەوە، سەرەتای کتێبی خوێندنەوەی منداڵی ئێمە کوشتن و خوێن بوو، جوانییەکان هەر زوو دەمردن و لە جێگەیان قێوەزنی و ناکامییەکان لەدایک دەبوون. یەکەم و دوایین وێنەی ناشیرین نەبوو کە لەگەڵیا گەورە بین، ئەو تەرمانەمان دەبینی بەبەرچاوی منداڵی ئێمەوە لەسەر تەختەشۆرەکان دەپێچرانەوە، ئەوانەی لە بەرەکانی جەنگ و دەستەویەخەی هۆزەکان و تۆڵەی خۆشەویستی بە لەشساردی دەگەڕانەوە، ئەو هاوڕێیانەی خۆمان دەبینی دەکەوتنە نێو برینی مەزن و بەدەم دەردەوە گیانیان دەردەچوو.

ئەمە منداڵی و گەورەبوونمان بوو، هەموو جارێ دەمگووت تۆ بڵێی ئێمە بەر نەفرەتی فیرعەونەکان کەوتبێتین، کاتێ فاممان کردەوە، زانیم بە چ رەوە درندەیەک ئابلووقە دراوین، کە منداڵ بووین لە دەستی هەمووان هەڵدەهاتین، عەسای دەستی مامۆستاکان، زللەی باوک، چاوی منداڵبازان و زمانی درندەی رۆژگار، لەو منداڵییەوە فێربووم جوانییەکان لێرە لەدایک نابن، ئەوەی من دەمبینی دۆڕان بوو، ئەوەی دەمبینی شەرم بوو، ئەو شەرمە لە ناخ و خوێنماندا جەمەی دەکرد و بوێری لە ناخماندا کوشت، تا ئەمڕۆش ئێمە بڕە ئەوەیەکی شەرمن و نابوێرین، تا ئەم ساتەش ترسی ئابلووقەدان بەدوومانەوەیە و لێمان نابێتەوە، لە

نووسینەکانیشماندا ترسی ئەوەمان هەیە راستییەکان بڵێین، لەو شارەدا بەبێ ترس دەمارەکان خوێنیان پێدا نەدەڕۆیشت، کاتێ چاومان کردەوە ئەو شارە زیندانێکی جوان بوو نەماندەتوانی جێی بهێڵین و نەشماندەتوانی کۆتەکانی بشکێنین، ئێستەش زنجیری ئەو شارە رۆحمان شەکەت دەکات و بە بیرەوەرییەکانییەوە گێژین.

## ئێوارەی فڕین

کاتێ ئیتر هیچ بوارێک بۆ هەڵهاتن نامێنێ، دەبێ دەستەمۆ بی، ئێمە دەستەمۆ بووین بە شارێک لە ئازارەوە ئێمەی دروست کرد و بە ئازاریش لە لەشی خۆمانی کردەوە، ئەو وشانەی ئەو شارە فێری کردین، زۆر لە وشەی نێو کتێبەکان گەورەتر بوو، جێگەی سەرسوڕمان نییە، کاتێ دەبینم هاوڕێیانی نووسەرم بە شێوەیەک دەنووسن لە شێوەی شارەکانی تر ناچێ، لام سەیر نییە کاتێ دەبینم وشەکانی ئەوەی ئەم شارە جیاوازن، سۆز و هەست و بیرکردنەوەیان جیاوازە، ئەوانەی چاویان کردەوە و بوون بە هاوڕێی کتێب و نووسین دوودڵ بوون لەوەی کە دەیڵێن، ئەوەی بەسەر زاریاندا دەهات دنیایەک بوو لە دوودڵی و شەرم، جوانییەکانی ئێمە لەوانی تر ئەدەچوو، سادەییەکانمان لە سادەیی ئاسمان و رووبارە تەنکەکان دەچوو. هەمووومان هەوڵی ئەوەماندا لەم شارە هەڵفڕین، بەڵام خۆشەویستیمان بۆ گەڕەک و تووولە رێگاکانی ئەو شارە، وەک باڵی پەپوولە ناسک بوو، نەمانتوانی لێی جیابینەوە، بۆ جارێک دامان لە شەقەی باڵ و هەڵفڕین و بەسەر ئاسمانەکەیدا سوڕاینەوە، بەڵام نەمانتوانی هەڵفڕین و لێی هەڵبێین، من وەک زۆربەی ئازیزانم لە شەقەی باڵمدا بەڵام نەمتوانی لە لەشی ئەو شارە ببمەوە، نەمتوانی لە سنووری ئاسمانەکەی زیاتر تێپەڕم، نەمتوانی لەو زەمینانە هەڵکەم کە دەمێک بوو خەونم بە بینینیانەوە دەبینی. یەکەمین فڕینی من، فڕین بوو لە سادەییەوە بۆ ئاڵۆزی، لە تەنیاییەوە بۆ تێکەڵبوون، لە سەرزەوییەکی وشک و برینگەوە بۆ سەرزەوییەکی قەرەباڵخ و پڕ لە مانا و خۆشەویستی، هەرچەندە خەونم بە هەڵاتنەوە دەبینی، بەڵام هەر زوو ئەو زەوییە لە خۆیمی دوورخستەوە، کەوتمە نێو دنیایەکی ئاڵۆز، پڕبوو لە دڕندەیی دنیای سیاسەت، وردە وردە هەستەکانمی وشک دەکرد، ئەو دنیایە هەوڵی دەدا تا بۆی بکرێ مانا جوانەکان، باڵەکانی پەپوولە، بێدەنگی و نسرمی دەنگەکانم لێ بسێنێتەوە، ئەو دەستە لەگەڵ خۆیدا بردمی، سیاسەت سەرەتایەکە بۆ ئەوەی من لە مانا جوانەکان دووورکەومەوە، ئەو سیاسەتەی من دەمکرد لەوەی نازم حیکمەت و نیرۆدا نەدەچوو، سیاسەتێک بوو، لە جوانییەکانی دووردەخستمەوە، ئەو کاتە وەک

بەهارێکی گەشاوە مێشکم خونچەکانی لە خۆ دەگرت، بەڵام پێش ئەوەی ئەو خونچانە بپشکوتن، لە ناخمدا مەیلی نیشتمان و وڵات و ئازادی و رزگاری دروست بوو، ئەو وشانە شتی جوانیان فێر کردم، بەڵام ماناکانی ئەو شتانەیان بێ راڤەکردن بۆم بەجێدەهێشت، کەسانێکی دووڕوو بوون، تا ئەم ساتەش لە رووەکانیان ناگەم، یەکەمجار وەک هەر هەناسەیەک ویستم دەربڕی هەستەکانی خۆم بم، پەنام بۆ دەربڕینی شاعیرانە برد، شیعر تاقە چەکێ بوو، هەموو نووسەرانی ئێمە خۆیان پێ چەکدار دەکرد، وەک کاروانێ هەندێکمان هەر لە سەرەتای رەوەکە شەکەت بووین، لە شیعر و وشە دوورکەوتینەوە و هەندێکیشمان ورەیەکمان بەخۆمان داو بەردەوام بووین لەسەر بڕینی ئەو ڕێگایە، من وەک شیعر لە گرووپی یەکەم بووم، سیاسەتیش ئەوەندەی تر لە شیعری دوورخستمەوە، دەفتەرێکی نهێنیم هەبوو حەزم نەدەکرد کەس بیخوێنێتەوە تەنیا خۆم نەبێ، هەوڵمدا و پەلەقاژەم کرد ببمە شاعیر نەبووم و نەبووم، ئەو دنیاییە وشە و ماناکانی لای من دروست کرد، بەڵام رێگای ئەوەی نەدامێ ببمە ئەو کۆترەی کە خۆم دەمویست ماناکانی بەدەستەوە بدەم.

## سیاسەت و شیعر

هەموو ئەو شیعرانەی لەژێر کاریگەری سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا نووسراون، هەر زوو بەدەستی خۆیان کفنیان بۆ خۆیان دووریوە، مەزنی فلادیمێر مایاکۆفسکی و لۆرکا و نیرۆدا و گۆران لەوەدا نییە شیعریان بۆ ئایدیۆلۆژیا و نیشتمان گووتوە، ئەگەر ئەوەشیان وەک خۆشەویستییەک بۆ خاک کردبێ، بەڵام جوانی ئەوان لەوێدایە کە شیعری وردیان بۆ شتە ناسکەکان گوتووە، شایی خوێناوی لۆرکا جوانی لە وردەکارییەکانی وێناکردنی هەست و ساتە رۆحییەکانە، بۆیە ئەگەر گۆرانێ ئەمڕۆ لە شیعری کوردیدا مەزنە، گۆرانی هیواو و بۆ جوانێکی بێ ناوە، ئەوەی سیاسەت بە شاعیر و نووسەری دەکات، داماڵینێتی لە راستییەکان،ئەو رۆژانەش سیاسەت منی لە هەستە شیعرییەکان داماڵی، دەمویست هەڵبێم بەڵام هێزی ئەو لە هێزی هەموو شتەکانی تر زۆرتر بوو، ئێستەش پێموایە هەموو ئەو شیعرانەی بۆ سیاسەت نووسراون و پاشخانی ئایدیۆلۆژیان لە ناخدایە، ئەمر نین، لەوێشەوە تێگەیشتم سیاسەت چ زیانێک بە قەدی درەختی هەستەکانم دەگەیەنێ. ئەو رۆژەی سیاسەتم ناسی ئاقاری نووسینەکانم بە ناڕاستەیەک رۆیشتن نە من لە نووسینەکانم تێدەگەیشتم و نە نووسینەکانیشم لە من تێدەیەشتن، زمانێکی جیاواز، رۆحم شتێکی دەویست و قەڵەمەکەم شتێکی تری دەگووت، کاتێک چاوم دەبڕیە

ئەو شاعیرانە بە گەرووی گەرمەوە قسەیان لە شۆڕش و پێشمەرگە و چەک و فیشەک و خوێن دەکرد، لە ناخمەوە زمانێک دەیگووت شیعر بۆ ئەوە لەدایک نەبووە، تا وێناکردنی ئەو شتانە بێ، شیعر بۆ ئەوەیە باسی گوڵ و دڵ و ئەشق و ژیان و گەردوون و وردەکارییەکانی پێکەنین و خەم بکات، ئەو رۆژەی دەستم لە شیعر بووەوە، تێگەیشتم من سیاسەت کوشتمی و زمانی شیعریی لێ سەندەوە، زمانێکی تری پێ بەخشیم لە زمانی خۆم نەدەچوو، نامۆ بوو بەو رووبەرەی لەسەری سەما تایبەتییەکانی خۆم دەکرد، جیاوازیان وەکو جیاوازیی تەرزە و شەونمی سەرلەبەیان بوون، تراویلکەیەک بوو تەنیا بە جوڵەکەی هەستمان پێدەکرد، کوژرەوێکی ترسناک بوو هەر خێرا بەلادا دەهات و لەناوی دەبردی، جیاوازیان وەک کڵووی بەفر و گرمەی رەشەبا بوو، من بووم بە دیوانەی شتێک کە دێوانەیی نەدەویست، سیاسەت بردمی بردمی، لەوێش دڵنەوایی خۆم بە وشە دێرینەکانم دەدایەوە، ئەو وشانەی رۆژانێک لەدایک ببوون، جیاواز بوون لەو رۆژەی کە بڕیاری وەستانی نووسینی شیعرم دا، ئێستەش دەبینم شاعیرانێک هەن بە زمانی توونـد و گوڵ باس لە شیعر دەکەن، شاعیرانێ غەدر لە شیعر دەکەن، رۆحی شیعر دەستەمۆ دەکەن و خۆیان پەنجە دەخەنە بیناقاقای شیعرەوە خۆیان نابنە بەشێک لەو تووندوتیژییە، شیعرەکانیان دەبێ.

لێگەڕان لە شیعر بۆ سوڕانەوەی لە بازنەی هەستەکانی خۆی کارێک بوو بە هەموو شاعیرێ نەدەکرا، کاتێ زانیم ئیتر من غەدر لە شیعر دەکەم رووم کردە دنیایەکی تر جیاواز لەو دنیایە، جیاواز لە بزە و پێکەنینەکانی کوشتنی شیعر، ئەو رۆژەی شیعرم لە کۆڵ بووەوە و منیش لە کۆڵی غەدر بووەمەوە. ئێواران لە پەیمانگەکەم دەمبینی کچە شاراوەکان باسیان لە گوڵ و رەنگی ئاڵاو واڵاو خۆشەویستی دەکرد، من سەرقاڵی زمانێکی تر بووم، ئێستەش حەیفی بۆ دەخوازم، ئەو رۆژەی کچە شاعیرێکی ناسکم ناسی لە جیاتی باسکردنی ناسکییەکانی خۆی باسی لە قورسییەکانی ژیانی بۆ کردم، لە جیاتی باسکردنی خەون و خەیاڵ و نسرمەکانی ئێواران غەدری لە شیعر دەکرد، شاعیرانێک هەبوون لە هەمووان زیاتر پێش زەمەنی خۆیان کەوتبوون، بەڵام من تا ئەم ساتەش خۆشحاڵم بەوەی غەدرم لە شیعر نەکرد.

قوتابخانەکەمان زۆر سەیر بوو، لە یەک شار و لە یەک گەڕەک 22 ساڵم بەسەر برد، هەندێ کەس هەتا دەمرن لە گوندەکەی خۆیان دوورناکەونەوە، هەندێک تا پیردەبن دەرەوەی گەڕەکەکەی خۆیان نابینن، هەندێک بە پێشکەشکردنی رۆحیان لەو بستەماڵە دوورناکەونەوە کە یادگارییەکانی لەباوەشیان کردووە، 22 ساڵ

نووسام بە گەڕەکێکەوە، سڵم لە هەڵهاتن و دوورکەوتنەوە دەکرد، شارێک زۆر شتی جوانی پێ گوتم و زۆر شتی لێ سەندمەوە، قوتابخانەیەک بۆ یەکەمین جار حەزی نووسینی لا دروست کردم، لە پاڵ ئەو دیوارانەی لاوەکان وەک دارتوویەکی بریندار دوا هەناسەیان هەڵکێشا، لە پاڵ ئەو شەوانەی لە ترسی تاریکییەکان رووناکیمان لە نێو ماڵەکانمان دەشاردەوە، وشەم ناسی، لەگەڵ ئەو خوایانەی لە ترسی شەیتانەکان هەڵهاتبوون نهێنی هەمیشەییمان گۆڕیوە، بازنەیەک بووم بۆ بیرکردنەوەم و لێکدانەوەکانم، شارەکەش بازنەیەک بۆ سوڕاندنەوە و گێژکردنم، لەوێدا هاوڕێکانم هەر هەموویان رەوە مرۆڤێکی دابڕاو خەون زراو تەنیا بوون، لە هیچ مرۆڤێکی ئەم دنیایە نەدەچوون، تێکەڵ لە جوانییەکانی سروشت، رووخسار ـ ژیان، بیرکردنەوەیان، بەدەست بریندارى رۆژگارەوە دەیانناڵان، لاوانێکی پیر، زیندوویەکی مردوو بوون، لە هەموو شتێ سڵیان دەکردەوە و سڵیشیان لە هیچ نەدەکرد، لەوێ من خۆم و ئەوان و ژیانم ناسی، کەس نەبوو بە ئەندازەی من رووخسارە دڵشکاوەکانی ئێوارانی ئەو شارە بناسێتەوە، بۆ یەکەمین جار ویستم خەمی هاوەڵەکانم لە نووسینێکدا بەرجەستە کەم، چیرۆکێکم نووسی لە خۆم زیاتر کەس نەیخوێندەوە، یەکەمین جار شیعرێکم بڵاو کردەوە کە تا ئەم ساتەش هەناسەکورتی شیعری من وێنا دەکات، هەمیشە سیفەتی نووسین لای من وەهایە، هەر نووسینێک دڵ و رۆح پێم نەڵێ، شتێکی پێکەنیناوی دەردەچێ، ئەو رۆژەی ویستم باس لە کچێک بکەم، کچێک حەزی دەکرد بە زمانی بووکەشووشە بدوێ، بەڵام تەتەڵەکانی ژیان بە هەڵەی برد و لە بەندیخانەیەکدا قووت دراو نەگەڕایەوە، کاتێ ویستم لە چوارچێوەی بەسەرهاتێکی تایبەتدا ئەو ئازارە بهۆنمەوە، نەمتوانی و **12** ساڵ پاش ئەو رووداوە لە چیرۆکێکدا گەڵاڵە بوو، ئەو چیرۆکە تا ئەم ساتەش بە بێدەنگی لە دوو توێی گۆڤارەکاندا نووست و کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە، ئەو چیرۆکە بۆ خۆم تاقانە چیرۆکە کە تا ئەم ساتەش خۆشم دەوێ.

ئەو رۆژەی دەستم بە چیرۆکنووسین کرد، سەرەتایەک بوو بۆ گەڕان و پشکنین لە نێو دەریای خەیاڵ بەدووی مرواریيەکانی ژیان، بەدووی مانایەک بۆ راوەستانم لە قەراخی رووداوەکان، ئەوەندە نهێنی ژیانم تۆمار کرد، تا گەیشتمە ئەوەی وردە وردە ببمە بەشێک لە نهێنی خۆم و نهێنی دەوروبەرم.

ئاوێک هەبوو لە نێوان گوندەکانی کوێستانەوە بەشێکی رووی دەکردە گوندەکانی گەرمیان و شۆڕدەبووە و بۆ ناوچەکانی خوارەوە و بڕێکی دەڕژایە نێو خاسە، وێنەیەکی سەیر بوو لە رووبارێکی یاخی، رووبارێکی بەرگریکەر، کاتێ لە

نیزیکەوە لێتدەڕوانی ئەفسانەکانی ئەنکیدۆ و گلگامش و بەسەرهاتی شەڕە خوێناوییەکانی ئەسکەندەرت تێدا دەبینی، پاش ئەوەی وازم لە شیعر هێنا، لە قەراخی ئەو رووبارە دانیشتم و بۆ یەکەمین جار لە خۆم پرسی دەبێ ببمە چی؟ منێک سەرتاپای وردەکارییەکارییەکانی منداڵی و تەنیاییم نهێنییەک بوو، ویستم پێوەندیم لەگەڵ رووبار و دنیای خۆمدا نهێنی بێ، تاقە رووبارێک بوو کە دڵنیایی خۆم لا دەدۆزییەوە، نیمەی گەورەبووی دەشت و وشکانی دەبوایە بە سەیرەوە بڕوانینە رووبار، لەوێوە تێگەیشتم بۆچی لە وڵاتی نێوان دوو رووباردا، خوایەک هەبووە بۆ وشکایی و خوایەک بۆ خێروبەرەکەت و تەڕایی، بۆ منیش ئەو رووبارە ئەو خوایە بوو دەچوومە بەر پەرستگاکەی هەستم بە تەسکینی دەکرد، بۆ یەکەمین جار لە نێزیکی ئەو رووبارەوە ئاشق بووم، هەر جوانییەکم دەبینی ئاشقی دەبووم، کچێکم خۆش ویست بە ناولەپی دوو چۆڕ ئاوی لە لاقەدی ئەو رووبارە خواردەوە، لەوێدا خۆم دۆزییەوە کاتێ ئیتر تێگەیشتم ئەم دنیا پڕ جەنجاڵە شتێکی تری لە من دەوێ، ئەو رووبارە منی بۆ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی ئیتماتۆف و کاواباتا و ئەفسانەی گیلگامش دەبردەوە، ئەو رووبارە تەنیا سەرچاوەیەک بوو بۆ ئەوەی من خۆم و ناخی خۆمی تێدا بخوێنمەوە، تاقە هاوڕێیەک بوو کە ئیتر ئەمدەتوانی بەدگومان بم لێی. لە کەناری ئەو رووبارەوە یەکەمین وردە نسرمەکانی رۆحی خۆم نووسییەوە،نسرمیک باس لە رووبار و هەنگ دەکات، هەردووکیان تەڕن، ئەمیان بە خۆی و ئەوی تریان بە توانەوەی جەستەی خۆی، هەردووکیان شیرینن، ئەمیان لە سەرچاوەیەکی دوور لە خۆی و ئەو لە سەرچاوەی ناخی خۆی، هەردووکیان شەفابەخشن، ئەمیان بە شتنەوەی گوناهەکانی لەش و ئەویان بە سارێژکردنەوەی برینەکانی لەش.

لەوێدا پەخشانێکم بۆ ئەشق نووسی، کاتێ بۆ هاوڕێکانم خوێندەوە هەموو پێکەنین، شاعیرێکی دڵناسک هەبوو شەوان پێکەوە مەست دەبووین، لەگەڵ هەمووواندا پێدەکەنی، پێکەنینێکی شەیتانە، ئەو خەمە بەبێ وچان ماندووی کردم، ئەو پێکەنینە تامی تەختەی تەڕی لە گەروومدا دروست کرد، ئەو پێکەنینە هاژەی شەپۆلەکانی برین بوو، بریندار بووم، چوومە بەردەم رووخانە و برینەکانم دا بە دەم ئاوەکەیەوە، تا ئێستەش نهێنی ئەو پێکەنینە نازانم، تۆ بڵێی نهێنییەکی شەرمهێنەرم درکاندبێ، ئیتر ببڕای ببڕ شتێکم بۆ کەس نەدەخوێندەوە رووبار نەبێ، کەس نەبوو لەو جوانتر و نهێنیپارێزتر، لەو بێدەنگ و ویقارتر، ئەوانەی بازنەکانی لەشمیان لەتوپەت کرد، هەر ئەوان بوون پێکەنین، شاعیرێک هەبوو

حەزی دەکرد ناسک بێ وەکو شیعرەکانی رامبۆ، بۆدلێر و نالی، بەڵام ناخی منی بریندارکرد، لەو رۆژەوە ئیرەیی لە چاوەکانیا دەبینم.

هاوڕێکانم وەک بلوور لە ناسکیدا زوو زوو دەشکان، روون وەک بنی رووبارە مەنگەکان، ئەوان نوێژی خۆشەویستیان بۆ یەکتری دەکرد و پێکەوە مێژوویان دروست دەکرد، لە پاڵ درەختە تاک و تەنیاکانی ئەو شارە وشکە کتێبە یاساغەکانیان لەگەڵ یەکتری دەگۆڕییەوە، ئێوارانیش وەک چۆلەکە ونبووەکان بە جووتە چرپە چرپیان بوو،ماڵەکان هەموویان دەرگایەکی کراوە بوون، ئەوان دڵی یەکتریان لێڵ نەدەکرد، ئەوان وەک دەروێشەکان لوقمەیان لەگەڵ یەکتری دەگۆڕییەوە، باسی حزوور و ئامادەبوونی ئەشقیان دەکرد و هەموو ئەورۆژێ چاوەڕوانی هاتنی مۆسیقا کۆچەرەکانیان دەکرد، ئەوان هەر هەموویان یەک دایک و یەکماڵیان هەبوو، هەموو دایکەکانمان دایکی هەموو منداڵانی گەڕەک و هەموو منداڵەکانیش کوڕ و کچی هەموو دایکێک بوون.

خۆشترین کاتەکانی ژیانم ئێواران بوو، ئێواران ئاشنای وشەی نوێ دەبووم، ئێواران دەبوومە میوانی ئەو درەختانەی دەمێک بوو ئاشقی قەدیان ببووم، ئێواران ئاشقی پیاسە بووم، شەقامەکانم دەبڕی، ئەوەی دەمبینی لەشە دۆڕاوەکانی ژیان بوو، کەم کەس لە پێکەنینی ئەو دارانە دەگەیشت، کەم هەبوو بە ئەندازەی ئەو داربەڕوانە بزانێ چەندە هەست بە تەنیایی دەکەم، گەڕەکێکی وشک و بێ مانا.

راوەستانم بۆ ئەوە بوو تا تێبگەم من لەچییەوە دەست پێ بکەم، ژیانم ئەزموونێکی ئاڵۆز بوو، هەر ئەو کاتە تێگەیشتم جیهانی من رووبەرێکی ترە، ئەو ژیانە وام لێ دەخوازێ بەسەرهاتەکانی دەوروبەرم بگێڕمەوە، سەروکارم بە تەوژمی باوی خوێندنەوەی ئەو سەردەمەوە بوو، مرۆڤێکی یەکمەودایی لێ دروست کردبووم، هیچ تەوژمێکی ترم نەدەخوێندەوە تەنیا تاک تەوژمی مارکسیزم، لینینیزم، ئەوە دەردی تەنیا من نەبوو، زۆربەی هاوتەمەن و ئەوەکەی سەردەمی من لە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمەوە هاتنە نێو دنیای ئەدەب و نووسین، ئەو سەردەمە کتێبەکانیان هەرزان و ئاسان پەیدا دەکران، ئەوانەی دژ بەو تەوژمە بوون، یان دەگمەن بوون ئەوانەی کاریگەرییان کەمتر بەسەرەوە بوو، یان کاریگەرییەکان وای لێ کردبووین تا دەکرێ دووربین لە ناوە تایبەتەکانی دنیای ئەدەب.

کاتێ بۆ یەکەمین جار لە قەراخی رووباری رووخانە دانیشتم یەکەمین رۆمانی ڤیکتۆر هۆگۆم خوێندەوە کە تا ئەو کاتەش لەژێر کاریگەری تاکمەودایی بیرکردنەوە بووم، تێگەیشتم ئەو رۆمانە بڕێک پاڵپشتە بۆ مەودای بیرکردنەوەم و

سیحرێک لە نووسینەکانی هەن ناتوانم خۆمی لێ دەرباز بکەم، ئەو کاتە من وەک خوێنەرێک زمانی چین و توێژەکان زیاتر هیچ زمانێکی ترم نەدەزانی، لەو زمانە زیاتر کەس نەبوو لێی بگەم، کاتێ دەمبینی شیعرەکانی ئەوەی پێش ئێمەش هەر بەو رۆح و زمان و هەناسەیە دەنووسرێن، وام لا گەلاڵە بوو تەنیا ئەو جیهانە هەیە بۆ نووسین و جیهانێکی تر نییە، هەمووان لەوەدا پاڵپشتی من بوون کە نابێ هیچ رێچکەیەک هەڵنەبژێرم ئەوە نەبێ، پاش ئەوە هەمەنگوایی برێکی تر لە ماناکانی ژیان و بیرکردنەوەی لای من گۆڕی، ئەو کاتە سەردەمی نووسینی ریالیزمی سۆسیالیستی دەستی نابووە بینەقاقای هەمووان، رەنگە ئەوەش تاوانی ئێمە نەبووبێ، ئەوە بارودۆخ و دروستبوونی ئێمەی نەتەوەیی و سیاسی وای کردبێ، ئێمەیەک ئەوە سەرچاوەیەک بووبێ بۆ دەربڕینی راکانمان، ئەو بۆچوونەوەی کە هەمووان لە دنیادا بە سەرچاوەیان دەزانی بۆ ئازادی بیر و رزگاربوون و دەرچوون لە کۆیلایەتی.

## یاخیبوون

هەرکەسە و بە شێوەیەک لە ژیان یاخی دەبێ، یاخیبوون تەنیا ئەوە نییە، بە گژ کەسێک و دەسەڵاتێک هەستیتە سەرپێ، یاخیبوون دەکرێ دژ بە خۆتیش بێ، من دژ بە خۆم یاخی بووم، وامدەزانی یاخیبوون دژ بە خۆ ئاسانترە لەوەی بەرامبەر بە کەسێکی تر راوەستی، یان کەسێکی تر رەتکەیتەوە، هەردووکمان منی حەز و ئارەزووەکانم و هەستاینە سەرپێ دژ بە منی هەبووی بەردەوام، من هەبووم بەو شێوەی ناخم نەیدەویست، دەمویست ناخم هەڵرێژم و دەربڕی ئەو ئازار و مەبەستانە بم کە ناخم دەیویست، هەمیشە بیرم لەم پرۆسەیە دەکردەوە رێگرێک لەبەردەممدا قووت دەبووەوە، رێگرێک خۆشم دڵنیا بووم لەوەی بەهیچ شێوەیەک بوارم نادات ئەوەی دەمەوێ بیڵێم، دژ بە خۆم هەستامەوە، بۆ یەکەمین جار خۆم رەتکردەوە و بووم بە هاوڕێ ی خەون و حەزەکانم، بۆ یەکەمین جار دەستم لە دەستی راستییەکان ناو ویستم ببم بەوەی ناخم دەیویست، ژمارەیەکی زۆر لە راستییەکانم خستە سەر پەڕاو و بە بێ سڵەمینەوە کەوتمە نووسین، ئەوەندەم نووسی لەخۆم بێزار بووم، لە نووسینەکانم بێزار بووم، بەدووی مانایەک دەگەڕام بۆ ئەوەی لەو ناوە نەچێ ئێستە هەمە، ناوی ناخ گۆڕین زۆر گرانترە لە گۆڕینی ناوی کەسایەتی، دەکرێ درەختێکی دڕکاوی زۆر جوانتر بێت لە درەختێکی بێ دڕک و نەرم و ناسک، بەڵام ئەوەی دڕکاوییە ترسناکی دەبەخشی، بۆیە ناخی منیش گوڵێکی جوان بوو بەڵام دڕکاوی، تۆ ناتوانی هەموو شتێک بەدەست بێنی

ئەگەر شتێک لە دەست ئەدەی، من ئەمدەویست ناخم لە دەست بدەم، بۆ لە دەستدانی ناخم پێویستم بە یاخیبوون بوو لە دژی خۆم، بۆ دۆزینەوەی خۆم پێویستم بە گۆڕان بوو، هەروەک شکسپیر لە رۆمیۆ جولێت دەڵێ:/من مەخەرە پۆلی ئاشقانەوە تا ناوێکی نوێم دەبێ، لێرەوە پرۆسەی یاخیبوون بەو شێوەیە دەست پێ دەکات کە شتەکان دەست پێ دەکەن، سەرەتا و کۆتایی ئەم یاخیبوونە لەوێوە دەستی پێ کرد کە خشتەی خوێندنەوەم گۆڕی، هەموو ئەو شتانەم دەخوێندەوە پێچەوانەی بیرکردنەوەم بوون، ناو، یاسا، جینۆلۆژیای شتەکان لای من گۆڕان، شێوە و ئاراستەی بیرکردنەوەم هەوڵیدا ئەو تاکەوداییە بشکێنێ کە سەردەمێک بوو تێی کەوتبووم. کەوتمە تێکشکاندن و وێرانکردنی نیشانەکانی ناخم، دووبارە بونیادێکی نوێم لە ناخی خۆم دروست کردەوە، رێگام بۆ چەمکە نوێکان خۆش کرد، تا بتوانم یاری و کۆمەکم بێ لە هەڵبژاردنی تێمای چیرۆک و بیرکردنەوە و هەڵبژاردن و نووسینەکانم، لای من پرۆسەی یاخیبوون لەو رووخانەوە دەستی پێ کرد، رووخاندنی تەرازوویەک بوو بۆ پێوانەکردنی هەردوو ئامرازی منی ئێستا و منی ئەوکات. هەروەک دریدا دەڵێ ئەو زمانەی من پێی دەدوام بوو بە زمانێکی دوولایەنە، لە زمانی یەکلایەنە هەڵهاتم، زمانێک تا ئەم چرکەیەش ناوێرم توخنی کەوم.سیستەمی بیرکردنەوەی بەرەو فۆرمیلەکردنی شتەکان چوو، بە ئاراستەی رووخان و بونیادنانەوە، زۆر لەو شاعیرانەی بۆ جارێکی تر خوێندنەوەم بۆ کردن، بە رووخسارێکی تر هاتنە بەرچاوم.

زۆربەی ئەو سەرنجانەی من دەمدایەوە خوێندنەوەکانم سەرنجی تەنیایی و وردکردنەوەی خەیاڵ بوون، کەس نەبوو بە ئەندازەی من بەرامبەر بە ماناکانی ژیان و وردەکارییەکانی دەوروبەرم هەست بە تەنیایی بکات، لە گەڕەکێک منداڵەکانی نەیاندەزانی چۆن لە دایک دەبن و چۆن گۆڕیان بۆ هەڵدەکەنن، بە دووی پرسیارە جیدییەکاندا دەگەڕام، هیچ پرسیارێک نەبوو بە ئەندازەی پرسیاری بوون بمهەژێنێ، لە هەموو جێگایەک بە دووی ئەو پرسیارەدا دەگەڕام لە فراوانترین رووبەردا بە دووی بوونی مرۆیی خۆم و هاوەڵانم دەگەڕام، تۆزێ لەوەش کەمتر بوونی نەتەوەیی، تۆزێ بچووکتر، دەبووەوە بە بوونی خۆم لە نێو ژاوەژاوی ئەو کۆمەڵگایەی نەمدەزانی چۆن لێی تێبگەم، پاش ئەوەی هەموو بوونەکان وردە وردە لای من وەک رەگی داخزاوی نێو قوڕاو بەرەو خوار دەبوونەوە، وەک هەست و نەست بۆ بوونی خۆم گەڕام، تاقە پەناگەیەک نووسین بوو تا لەوێوە بتوانم چیرۆکی بوونی خۆم و ئەو هەموو بوونانە بدۆزمەوە کە پێشتر شەیدای گەڕان بووم بە دوایاندا، هیچ پارچەیەک بە ئەندازەی پارچەی بوون

منیان نەدەکردە خۆی، لە یەکەمین چیرۆکم کە لە یەکێک لە گۆڤارەکانی ئەو کاتەی بەغدا بڵاو بووەوە بەدووی لاشەیەک دەگەڕێم دەیەوێ پشوو بدات، لاشەیەک دەیەوێ بە بەرچاوی هەمووانەوە بنێژرێ، بەڵام دواجار بە خەمەوە کەس نازانێ لە کوێ جەستەکەی دەشارنەوە.

هەمیشە لە نێوان ئەو هاوڕێیانەی لە من نیزیک دەبوونەوە بێزاری دایدەگرتن، بابەتەکانی من بۆ ئەوە نەبوون تا پێکەنیناوی بن، دڵدانەوەی ساتە ناخۆشەکان بن، بابەتەکانی من وەک ئسرمێک دەهاتن و لەگەڵ خۆیاندا ئاژاوەیەکی بێوێنەیان دەخستەوە، ئەوانەی دەهاتنە سەر هەوارگەی خاڵی دڵم لە دڵتەنگی زیاتر هیچیان بۆ نەدەمایەوە، ئەوانەی لە نیزیکمەوە خەونیان دەبینی کاتێ دەیانڕوانییە بابەتەکانی من خەویان دەزڕا، بابەتەکانی من زادەی ژیانێکی تایبەت بوون، رەنگە ژیانی ئەو دەوروبەرە بێ من و دەیانی وەکو من بەو شێوەیە تێدا گەورە بووبێ، پێم سەیرە ئەوانەی درۆ لەگەڵ ئەو ژیانە دەکەن و ئەکتەرێکی درۆزنن و دایەلۆگی شانۆی ژیانی خۆیان دەگۆڕن و باس لەو ژیانە ناکەن کە چۆن بووە و چۆن گەیشتووەتە ئێرە. ئەو رۆژەی لەو گەڕەکە چاوم کردەوە هەموو شتەکان بۆنی گەنمی کوڵاویان لێ دەهات، کە هاوڕێکانم دەمردن، بۆنی سووتانی دارودرەختم دەکرد، گەڕەک ئابڵووقە دەدرا بۆنی ترسم دەکرد، ئێواران و بەیانیان لە نێو پەنجەرەی قوتابخانەکانمان گوێمان لە زریکەی ئەو قوتابیانە دەبوو کە مامۆستاکانیان بە دار فەلاقەیان دەکردن، ترسێکی گەورە، نائومێدییەکی گەورە، بێبەشبوونێکی مەزن، دابڕان و چەپاندنێکی ترسناک ئێمەی گەورە کرد، ئەوەیەک بووین لە شتە نەگەتیڤەکان، پەرچدانەوەی ناخمان نەدەبوو بە شیعر، نهێنی بوونی ئەو هەموو چیرۆکە لەو شارە نهێنی چەپاندنەکانە، کاتێ بووم بە چیرۆکنووس ویستم تا دەتوانم دەمم بکەمەوە و هاوار بکەم، ئەوەی لە ناخمدایە بیڵێم، کەس نەبوو بە ئەندازەی من پێویستی بە گوتن بێ، لە ناخی قورگمەوە قسەکان دەیانویست بێنە دەرێ، چیرۆک تاقە رێگەیەک بوو بۆ قسەکردن.

یاخیبوونم لە زمانی خۆم یاخیبوون بوو لەو هەموو ئابڵووقەیەی دەورەم درابوو، کەس نەدەگەیشتە دەنگم نە چرپەکان نە بێدەنگی جارجارێ بە ئەسپایی چاوم دەبڕیە دەوروبەری خۆم بێدەنگییەکم بەدی دەکرد، بەڵام ئەو بێدەنگییە هی من نەبوو، هی بوونەوەرێکی دەرەوەی منبوو، کاتێ لە وشەش یاخی بووم، بڕیارمدا بەشێک بم لەو ململانێ بێدەنگەی جارجار بەرەو بێدەنگی دەبردمەوە، بڕیارمدا دورگەیەک بم لە هەمیشەیی.

حافزی شیرازی دەڵێ "شیو و دۆڵی بیابانی ئەشق داوێکی پڕ بەڵایە، چ شێردڵێ دەتوانێ لەو بەڵایە هەڵنەیە"، من لە ئەشقی نووسین هەڵنەهاتم، تا ئێستەش کاتێ بەرامبەر نووسین دەبمەوە، هەست دەکەم لە بەرامبەر دڕندەیەکی یاخی وەستاوم و زۆرانبازی دەکەم، وشەکانی من زادەی جیهانێکی تایبەتن بە خۆم، لە ژیانی نووسیندا رۆژێ لە رۆژان هەستم نەکرد لەژێر کاریگەری نووسەرێکی خۆماڵی دەنووسم، رەنگە لە ناهۆشمەندیدا ئەو کاریگەرییە کاری خۆی کردبێ، بەڵام لە هۆشمەندیمدا وا بیرم کردووەتەوە و نووسیومە کە من تاقە بیرکەرەوەم لە بۆشایی گەردوون و خۆم و هزری خۆمم، تا ئەم ساتەش دەمەوێ لە دەرەوەی هەموو کاریگەرییەک دا پەنا بۆ قەڵەمەکەم ببەم، یەکەم جار ئاشقی وشە بووم و پاشان ئاشقی چیرۆک، خوێنەرێکی تایبەتی بووم، سێ ساڵی تەمەن بەردەوام لە ماوەی سێ رۆژ دا لە خوێندنەوەی کتێبێک دەبوومەوە، خوێندنەوە ئەو جیهانە بوو منی بە وردەکارییەکانی نووسین ناساند بەڵام منی نەکردە نووسەر، چیرۆکنووسی شتێکە لە ناخدا بەردەوامە، پێکەنینێکە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، ئەو هەناسەیە بەردەوام دێت و دەڕوا و لە پڕێک دەوەستێ و بەخێرایی دەگەڕێتەوە، لە هەموو ئەو شتانەی زیاتر منی ئاشقی چیرۆک نووسین کرد، بەسەرهاتەکانی دەوروبەرم بوو، بەردەوام مژدەیەک، هەواڵێک، خورپەیەک رایدەچەڵەکاندم، چیرۆکی چواردەورمان خەڵوەتگایەک نەبوو بۆ بێدەنگی، هەراوهوریا و شیوودۆڵی پڕ بەسەرهات بوو، لە نێوان ئاشقاندا گوێت لە نسکۆوسەرکەوتنەکان دەبوو، سیاسییەکان دنیایان رەش کردبوو، لە هەمووان بێدەنگتر بڕواخوازان بوون، ئەو ساتەی ئەوان بە بێدەنگی مزگەوت و کڵێسا و تازییەکانیان بەرپا دەکرد، مردووەکانیان دەشت و کفن و دفنیان دەکرد، وردە فتواکانیان دەردەبڕی، کەس ئاگای لە هەراوهۆریای مزگەوت و ریش و بەرگی سپی و خۆتەقێنەوە نەبوو، کەس نەیدەبینی بەبەرچاوی کەسەوە فتوای کافری دەرکرێ. لەوێدا چیرۆک تامێکی تایبەتی هەبوو، هەموو شوێنێ شەقام، شار، گوند، رێگا، توولەرێگاکان، سەرکانیاو کەناری رووبار و چەمەنزار و پاڵ درەخت و سەیرانگا و شایی و هەڵپەرکێکان پڕ بوون لە بەسەرهات، چەتە و شۆڕشگێرەکانیش چیرۆکی خۆیان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکە جیهانییەکانم دەخوێندەوە دەمبینی لە کەناری ئێمەش ئەو بەسەرهاتە جوانانە وەک کانیاو هەڵدەقوڵێن، کەسێک نییە، شتەکان پشتگوێ بخات و نەیبینێ، کەس نییە ئەو چاوانە نەبینێ کە ئیتر هەڵنایەن و چیتر نابنە سەرەتاییەک بۆ دەستپێکردن.

یەکەمین چیرۆک و دووەمین چیرۆک سەرەتایەک بوو بۆ دووبارە بە خۆداچوونەوەم، بە ئەندازەی پەنجەکانم چیرۆکم خۆش دەویست، ئەوەندەم هەوڵدا تا لە پەرۆکی شیعر ببمەوە، کەچی دواجار بڕێک شیعر کەوتنە نێو رووباری چیرۆکەکانمەوە تا ئێستەش هەندێ لە چیرۆکەکانم بۆنی شیعریان لێ دێ. کاریگەری تابلۆکانی دەوروبەرم، تابلۆ دەستکردەکان، تابلۆ نەخشێنراوەکان، ژمارەی ئەو پێشانگایانەی بۆی دەچووم، ئەو تابلۆیانەی خۆم دەمکێشان، ئەو کامیرایەی بەدەستمەوە بوو، هەر هەموویان بەشێک بوون لە پەیوەست بوونم بە ژیانی گێڕانەوە، خۆم کرد بە پارچەیەک وێنە، کاریگەری وێنە لەناخمدا جیهانێکی داگیر کرد، لە نێو وێنە و تابلۆکاندا گەورە بووم، وێنە دزێوەکانی جەنگ و هونەرمەندە ساختەکان و وێنە ناشیرینەکانی شەقام و شار و ماڵ و بێستان و جۆگەلەی ناوەڕۆکان، لە نێو تابلۆکانی کوشتن و خوێن گەورە بووم، بۆ یەکەمین جار تابلۆی ژنێکی کوژراوم لە ژوورەکەمدا بە هەڵواسراوی بینی، تابلۆی هەمین بوو، ئەو تابلۆیەی لە چیرۆکی "بەرد"دا جارێکی تر وێنەی بەردبارانەکەیم لە زاکیرەی ئەو وێنەیەوە گێڕاوەتەوە، وێنەکان هەموو رۆژێ دووبارە دەبنەوە، کاتێک بە شەقامەکانی شۆڕیجە و ئیمام قاسم و بولاق و رەشیدئاوادا تێدەپەڕیم تەنیا وێنە ناشیرینەکانم دەبینی، رووخسارەکان بە جوانی لە نێو ئەو ناشیرینیانەوە دەردەکەوتن، رووخساری ئەو کچانەی دوای سووکە خۆڕازانەوەیەک، لە گوڵێک دەچوون لە نێو قەرەباڵغی و تێکەڵبوونی زەل و گژوگیاو و قوڕولیتەکانەوە سەریان دەرهێنابێ، لە گوڵێک دەچوون لە باخچەی ماڵێکی هەژار بە ناستەم سەری هێنابێتە دەرێ، خۆم بە قوتابخانەکاندا دەکرد وێنەی تەختەی شکاو و رەشەتەختی گرنج گرنج و شۆستە و ناوەڕۆ ماندووەکانم دەبینی، لە هەر قوژبنێکی شار، چاوێکی دزێو لێی دەڕوانیم.

## وێنە یاخییەکانی نێو چیرۆکەکانم

پاش ئەوەی بڕیارمدا ئەو وێنە ناشیرینانە ببنە هەوێنی نووسینەکانم، دوایین چرکەکانی بێدەنگیم لا دروست بوو، ئەو چرکانەی لێیان نەدەگەیشتم، ئەوەی بۆم مابووەوە لە کەسەکانمەوە بوو، رۆحێکی بێ ئۆقرە زمانێکی توڕە، جەستەیەکی تووندوتۆڵ. بڕیارمدا لەوێنەکانی خۆمەوە دەست پێ بکەم، بەڵام کاتێ دەستم بە نووسین کرد، وێنەی کوژراوەکان بوون بە پاڵەوانی چیرۆکەکانم، هەمیشە زیندووەکان دەبنە قارەمان، لای من مردووەکان ئەفسانە و داستان بوون، قینم لە زیندوویی نەدەبووەوە، بەڵام مردووەکان باشتر دەهاتنە نێو وشەکانم و هێمنانەتر

گوێیان بۆ درێژبوونەوەی رستەکان دەگرت، جوانتر چاویان لەسەر یەک پونت دەنیشتەوە، ئەو ماڵانەیان بە عەجوولی نەدەرووخان کە ساویلکەکانی مێشکم لە لم دروستی دەکرد، لەوانەوە هێمنی و قووڵبوونەوە و دوورەپەرێزیم بۆ ماوەتەوە. چیرۆکەکانم ماڵێکی دەرگا لەسەرپشت بوو، هەموو ئەو ناوانەی تیابوو، کە بێسەروشوێن، نەتککراو، لەش کوون کوون و ئێسک وپرووسک دارزاو، ماڵی چیرۆکەکانم هەمیشە هاواری وشکایی دەشت و خۆڵ و دیوار و گەڕەکە ماندووەکانی لێ دەهات، نسرمەکانی یاخیبوون گوڵە بەیبوونەکانیان نەدەژاکان، شاڵاو شاڵاوی مرۆڤ و حەشامات و دیواری دامڕاو نەبوو، هی مرۆڤ بوو، دیوار و گەڕەک و بەرد سێ پەیوەندیی گرنگی بەسەرهاتەکانم بوون، هەرسێکیان وەک نموونەیەکی ماتەریالیی، پێوەست بوون بە مرۆڤ، و ئاژەڵ و فریشتەکان، ئەو سیانە سێ مەودای رۆح بوون، رۆحی سەر زەوی و رۆحی دنیای دووەم.

من بۆ خۆم چیرۆکەکان سەرسامیان نەدەکردم بە ئەندازەی ئەوەی لێم دووردەکەوتنەوە و ئاوازێکی بێدەنگیان بە گوێمدا دەچرپاند، بێدەنگ بووم لەو دنیایەی کە ناوەکانی ناوی بێدەنگی و گریانەکانی گریانی وردبوونەوە بوون، چیرۆکەکانم تەنیا منیان دەناسی و منیش ئەو، بەسەرهات تا دەهاتن زیادیان دەکرد، بەڵام تا دەهات زمانی چیرۆکەکان چڕتر دەبوونەوە، سەیرم بەوانە دەهات لە هەموو رووداوێکی دڵتەزێن و پڕ ئاهوو حەسرەت، زمانیان ئامادە و پێنووسەکانیان هاواری لێ هەڵدەستا، ئەو کاتە وتەیەکی جوانم بەرچاو کەوت لە نێو یەکێ لەکتێبەکانی نێو کتێبخانە کۆنەکەی باپیرمدا هەڵدرابۆوە، ئەو وتەیە ئێستەش ماناکانی لە دڵ و دەروونما زیندوودەبێتەوە، (رووداوی مەزن زمان و دەست دەتەزێنێ)، هەر ئەو رووداوانەش منیان تەزاند، پاش 10 ساڵ باسی گریانی کوشتنی دەستێکم کرد کە ویستی مردنی رۆحێک بکوژێنێتەوە، پاش 6 ساڵ باسم لە کچێک کرد نەیویست نامەکانی دڵم بخوێنێتەوە، پاش 9 ساڵ باسم لە هاورێیەکم کرد من و هاوسەرەکەی لە شەقامێکدا لە چاوەڕوانی هەتاهەتایی بەجێهێشت، پاش 11 ساڵ باسم لە نووسەرێ کرد، کتێبخانەکەی بووە شیری جگەرگۆشەی شارەکەی، دواجار خۆی لە برسێتیدا کتێبەکانی بۆ شیر دەفرۆشێ، ئەو چیرۆکنووسەی بووە هەوێنی پێکەنینێکی گریاناوی من نێوارەیەک لە شەقامێکی بەرینی شارەکەمدا، ئەڵقەکەی دامێ تا چوار رۆژ تەمەنی خۆی پێ درێژ بکات، پاش 5 ساڵ باسم لە بەرد کرد، ئەو بەردەی مێژوویەکی سەیری لە سەدەی بیستویەک بۆ ئێمە بەجێهێشت.

تا ئەم ساتەش لە خۆم دەپرسم، من، کە شەقامێک و کۆڵانێک و گوندێ زیاتر مێژووم پڕ ناکاتەوە، چۆن دەبم بە چیرۆکنووس، کاتێ کە دنیا و ڕۆح و دایک نەیانتوانی بمکەن بە شاعیر، لە ئەنجامدا بێهوودەیی بۆ هەرکوێ و ڕوو لە هەر چنینی گوڵێ بکەم ڕووم تێ دەکا، ئەمجارەیەن لەوە گەیشتم نووسین بێهوودەبییەکە، نە ئێمە لەو بێزار دەبین نە ئەویش لە ئێمە بێزار دەبێ، کەس بە ئەندازەی گریانەکانی ژیان ئێمەی سەرسام نەکرد تەنیا ئەو وردە بیرەوەرییە تاڵانەی ڕۆژگاری خۆناسینەوە نەبێ، کەسێک بە ئاشقی ماچی نەکردبێ و ژیانێکی ڕامبۆیانە ڕووی پێنەکردبێتە وڵاتی هەتەربوون، کەسێک بە بەرنەکەوتنی پەنجەی کچۆڵەیەک نەگۆڕابێ بۆ پیرەمێردێکی 28 ساڵی، کەسێک خۆی نەداتە بەر شەپۆلانێ خۆخولادەوە ناتوانێ باس لە بەسەرهات بکات.

ئەو مرۆڤانە مرۆڤی قەدەرن کە تا ئەم ساتەش لە گێژەڵووکەی نائارامییدا دەڕوانە ئەو قەدەرەی لە باوەشیانی کردووە، ئەو مرۆڤانەی مەرگ هاتە لایان بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێیان دەبا و دەستی خۆیان دایە دەستی، هەموو ئەو کەسانە مرۆڤی قەدەر بوون، ئێمە ئەوەیەک بووین خۆمان دابووە بەر قەدەر، وەک تێپەڕین بووین بە نێو گێژەڵووکەدا، وەک خۆدانە دەست گەردەلوول بوو، دەیبردین و لوولی دەداین بێ ئەوەی چاو بکەینەوە نەماندەزانی کۆتایی کوێیە، یان لە شوێنێک دەگیرساینەوە ناوی شوێن بوو، بەڵام شوێنی من و تۆ و ئەوان و هەمووان نەبوو.
ئەو کەسانەی وردە بارانیش لەسەر دەستیان دەکەوتە سەما، دەستی خۆیان نەبوو، ئەو کەسانەی هەنگاوەکان پێیانی دەبرد هەنگاوی خۆیان نەبوو ئەو کەسانەی بەهیوای گەڕانەوە خۆیان دەدایە دەست تەوژمی ئاو، ئەو ئاوە ئاوی ئەوان نەبوو، ئەو کەسانەی بەری، بارانی، بێکەسی و بوێری و بەرزەفڕیان دەگرت، لەدەست بەرەڵابوونی ڕۆژگار بوو، ببوون بە قەقنەس، ئەو کەسانەی هێمن و هیواخواز و بێ هاوار و هەورناسا، ڕوویان دەکردە هەرێمە تەنیاییەکان بۆ ئەوە نەبوو تا هەڵبێن، بۆ ئەوە بوو هەناسەیان چیتر هاواری لێ هەڵنەستێ. یادەکانیان دەبووە هەور، تاجی تەمەن و تەکبیریان نەدەخستە سەر تەنە تەرزە تاساوەکەیان، ئەوان وەک تەنیایەک ملی تونێلی بێکەسیان دەگرت، ئەوان دەیانویست وەک تاڵە گەنمێک بە قەدی تاوێرێکەوە بن و بەدیار تەمەنی خۆیان توانەوەی خۆیان ببینن.
ئەو کەسانە زۆر بوون، هەموو ڕۆژێ لە دەرگاکەیان دەدام و داوایان لێ دەکردم دەنگێ لە دوڕ و مەرجانەکانی لەشیان بخەمە نێو دەروونی چیرۆکەکانمەوە، چیم دەکرد، وردە وردە وەک چیایەک، هەموو ئەو چەم و دۆڵانەی دڵی چیرۆکەکانم

هەڵدەدڕی و هەرچییەک وەک چاو خۆشم بویستایە لەوێدا هەڵم دەگرت، لەچاڵم نەدەنا تا ئیتر وەک چرا بکوژێتەوە، کە لە وچان بێزار دەبووم بۆ لایان دەگەڕامەوە، کە لە چاوشارکێی درۆزنانە بێزار دەبووم بۆ لایان دەگەڕامەوە، هەموویان ئاسکۆڵەیەکی سرک بوون، نان و سات دەیانڕوانییە، ئاوایی دڵم و ئەمەک و وەفاییان لە چیرۆکەکانمدا دەبینی، دواجار، بە ئەسپایی لە دووتوێی ئەو دەزووانەی کە کتێبەکانم پێ داخستبوو، ئەو کەسایەتییە دەگمانەم دەردەهێنا و دەیانمخستە نێو دەروونی چیرۆکەکانمەوە.

کەسم بە ئەندازەی مردووەکان خۆش نەدەویست، مرۆڤ تەنیا یادەوەرییەکانی جوانە، کاتێ رۆح دەبێتە جەستە، وروژان و یاخیبوونەکانی دەردەکەون، ئەو مرۆڤانەی دەبنە پاڵەوان، زۆربەیان رۆحیان قسە دەکات، کە دەیانبینم لە سێبەرەکانیان دەترسم، چیرۆکەکانم بە جووڵەی مردووان دەژین، لە نێوان دەست و دیوارەکانی ئەواندا رۆح قسە دەکات، مردووەکان هەر وا بێ مەبەست نەبوونە سوارانی ئەسپی گێڕانەوەکانم، کاروانێ بوون پەردەکانیان دەکردەماڵی سەفەری رەوانی دایەلۆگەکان، لە پانتاییەکاندا هەمیشە لەگەڵ مندا پشوویەکیان دەدا، پاکدڵی و پاراویی ئەو شەوانەیان بۆ دەگێڕامەوە کە پەیمانەیان پڕ دەکر لە رۆح توێنەر و فڕینی پەروانەیی و لەگەڵمدا شەوانیان بەسەر دەبرد و سبەینێ پردی ژیانیان دەبڕی و دەچوونەوە ئەودیوی رۆحەوە، ئەوان تاقە گەمییەک بوون منیان لە ناوە لێڵەکان دەپەڕاندەوە و بە هەموو بێدەنگییەک پێدەکەنین، ئەو پێکەنینانەی کە بۆنی پەڕەی ئەو گوڵانەی لێ دەهات کە بەسەرسەریانەوە هەڵیاندەگرت. مردووەکان بە رۆح باسی من و ئەو و تۆ و چرکە ونەکانیان دەکرد، کەس نەبوو بوێرێ دەست بخاتە رۆحیانەوە. ئەوان بە ئەندازەی وشەکان زۆر بوون، نەمدەزانی لە چ گۆشەیەکەوە دەست دەمە پەلیان و توڕیان دەمە نێو دەریای وشەکانمەوە، ئەو وشانە بڕێک بوون لە بێفانووسی گوندە کوژاوەکان، کە تەنیا ئەستێرەی هەستەکان دەستیان دەگرتم و لەو تاریکییەدا دەریان دەکردم و دەیانگەیاندمە رێگای مەبەست و دواجار ماڵئاواییان لێ دەکردم.

چ جوان بوون، ئەو جووتەی بوون بە گرێی بەسەرهاتێکم، چیخۆفیان بەبیرمدا هێنایەوە، کاتێ کەمانچەکەی دایە دەست ئەسپەکەی و بەسەرهاتی تەنیایی خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەو چیرۆکنووسەی هەرگیز لە تەنیایی و گریان نەدەگەیشت، چ جوان بوون کاتێ هەردووکیان بەبێ باوک لەدایک بوون و هەردووکیان خۆیان دایە دەستی دەشت و لە پاڵ خوایەکی ئەشتاردا خەوتن، خوای تەمووز ئیزنی لە ئەشتار وەرگرت و چووە میوانی جەستەیان، چ جوان بوون بەیانێک بوون، نەبوونە

شەو، ئەستێرەیان تێدا هەڵئەدەهات، لەشیان هەڵفڕی و لە مەنزڵگەکەی ئەنکیدۆدا نیشتنەوە و پاشان وەک دوو پەڕەسێلکە هاتن و لە قەڵاکەی کەرکووک دابەزین و شۆڕبوونەوە و هاتنە لام و پڕیاسکەیەکی تۆزاویان پێ بوو دایانە دەستم و بەبێ ئەوەی چاوێک ببڕنە باخچە بێدەنگەکەم و دوا کتێبیان پێشان بدەم ڕۆیشتن، ئەو پڕیاسکەیە، بەسەرهاتی سێ ئەوەیە، گەورەتربوو لە شانامە و هەزارویەک شەو و ئەلیادە و ئۆدیسە.

چ جوان بوون کاتێ ڕۆحی حیکایەتبێژیان پێ بەخشیم و من بووم بەو دەنگەی ئێواران لەگەڵ هەڵکردنی بایەکی توڕە، ڕادەوەستا تا ڕێگای خۆی لە دوو توێی پەردەکانی بێدەنگییەوە بکوژێنێتەوە، من بووم بە دەنگێکی بەرز و بێدەنگی گەڕەکە سەرکزەکانی کەرکووک و پیاسەکانی ئەو کۆڵانە تەسکانەی نێوان بولاق و پریاردی، بووم بە پڕیاسکەیەکی گرمۆڵەدراو لە نێوان دەستی ئەو مرۆڤانەی سنووری نیشتمانیان چەند مەترێ زیاتر نەبوو، لەوێدا حیکایەتەکانم دەستیان نایە بیناقاقام تا ئەو چیرۆکانە هەڵدەمەوە کە باس لە بەسەرهاتەکانم دەکەن، باس لەو وردە هەناسانە دەکەن کە خۆم نایانناسمەوە، دەستم خستە ژێر چەناگەم و ڕوانیمە ئەو پشتکۆمانەی لە کونی دیوارە ڕماوەکانی قەڵادا چاوەڕوانی هەستانەوەی هەمیشەیی بوون، چاوەکانم لە هەموو قوژبنێکدا بازنە مروارییە هەڵوەریوەکانیان هەڵدەگرتەوە، پەنجەکانم بەسەر ئەو دیوارەدا دەچوون کە بۆنی تەنیایی و دابڕانیان لێ دەهات، لە شارێکدا بەدووی دەنگی خۆم و دەنگی عوسمان و مارف و پشکۆ و خەلیل دەگەڕان، لەبەر ترسەکانی ئێوارانی موختار و سەید و سەکران پاژنەیەکم دەکردە دەمامک و ڕووخسارە تەڕەبووەکانم پێ دەشاردەوە، وامدەزانی باڵندەیەکم بۆ دووبارەبوونەوە، بەڵام باڵندەیەک بووم بۆ هەڵفڕین، باڵەکانم لەگەڵ خۆیاندا دەچوونە ئەو سەربانانەی کە سەرچاوەیەکی مەزنی ئیرۆتیکی و دڵداری و ماچە نهێنییەکان بوون.

هەموویان یەخەیان دەگرتم، من هەڵهاتووەیەکی سەیر بووم، تەنیا لەو شوێنانە دەوەستام کە ئیتر مانایەک نەبوو بۆ ئاوڕدانەوە، یەخەیان گرتم، وەک کارمامزێکی بریندار لە پاڵ چاوەڕوانی خۆمدا دەمڕوانییە دەوروپشتم، ئەوەندە یەخەم گیرا، کە ئیتر مانایەک نەما بۆ بەسەرهاتەکانم، چاوم بڕیە بەسەرهاتەکانم ڕووبەریان ئەوەندە گەورە بوو نە چیرۆک، نە ڕۆمان، نە نووسین و گوتن و تەواویان ناکات، بۆ ئەوانەی دەمویست شتەکانیان باس بکەم یەخەیان نەدەگرتم، من بەدوایانەوە بووم.

لە هیچم دەڕوانی، منێک نەمزانی چ شتێک دەمکاتە ئەو هیچەی خۆم بەدوویدا وێڵم، منێک شەڕی شتم دەکرد، گەیشتمە ئەوەی ئاشقی هیچ بووم، گوێم دەدایە هەر دەرگایەک ئەو دەنگ و تەنیایی و بێمانایییە بوو، لە مێژووی خۆمدا دۆڕاوەکانم دەبینی بە پێی پەتی دەگەڕانەوە، قارەمانەکان بەبێ ئاڵاو مەدالیا، ئەو شەڕانەی نێواران، شەوان، سەرلەبەیان دەیانترسانم، ترس مێژوویەکی تایبەتە لە دڵمدا وەک مەلۆتکە فڕێدراوەکانی سەر گۆڕستان و بەر مزگەوتەکان منیان لەخۆیاندا کۆدەکردەوە، ترس تاقە هاوڕێم بوو، هەر من بووم هاوڕێی ئەو بەسەزمانە، هەمووان خۆیان لێ دووردەخستەوە بەڵام بەدزییەوە، جوانترین هاوڕێی بوون، کاتێ ترس دەستی دەخستە قورقوراگەیان ئەو کاتە هەمووان دەبوونە هاوڕێ، لە سەردەمی ئێمە شتەکان بۆنی ترسیان لێ دەهات، هەشت ساڵ ترسی مەرگ و شەڕ، 9 ساڵ ترسی سیاسەت و هەڵهاتن. ئیتر لەو رۆژەوە ترس بووە بەشێک لە ئەندامەکانی لەشمان، لە وڵاتی ئێمەدا ترس پاسەپۆرتی هەموو کەسێک بوو، ژەمەخواردن و بیرکردنەوە و هەڵخلیسکان بوو، ترس رووبەرێکی گەورە بوو لە سەر رۆحمان ئێستەش شەوانە بەدوومانەوەیە، ترس لەم شارەدا تایبەتمەندییەکی سەیری هەیە، لەگەڵ خۆیدا هەمیشە هەڵماندەگرێ، هەڵهاتن، دەرکردن، وێرانیمان وەبیردێنێتەوە، سڕینەوەی ناسنامە شاراوەکانمانە، ئەمە پرسیارێکی هەمووان بوو، ئەو وشەیە چیمان لێ دەسێنێتەوە، بۆدەبێ لەو ترسە بترسین، ئێمە بەگومان بووین لە سێبەرەکان، بە گومان بووین لەو دەستانەی بەنەوازشەوە بەسەر دڵمان دەنیشتەوە، بەگومانبووین لە ماچ، ئەوەیەکی گوماناوین، لە هەموو شتێ سڵمان دەکردەوە، ئەخوازە بەیەکجاری بسڕێینەوە، ئەخوازە کوژانەوەمان وەک کۆتایی نووسینی سەر تەختەرەشێ بێ، ونبوون و لەبیرچوونەوە بێ، ببێتە خۆراکێکی تووڕدراو، یان پارچە ئاسنێکی ئێوئاو و رۆژ بەرۆژ ژەنگ بمانخواتەوە. دەکرێ بڵێین، ترس شوناسنامەیەکی ترە لە ناوی خۆمان ناچێ و وەک ناوک وەک نینۆک و مووی لاجانگمان پێمانەوە نووساوە، ترس فوویەکەو لە چرای تەمەنمان کراوە، نهێنیی نێو نامەیەکی نەکراوەیە، رستەیەکی تەواونەکراوە، پەڕی باڵندەیەکە و نازانێ لە کوێ دەنیشێتەوە، ئێمە ترس ئاوڕی لێ داینەوە و ترسیشە بەردەوام لەگەڵماندا دەخەوێ، باوێشک دەدا و کاتژمێرەکانمان بۆ میقات دەکا، ئەو وشەیە بۆ هەمیشە ئاوڕی لە ئێمە داوەتەوە و چاو لەسەرمان ناترووکێنێ، تا ئەم ساتەش دوو شت رامدەچڵەکێنێ چاوی مرۆڤ و زەنگی دەرگاکان، تا ئەم ساتەش خەونەکان بە خورپەن و هەندێ جار لێدانی دڵ و

ترپەی پێیەکانم لە یەکتری ناکەمەوە، تا ئەم ساتەش بازاڕێکی گەرمەو بۆنی لاشە کەوتووەکانم لێ دێ.

کاتێ ترس بووە دەرگایەکی کراوە بە رووی ژیانم، بڕیارمدا ئەو وشانەی بۆنی هەڵهاتنیان لێ دێ شیبیانکەمەوە، شیکردنەوەیەکی سەیرم دەکرد، حەزم دەکرد، هیچ مانایەک لە مانایەکی ترم نەچێ، حەزم دەکرد بە ئەندازەی وردە زیخەکانی کەناری خاسە، وشەکان ورد بکەمەوە، یەکەمین جار ئەو وردکردنەوانەم لە هاوڕێیەکم بیست بۆ یەکەمین جار باسی پیاوێکی دوورەپەرێزی بۆ کردم، پیاوێ: سەد ساڵ لە دوورەپەرێزی " سەد ساڵ بە تەنیا مێژووی ناوچەکەی دەنووسێتەوە، ئەو پیاوە کتێبە سوورەکەی مارکیزی دامێ و خوێندمەوە، تێگەیشتم ئەو وردکردنەوەی ئەو پیاوەش سەرچاوەکەی ترسە، ترس، لە وڵاتێک ئەوەندە جیاواز نییە، لەوڵاتەکەی من لە گەڕەکێ کچەکانی لەوانەی من و پیرەژنەکانیان وەک پیرە کوڕماوەکانی نێزیک دەرگانیمچەکراوەکانی ئێمەیە، لەوێوە تێگەیشتم ئەمەریکایەک بەو گەورەییە ترس سەرچاوە بێ بۆ شیکردنەوە بۆ سەدساڵ دوورەپەرێزی شی ئەکەمەوە، لەو رۆژەی ئەشقێکی تر چووە پاڵ ئەشقەکانم، ئەشقی شیکردنەوە.



# هیچ یادەوەرییەکم نییە تا بیگێڕمەوە

عەبدوڵا قادر دانساز

منیش دەمەوێت وەکو نووسەری سویدی ''تۆرگنی لیندگرێن''، بڵێم: ''من هیچ یادەوەرییەکم نییە'' تاوەکو یادەوەریی برادەرانی شەقامی جمهوری لەسەر ئەم لاپەڕانە زیندوو بکەمەوە، چونکە لەتە یادەوەرییەکانی ئەوەی ئێمە و خەڵکی شاری کەرکوک بە کۆمەڵێک پارچەپەڕۆی کۆن بە یەکەوە بەستراونەتەوە. هیچ شتێکمان بە ساغی نەماوەتەوە، تاوەکو بیکەینە خاڵی دەستپێک، ئەو هاوڕێیانەی هاوتەمەنی ئێمە بوون زۆربەیان لەو شارە نەماونەتەوە و پەرتەوازە بوونە و هەر یەکەی کەتوونەتە چمکێکی ئەم دنیا بەرفراوانە (ئەگەر ئەوانەی مردوون و لەو شارە نێژراون، نەژمێردرێن). بێگومانم لەوەی ئەو کەسانەی هاوتەمەنی منن و ئارەزووی خوێندنەوە و نووسینیان هەبووە لەو شارەدا هەست بە تەنهاییەکی گەورە دەکەن بەوەی تەنیا لەنێو گۆڕستاندا هاوڕێ دێرینەکانی خۆیان دەبیننەوە و دەتوانن گفتوگۆیەکیان لەگەڵدا بکەن، بە مەرجێک هەر خۆیان پرسیار بکەن و هەر خۆیشیان وەڵامی پرسیارەکانی خۆیان بدەنەوە. من دڵنیاشم لەوەی ئەو ئەوانە، کە ژمارەیان زۆر کەمە لە هەژمەتی تەنیایی و بێهاوڕێیی، ناچار دەبن سەری خۆیان بۆ جێگایەکی تر هەڵبگرن، چارەنووسیشیان لەوەی پێشوو خراپتر دەبێت.

هەر لەو کاتەی لەدایک بووم پێش وەختی خۆم کەوتبووم (مەبەستم لەوە نییە، کە من پێشکەوتووتر بووم لەو سەردەمەی من تیایدا لەدایک بووم، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە لەکاتی خۆیدا لەدایک نەبووم، بەڵکو زووتر لەدایک بووم)و ئەنکم تەماشای لەشی منی کردووە و بینیویەتی بەوەی لە ڕادە بەدەر بچوک بووم و هیچ جلوبەرگێک بەبەرمی نەکردووە و دایکم ناچاربووە قۆڵی کراسێکی باوکم ببڕێ و منیش بە ئازادی تیایدا بجوڵێمەوە و بەتەواوەتی جێگەم ببێتەوە. ئەنکم ئەم حاڵەی بەدڵ نەبووە و بەردەوام بە دایکمی گووتوە:

_ کچم ئەم منداڵە قەت گەورە نابێت و لەدواییشدا تووشی ئازاری زیاتر دەبیت. بۆ فرێی نادەیتە نێو ناودەستەکە و ناوێکی پیادا ناکەی، ئەوجا هەم خۆت و هەم ئەویش لە ئازاری زیاتر ڕزگار دەکەیت. دایکیشم ئەو چارەسەرەی بەدڵ نەبووە. لەبەرئەوەی ئێستا خۆم لە بیمارستان کاردەکەم و ئەو کێشەیە لە نزیکەوە دەبینم و ئاگاداری ئەوەم، کە ئەگەر منداڵێک پێش وەختی خۆی لەدایک بووبێت، سییەکانی و گەلێک ئۆرگانی تری لەشی، ناکامڵە. زۆرجار ئەو منداڵانە بەهۆی هەڵامەتێکی ساکارەوە ناچاردەبن لە نەخۆشخانە بخەوێنرێن. ئێستا لە نیگەرانییەکانی ئەنکم

تێـدەگەم. دایکـم لەو سـەردەمەی، کە مـن گەورە بووبـووم، بەردەوام بە دایکــی (دەنکم)ی دەگوت:

_ ئەها سەیری بکە ئەوە ئەو منـاڵە بوو تۆ دەتگوت فڕێیدە نێو ئاودەستخانەکە و ئاوێکی پیادا بکە، بزانە چی لێ دروستبووە.

دەنکیشم، لە دایکم ژیرتر بوو بە دایکمی دەگوت:

_ ...

بەڕاستی ئەو قسانەی دەنکم لەبیر نییـە، چونکە دایکم تەنیا ئەو بەشەی خۆی بۆ گێــڕاوەمەتەوە و ئەوەی دەنکـــم بە بۆشـــی مـــاوەتەوە و هەرگیـــز ئەو وەڵامەم لەبیرنەمـاوە. چـونکە ئەو بەسـەرهاتە بیرەوەرییەکـی دایکـم بـووە، مـن وادەزانـم بیرەوەریی منە.

ئـێمە نەوەیەک بـووین بەردەوام جەنـــگ و کوشـــتن و بـــڕین بەشـــێکی گەورەی ژیانمانی داگیرکردبوو. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە، بۆچی و چۆن نەکوژراین؟ ئێخۆ ئێمە هەموو ڕۆژێک شەرمان بە مەرگ دەفرۆشت. با بۆ نموونە باسی ڕووداوێکـی ڕۆژانەی گەڕەکی شۆرجەی ئەو کاتەتان بۆ بگێڕمەوە، کە منداڵ بوو:

لە شـۆرجە (گەڕەکێکـی کوردنـشینی شـاری کەرکـوکە) قەدەغەی هـاتووچۆ بـوو. پـۆلیس هەمـوو ماڵەکانیـان دەپـشکنی و هەرچـی هەبـوو هەڵیـان دەڕشـت: فەردە برنج، تەنەگە ڕۆن، جاخی نیسک یان فاسولیا، بوخچەی جلوبەرگ، تاقمی تەراشی باوکان و... هتد. باوکم دەمانچەیەکی چواردەخۆر و هەندێ شانە و فیشەکی زیادەی لە مـاڵەوە هەبـوو، دەبـوو بیشارینەوە. دایکم بـانگی کـردم (لەو کـاتەدا تەمەنم زۆر منداڵ بوو و بیجامەم لە پێدا بوو، بەنەخوێنەکەی لاستیک بـوو) دەمـانچە و کیسەی شانەکان و فیشەکە زیادەکانی لەژێر ئاوکەفی بیجامەکەم بە شتێک بە ئـاوتەنگەمەوە بەست و پێی وتم:

_ بـڕۆ لەوبەرەوە لەگەڵ منـداڵەکانی تـردا دابنیـشە و نەجـوڵێیتەوە، تـا سـەرباز و پۆلیسەکان دەڕۆن، بۆ ماڵ نەگەڕێیتەوە!

لەوبەرەوە لەگەڵ منداڵەکان دانیشتبووم و سەیری پشکنینی ماڵەکـانی گەڕەکەکەمـان و مـاڵی خۆمـانم دەکرد. پۆلیسەکان زۆر بێبەزەییـانە بۆخچەی دایـک و خوشـک و

ژنی هەموو گەڕەکیان هەڵدەڕشت و کەسیش نەبوو بڵێ بۆچی وامان لێ دەکەن. بەڵام ئەوەی لە هەمووی سەیرتر بوو لەوکاتەدا دەمویست بە منداڵەکانی تەنیشتم بڵێم: من دەمانچەم پێیە و وەرن سەیری بکەن. بەڵام ترسی تێهەڵدانی باوکم، لەوکارەی پەشیمان دەکردمەوە.

پێشتر لە تەمەنێکی زۆر منداڵیدا بووین دەست بە ڕەشبگیری کرا و باوکم لە سەربان خۆی شاردبووەوە و برا گەورەکەم وایزانیبوو باوکم یاری لەگەڵ پۆلیسەکاندا دەکات، لەوکاتەی ئەوان خۆیان دەکەن بە ماڵەکەماندا. براکەم ناتوانێ دەمی بگرێ، هاوار دەکات:

_ باوە لە سەربان خۆی شاردووەتەوە!

ئەوانیش یەکسەر باوکم دەگرن و بۆ ماوەیەکی درێژ لە نوگرەسەلمان بەند دەکرێت.

دوای ئەوەی باوکم ئازاد دەکرێ، شۆڕش دەستپێدەکات و باوکم هەڵدێت و ئێمەش بە سواریی کەرێک لەنێو هەگبەی کەرەکە، کە لە خوری و موی بزن دروست کرابوو، دادەنرێین و خزمانی قایشپاشا بە ڕێگای قاچاخ لە شاری کەرکوکەوە بۆ دێی چنگنی دەمانگوازنەوە. تا ئەمڕۆش هەست بە چزەی ئەو مووی بزنانەی نێو هەگبەی کەرەکە دەکەم. بەڵام ئەگەر لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیر بکراینایە چییان لێ دەکردین؟ نازانم!

ڕۆژێکیان عەدنانی کوڕی حاجی شکوری هاوسێمان، کە بە تەمەن هەندێ لە ئێمە گەورەتر بوو، بە عەلی هاوڕێمی وت:

_ باوکت نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ بە ڕوتوقوتی لە ژوورەوە بووە.

عەلی زۆری پێ ناخۆش بوو و پێی وت:

_ باوکم لە ژوورەوە بووە، بەڵام ڕوتوقوت نەبووە.

عەدنان مەبەستی ئەوە بوو باوکی عەلی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ لە سکی دایکیدا بووە، بەڵام چونکە هەموو کوردێک لەو سەردەمەدا خرابووە بەندیخانەوە، وای لە عەلی کردبوو بە هەڵە لە قسەکانی ئەو تێبگات.

منداڵیی من تۆزێک جیاوازی هەبوو لەگەڵ بەشێکی زۆری برادەرانی شەقامی جمهوری، بەوەی من هاوکات لە قوتابخانە دەمخوێند و دەچوومە لای مەلا و قورئان و شەریعەم دەخوێند. بۆ ماوەیەکی باشیش موسوڵمانییەتی بەشێکی گەورەی ژیانم بوو. لەوماوەیەدا مامۆستا عابدین لە قوتابخانەی سەرەتایی شۆرجە چیرۆکەکانی نێو قورئانی پێ دەداین تا بیانخوێنینەوە، من دڵنیام لەوەی ئەو چیرۆکانە سەرەتای خوێندنەوەی من بوون و هەر ئەوانیش بوون حەزی زیاتری خوێندنەوەیان لا دروستکردم. چیرۆکیش بوو بە چەقی بیرکردنەوەی من. هەر لەو ساڵانەدا بوو (بەتەواوەتی ساڵەکەم لەیاد نییە) بەڵام بە زۆر کتێبێکی منداڵانیان پێ داین، کە بە عەرەبی نووسرابوو و بۆ بەیانی پارەکەیمان لە ماڵەوە لە دایک و باوکمان سەند تا بیدەین بە مامۆستا. چیرۆکی ئەفسەرێکی یابانی بوو، کە خیانەتی لە نیشتمان و نەتەوەکەی کردبوو و سزاکەشی ئەوە بوو کە هەتا دەمرێ ژیان لە ناو کەشتییەکدا بە سەربەرێ و بە هیچ شێوەیەکیش بۆی نەبوو بە یابانی بدوێ، پێ بنێتە سەر خاکی یابان و ئاڵای یابان ببینێت. تۆ سەیری ئەو بەزمە بکە، لەلایەکەوە مەلا ئاگری جەهەنمی نیشان دەداین و پێی دەیترساندین و ئێستاس چیرۆکێک بۆ منداڵ نووسراوە و بە سزای خیانەت دەمانترسێنێت. دوای ئەوە کتێبێکی منداڵانی تریان پێ فرۆشتین، بەڵام ئەمەیان بە زمانی کوردی نووسرابوو، بە نێوی هەڵەشەییەوە و ئەویش چارەنووسی باڵندەیەک سەربڕین بوو، چونکە خاوەنەکەی هەڵەشە بوو و چاوەڕوانی ئەنجامێکی خێرا بوو. یەکەم ئاگر، دووەم سزای بۆ هەتاهەتا ژیان بردنە سەر لەنێو کەشتییەک و سێیەم سەربڕین. من بێگومانم لەوەی چیرۆکەکانی نێو قورئانی مامۆستا عابدین نەبووایە، ئەوا من هەرگیز حەزم لە چیرۆک خوێندنەوە نەدەبوو.

## قوتابخانەی ئامادەیی شۆرجە

دوای قوتابخانەی سەرەتایی چوومە قوتابخانەی ناوەندی شۆرجە. لەوێدا شێوازی خوێندنەوەمان گۆڕا و مامۆستا مستەفا زەنگەنە وانەی کوردی پێ دەوتینەوە و فێری نووسینی ڕاپۆرتی ئەدەبی دەکردین و هەریەکە و لەسەر شاعیرێکی کورد ڕاپۆرتمان دەنووسی. هاوکات هەندێک لە قوتابیان بڵاوکراوەیەکی سەر دیواریان دەردەکرد. واتا لە خوێندنەوەوە بۆ نووسین. بەڵام ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە ئەوەیە، کە مامۆستا شێرزاد، کە مامۆستای وانەی ئینگلیزی بوو لە

قوتابخانەکەماندا، زیاتر هانی خوێندنەوەی کوردی دەداین و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانی پێ دەناساندین. بەڕاستی ئەو باشترین مامۆستای ئێمە بوو. لەو ماوەیەدا چەند قوتابییەکی هاوڕێی منداڵیم دەستیان بە خوێندنەوە کرد و دواجار بوون بە خوێنەر و نووسەری باشی ئێستا، لەوانە ئازاد شەیدا، کەریم پەرەنگ و ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڵام گەلێکی تر لەو هاوڕێیانەم، کە دەیاننووسی، زوو دەستیان لەو کارە هەڵگرت.

من دڵنیانیم لەوەی چساڵێک هەردوو گۆڤاری مجلتي و المزمار، کە بۆ منداڵ و بە زمانی عەرەبی دەنووسرا، دەرچوو، بەڵام لەوە دڵنیام بەوەی بەردەوام بابەتەکانی نێو ئەو دوو گۆڤارەم دەخوێندەوە و خۆم بە وەرگێڕانیانەوە خەریک دەکرد و هەر خۆشم وەرگێڕانەکانی خۆمم دەخوێندەوە. لەو سەردەمەوە تاوەکو ئێستاش حەزم لە خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکە بۆ منداڵ نووسرابێت.

شێرکۆ عەلی هاوڕێیەکی منداڵیمە و هاوتەمەنی یەکین و لە یەک گەڕەک دادەنیشتین. ئەو هاوڕێیەم براکانی خوێنەر بوون و کتێبێکی زۆری کوردییان هەبوو. بەردەوام چەند کتێبێکم لێ قەرز دەکرد و دەمخوێندەوە و بۆم دەگەڕاندەوە و چەند کتێبێکی تری بە قەرز پێ دەدام بۆ ئەوەی بیانخوێنمەوە. من دڵنیام ئەو برادەرەم زۆربەی بەرهەمە کوردییە بڵاوکراوەکانی پێ داوم بۆ ئەوەی بیانخوێنمەوە. بە زۆریش چیرۆکم لێ قەرز دەکرد چونکە ئەویان زیاتر لە حەزی منەوە نزیک بوو. ئەو برادەرەم یەکەم کتێبخانەی من بوو.

لەبەر ئەوەی ڕقم لە چوونە قوتابخانە بوو دوو ساڵ لە پۆلی سێی ناوەندی مامەوە و ناچار بووم بچمە قوتابخانەی شەوان تا پۆلی سێ تەواو بکەم. لە قوتابخانەی ئیمام قاسمی شەوان یەکەم بەرهەمی نووسینم شانۆگەرییەک بوو لەسەر شانۆی ئەو قوتابخانەیە پێشکەشم کرد. من دڵنیام ئێستا بیبینم یەک دنیا پێی پێ دەکەنم و هاوکات شەرم دامدەگرێت بەڵام توانیم دەست بە نووسین بکەم. دوای ئەوە شانۆگەرییەکی ترم نووسی و پیشانی عەلی کەریمی ئامۆزام دا و ئەویش یەک زەربی لێ دا و وتی بە ڕەمز شت مەنووسە بڕۆ شانۆگەریی بخوێنەوە دوای ئەوە دەست بە نووسین بکەرەوە. من دڵنیام لەوەی ئەگەر ئەو نەبووایە ئێستا من دەمنووسی بەڵام دڵنیاشم لەوەی ئێستا منیش یەکێک بووم لە نووسەرە خراپەکانی زمانی کوردی.

لەو سەردەمەی لە قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان دەمخوێند مامۆستا (نڤامالدین) مان هەبوو دەرسی عەرەبی پێ دەوتین و منیش لە قەواعیدی عەرەبی زۆر خراپ بووم بەڵام، کە بە عەرەبی ئینشام دەنووسی هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەو زمانەدا نەبوو. ئەو مامۆستایە هەرگیز باوەڕی بەوە نەدەکرد من قۆپی ناکەم و هەر ئەو کاتەیش ئەو ئینشایانە دەنووسم، بەڵکو ئەو لەو باوەڕەدا بوو من قۆپێ دەکەم. ئیتر ئەو لەپڕێکدا داوای نووسینی چیرۆکێکی لێ کردین و منیش لە ماوەی کاتی ئەو وانەیەدا باسی کڕینی نان و نانەواخانەکەی سەر کۆڵانەکەمان و بەزۆر ناردنم بۆ نان کڕین و دواجار پارمەتیدانی ئەو نانەوا تەنیایەم گێڕایەوە. مامۆستا خەتی ڕاستوچەپی بەسەر تێکستەکەی مندا هێنابوو و نووسیبووی دزیوتە و هی چیرۆکنووسێکی بەتوانایە. هەرچیم کرد باوەڕی نەدەکرد. بەڵام ئەوەی دڵخۆشی کردم ئەوە بوو، کە مامۆستا وای زانیبوو هی نووسەرێکە و دزراوە، کەواتە من باش دەنووسم. ئەمە گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ من.

دوابەدوای ئەوە دەستم بە پەخشان نووسین کرد. پەخشانی شیعری و چیرۆک. هیچ کاتێک هیچ بەرهەمێکم نەدەنارد بۆ هیچ گۆڤارێکی کوردی بۆ ئەوەی بڵاوببێتەوە. هۆکەشی ئەو بەزمە بوو کە لە گۆڤارە کوردییەکاندا بەشی پۆستەی خوێنەرانیان تێدا کردبووەوە و لەوێدا ئەو لاوانەی بەرهەمەکانی خۆیان بۆیان دەنارد، ئەوان دەیانکردن بە مایەی ڕابواردن (وەک بیستومە ئەو کارە دوو کەس دەیانکرد ئەوانیش مەحمود زامدار و سەلاح شوان بوون). ئێمە نێومان نابوو پۆستەی حەیابەران. من دڵنیام گەنجێکی زۆر بەهۆی ئەو پۆستەوە وازی لە خوێندنەوەش هێناوە. بەڵام من بەردەوام هەر دەمنووسی.

لەو سەردەمەی منی تیا گەورە بووم، چەندین شەڕ و جەنگ و دەربەدەری بەرپابوون و هەریەکە و بەشی خۆی پریشکی بەرکەوتووە. هەرگیز خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان نەیانتوانیوە ببنە هۆی ئەوەی من لە بەشداری کردن لە سیاسەت و کاری خۆبەخشی و بگرە خۆپیشاندان و پێشمەرگایەتی دووربخەنەوە. من دڵنیام لەوەی کاتی زیاترم لەگەڵ ئەو کارانە سەرف کردووە و نەمتوانیوە زیاتر گەشە بە خوێندنەوە و نووسین بدەم. من سەیرم پەوە دێت لەو هەلومەرجانەدا کەسانێک توانیویانە کاری ئەدەبی و هونەری بکەن. بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێستاش ترسی کەوتنە بەندیخانەی ئەو ڕژێمەم لە گیان دەرنەچووە. هەموو شەوێک بەر لە

خەوتن باشترین پانتۆڵ و قەمیسم لەبەر کردووە بۆ ئەوەی ئەگەر گرتمیان جلەکانم بەرگەی ماوەیەکی زۆری زیندان بگرن و لەبەرمدا نەدڕێن.

هەردەم کات بۆ من مانایەکی گەورەی هەبووە و هیچ کاتێک نەمهێشتووە کاتم بە فیڕۆ بچێت و بۆ گەلێک کاری جیاجیا بەکارمهێناوە. کە زانیومە کاری مرۆڤایەتی پێویستی بە منە، خۆم بەوەوە خەریک کردووە و وازم لە کاری ئەدەبی هێناوە. کاری فۆتۆگرافی لە سەردەمێکدا پێویستی بە من بووە و خۆم پێوە خەریک کردووە. کاری تایپ و مۆنتاژ پێویستی بە من بووە خۆم پێوە خەریک کردووە. بەڵام ئەوەی لە هەموو بابەتێک زیاتر هەستی تەنیاییم ناهێڵێ، خوێندنەوەی تێکستە. وەرگێڕانیش تەنها بۆ ئەوەی ئەو تێکستە بەو زمانەی لە ڕوحمەوە نزیکە، بخوێنمەوە، وەرمگێڕاوە. ئەو کاتەی کتێبم هەبێ تەنیاش بم، تەنیا نیم. بەڵام لەنێو حەشاماتێکیش دامبنێیت بە بێ کتێب هەست بە تەنیایی خۆم دەکەم. لەنێو کتێبدا نیشتمانێکم بۆ خۆم دروست کردووە، دەنا دەمێک بوو دووره وڵاتی حەزی مانەوەمی لەم ژیانەدا لەناوبردبوو.

دەربازبوون لە وڵات شتێکە و بەسەربردنی ئەو بەشەی ژیان، کە ماوەتەوە لە دەربازبووندا شتێکی ترە. خەباتمان کرد بۆ ئەوەی ژیانمان لە وڵات خۆش بکەین، لەنێو نیشتماندا ژیان ببەینە سەر، خێزان دروست بکەین... هتد. بووین بە چی؟ بووین بە تاکێک هەرگیز نەتوانین جارێکی تر لەو وڵاتەدا بژین، کە هەموو شتێکمان بۆی بەختکرد، تەنانەت خۆشمان بەختکرد و بووین بە بێ نیشتمانێکی هەتاهەتایی.

لە سەردەمێکدا گەورە بووین خۆمان و ماڵی باوانمان بچوکترین گرنگی پێ دەدرا (مەبەستم لە گرنگی ئەوەیە بە هیچ شێوەیەک بیرمان لە چارەنووس و پێشهات و دواڕۆژ نەدەکردەوە). هەردەم بیرمان لە مەبەستێک دەکردەوە، ئەو کاتە لە هەموو شتێک زیاتر بەگرنگمان دەزانی و هەموو شتێکمان کرد بە قوربانی. بڕواناکەم هیچ خۆشەویستییەک بوونی هەبووبێت جگە لەو مەبەستەی ئێمە چاوەڕوانی بووین. ئێستاش لە ژیانێکدام تەنانەت لەگەڵ منداڵەکانی خۆشمدا بە کوردی قسە ناکەم، کورە بگرە لەگەڵ خۆشمدا بە کوردی قسە ناکەم. باشە ئەمە گەورەترین زەرەر نییە، کە من کردوومە (باوەڕناکەم و دڵنیاشم لەوەی، کە من تاکەکەس نیم لەم ئەهامەتییە). ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها لەکاتی وەرگێڕاندا دەتوانم بە کوردی بدوێم، لەو جێگایەدا بە تەواوەتی کوردم (ئەوەی ڕاست بێت لەو جێگایەدا بە تەنیا

شۆرجەییەکم، نە کەرکوکی و نە خەڵکی کوردستانی باشوور و نە کوردستانێکی گەورە). باوکم دەیوت ئەم تەلەفونە تاقە شتە منی بە ژیانەوە بەستوەتەوە. بە تەلەفون دەتوانم بیسەلمێنم، کە من هەم. ئەگەر بێتو ئەم تەلەفونەم لێ بسێنن، ئەوا دەمرم. ئێستا منیش لە جیاتی ئەو تەلەفونەی باوکم، وەرگێڕان بووەتە ئەو تاقە شتەی منی بە ژیانەوە بەستوەتەوە. لەجیاتی تەلەفونەکەی باوکم، دەڵێم ئەگەر بێتو کاری وەرگێڕانم نەبێ ئەوا دەمرم. لە وەرگێڕاندا هەست دەکەم کوردم (شۆرجەییم). لەوێدا دەتوانم هەست و ئەست و دەقی کەسانی تر بکەم بە کوردی و هەر لە نێو وەرگێڕانیشدا وڵاتێک بۆ خۆم دروست بکەم. ئێستا من خەڵکی وڵاتی وەرگێڕانم. هیچ کەسێک ناتوانێ داوای بەختکردنی ئەو بەشەی کوردستانم لێ بکات.

## کتێبفرۆشەکانی کەرکوک

کتێبفرۆشی (ئاسۆ) ببوو بە جێگایەک ڕۆشنبیرانی کوردی کەرکوک لەوێدا چاویان بە یەکتری بکەوێت و ئاسانکارییەکی زۆریشی بۆ ڕۆشنبیرانی شارەکانی تر دەکرد، تا لەوێدا چاویان بە ڕۆشنبیرێکی ئەو شارە بکەوێت. بەڵام ئەو کتێبفرۆشییە تاقە کتێبفرۆشی شارەکە نەبوو، بەڵکو هەر لە هەمان جادەدا کتێبفرۆشیی (گەل) هەبوو. بەڵام کەس لەو جێگایەدا نەدەوەستا. زۆربەی کات دەچووم بۆ ئەوێ و هەر لەوێشدا کتێب و گۆڤاری کوردیم دەکڕی. لای (دایی ئەمین)، کە کتێبفرۆشێکی تورکمان بوو، دوکانێکی زۆر بچکۆلەی هەبوو، کتێبم دەکڕی. جگە لەم کتێبفرۆشانە، چەند کتێبفرۆشێکی تر لە نێو شاردا هەبوو، هاوکات لە گەڕەکەکانی شۆرجە و ڕەحیم ئاوا کتێبفرۆشی لێ بوو. ساڵی **2009** بە بازاڕی شاردا گەڕام، دوکانێکی کتێبفرۆشی بچکۆلەی وەک ئەوەی (دایی ئەمین)م لەسەر شەقامی جمهوری بینی و هیچی تر. وا دیارە خوێنەرەکانی ئەم شارە تار بوونە و کەسیان ناگەڕێنەوە بۆ شار. یان ئەوەتا شار بە بێ کتێب بەڕێوەدەبرێت. تۆ بڵێی من بە هەڵەدا چووبێتم و ئەو ڕۆژە بەو جادانەدا تێنەپەڕیوم، کە کتێبفرۆشییان تیادا هەیە.

## قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان

ئەو جێگایە بوو قوتابییە کوردەکان لەوێ پۆلی چواری ئامادەیی و پێنج و شەشی زانستییان تیادا دەخوێند. زۆربەی مامۆستاکان خەڵکی نیشتمانپەروەر بوون و بەردەوام هەوڵیان دەدا ئاستی قوتابییەکان باشتر بێت، بۆ ئەوەی پلەکانیان بگاتە

ئەو ئاستەی زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن. لەو قوتابخانەیەدا قوتابی کوردی هەموو گەڕەکەکانی شاری تێدا بوو. لەوێدا بەشێکی زۆر لە قوتابییەکان بە ڕێکخراوە حیزبییەکان دەناسێنران و ببوو بە مەڵبەندی چوونە نێو ڕێکخستنەوە. هاوکات بەشێک لە قوتابییەکان خوێنەری باش بوون و لەو جێگایەدا ئەو شیعرانەی چاپ نەدەکران دەم بە دەم بە یەکتریمان دەوت و لەبەرمان دەکردن. هەر لەو قوتابخانەیەدا دەتتوانی کتێب لەو برادەرانەی کتێبیان هەبوو، قەرز بکەیت و بیانخوێنیتەوە. ژمارەی چاپی کتێب لە دەوروبەری هەزار دانەدا بوو و بەشی نەدەکرد، لەبەر ئەوە ناچار دەبوویت قەرزی بکەیت یان بە قەرز بیدەی بە برادەران. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە لەو سەردەمەدا بە ساڵێک بەقەد یەک مانگی ئێستا کتێب چاپ نەدەکرا.

## کتێبخانەی گشتی

یەکێک بوو لەو جێگایانەی مرۆڤ بە ترسەوە کتێبی قەرز دەکرد، دەترسایت ئاسایشی دەسەڵات کۆنترۆڵی خوێندنەوەکانت بکەن. هەر بۆیەکە تەنها کتێبی ئەدەبیمان لێ قەرز دەکرد. کتێبەکان لەبەر دەستدا نەبوون، بەڵکو لە پشت مێزێکدا بوون و موەزەفەکانی کتێبخانەکە ئەو کتێبەیان بۆ دەهێنایت، کە تۆ داوات کردبوو. ئەمەش ئاسان نەبوو، دەبوایە تۆ پێشتر بە لیستی کتێبەکاندا بچویتایەتەوە تاوەکو ژمارە و نێوی کتێبەکە یاداشت بکەیت تا بتوانیت بە ئاسانی بەدەستی بهێنیت. زۆر ڕۆژم لەوێ بەسەربرد بۆ ئەوەی لای خۆم لیستێک بۆ ئەو کتێبانە دروست بکەم، کە من دەمویست بیانخوێنمەوە. ئەو کاتانەی بۆ ئەو کارە سەرفم دەکرد لەو کاتانە بوو، کە من دەبووایە لەگەڵ خوێندنی کتێبەکانی قوتابخانە سەرفم بکردایە.

## خۆپیشاندانی ١٩٨٢

سەرجەم شارەکانی کوردستان خۆپیشاندانیان کرد و کەرکوک مابووەوە، ڕژێمی سەددام لەو باوەڕەدا بوو، کە لە تکریت خۆپیشاندان بکرێت لە کەرکوک ناکرێت. هۆکەشی ئەو هەموو دەردەسەری و سزایانە بوو ئەوان بەسەر خەڵکی شارەکەیاندا دابوو. بەڵام ئەو کارە کرا و ماڵی ئێمەش بەهۆی ئەو کارەوە ناچار کران پەنا بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بەرن. دوای ئەوەی سەددام لێبوردنی گشتیشی دەرکرد، هێشتا باوکم دەهەزار دیناری دا بە واستە تا وازمان لێ بهێنن. بەڵام سودی نەبوو. دەبووایە ببین بە پێشمەرگە و خۆمان لە مردنێکی نادیار ڕزگار بکەین. ساڵ و نیوێک دوای ئەوە بووم بە پێشمەرگە. لەو سەردەمەدا سەربازی

هەڵاتـووی شـارەکان لە نـاوچە ئازادەکـان بـوون و کتێبـی زۆریـان لەگەڵ خۆیـان هێنـابوو، منـیش لەوانـم قەرز دەکـرد و دەمخوێنـدەوە. دواتـر لە پێـشمەرگایەتیش وازمهێنا و لە گوندی دێلێژە دانیشتم. بەڵام ڕژێم هەرەشـەی لە ماڵەوەمـان دەکـرد و ناچار بە خێزانێکی گەورەوە چووین بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ سوید.

## سوید

ساڵی ١٩٨٥ هاتینە سوید و دنیایەکمان بینی زۆر جیاواز بوو لەو دنیایەی ئێمە تیایدا ژیابووین. هەموو شتێک پێچەوانەی ئەوە بوو کە ئێمە کردبوومان. لێرەدا دەتوانیت هەمووشتێک بکەیت بە بێ ئەوەی ترسی گرتن و کوشتنت هەبێت. بەڵام ناخۆشترین شت ئەوە بوو، کە کتێبی کوردی زۆر دەگمەن بوو. فەرهەنگی کوردی نەبوو تا بە یارمەتی ئەوەوە فێری زمانی سویدی بیت. ئەگەر زمانێک بە تەواوەتی فێر نەبیت ناتوانیت فێری زمانێکی تر بیت. ئەو سەردەمە بە پارەیەکی زۆر، کۆپی کتێبی کوردیمان لە چەند قۆڵبڕێک دەکڕی، کە لە ئێرانەوە بۆیان دەهات. کتێبێکی کوردیمان دەستبکەوتایە چەندین جارمان دەخوێندەوە، چونکە هی تازە نەبوو. تا بەرەبەرە جوڵانەوەی ئەدەبی لە ئەوروپا دەستی بە بڵاوکردنەوەیەکی فراوانتر کرد. چەنـدین گۆڤـاری جیاجیـا بڵاودەکـرانەوە و هەنـدێ نووسـەریش کتێبیـان بڵاودەکـردەوە. بەڵام بەزۆری بە نێـوی نهێنـی تـاوەکو کەسـوکاریان تووشـی چەرمەسەری نەبن.

## فۆتۆگرافی

هەر مـاوەیەکی کەم دوای گەیـشتنمان بە سـوید، خـۆم بە هـونەری فۆتـۆگرافییەوە خەریـک کـرد. بەڕاسـتی مـرۆڤ دەتوانێـت بە کـامیرا گەلێـک کـاری بـاش بکـات. یەکـسەر بـووم بە ئەنـدامی کلوبێـک لەو شـارەی تیایـدا دەژیـاین و مانگـانە کۆبوونەوەمـان هەبـوو و وێنەی تـازەی خۆمـان پێشتر دەدا بە لیژنەیەک تـاوەکو هەڵیـانبژێرن بـۆ پیـشاندان و ئەگەر ئەوان بەدڵیـان بـوایە پیـشانیان دەدان. چەنـدین جـار وێنەکـانم لەنێـو ئەو وێنـانەدا بـوون و هەنـدێک جـار وێنەکـان دەنێـردران بـۆ کلـوبی شـارەکانی تـر و لەوێ نیـشان دەدران. ئەوکـاتە هەسـتم دەکـرد بەوەی مـن دەتوانم بەم هونەرە داهێنانی خۆم بکەم.

لەو سەردەمەی لە (کۆمیتەی سویدی بۆ پاراستنی مافی کورد) ئەکتیڤ بووم، چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی منیان هەڵبژارد و دواجا بە شێوەی پۆستکارت چاپیان کردن بۆ ئەوەی یارمەتی و کۆمەک بۆ کۆمیتەکە کۆبکەنەوە.

وێنەی نمایشکردنی دوو شانۆگەریم کردووە و یەکێکیان چەند وێنەیەکی لە گۆڤاری (ئەنتریَ)، کە تایبەتە بە نمایشی شانۆ، بڵاوکراونەتەوە. ئەوی تریان هیچ ئاگام لێی نییە.

ساڵی **1997** مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) لە ستۆکهۆلم سیمیناری هەبوو و منیش چەند فۆتۆیەکیم گرت و یەکێ لەو فۆتۆیانە بوو بە ئارمی مەدالیای زێرینی (بلە). بۆ ئەم کارە جارێکیان لە دابەشکردنی خەڵاتەکاندا میوانداری کرام و وەک رێزلێنانێک خەڵات کرام.

بەردەوام فۆتۆی نووسەران و هونەرمەندانم گرتووە و گەلێک لەو فۆتۆیانە لەسەر بەرگی کتێب و سەر بەرگی گۆڤار ونێو رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە. زۆر کەم، کە بە ژمارەی پەنجە دەژمێردرێن، نێوی منیان لەگەڵدا بڵاوکراونەتەوە. واتا من لەم هونەرەدا داهێنەر نەبووم، بەڵکو سەربازی ون بووم. ئێستا ئەو هونەرەم پشتگوێ خستووە.

## کۆمیتەی سویدی بۆ پاراستنی مافی کورد

ئەم کۆمیتەیە لەلایەن چەند کوردێکی چالاک و ئەو سویدییانەی دۆستی کورد بوون، هاتە دامەزراندن و چالاکییەکی زۆری دەکرد. هەموو پارتە سویدییەکان ئەندام پەرلەمانێکیان لەنێو لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆمیتەکەدا هەبوو. گۆڤارێکیان بە ناوی کوردستان بە زمانی سویدی دەردەکرد و باسی کوردستانی تیادا دەکرا. هەر لە سەرەتاوە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بووم و بەردەوام بەشداریم لە چالاکییەکانی دەکرد. بەڵام بەداخەوە چەند کەسانێکی حیزبی دوای ئازادکردنی کوردستان، هەموو ئاراستەی کۆمیتەکەیان بەلای پرۆژەی خانوبەرە دروستکردنەوە برد و خاڵی سەرەکی کۆمیتەکە لەنێو ئەو پارانەی لە کوردستان سەرف دەکرا، ونکرد. منیش ناچاربووم وازبهێنم.

## سۆلیداریتیت

کۆمەڵەیەکی کوردی بوو و ئەندامەکانی مانگانە پارەیان دەدا و چالاکی تریان دەکرد و پارەکانیان دەدا بە کۆمەڵەکە و ساڵانە پرۆژەیان لە کوردستاندا هەبوو. منیش بووم بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و لەو ماوەیەدا توانیمان چەندین گوندی ئەنفالکراوی گەرمیان ئاوەدان بکەینەوە. باوەڕناکەم هیچ شتێک بەقەد ئەوە خۆش بێت، کە تۆ بتوانیت هیوایەک بخەیتە دڵی کەسێکەوە، کە هیچ ئاواتێکی نەماوە. ئەو مرۆڤانە بە یارمەتییەکی بچکۆلەی چەند کوردێکی هەندەران، توانیان کەمێک ببوژێنەوە.

لە ژیانمدا لەگەڵ هیچ کۆمەڵەیەک بەقەد ئەم کۆمەڵەیە کارکردنی جدی ئەندامەکانیانم نەبینیوە. ئەم برادەرانە بەڕاستی بۆ ئەو کارە دەژیان و هەموو کاتی دەستبەتاڵی خۆیان بە کارکردن بۆ ئەو کارە تەرخان دەکرد. هەرگیز لەگەڵ هیچ گروپێکدا بەقەد کارکردن لەگەڵ ئەمان، دڵم خۆش نەبووە.

## ماکینتۆش

لە سەرەتای نەوەدەکاندا کۆمپیوتەرێکی ماکینتۆشم کڕی و بەهۆی ئەوەوە گەلێک جار کۆمەکی هاوڕێ نووسەرەکانم دەکرد و هەندێ جار تایپ و مۆنتاژی بەرهەمی نووسەری وام کردووە تا ئێستاش نەمبینیووە. ئەمەش وای لێ کردم شارەزایی لە تایپ و مۆنتاژدا پەیدا بکەم و گەلێک کەس داوای هاوکاریم لێ بکەن. زۆر خۆشە تۆ بتوانیت بەرهەمێکی بڵاونەکراوە، کە جگە لە نووسەرەکەی کەسی تر نەیخوێندووەتەوە، بخوێنیتەوە. گەلێ بەرهەمی جوانم بۆ برادەران تایپ و مۆنتاژ کرد. گەلێک نووسەر یەکەمین کتێبیان من تایپ یان مۆنتاژ یاوەکو هەردووکیانم کردووە. هەر لەو سەردەمەشدا بوو برادەرانی ڕەهەند دەستیان بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕەهەند و نووسینەکانی خۆیان بە کتێب کردبوو. ژمارەیەکی زۆری ئەو گۆڤارە و کتێبەکانی ئەو کاتەی ناوەندی ڕەهەندم تایپ، مۆنتاژ یان هەردووکیان دەکرد. بەڕاستی شادمانم بەوەی لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو برادەرانە کارم کرد. نموونەی داهێنانی جوان بوون، جوانن و جوان دەبن. پێویست ناکات ناوی ئەو برادەرانە بهێنم، چونکە هەموویان لەلای خوێنەر باش ناسراون.

## کۆتایی

ئازاری گەورەی مردنی کەسێکی نزیکت ئەوە نییە، کە ئیتر ئەو کەسە نابینیتەوە بەڵکو ئەوەیە، کە ئیتر تۆ لە چاوی ئەو کەسەدا نابینرێیت. بوونی ئێمە لە چاوی ئەو کەسانەوەیە، کە دەمانناسن و دەیانناسین. مردنی ئەوان واتا بەزیندوویتی مردنی ئێمە. چونکە ئیتر لە چاوی هیچ کەسێک نابینرێین.

هاوڕێیانمان ئازاد ئەحمەد و ئەدیب نادر، کە ئەو پرۆژەیەیان خستە بەردەممان، هەر پرۆژەی زیندووکردنەوە یادەوەرییەکانی ئێمەیان زیندوو نەکردەوە بەڵکو بوونی ئێمە لەنێو چاوی یەکتردا زیندوو کردەوە بەرلەوەی ئێمەش بمرین.



# له تاریكییه‌وه بۆ تاریكی
# ئه‌و پرسیاره‌ی كه هه‌رگیز ناتوانم وه‌ڵامی بده‌مه‌وه

عه‌بدوڵا سلێمان (مه‌شخه‌ڵ)

لەگەڵ گوێگرتن لە گۆرانی "جودایی"ی ئەفسەری شەهیدی و وردبوونەوە لەو پرسیارەی کەڕەنگە هەر بەتەنها پرسیاری من نەبێت،دۆش داماوم. هەموو جارێکیش کەلەو پرسیارە ورد دەبمەوە چەند دیمەنێکی زۆر ترسناک و ناشرین دێنە بەرچاوم، وەک کەللەسەرێکی پڕ لەخۆڵ یان پەیکەری ئێسقانی مرۆڤێکی ژێر خاک و تاریکی ناو گۆڕ.پرسیارەکە پرسیارێکە کەنەک تەنها لەپرسیارە ئەزەلییەکانەوە نزیکە، بەڵکە خۆی پرسیارێکی ئەزەلییە و سێنترالی بیرکردنەوەم داگیر دەکاتبەڵام جورئەتی وەڵامدانەوەم جورئەتێکی سوقراتیانە نییە تا پیاڵەی ژەهر هەڵقوڕێنم. من تێناگەم گالیلۆ چۆن توانی ئەو هەموو ئازایەتییە لەخۆیدا بەرجەستە بکاتەوە و سەری خۆشی لەپێناو دابنێ. یان سینۆهە چۆن قەدەر ناچاری کرد وێنەی ژیانی فیرعەونەکانمان بۆ بکێشێ.من ئێستاش نازانم ئایا دوا مەنزڵگە و دوا ساتی گەڕانەوەم بەرەو تاریکی لەکوێوە دەست پێدەکات؟ ئەڵێم دەست پێدەکات نەک تەواو ئەبێ چونکە وای دەبینم کە مردن خۆی بەشێکە لەپرۆسەی ژیان. مردن شتێک نییە بێتە ڕێمان یان بەرۆکمان بگرێ، بەڵکو مردن خۆی هەر لەڕۆژی لەدایکبوونەوە لەگەڵماندایە و لەناوماندا دەژێت. توخمی ژیان هەڵگری مردنە و ژیان بەبێ مردن بێمانایی خۆی لەدەست دەدات. ئەڵێم بێمانایی چونکە هەرچەند مانا بەژیان ببەخشی لەدواجاردا تەواوی ژیان و ماناکان یەکسان دەبن بەسفر.ئەم هاوکێشەیە ئەمباتەوە ناو جیهانی جەبر و ماتماتیک. من نازانم بۆچی لەقۆناغی سەرەتایی خوێندندا فێریان نەکردین سفریش ژمارەیەکی تەواوە وەکو ژمارەکانیتر.لەجیهانی ماتماتیکدا سفریش ژمارەیەکی تەواوە و لەڕووی بەهاوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. هەرچەندە ماتماتیک و فەلسەفە نزیکایەتیان لەتەک یەکتردا هەیە و شانبەشانی گەشەی زانست ئەو یەکانگیرییە هەڵکشاوتر دێتە بەرچاو. بەڵام من لەسەرەتای هەرزەکاری و دەستپێکردنی خوێندنەوەم هەر لەخۆمەوە هەتا بڵێی ڕقم لە فەلسەفە دەبۆوە و ماتماتیکم خۆش دەویستبۆ؟ نازانم. ئەوکات تاکە بیانووم(موبەریرم) ئەوە بوو کە فەلسەفە وشکە و قورسە و لەسەرووی توانای منەوەیە و فەلسەفە کەی بەدەردی کوردایەتی و ئازادیی کورد ئەخوات! وەک ئەوەی ئازادیی بکەوێتە دەرەوەی بازنەی فەلسەفەوە.ئەم ڕەتکردنەوەیەم لەکاتێکدا بوو بێئەوەی مانای فەلسەفە بزانم چییە و کتێبێکم لێ خوێندبێتەوە.بەڵام ماتماتیکم حەز لێبوو ئەوەش نازانم هۆیەکەی ئەوە بوو هەر لە

منداڵییەوە دەمزانی پێنج فلس و دە فلس و بیست و پێنج فلس و تاد بژمێرم. لەقۆناغی مێرمنداڵیمدا گولەبەردێکی دەسکەلام هەبوو گولانم پێدەکرد و لەچقوریش دەستم باش بوو. بۆیە زۆرجار پارەم دەبردەوە و لەژماردنیشی باش بووم. من لەمێژە لەوە بوومەتەوە کەبڕوام بە خورافە (Superstition )هەبێت. لە هەرزەکاری بۆ ماوەی چوار پێنج مانگ نوێژم دەکرد و بڕوام بەئایین بەهێز بوو. کەچی دواتر وازم لێ هێنا و ئیتر نەگەڕامەوە سەری. بەڵام خورافە لەناو کۆمەڵی کوردیدا جێگای خۆی کردۆتەوە. هەڵواسینی پیرۆزە شینە بەبەردەرگای ماڵ وەک نیشانەی بەرەنگاربوونەوەی چاوپیسی، یان سەرچاککردن لەڕۆژانی سێشەممەدا تا دەگاتە نووسینی سەر ئۆتۆمبیلەکان لەچەشنی "الحسود لا یسود".لەپەیوەند بە ژمارە و ماتماتیکیشەوە هیچ ژمارەیەک بەقەد ژمارە سیانزە دووچاری نەفرەت نەبۆتەوە. خورافەی ژمارە سیانزە کە لێکدراوی هەردوو ژمارەی ئاسایی سێ و یەکە و وەختێ ئەم دوو ژمارەیە لەپاڵ یەکترەوە دادەنرێن دەبنە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ. ئەم ژمارەیە هێمای ئەگبەتی و بەدبەختی و ئەهامەتییە. لەنێو میللەتانیشدا ژمارەیەکە ڕەزا قورس و تەنانەت گەر بۆیان بلوێ ئەو ژمارەیە لەجیهانی ماتماتیکدا شار بەدەر ئەکەن. لەهەندێ وڵاتدا ئەو ژمارەیە دەپەڕێنن و دوای ژمارە دوانزە ژمارە چواردە دادەنێن وەک ژمارەی نهۆمەکانی باڵەخانە بەرزەکانی نیویۆرک. لای خۆشمان ژمارە سیانزە بە ناوچەوانەوە نووساوە. هەر کە گووتت" ناوچەوان سیانزە" واتە بێ سانش و بەدبەخت و سەری بێ رزق و ئیتر ئەم ئیدیۆمە بۆتە ویردی سەرزاران. من ناوچەوانم سیانزەیە نییە بەڵام خۆم ژمارە سیانزەم. من پاشەبەرەی خێزانەکەی خۆمانم و دوا منداڵی دایک و باوکم و دوانزە منداڵ پێش من لەدایک بوونە و من سیانزەهەمینیانم. ڕەنگە لەبەر کوڕبوونم تۆزێک ئەو نیشانەی سیانزەبوونەم کاڵ بووبێتەوە، بەڵام خۆ من بڕوام بەژمارە سیانزە و سەرتاشینی سێشەممان و خورافاتی تری لەو جۆرە نییە. کە بچووک بووم دایکم دەیشووشتمو دەیگووت" دەستی من نەبێت دەستی عەیشێ و فاتمە و زارا و زولێخا بێت" عەیشێ و فاتمە ژن و کچی پێغەمبەرن. بەڵام ئێستاش نەمزانی زارا و زولێخا کێن و چ کاریگەرییەکیان هەبووە لەسەر بیروبۆچوونەکانی دایکم؟ دایکم تا مردیش (یادی بەخێر) کەنوێژی دەخوێند لەجیاتی وەلەلزاڵین دەیگووت" وەلەلڵاڵین" و کە گەورە بووم چەندم هەوڵدا و بۆم ڕاست دەکردەوە سوودی نەبوو. هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی بووم لەسەر جادەی گشتی کەرکوک هەولێر وەختێ لەگەڵ باوکم و خزمێکی باوکم بووم، ئەوانخەریکی پیاسەکردن بوون ومن ئۆتۆمبیلێکی مارسدیسی سپی لێیدام و ئەوەندەم لەیادم بێت هەموو

لەشم خوێن بوو دایک و خوشکەکانم قژیان دەرنیەوە. من لەشم ژانی ئەدەکرد بەڵام لەترسا دەگریام. باوکم وەختبوو شێت ببێ...ئۆتۆمبێلەکەیان ئیزن دا و منیش گوێتم تۆپێکی سێ پەنجایی و نیوی لاستیکم بۆ بکڕن چاک ئەبمەوە. باوکیشم دەمودەست چوو تۆپەکەی بۆم کڕی و هەر ئەو ڕۆژە دەستم بە یاریکردن کردەوە.لەقەزای دوبز پاسکیلێکی سێتایەی شینم هەبوو کە پاشکۆشی هەبوو. بەسواری ئەو پاسکیلە لەبەردەرگای ماڵی خۆمانەوە تا بەردەرگای ماڵی دراوسێکەمان لێمدەخوڕی و ئینجا پێچێکم دەکردەوە و دەگەڕامەوە لای دەرگاکەی ماڵی خۆمان و پشوویەکم بۆی دەدا. من دڵنیام ئێستا ئەگەر بچمەوە هەمان گەڕەک دەبینم دووری دەرگاکان لەیەکترەوە لە سێ چوار مەتر زیاتر نییە بەڵام ئەوسا و بە ڕوانینی منداڵی دوورییەکی زۆر بوو. لەگەڵ دوورکەوتنەوەش لەو قۆناغەی ژیان کەچی دیمەنەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە یان تۆزێک کاڵ دەبنەوە. چوونەوە بەرەو مەنزڵگاکانی تاریکی و فەنا ڕەنگە سەرەتای قۆناغێکی تری ژیان بێت. یان هەرچییەکی تر بێت هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە مردن (لا مفر له)،بەڵام بۆ منێک کەترسی گۆڕ غەریبی تەنگی پێهەڵچنیوم وەختە وەکو ڕۆماننووسی بەرازیلیپاولۆ کۆیلۆ لەکەناری ڕووباری بیدرادا دابنیشم و بگریم.

## سەرەتاکانی تاریکی

قەدەر شتە هەرە سەیرەکان زۆر سەیر پێکەوە گرێ دەدات بەجۆرێک دوواجار ئەبێتە ئەو تابلۆیەی کەهەر کەسێک ناوێکی لێ دەنێت و بەجۆرێک تەماشای دەکات. دیار بوو قەدەری ڕەشی من لەگەڵ کودەتا ڕەشەکەی بەعسییەکانەوە دەست پێدەکات. کە بەعسییەکان یەکەمین سەرەککۆماری ئەوسای عێراق عەبدولکەریم قاسم دەکوژن و بەسەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف دەسەڵات دەگرنە دەست، هێزێک لەعەرەبەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەناوی"حەرەس قەومی" پێکدەهێنن و پەلاماری کوردستان دەدەن. ماڵی ئێمە ئەوکات لە گەڕەکی ڕەحیماوە دەبێت و باوکیشم چاوەڕوانی لەدایکبوونی سیانزەممین منداڵی دەکات کە نۆ مانگ و چەند ڕۆژێکە هاوسەرەکەی بۆی هەڵگرتووە. یەک ڕۆژ بەر لەدایکبوونی ئەو منداڵە حەرەس قەومی دەگەنە ناو کەرکووک و خەڵکی بێچەک و دیفاعی ئەو کاتەش بەناچار بەرەو ئاوشوان هەڵدێن. وەختێ ماڵەوەمان بەرەو گوندی چیمەن دەڕۆن و لەوێشەوە بەرەو گوندی ساتی. لەو ڕێگایە دایکم ژان دەیگرێت و منی

دەبێت.باوکیشم لەبەر ئەوەی هەستی کوردایەتی بەهێز بوو و لەئەنجامی خوێندنەوەی بۆ بارودۆخەکە ناوم دەنێت" شاخەوان". لە نێوان گوندەکانی چیمەن و ساتی دا دایکم کەمنی لە پارچە پەڕۆیەک پێچابۆوە لەبەر بێهێزی و ناجێگیری باری تەندروستی ناچار دەبێت من لەسەر زەوییەکە دابنێت و بڵێت" ناتوانم چیتر ئەم منداڵە هەڵبگرم". بەڵام باوکم دەگەڕێتەوە و هەڵم دەگرێتەوە. وەختێ دەگەنە گوندی ساتی دوای ڕۆژێک پشوو، مەلای ئەوکاتەی ئەو دێیە لەباوکم دەپرسێ پیرۆزە کوڕت بووە ناوت ناوە چی؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت ناوم ناوە شاخەوان چونکە لەناو ئەوشاخ و هەڵەتانە لەدایک بووە. مەلاکەش دەڵێ مادام کوڕە گەورەکەت ناوی عەلییە ئەمیش بۆ ناو نانێیت عەبدوڵا بەڵکە کوڕێکی ساڵح دەردەچێت. باوکیشم دڵی مەلاکە ڕادەگرێت و قایل دەبێت بەو ناوە و ئیتر لە دووەم ڕۆژی لەدایبوونمەوە ژیانم تەدەخولاتی تێ دەکەوێت و لەو ناوە کوردییە خۆشە بێبەش دەکرێم و قەدەرم بە عەبدوڵاوە دەست پێدەکات.

هەستی کورد بوون و هەستی هەژار بوون و سکاڵای بەردەوامی دایک و باوک لەدەست زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارەکانی عێراق ئۆتۆماتیکی ڕوحی بەرەنگاربوونەوەت لا بەهێز دەکات. باوکم لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری دەکرد کرێکارێکی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک بوو. هەندێکجار کۆبوونەوەکانی ڕیکخستنیان لەماڵی ئێمە ساز دەکرد. لەبەر ئەوەی من بچووک بووم و هیچم نەدەزانی خۆم دەکرد بە ژووری کۆبوونەوەکە و باوکیشم (یادی بەخێر) دەیگووت کوڕم بڕۆ ئەودیو بۆ لای دایکت.ئەوەی لەیادەوەری مندا ماوەتەوە و لام سەیرە کەبۆچی ئەو پرسیارەم لەباوکم نەکرد" بۆچی لە کۆبوونەوەکان بەچنچکانەوە دادەنیشتن نەک دانیشتنێکی چوارمشقی؟". ئێستا کە زۆرجار بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە وای بۆ دەچم کە لەوانەیە خۆیان بۆ ڕووداوێکی لەناکاو ئامادە کردبێت. چونکە باوکم دەمانچەیەکی هەبوو لەگەڵ تفەنگێکی ئینگلیزی. تفەنگەکەی زوو نەماو و بەڵام دەمانچەکەی لەماڵەوە لەناو سندوقە دارەکەمان هەڵگرتبوو کە دارتاش (عەلی نەجار)ی دارتاشی ڕەحیماوە دروستی کردبوو و وێنەی دوو بۆراقی لەسەر کێشابوو، کە ڕەنگە بۆ ئەوسای دایکم بە بارتەقای دوو لیرەوزنجیری ڕەشادی ئاڵتون بایەخی هەبووبێ. دەوروبەری گەڕەکەکەشمان پڕ لەجەلالی بوو کەئەوکات ململانێیەکی خوێناوی لەنێوانیاندا هەبوو. ژیانی مەلاییەک لەناو کۆمەڵێ جەلالی زەحمەت بوو و ڕەنگە زۆر شەو باوکم بەئاسانی نەنووستبێ. ڕۆژێکیان کاک عەلی برا گەورەکەم دەمانچەکەی

باوکم لەناو سندوقەکە دەدۆزێتەوە و دەیباتە کۆڵان و تەقەی پێدەکات. دایکم خێرا فریای دەکەوت و لێی دەستێنێت و بەمەش جەلالییەکان بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە باوکم دەمانچەی هەیە و ئەشیانزانی مەلاییە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ساڵی **1967** جەلالییەکان شەوێک بدەنە سەر ماڵمان و باوکم بگرن و بەنیازی کوشتن لەماڵ دەیبەنە دەرەوە. بەڵام ئەوشەوە ئەو برا چەتوونەم بەزۆر خۆی بەباوکمەوە دەنووسێنێت و جەلالییەکان ئەویش دەبەن لەگەڵیا. وەختێک بەو شەوە دەیانەوێ باوکم بکوژن براکەم دەست دەکات بەگریان و پارانەوە و ئەڵێت" توخوا باوکم مەکوژن توخوا باوکم مەکوژن" لێپرسراوەکەیان باوکم دەکاتە خاتری گریانی براکەم و باوکم لەچنگی جەلالییەکان ئەوشەوە ڕزگاری دەبێت و بۆ هەمان هەفتە ماڵمان بار دەکاتبۆ قەزای دوبز و ماوەیەک لەوێ دەمێنینەوە.

دونیای منداڵیم ئەتوانم بڵێم دونیای ترس و بەرەنگاری بوو. لەمنداڵییەوە ترس و بەرەنگاری لەگەڵمدا گەورە بوون. من تەنها ترسێکم نەبوو بەڵکو سێ ترس بەردەوام هەڕەشەیان لێدەکردم. ترسی دەسەڵات و حکومەت کە باوکم لای دروست کردبووم، ترس لە باوکم و ترس لە براکەم. هەر ئەم ترس و دۆخە سایکۆلۆژییانەش بوون دواجار فێری موغامەرە و سەرکێشیان کردم. کەبەرەنگاری هەوێنی ئەو سەرکێشیانە بوون. ئەتمۆسفیری ماڵی ئێمە ئەتمۆسفیرێکی سیاسیانە بوو. هەرکەچاوم کردەوە باوکم بینی بەدیار شڕە ڕادیۆیەکەوە گوێی دەگرت لە مۆنتیکارلۆ و ئیسرائیل و لەندەن. باوکم زمانی عەرەبی باش نەدەزانی. کە تۆزێک گەورە بووم و عەرەبی فێر ببووم، سەرم دەخستە سەری و دەمگووت باشە باوە ئەو هەواڵە چی بوو باسی چی دەکرد کە تۆ باش گوێت بۆ شل کردبوو؟ ئەویشدەیگووت کوڕە دەلاچۆ وا ئەزانی تێناگەم و هەرتۆ عەرەبی دەزانیت. یان جارجارە هەواڵی بەهەڵە بۆ دایکم تەرجەمە دەکرد. باوکم گەرچی لەزمانی عەرەبییەکەی زۆر باش نەبوو بەڵام هەستە کوردایەتییەکەی هێندە پتەو و بەهێز بوو کە ئێمەی جوان پێ گۆش کرد. من بەپێچەوانەی زۆرێک لە نووسەران لە کەشوهەوای ماڵەوەیان ئەدەبییە یان کتێبخانەیەکی بچکۆلەیان هەبووە یان کەسێکی نزیکیان کتێبی بۆ هێناوە و خوێندۆتیەوە، کەشوهەوای ماڵی ئێمە زۆر دوور بوو لە ئەدەب و تەژی بوو لەسیاسەت. ساڵی **1974** کە گفتوگۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەعس بە بنبەست گەیشت خەڵکی هەموو ڕوویان کردە پێشمەرگایەتی و ئەو برایەشم چوو بوو بەپێشمەرگە و حکومەتیش خانووەکەی حجز کردین و ڕامان کرد بۆ هەولێر. پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم لە

قوتابخانەی بلێسەی سەرەتایی کوڕان لە گەڕەکی سێتاقان تەواو کرد.لەیادمە لەکۆبوونەوەیەکی باوکاندا شیعرێکم خوێندەوە کە شیعرێکی کوردایەتی بوو و بەڵام لەیادم نەماوە شیعری چ شاعیرێک بوو، هەموو باوکەکانی ئەوێ ستایشیان کردم و بۆ یەکەمینجار باوکم بینی شانازیم پێوە بکات. بۆ شیعر لەبەرکردن زۆر خێرا و گورج بووم.زۆربەی سروودە کوردییەکان و شیعری ناو کتێبەکانی قوتابخانەم لەبەر بوو. لە پۆلی سێی سەرەتایی بووین کتێبی "پیاوە بچکۆلەکە"ی فەرەیدوون عەلی ئەمین چاپ ببوو لەگەڵ نامیلکەیەکی منداڵان ناوەکەیم لەیاد نییە و لەسەر بارینی بەفر بووگەر هەڵە نەبم بە ڕەنگاورەنگ چاپ کرابوو لای کامەران بوو کە هاوپۆلمان بوو و کوڕی مامۆستا مستەفای زمانی کوردی بوو لە قوتابخانەی سەرکەوتنی سەرەتایی کوڕان. هەرچەند هەوڵمدا کامەران نەک نەیدامێ بیان خوێنمەوە بەڵکو لەدوورەوە نیشانی دەدام و کامی کامی پێدەکردم.بەداخەوە کامەران لەسەرەتای جەنگی عێراق و ئێران کارەبا گرتی و جوانەمەرگ بوو. کە قوتابی قۆناغی سەرەتایی بووم دوو شت زۆر سەرنجیان ڕاکێشابووم. یەک : گۆی زەوی(الکرە الارچیە) و دوو: مەلەکردن بوو لە مەلەوانگەیەک کەکاشی شین لەژێر ئاوەکەوە دیار بێت و تۆپێکی ڕەنگاورەنگیش لەناو ئاوەکە بێ و یاری پێبکەی.نایشارمەوە ئەم حەزەم هەروا مایەوە تا هاتمە کەنەدا. ئێستا گۆی زەویم هەیە و وەک بەڕێوەبەری ئەوسای قوتابخانەی سەرکەوتن کەچۆن لەسەر کتێبخانەکەی دانابوو، منیش لەسەر کتێبخانە بچکۆلەکەم لەژووری نووستنەکەم دامناوە و شەو و ڕۆژ تەماشای ئەکەم.بۆ مەلەوانگەکەش ئەوەندەم مەلەوان کرد بەو تۆپە ڕەنگاورەنگانە تا وەڕس بووم.

لەساڵی **1975**لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی مامۆستا نیشۆ کە مامۆستایەکی مەسیحی بوو و زمانی عەرەبی دەوتەوە فێری ئینشا نووسینی دەکردین. بۆیە دەبوایە هەموو کتێبی "الآنشاء الکامل" بکڕین. ئەوە بوو لە کتێبخانەی "الشروق" لە شەقامی ئەتڵەس کڕیم. ئەوە یەکەم کتێب بوو لەژیانمدا کڕیم... هەر ئەو ساڵەش کتێبێکی سابیر گردعازەبانی دەرچوو بوو بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی ئەوەشم کڕی.لەسەری نووسرابوو" ئەم پەڕتووکە باشترین ڕابەر و ڕێبازە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بەزووترین کات" ئینجا لە کتێبخانەی عەسری چەند کتێبێکی وەک مەلای مەشهور و دز و قازی و تاد...م کڕی. لەیادمە لەپشتی کتێبەکان نووسرابوون" گەبعی ئەم کتێبە مەحفوزە بۆ محمد ئەمین عەسری خۆی هەر کەسی تەبعی بکا قانونەن مەسئول ئەبێ".براکەم لەهەموو ژیانیدا دووجار

یارمەتی داوم . یەکێکیان ئەوکاتە بوو کە ئینشایەکی بەزمانی عەرەبی بۆ نووسیم لەدەست سزای مامۆستا ئیشۆ ڕزگاری کردم. لەئامادەیی زێوەر حەزم زیاتر چووە سەر ئەدەب و بینیم کەسانی تر شیعر ئەخوێننەوە و کتێب دەکڕن. بەڵام من لەبەر هەژاری ئەمدەتوانی کتێب بکڕم.کەهەژاری پاڵی پێوەنام بۆ کارکردن کتێب کڕینیشی لەگەڵ پەیدا بوو و توانیم دەستم بگات بە گۆفار و ڕۆژنامەکان و لەماڵەوە کتێبخانەیەکی بچکۆلە دابنێم.

## تاریکی شیعر

کتێبخانەکەم تا دەهات قەرەباڵغتر دەبوو و ژمارەی کتێبەکانم زیادی دەکرد. خەڵکم زیاتر دەناسی و هەرچیم دەست بکەوتایە دەمخوێندەوە. واتە لەسەرەتاوە مەنهەجێکم (میتۆدیکم) نەبوو بۆ خوێندنەوە. ئەو کات چیرۆکم زیاتر دەخوێندەوە.حەزم لە شیعری کلاسیک دەکرد، بەڵام شیعری تازەی کوردیم پێ خۆش نەبوو. بەڵام دواتر ڕووم لەشیعری تازەی کوردیی کرد. لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و بەتایبەتیش لەساڵی **1981** کەدەستم دایە شیعر نووسین ئەتوانم بەم شێوەیە خۆم بخوێنمەوە. یەک : ئەوسا من شاعیر ئەبووم و لەشیعریش ئەگەیشتبووم. دوو : وەک هەرزەکارێک حەزم لەناو و ناوبانگ بوو. سێ حەزم ئەکرد بەشیعر بیروباوەڕی کوردایەتی خۆم بخەمە سەر کاغەز. ئەوساڵە هەرزەکارێکی حەقدە ساڵان بووم ڕۆژ نەبوو شیعرێک یان دووان ئەنووسم. دیارە بەدڵنیاییەوە ئەوەی لەو سەردەمەدا ئەمنووسی جگە لە وشەڕیزکردن و وڕێنەی هەرزەکارێک هیچیتر نەبوون. ئیتر ئەوەندەی خەریکی شیعر ئەبووم خەریکی وانەکانم نەئەبووم لە قوتابخانە. ئەوە بوو دەفتەرێ شیعرم نیشانی برای بەڕێزم شێخ ئەیب بیرەسپانی ڕۆشنبیر و چیرۆکنووسدا. شێخ ئەیب هەم لەتەمەن لە من گەورەتر بوو و هەمیش زۆر لەمن وریاتر و ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بوو. وەختێ شێخ ئەیب شیعرەکانی خوێندبۆوە لە تێبینییەکانیدا باسی شیعری کردبوو و لەکۆتاییدا نووسیبووی " مەنووسە..مەنووسە..مەنووسە... مەنووسە.. بخوێنەوە.. بخوێنەوە..
بخوێنەوە" نایشارمەوە ئەوکات ئەو سەرنج و تێبینییانەی شێخ ئەیبم پێخۆش نەبوو، ئەگەر چی دواتر زانیم شێخ ئەیب زۆر لەسەر حەق بوو

شیعرەکانی ساڵی 1982 م بەبەراورد بەساڵی 1981 بڕێک باشتر و قووڵتر بوون و ئیتر هەوڵمدا لەئاستێکی تر شیعرەکان گوڵبژێر بکەم و لە دوو دەفتەری سەد لاپەرەیی نیشانی مامۆستای مامۆستای چیرۆکنووس عەبدوڵا سەراجی بدەم. ئەوە بوو ڕۆژێک پێم لەجەرگی خۆم نا و دەفتەرەکانم دایە دەست مامۆستا عەبدوڵا سەراج. ئەویش گووتی هەفتەی داهاتوو وەرەوە دەفتەرەکانت بەرەوە. منیش ڕۆژم ئەژمارد تا هەفتەکە تێپەڕی و چووم دەفتەرەکانم وەرگرتەوە. مامۆستا عەبدوڵا سەراج لەکۆتایی شیعرەکاندا نووسیبووی" شیعرەکانتم خوێندەوە. هەندێ وێنەی جوانی تێدان، ئەگەر هەوڵ بدەی ئەتوانی شتی جوان بنووسیت" ئەم تێبینییەی مامۆستا سەراج بووە هاندەرێکی پتەو وبەهێز تا بتوانم بەردەوام بم لەسەر شیعر. لەگەڵ قاڵبوونەوەی زیاتر و ناسینی زیاتری شیعر وردە وردە هاتمە سەر ئەوەی خۆم لەقەرەی بڵاوکردنەوە بدەم. ئەوە بوو کەوتمە ناردنی شیعر بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان. شیعرم لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و گۆڤاری کاروان بڵاو کردەوە.لەپەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکوک ئاسۆیەکی بەرینترم بەرووودا کرایەوە و نزیکایەتیم لەگەڵ مەهاباد قەرەداغی شاعیر و عەلی کەریم ( ئەو بەڕێزە ئەو کات لەناو کتێب و خوێندنەوەقاڵ ببۆوە و دەینووسی بەڵام وا بزانم هیچی بڵاو نەدەکردەوە)و ئاریان فەرەجی چیرۆکنووس و سەلاح حەسەن پاڵەوانی نووسەر پەیدا کرد. لەو بەرێزانە تەنها کاک ئاریان فەرەج چەپ بوو و چەپانە بیری ئەکردەوە و گەلێ شەوان بەتایبەتی شەوانی هەینی لە بەشی ناوخۆیی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکوک لای کاک ئاریان دەمامەوە و ئەویش چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنی بۆ من و ئەو قوتابیانە دەخوێندەوە کە سەفەریان ئەکردبۆوە بۆ شارەکانی خۆیان. کاک ئاریان زۆر ستایشی عەبدولوەهاب بەیاتی دەکرد و هەوڵی دەدا بیخوێنێتەوە. خاتوو مەهاباد قەرەداغی زیاتر ناسیونالیست بوو و من و سەلاح حەسەن پاڵەوانیش هەر بەو جۆرە. ساڵی 1983 بەشداری کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەم کرد لەشاری هەولێر. ساڵی 1984 خاتوو مەهاباد قەرەداغی بەنیاز بوو بڵاوکراوەیەک دەربکات بەناوی " هاواری گەرمیان" و من بەشیعرێک بەشداری ژمارە یەکم کرد بەڵام بەداخەوە لەلایەن دەزگای سانسۆری بەعسەوە لەبەغدا ڕێگەی پێنەدرا. هەر ئەو ساڵە من لەڕێگەی " پڕۆژەی سەد کتێبی کوردی" کە کاک جەمال خەزنەدار لەبەغدا سەرپەرشتی دەکرد هەوڵمدا دیوانێکی شیعری خۆم بەچاپ بگەێنم بەناوی"هاوارێک بۆ ڕاپەڕین"و کاک جەمال زۆری پێخۆش بوو بەڵام ئەم بەرهەمەش دیسانەوە لەلایەن دەزگای سانسۆری بەعسەوە لەبەغدا ڕێگەی پێنەدرا و لەسەر لاپەرەی یەکەمی دەفتەرەکە بەزمانی عەرەبی

نووسرابوو" ئەم شیعرانە بەهیچ شێوەیەک نابێ بڵاو ببنەوە"یان ڕەفزێکی لەو جۆرە بووبەزمانی عەرەبی کەباش نایەتەوە یادم.

پەیوەندی من خاتوو مەهاباد قەرەداغی پەیوەندییەکی پتەوی ئینسانی بوو. کاتێک لەساڵی **1986** لە پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکوک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوک گیرام خاتوو مەهاباد قەرەداغی زۆر جەربەزانە هەر ئەو کاتە خۆی گەیاندبووە ماڵەوەمان و کتێبە قاچاخەکانی لەنێو کتێبخانە بچکۆلەکەم دەرهێنابوو و دابوویە دەستی دایکم و شاردبوویانەوە. دایکم و خوشکم دەیانگووت مەهاباد لەگەڵ دەست دانە هەر کتێبێکدا هۆن هۆن فرمێسکی لەچاوان دەهاتە خوار. بۆ من مەهاباد ئەو مرۆڤەیە و جوانییەکەی هەرگیز لام کاڵ نابێتەوە جا بیرکردنەوەی هەرچییەک بێت.

ساڵی **1984** لەڕێگەی هاوڕێ و هاوپۆلی بەڕێزم کاک عەباس حەمە حەمە عەزیز کە خەڵکی شاری قەڵادزێ بوو شیعری " هاتم بۆ لات" م نارد بۆ بەڕێز کاک غەریب پشدەری شاعیر لە قەڵادزێ.کاک غەریب پشدەری شاعیریش جوان شیعرەکەی خوێندبووەوە و گەلێ سەرنج و پێشنیاری بەسوودی بۆ نووسیبووم و بەشیعرێکی بەرگری و شۆڕشگێڕانەی لەقەڵەم دابوو، بەداخەوە ئەو نامەیەش لەکاتی گیرانم لەئەمنی کەرکوک ماڵەوەمان لەگەڵ چەند کاغەزی تر فەتاندبوویان. . لە ساڵی **1984**دووەمین ساڵڕۆژی شەهیدانی قازان (شەهید کردنی دوانزە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بەدەستی ڕژێمی بەعس و جاشەکانی قالەفەرەجی گۆڕبەگۆڕ) لە گوندی کڵاوقووت ئاهەنگێک سازکرا و منیش بەشدار بووم و شیعری "ماڵئاوایی"م خوێندەوە. ئەم شیعرە دەنگدانەوەی هەبوو و زۆریشم پێخۆش بوو ئاستی نووسینی شیعریم گەیشتۆتە ئاستێک کە جێگای ڕەزامەندی خەڵکە. ئەمەش لە ئەنجامی گوێبیستنی کاسێتێکی شریت لام دروست بوو کە لەساڵی **1984** لەگوندی دارەمان لەناوچەی ساڵەیی کەرکوک سەردانی هاوڕێ و پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاک کاروانم کرد و لەوێ گوێم لە کاسێتەکە بوو. هەر هەمان ساڵ لەپەیمانگای تەکنەلۆژیای کەرکوک لەسەر نەکردنی جەیشی شەعبی دەرکرام. ڕاگری پەیمانگا بە تەنسیق لەگەڵ حیزبی بەعس **58** خوێندکاریان دەرکرد کە من یەکێک بووم لەو خوێندکارانە. ئەوە بوو لەسەر ئاستی سەراسەری و کوردستان بەتایبەتی خوێنداکارانی زانکۆی سەلاحەدین و موسڵ مانگرتنمان ڕاگەیاند و خوێندکارانی زانکۆکان گەڕانەوە بۆ ماڵ و

خوێندکارانی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکویش هەر لەناو پەیمانگا ماینەوە و درێژەمان بە مانگرتندا. سەرەتا چەند خوێندکارێک وەک نوێنەر چوونە لای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پرسیان پێکردبوون کە گوایە هەڵوێستمان هەیە و دەرکراوین لەپەیمانگا چیبکەین؟ کەچی مام جەلال زۆر ڕاشکاوانە پێیگووتبوون بۆ جەیشی شەعبی ناکەن. بڕۆن بیکەن. ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خوێندکارانی بێهیوا کرد لە یەکێتی. بەڵام ئێمە نە جەیش شەعبیمان کرد و نەبەقسەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان کرد. لەمانگرتن بەردەوام بووین تا سەرکەوتین. ئێمەی خوێندکارانی پەیمانگا لەبەردەم بەشی کارەبا لەدەرەوە لەناو باخچەکە دانیشتین و ئەو کات پارێزگاری کەرکوک و بەرێوەبەری لقی حیزبی بەعسی کەرکوک و ئەمنی پەیمانگا و ژمارەیەک بێشومار لە ئەمن و هێزە تایبەتییەکان و موخابەرات لە وێدا بوون. باران نم نم دەباری و پارێزگاری ئەوسای کەرکوک کەناوەکەیم لەیاد نەماوە داوای لێکردین بچینە ناو قاعەکە تاکو باران تەڕمان نەکات. بەڵام ئێمە داواکارییەکانی خۆمان نووسیبوو  ولەچەند خاڵێکدا پێشکەشمان کردن کە گرنگترینیان بریتی بوون لە گەڕانەوەی خوێنکارە دەرکراوەکان و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکان. ئەوە بوو پارێزگای کەرکوک بڕیاریدا و داواکانی بۆ جێبەجێکردین و سەرکەوتین و هەر لەبەر ئەو بارانەش کردمانە شایی و هەڵپەڕکێ و پارێزگاریش هەڵپەڕی لەگەڵمان.

لەم سەروبەندانەدا بەڕێکەوت تووشم بوو بەکچێکی خزمی خۆمان (یادی بەخێر) کە ئەوکات پۆلی سەشەمی ئامادەیی بوو . کەوتمە داوی خۆشەویستی یەکلایەنەوە لەگەڵ ئەو کچەدا. چیرۆکی ئەم کچەو سووتانم بۆی هێندە کاریگەری هەبوو کە ئامادە بووم هەموو شتێک بکەم لەپێناو گەیشتن بەو کچە. هەرچەندە ئەو عەشقەم بەناکامی سەری نایەوە، بەڵام شەوەهای شەو بەدیار گۆرانی "انساک" ی "ئوم کەلسوم"ەوە لەگەڵ دوکەڵی جگەرە ڕۆژم ئەکردەوە. لەناکامدا دوو دەفتەر شیعری دڵداریم نووسی کە بەشێکی زۆریان شیعری خراپ  نەبوون. من شیعرەکانم بڵاو نەکردەوە. دوا جاریش کە هاوسەرگیریم لەگەڵ کەسێکی تردا کرد بەداخەوە سەرجەم شیعرە دڵدارییەکانم فەوتاند. ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو لەژیانمدا کردم و هەمیشە ئەڵێم خۆزگە قەت ئەو کارەم نەکردایە.لەنێوان ساڵانی **1986- 1989** بەچڕی خەریکی ئەدەبیاتی کرێکاری بووم. بێجگە لە کتێبەکانی مارکس و ئەنجلس و لینین و مەنسوری حیکمەت و نووسینەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ،

خەریکی کلتووری سۆشیالیستی و ئەدەبی سۆڤیەتیش بووم. خوێندنەوەی مایکۆڤسکی و گۆرکی و سابت ڕەحمان و ئەمیل زۆلا و جاک لەندەن و بلیخانۆڤ و برێخت و گەڕانەوە و دووبارە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە کوردییانەی لەسەر ژیان و خەباتی چینی کریکار دەدوان. شیعرەکانی ئەو ساڵانەم پرۆفەیەک بوون لەسەر نووسینی شیعری کرێکاری. گۆڤاری ڕابەر دەروازەیەکی بۆ خستمە سەر پشت تا شیعرە کرێکارییەکانم بڵاو بکەمەوە. دواتریش لە ساڵی **1989** دیوانی"چرای شۆڕش" م وەک کتێبی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەدەستنووس بڵاو کردەوە. ساڵی **1990** یش کتێبی" دیوارەکان ئەڕوخێنین" م بڵاو کردەوە کە بەشێک لەشیعرەکانی برتۆڵد بریخت بوون و لەعەرەبییەوە وەرم گێرابوونە سەر زمانی کوردی و هەر بەدەستنووس و لەژێر ناوی "دلاوەر حوسێن"دا بڵاوم کردەوە. برینداربوون و سووتانی دەستەکانم لە ڕاپەڕین بۆ ماوەی چەند مانگێک نەمتوانی قەڵەم بەدەستمەوە بگرم. بەڵام دواتر وردە وردە دەستم خۆی گرتەوە و دەستمکردەوە بە نووسین. بەڵام ئەمجارەشیان بۆ شیعر و یەکێتی بێکاران لە کوردستان بوو بەتایبەتی کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران بووم. ساڵی **1992** دیوانی " چاوم لێیە" و دیوانی چەند گۆرانییەک لەجەنگەڵستانی ژیانەوە"م بە چاپ بڵاو کردەوە. دوای ئەو ماوەیە بەتەواوەتی لەشیعر دوور کەوتمەوە و لەبواری نووسینی شیعردا نەتوانم بڵێم لەقۆزاخەی متبووندا بووم، بەڵام زیاتر خەریکی کاری جەماوەری بووم. ساڵی **1992** یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان و لەساڵی **1993** یەکێک بووم لەدامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق. ساڵی **1997** بووم بەئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا کەلە سوید دەردەچوو. لەو گۆڤارە درێژەم بەچالاکی ئەدەبی و شیعری خۆم دا تا ساڵی **1998** وازم لە ئەندامبوون لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هێنا. هەر ئەو ساڵە واتە ساڵی **1998** بەبۆنەی تیرۆرکردنی هاوڕێیان شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل بەدەستی کۆنەپەرستان لە کۆڕی ماتەمینییان کە کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ڤانکۆڤەر سازیدابوو، قەسیدەی "گڕەسوار"م خوێندەوە. ساڵی **1999** لەگەڵ هەریەک لە بەڕێزان عەدنان کەریم(ئەحمەد موعین) و وەستا جەلال و کاک حیسام و سەردار بابان و کاوە حەسەن جەباری یەکێک بووم لەدامەزرێنەرانی ڕێکخراوی"بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی عێراق" و هەر ئەو ساڵەش وازم لەو بزووتنەوەیە هێنا و ئینجا بۆ هەمیشە لەکاری ڕێکخراوەیی

و حیزبی دوور کەوتمەوە. ساڵی **2000** یش لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا وازم هێنا، چونکە هەستم ئەکرد گۆڤارەکە لەجیاتی بایەخدان بەئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری زیاتر بەرەو بەرگری لە حیزبی کۆمۆنیست کرێکاری عێراق و ئێران هەنگاو دەنێت. پاشان کەوتمە کارکردن بۆ دۆزینەوەی دەنگ و ڕەنگی خۆم. ئەوجا دیسانەوە کەوتمەوە بایەخدان بە شیعر و برەودان بە نووسین. ساڵی **2001** کۆڕێکی شیعریم لەسەر تۆڕی پاڵتاک سازداو وژمارەیەکی زۆر گوێگرم هەبوو. ئەم کۆڕەم لەژووری کوردیش یونایتد بۆ بەڕێوە چوو و بەڕێزان کاک ماجید فاتح و کاک بێکەس گەرمیانی کۆڕەکەیان بەڕێوە ئەبرد. لەماڵەوەش بەڕێز کاک هەمزە ساڵح بەدرێژایی کۆڕەکە یارمەتی دام. ساڵی **2005** دەزگای ئاراس دیوانی " ڕژانی دڵۆپەکانی مەنفا" ی بۆ چاپ کردم. لە یانزەی کانوونی دووەمی ساڵی **2010** ش ماڵی کورد لە ڤانکۆڤەر کۆڕێکی شیعری بۆ ڕێکخستم و ژمارەیەک شیعری تازەی خۆم خوێندەوە. ئەو کۆڕە کاک ڕزگار عومەر بەڕێوەی برد و ژمارەیەک لە شیعردۆستان ئامادەی بوون. ئیتر لەو ڕۆژەوە بەردەوامم لە نووسین و تا ساتی نووسینی ئەم بابەتە هەر بەردەوامم. ئێستاش نازانم شیعر بەرەو کوێم ئەبات و داهاتووی شیعریم چۆن ئەبێت.

لەسەرەتای هەشتاکاندا کە دەستم بە شیعر نووسین کرد، سەرەتا پێم وابوو ئاسانترین نێچیرم ڕامکردووە و پێدەشتێکی سەوزی پڕ لەبەختەوەریم لەئامێز گرتووە. بەڵام لەگەڵ هەرچی دەستوپەنجە نەرمکردنی زیاتر و قووڵبوونەوەی زۆرترم لەم تەلیسمە، زیاتر و زیاتر وەکو گۆمێکی بێبنم دەهاتە بەرچاو کە هەرکەسێک لەلایەکەوە بەردێکی تێدەهاوێ و هەریەکەش بەجۆرێک گوێی لە شڵپەی بەرد تێهاویشتنەکەی دەبێ و هەریەکەش بە شێوەیەک بازنە یەک لەدوای یەکەکانی بەرد تێهاویشتنەکەی دەبینێت. دواجاریش ئاڵوگۆڕە یەک لەدوای یەکەکانی تێگەیشتنم بۆ شیعر و ماهیەتی شیعر، ئەو ڕاستییەی لا بەرجەستە کردمەوە کە شیعر پەناگەیەکە دەتوانم لێوەی دەست بۆ ڕوح بەرم، بەڵام تا ئێستاش ناتوانم بڵێم شیعرم گوتووە. دیارە ئەمەش لە ترسێکەوە سەرچاوە دەگرێت کەساڵانێکە سەرتاپای هۆشی داگرتووم، ئەویش ترسی لەهەق نەهاتنی شیعرە. حەز دەکەم ئەو ڕازەش بدرکێنم کە چەندین جار سەرزەنشتی خۆمم کردووە لەوەی بۆ سەرەتا بە چیرۆک دەستم پێکرد و دواتر هاتمە نێو شیعرەوە. ئێستاش هەرچەند دەکەم ناتوانم بچمەوە لە دەرگای نووسینی چیرۆک بدەمەوە و تازە لەگەڵ

شیعر پەیمانیکی زۆر جیددیم مۆرکردووە و تێکەڵ بەروحم بووە و جیابوونەوەی مەحاڵە.

من لە ڕێگەی شیعرەوە ویستوومە و دەمەوێت بوونی خۆم ڕابگەیێنم. دەمەوێت بڵێم چەند جوانە زیندوێتی و ژیان و ئازادی و عیشق و شیعر.چەند جوانە وەستان لە ژێر باران و ڕوانین لە کۆچی باڵندە و تەماشاکردنی خۆرئاوا بوون و لەرەی دار و وەرینی گەڵا و گریان و پێکەنینی مرۆڤ و تووڕەیی هەور و ...تاد، لەمانەش جوانتر ئەو وشانەن کە ئەم دیمەنانە بەرجەستە دەکەنەوە و ڕەنگڕێژی دەکەن.

من خۆم  قەرزاری هیچ شتێک نیم، بەڵام خۆم زۆر بەقەرزاری زمان دەزانم. خۆم بەقەرزاری شیعر دەزانم چونکە ئەو بوارەم پێدەبەخشێت کە ڕوحی خۆم بدوێنم و کەسانێکیش بە دەربەندە پڕ پێچ و پەناکەی ڕۆحم ئاشنا بکەم.

زمانێک کە من شیعرم پێی نووسیوە و پێدەنووسم نەیتوانیوە ببێتە هۆکارێک ،فاکتەرێک بۆ ناسینەوەی شیعرەکانم. من زمانێکی تایبەتیم نییە شیعری پێ بنووسم، هەر لەو کەین و بەینەی شیعری کوردی دووچاری بووە، منیش دیدار و خەون و گفتوگۆ و شەڕەکانی هەست و ڕوحی خۆم ئەنووسمەوە .ئەگەر خەیاڵ برێک سنووردار بێت لە شیعری مندا و ئاسۆیەکی زۆر بەربڵاوی نەبێت ئەوا من بەردەوام ئۆباڵی ئەم سنووردار بوونی خەیاڵەم خستۆتە ئەستۆی سیاسەت و تێکچوونی فەزای خەیاڵم بەسیاسەتەوە گرێداوە و کارم کردووە و کاریش ئەکەم بۆ ئارایشتدانەوەی ئەو فەزای خەیاڵە. چونکە کارکردن لەبواری حیزبی و جەماوەری ئیشکردنە لەسەر یەقین و فاکت نەک گومان و ئەندێشە. ئەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی خەیاڵ.ڕەگەزێکی بنەڕەتی ئەدەبیش ئەندێشەیە.لاوازی ئەندێشە و کاڵبوونی فەنتازیا لە دەق ئەبێتە مایەی نزیکبوونەوەی دەق لە قسەی ئاسایی نەک داهێنان.

من لەسەرەتای نووسینی شیعریمدا زۆر کێشەم لەگەڵ جورئەتدا نەبووە. چونکە جورئەت بۆ من هەر تەنها هاتنە دەنگ نەبووە ئەوەندەی خستنە سەر کاغەز بووە، بەڵام دوواتر ترسەکانم لە لەهەق نەهاتنی شیعر جۆرێک بوونە لە ناجورئەتی کە هانیان داوم زیاتر لە خۆم نزیک ببمەوە خۆم باشتر بناسم. مرۆڤ چەند زیاتر خۆی بناسێت ئەوەندەش باشتر دەتوانێت دەوروبەر و کۆمەڵگا و دیاردەکان

بناسێت. بۆیە لەگەڵ هەڵکشانی تێگەیشتنم لە شیعر و دونیای شیعر لەو ناستە لەجورئەت دوور کەوتوومەتەوە.

شێوازی نووسینی شیعر لای من هەندێک جار زۆر نانۆرماڵ و غەریبە جار هەبووە لە ماوەی چەند مانگێکدا چەند شیعرێکم نووسیوە و جاری واش هەبووە لە ماوەیەکی درێژدا شیعرێکم بۆ نەنووسراوە. من دانی پیا دەنێم کە تا ئێستاش نازانم شیعر سەنعەتە یان ئیلهام یان تێکەڵییەکە لە ئیلهام و سەنعەت و مەعریفە؟. بەڵام ئەوەم لاڕوونە کە بیرۆکەیەک یەخەم پێ دەگرێ یان وێنەشیعرییەک بە مێشکەما گوزەردەکات دەبێ خێرا دەست بۆ قەڵەمەکەم ببەم و بینووسم ئەگینا کەتێپەری بەسەرما ئیتر نایەتەوە. من زۆر دیمەنی شیعریم لە سەر پارچە کاغەزو کەرتە کلینکس و ڕوپەری ڕۆژنامە نووسیوە و دواتر ئەو پارچانە بوونەتە شیعرێک .جار هەبووە هەندێ لە و پارچانە زیاتر لە ساڵ و دووساڵ مەودای زەمەنیان لە نێواندا هەبووە .

کەش وهەوای نووسین لای من پێگەیەکی گرنگی هەیە. من زۆر حەز بە بێدەنگی دەکەم و پێم خۆشە کە دەنووسم لەم دونیا جەنجاڵە بڕۆمە دەرەوە و لە خۆم زیاتر کەسی تر نەدوێنم. زۆربەی نووسینەکانم لە بێدەنگیەوە لە دایک بوون و لە کاتی نووسیندا فەزایەکی خاوو شل یان وەبێدەنگ دەستەمۆم دەکات، تەنانەت لە پڕ هات وهاوارترین و فەوزا ترین فەزادا من لە بازنەی بێدەنگی نایەمەدەرەوە و هەر بەجەستە لە سەر زەویم ئەگینا بەڕوح و خەیاڵ لە دوورگەکانی بێدەنگیدا خەریکی ژوانم لەگەڵ وشەو شیعر.

من بێجگە لە کتێبخانەکانی کەرکوک، زوو زوو سەرم لە کتێبخانەی حەیدەریش دەدا لەهەولێر و دەچوومە لای مومتاز حەیدەری و باسی ئەدەب و نووسینمان دەکرد. هەر سەفەرێکم بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانییکردایە، بە باوەشێک کتێبەوە دەگەڕامەوە. ئیتر وای لێهات کتێبخانەکەم پڕ لە کتێب بوو وژوورەکەم سێ تاقی هەبوو، تاقەکانیش پڕ ببوون لەکتێب. خوێندنەوە بەشێوەیەک ببووە بەشێک لەژیانم بەردەوام کتێبم بەدەستەوە بوو، دایکم وای دەزانی شەو و ڕۆژ خەریکی خوێندنی قوتابخانەم بەڵام باوکم دەیزانی دونیا چ باسە و دەیگووت" بەس خۆت بەفەتارەت نەدەیت قەیناکە".

وەک گووتم گیانی بەرەنگاربوونەوە هەر لەمنداڵییەوە خۆی لەڕوحم هەڵسوو بوو. لەمنداڵییەوە لەگەڵ ڕاکردن و ڕاونان و گرتن و ترسدا گەورە بووم. بۆیە هەر لەسەرەتاکانی ژیانی هەرزەکاریم لەجیاتی دەستڕاگەیشتن بە خۆشگوزەرانی ژیان و گەشت و سەیران و ڕابواردن، لەجیاتی دەست خستنە ناو دەست کچە دەزگیران و گەشت و سەفەر، پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. ئەم پەیوەندی کردنە بۆ باروودۆخی کوردستان زۆر نۆرماڵ و ئاساییە بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵی کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر ژیانی گەنج بەجێدەهێڵێت. لەو تەمەنە هەرزەکارەییەم هەر لەناملیکەی سیاسییەوە تا دەگاتە تەماشاکردنی فلیمی سینەمام دەقۆستەوە. لەیادمە ساڵی 1982 کاتی فلیمی First Blood) )ی ئەکتەری هۆلیودی ئەمریکی سیلفستەر ستالۆن(ڕامبۆ) لەسینەما سەلاحەدین ئیشی دەکرد هەرچی گەنجی ئەوکات هەبوو هاتن بۆ بینینی ئەو فلیمە چونکە ناوەرۆکەکەی لەسەر غەدر و وزڵم بوو.یان فلیمی شوعلەی هیندی کەلەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە سینەما عەلەمین ئیشی دەکرد. لە کەرکوکدا سیاسەتکردنەکەش بەهۆی ئەو باروودۆخە تایبەتیەوە زۆر جیددی بوو. سەرەتای هەشتاکان بۆ کەرکوکییەکان سەرەتای تێپەڕاندنی قۆناغێکی گرنگ بوو لەپەیوەندی تەوقیبەندی گەڕەک و هاتنە دەرەوە و تێکەڵبوونی زیاتری گەنج و خوێندەواران و ڕۆشنبیران. شەقامی جمهوری مەڵبەندی ئەو لەیەک خشاندنە بوو و ببووە چاوگی ئەدەب و سیاسەت.ئەو سەردەمە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بەم شێوەیەی ئێستا نەبوو. نە ئیمەیل و نە مۆبایل نەبوون. بەڵام ئێواران ئەوەی مەبەستت بوو لەو شەقامە دەتبینی.تەنانەت وای لێهاتبوو ڕۆژ نەبوو لەگەڵ هاوڕێیانێکدا باسی کتێب و شیعر و سیاسەت نەکەین. من نازانم سیحری ئەو شەقامە چی بوو؟ لەیادەوری ئێمەدا جێگایەکی گرنگی داگیر کردووە. هاتن بۆ شەقامی جمهوری بە باسی پۆڵەندی(تڕحێو)ی چاران و دابەزین لەبەردەم سینەما سەلاحەدین و ڕەتبوون بەلای باڵەخانەی شوکر ئەجاردا و ئینجا گەیشتن بە فەلافلەکەی فاتیح کۆپرلو و دوو لەفەی پڕ لە ساست دەخوارد و ئینجا تۆزێک خوارتر دەگەیشتیتە کتێبخانەی گەل کەکاک سەلاح خاوەنی بوو. دوای چاوگێڕانێک بە ناو کتێبخانەکە و شۆڕبوونەوە تا گەیشتن بە چایخانەی شموع. ئەم چایخانەیە تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە "کەپل"کچ و کوڕ دەیانتوانی لەوێدا دابنیشن و ئەتمۆسفیرێکی زۆر ڕۆمانسی هەبوو و ئەو

جێگایەش ببووە جێگای ئێمە و قاوەمان لێ دەخواردەوە. ئینجا بەرەو کتێبخانەی ئاسۆ کەدواتر بەعس ناوەکەی پێیکردە (الگلیعه) ئینجا سڵاوکردنێک لە کاک جەباری ئاسۆ. کاک جەبار هەرچەندە کەمیش قسەی لەگەڵ بکردیتایە بەڵام زوو دەیتوانی ناخت بخوێنێتەوە. قاتی دووەمی کتێبخانەی ئاسۆ جگە لەخۆی تەنها ئەو کەسانە ئەیانتوانی بچنە ئەوێوە کە جێی متمانەی بوون. لەو قاتە کتێبی زۆر باش و تارادەیەک قاچاخەکانی لێ دانەنا وەکو کتێبە مارکسییەکان. هەر کاتێک کتێبی تازەی بهێنایە ئەیچرپاندە گوێتا و ئەینارديتە سەرەوە.ئەمەش لوتکەی دڵسۆزی و ئەو پیاوە بوو بۆ ڕۆشنبیرانی کوردی شارەکە. تۆزێک لەولاتریش دەگەیشتیتە لای ئۆرزدی کۆن و پەڕینەوە بەرەو باڵەخانەی خانلخەلیلی و گەڕانەوە بەلای گازینۆی سەمیرەئەمیس کەدواتر بووە هۆڵی نمایشی هونەری و ژمارەیەک لە هونەرمەندانی کوردی کەرکوک پێشانگای تایبەتیان لەوێدا کردەوە وەک هونەرمەندان ئاشتی گەرمیانی و ئەرمین ئەحمەد ئەسوەد و فەلاح عومەر و ئاری بابان و کاکەییەکان و تاد. و هەڵگەڕان بە شەقامەکەیا تا دەگەیشتیتە لای دەرمانخانەی فەخری و وێنەگری ڕەمەزان زامدار و ئینجا چایخانەکەی ئەبو عاسی و پاشان لەفەکەی عەباس. ئەم شەقامە بەبڕوای من هەڵگری کۆمەڵی دەلالەتی کلتوورییە. شوێنی بەریەککەوتنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی کەرکوکیش بوو. من هەرچەندە تا لەکەرکوک بووم نەرۆژێک کۆڕێکی ئەدەبی تورکمانیم بینی و نە ئەدیبێکی تورکمانی ناوداریشم بەرچاو کەوت. بەڵام کورد ئامادەیی تەواوی هەبوو لەو شەقامەیا. لەتیف هەڵمەت و عەبدولا سەراج و محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە و مارف عومەرگوڵ و عارفی برای و نەوزاد ئەحمەد و بنەماڵەکەیان،موعتەسەم ساڵەیی و محەمەدی برای و کاکەییەکان و زۆری تریش کەرەنگە من ناوەکانیانم لەیاد نەمابن یان نەمناسیبن. ئەدیبەعەرەبەکانیش من ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا نەبوو. چونکە ڕۆژ نەبوو بەهۆی سیاسەتی تەعریبی بەعسەوە عەرەبی هاوردە نەهێنرێن بۆ ئەو شارە بۆیە زەحمەت بوو ئەو پەیوەندییانە ڕایی بکرێن بەتایبەتیش بۆ من کە چالاکانە سەرقاڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم.

بەهەرحاڵ ساڵی **1985** بۆ کەرکوکییەکان هەر تەنها ساڵێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ساڵێک بوو پڕ لە هەوڵدان لەپێناو مانەوە، هەوڵدان بوو لەپێناو سەلماندنی بوون و بەگژاچوونەوەی سەرجەم هێماکانی تاریکی. ساڵێک بوو گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعس بەبنبەست گەیشتبوو و بەعسیش کەوتبووە

ڕەشبگیری و ڕاونـان و فشارهێنانی زۆر بۆ ئەتەوە جیاجیاکـانی شـاری کەرکـوک بەتـایبەتی کـورد و تورکمـان. لەم نێوەشدا ئەوەی تـازە و گەنجـانی شـاری کەرکـوک بەهەر هـۆیەک بۆیـان کرابـێ دژ بە ڕژێمـی بەعـس وەسـتابوونەوە. سـازدانی ئەو کـۆڕە شـیعرییەی ئـێمەش وەسـتانەوەیەکی تـری ئـێمەی گەنـج بـوو دژ بەزوڵـم و نـادادپەروەری. بـۆ ئەنجامـدانی کـۆڕێکی ئەدەبـی لەو چەشـنە دەبـوایە ڕەزامەنـدی بەڕێوەبەری کاروبـاری ڕۆشـنبیری وەربـگرین کە نـاوی "مرشـد الزوبیدی" بـوو. ئەم کابرایە چێمتمانەی حیزبی بەعس بوو. ئەوە بوو من و بەڕێزان ئەوزاد ئەحمەد ئەسـوەد و تـاریق کـارێزی و عەبدولـستار شـوانی و مـحەممەد سـاڵەیی و ئاشـتی مەهدی چووین بـۆ لای مورشد زوبەیدی. ئەویش گـووتی لاریـم نییە بەمەرجێـک دەقەکان وەربـگێردرێن بۆ سەر زمانی عەرەبی. من لەو دانیشتنەدا زۆر موناقەشـەم کــرد لەگەڵ مورشــد و تەنــانەت گەیــشتینە ئەوەی کە کــۆڕەکە نەبەســتین بەس بەعەرەبـی ئەخـوێنرێتەوە. ئەوە بـوو مـن هەسـتام و چـوومە دەرەوە و جەمـاعەتیش بەدوامەوە. دواتـر بـرادەران ڕەخنەیـان لێگـرتم گووتیـان تـۆ زۆر توونـد بوویـت و قەینـاکە بـا شـیعرەکان تەرجەمە بکـرێن. ئەوە بـوو ئەوان بەبـێ مـن چـوونەوە لای مورشد زوبەیدی و پێیان گووتبوو ببوورە عەبدوڵا سلێمان عەرەبییەکەی باش نییە و ئەیتوانی جوان مەبەستەکەی دەربڕێت. مورشدیش ئاوا وەڵامی دابوونەوە" ئێوە باسـی چـی ئەکەن، عەبـدوڵا بە عەرەبییەکـی زۆر وازح و جـوان قـسەی ئەکـرد و چاک ئەمزانی مەبەستی چییە" بەهەرحاڵ دواتر مۆڵەتمـان وەرگرت و کۆڕەکەمـان لە 27ی حوزەیرانی ساڵی **1985** لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوک سازدا. لە بەشداربووانی کۆڕەکە تەنهـا نـاوی خـۆم و کـاک هـادی عـومەر و عەبدولـستار شوانی و هیوام لەیاد ماوە. شیعرەکان هەموو بەهەڵوێـست بـوون. من لەوێدا چەند شــیعرێکم خوێنــدەوە کە نــاوی یەکێکیــانم لەیــاد مــاوە" دڵۆپێــک لەدەریــای خۆشەویستی"بوو.

کـۆڕەکە لە هـۆڵی کتێبخـانەی گـشتی شـاری کەرکـوک بەڕێوەچـوو. کـاک ئەوزاد ئەحـمەد ئەسـوەد و کـاک تـاریق کـارێزی شـیعرەکانیان وەرگێرابـووە سـەر زمـانی عەرەبـی .ئـێمە شـاعیرەکان شـیعرەکانمان بە زمـانی کـوردی ئەخوێنـدەوە و کـاک مەحەممەد ساڵەییش دەقی شیعرەکانی بەزمانی عەرەبی دەخوێندەوە. جەمـاوەرێکی زۆر تینوو بۆ وشەی کوردی ئامادەی کۆڕەکە بـوون کەتەنـانەت هـۆڵەکە پـڕ بـوو و خەڵک بەپێوەش وەستابوون.دەنگدانەوەی کۆڕەکەلەناستی هاووڵاتیـان و خەڵکـی شاری کەرکوک شلەقاندنی گۆمی مەنگی ترس و خەفەقان بوو کە بەعس و فەزای

دەسەڵاتی سەرکوتگەری بەعس بەرهەمی هێنابوو ئەمەش ببووە مایەی دڵخۆشی و هیوای خەڵک. لەئاستی میدیاکانیشدا زۆر بەبێدەنگی تێپەڕی. میدیای عەرەبی و تورکمانی و سریانی بەداخەوە لەکەرکوک ئاوڕیان لێنەدایەوە و فەرامۆشیان کرد، جا بەهەر هۆیەک بێت. میدیای کوردیش تەنها و تەنها بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان لێوە کرد.

بەڕێز کاک تاریق کاریزی هەواڵە - ڕیپۆرتاژێکی جوانی لەسەر نووسی و لەڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوی کردەوە.

ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی عێراقیش کە ڕادیۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو وتارێکی شەرمئاوەری نووسی و شاعیرانی بە لایەنگرانی دەسەڵات ناوزەد کرد چونکە ئامادە نەبوون مل بەسیاسەتەکانی ئەوسای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بدەن.

لەدوای ئەو مێژووەوە و لەژێر کاریگەی جەمال کۆششەوە کەوتمە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی و بەرگریکردن لە بیروباوەڕی چەپ وکۆمۆنیستی. ئاشنا بوونم بە بیروباوەڕی چەپ کاریگەری دانا بەسەر تەواوی هۆش و بیرم و تەنانەت شیعرەکانیشم. بۆیە لەوساوە کەوتمە نووسینی شیعری سیاسی کرێکاری و کۆمۆنیستی. بۆیە وازم لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هێنا و پەیوەندیم کرد بە بزووتنەوەی چەپی ئەوسا کەدواتر لەڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست قەرارم گرت. بیروباوەڕم ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و کەوتمە ڕەخنە لە ڕابردووی خۆم و شیعرەکانی ڕابردووشم بە شیعر بۆرژوازی ئەزانی و بۆیە لەم سۆنگەیەوە بوو فەوتانی شیعرەکانم بەلاوە ئاسایی بوو. من ئێستاش لەوە نەگەیشتم کە بۆچی لەگەڵ هەر ئاڵوگۆرێک لەژیانی ئەدەبی و سیاسیم دەچووم شیعرە کۆنەکانم دەسووتاند و دەفەوتاند. هەرچەندە بیانوو و بەڵگەی خۆم هەیە بۆ ئەو کارە بەڵام لەڕووی لۆژیکەوە کارەکە قەبوولنەکراوە و ڕەتکراوەیە. ئێستا کەبیر لەو کارانەی خۆم دەکەمەوە ئەڵێم هەق نییە لەخۆم خۆش ببم.

ئەو ساڵانە مەیلی چەپ بوون لەناو خوێندکاران و گەنجاندا زۆر بەهێز بوو. بۆیە من و کاک جەماڵ کۆشش و کاک ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) لەساڵی 1987 حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان لە هەولێر دامەزراند. من لەوێدا نازناوی "مەشخەڵ"م بۆ خۆم هەڵبژارد و بڕیارمان دا گۆفارێک دەربکەین بەناوی ڕابەر.من لەوتاری " ئاوردانەوەیەکی کورت لەحەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست"

بەدرێژی لەسەر کارو چالاکییەکانی ئەم حەلقەیە دواوم و بەپێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە تەنها ئەوە نەبێت کە ساڵی **1988** بۆ کارەساتی هەڵەبجە شیعرێکی زۆر زۆر درێژم نووسی بەناوی " خەردەل" و وەک کاک جەماڵ کۆششیش دە ساڵ دواتر دانی پێدانا و گووتی "هەڵەیەکی گەورەمان کرد کە داستانە شیعری " خەردەل" مان بڵاو نەکردەوە" . من پێموایە داستانی خەردەل نموونەیەکی زۆر زیندووی ئەدەبێک بوو کە جیا لەهەموو گریان و فیغانەکانی ناسیونالیزم و حیزبەکانی، ڕووی واقیعی ڕووداوەکەی کارەساتی هەڵەبجەی نیشان دابوو و تێڕوانینێکی مرۆیی عەکس کردبۆوە. بەداخەوە دواتر لەساڵی **1991** لەگرتنەوەی شاری هەولێر لەلایەن بەعسەوە داستانی خەردەل لەگەڵ تەواوی ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ئەرشیفی کۆمیتەی هەولێری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست فەوتان.

لە یانزەی ئازاری ساڵی **1991** لەشاری هەولێر لەگرتنی باڵەخانەی نەقابەکانی کرێکاران بریندار بووم و لە سی و یەکی ئازاری هەمان ساڵ لە گرتنەوەی شاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی کاردی کۆماری و سوپای عێراق لەکەمینێکدا سووتام و بریندار بووم و گیرام و دادگایی کرام.کەئەم چیرۆکە درێژە و لەنامیلکەی "لەژێر دووکەڵێکی ڕەشدا" وردکارییەکانم باس کردووە.

## تاریکی خوێندن

قوتابخانە لەسەرەتادا خۆش بوو. لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییدا چێژێکی زۆرم لە قوتابخانە و خوێندن وەرگرت. ساڵەکانی دواتریش من جگە لە قوتابییەکی مامناوەندی هیچیتر نەبووم.دواتر لە قۆناغی ئامادەیی تۆزێک لەوانەکان باشتر بووم. زۆرم حەز لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی بوو.هەرچەندە وانەی(الادب و النیوێ) م حەز لێبوو بەلام زۆر ڕقم لە قەواعید دەبۆوە.خوێندنەوەی ئەو سەردەمەشم بریتی بوو لە خوێندنەوەی ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەی کەلە باشووری کوردستان بڵاو دەبوونەوە. دیارترینیان بێجگە لە کتێبەکان، گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاری کورد و بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان ڕەنجی کرێکار و زانکۆ و پەروەردە و زانست و ڕۆژنامەکانی پاشکۆی عێراق و هاوکاری و لاپەڕەی کوردی ڕۆژنامەی عێراقبوون، ئەمە بێجگە لە گۆڤارە ئەدەبییە عەرەبییەکان بەتایبەتی گۆڤاری "الاقلام و الپقافە الاجنبیە". ئەو کات بەلای کتێبی فیکریدا نەدەچووم و تەنانەت بایەخی کتێبی فکریم نەدەزانی. ساڵی

1982سـاڵی قـاڵبوونەوەی زیـاتر و وردبـوونەوەم بـوو لە بیروبـاوەڕی سیاسـی ـ کوردایەتی. ئەو ساڵە زۆر خۆم بەخوێندنەوەوە خەریک کرد و ئەچوومە کتێبخـانەی گشتی کەرکوک و بەیارمەتی شێخ تەحسین تاڵەبانی کەبەڕێوەبەری کتێبخـانەکە بـوو تـوانیم سـەرجەم ژمارەکـانی گۆڤـاری ڕزگـاری و ڕۆژنـامەی ئـازادی و گۆڤـاری برایەتی وەربگرم و بخوێنمەوە. ئیتر ڕۆژانە بەناوی خوێندنی قوتابخانەوە ئەچووم خەریکـی خوێنـدنەوەی ئەدەبیـات ئەبـووم. یەکێـک لەو هـاوڕێ نزیکـانەی کە کـاریگەری زۆری بەسـەرمەوە هەبوو بەڕێـز شـەهید" خەمـاس ڕەشید ئەحمەد ـ پـاڵە" بـوو. شەهید پـاڵە بێجگە لەوەی هەر لەمنـداڵییەوە بەیەکەوە گەورە بـووین و دراوسێش بـووین. ئەم دراوسـێ بـوونە وای کردبـوو بەردەوام لەسـەربان بەدیـار کتێبەکـانی قوتابخـانەوە موناقەشـەی ڕۆمانەکـانی "خـۆرهەڵاتی دەریـای ناوەڕاسـت"ی عەبـدولڕەحمان مونیـف و ڕۆمـانی "دایـک"ی مەکسیم گـۆرکی و ئـابووری سیاسـی و بیروراکـانی جیڤـارا و وتەکـانی ماوتسی تۆنـگ و هەقـانیەتی مارکسیزم و نووسین و خوێندنەوەمان ئەکرد.لەساڵی **1981** سـاڵی نزیکبوونەوەی زیاتری من و شەهید پاڵە بوو. کـاتێکیش سـاڵی **1982**شـەهید پـاڵە بەناچـاری ئەڕوا و ئەبێتە پێشمەرگە لە تیپی بیست و یەکی کەرکوک.بەداخەوە کـاک پـاڵە کە ببووە یەکێـک لە فەرمانـدە سـەربازییەکانی یەکێتیـی نیشتمانیی کوردسـتان لە چـالاکییەکی پێـشمەرگانەدا لە بادینـان شـەهید بـوو، پەیوەنـدییەکەمان هەر بەگەرمـی مـایەوە تـا مەرگی کاک پاڵە کۆتایی هێنـا بەو جۆش حەماسـەتەی نێوانمـان. دوای تەواوکردنـی پـۆلی چـوارەمی ئامـادەیی بەعـس بڕیـاری گـۆڕینی مەنهەجـی خوێنـدنی لەزمـانی کوردییەوە بۆ عەرەبی دەرکرد. قوتـابییەکی زۆر نـاڕازی بوون. بەشێکیان چوونە چەمچەماڵتا بەکوردی درێژە بەخوێندن بدەن. بەڵام من بەعەرەبی درێژەم پێدا. بۆیە قوتابخـانەی زێـوەر پـۆلی پێنجـی ئامـادەیی نەبـوو ناچـار هەمـوو نەقڵ کـراین بـۆ ئامـادەیی عەبـدولمەلیک بـن مەروان کە ئامـادەیی کوردسـتانی جـاران بـوو. ئەو سـاڵانە لەبەر هەر هـۆیەک بێت چـوومە بەشـی زانـستی و نەچـوومە ئەدەبـی. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بـوو. لەپـۆلی شەشـی ئامـادەیی لەترسـی عەسـکەری و بـۆ ئەوەی پلەیەکـی بـاش بەدەسـت بهێـنم خـۆم هێـشتەوە. بـۆ سـاڵی دواتـر نمـرەی مەعەدەلـی **79.5** م هێنـا کە شایـستەی زانکـۆ بـوو. بەڵام ئەوسـاڵە عـودەی کـوڕی سـەدام حوسێنی گۆڕبەگۆڕیش بەحیساب پۆلی شەشی ئامادەیی بوو. هەروەها بڕیارێک لە وەزارەتـی پەروەردەی عێـراقەوە دەرچـوو بـوو کە هەر کەسێک خـۆی بهێڵێتەوە ئەوا پێنج نمرەیـان لە مەعەدەل(تێکـڕا) لێدەبڕین و عودەیش **99**ی هێنـابوو بۆیە ئەو ساڵە **1982**–**1983** ڕەنجی دەیان هەزار قوتابی بەبا چوو. قوتابیانی ئەدەبیش

ئەوەی ساڵی یەکەم توانی بچێتە زانۆ ئەوە باش بوو و ئەوانی تر هەموو کرانە سەرباز ونێردران بۆ بەرەکانی جەنگی قادسیەی کۆنەپەرست.ئەوکات گووتم بەخوا باش بوو چووومە بەشی زانستی ئەگینا ئێستا دەبووومە سەرباز. هاوڕێیەکم کەلەبەشی ئەدەبی بوو و ساڵی یەکەم توانی بچێتە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەشی زمانی کوردی پێنجشەممان کەلەهەولێر دەگەڕایەوە باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە دکتۆر شوکریە ڕەسول و کوردستان موکریانی وانەیان پێدەڵێنەوە. منیش دەمم ئاوی دەکرد بۆ ئەو کۆلێژە و ئاواتەخواز بووم ببمە قوتابی ئەو کۆلیژە و ئەدەبیات بخوێنم.بەڵام کەی ئاوات لەسایەی دەسەڵاتێکی دڕندەی وەک بەعس دێتە دی؟ بەهەرحاڵ لە پەیمانگای تەکنەلۆژی کەرکوک درێژەم بەخوێندن دا تا تەواوم کرد.پاشان ژیانی فیراری و قاچاخ و ناسنامەی تەزویر دەستی پێکرد. کەگەیشتمە وڵاتی کەنەدا جارێکیتر ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا بخوێنم. لەسەرەتای ساڵانی یەکەمم لەکەنەدا کەوتمە سەر دوو ڕیانێک: یان ئەوەتا بخوێنم و بڕوانامەیەک بەدەست بهێنم، یانیش کار بکەم و دایک و باوکم کە پیر ببوون و پەکیان کەوتبوو لە کەرکووک بەتەنها مابوونەوە بژێنم و یارمەتیان بدەم. من دووەمیانم هەڵبژارد و کەڵکەڵەی خوێندنم لەسەر دەرکرد و تا دایک و باوکم کۆچی دواییان کرد من کۆمەکیانم کرد. دوای کۆچی ئەوان دەستم کرد بە خوێندن و هەر تەنها فریای دبلۆمی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی کەوتم. لە خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزی بەتایبەتی بەشی داهێنانی نووسین(**Creative Writing** ) مامۆستا میشێل شێرستان زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم بۆ نووسینی شیعری بەزمانی ئینگلیزی بەتایبەتیش ئەیزانی من شیعر بەزمانی کوردی دەنووسم. پڕۆژەی ئەدەبی کۆتایی ساڵیشم بریتی بوو لە چواردە شیعر بەناوی ( **A Song for An Exile** ).دوای خوێندنی ئامادەیی زۆرم هەوڵدا بچمە کۆلیژێک یان زانکۆیەک تا زانستی وەرگێران بخوێنم. بەڵام وەرگێران جگە لەکۆرسی کورت و بچووک هیچ خوێندنێکی ئەکادیمی نییە. کۆلیژی وەرگێران لەساڵی **1991**وە لە کەنەدا و بەتایبەتیش لە برتش کۆڵۆمبیا نەماوە.دوای ئەوەی ئەم هەوڵەم بێئاکام مایەوە چووم لەزانکۆی سایمەن فرەیزەر کۆرسی پەخشانەشیعرم خوێند و لەوێشدا بە ژمارەیەک شاعیر ئاشنا بووم کە یەکێکیان جامی مەکارتی شاعیری ئەمریکیی بوو. و لەو کۆرسەش ڕاهێنانی شیعریمان کرد و چەندین شیعری تر چوونە سەر ئەو کۆمەڵە شیعرە کەبێجگە لە دانەیەکیان هیچیان ڕووناکیان نەبینووە. بەداخەوە ژیانی قورسی تاراوگە و بەرپرسیارەتی ماڵومنداڵ و گرانی خوێندن لەرووی ماددییەوە نەیانهێشت ئادابی ئینگلیزی تەواو بکەم. ئێستاش خەون بەوەوە دەبینم

بتوانم لەڕێگەی (On Line)ەوە ئادابی کوردی بخوێنم. بەڵام ئەزانم ئەوە وەهمە و لەکوردستان ئەک خەونەکان وەهمەکانیش هەڵئەوەرێن.

## تاریکی تورکیا

کەبەباوکم گووت دەچمە خاریج و کوردستان جێدەهێڵم گووتی" ئۆخەی ئیتر لەترسی جەرگ سووتان ڕزگارم دەبێت". من وام دانابوو باوکم پێیناخۆش بێ کەچی هەستم کرد باوکم ترسێکی گەورەی لەسەر لائەچێ ئەویش ترسی فەوتان و لەنێوچوونی منە. لە سەرەتای ساڵی **1994** چوومە وڵاتی تورکیا. لەگەڵ گەیشتنم هەستم کرد تەلبەندێکم لە برسێتی و ترس بەجێهێشت، وام بەخەیاڵدا دەهات دۆزەخێکم لەدوای خۆمەوە جێهێشتووە.چونکە لە واقیعدا چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەم لەسەر ئەما. کوردستان بۆ من جگە لە نیشتمانێکی ئائارم هیچیتر نەبوو. بەگەیشتنم بەو وڵاتە سەرسام بووم. لەوێ هەموو شتێک جیاواز بوو، هەر لە نان خواردنی بەیانییەوە تا سیستەمی ژیان.لەو وڵاتە چواردە مانگ بە قاچاغ ژیام بەڵام یەک شتم کرد بێئەوەی ئاگاداری هیچ ئەزموونێکی لەوەوپێش بم قاموسێکی گەورەی عەرەبی ئینگلیزیم لابوو ڕۆژ تا ئێوارە خۆم فێری وشەی ئینگلیزی دەکرد و لەسەر ئەو مەقاباپاتەی کەلەژێر کومبار و دۆشەکەکاندا دامان نابوو وشەکانم دەنووسییەوە. ئەم ئەزموونە لە وڵاتی کەنەدا سوودی زۆرم لێبینی. هەر زوو بینیم تورکیا جگە لە زیندانێکی گەورە هیچیتر نییە بۆ من، تەنانەت ئێستاش کە سەفەری کوردستان دەکەمەوە حەز ناکەم بە تورکیادا بڕۆمەوە.لە تورکیاش ژیانم بەپێچەوانەی هەندێ پەناهەندەی تر ناخۆش بوو. دەستکورتی لەلایەک و ترسی دیپۆرتکردنەوە لەلایەکی تر وەک مۆتەکەبەسەرسەری ژیانی خۆم و ماڵومنداڵمەوە بوون. لەوێش بەهۆی ئەوەی ئەندام و کادیری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بووم هەر خەریکی کاری شورای پەناهەندەی عێراقی و کۆمیتەی هاوپشتی کرێکاری بووم. لە تورکیا نزیکەی بیست شیعرێکم نووسی. شیعرەکانم هەر هەمان شێوە و ناوەڕێکیان هەبوو کە ئەدەبی کرێکاری هەیبوو. ئەو شیعرانەم لەگەڵ سەرجەم ئەرشیفی شەخسی خۆم و نامیلکە شیعرییەکانم ووتارەکانم و وتارە ڤیدیۆییەکانم پاش ئەوەی لە **UNHCR** سوودم لێ بینین، لەکاتی گواستنەوەمم بۆ کەمپی سلۆپی دام بە کاک ئاکامی پەیامنێری ڕۆژنامەی "بۆ پێشەوە" تا ئەویش بیانتێرێ بۆ ئەنوەری ڕەشی عەوڵا(ب.سۆلین)ی برای لە

فینلەند و منیش دوایی وەریان بگرمەوە. بەڵام ئێستاش نازانم ئاکام چی لەو شتانەم کرد و هەموو فەوتان.پۆلیسی تورکیا جوانییەکانی تورکیای لێ شاردبوومەوە.چونکە ئەمزانی بە دەردەسەرییەک گەیشتمە تورکیا و ئەگەر دیپۆرت بکرێمەوە ئەوا کارەساتە، بۆیە زۆر وریایانە هەڵسوکەوتم دەکرد. ڕۆژێکیان لەبەردەم UNHCR ی ئەنقەرە پۆلیس من و ئەبوجاسمیان گرت. ئەبوجاسم کوڕێکی کوردی کەرکوکی بوو کە بۆ ڕاندۆم چووبووین بۆ ئەوێ.لەناکاو چوار پێنج میت پەیدا بوون و گووتیان ناسنامەمان بدەنێ. وەختی قۆڵیان گرتین گووتمان قۆڵمان بەردەن تا ناسنامەتان بدەینێ. هەر قۆڵیان بەرداین هەڵاتین. من بەلایەکدا و ئەبوجاسم بەلایەکی تردا. منیان پێنەگیرا و ئەبوجاسم گیرا و مانگێک لە ئەمنیەتی ئەنقەرە لێدانی خوارد و مووی سنگیان دەرهێنا و دەیانویست بزانن ئەو عەبدوڵا سلێمانە لە کوێ ئەژێت. دنیایەکی سەیرە من لە کەرکووک لە ئەمنی کەرکوک گیرابووم و شەش کەس لەسەر من تێهەڵدانیان دەخوارد. دواتریش کە بەربووم زانیم دەگیرێمەوە بەر لە چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی بدەنەوە بەسەر ماڵی باوکم و داوای من بکەن، من بەرەو هەولێر تێمقوچاند و لەهەولێریش لەترسی غافڵکوژی هەڵاتم و لەتورکیاش هەر هەڵاتووم. ئەوسا بیرم دەکردەوە ئاخۆ تۆ بڵێی لە وڵاتی سێهەمیش هەر هەڵاتوو ئەبم. لەڕێگەی یوئینەوە یەکەمجار درامە سەفارەتی ئەمریکا و دوای دوو موقابەلە ڕەت کرامەوە و ئینجا درامە سەفارەتی نیوزیلاند و ئەویش ئەهات بۆ چاوپێکەوتن و دواجار درامە سەفارەتی کەنەدا و لەوێ قەبوڵ بووم.

## تاراوگە و تاریکی گەڕانەوە بۆ نیشتمان

تا ئەهاتمە کەنەدا هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەو وڵاتە نەبوو. لە کتێبی ئەتڵەس و نەخشەی جیهاندا ناوی کەنەدام بینیبوو، بەڵام نەمئەزانی ئەم وڵاتە (تاراوگە) لەگەڵ هەموو جوانییەکەشی هێشتا ڕوحی من ناتوانی تیایدا ئۆقرە بگرێ. لەم وڵاتە دووچاری ئەوەی پێی دەڵێن پێکدادانی کلتوورەکان (Culture Shock) بووم. زمانی ئینگلیزی قورس، خەڵکانێکی وڵاتە جیاجیاکان و کلتووریجیا جیا و خەڵکی ڕەش و سپیم بینی، ئەتەوە جیاجیاکانم بینی، مرۆڤم بینی ڕێزی لێ دەگیرا، سیستەمم بینی و بۆ یەکەمجار لەژیانم بەهای ڕاستەقینەم دەهاتە بەرچاو. من لەمانگەکانی سەرەتای گەیشتنم بە کەنەدابەو پێیەی لە پەیمانگای تەکنەلۆژیای

کەرکوک هەندێک بە ئینگلیزی خوێندبووم و لەتورکیاش خەریکی (Spelling ) ی زمانی ئینگیزی بووم دەمتوانی گڕوگاڵێک بکەم، بەڵام بەکەڵکی کۆمینیوکەیشن نەدەهات.بۆیە یەکەم شت لەم وڵاتە ئەوەیە دەبێ زمان فێر بیت. دەوڵەتی کەنەدا یارمەتیدەرە و خۆشت دەبێ هەوڵ بدەی.زۆر جار لەناو پاسدا خۆم تاقیدەکردەوە وەختی کەنەدییەکان دەدوان هەوڵمدەدا بزانم چەند تێیان دەگەم، نەمدەزانی ئەوان بە جلفی ئینگلیزیSlang) )دەدوێن کە زۆر جیاوازە لەزمانی نووسین. تاراوگە توانی ئاسۆی بیرکردنەوەم بگۆڕی و تەنانەت بەهاکان و جوانییەکانی ژیانم لا دروست بکاتەوە. تاراوگە بۆ من وەک چەمک هەر بەتەنها تەوزیف کردنی شیعرییانەی غوربەت و دیاریکردنی پنتکی جوگرافیای ژیان نییە، بەڵکو نیشتمانێکە لێوانلێوە لەئەزموون و بارگاوییە بە شیعر. تاراوگە تارایەکە و جەستەی شیعری داپۆشیووم و سەرزەمینێکە نۆستالیژیا تیایدا ڕسکاوتر باڵا ئەکا. کاریگەری تاراوگە کاریگەرییەکی ڕوحییە بەر لەوەی پیادەکردنی شارەزاییانەی ئەزموونی تێکەڵاوکردنی شیعر و غوربەت بێت. من لەتاراوگە نیشتمانم جوانتر و خۆشەویستی نیشتمان ئەڤیندارتر دەبینم. تاراوگە ئەتوانم بڵێم پیادەکردنێکی ئەو کاریگەرییە ڕوحییەیە لەشیعردا. لەکەنەدا جارێکی تر بەڵام جیددی تر لەجاران دەستم کردەوە بە خوێندنەوە و نووسین. جارێکیتر دەستم کردەوە بە دانانەوەی کتێبخانە بچکۆلەکەم کە ئێستا پڕە لە کتێبی کوردی و ئینگلیزی. ماوەی چوار ساڵیشە جگە لە ئەنتەرنێت بەردەوام بڵاوکراوە و کتێبەکانی کوردستانم دەگەنە دەستم. لە دەساڵی ڕابردوودا توانیم هەشت کتێب چاپ بکەم ئەمە بێجگە لە نامیلکەکانی زووترم. زمانی ئینگلیزی دەروازەیەکی گەورەی بەڕوودا کردمەوە. لێرەوە کەوتمە ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ ئەدەبی زەبەلاحی ئینگلیزی. ئەڵێم ئاشنایەتی نەک خوێندنەوە چونکە چەندێ تەمەنم لەژیاندا ماوە و زەربی دەی بکەی هەر ناتوانم بەرهەمە چاپکراوەکانی جیهانی ئەدەبی ئینگلیزی بخوێنمەوە.

گەشتکردن بۆ نووسەر زۆر گرنگە و سەفەر ئەتوانی ئینتباعاتی هونەری جوانت بداتێ. ئەم گەشتە تاڵەی من لەدۆزەخی ئەوسای کوردستانەوە بەرەو سەوزاییەکانی وڵاتی سێهەم کاریگەری هەبووە نەک تەنها لەسەر بۆچوونەکانم، بەڵکو لەسەر تەواوی دیدگای ئەدەبیم. من زۆر جار دەڵێم لەژیانمدا چەند هەڵەیەکم کردووە خۆزگە نەمکردنایە، کە یەکێک لەوانە هەڵەی چوونە دەرەوەم بوو بۆ وڵاتی سێهەم. ئەم هەڵەیەش کۆمەڵی دەستکەوتی پۆزەتیڤی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێناوم. تازە تەڵەی کەنەدا گرتوومی و دەربازبوونم نییە. مەگەر وەک مەهدی جەوادی پاڵەوانی

ڕۆمانی ( ولیمە لاعشاب البحر) ی حەیدەر حەیدەر کەلەدوا ساتی لەدەستدانی تروسکایی ژیان وەک باڵندەیەک خۆم فڕی بدەمە ناو دەریاوە. کە بیر دەکەمەوە وەختی دەمرم لەکوێ بنێژرێم لە کەرکووک یان ڤانکۆڤەر؟ ئەگەر لە کەرکوک بم نیدی ئالای کچم و ئاتینی کوڕم بەئاسانی ناتوانن بێنە سەر گۆڕەکەم و گوڵێکم لەسەر دابنێن. ئەگەریش لە ڤانکۆڤەر بنێژرێم ئەوا برا و کەس و کارەکانم هەرگیز ناتوانن بێنە سەر گۆڕەکەم و هەفتەی جارێک یان مانگی جارێک لەبیرە ئاوەکەی ناو گۆڕستانەکەی ڕەحیماوە تەنەکەیەک ئاو بهێنن و دەوری گۆڕەکەم پاک بنەکەنەوە و دارەکەی ژوور سەرم ئاو بدەن، یان بە باوەڕی خۆیان فاتیحایەکم لەسەر بخوێنن،هەر وەک ئێستا بۆ گۆڕی دایک و باوکم دەیکەن. تا ئێستاش ئە نێرگزی هاوسەرم جورئەتی کردنەوەی بابەتی لەو جۆرەی هەیە و ئەمنیش دەمەوێت دڵتەنگی بکەمو ناچاری بکەم قەزاوەت لەسەر مردن و ناشتنی خۆمان بکەین کە هێشتا خۆشەویستیمان لەسەرەتای بەهاری خۆیدایە. ئەی ڕوو لەکوێ بکەم؟ ڕوو لە بەرزەخو هەڵکشان بەرەو لای مەلەکوتەکانی خۆهەڵخەڵەتاندن، یان خۆ سەرقاڵکردن لە شانشینی نووسین بە شیعر و وەرگێران و شانۆ.ئەم قەزاوەتکردنە سەرەتای ئەو پرسیارە ترسناک و تاریکەیە کەلەگەڵ گوێگرتن لە گۆرانییەکەی ئەفسەری شەهیدی بەرەو ڕووم دەبێتەوە.

تاریکی ڕامان لە پرسیارە تاریکەکە

ئیتر وەک بینیتان چۆن بەناو ئەو ڕۆژگارە تاریکەدا گوزەرم کرد و بێجگە لە مەشخەڵی شیعر و خۆشەویستی هیچیترم پێنەبووە و نییە و کاتێکیش لەم گەشتە غەفڵەتە تاریکەدا دەگەڕێمەوە دەبینم وا لەژووری دانیشتنەکەمانم و لەسەر قەنەفەکە لەجێگە تایبەتەکەی خۆم دانیشتووم و ئەفسەری شەهیدیش لەگۆرانی گووتن وەستاوە و پرسیارەکەش هەروا لەبەردەستمدایە و ئەمتوانیوە وەڵامی بدەمەوە و لەوبڕوایەشدام کەهەرگیز ناتوانم وەڵامی بدەمەوە. ئێوەی شیرینیش هەم قەزاوەت لەسەر ژمارە سیانزەکەم بکەن و هەمیش هەرکاتێ وەڵامی پرسیارەکەتان چنگکەوت تکایە لەجێگای بەتاڵی خۆیدا کەبەبەتاڵی لای خوارەوە جێیدەهێڵم دایبنێن.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ساتی گەڕانەوەی بەرەو باوەشی تاریکی لە ...............دەستی پێکرد و لە .........نێژرا.

تشرینی دووەمی **2011** کەنەدا



# بەزاندنی سنوورەکان

فەهمی کاکەیی

جیاواز لە خەڵکی دیکەی ئەو دەور و زەمانەی من تێیدا لە دایک بووم، کە ڕۆژی لەدایکبوونیان بە هەڵە نووسراوە، من ساڵی لەدایکبوونیشم هەڵەیە. بیرم دێت کە منداڵ بووم کاتێک لەماڵەوە باسی تەمەنم دەکرا، خەرمانیان دەژمارد، هەرچەندە ئەو دەمە ئێمە لە شاری کەرکووک دەژیاین بەڵام هەر وەک گوندییەک بیرمان دەکردەوە. جا لەبەر ئەوەی من لە جۆدرەودا لە دایک بووم، هەمیشە دوای خەرمان ژماردن خەرمانێکیان لا دەبرد و هەنگین دەیانگوت: تەمەنی فەهمی ئەمەندە ساڵە. پاشتر کە خۆم گەورە بووم ئیدی پێویستم بەوان نەبوو خەرمانم بۆ بژمێرن، من بە خۆم دەمژماردن. ئێستا لەو ڕۆژەوە هاتوومەوە سوێد خەڵکی گەرمیان کە ئەم خەرمانە هەڵدەگرن ئەوە دەبێتە 25 خەرمان کە من لەسوێدم، بەر لەوەی بێمە ئێرە 36 خەرمان لە گەرمیان هەڵگیرابوو، سەرتان نەیەشێنم، لە جۆ درەوی ئەمساڵدا کە جارێ خەرمان هەڵنەگیراوە، تەمەنم دەبێتە 60 ساڵ.

کە تۆ کورد بیت و کەرکووکی بیت و کاکەیی بیت، ئەوە شەش کاف (ک) لە خۆت کۆ دەکەیتەوە، مەبەستم گاڵتە نییە، ئەو شەش کافە یەک دونیا خۆشی، ناخۆشی، تاڵی و سوێریی ژیانی لە پشتەوەیە، تێکەڵ بە چەوسانەوە و شانازیی نەتەوەیی، تێکەڵ بە فەرهەنگ و جیاوازیی چینایەتی، تێکەڵ بە ڕاونانی سیاسی و شۆڕش، تێکەڵ بە برایەتی و شەقەکانی، تێکەڵ بە هاوڕێیی کورد و تورکمان و عەرەب و زمانی سەردەست و بندەست، هەموو ئەمانەش لە بن سەرپۆشێکی سیاسەت و چاوسوورکردنەوەی کاربەدەستانی دەوڵەت، ترس و بەرەنگاربوونەوەدا. جا کە مرۆڤ لە ژینگەیەکی وادا گەورە بووبێت بچێتە جەزیرەی (واقواق)یش لە بیرەوەرییەکانی ڕزگاری نابێت. ئەرێ بەڕاست جەزیرەیەک بەو ناوەوە هەیە؟

کەسوکارمان باسی ڕۆژگاری خۆیانیان بۆ دەکردین، ئەو ڕۆژانەی کە لە لادێ دەژیان، ئەمە بۆ ئێمە مێژوو بوو، ئەگینا شەڕی (جەوالە) بە من چی؟ دەیان جار بیستوومە گوتوویانە: مام مارف (کە خاڵی باوکم بوو) لە شەڕی جەوالەدا کوژراوە. من زۆر جار بیرم لە شوێنی نیشتەجێبوونی کاکەییەکان کردووەتەوە کە لە سنووری باشووری کوردستان و ڕێک لەوێ خاکی کوردستان تەواو دەبێت و خەڵکی عەرەب تێکەڵ بەوان دەبن، بۆیە پرسیارم لە خۆم کردووە؛ ئایا کاکەییەکان لەو هەرێمەی خۆیاندا پاسەوانانی دەروازەیەکی باشوور نین؟ ئەو شەڕە عەشایرییانەی لە نێوان ئەوان و عەرەباندا ڕووی داوە، ئەگەر لەسەر لەوەڕیش

بووبێت، ئاکەوئە خانەی شەڕی پاراستنی خاکەوە؟ شەڕی جەوالە یەکێک بوو لەو شەڕانە، کە چەندین جار بۆم باس کراوە، بەڵام شەڕیکی جیاواز.

## شەڕی جەوالە

ئەم شەڕە پێنج خەرمان بەر لەوەی لەدایک ببم ڕووی داوە، واتە شەست و پێنج ساڵ بەر لە ئەمڕۆ. هەنگین وابەستەگی مرۆڤ بە خاکەکەیەوە بەر لە هەر شتێکی دیکە بوو.

لە پانتاییەکدا کە دەکەوێتە ڕۆژاوای (تاوخ)ەوە، یان (داقوق)، کە سەر بە پارێزگای کەرکووکە، پانتاییەک کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە بە گوندەکانی تاڵەبانییەکان و لە باشوورەوە بە گوندەکانی داوودە (داویە) و لە ڕۆژاواوە بە گوندەکانی (ئال عوبێد) دەوری گیراوە، ئەو دەمە و ئێستاش (تا ڕادەیەک) گوندەکانی کاکەییەکان بڵاو بوونەوەتە. ئەگەر چی ئەو گوندانە موڵکی کاکەییەکان بوون، بەڵام گوندنشینەکان هەموویان کاکەیی نەبوون. لە نزیکەی بیست گوند زیاتر لە سێیەکیان تەنی کوردی کاکەیی بوون، کەمتر لە سێیەکی گوندەکان عەرەب بوون و ئەوانی دیکەش تێکەڵ بوون، بەڵام دانیشتووانی ئەو گوندانە هەر هەموویان دڵسۆزی خاک و عەشیرەت بوون، مەبەست لە عەشیرەتی کاکەییە.

شەڕی جەوالە وەک پێشتر باسم کرد پێنج خەرمان بەر لە لەدایکبوونی من ڕووی دابوو، ئەو شەڕە پاشان بوو بە مێژوو، بۆ نموونە دەگوترا ئەمەندە ساڵ بەر لە شەڕی جەوالە، یان ئەمەندە ساڵ دوای شەڕی جەوالە، هەر وەک ئەوەی باسی بەر لە زایین و دوای زایینی مەسیح بکرێت. ئێستاکە ئەوانەی شەڕەکەیان بیر ماوە ڕەنگە زۆر کەم بن، دەتوانم بڵێم من یەکێکم لە سەرچاوەکان، کە پاشتر باسی شەڕەکەیان بۆ کردووم. وەک داپیرەم بۆی دەگێڕامەوە، من لە گوندی (دەلس)ی بچووکی تێکەڵاو لەدایک بووم، مەبەست لە تێکەڵاوی و پێکەوەژیانی کورد و عەرەبە. هەر لەو گوندەش کارەساتەکە ڕووی دا. من گوندەکەم بیر ناکەوێتە، چونکە کاتێ بارمان کردە کەرکووک، بچووک بووم. ئەوەی بیرم بکەوێتەوە هەر ئەوەندەیە کە جارێکیان دوای ئەوەی دایکم نانی کردبوو، هەندێک نانەڕەق بە دیواری تەنوورەکەوە مابوون، ئەوانەی دەستم پێیان دەگەیشت لێم کردنەوە و خرماندمن، بەڵام هەندێک لە بنی تەنوورەکەدا مابوون و دەستم پێیان نەدەگەیشت. خۆڵەمیشی تەنوورەکە دەرنەهێنرابوو، من پێم وا بوو تەنوورەکە سارد بووتەوە و دەتوانم بچمە ناویەوە و نانە ڕەقەکانی بنەوە دەربێنم، کە وام کرد بۆم دەرکەوت جارێ پشکۆ لە بن خۆڵەمێشەکەدا ماون و هەردوو بن پێم سووتان، دەستم کردە

قیژەقیژ و هەردوو باڵم لە لێواری تەنوورەکە گیر کردن، پێیەکم دادەناو یەکێکم بەرز دەکردەوە، تاکوو پوورم هات و لە تونووری دەرهێنام، هەر پاش ئەوە بە ماوەیەکی کورت بارمان کردە شار، بیرم دێت کە بارمان کرد هەردوو بن پێم پێچرابوونەوە. ئێستاش کە دەبینم لێرە لە سوید خەڵک نانەڕەق دەخۆن، نانەڕەقەکانی تەنوورەکەی (دەلس)م بیر دەکەوێتە. بێیەنەوە سەر شەڕی جەواڵە. من ئەو شەڕە بە شێوەیەکی هونەرییانە دەگێڕمەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی دەستکاریی ڕووداوە سەرەکییەکان بکەم.

خەڵکی دەلس، هەر وەک هەموو دانیشتووانی گوندە تێکەڵەکانی دیکە، زمانی یەکدییان دەزانی، کوردەکان بە قەد عەرەبەکان عەرەبییان دەزانی و عەرەبەکانیش وەک هەمو کوردێک بە کوردی قسانیان دەکرد، بە تایبەتی زاراوەی (ماچۆ)یان وەک ماچۆزمانێک دەزانی، هەروەها بە کوردیی گەرمییانیش قسانیان دەکرد، مەبەستم ئەوەیە عەرەبەکان دوو زاراوەی کوردییان دەزانی. هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە باشتر نەبوو، هیچ زمانێک لە سەرووی زمانێکی دیکەوە نەبوو، کەس بە کەسی نەدەگوت لێت تێناگەم. ئەمانە وەک خێزانێکی گەورە وا بوون، لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە شین و شاییدا هاوبەش بوون، لە جەژن و بۆنەکانی یەکتردا بەشدار بوون، تەنانەت ژن و ژنخوازیش بوون.

وەرز بەهار بوو، چۆلەکەکان دەستیان کردبوو بە چنینی هێلانەکانیان، هەتاو بە سنگی ئاسمانەوە سەری کەچەڵی دەسووتاند. جووڵانەوەیەکی نائاسایی لە گونددا هەبوو، ژنە کوردەکان هەر وەک ژنە عەرەبەکان جوانترین جلی خۆیانیان کردبووە بەر و خۆیان بە زێڕ و خشڵ بۆ ئەم ڕۆژە دەگمەنە ڕازاندبووەوە، بۆنی سمڵ و مێخەک ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیشت، ئاخر ئەمڕۆ لە گونددا شایی بوو. پیاوەکان جلی خەڵکی ناوچەکەیان کردبووە بەر. فیشەگلغ و تفەنگ و دەمانچە لە بەر تیشکی ڕۆژ دەبریسکانەوە. کەسوکاری زاوا لەوانی دیکە سەرقاڵتر بوون، ئەگەر چی خەڵکی گوند یارمەتیشیان دەدان. بڕێک ژن خەریکی چێشتلێنان بوون، بڕیکی تر نانیان دەکرد، هەندێک لە زەلامەکان خەریکی پێشوازیی میوانانی گوندەکانی تر بوون. ڕۆژێکی خۆش بوو، بە وردی نەخشەی بۆ کێشرابوو، لە گوندێکی بچووکی وەک دەلس هەموو ڕۆژێک شایی نابێت.

دەستەیەک لە ژنان شاییان دەکرد، ژنێک گۆرانیی بۆ دەگوتن:

کل الهله بالحبیبه الچان زعیلان

لابس ورده و خزامه و بالوسگه عران

دەستەیەکی دیکە لەسەر ئاوازێکی تر هەڵپەڕکێیان دەکرد:

هەی بەلار و بەلار و بەلارەوە
تو سەری باوکت وەرە ماڵەوە

پیاوەکان لەسەر زرمەی دەهۆڵ و شیرەی زورنا جوانترین هەڵپەڕکێی کوردی و عەرەبییان دەکرد، هەڵبەتە بە تەنێ نەبوون، ژنانیش بەشدارییان دەکردن، هەر وەک عادەت وایە شایی ڕەشبەڵەک بوو، بەڵام جاری واش هەبوو ژنان بە تەنێ شاییان دەکرد. میوان و پیاوماقوڵان و ئاغاکان جار جار دەچوونە بن دەوار (ڕەشماڵ) و وچانێکیان دەدا، شاییەکانی ئەو ڕۆژگارە لە سێ ڕۆژەوە تا هەفتەیەک درێژەیان دەکێشا.

لە پڕ خەڵک سەرنجی ڕۆژهەڵاتیان دا، تەماشای ڕێگای (ئەلبو محەمەد)یان کرد، کە گوندێکی بچووکی نزیکی (دەلس)ـە، بینییان ئۆتومبیلێک بەرەو شاییەکە دێت. ئەوانە گۆرانیبێژی ڕیفی بوون (کاولی). پیاوان، بە تایبەتی گەنجەکان دەستیان کرد بە تەقەی خۆشی و بەخێر هێنانی گۆرانیبێژەکان، هاتنی ئەوان شاییەکەی خۆشتر و گەشتر کرد. هەندێک لە گەنجەکان تەقەیان بەسەر گۆرانیبێژەکاندا دەکرد، پیاوماقووڵان دەیانگوت: دەستان بەرز بگرن، دەستان بەرز بگرن.

ـ لێگەڕێن با چاوشەکان پشوویەک وەربگرن. ئەی باشە وەختی خواردن نییە؟ دەبا سفرە حازر بکرێت.

ئەمە قسەی یەکێک لە ڕیشسپییەکان بوو.

دوای نانخواردن، نۆرەی کاولییەکان هات بۆ گۆرانیگوتن و سەماکردن، جوانترین گۆرانیی ڕیفییان گوت. وەک بڵێیت هەر ئێستایە و ئەوەتا دەنگیان لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، لەم وڵاتی ورچستانە ئارامی و گەرمیی گەرمیانم پێ دەبەخشن.

یا بو عمه و خاله و جد المریوش
یا بو نهید الگری ما قن منیوش
خدچ ورده الختمیه بنهر مگشوش
لرنزل علیچ چیده بگیف حزیران
علی فراگ الغوالی دمعی منهال
مپل نهر عدایه الحدر من سال
مدیت إیدی علی زیج المدلل
نهیدو گارح لیمون بگرف بستان
سن الژهب علی هل مربوعه تلایق
دگه یدر یتبارق بالدقایق
والله لعوفن هلی و رگعد سایق

على حساب البنوات پلپ نارين
حل بالجريه لاگانى الحلوه ملاى
مجعده نهودو ميل إستكانات الچاى
من اعروجک يا مدلل وينچ وياى
حافڤ گير الهجنه و رهلچ يدرون
على گولچ يا ولى يلوگ مجلد
تكتيله بغير العجل يا محمد
تسوه ملک الجزيره و حلال المد
و من ينروگ الحكومه نقره المفتاح

له گەرمەی ئەم شادی و خۆشییەدا، خەڵکەکە سوارێکیان بەدی کرد کە بە خێرایی بەرەو شاییەکە دەهات. یەکسەر هەستیان کرد ئەو سوارە خەبەرێکی ناخۆشی پێیە. سوارەکە پیادە بوو و پاشان بەرەو لای یەکێک لە خاوەن زەوییەکان چوو بە ناوی سمایل ئاغا و قسەیەکی بە گوێیدا چرپاند. ئەمیان هەڵسا و بانگی کردە دووان لە پیاوەکانی:

ـــ دەی برایم و ئەحمەد ئەسپەکان زین بکەن و شوێنم بکەون! ئەوێ ئەو کەرانباوگانە تەمێ بکەم، بکەمە کەللەی باوکیانەوە، ئێوەش ئەوان تر شاییەکە تێک مەدەن، ئێمە هەر ئێستە تێینەوە.

لەمە زیاتری نەگوت. هەرسێکیان سواری ئەسپەکانیان بوون و بەرەو گوندی (عاگولە) کەوتنە رێ، کە ئەمانە بوون: سمایل ئاغا، ئیبراهیم ئەلزێدان (عەرەب) و ئەحمەد قۆجە (کورد).

خەڵکەکە لە دەوری ئەو سوارەی هەواڵەکەی هێنابوو کۆ بوونەوە، ئەویش بۆی گێرانەوە کە شوانێکی (جەواله)کان مەڕەکانی خۆیی بەرداوەتە ناو کێڵگەی گەنمی سمایل ئاغاوە. جەواله، عەرەبی کۆچەر بوون، هەموو ساڵێک بە دوای لەوەڕدا دەهاتنە ناوچەکە. خەڵکەکە دەستیان کردەوە بە بەزم و شایی خۆیان، زرمەی دەهۆڵ و شیرەی زورنا جارێکی تر خەڵکەکەی هێنایەوە سەما، مەسەلەکە هێندە گرنگ نەبوو شاییەکەی بۆ تێک بدرێت، جەوالەکان ناسراو بوون و رەنگە ئێستا سمایل ئاغا و پیاوەکانی ئەمر بکەنە شوانە عەرەبەکە بۆ ئەوەی رانەمەڕەکەی لە کێڵگەکە دەربکات، ئیدی مەسەلەکە دەبڕێتەوە.

کاتێک سمایل ئاغا و پیاوەکانی گەیشتنە سەر کێڵگەکە و بینییان چۆن کێڵگە تێک دراوە و هەندێک شوێن سەرقرت کراوە، ئاغا زۆر تووڕە بوو، یەکسەر لە

ئەسپەکەی دابەزی و شەقازللەیەکی بە بناگوێی شوانە جەوالەکەدا کێشا و ئەمری پێ کرد مەڕەکانی لە کێڵگەکە دەربکات. ئیبراهیم ئەلزێدانیش چاوی لە ئاغا کرد و ئەویش زللەیەکی بە بناگوێی شوانەکەدا کێشا. پاشان سواری ئەسپەکانیان بوون بۆ ئەوەی بەرو گوند بگەڕێنەوە. بەر لەوەی دوور بکەونەوە شوانەکە بانگی لێ کردن لە کاتێکدا پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی بوو، کە ئاوڕیان دایەوە، شوانەکە بە ئیبراهیم ئەلزێدانی گوت: سمایل ئاغا خاوەنی کێڵگەکەیە و لێی دام، ئەی تۆی عەرەب بۆ لێم دەدەی؟ پاشان پەنجەی پێدا نا و تەقەیەکی کرد و ئیبراهیم زێدانی خەڵتانی خوێن کرد. سوارەکان بڵاوەیان لێی کرد، ئەسپەکەی ئیبراهیم ئەلزیدان کە لاشەکەی لەسەر بوو بەرەو دەلس و دوو سوارەکەی تریش هەر یەکەو بەرەو گوندێکی تر بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنن: عەشرەت هاوارە، شەڕی کاکەیی و جەوالەیە. شاییکەران بە مەسەلەکەیان زانی، شایی بوو بە شین و دەست کرا بە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕێک کە پاشتر ناوی لێ نرا شەڕی جەوالە.

ئەسپسوار بەرەو گوندەکانی تر نێردران، هەم بۆ ئاگادارکردنەوە و هەم بۆ داوای بەشداریکردن لە شەڕدا. زۆری پێ نەچوو لە گوندەکانەوە هاتنە هاواری خەڵکی دەلسەوە، هەندێک بە چەکەوە، هەندێک بێ چەک، دەبوایە هەر ماڵێک بەشداری بکات یان بە چەکێک یان بە زەلامێک. کە ئامادەکاری تەواو بوو، چەکدارەکان بەرەو دەشتی (هەبات و کامەلە) کەوتنە ڕێ، دەنگی هەڵهەڵەی ژنانی گوند تێکەڵ بوو بە هۆسەی عەرەبییەکانی پیاوان.

پیاوانی جەوالە کە دەیانزانی دەبێتە شەڕ سەنگەریان لێ دابوو و خۆیان ئامادەی هێرشی کاکەییەکان کردبوو. شەڕ لە نێوانیاندا دەستی پێ کرد، لەبەر ئەوەی دەمەو ئێوارە بوو و دونیا خەریک بوو تاریکی دەکرد، شەڕەکە زۆر بەردەوام نەبوو، بەڵام ئەو ماوە کورتە بەس بوو بۆ ئەوەی مام مارف بکوژرێت (خاڵی باوکم)، دەڵێن بە پێوە شەڕی کردبوو، کاتێک پێکرا بوو و کەوتبووە زەوی، چەند پرتەقاڵێک لە باخەڵی گلۆر بووبوونەوە، پرتەقاڵەکانی بۆ کوڕە بچووکەکەی کڕی بوو، ئاخر ئەو هەر لە شارەوە گەڕابووەوە نەچووبووە ماڵ، کە گوتوبوویان شەڕە، یەکسەر کەوتبووە تەک شەڕکەرەکان. یەکێک لە کوڕەکانی (ئەحمەد لەتیف) کوژرا، کە عەرەب بوو سەر بە بەرەی کاکەییەکان، هەروەها یەکێک لە ئاغاکان بە وەگەڕانی ئۆتومبێل کە چەکداری دەبرد بۆ شەڕەکە کوژرا. بەم شێوەیە لە شەڕی جەوالەدا کاکەییەکان چوار کوژراویان دا، دوو عەرەب و دوو کورد.

کەس نازانێت چەند کەس لە جەوالەکان کوژران. شەڕی جەوالە شەڕی کورد و عەرەب نەبوو، بەڵکوو شەڕی نێوان خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە و جەوالەکان بوو، ئەو عەرەبە کۆچەرانەی بە دوای لەوەڕدا دەگەڕان.

## کە خرامە بەر خوێندن

لە کەرکووکماڵمان لە گەڕەکی (یەنگی دامەلار) بوو لە خوارووی گەڕەکی (موسەڵڵا)وە، یەنگی دامەلار، واتە خانووە تازەکان، هەر بە ناوەکەیەوە دیارە گەڕەکێکی تورکمانەکانە، نزیکترین قوتابخانە لە ماڵمانەوە قوتابخانەی (خاسە)بوو، هاوڕێکانم لەوێ ناونووس کرابوون، من کە شەش ساڵان بووم و باوکم دەیویست بمخاتە بەر خوێندن، دەبوایە دەستکاریی ساڵی لەدایکبوونمی بکردایە، چونکە ئەو دەمە بە پێی یاسا منداڵان دەبوایە حەت ساڵان بن بۆ ئەوەی دەست بە خوێندن بکەن، ئەمە وای کرد کە من ماوەیەک دوا بکەوم تا ئەو دەستکارییە تەواو بوو. کە لەگەڵ باوکم چووین بۆ قوتابخانە (ئەو دەم قوتابخانەی خاسە لە لای فیلکەی موسەڵڵا بوو) بەڕێوەبەرەکە بە باوکمی گوت: بۆ نایبەی لە شۆریجە ناونووسی بکەیت؟ منداڵانی ئەم قوتابخانەیە هەموو تورکمانن. باوکم تەماشای کردم، من گوتم: نا دەمەوێت لێرە بخوێنم، هاوڕێکانم هەموو لێرەن. لە لایەکی دیکەشەوە شۆریجە بۆ من زۆر دوور دەبوو. بەم شێوەیە ناونووس کرام و پاشان دەستم کردە خوێندن. یەکەم ڕۆژ کە برامە قوتابخانە، منداڵان لە ژوورەوە بوون. مامۆستایەک بە تورکمانی پێی گوتم: بچۆ بۆ پۆلەکەی ئەوسەری هەموو، ئەوە پۆلی یەکەمە. کە گەیشتمە بەر دەگای پۆل، دەرگا کراوە بوو، گوێم لێ بوو مامۆستا بە زمانی تورکمانی بە منداڵانی دەگوت: ئاری ئەجە ئێدەر؟ واتە زەردەواڵە چۆن دەکات؟ یان دەنگی زەردەواڵە چۆنە؟ ئەوانیش بە یەک دەنگ دەیانگوت: ززززززززز. یانی قوتابییان فێری چەند پیتێکی دیکە بووبوون و گەیشتبوونە پیتی (ز). مامۆستاکە (مامۆستا نوری) کە بینیمی بە تورکمانی گوتی: ها کوڕم چیت دەوێت؟ منیش گوتم: قوتابییەکی تازەم. ئیتر چوومە ژوورەوە و لەوێ هەندێک لە منداڵانی گەڕەکەکەمان بانگیان کردمە لای خۆیان. بەم شێوەیە منداڵێکی کورد لە قوتابخانەیەکی تورکمانیدا دەستی بە خوێندنی عەرەبی کرد.

من لەگەڵ سێ زمان گەورە بووم، لە ماڵەوە بە کوردی و لە گەڕەک بە تورکمانی قسەم دەکرد و لە قوتابخانەش بە عەرەبی دەمخوێند. گرنگە بێژم ماڵی ئێمە بە دوو زاراوەی کوردی قسەیان دەکرد، ماچۆ کە زاراوەی باوکم بوو، کوردی کە

زاراوەی دایکم بوو، هەڵبەتە ئێمە ئەو کاتە زاراوە و مەراوەمان نەدەزانی، ماچۆیش بۆ ئێمە هەر زمان بوو، بۆیە بەوەی ترمان دەگوت: کوردی (مەبەست کرمانجیی ناوەڕاستە). دایکم و داپیرەم (دایکی باوکم) بە کوردی قسەیان دەکرد، ئەوانی دیکە بە ماچۆ. من بە خۆم لەگەڵ دایکم بە ماچۆ قسەم دەکرد و ئەویش بە کوردی وەڵامی دەدامەوە.

### قەڵەمدادەرەکەم

زۆر دڵم بە قوتابخانە خۆش بوو، ڕۆژێکیان قەڵەمەدادەرێکی شینی خڕیان بۆ کڕیم، هێندەی دیکە دڵم خۆش بوو. لە کاتی پشووداندا چووین بۆ گۆڕەپانی قوتابخانەکە، گۆڕەپانەکە لە منداڵ جمەی دەهات، قەڵەمدادەرە شینەکەم لە ناو لەپی دەستێکم بوو، بە دەستەکەی تر بە یەواشی بانم دابوو، هێندەی خۆشمدەویست دەتگوت چۆلەکەیەکم لە ناو دەستدایە و نابێت ئازاری بدەم. منداڵە هاوڕێکانم کە بینییان شتێکم لە ناو دەستە، لێیان پرسیم کە چییە، منیش بە شانازییەوە دەستم کردەوە و قەڵەمدادەرەکەم نیشان دان، هەنگین ئەوە ڕووی دا کە دەبوو ڕووی نەدابایە و تا ئێستاش لە بیرم ناچێت. منداڵێک لێمان نزیک بووەوە کە ئەویش پۆلی یەکەم بوو، بەڵام لە کلاسی ئێمە نەبوو، بە ناوی (عەدنان حەمید) و بە چاوترووکانێک قەڵەمدادەرەکەی ڕفاندم و ڕای کرد و لە ناو منداڵاندا خۆی بزر کرد. نەمتوانی لێی وەرگرمەوە، عەدنان منداڵێکی شەڕانی و چەمووش بوو. هاوڕێکانم منیان بردە لای مامۆستای موراقیب (مامۆستا فایەق) و بۆیان باس کرد کە چی ڕووی داوە. مامۆستا زۆر بە ئەزاکەتەوە لە عەدنانی داوا کرد قەڵەمدادەرەکەم بداتەوە، بەڵام ئەخێر ئەو ئینکاری کرد و گوتی کە ئەیبردووە، هەرچەندە من شایەتم هەبوو، بەڵام مامۆستا فایەق فەقیرۆک بوو، عەدنانیش شەیتان بوو، ئیدی قەڵەمدادەرە خۆشەویستەکەم سەری تێدا چوو، ئەو قەڵەمدادەرەی تەنیا یەک ڕۆژ خاوەنی بووم. ئەمە یەکەم ناحەقییەک بوو لە ژیانمدا کە بەرامبەرم کرا. هەستم بە نائومێدی و بێدەسەڵاتییەکی گەورە کرد.
بە درێژایی سالانی خوێندنم لەو قوتابخانەیەدا ئەو قەڵەمدادەرەم هەر لە بیر بوو، هەر جارێکیش عەدنانم دەبینی حەسرەتێکم بۆ قەڵەمدادەرەکەم دەکێشا. ساڵ هات و ساڵ چوو، ئەختە ئەختە گەورە بووین. عەدنان لە کولییەی سەربازی وەرگیرا و بوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا، منیش بووم بە مامۆستای زمانی کوردی، ئەو زمانەی لە خوێندنی بێبەش بووم و بە هەوڵ و توانای خۆم فێری بووم، بەڵام قەڵەمدادەرەکەم لە بیر ناچێت و لە هەر شوێنێکدا دانەیەکی خڕی شینم دیبا ئەوەی

خۆمم بیر دەکەوتەوە. ساڵ دەرباز دەبن و کاری مامۆستایەتی بەجێ دەهێڵم و دەبم بە پێشمەرگە بۆ ئەوەی خۆشترین ساڵانی تەمەنم بەرمە سەر. ئێمە بووین و تفەنگەکانمان، زەویمان ڕادەخست، ئاسمان دەدا بە خۆماندا. دڵمان خۆش بوو، مەسەلەیەک هەبوو لە پێناویدا خەباتمان دەکرد، شانازیمان پێوە دەکرد و خەونمان بەو ڕۆژەوە دەدیت کە بەری ڕەنج و خەباتمان بۆ گەل و نیشتمان بێت.
ماوەی نێوان ئێمە و هێزەکانی عێراق لە چەند کیلۆمەترێک زیاتر نەبوو، بە بێ دووربین یەکترمان دەبینی. ئەوان بە گردەکانی بەرامبەرمانەوە ڕەبیە و سەنگەریان لێ دا بوو. ئەگەری ئەوە هەبوو کە عەدنان حەمیدی ئەفسەری عێراقی لە یەکێک لە ڕەبیەکانی بەرامبەر بێت، ئیدی جار جار دەکەوتمە خەیاڵەوە، ئای کە خۆش دەبوو ئەگەر عەدنانمان بە دیل گرتبا. من قەڵەمدادەرەکەم هەر لە بیر بوو. ئێوارەیەکیان چیرۆکی ئەو قەڵەمدادەرەم بۆ پێشمەرگەکان گێڕایەوە، لە دواییدا پێشمەرگەیەک پرسی: ئەگەر عەدنان بە دیل بگرین چیی لە دەکەیت؟ یەکسەر وەڵامم دایەوە و گوتم: بێگومان داوای قەڵەمدادەرەکەمی لێ دەکەمەوە. هەموو دەستیان کردە پێکەنین. لەو دەور و زەمانەدا پێکەنین زۆر ئاسان بوو، بە شتی بچووک پێکەنینمان دەهات، لەبەر ئەوەی دڵمان خۆش بوو. شەو خەوتین، کە بەیانی لە خەو هەڵساین، ئەم هەواڵەمان دەست کەوت: ئەو هەڤاڵانەی بەشەو چەک و تەقەمەنییان لە نێوان بنکەکانماندا بە هێستر گواستووەتەوە تووشی گرفتێک هاتوون. ئەویش یەکێک لە هێسترە بارکراوەکان لە ڕیزی هێسترەکانی دیکە دەرچووە و یەکسەر بەرەو ڕەبیەکەی بەرامبەرمان غاری داوە و خۆی تەسلیم کردووە، بە تەواوی بۆ ئەو ڕەبیەیەی کە من پێم وا بوو عەدنانی تێدایە. ئەمە خۆی لە خۆیدا وەک نوکتە وا بوو. پاشتر هەر بۆ گاڵتە دەمانگێڕایەوە و دەمانگوت: هێسترەکەمان بوو بە جاش.
چەند ساڵێک بەر لە ئێستا گەڕامەوە بۆ کەرکووک. گوتم ئەوە ئیدی حکوومەتی سەددام نەماوە و حەق وایە من بە دوای عەدناان حەمیددا بگەڕێم، ئەگەر مابێت و بیدۆزمەوە ئەوە داوای قەڵەمدادەرەکەمی لێ دەکەم. دەزانم ئەو قەڵەمدادەرە نەماوە، بەڵام دەتوانێت دانەیەکی وەک ئەوەی خۆم بۆم بکڕێت، ئەگینا لە دادگا شکاتی لێ دەکەم. ڕەنگە هەم عەدنان و هەم دادگا و هەم ئەوانەی بەم چیرۆکە بزانن گاڵتەیان پێم بێت و ڕەنگە بڵێن کابرا تێک چووە. ئەمە بە لای منەوە گرنگ نییە، من قەڵەمدادەرێکم لێ زەوت کراوە و ناتوانم لێی خۆش بم. با لە پەنجا ساڵ زیاتریشی بەسەردا ڕەت بووبێت.

فریا نەکەوتم بە دوای عەدنانـدا بگەڕێم، ڕۆژانە برادەری کورد و تورکمان و عەرەب سەردانیان دەکردم. باسی ڕابوردوومان دەکرد، بیرەوەرییە خۆشەکان، یادگارییەکان، گاڵتە و گەپەکان، باسی ئەو ڕۆژانەمان دەکرد کە دڵمان بە ژیان خۆش بوو. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکی نزیکم هات و یەکێک لە کوڕەکانی لەگەڵدا بوو، تەمەنی کوڕەکەی هەر لە تەمەنی ئەوسای من بوو کە لە پۆلی یەکەم بووم. باسی ڕۆژانی ڕابوردوومان کرد، باسی خەم و خەفەتی ژیان و نیشتمانمان کرد. یەکێک لەو باسانە هاتنی پێشمەرگە بوو بۆ ناو شاری کەرکووک و ڕاونانی سەربازی عێراقی بەر لەوەی حکوومەتی عێراق بڕووخێت. باسێکی سەخت بوو، هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو کەرکووک نەخشەبۆکێشراو نەبوو، ڕێکوپێک نەبوو، بێسەروبەر بوو، هەر بۆیە لەگەڵ هاتنی ئەواندا خەڵکی دز و جەردە و ڕێگریش هاتنە ناو شارەوە و ماڵ و موڵکی خەڵک و دەوڵەتیان تاڵان کرد. کوڕی هاوڕێکەم گازندەی لا کردم و گوتی: کوردەکان ماڵی ئێمەیان تاڵان کرد، تەنانەت تەلەفۆنەکەشیان بردین. باوکی قسەی پێ بڕی و گوتی: کوڕم ئەوانە دز بوون.
جارێکی دیکە قەڵەمدادەرەکەم بیر کەوتەوە، ئەمجارەیان بە شێوەیەکی جیاواز: من دەزانم کێ قەڵەمدادەرەکەی لێ ڕفاندم، بۆیە تۆمەت ناخەمە پاڵ کەسانی دیکە، بەڵام ئەوەی ئەم کوڕە دەیزانێت هەر ئەمەندەیە کە کوردەکان ماڵی ئەمانیان بە تاڵان بردووە، جا دز بن یان نەبن ئەوەیان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. من ئێستا لەم ورچستانە دانیشتووم و دوای پەنجا و ئەمەندە ساڵ باسی قەڵەمدادەرێک دەکەم کە لێم زەوت کراوە. باشە، چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم منداڵە دوای پەنجا ساڵی دیکە لە قوژبنێکی ئەم جیهانە بەرینەدا دانەنیشێت و باسی بەتاڵانبردنی ماڵیان و دزینی تەلەفۆنەکەیان نەکات لە لایەن کوردەکانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە و لێکدانەوەی چیرۆکی قەڵەمدادەرێکی زەوتکراو بۆ تۆ دەهێڵمەوە.

### یەکەم پەیوەندیم لەگەڵ سیاسەتدا

هەر ئەوساڵەی پۆلی یەکەمم تەواو کرد و هاوینی بەسەردا هات، لە **14**ی تەمووزی **1958** لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە کۆدەتا کرا و مەلیک فەیسەڵ کوژرا. ئێمە مەلیک فەیسەڵمان خۆش دەویست، چونکە ڕەسمی ئەو بە بەرگی دەفتەرەکانمانەوە بوو، هەروەها دەمانبیست گەورەکان دەیانگوت خێزانی مەلەکی غەدریان لێ کرا. بەهەر حاڵ بە دەستپێکردنیم لە پۆلی دووەمدا قوتابخانەکەمان لە موسەڵڵاوە گوێزرایەوە بۆ پریادی. عەبدولکەریم تازە هاتبووە سەر حوکم، زوو زوو ڕێپێوان دەکرا بۆ پشتگیریکردنی، ئێمەش پێمان خۆش بوو، چونکە ئەو

ڕۆژەیان ئیدی ئەماندەخوێند و پاش ڕێپێوانەکە دەچووین بۆ ماڵەوە. ڕۆژێکیان منداڵە گەورەکانی پۆلەکانی سەرەوە کۆمیتەیەکیان دامەزراندبوو بۆ بەڕێوەبردنی ڕێپێوانێکی پشتگیری بۆ عەبدولکەریم، بەڵام وایان دانابوو لە هەر پۆلێک ئەندامێکی کۆمیتە هەبێت. جارێ زەنگی چوونەژوورەوە لێ نەدرابوو، کۆمیتەکە هاتن بۆ لای پۆلی دوو، داوایان کرد کەسێکمان بکەوێتە ناویانەوە، ئەو کەسە من بووم، منداڵێکی حەوت ساڵان. ئیدی مایە سەر ئەوەی چۆن ئەو هەموو قوتابییە ڕازی بکەین دوامان بکەون بە بێ ئەوەی مامۆستایان بزانن. ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی بچینە نزیکی دەرگای دەرەوە، لەوێ بیکەینە چەپڵەرێزان و دروشم دان بە باڵای عەبدولکەریمدا، کە منداڵان لێمان خڕ بوونەوە هێدی هێدی لە دەرگا بچینە دەرەوە و بکەوینە سەر جادەکە، ئیدی لەوێوە بەرەو فیلکەی موسەڵلا بڕۆین و لە نیوەی ڕێ جۆبڵاوی لێ بکەین بۆ ئەوەی هەر یەکەو بچێتەوە بۆ ماڵەوە. بیرم دێت کە بەم دروشمە باوەی ئەو سەردەمە دەستمان پێ کرد:

عاش الزعیم، عبدالکریم

شعب العراق، شعب عظیم

پلانەکەمان سەرکەوت و لە ڕێگایش منداڵانی دی دوامان کەوتن، بەم شێوەیە ئەو ڕۆژە دەوامی قوتابخانەمان لێ دا. بۆ بەیانی بەڕێوەبەری قوتابخانە لیستێکی ئاژاوەگێڕانی پێ بوو. لەو کاتەدا هەموو قوتابخانە کۆ دەبێتەوە بۆ گوتنی سروودی بەیانیان، یەکە یەکە ئەندامانی کۆمیتە بانگ کرانە دەرەوە بۆ دارکاری، خواوڕاستان ناوی من بە هەڵە نووسرابوو، لە جیاتی فەهمی نووسرابوو فاروق، ناوی باوکی من و فاروق وەک یەک بوون، من لە ترساندا نەموێرا بێژم ئەوە من بووم فاروق نەبوو، بەڵام گوێم لە یەکێک لە مامۆستاکان بوو بە فاروقی گوت: تۆ کوڕی محێدینی؟ گوتی بەڵێ. مامۆستا بە هەڕەشەوە گوتی: با باوکت ببینم! ئەو مامۆستایە باوکی منی دەناسی و وای زانی فاروق منم. ئەو ڕۆژەیان هەر کە هاتمە ماڵەوە، باسی (گێرەشێوێنەکان)م بۆ باوکم کرد و پێیم گوت ئەو مامۆستایە وای زانیوە منیشیان لەگەڵ بووم، بەڵام ئەوە من نەبووم، فاروق بوو. بەم شێوەیە لە ترساندا فێری درۆیش بووم.

لە یەکەم ساڵیادی شۆڕشی 14ی تەمووزدا ڕێپێوانێکی گەورە ساز کرا. ئێمە لە پایین گەراجی حەویجە دوکانێکی عەتاری و بەقاڵیمان هەبوو، دوکاندارە دراوسێکانمان هەندێکیان کورد بوون، یەکێک لەوانە ناوی مورشید بوو، خەڵکی هەفتەخار بوو، گوتی: لەسەر پردە تازەکە (پردی نازم تەبەقچەلی) ڕێپێوانە من دەچم تەماشا دەکەم، فەهمی دێی لەگەڵما؟ گوتم بەڵێ و ئیدی دوای کەوتم. کە

گەیشتینە سەر پردەکە حەشاماتێکی زۆری لێ بوو، بەڵام هەر کە گەیشتین بوو بە تەقە و خەڵکەکە بە هەموو لایەکدا ڕایان کرد. مام مورشید ئاگای لە من نەما، چاکی کەواکەی کرد بە لاداو و ڕایکرد، دەرپێیەکی سپیی درێژی لە بن کەواکەدا لە پێ بوو، منیش بە بێ ئاگای ئەو دەرپێیەکەم گرت و لەگەڵیدا ڕام کرد، کەمێکی مابوو بگەینە گەراجی حەویجە منی بیر کەوتەوە، گوتی: فەهمی! گوتم لێرەم. ئیدی تا دوکانەکەمان ڕامان کرد. کە گەیشتینە ئەوێ خێرا هەوڵمان دا هەرچی کاڵەک و شووتییە بە زووترین کات بیانکەینە ژوورەوە و دوکانەکە داخەین و بڕۆینەوە، بەڵام پەیتا پەیتا ئەو خەڵکە بەرەو ماڵ ڕایان دەکرد، بە بەردەم دوکانەکەماندا ڕەت دەبوون و کاڵەک و شووتییان دەڕفاند.
ئیدی ئەوە بوو کوشتوبڕەکەی کەرکووک ڕوویدا و چەندین کەسایەتیی تورکمان کوژران و ئۆباڵەکەی خرایە سەر کوردەکان. ئەو کوشتارە مەسەلەیەکی هەستیارە، بۆیە بە بێ بەڵگە نامەوێت لەسەری بڕۆم. ئەوەندەی دەیزانم دوو برا بە ناوی عەتا و ئیحسان خەیروڵڵا کە کوژران برادەری باوکم بوون، باوکم هەوڵی ڕزگارکردنیانی دا، بەڵام لەبەر ئەوەی قەدەغەی چوونەدەرەوە بوو، فریا نەکەوت.
دوو ساڵ دوای ئەوە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد. بیرم دێت خزمێکی فشەکەرمان هەبوو (بە ڕەحمەت بێت)، بە شەوان دەچووینە ماڵیان و ئەویش باسی شۆڕشی بۆ دەکردین و باسی چەکە تازەکانی شۆڕشی دەکرد. ڕۆژێکیان گوتی: تۆپ(مەدفەع)ێکمان بۆ هاتووە لە یەک کاتتدا سێ گوللە تۆپ دەتەقێنێت، گوللەتۆپەکان یەکێکیان ڕاستوڕاست بۆ پێشەوە دەڕوات، یەکێکیان بۆ لای ڕاست و ئەوی تریان بۆ لای چەپ. ئاخر بۆیە دەڵێم فشەکەر بوو، من ئەو کاتە بەو منداڵییەی خۆمەوە باوەڕم بەم قسەیە نەدەکرد، چونکە لۆگیکی تێدا نەبوو.
ئێمە کە قوتابی بووین و دەبووایە سەعی بکەین، زۆر جار دەچووینە دەرەوەی ماڵ و لە دەشتاییەکدا بە دەم هاتوچۆوە دەمانخوێند، ئێمە ئیدی ماڵمان لە یەنگی داملار نەمابوو، بارمان کردبوو بۆ قەسابخانە. جارێکیان کە لە دواساڵی قۆناخی ناوەندی بووم، باخەوانێک کە لە بیستانێکی نزیکی ماڵمان کاری دەکرد و دەیزانی من کوردم داوای لێ کردم ببمە ئەندامی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، من قەولم نەدایێ، کە هاتمەوە ماڵەوە لە گەڵ خزمێکی خۆم باسم کرد، ئەو خزمەم لە من گەورەتر بوو، کاری سیاسەتی دەکرد و مەلایی بوو، پێی گوتم: ئەوانە جەلالین، پێی بڵێ کە ناتەوێت لە سیاسەتدا کار بکەیت، ئیدی بەم شێوەیە نەبووم بە جەلالی، بەڵام خزمەکەم داوای ئەوەشی لێ نەکردم ببمە مەلایی. بۆ یەکەم جار کە کەوتمە ناو ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە یەکسەر دوای ڕێککەوتنی **11**ی ئازار

بوو. دوای چوار ساڵ ئیدی ڕاکە ڕاکە بوو، شۆڕش دەستی پێ کرد و منیش وەک زۆربەی خەڵک پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد و بووم بە مامۆستای شۆڕش لە گوندی (ئۆمەرەگەدە) لە ناوچەی (قەرەحەسەن)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک. بیرمە خەڵکێکی زۆری بێچەک هەبوون بە گوندەکاندا دەگەڕان، پێیان دەگوتن (هێزی کوتەک)، بەڵام کە دەهاتنە ناو گوندەوە ژنانی گوند دەیانگوت: ئەوە ڕاکەر و ماکەرەکان هاتن . پاشان چووم بۆ قەڵادزێ و حاجی ئۆمەران و گەڕامەوە بۆ پێنجوێن و دواتر لە ئۆردوگای (سەراوگەرم) لە نزیکی (سەرپێڵی زەهاو) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرامە مامۆستا.

جاری دووەم کە پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد ساڵی **1982** بوو. لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارباژێڕ بوو نزیک بە گوندی (بادانە). پاش چەند ڕۆژێک لە گەیشتنم کرام بە ئەندام ناوچەی چەمچەماڵ، دوای دوو مانگ بووم بە کارگێڕی ناوچە. هاوینی **1983** بارەگامان نزیک بە گوندی (بلەکێ) بوو، ئەوێ ناوچەیەکی سنوورییە، بۆیە ئێمە کەوتبووینە نێوان سوپای عێراق و سوپای ئێرانەوە، هەر لایەکیان تۆپی لەوی تر بگرتایە و کورتی بکردایە بەر ئێمە دەکەوت. پێشمەرگەکان لەمە زۆر بێزار بوون. ڕۆژێکیان پێشمەرگە ویستیان خۆپیشاندان بکەن. یەکێک لە پێشمەرگەکانی لقی چوار بە ناوی (فازڵ)، هات بۆ لام.

گوتی: مامۆستا، تۆ دەڵێیت من لەگەڵ حەقدام.

گوتم: بەڵێ.

گوتی: ئێمە دەمانەوێت دژی ئەم وەزعە خۆپیشاندان بکەین.

گوتم: جا بۆ نایکەن؟

گوتی: دە باشە تۆ نووسەری، دەمانەوێت دروشمەکانمان بۆ بنووسیت.

گوتم: باشە.

ئیدی هەرچەندە من (مەنسوول) بووم و خۆپیشاندانەکە دژی لقی سێ و لقی چوار بوو، دانیشتم و چەند دروشمێکم بۆیان نووسی. لە بیرمە یەکێک لە دروشمەکان بەم شێوەیە بوو:

پێ میم، بە لیست هەزارە
تەنیا سێسەدی دیارە
حەوسەدەکەی لە شارە
خەریکی خاروبارە

جـا ئەمە هەر وایـوو، ئەگەر بە لیـست بـووایە هەردوو لـق هەزار پێـشمەرگەمان هەبـوو، بەڵام قەت لە سێـسەد تێـنەدەپەڕی، ئەوانـی تـر لە شـارۆچکەی مەریـوان پاڵیان دابووەوە.
پێشمەرگە بە دروشمدان بە نـاو ئەو دۆڵانەدا دەسووڕانەوە، بە بەردەم ڕێکخراو و ناوچەکاندا ڕەت دەبوون و تا گەیشتنە بەردەم بارەگـای لقی چوار و لەوێ لە لایەن بەرپرسـەکانەوە پێشوازییان لـێ کـرا و شـکاتی خۆیـان کـرد. برادەرانـی لقی چوار زۆریان پێ ناخۆش بوو، بە تایبەتی کە زانییان من دروشمەکانم نووسیوە و منیش سەر بە لقی سێ بووم. (لە ڕاستیدا تووڕەبوونی ئەوان لەوەش بـوو کە لقی سێ ئەسپێکی هەبوو و لقـی چوار ماینێکی هەبوو، هەر لە ڕۆژانەدا ئەسپەکەی لقی سێ پەلاماری ماینەکەی لقی چواری دابوو، (بیلا مانـا) سواری بووبوو، ئیدی بەرپرسـانی لقـی چـوار ئەمەیـان بە ئیهـانە دەزانـی، هەرچەنـدە هەردوو لا سەر بە هەمان حیزب بووین) پاش نزیکەی سەعاتێک ئەو پێشمەرگەیەی داوای لـێ کـردم دروشمەکان بنووسمەوە (فازڵ) هات بۆ لام، گوتم: ها چێتان کرد. گوتی: مامۆستا ئەقڵـی شـارەزوور کـرام. دیـار بـوو ئەم گواسـتنەوەیە وەک سـزایەک بـوو. پاشـتر هەموومان گواستمانەوە بۆ شارەزوور.
لە مـانگی دوانـزەی هەمـان سـاڵدا سەردانی سەرکردایەتیم کـرد. لەوێ کە هوشـیار زێبـاری چـاوی پـێم کەوت، گـوتی: ئەمە تـۆ لە کوێیـت؟ لە کەیەوە ئـێمە داوامـان کـردووی. مـن بەم بەزمەم نەدەزانـی، تـومەز مەکتەبـی سیاسـی داوای کـردووە بگـوێزرێمەوە بـۆ ڕاگەیانـدنی ئەوێ و لقـی سـێ ئەمەی لـێ شـاردووەتەوە. ئەو ماوەیەی لەوێ بووم ڕاگەیاندن و ڕادیۆی دەنگی کوردستان گۆڕوتینێکی نوێی تێ کەوت، بە تـایبەتی جەمـاعەتی یەکێتـی گفتوگۆیـان لەگەڵ حکـوومەت هەبـوو، ئیـدی داشـی ئـێمە سـوار بـوو. مـن بـۆ ڕادیـۆکە گوتـارم دەنووسـی، هەروەهـا بەرنـامەی (کاروانی شەهیدان)م ئامادە و پێشکەش دەکرد. ڕۆژێکیان کاک مەسعوود بـارزانی بانـگی ئەندامانی بەشی ڕاگەیاندنی کرد، ئەو دەمە ئەمـانە بووین: حەمید سووری، دکتۆر ناسیح، بارزانی مەلا خالید، مەسعوود ساڵەیی و من، کە چووینە ژوورەوە کاک مەسعوود بە پێوە بوو، یەکە یەکە سڵاوی لێی کرد، هەر بە پێوە بووین کە گوتی: من هەمووتان دەناسم، بەڵام ئەمجارە بـانگم کـردن بـۆ ئەوەی چاوم بە کـاک فەهمـی بکەوێـت، بە ڕاسـتی لەوجـاوە ئەو هـاتووە، ئـێعلام و ڕادیـۆ زۆر فەرقـی کردووە، لە هەموو لایەکەوە نامەی دەستخۆشیمان بۆ دێت.
کە هـاوینی بەسـەردا هـات پێشمەرگەکانی لقـی سـێ داوایـان کردبـوو بگەڕێـمەوە، ئیدی کرامە کـارگێری لقی سێ، وەک بەرپرسی دارایی و ڕاگەیانـدن. لەوێ لە گەڵ

برادەرانی (جود) رابیتەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی پێشمەرگەمان دامەزراند و گۆڤاری (هەڵمەت)مان دەرهێنا، هەروەها بۆ لقی سێ گۆڤاری (باوەگوڕگوڕ)م دەردەهێنا، هەروەها نامیلکەیەکی شیعرم بڵاوکردەوە بە ناوی (خوێنهەڵات)، ئەو شیعرانەی گرتبووە خۆی کە بۆ پێشەکیی بەرنامەی کاروانی شەهیدان نووسیبوونم. پاش ماوەیەک هەندێک گرفتم بۆ پەیدا بوو، لە ڕاستیشدا بۆم دەرکەوت کە من سەرم لە سیاسەت دەرناچێت (وەک ئەوەی باو بوو)، ئیدی هاوینی **1985** پارتیم بەجێ هێشت.

کە پیاو کورد و کاکەیی و کەرکووکی بێت

پێم وایە لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا کورد لە ناو شاری کەرکووک (مەبەستم قەزای کەرکووکە) لە چاو تورکماندا زۆر نەبوون، کەرکووکیش ئەو دەمە هێندە گەورە نەبوو. هەرچی ماڵی ئێمەش بوو وەک پێشتر باسم کرد لە گەڕەکی تورکمانەکان بوو، هەروەها قوتابییان و مامۆستایانی قوتابخانەکەش تورکمان بوون. هەرچەندە ئێمە بە عەرەبی دەمانخوێند بەڵام مامۆستاکان زیاتر بە تورکمانی بۆیان شەرح دەکردین. ئەمە بۆ من لە دوو سەرەوە سەخت بوو، مەبەستم ئەوەیە من بە دوو زمانی بێگانە فێر دەکرام. جارێکیان ئەو خزمەی کە ئەیهێنشت ببمە جەلالی شیعرێکی کوردیی بۆ خوێندمەوە، هەر یەکسەر لەبەرم کرد و ئێستاش لە بیرمە، هەنگێن زۆر پەشیمان بووم لەوەی کە بۆ خوێندن نەچوومە شۆڕیجە. شێعرەکە ئەمە بوو:

شتێکە بێ ڕۆح و بێ گیان
دەفڕێ دەچێتە ئاسمان
ناویان ناوە تەیارە
زۆر مەحکەم و بەکارە
لە شەڕا موسیبەتە
لە ئاشتیدا نیعمەتە
لە سایەی سەنعەت و فەن
شتی وا دروست دەکەن

چونکە نێوان کورد و تورکمان بە هۆی کارەساتی تەمووزی **1959** ناخۆش بوو، ئیدی لەو قوتابخانەیە ئەمدەوێرا بێژم من کوردم. بەڵام لە ڕێگا و بان ئەو منداڵە تورکمانانەی دەیانزانی من کوردم تێیان هەڵدەدام، بەلای کەمەوە دوو جار لە لایەن منداڵی هاوتەمەنی خۆمەوە، لەبەر ئەوەی کورد بووم لێدانم خواردووە، تەنانەت

یەکێک لە منداڵەکان دراوسێمان بوو. بەڵام لە هەمووی ترسناکتر ئەو جارەیان بوو کە لەگەڵ باوکم لە گەڕەکێکی تورکمانەکەوە ڕەت دەبووین بەرەو گەراجی حەویجە، باوکم کەواوچاکەتی لەبەردا بوو منیش بە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتم، تورکمانەکان زۆر بە ڕقەوە تەماشای باوکمیان دەکرد، ئەمە ئەو کاتە بوو کە ئەوان دەستیان کردبوو بە کوشتنی کوردەکان. لەبەر ئەوەی باوکم سمێڵی هەبوو، پێم وایە گومانی ئەوەیان دەکرد شیوعی بێت، خواخوام بوو لەو گەڕەکە دەرچین و هیچ ڕوو نەدات، باش بوو بەسەلامەتی ڕزگارمان بوو، بەڵام ئەو ترسە ئێستاش لە دڵمدایە.
سەرەتای هاوینی ساڵی **1963** من پۆلی شەشەمم تەواو کردبوو. ماڵمان لە قەسابخانە بوو، هاوڕێیەکی کوردم بە ناوی (عەبدوڵڵا دزەیی) پێی گوتم: دەڵێن هەندێک کوردیان هەڵواسیوە با بڕۆین تەماشا بکەین. ئیدی بەرەو فیلکەی موسەڵڵا کەوتینە ڕێ. فیلکەی موسەڵڵا ئەو شوێنەیە کە قوتابخانەی خاسەی لێ بوو. بەر لەوەی بگەینە ئەوێ گوێمان لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵهەڵەی ژنان بوو، جادەیەک لە پشتی بنکەی چاودێریی تەندروستییەوە هەبوو پێچی دەکردەوە بۆ فیلکەکە، کە گەیشتینە سووچی جادەکە ئیدی لەوێوە هەموو شتێکمان بینی، ڕاوەستاین و لەبەر ئەوەی کورد بووین نەمانوێرا لەوە زیاتر بچینە پێشەوە، دەترساین پێمان بزانن و ئەزیەتمان بدەن. خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون. لاشەی کوژراوەکان لەسەر دیواری فیلکەکە بەرامبەر بە قوتابخانەکە هەڵواسرابوون، دەق لەو شوێنەی کە من لە پۆلی یەکەم بووم حەڵوا و شیرینی لێ دەفرۆشرا، چەندین جار لە ژێر پێی کوژراوەکان حەڵوام کڕیبوو. دوو جەمانە بەسەری تورکمان کە یەکێکیان چاوێکی کوێر بوو، دەهۆڵ و زوڕنایان لێ دەدا، ژنێکی تورکمان چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو دەیویست بچێتە پێشەوە و لە لەشی کوژراوەکان گۆشت بکاتەوە، چەند ئینزباتێک لەوێ بوون نەیاندەهێشت. پێم وایە ئەو ڕۆژە **28** کورد هەڵواسران. بە دڵێکی شکاو گەڕاینەوە ماڵەوە. پاشتر کە لە قوتابخانەی ناوەندیی موسەڵڵا دەمانخوێند چەند منداڵێکی تورکمانی باوککوژراو و دڵشکاو هەمیشە بە چاوی گومانەوە تەماشایان دەکردین، ئێمە هەر لە خۆمانەوە پێمان وا بوو کە ڕەنگە وا بیر بکەنەوە باوکی ئێمە باوکی ئەوانی کوشتبێت، ئەو جۆرە چرکانە زۆر جەرگبڕ بوون، بۆیە لەبیریان ناکەم.
سەرەڕای هەموو ئەم ئەگیەتییانە، من هەمیشە وەک منداڵێک لە گەڵ هەستی کەمایەتی و خۆبەکمزانین گەورە دەبووم، سەرباری ئەمە کاکەییش بووم، هەندێک خەڵکی نەزان بە چاوێکی ترەوە تەماشای کاکەییان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان ئەو خەڵکە کورد بوون، چونکە تورکمان و عەرەب تەنیا وەک کوردێک تەماشایان

دەکردین. درۆیەکی زۆر گەورە کە ئەو دەمە دەمانکرد و ئێستایش زۆربەی کاکەییەکان دەیکەن ئەوە بوو کە کاکەیی عەشیرەتە و کاکەیی موسڵمانە، ئەوە بۆیە لەسەرەتادا وەک عەشیرەت باسم کرد، بەڵام لێرەدا دەبێت ڕوونی بکەمەوە کە کاکەیی عەشیرەت نییە، چونکە لە ناو کاکەییدا لەک، چۆڵمەک، زەنگەنە، قەرەسەنی، هەمەوند، قەڵخانی، دەلۆ و هتد هەیە. من خۆم زەنگەنەم. کاکەیی ناوی چیی لێ دەنێی بنێ؛ باوەڕ، تەریقەت، ئایین، نازانم چی، بەڵام نەک عەشیرەت و نەک موسڵمان، چونکە بەڕاستی لە پێنج مەرجی ئیسلام یەکێکیشیان بەجێ ناهێنین. کاکەیی ناوی جودای لێ نراوە، وەک ئەهلی حەق، یارسان، گۆران و تایفە، بۆیە جارێکیان لە قوتابخانە لە دەرسی ئاییندا ئەمەمان خوێند: (و إن گائفتان من المسلمين إقتتلا) و هتد، من زۆرم پێ خۆش بوو وامزانی قورئان باسی ئێمەشی تێدایە و مەبەست لە (گائفە) تایفەی کاکەییە. بەهەر حاڵ پێویستە لێرەدا بێژم کاکەیی ڕێزیان بۆ هەموو ئایینەکان هەیە و بە یەک چاوەوە تەماشای هەموویان دەکەن، بەڵام ئیسلام لە خۆیان بە نزیکتر دەزانن.

لە هەمووی ناخۆشتر سەبارەت بەم لایەنە، ئەوەیە کە لەناو شۆڕشیشدا خەڵکی نەزان هەبوون بە چاوێکی دیکەوە تەماشای کاکەییان دەکرد. کە من لە ساڵی 1984 کرام بە کارگێڕی لقی سێ، برایەکی تری کاکەییش هەبوو ئەویش کارگێڕ بوو (سەید فەتحوڵڵا)، هەروەها ئەندام لقکێکیش (مامۆستا سەرتیپ)، برا موسڵمانەکان ئەمەیان بە زۆر زانیبوو، لەناو خۆیاندا گوتبوویان: کاکەییەکان سەیتەرەیان کرد، با بکەوینە خۆمان! ئێمە هەموومان پێشمەرگە بووین و هەموومان لە یەک سەنگەردا بووین، من نازانم ئەو برادەرانە چۆن چۆنی دەکەوتنە خۆیان؟

ئەم ئینتمایە بە کەمایەتییەوە ئەگەر کەسایەتییەکی بەهێزت نەبێت تا ڕادەیەک وات لێ دەکات هەست بە کەمبوونی خۆت بکەیت، لە لایەکەوە کورد بە و لە ناو زۆربەیەکی تورکماندا بژی، لە لایەکی دیکەوە کاکەیی بە و لە ناو زۆربەیەکی موسڵماندا بژی، ئینجاش ماچۆزمان بە و لە ناو زۆربەیەکی کوردیزماندا... ئیدی چەندت لێ دەمێنێتەوە؟

سەیر لەوەدایە ئیستا گوایە لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی هەیە و دەبوایە ئەم مەسەلەی فەرق و جیاوازییە کۆتایی پێ هێنرابا، کەچی ئێستاکە (مەبەستم ئەمڕۆیە) کاکەیی هیچبەدەستن. نە لە پەرلەمان و حکوومەتی عێراق و نە لە پەرلەمان وحکوومەتی هەرێم وەک ئەندام پەرلەمان یان وەزیر و وەکیل وەزیر، یەک دانە کاکەیی بۆ خوێی چێشتیش نابینرێت، لە هیچ شوێنێکی

دەستووری عێراق و هەرێمیش ئاماژەیان پێ نەکراوە، ناوی کاکەیی لە ناو کوولەکەی تەریشدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کاکەیی قەتماڵی خۆیان جیانەکردووەتەوە و نایشیکەن.

یەکەم پەیوەندیم لەگەڵ شانۆ و کتێب و نووسین

کە لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەمخوێند، پارچە شیعرێکمان خوێندەوە بە ناوی ئاژەڵەکانی دارستان (حیوانات الغابە)، مامۆستا گەرەکی بوو دیالۆگی ئاژەڵەکان وەک دراما لە وەستانی بەیانیاندا بۆ هەموو قوتابخانە نیشان بدات، چاوێکی گێرا بە ناوماندا و چەند کەسێکی هەڵبژارد بۆ بینینی ڕۆڵی ئاژەڵەکان، بە منی گوت: تۆ ددانەکانت گەورەن بۆ بینینی ڕۆڵی گورگ باشی، ئیدی من بووم بە گورگ و دەبوایە لە کاتی قسەکردندا ددانەکانیشم پیشان بدەم، کەمێکم لیی لەبیرە، کە دوای باسکردنی خۆم وەک گورگێک دەمگوت:

قف لیس ینجیک الهرب    فالموت منک قد قرب
کم مزقت رنیابی    لحوم وحش الغاب
فقوە إفتراسی    معروفە للناس

هەر ئەو ساڵەش بە پارەی ڕۆژانەی خۆم دوو دانە کتێبی چیرۆکی منداڵانم کڕی کە لە پۆلدا دەفرۆشرا، پێم وا بێت یەکێک لە کتێبەکان ناوی (سمیر ڕمیس) بوو. پاشتر کە لە قۆناخی ناوەندی بووم دەستم کردە خوێندنەوە، ئەو دەمە کتێبی عەشق و عەشقبازیمان دەخوێندەوە، هەندێکیان ئەستوور بوون، یەکێک لەو کتێبانە کە بە پارەی ڕۆژانەی خۆم کڕیم و دوو بەرگ بوو، کتێبی (رد قلبی) نووسینی (یوسف السباعی) بوو.

گەورەترین وەرچەرخان لە ژیانمدا لە پۆلی سێی ناوەندی بوو، ئەو ساڵەیان سی (??) قوتابی لە ناوەندیی ئیمام قاسمەوە گوێزرانەوە بۆ ناوەندیی موسەڵلا، ئەمە پشتگیرییەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئێمە (ئەو چەند منداڵە کوردەی لە ناوەندیی موسەڵلا دەمانخوێند)، یەکێک لەو قوتابییانە کە ناوی (فوئاد حەمید) بوو، برایەکی پێشمەرگە بوو، جارێکیان لە کاتی پشووداندا ڕسمی برا پێشمەرگەکەی خۆی و هاوسەنگەرەکانی نیشان داین، ئەمە بۆ ئێمە زۆر بوو، هەستی کوردایەتی و شانازیی نەتەوەیی و باوەڕبەخۆبوونی لە لامان بەهێزتر کرد. بەڵام لە هەمووی گرنگتر بۆ من ئەوسا و ئێستاش ناسینی (فازڵ جاف) بوو، ئەویش یەکێک بوو لەو سی قوتابییە، فازڵ جاف لەو ڕۆژەوە ئیدی وەک برایەکی دڵسۆز گاریگەریی باشی بەسەرمەوە هەبووە. فازڵ لە پۆلی ئێمە نەبوو، بەڵام لە پشووداندا یەکترمان

دەبینی، زۆر بە پەرۆشی پشوودانەوە بووین، کە زنگ لێی دەدا یەکسەر بە دوای فازڵدا دەگەڕاین کە یەک دونیا قسەی خۆشی پێ بوو، نوکتەی بۆ دەگێڕاینەوە، فازل توانایەکی لە ڕادەبەدەری گێڕانەوە هەبوو، هەر ئەو کاتەش بە شێوەیەکی درامی شتی دەگێڕایەوە، بە تایبەتی باسی مامۆستا (ئەحمەدی مەلا کەریم)ی دەکرد، باسی قسە خۆشەکانی ئەوی بۆ دەکردین.

هەرچەندە من و فازڵ هەر تەنیا یەک ساڵ لەو قوتابخانەیە پێکەوە بووین، بەڵام ئیدی برادەر بووین و بە هۆی ئەویشەوە لەگەڵ برادەرانی دیکە شۆریجە بووم بە هاوڕێ، ئەو برادەرانەی دەبوایە لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە بیانناسم.

دوای تەواوکردنی قوتابخانەی ناوەندی من لە خانەی مامۆستایان وەرگیرام و فازڵ چوو بۆ دواناوەندی، ئەو لە لای (تەحسین شەعبان) تەمسیلی دەکرد و من لە لای (ئەنوەر ڕەمەزان) و پاشتر لە لای (سەلمان فایەق)، جاری وا هەبوو ئەم سێ دەرهێنەرە کاری هاوبەشیشیان دەکرد. پێم وایە لە ساڵی **1969** بوو سەلمان فایەق لقی تیپێکی شانۆی عەرەبیی لە کەرکووک کردەوە بە ناوی (إتحاد الفنانين) کە سەنتەرەکەی لە بەغدا بوو، دوو بەرهەممان پێشکەش کرد یەکێکیان بە ناوی (ورد جهنمی) و ئەوی تریان بە ناوی (البقره الحلوب) کە لە نووسینی (گە سالم) بوون. پێشتریش لە شانۆگەریی (رساله إلى الله) بەشداریم کردبوو کە ئەمەیان بۆ چالاکیی قوتابخانەکان بوو. هەمان ساڵ هەر بۆ چالاکیی قوتابخانەکان تەمسیلیەی تەلەفیزیۆنیی (الشرک الرخیر) مان لە بەغدا تۆمار کرد، لە دەرهێنانی سەلمان فایەق، بەڵام دەرهێنانی تەلەفیزیۆنی هی (حمودی الحارپی) بوو. ئەم تەمسیلیەیە لە تەلەفیزیۆنی کەرکووکەوە پیشان درا، ئەو دەمە دەرکەوتن لە تەلەفیزیۆن زۆر دەگمەن و گرنگ بوو. دیارە ئەم بەرهەمانە هەموویان بە عەرەبی بوون و ڕێگا بە بەرهەمی کوردی نەدەدرا، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی (یانەی سۆلاڤ)ەوە، تیپێکی سروود و هەڵپەڕکێ و شانۆمان پێک هێنا کە لە چالاکیی قوتابخانەکان پرۆڤەمان دەکرد بۆ ئەوەی بەرهەمی کوردی پێشکەش بکەین. ماوەیەکی زۆر خەریکی پرۆڤەکردنی تەمسیلیەیەکی تەلەفیزیۆنی بووین بە ناوی (گوڵ و دڕک)، کە لە نووسینی (غەفوور عوزێری) و دەرهێنانی سەلمان فایەق بوو. ڕۆڵی سەرەکی هی (مامۆستا قادر مەردان) بوو، کە لەوێ چەند گۆرانییەکیشی دەگوت، یەکێک لەو گۆرانییانە (بێ ئومێدی)بوو کە شیعرەکەی لە لایەن (مستەفا زەنگەنە)ەوە نووسرابوو، بەڵام بە داخەوە تۆمار نەکرا، شتی هەرە گرنگ کە بیرم ناچێت ئەوە بوو، ئەو برادەرانەی سەرپەرشتییان دەکردین (برادەرانی حیزب) کەبابی چاکیان دەرخوارد دەداین، کەبابەکان لە کەبابخانە بەناوبانگەکەی (کەباب ڕەشید)ەوە

بۆمان دەهات. ئیدی ئەمە ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازاری بەسەردا هات و کار لە کار ترازا، ئێمە کە دامان نابوو ئاهەنگی نەورۆز بگێڕین، سروود و هەڵپەڕکێ و شانۆنامەمان ئامادە کردبوو، لێمان تێک درا و شانۆنامەکەمان پێشکەش نەکرا، لە جیاتی ئێمە تیپێک لە سلێمانییەوە هاتبوو ئەوان شانۆنامەی کاوەی ئاسنگەریان پێشکەش کرد. بەڵام لە ئاهەنگگێرانی گوندی حەسار بە بۆنەی ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازارەوە تیپی هەڵپەڕکێی سۆلاڤ بەشداریی کرد.

دوای ئەوە تیپی مەشخەڵمان دامەزراند، ئەم تیپە سەر بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، بەڵام لە لایەن لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری و کارئاسانیی بۆ دەکرا، یەکەم بەرهەم کە پێشکەشمان کرد و کەرکووکمان پێی هەژاند بە ناوی (دایکی شەهید) بوو، نووسینی (موستەفا پەژار) و دەرهێنانی سەلمان فایەق، فازڵ جاف ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینی، ئەمە یەکەم جار بوو کچی ڕاستەقینەمان هێنایە سەر شانۆ، تا ئەو کاتە تەنانەت لە سلێمانیش پیاو دەوری ژنی دەبینی، هەموومان (عومەر چاوشین)مان لەبیرە. پاشتر ئەم بەرهەمەمان بردە سلێمانی. تیپی مەشخەل چەندین شانۆنامەی دیکەشی پێشکەش کرد، وەک شانۆنامەی (پێشمەرگە) و (کۆتایی دەرەبەگ) و (ژیان). لەسەر دابەشکردنی دەورەکانی کۆتایی دەرەبەگ ناخۆشی کەوتە نێوان فازڵ و من لە لایەکەوە و سەلمان فایەق لە لایەکی دیکەوە، بۆیە ئێمە جیا بووینەوە و تیپێکمان دامەزراند کە سەر بە یانەی سۆلاڤ بوو، بەرهەمێکی عەرەبیمان تەرجەمە کرد کە لە نووسینی (یوسف العانی) بوو بە ناوی سەری گریکوێرە (راس الشلیلە)، نزیکەی هەموو بەشداربووان شۆڕیجەیی بوون. دەبوایە لە ماوەیەکی کورتدا تەرجەمە و پێشکەش بکرێت، عوسمان شوکر و عەلاو ڕەنجەڕۆ کە ئەرکی تەرجەمەیان گرتبووە ئەستۆ گوتیان ماوەکە زۆر کەمە و فریا ناکەوین، ئیدی فازڵ شانۆنامەکەی کردە دوو کوت (لەت)ەوە و هەر کوتێکی دایە یەکێکیان بۆ ئەوەی بە زووترین کات تەرجەمەی بکەن، پاشانیش لەسەر تەختەی شانۆی ناوەندیی ئیمام قاسم پێشکەشمان کرد. فازڵ جاف دەریهێنا و من دەورێکی سەرەکیم تێدا بینی. پاشتر برایەک بە ناوی (جەمیل جێماو) لقی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیی هێنایە کەرکووک، ئێمەیش بووینە ئەندامی ئەو تیپە، من بە هۆی کارەوە لە کەرکووک دوورکەوتمەوە، برادەران دوو تەمسیلیەی تەلەفیزیۆنییان پێشکەش کرد: بەهاری دزراو و مەرەزە، مەرەزە یەکەم درامای کوردی بوو کە ئەو کاتە زۆر ناوبانگی دەرکرد. ساڵانی **1970** تا **1974** ساڵانێکی پڕبەرهەم و چالاکی بوو، دەتوانم بێژم چەرخی زێڕین بوو.

دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول و گەڕانەوەمان نیدی بواری تەمسیلکردن لە کەرکووک نەما، برادەران فازڵ جاف و عەلی کەریم و جیهاد دڵپاک لە تیپەکانی شانۆ لە سلێمانی شوێنی خۆیان کردەوە. فازڵ لەو ماوەیە منی تووشی خوێندنەوە کرد، شانۆگەرییەکانی هنریک ئەپسن و ئاوگوست سترندبێری و یۆجین یۆنسکۆ و ئۆسکار وایلد و هی دیکەم دەخوێندەوە، هەروەها ڕۆمانەکانی دۆستۆیەفیسکی. کە کۆمەڵی هونەر و وێژەیان پێ داخستین هەوڵمان دا لقی چەمچەماڵی ئەو کۆمەڵە بکەینەوە، بە ناو چەمچەماڵ بێت و خۆمان لە کەرکووک بین، بەڵام ئەویش سەری نەگرت. گرفتێکی دیکەمان هەبوو ئەویش نەبوونی دەقی خۆماڵی بوو. جارێکیان من دەستم کرد بە نووسینی تەمسیلیەیەکی تەلەفیزیۆنی، کە نیوەم تەواو کردبوو بۆ فازڵ جافم باس کرد، ئەو فکرەکەی بەدڵ بوو، بەڵام پێشنیازی کرد وەک شانۆگەری بینووسم، بەم شێوەیە لە ساڵی **1979** یەکەم شانۆگەریم بە ناوی (ژان) بە چاپکراوی کەوتە بەر دەستی خوێنەران. وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراق هێندە ئاسان نەبوو، شانۆگەرییەکە شانۆگەرییەکی ڕەمزی واقیعی بوو بە سەرپۆشێکی نەبینراوی سیاسەتەوە مەگەر تەنی کوردی خۆمان لێی حاڵی بووایە. ئەم شانۆگەرییە کەوتبووە ژێر دەستی (ئیسماعیل ڕەسوول)ەوە، کە مامۆستا (مستەفا نەریمان) بەمەی زانیبوو، یەکسەر لێی وەرگرتبوو، گوتبووی فەهمی قوتابیی خۆم بووە، حەز دەکەم من بیخوێنمەوە، لە ڕاستیدا مامۆستا مستەفا منی دەناسی، پێشتر بە هۆی منەوە چاوی بە هەردەوێڵ کاکەیی کەوتبوو بۆ ئەوەی پێکەوە دیوانی خەلیل مونەووەر ئامادە و چاپ بکەن، مامۆستا ویستبووی کارئاسانیم بۆ بکات بۆیە بیانوویەکی دۆزیبووەوە بۆ ئەوەی شانۆگەرییەکەم ئیجازەی پێ بدرێت. بەم شێوەی مامۆستا مستەفا نەریمان (جێگای بەهەشت بێت) دوای لابردنی چەند دێڕێک لە یەک دوو شوێندا (وا بزانم پێشتر لە لایەن ئیسماعیل ڕەسوولەوە لابرا بوون) ئیجازەی بۆ شانۆگەریی ژان وەرگرت. ئینجا مایەوە سەر چاپکردنی، ڕێگای هەولێرم دایە بەر بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکەم لە ئەمینداریێەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، دوای چەند مانگێک دەقەکەیان بۆ ناردمەوە لەگەڵ نامەیەکدا کە تێیدا نووسرابوو: داوای لێبووردن دەکەین لە یارمەتیدانی شانۆگەرییەکەت، هیواداریین بەرهەمی داهاتووت لە خزمەتی یەکڕیزیی نیشتمانیدا بێت. من بەمەندە ڕازی بووم و لە دڵی خۆمەوە سوپاسم کردن و گوتم: چاک نییە خەبەری دەوڵەتیان لێ نەداوم؟ یەکێک لە خزمەکانم کە کرێکار بوو بە ناوی (عەبدوڵڵا کەریم) کە زانیی پێویستم بە پارەیە بۆ لەچاپدانی کتێبەکە هاتە لام و پارەی دامێ. کتێبەکەم لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی لە چاپ دا، بەر لەوەی

بکەوێتە بازاڕەوە، برای خۆشەویستم جەبار ئاسۆ کە خاوەنی کتێبخانەی ئاسۆ بوو لە کەرکووک ، ریکلامی کتێبەکەمی لە جامخانەی کتێبفرۆشییەکەی دا بوو، ئەو دەمانە چەرخی زێڕێنی کتێب بوو، بیرمە سێسەد دانە لە کتێبەکە حیجز کرابوون بەر لەوەی بکەوێتە بازاڕەوە .
پاشتر چەند تەمسیلیەیەکم بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا نووسی، هەروەها دوو زنجیرەشم بۆ هەمان ڕادیۆ ئامادە کرد، یەکێکیان زنجیرە تەمسیلیەی عەلی خانی تەوریزی بوو، لە دەرهێنانی فازڵ جاف، ناوی ئەوەی تریانم لە بیر نەماوە، بەڵام دەزانم شانۆنامەیەکی ئیسپانی بوو.
لەو ماوەیە فازڵ زۆر باسی عەبەسییەت، وجوودییەت و شانۆی لامەعقولی بۆ دەکردین ، ئیدی منیش شانۆگەریی (تەرم)م نووسی کە دەکەوتە ئەو چواچێوەیەوە و لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بڵاوم کردەوە، هەروەها ئۆپەرێتکم بۆ منداڵان نووسی بە ناوی (ژانی دەچڵە و فرەهات) کە ئەمیشیان لە هەمان گۆڤار بڵاو بووەوە. شایانی باسە هەوڵمان دا لە چەمچەماڵ بۆ قوتابخانەی ئەختەری کچان ئەم ئۆپەرێتە پێشکەش بکەین، خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمە ڕەزا ئاوازی بۆ دانابوو، لەبەر ئەوەی کاری زۆری دەویست فریا نەکەوتین پێشکەشی بکەین.
هەروەها بۆ ڕادیۆی بەغدا زنجیرە تەمسیلیەیەکم نووسی بە ناوی (مینای چاوجوان) بەڵام هەر لەو کاتەدا بووم بە پێشمەرگە و ئیتر بۆم نەناردن.
کە نووسەر لە ناو بارودۆخێکدا دەژیت و دەیەوێت لەسەری بنووسێت ناتوانێت هەموو کون و قوژبن و کەلەبەرەکانی ئەو بارودۆخە ببینێت. دوای ئەوەی وازم لە پێشمەرگایەتی هێنا ساڵی **1986** کە لە تاران بووم دەستم کرد بە نووسینی شانۆگەریی (تاراوگە)، کە باس لە باری سیاسیی ئەو دەمە و شەڕی ئێران و عێراق و پێشمەرگایەتی دەکات، شانۆنامەکە تەواو نەبوو و بە نیوەچڵی لەگەڵ خۆم هێنام بۆ سوێد و لێرە تەواوم کرد و ساڵی **1988** بە چاپم گەیاند. دوای ساڵێکی تر ئەو زنجیرەیەی بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا نووسیبووم بە ناوی (میانای چاوجوان) دوای دەستکاریکردن وەک کتێبێک بۆ مێردمنداڵان بە چاپم گەیاند.
پێویستە من لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە هەڵبژادنی سوێد وەک وڵاتی تاراوگە زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە هەم فازڵ جاف و هەم سەلمان فایەقی لێ بوو، ئیدی من بە پلەی یەکەم بیرم لەوە دەکردەوە کە دەتوانین پێکەوە کاری دراما بکەین. کە گەیشتمە سوێد بۆم دەرکەوت هەروا ئاسان نییە، فازڵ جاف تیپێکی شانۆیی هەبوو بە ناوی تیپی ئارارت کە یەکەم تیپی شانۆی کوردی بوو لە ئەوروپا. ئەم تیپە شێوازێکی پیشەیی پێوە دیار بوو، چەند بەرهەمێکی پێشکەش کرد کە لەو سەردەمەدا

دەنگیان دایەوە و جەمهوورێکی باشیان بۆ خۆیان ڕاکێشا، بە تایبەتی شانۆنامەکان کاردانەوەی سیاسییان بەسەر تاکی کوردەوە هەبوو. تیپی ئارارات گۆڤارێکی درامایشی دەردەهێنا کە ئەمیشیان بە یەکەم گۆڤاری دراما دەژمێردرێت. من کە تازە گەیشتبوومە سوید شانۆنامەیەکی (جەلیل قەیسی)م لە عەرەبییەوە تەرجەمە کرد و لەو گۆڤارە بڵاوم کردەوە، شانۆنامەکە بە ناوی (گیڤارا دەگەڕێتەوە) بوو. هەر بۆ مێژوو لێرەدا ناوی ئەو بەرهەمانەی تیپی ئارارات دەنووسمەوە کە گوزارشیان لە سەردەمی خۆیان دەکرد: شانۆنامەی گێژەنگ، شانۆنامەی ڕووتبوونەوە، شانۆنامەی دوو پێغەمبەر، شانۆنامەی مەرگ و کچ، هەروەها سێ بەرهەمیشیان بۆ منداڵانی کورد پێشکەش کرد: (گەلاوێژ و گورک)، (نازە و ورچ) و (ترێ و شووشە). من کە لە شارێکی دیکە دەژیام نەمتوانی لەو بەرهەمانەدا بەشداری بکەم.

ساڵی **1989** لە باکووری سوید لە شاری (سوێدرهامن) لەگەڵ چەند خێزانێکی کورد و بە سەرپەرشتیی سەلمان فایەق کۆ بووینەوە و دەستمان دایە پرۆژەی فیلمێکی ڤیدیۆیی بە ناوی (ئاسۆ) . لە ماوەی دوو مانگی هاویندا توانیمان سیناریۆی فیلمەکە بنووسین، گوندێکی کوردی دروست بکەین و تەواوی وێنەکان بگرین و فیلمەکە بەرهەم بێنین، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە مچووڕکە بە لەشمدا دێت، کە چۆن زاتی ئەوەمان کرد بەو ماوە کەمە و بەو ئیمکانیاتە کەمەوە دەست بە کارێکی وا بکەین. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند کەس و خێزانێک بدەم (زۆربەی زۆریان کەرکووکی بوون) کە بە بێ دڵسۆزی و ماندووبوونی ئەوان هەرگیز ئەو بەرهەمە چاوی بە ڕووناکی هەڵنەدەهێنا:

**1**. ماڵی حاجی قادر دانساز (جێگای بەهەشت بێت) خۆی و سەبری خانی خێزانی و حەت کەس لە کوڕ و کچەکانی. شۆڕشی کوڕی حاجی قادر (کە ئەو دەمە **13** ساڵ بوو) ڕۆڵی سەرەکیی بینی لە فیلمەکەدا.

**2**. ماڵی کاک شوان ئاوارە، خۆی و چنار خانی خێزانی و بێلانی کچیان.

**3**. ماڵی کاک عەلی کانیقوڕی، خۆی و خوناو خانی خێزانی و منداڵەکانیان.

**4**. ماڵی کاک محەمەد گۆمەیی خۆی و پەروین خانی خێزانی و منداڵەکانیان.

**5**. ماڵی کاک عەبدولواحید باقی، خۆی و نهایەت مائی خێزانی و سۆرانی کوڕیان.

**6**. ماڵی کاک سەباح گەرمیانی، خۆی و پەروین خانی خێزانی.

**7**. ماڵی مامۆستا جەبار سەعید بە خاو خێزانەوە

8. هەروەها چەندین برای دیکەش کە لێرەدا بواری ئەوە نییە ناوی هەموویان بنووسمەوە
دەرهێنەر: سەلمان کاکەیی
سیناریۆ: سەلمان فایەق و فەهمی کاکەیی
وێنەگر: بارزان شاسوار و عبدولواحید باقی
مۆنتاژ: جان ئێڤەرت هاگستروێم
ئەمە فیلمە ڤیدیۆییە بۆ ئەو سالانە لە زۆر لاوە گرنگ، هەم لە لایەنی هونەرییەوە، کە فیلمی کوردی دەگمەن بوو، هەم لە لایەنی سیاسییەوە کە هێرشی درانداتەی حکوومەتی بەعس بۆ سەر گەلی کورد و هێزی پێشمەرگە لە ئەوپەڕیدا بوو. فیلمی ئاسۆ لە زۆربەی شارە گەورەکانی سوێددا پیشکەش کرا و لە لایەن کورد و سوێدییەوە پێشوازییەکی چاکی لێ کرا.
من لە بەهاری 1987 گەیشتمە سوێد و لە سەرەتای 1988 دوای خوێندنی زمانی سوێدی کارم دەستکەوت وەک مامۆستای زمانی کوردی، ئیدی لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو کارە دەکەم. ئامەوێت زۆر درێژە بەم باسە بدەم، لێ بە کورتی لەو ماوەیەدا کتێبێکی منداڵان بە سوێدی و چەندین کتێبی کوردیم بە چاپ گەیاندووە کە زۆربەی ئەو کتێبانە کتێبی خوێندنگەن و بۆ فێربوونی زمانی کوردی نووسراون.
ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە کە من و کۆمەڵی نووسەری دیکەی کۆمەڵەیەکمان دامەزراند بە ناوی کۆمەڵەی ئەلفوبێی کوردییەوە، کە ئەرکی سەرەکی ئەوە بێت کتێبی خوێندنگە بۆ منداڵانای دەرەوەی وڵات بنووسێت. تەنیا یەک جار لە وەزارەتی پەروەردەی سوێدەوە یارمەتیمان وەرگرت بۆ لە چاپدانی کتێبی یەکەممان، ئیدی دوای ئەوە توانیمان خۆمان کارەکان بەڕێوە ببەین بە بێ ئەوەی پێویستمان بە یارمەتی هەبێت، کە ئەم کتێبانە بوون:
1. ڕۆژ باش 2. گەرمیان 3. باوە گوڕگوڕ 4. دیلان
ئەندامە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە ئەمانە بوون: مەهاباد قەرەداغی، ئەمجەد شاکەلی، فەرهاد شاکەلی، خۆم و چەند هاوکارێکی تریش کە ئەندام نەبوون لە کۆمەڵەدا بەڵام یارمەتییان دەدا.
پاشانیش من دوای پەرەپێدان و بژارکردن کتێبی خوێندنەوەی دیلان. کتێبی: کوردی2 هەروەها کوردی 3م نووسی.
جگە لەمە کتێبێکی دیکەم نووسی بە ناوی: ئەمە چییە، چیی پێ دەڵێن، یان 1001 پرسیار.

هەروەها دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر کتێبێکی منداڵانی بۆ لەچاپ دام بە ناوی: کراسێکی گوڵنێرگز بۆ نازێ.
ئەو کتێبەی بە سوێدی نووسیم و بۆ منداڵان بوو بە ناوی: گێلاس لە بەهاردا و چەند بەسەرهاتێکی تر لە کوردستانەوە، بوو.
ئەمە جگە لەوەی کە لەو رۆژەوە تەلەفیزیۆنی میدیا تیڤی دەستی بەکار کرد، هەم لەوێ و هەم لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکانی تردا بەشداریم لە نزیکەی **20** بەرنامەی چاوپێکەوتن کردووە، بە تایبەتی لە بوارەکانی: پەروەردە، ئەدەب و ئایین.

بەزاندنی سنوورەکان

کورد وەک نەتەوە زۆر سنووری تێکەوتووە، هەندێکیان دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان دایاننــاون و هەندێکیــشیان کــورد بە خــۆی. ئــارەزوو و ئامــانجی هەر کــوردێکی نیــشتمانپەروەر ئەوەیە ئەو ســنوورانە بیەزێنێــت و نەتەوەکەی بەرەو یەکپــارچەیی، یەکریــزی، یەکهــزری، یەکگوفتــاری و یەکرەفتــای ببــات. ئەو سنوورانەی کە مەترسیی ئەگەیشتنمان دەکەن بەو ئامانجانەی پێشەوە، ئەمانەن: ســنووری بەشــەکانی کوردســتان، ســنووری ئــایین و ســنووری عەشــیرەت و زاراوەکان. بۆیە دەبینین لە ناو خەڵکدا زۆر باوە بگوترێت: فڵانە کەس کوردی ئێرانە، تورکیایە، سووریایە عێراقە و هتد. فڵانە کەس موسوڵمانە، ئێزیدییە، کاکەییە، هەڵبەتە کوردی جوولەکەشمان هەیە. دیسانەوەش دەگوترێت فڵانە کەس کرمانجە، بادینییە، سۆرانییە، هەورامییە، فەیلییە، زازایە و هتد.
مــن ئەگەر بە رێکــکەوت بووبێــت یــان بە زانــاییەوە، ســوپاس بــۆ ئێــزدان بە ژنهێنانێک هەموو ئەو سنوورانەم بەزاند. لە لایەکەوە (شاناز)ی هاوسەرم خەڵکی رۆژئــاوایە و مــن خەڵکــی باشــوور، ئەو موســوڵمانە و مــن کــاکەیی، ئەو کرمانجیئــاخێوە و مـن ماچۆئــاخێو، لە ماڵێشەوە بە هەردوو زاراوەی کرمــانجیی باکوور و کرمانجیی ناوەراست قسان دەکەین. ئەم هەڵەی بۆ من رەخساوە رەنگە بـۆ زۆر کەس نەرەخسێت، بەڵام لە نــاو هەر بەشـێکی کوردســتاندا دەکرێـت دوو سنوور بشکێنرێت.

ئەلفوبێی کوردی و زمانی ستاندارد

بـۆ ئەو کەســانەی زمــانەوانن، زمــانزانن، مامۆسـتای زمـانن یـان بە شـێوەیەک لە شێوەکان خۆیان بە زمـان و لێکۆڵینەوەی زمـانەوانییەوە خەریـک کردووە، رەنـگە باسکردنی ئەلفوبێ و زمانی ستاندارد ئەمرۆکە بیانکاتە خاوەنی دۆست و دوژمن،

یان لە ڕاستیدا تەنێ دوژمن، چونکە ئەوەی نووسینی ئەو کەسانەی بەدڵ بێت خۆی لێ بێدەنگ دەکات وەک ئەوەی ئەو باس و لێکۆڵینەوەیە مەسەلەیەکی سرووشتی بێت و پێچەوانەی ئەوە سرووشتی نەبێت؛ بەڵام ئەوەی نووسینەکەی بە دڵ نەبێت ئیدی دەکەوێتە پەلاماردان و دوژمنایەتیکردنی نووسەرەکە.
من بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ دوو زاراوەی زمانی کوردیدا گەورە بووم (کرمانجیی ناوەڕاست + ماچۆ) و پاشانیش لە ڕۆژهەڵات فێری زاراوەی کەلهوڕی بووم و پاشتریش لە سوێد فێری کرمانجیی باکوور بووم و لە دواییشدا ئەم زاراوەیە بە هۆی خێزانەکەمەوە هاتە ناو ماڵمانەوە دەتوانم بێژم، هەموو زاراوە سەرەکییەکان دازانم و لە پراکتیکدا لە ماڵی ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام دوو زاراوەی کوردی بە کار هاتووە، جگە لەمەش بۆ ماوەی چل ساڵ هەم بە کوردی دەرسم گوتووتەوە و هەمیش زمانی کوردیم گوتووەتەوە، هەموو ئەمانە وای کردووە پەیوەندییەکی ڕۆژانەم لەگەڵ ئەم زمانەدا هەبێت و جێگای بایەخپێدانم بێت.

زۆر جار کە باسی ئەلفوبێ دەکرێت، بەمەی ئێستا من پێی دەنووسم دەگوترێت ئەلفوبێی عەرەبی و بەوەی دیکەیان دەگوترێت لاتینی. لە ڕاستیدا وا چاکترە بگوترێت:

1. ئەلفوبێی کوردی/عەرەبی
2. ئەلفوبێی کوردی/لاتینی

لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بڵێم کە ئەوەی پێی دەڵێن ئەلفوبێی کوردی/عەرەبی لە ڕاستیدا موڵکی عەرەبان نییە و لە بنەڕەتدا ئارامی - فینیقییە، جگە لە عەرەب زۆر لە میللەتانی تریش بەکاری دەهێنن. کاتێ عەرەب دەستیان بە نووسین کرد بەم ئەلفوبێیە جارێ نە سەروبۆری لەگەڵدا بوو نە نوختەی پێوە بوو، پاشان بۆ گونجاندنی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا کەسێک بە ناوی (ئەبوو ئەسوەد ئەلدوئەلی) دانەری عیلمی نەحو سەروبۆری بۆ دانا، پاشانیش بۆ ئەوەی قورئانی بە دروستی پێ بخوێنرێتەوە (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) نوختەی بۆ پیتەکان زیاد کرد (هەندێک دەڵێن نەسری کوڕی عاسم) ئەو کارەی کرد. هەرچەندە ئەمە باسی ئێمە نییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە عەرەبەکان ئەو ئەلفوبێیەیان هێناوە و لەگەڵ زمانی عەرەبی گونجاندوویانە، بۆیە ئەو ئەلفوبێیە چەند موڵکی عەرەبە ئەوەندەش موڵکی کوردە.
هەر بۆیە دەبینین میللەتانی دیکەش ئەلفوبێیەکەیان لە عەرەبان وەرگرتووە و لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا گونجاندوویانە. ئێستا چەندین زمان بەو ئەلفوبێیە

دەنووسرێت وەک: فارسی، کوردی، کەشمیری، ئۆردو، پشتوونی، تاجیکی، تورکستانی و چەندین زمانی دیکەش، هیچ کام لەو میللەتانەش ناڵێن ئێمە بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسین، هەر بۆ نموونە فارسەکان پێی دەڵێن ئەلفوبێی فارسی، بە هەمان شێوە بۆ ئێمەش ئەو ئەلفوبێیە کوردییە نەک عەرەبی. بەڵام لەبەر ئەوەی ناشنایەتیی کورد بەو ئەلفوبێیە بە هاتنی ئیسلام دەستی پێ کرد بۆیە هەندێک لە کوردەکان پێی دەڵێن حەرفی موحەممەدی، لە ڕاستیدا ئەوان پێیان وایە هەر دەقێک بەو پیتانە نووسرابێت قورئانە. بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە نە لە ئیسلام و عەرەب نزیکمان دەخاتەوە نە دوور، ئەلفوبێ کۆدە بۆ دەنگەکانی زمان، جا ئەو کۆدە چەند گونجاوە بۆ زمانەکە یان نا، ئەمەیان دەبێت باس بکرێت. من پێم وایە ئەمڕۆکە ئەم ئەلفوبێیە پێی دەنووسین بەم شێوەیەی ئێستای (سەرەڕای هەندێک کەموکورتی) زۆر گونجاوترە لەو ئەلفوبێ لاتینییەی کە کوردەکانی باکوور پێی دەنووسن. هەڵبەتە کەموکورتییەکانی هەردوو ئەلفوبێیەکە دەکرێت چارەسەر بکرێن، کە تا ئێستا نەکراون.

واقعێک هەیە نابێت چاوپۆشیی لێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆکە کوردستان قەوارەیەکی جوگرافیایی سیاسی یەکپارچەیی نییە، بۆیە ئێمە هەرچۆنێک باسی زمانی کوردی و ئەلفوبێ بکەین ناتوانین بە دەر لەو واقیعە قسان بکەین، جا بۆیە ئەگەر بمانەوێت واقعبین بین پێویستە ئێمە وەک کوردی باشوور باس لەم پارچەیە بکەین، ئەمە دانپێدانانێک نییە بۆ ڕازیبوون لەسەر پارچەبوونی کوردستان، بەڵام هەر کاتێک کوردستان ڕزگار بوو، دەسەڵاتێکی سیاسیی هەبوو، هەنگێن باسێکی دی دێتە گۆڕێ، من پێم وایە کورد گوتەنی: ئەو خەمە بۆ ئەو دەمە، هەڵگرین باشترە.

ئێمە وەک کوردی باشوور ئەگەر نەمانەوێت سەر لە خۆمان بشێوێنین، ئەوە چ گرفتێکمان نییە و ئەلفوبێی کوردی/عەرەبی پڕ بە پێستی زمانی کوردییە، مەبەست ئەو زمانەیە ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستان بووەتە زمانی خوێندن و ڕاگەیاندن و دەسەڵات. هێندەی پەیوەندیی بە کرمانجیی باکوورەوە هەبێت ئەوە ئەوان پیتی لاتینی/کوردییان هەڵبژاردووە و پێم وا نییە کارێکی واقعییانە بێت دوایان لێ بکرێت بە ئەلفوبێی کوردی/عەرەبی بنووسن. لێرەدا مەترسیی چی دەکرێت، مەترسیی ئەوە دەکرێت کە ئەم دوو ئەلفوبێیە هەر یەکە و زاراوەکەی پێی دەنووسرێت بە ئاقارێکدا ببات، واتە دوو ئاقاری جیاواز، مەترسیی ئەوە دەکرێت لە داهاتوودا ئەو دوو زاراوەیە (بێگومان نەک تەنێ لەبەر هەڵبژاردنی دوو ئەلفوبێ) ببنە دوو زمان.

لێرەدا گرنگە بێژم هیچ زاراوەیەک لە زاراوەکی دیکە باشتر نییە. زاراوەکانی زمانی کوردی هەر لە کۆنەوە و هەر هەموویان زمانی ئەدەب بوون، ئەگەرچی ڕەنگە لە کۆندا شاکاری ئەدەبیی بەناوبانگ بە هەموو زاراوەکان نەنووسرابێت، بەڵام هەڵبەستیان پێ هۆنراوەتەوە، ئەو شاکار و هەڵبەستانە هەندێکیان بە نووسین گەیشتوونە دەستمان و هەندێکیان بە لەبەرکراوی. هەوڵ دەدین نموونەی هەڵبەستی زاراوە گەورەکان لە سەردەمانی جودادا بخەینە بەر چاوی خوێنەران، بۆیە دەگەڕێینەوە نزیکەی هەزار ساڵێک بەر لە ئێستا:

بە لوڕی:

باوە تاهیری هەمەدانی مەرەمۆ (دەفەرموێ):

غمم غم بی و غمخوار دلم غم
غمم هم مونس و هم یار و همدم
غمم نهلە کە مو تنها نشینم
مریزا بارک اللە مرحبا غم
(دەستکاریی ڕێنووس نەکراوە)

چوارینەکە بە کرمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی):

خەمم خەم بوو، خەمخۆری دڵیشم خەم
خەمم هەم هۆگر و هەم یار و هاودەم
خەمم نەیهێشت کە من تەنیا دانیشم
دەستخۆش و بارەکەڵڵا، نافەرین خەم

(ئەم چوارینەیە ودێرە هەڵبەستەکانی دیکەش لە لایەن نووسەرەوە کراوەنەتە کرمانجیی خواروو)

بە هەورامی:

لزا خانمی جاف مەرەمۆ:

وەفران بی وە ناو، وەفران بی وە ناو
وەهار چون ناما وەفران بی وە ناو
گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جە خاو
پەرێ نارایش دەشت و کۆف و کاو

بە کرمانجیی خواروو:
بەفران بوون بە ئاو، بەفران بوون بە ئاو
هەر کە بەهار هات بەفران بوون بە ئاو
گوڵ و وەنەوشە هەڵستان لە خاو
بۆ ئارایشی دەشت و کێو و کاو
کاو: شاخی بەردین، چیا

بە کرمانجیی سەروو:
مەلای جزیری دەفەرموێ:
شۆخ و شەنگێ، زوهرەرەنگێ
دل ژ من بر، دل ژ من
ئاورێن هەیبەت پلنگێ
دل ژ من بر، دل ژ من

بە کرمانجیی خواروو:
شۆخ و شەنگێ، زوهرەرەنگێ
دڵی بردم، دڵی برد
ئاوری هەیبەت پڵنگێ
دڵی بردم، دڵی برد

هەندێ کەس دەڵێن ئەمەنی ئەدەبی کوردی بە زاراوەی کرمانجیی ناوەڕاست کورتە و ڕەنگە پێیان وا بێت لە (نالی)یەوە دەست پێ دەکات، بەڵام ئەمە وا نییە، ئەوەتا یەکێک لە پیاوچاکانی یارسان بە ناوی پیر ئەحمەدی کەرکووکی کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە دەفەرموێ:
ئەز ئەحمەدی زێرینبەرم
ئەز ئەو دوڕی ناو گەوهەرم
ئەرز و سەمایە لەنگەرم
لە ڕۆژ حەساو ئەز لە دەرم
بە هەمان شێوە ئەدەبییاتی کرمانجیی سەروو بە ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری دەست پێ ناکات، بگرە ئەمەنی ئەو ئەدەبییاتەش زۆر لەوە کۆنترە و دەتوانین هیچ

ئەبێت بیگەڕێنینەوە بۆ پەیدا بوونی ئایینی ئێزیدی بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە، کەواتە بۆ دەورانی شێخ ئادی.
مەبەست لەو پێشەکییە ئەوەیە کە گشت زاراوە کوردییەکان چ لە کۆندا و چ ئێستا وەک زمانی ئەدەب بەکارهێنراون، ئەگەر زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆین و مەبەست بێت بە لامانەوە کۆنترینیان وەک زمانی ئەدەب دەستنیشان بکەین، ئەوە کۆنترین دەق تا ئێستا لەبەر دەستدا بێت بە زاراوەی هەورامییە:
هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان
ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور
گنای پالەیی هەتا شارەزوور
ژن و کەنیکان وە دیل بەشینا
مێرد ئازا تلی وە ڕووی هوێنا
ڕەوشت زەردەشترە مانوە بێ کەس
بەزیکا نیکا هورمز وە هیوچ کەس
ئەگەر خەڵکێک هەبێت ئەو دەقەی سەرەوە بخەنە خانەی گومانەوە، ئەوە شیعرە ئایینیەکانی بالوولی دانا و هاوڕێکانی ، پاشان شاخۆشین و هاوڕێکانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە زاراوەی هەورامی زمانی ئەدەب بووە هەر لە سەرەتای پەیدا بوونی ئیسلام و تا دەگاتە مەولوی، بگرە تا ئەمڕۆش ئەو زاراوەیە ئەدەبییاتی پێ دەنووسرێتەوە.
ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زاراوەیەک بە تەنێ چ لە کۆندا و چ ئەمڕۆ لەسەرتاسەری کوردستان وەک زمانی ستاندارد بەکار نەهاتووە و لە ماوەیەکی نزیکیشدا ئەوە ناکرێت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: بۆ ئەوەی زمانێکی ستاندارمان هەبێت پێویستە قەوارەیەکی سیاسیمان هەبێت، ئەو قەوارەیە زمانە ستانداردەکە بە زمانی ڕەسمیی دەسەڵات بناسێت، هەروەها بە زمانی ڕاگەیاندن و زمانی خوێندن. ئەمڕۆکە ئەو قەوارە سیاسییەمان نییە کە تەواوی کوردستانی لە ژێر دەستدا بێت، ئەمڕۆکە زمانی کوردی لە باکووری کوردستان قەدەغەیە، هەروەها جگە لە باشووری کوردستان لە پارچەکانی دیکە خوێندن بە زمانی کوردی بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ وەک خەون وایە، هەر بۆیە باسکردن لە زمانی ستاندارد بۆ سەرتاسەری کوردستان هیچ واقعیەتێکی تێدا نییە. ئەمڕۆ تەنێ لە باشووری کوردستان بارێکی ڕەخساو هەیە بۆ زمانێکی ستاندارد و پێویستە لەوێوە دەست

پێ بکەین، هەر کاتێک کوردستانی گەورە دابمەزرێت هەنگێن کاتی ئەوە دێت باسی لە یەک زمان یان دوو زمانی ستاندارد بکرێت (یان زیاتر).
پێویست ناکات بە دوور و درێژەی بە مێژووی خوێندنی زمانی کوردی لەم بەشەدا بچینەوە، ئەوەی گرنگە باسی لێوە بکرێت ئەوەیە تاساڵی 1975 یش خوێندن لەم بەشەدا بە کرمانجیی ناوەراست بووە، تاکوو کەسێک بە ناوی (هاشم عقراوی) کە پیاوی حکوومەتی سەددام بوو، هەرەسهێنانی شۆرشی مەزنی ئەیلوولی بە هەل زانی و هەندێ خەڵکی سادەی هەرێمی بادینانی هان دا بۆ ئەوەی واز لە خوێندنی کوردی بێنن و بە زمانی عەرەبی بخوێنن، بەڵام ئەو پیلانەی هاشم عقروای لەگەڵ ئەو داوایەی ئەمرۆکە لەو ناوچەیە دەکرێت جودایە، خەڵکی ناوچەکە بە زمانی رۆشنبیرانیان و یەکێتیی نووسەرانیانەوە دەیانەوێت بە زاراوەی کرمانجیی باکوور بخوێنن، ئەمەیان پێویستە باسی لێوە بکرێت و پەرەدەی لەسەر هەڵماڵدرێت.
رەنگە ئاسایی بووایە ئەگەر ئەو کەسانە داوایان بکردایە هەموو باشوور بە کرمانجیی باکوور بیخوێندایە، چونکە لە هیچ شوێنێکی دونیادا و لە سێبەری یەک دەسەڵاتدا دوو زاراوە بە زمانی رەسمی ناناسرێن، بەڵێ وڵاتی وا هەیە چەندێن زمانی رەسمیی تێدایە، بەڵام زمان نەک زاراوە. بە رەسمی ناسینی دوو زاراوە دەکاتە دانپێدانانێکی ناشکرا کە ئەو دوو زاراوەیە سەر بە هەمان زمان نین و هەریەکەیان بۆ خۆی زمانێکە.
لە باشووری کوردستاندا هەوڵی زۆر دراوە لە بەرنامەکانی خوێندندا بە تایبەتی بابەتی زمانی کوردی ئەو دوو زاراوەیە لەیەک نزیک بکرێنەوە، بەڵام چونکە ئەو هەوڵانە بنەمای زانستییان نەبووە بە ئاکام نەگەیشتوون، یەکێک لەو هەوڵانە تێکەڵکردنی زاراوەکانە، بۆ نموونە رستەیەک بە کرمانجیی ناوەراست، یەکێک بە کرمانجیی سەروو. هەوڵێکی دیکە ئەوە بوو کە کۆپلەیەک بە کرمانجیی باکوور و یەکێک بە کرمانجیی ناوەراست بێت، یان وانەیەک بە کرمانجیی ناوەراست و یەکێک بە کرمانجیی باکوور.
من وەک تاکێکی کورد گوتوومە و دەڵێم خوێندنی دوو زاراوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو زمان و درزێکی گەورە دەخاتە نێو یەکێتیی نەتەوەیی کوردەوە و ئۆباڵی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کاربەدەستانەی ئەم بریارەیان داوە و بەرامبەر مێژوو بەرپرسیارن. دەمەوێت لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە دەڵێم یەک زاراوە، مەبەستم هەر و هەر کرمانجیی ناوەراست(سۆرانی) نییە ، بۆ من زۆر ئاساییە زاراوەی هەورامی یان کرمانجیی سەروو بکرێتە زمانی ستاندارد بە

مەرجی بۆمی بسەلمێنن بۆچی کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد بە کەڵک نایەت .

ئێستاکە منداڵانی بادینان بە بادینی دەخوێنن و ناوچەکانی دیکە بە سۆرانی، بۆیە لێرەدا پرسیارێک دیکە دێتە گۆڕێ، هەروەک ئەوەی منداڵانی بادینان بۆیان هەیە بە زاراوەی بادینی بخوێنن ئەی بۆچی منداڵانی هەورامان و هەموو ئەوانەی بە زاراوەکانی گۆران قسان دەکەن ئەوانیش بە هەورامی نەخوێنن، ئایا بۆچی مندالانی فەیلی بە لوڕی نەخوێنن، ئەی بۆچی منداڵانی خانەقین و دەوربەری بە کەلهوڕی نەخوێنن؟ خۆ ئەمڕۆکە لە کارگوزارییەکانی تەرجەمە لە سوێد زمانی کوردی سڕاوەتەوە، لە جیاتی ئەوە ئەم زاراوانە وەک زمان ناودەبرێن: کرمانجی، بادینانی، سۆرانی، زازاکی، فەیلی، هەورامی (تێبینی بکەن کە بادینانی و کرمانجی ـ بۆتانی ـ لێک جودا کراونەتەوە)، من تا ڕادەیەک لەو کەسانە تێدەگەم کە داوای موتەرجمی زاراوەی زکماک دەکەن، لەبەر ئەوەی گرنگە تەرجەمەکە بە دروستی بکرێت، بەڵام دەمەوێت دیسان جەخت لەسەر ئەوە بکەم ئەگەر لە باشووری کوردستان بە یەک زاراوە نەخوێنرێت ئەوە لە داهاتوودا حاڵمان وەک حاڵی کارگوزارییەکانی تەرجەمەی سوێدی لێ دێت.

من پێم وایە کە دەسەڵاتی کوردی خۆی بەشێکە لەم کێشەیە، ئەگینا چۆن پارێزگایەک دەتوانێت بڕیار بدات بە چ زاراوەیەک دەخوێنێت؟ تەنانەت دەسەڵات بە شێوەیەکی نایاسایی ئەم کارەی کردووە بە بێ ئەوەی لە پەرلەماندا باس بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، ڕاستە تا ئێستا بڕیار نەدراوە کام زاراوە ببێتە زمانی ستاندارد، بەڵام زاراوەیەک هەیە لە وەتەی خوێندن لەم بەشەدا هەبووە منداڵان پێی خوێندوویانە. لە ڕاستیدا ئەو کاربەدەستانەی ئەو بڕیارەیان داوە ئاگایان لە مەسەلەی گەشەکردنی زمان نییە، ئاگایان لە لەدایکبوون و مردنی زمان نییە، نازانن ئەگەر ئەو دوو زاراوەیە جوودا لەیەک گەشە بکەن، بە دوو ئاقاری جودادا دەڕۆن، پەرەدەستێنن و لە داهاتوودا دەبنە دوو زمان.

من هەرگیز ئەوە بە ڕاست نازانم کە لە هەرێمی کوردستاندا بە دوو زاراوە بخوێنرێت، بەڵام ئەوەش بە ڕاست نازانم بە زۆری زۆرداری زاراوەیەک بسەپێنرێت بە سەر خەڵکدا بە بێ ئەوەی زەمینەی بۆ خۆش بکرێت، هەڵەی گەورە لەوەدایە کە دەسەڵات بووەتە بەشێک لەم کێشەیە، لە ڕاستیدا نابێت دەسەڵات ببێتە لایەنێک لەو کێشانەی لەناو خەڵکدا هەیە، پێویستە دەسەڵات بێلایەنانە چارەسەری کێشەکانی خەڵک بکات.

من تا ڕادەیەکی زۆر ڕەشبینم لەوەی کورد وەک نەتەوەیەک ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە خاوەن زمانێکی ستاندارد کە بە یەک ئەلفوبێ بنووسرێت، مەزەنە دەکەم هەردوو زاراوەی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی ناوەڕاست ببنە زمانی ستاندارد و بە دوو ئەلفوبێ بنووسرێن، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەک چۆن دەتوانێت میکانیزمێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو زاراوەیە لەوە زیاتر لێک نەترازێن تا ئەو ڕادەیەی بە دوو زمانی جیاواز بناسرێن، چونکە ئەگەر وای لێ بێت ئەوە دەشبینە دوو میللەتی جیاواز، بگرە زیاتریش، چونکە ئەم کارە دەبێتە ڕێخۆشکەر لەبەردەم زاراوەکانی دیکە، وەک: زازاکی، هەورامی، لوڕی، کەلهوڕی و هتد.. کە ئەمڕۆکە بە لای کەمەوە یەکێک لەو زاراوانەی ناوم هێنان خەریکە لە دەرەوەی وڵات ببێتە زاراوەی خوێندن، ئەویش زازاکییە. ئەو کاتە دەبێت باس لە زمانی کوردی نەکرێت، بەڵکوو زمانە کوردییەکان.

لە ڕاستیشدا چارەسەرێکی وا لەبەر دەستدا نییە کە هەموو کورد ئارەزوومەندانە پێی ڕازی بێت، تەنیا چارەسەرێک ئەوەیە دوای لێکۆڵینەوەی زانستی و کۆڕ و کۆنفرانسی زمانەوانی (دوور لە کاریگەرێتیی دەسەڵات) پێشنیازی زاراوەیەک بخرێتە بەر دەستی پەرلەمانی دوارۆژ بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیارلەسەردان، هەنگێن ئەو زاراوەیە وەک زمانی ستاندارد بسەپێنرێت، ئەمەش نابێت لە لایەن ئاخێوەرانی زاراوەکانی دیکەوە وەک کارەساتێک لە قەڵەم بدرێت، چونکە ئەو زاراوەیە چۆنی تەماشا بکەیت خۆ لە زمانی داگیرکەران (کە پێی ڕازیبووین و پیی ڕازین) خەراپتر نییە.

دۆزەخی نیشتمان یان بەهەشتی تاراوگە؟

کۆچبەر بیت یان کۆچپێکراو، پەنابەر بیت یان پەناپێدراو، ڕۆژێکیان باروبنەت کۆ دەکەیتەوە و دەیانئاخنیتە نێو جانتایەکەوە، کۆڵەپشتییەکەوە، یان ڕەنگە جانتا و کۆڵەپشتیشت پێ نەبێت، بە تەنیا یان لەگەڵ خێزانەکەتدا، منداڵتان هەبێت یان بێ منداڵ بن، بڕێک لە ڕەگوڕیشەت هەڵدەکێشیت و دەیدەیت بە کۆڵتدا، بەشی زۆریشیان بەجێدەهێلیت بەو هیوایەی بگەڕێیتەوە سەریان. خواحافیزی لە مەرگ دەکەیت و ڕووەو تاراوگە هەنگاو دەنێیت، پێت وایە دۆزەخت جێهێشتبێت و ئۆغرت بەرەو بەهەشت بێت. هەر کە گەیشتیتە تاراوگەکەت، ئەو تاراوگەیەی تا ڕادەیەک خۆت بۆ خۆتت هەڵبژاردووە، ڕەگ و ڕیشەت دەسپێریتە خاکێکی نامۆ، ناچاریت وا بکەیت، چونکە ترسی ئەوەت هەیە ئەو ڕەگانە بمرن.

لە نیشتمانی خۆتدا باوک بوویت، خاڵ، مام، ئامۆزا، میمزا، خاڵۆزا، هاوڕێ، هاوسێ، خاوەن پیشە، یان کارمەند. لە کۆمەڵگەدا ڕێوشوێنت هەبوو، پلەوپایەت

هەبوو، بە گەرمی سڵاوت دەدایە ئاسیاوەکانت، تەنانەت ئەوانەی نەشتدەناسین، دوو هێند بە گەرمییەوە وەڵامیان دەدایتەوە. ئێستا بیبەشیت لە هەموو ئەو ناونیشانانە، ئێستا کەسێکی بێناو و بێنیشانیت. ڕەنگە ئێستاش هەر باوک بیت، بەڵام ئەو باوکەی جاران نیت، تۆ هێندەی منداڵێکی بێدەسەڵات پێویستت بە یارمەتی هەیە. تۆ ئێستا نامۆیت بە خۆت و بە دەوروبەرت، دەوروبەریشت بە تۆ نامۆیە. پێویستە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەیت و هەموو ئەوەی بنیاتت نابوو و جێت هێشتن، سەر لە نوێ دروستیان بکەیتەوە. وەک منداڵێکی ساوا زمان بگریت بە زمانی تاراوگەکەت، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی باری غوربەت و لێ حاڵی نەبوون سووک بکەیتەوە، تەنێ بەم شێوەیە چاوت دەکرێتەوە و بە دەوروبەر ئاشنا دەبیت. تۆ لە گرۆی (ئێمە)ەوە کەوتیتە نێو گرۆی (ئێوە)وە، هەر کە خەڵکی ڕەسەنی تاراوگە باسی خۆیان دەکەن، دەڵێن: ئێمە، کاتێکیش باسی تۆ بکەن دەڵێن: ئێوە. بیرت نەچێت تۆ لە گرۆی بیگانەکانیت، هەر کاتێک ئەم گرۆیە باسی خۆی بکات تەنیا لەو کاتەدا تۆ لە گرۆی (ئێمە)یت: ئێمەی کۆچبەر، ئێمەی کۆچپێکراو، ئێمەی پەناهەندە، ئێمەی بێگانە...

ئاگاداری ئەو ڕەگوڕیشانە بە لەگەڵ خۆت هێناتن، بیانپارێزە، بە بێ ئەوان تۆ دەمریت، لە ڕابوردووت هەر هێندەت بۆ ماوەتەوە، ئەو ڕابوردووەی کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێیتەوە لای. وەک گلێنەی چاوەکانت بیانپارێزە، کە گەڕایتەوە ئەم ڕەگانە و ئەوانەی بەجێت هێشتن یەک دەگرنەوە، هەنگین دەتوانیت بە پێوە ڕاوەستیت، ئەمەیان ئەگەر خوازیاریت بە پێوە بژیت و بە پێوە بمریت. تۆ ترساوی، تۆ لەوەی پاشەڕۆژی تاراوگە بە پەنهانی بۆی هەڵگرتوویت، تۆقیویت. باشە حەق بە تۆیە، چونکە دەبینم دڵنەوایی خۆت بەوە دەدەیتەوە کە تەمەنی تاراوگە چەند ساڵێکە، بە خێرایی دەبڕێتەوە و پاشان دەگەڕێیتەوە نیشتمان، وا نییە هاوڕێ؟

یەکسەر دەچیت و بە دوای هاومەینەتییەکانتدا دەگەڕێیت، بەڵێ تۆ لە مەینەتی و قەیراندا دەژیت، بە کەیفی خۆت نییە، هەستی پێ بکەیت یان نا، دانی پێدا بنێیت یان نا، ئەمە ڕاستییەکە و ناتوانیت خۆتی لێ بدزیتەوە. هاومەینەتییەکانت دەدۆزیتەوە و ئەوانیش دەتدۆزنەوە، وەک چۆن پێویستت پێیانە ئەوانیش پێویستیان بە تۆیە. دەست دەکەیت بە پراکتیزەکردنی دابونەریتی نیشتمان، دابونەریتگەلێک بەر لەوەی خاکی وەتەن بەجێ بهێلیت گوێت نەدەدانێ. لە پڕ زمانی دایک بە لاتەوە گرنگ دەبێت، هەم بۆ خۆت و هەم بۆ منداڵانت، بە بێ

زمانی دایک ڕەگەکانی ئێرە و ئەوێت، ئەوانەی لە نیشتمانی خۆرەتاودا بەجێت هێشتن، یەک ئاگرنەوە. لە پڕ خواردنەکانی ڕابوردوو گرنگ دەبن بە لاتەوە، دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ئایینی، جەژن و بۆنەکان، جلوبەرگ، شیعر و چیرۆک و یاری، هەموو ئەوانەی لە ژێر ناوی فەرهەنگدا کۆ دەبنەوە، مانای بەهایەکی دیکە لە لات پەیدا دەکەن. ئەو فەرهەنگە ناسنامەی تۆیە، ناسنامەیەک کە دەتەوێت بیپارێزیت و زیندوو بیهێڵیتەوە، بۆ ئەوەی بیگوێزیتەوە بۆ منداڵەکانت.

جار جار دەقیژێنیت و هاوار دەکەیت بەسەر منداڵەکانتدا کە نابێت لە ماڵەوە بە زمانێکی بێگانە قسان بکەن. تۆ دەتەوێت بە ناسنامەی نیشتمان و فەرهەنگەکەی پەروەردەیان بکەیت. لە هزری خۆتدا پلانی دوارۆژ دادەڕێژیت. سبەینێ کە گەڕایتەوە پێویستە منداڵەکانت بە زووترین کات و بە ئاسانی ئامێتەی نیشتمان ببن، بۆ ئەوەی جێپێیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە، ڕەگەکانیان تێکەڵ بە ڕەگی نیشتمان بێت، وا نییە هاوڕێ؟ هاکا منداڵێکی نوێتان بوو، منداڵێک ڕەگی لە نیشتمانی تۆ بەجێ نەهێشتووە، چاوەڕی دەکەیت زمان بگرێت و فێر بێت بێژێت: دایە، بابە، شیر، ئاو، هەر کاتێکیش فێری قسە بوو، یاریی پرسیار و وەڵامی لەگەڵدا دەکەیت: ناوت چییە؟ ئەویش ناوی خۆی دەڵێت. خەڵکی کوێیت؟ پاشانیش هەر خۆت فێری دەکەیت بێژێت: کوردستان. بەم شێوەیە دەتەوێت بە بەنێک گرێی بدەیت بە نیشتمانەوە، ئەمە یەکەم بەنی پەیوەندییە، ئەوانی دیکە پاشان دێن. سبەینێ وەختێ گەڕایتەوە بۆ نیشتمان بێگومان دەتەوێت خۆی بهاوێژێتە باوەشی دایکتەوە و بە کوردی قسەی لەگەڵدا بکات، ئەمە ئەگەر جارێ دایکت لە ژیاندا مابێت. مەگەر وا نییە؟

سالّ دەرباز دەبن، خەم کەڵەکە دەکەن، بەردەوام بە بەنی تازە منداڵەناکت بە دایکی نیشتمانەوە گرێ دەدیت، نەک تەنێ بەن بەڵکوو گوریسیش. تۆ دەتەوێت لە ڕێی منداڵەکانتەوە پەیامێک بنێریت بۆ ئەو سەردەمەی خۆت نایگەیتێ، ئەم پەیامە خۆت دەینووسیت، ئەویش بە هۆی پەروەردەکردنی منداڵانت و چەکدارکردنیان بە ناسنامەیەکی گونجاو، کە تا ڕادەیەکی باش لەوەی خۆت بچێت. لە پڕ هاوارێک دەکەیت و ئێژیت: قسەکردن بە زمانی بێگانە لە ماڵەوە قەدەغەیە. کەچی لەبیرت دەچێت لەم وەڵاتەدا تۆ خۆت بێگانەیت.

ڕۆژێک لەو ڕۆژە دەگمەنانەی کە هەتاو چاوشارکێ دەکات، بە هاوکارەکانت دەڵێیت: بە خاوخێزانەوە سەفەری وەڵات دەکەم. یەکێکیان دەپرسێت: باشە هەست بە چی دەکەیت کە بە تەمایت سەفەری ئەوێ بکەیت؟ بە هەموو شانازییەکەوە و خێرا وەک برووسکە دەڵێیت: هەست دەکەم کە دەگەڕێمەوە بۆ نیشتمانەکەم.

ڕۆژانی سەردانەکەت زۆر بە خێرایی دەرباز دەبن، بە بێ ئەوەی هەستیان پێ بکەیت، بە بێ ئەوەی فریا بکەویت تەماشای دەوربەرت بکەیت، بە بێ ئەوەی کاتێک بۆ خۆت و خێزانەکت تەرخان بکەیت. لە نزیکترین هەلدا کە دەستت دەکەوێت بە هزرەکانی خۆتدا دەچیتەوە، بە خەمەکانی تاروگەدا دەچیتەوە، پاشانیش لەو ڕەگانەی کاتی خۆی لێرە لە نیشتماندا بەجێت هێشتبوون ورد دەبیتەوە، چیت بۆ دەردەکەوێت؟ هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە، هەموو شتێک گۆڕاوە، ئەو کەسانەی لە خاڵێکی دیاریکراودا بەجێت هێشتن، لەوێ نەماون. ڕۆژگار ئەمانی گواستووەتەوە، بە هزر و ڕۆح و لەشەوە. بە تەواوەتی، بیر و گوفتار و کرداریان گۆڕاوە. زەردەشت بە بزەیەکەوە خۆی نیشانت دەدات و بە چاوترووکانێک بزر دەبێت. باشە هاوڕێ، تۆ بە تەمای چی بوویت؟ تۆ پێت وا بوو شتەکان لە جووڵە دەوەستن و بە تەمای گەڕانەوەی تۆ دەبن؟ تۆ هەرگیز ئەوەت نەبیستبوو کە دەڵێت: هەموو شتێک لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، تەنانەت مرۆڤیش؟ تۆ خۆیشت بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت، گۆڕاویت. لە خۆڕایی ئەو ڕەگانەی تاراوگەت پاراست، پێت وا بوو لەگەڵ ئەمانەی ئێرە یەک دەگرنەوە، سەرکەوتوو نەبوویت بەڕێزم، زۆر بە سادەیی ئەو بیرکردنەوەیە لۆگیکی تێدا نەبوو.

کاتیکیش کەسێک پێت دەڵێت: (ئێوە) ئەوانەی لە دەرەوە دەژین بەختەوەرن. خۆت دەگریت بۆ ئەوەی قاقا پێنەکەنیت، نەک تەنێ لەبەر ئەوەی خۆت بە بەختەوەر نازانیت، بەڵکوو زیاتر لەبەر ئەوەی لێرەش تۆ لە گرۆی (ئێمە) نیت، تەنانەت لە نیشتمانی خۆتیشدا، لەو نیشتمانەی چاوت تێیدا بە دونیا هەڵهێنا و گەورە بوویت و خەباتت لە پێناویدا کرد، ئەوەتا تەزووی غوربەت سەرتاپاتی داگرتووە، لێرەش پێت ئێژن (ئێوە)، ئێوە ئەوانەی لە دەرەوە دەژین، هەنگین بۆ یەکەم جار هەست دەکەیت ئەو ڕەگانەی بەجێت هێشتبوون، مردوون، یان هاکا مردن.

جانتاکەت پڕ دەکەیت لە نائومێدی و شکست، خۆت و خێزانت ڕێگای تاراوگە دەگرنەوە بەر. کاتێ دەگەیتە ئەوێ، لە فڕۆکەخانە پۆلیسی پاسپۆرت بە بزەیەکەوە پێت دەڵێت: بەخێر بێیتەوە بۆ ماڵی خۆت! هەستێکی سەیر سەرتاپات دادەگرێت، تۆ دەزانیت ئەو پۆلیسە بە ڕاستیی بوو، بەڵام لەوە دڵنیا نیت ئایا گەڕاویتەوە بۆ ماڵی خۆت یان نا.

دوای چەند ڕۆژێک دەگەڕێیەتەوە بۆ کارەکەت. هاوکارەکانت پێشوازیت لێ دەکەن، یەکێکیان هەمان پرسیاری پێشووت لێ دەکات: هەست بە چی دەکەیت ئێستا کە گەڕاویتەوە بۆ ئێرە؟ بە دوودڵییەکەوە دەڵێیت: هەست دەکەم گەڕاومەتەوە بۆ نیشتمانم.
ئەو کاتە بۆ یەکەمجار هەست دەکەیت کە تۆ بەهەشتی نیشتمانت بە دۆزەخی تاراوگە گۆڕیوەتەوە.
لە پەنجەرەی مەتبەخەوە تەماشای دەرەوە دەکەیت، بەفری پەستەکاوی چوارمانگە، تازە خەریکە چنگی لە زەوی بەر بدات، بزەیەکی بۆ دەکەیت و لە دڵی خۆتەوە ئێژیت: زۆری نەماوە بۆ جۆدرەوی گەرمیان .

سوید
2011/3/12



# له کەرکووکەوە بۆ ستۆکهۆڵم

فایەق سەعید

ئێستا سەرەتای مانگی دسیەمبەرەو پلەی ساردی لەشاری ستۆکهۆلم 10 پلە لەژێر سفرەوەیە. بەرامبەر پەنجەرەی ژوورەکەم کەدەروانێتە سەر دەریاچەیەک، دانیشتووم و خەریکی نووسینی ئەم یادەوەرییانەم. ئاوەکەی دەرەوە هێشتا جولەی تێدا ماوەو ماوەیەکی دیکە بەفر بەتەواوی دادیدەپۆشێ. ستۆکهۆلم لەزستاندا شارێکە لەبەفرو زۆر دەریاچەو ئاو دەیبەستێت و خەلک بەبێ ترس بەسەریدا دەپەرێنەوە. منیش وەکو زۆر مرۆڤ هەمیشە بیر لەئەگەرە خراپەکانیشدەکەمەوە. زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە خەلک چۆن بەبێ ترس بەسەر ئەو ئاوانەی وەکو بەستەلەکیان لێهاتووە دەپەرنەوە؟ ئەی ئەگەر بەفری سەر ئاوەکە لەپڕرا درزێکی تێکەوت و شەقار شەقار بوو، ئەو خەلکە چۆن خۆیان رزگار دەکەن.؟

جەنگیز ئیتماتۆف لەرۆمانی یەکەمین مامۆستادا زۆرجار باسی ئەو بەستەلەکە بێرەحمانە دەکات کەمن زۆر رقم لێی دەبێتەوە. ئیتماتۆڤ لەو رۆمانەدا دێرێک دەنووسێت کەلەکاتێکی شیاودا هەموو ناخی مرۆڤ دەهەژێنێت. دێرێک مرۆڤ دەباتەوە ناو یادەوەرییە شرینەکان و لەخەوێکی شیریندا دەست لەملی سەرابەکانی خۆشەویستی دەکات. ئیتماتۆف دەنووسێت:

(( نازانم بۆ شوێن پێی مرۆڤ لەشوێنێکدا کەخۆشەویست بێت بەلایەوە بۆ هەمیشەیی نامێنێتەوە))

بەڵام ئیتماتۆڤ باسی ئەوەی نەکردووەئەو یادەوەرییانەی بەلای مرۆڤەوە شیرینن، بەخەمە شیرینەکانیشەوە بۆ هەمیشەیی دەمێنەوە. ئەو شوێن پێیانەش کەدەرەوێدەوە مرۆڤ لەناخی خۆیدا هەلیاندەگرێت. هەر لەم روانگەیەوە ئەو کۆمەلە هاورێیەی کەمن بەشێکی زۆری ژیانم لەگەلیاندا بەسەربرد، دەستپێکێکی زۆر باش و شیرین بوو بۆ ئەوەی دەست بەنووسینەوەی ئەم یادەوەرییانە بکەم.

ئێمە کۆمەلێک هەرزەکاری قۆناغی ئامادەیی بووین کاتێک کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان دەستی بەبانگەشەی شۆرشی نوێ کرد. ئەو بانگەشەیە نەک بۆ ئێمەی هەرزەکار بەلکو بۆ هەموو کورد شتێکی چاوەروانەکراو جێگەی متمانەیەکی گەورەبوو. من 15 سالان بووم کەشۆرش لە 1975 هەرەسی هێناو هەموومانی بەخۆیەوە لولکرد.من ئاگام لەزۆر شت نەبوو بەڵام ئەوەندەم گوێ لێبوو کەدایکم بەژنە دراوسێکانی دەووت ((شۆرش تاویاوە)). من لەوە تێنەدەگەیشتم، بەڵام

مرۆڤ پێویستی بەکاتی زۆر نەبوو بۆ ئەوەی لەوە تێبگات. لەپڕرا شار خرۆشاو بەهەموو خزم و کەسوکارەکانمان ئاشنا بووینەوە کەدەمێک پەرتەوازەی شاخەکان ببوون. یەک شت هەموو خەلکانی کوردی کۆدەکردەوە ئەویش ئەوە بوو یەک کەسی رووخۆشت نەدەبینی بەچاشەکانیشەوە، هەموو چارەیان دابوو بەیەکدا بەمندالەکانیشەوە.

هەر زۆر زوو خەلکێکی زۆر رەوانەی شارە عەرەبیەکان کران کەمن لەبنەرەتدا دەمزانی ئەوە چیە چونکە لەیادەوەرییەکانمدا پاشماوەی زۆریان هەبوو. بەڵام پاش 2-3 سال دووبارە خەلک ئاهێکی بەربدا هاتەوەو کۆمەلەی رەنجدەران لەگوندەکاندا دەرکەوت. هەندێک لەهاورێکانمان لەژێرەوە پەیوەندییان بەکۆمەلەوە هەبوو ئەوەش رۆلی باشی هەبوو لەوەی ئەو باسانە بەزیندویەتی لەنێوماندا بمێنێنەوەو ببنە داینەمۆیەک بۆ بەردەوام بوون لەخوێندنەوەو نووسین. ئەو دەمە ئێمە هەندێک ئەدیب و شاعیرو نووسەری لەخۆمان گەورەترمان ناسی کەبۆ ئێمە دنیایەکی دیکە بوو. هاوکات ئەو نووسەرانە کەلەئێمە شارەزاترو خوێندەواتربوون وایان لەئێمە کرد لەسەر خوێندنەوەو زیندووبوونەوە بەردەوام بین. من تاوەکو ئێستاش خۆم بەقەرزاری ئەو گروپە یا کۆمەلە هاورێیە دەزانم کەدنیایەکی تازەیان بۆ من ئاوەلاکردو جیهانبینیەکی دیکەیان بەمن بەخشی زۆر لەو جیهانبینیە جیاواز بوو کەمن تا ئەو کاتە تیایدا دەژیام. من زۆر جار وا بیردەکەمەوە ئەگەر من لەنێو ئەو گروپەدا نەبوومایە ئایا ئێستا بەنووسەردەبووم ؟ یا لەهەمان ئاستی رۆشنبیریدا دەبووم؟.

لەولاتەکانی رۆژهەلاتدا بەشێکی زۆری ژیان رێکەوتەو ئەگەر مرۆڤ ئەو رێکەوتە نەقۆزێتەوە رەنگە جارێکی دیکە تووشی نەیەتەوە. ولاتی ئێمە نەجاران و نەئێستاش ئەوەندە حەزی لەمەعریفە نیەو سیستمی پەروەردەیی و فێرکاریشمان مرۆڤەکان پێناگەیەنن، تا ئێمە وابیر بکەینەوە ئەگەر ئێمە تێکەل بەم گروپەش نەبووینایەو ئەم هەلەشمان لەدەست بچوایە ئەوە سیستمی پەروەردەیی بەدلنیاییەوە چەندین دەرەفەتی دیکەی بۆ دەخولقاندین. بەبەلگەی ئەوەی هەموو ئەندامانی ئەو گروپەی ئێمە تاقە کەس بوون لەناو خێزانەکانی خۆماندا کەحەزی خوێندنەوەمان لەلا دروست بوو.

یەکێک لەو شاعیرانەی لەو سەردەمەدا ناوو دەنگیان هەبوو لەتیف هەلمەت بوو. هەلمەت تا بلێی مرۆڤێکی رۆشنبیرو پاک و لەخۆبوردوو سادە بوو. هەلمەت لەبەر ئەوەی کاری سەیرو سەمەرەی زۆری دەکرد بۆیە کەسێکی زۆر سەیر بوو. ئەو کەسێکی دژەباو بوو چونکە ئەو شتانەی ئەو دەیکرد کەسی دیکە نەیدەکرد. لەگەل ئەوەشدا هەلمەت لەبنامەلەیەکی ئاینی بوو هەمیشە باسی نوکتەی شێخە خزمەکانی بۆ دەکردین بەڵام هەرگیز داوای ئەوەی لێنەدەکردین نوێژ بکەین و رۆژو بگرین، بۆیە ئەوەی ئێمە لەهەلمەتەوە فێری ئاین پەروەری و نوێژورۆژو نەبووین بەلکو شیعرو چیرۆک وکتێب خوێندنەوەو نیشتیمان پەروەری بووین. بەرادەیەکی سەیر خەلــک هەلمەتیــان خوێشدەویــست و هەلمەتــیش کتێبــی دەپەرســـت. ئەوانەی لەسەرەتای حەفتاکاندا دەزگای رۆشنبیرییەکانیان بەرێوە دەبرد غەدریان لەهەلمەت زۆر دەکرد چونکە زۆر جار رێگەیان پێنەدەدا بچێتە ژوورەوەو وەکو ئەوانی دیکە شــیعر بخــوێنێتەوە. هەلمەتــیش بەلاســاری خــۆی خەلکــی دونیــای لەخــۆی کۆدەکردەوەو لەدەرەوەی ئەو کۆرانە شیعری بۆ خەلک دەخوێندەوەو غەلبەغەلبی دروســت دەکــرد. هەنــدێک کەس پێیــان دەووت ((مەیمــوونەکە)) چــونکە بەهەر شــوێنێکدا برۆشــتایە خەلکــی لەدەوری خــۆی کــۆدەکردەوەو شــیعری بــۆ دەخوێندنەوە، ئەو خەلکانەش شیعرەکانی لەتیفیان زۆر لەو شیعرانە پێخۆشتربوو کەلەناو هۆلە داخراوەکاندا دەخوێندرانەوە. ئاخر کێ پێی خۆش نیە گوێ لەوە بێت کاتێ لەتیف دەیووت

ئەگەر دووبارە هەموو دنیا تێکبدەنەوە

نەخشەی جیهان وەکو لۆکە شیکەنەوە

من هەر ئەم خاکە هەلدەبژێرم و

هەر کوردستان دەکەمەوە بەنیشتیمان

مـن ئەم شـیعرەم بەر لە **40** سـال خوێنـدۆتەوەو ناشـزانم ئەگەر لێـرەدا بەدروسـتی نووسیبێتمەوە. لەو کاتەدا کەمن هەلمەتم ناسی ئەو دیوانێکی نوێی بەناوی ((پرچی ئەو کچە رەشمالی گەرمیـان و کوێستانمە)) دەرکردبوو، کەتـا بلێی شیعری نایـاب بەلام لەهەمـان کاتـدا سـادەو خۆشی تێدابوو. لەو کاتەشدا ئـازاد عبدالواحید نـازانم

بەچ هۆیەک لەتیفی دابووە بەر رەخنەیەکی زۆر توندو بەردەوام. نەک من بەڵکو هەموو هاورێکانم و خەڵکێکی زۆریش لەئەدیب و شاعیرە گەورەکان لەتیف- یان بەراست دەزانی و رەخنەکانی کاک ئازاد- یان بەشتێکی شەخسی دەزانی. ئێمە لەم کاتانەدا زیاتر لەتیفمان بینی و ناسی. لەم کاتانەدا ئەو باسی رەوتی رۆژنامەگەری و شاعیرەکانی جیهان و دیوانەکەی خۆی بۆ دەکردین.

تەنها لەتیف هەڵمەت سەرچاوەی زانیاری و حەزی من و هاورێکانم ئێمە نەبوو، بەڵکو لەپاڵ ئەویشدا فازیل جاف، عەلی کەریم، فەهمی کاکەیی، جیهاد دلپاک ...هتد هەبوون. فازیل جاف دواتر خوێندنی دوکتۆرای لەبواری شانۆدا لەمۆسکۆ تەواو کردو ئێستاش لەولاتە عەرەبیەکان و ئەوروپا خەریکی دەرهێنانەو بەرهەمی زۆر نایابی هەیە. فازیل جاف بۆ ئێمە دەروازیەکی گەورەبوو بۆ تێروانین بەسەر جیهانی شانۆو بەتایبەت شانۆی برێخت. من یەکێک بووم لەوانەی ماوەیەکی زۆر خۆم بەخوێندنەوەی دەقە شانۆییە کلاسیکیەکانەوە خەریک کردبوو کەلەکوێت چاپ دەکرا. گفتوگۆی نێوان فازیل جاف و عەلی کەریم و فەهمی کاکەیی و جیهاد دلپاک بەزۆری لەبواری شانۆدا چڕ دەبووەوە. عەلی کەریم و جیهاد دلپاک لەو سەردەمەدا ناویان بەوەوە دەرکردبوو کەقارەمانی شانۆنامەی مەرەزەو بەهاری دزراو بوون کە سەلمان فایەق بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک دەری هێنابوو. بەلام سەلمان پێشتر، وابزانم لەسالی 1972 دا لەسەر شانۆکانی کەرکووک پێشکەشی کردو تاوەکو ئێستاش سەدای هەیە. بەدرێژایی رۆژانی چەژن بەهاری دزراو لەسەر شانۆی قوتابخانەی ناوەندی شۆریجەی کوران پێشکەش دەکرا. ئەو سەردەمە من کە 12 سالان بووم و جەژنانەکەم تەنها بەشی سواربوونی عەرەبانەو چەرخ و فەلەک و یارییەکانی دیکەی دەکردو هەرگیز بەخەیالمدا نەدەهات پارە بەبلیتی شانۆگەرییەک بدەم. من لەماوەی ئەو جەژنەدا نزیکەی 10 جار بەهاری دزراوم لەسەر شانۆ بینی بەلام هەموو جارێک بەدزییەوە خۆم دەکرد بەژوورداو تاقە جارێکیش پارەی بلیتم نەدا. ئەوە یەکەم شانۆگەری بوو کەمن بینیم و تاوەکو ئێستاش هەست بەکاریگەرییەکانی دەکەم.

بەلام لەنێو هەموو ئەمانەدا فازیل جاف لەهەمووان زیاتر دەنگی دابۆوەو دەنگدانەوەکەشی تەنها لەلای ئەوانە بوو کەفازیلیان دەناسی.بەلام دوای ئەوەی فازیل یەکەم بەرهەمی خۆی (( پردی ئارتا)) لەسلێمانی پێشکەشکرد لەهەموو کوردستاندا دەنگی دایەوە چونکە پردی ئارتا لەرووی دەرهێنانەوە کۆمەلێک گۆرانکاری و تازەگەری هێنانە ناو شانۆی کوردییەوە. ئێمە لەو سەردەمەدا هەر

شانۆنامەیەک لەسێمانی پێشکەش بکرایایە دەمانبینی و هەندێک جاریش لەبری ئەوەی هەمان ڕۆژ بگەرێینەوە بۆ کەرکووک لەژوورە پەرپوتەکەی فازیل جاف و جیهاد دلپاک لەئوتێلی خەیام دەماینەوە. شەوێکیان لەسلێمانی فازیل جاف باسی مێژوی شانۆو بریخت و .. هتد بۆ کۆمەلێک شانۆکاری گەورە دەکرد. هەموویان گوێیان لەو دەگرت بەلام ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو ئەحمەد سالاریش بێدەنگانە گوێی بۆ قسەکانی فازیل رادەدرێراو زۆر جاریش لەزانیارییەکانی فازیل سەرسام دەبوو. هۆکاری هەموو ئەمەش ئەو زانیارییە زۆرە بوو کەفازیل لەو بوارەدا هەیبوو چونکە فازیل لەو ڕۆشنبیرە باشانە بوو کەتاقەتێکی زۆری خوێندەوەی هەبوو.

لەبەیانیەوە تا کاتژمێر چواری ئێوارە کرێکاریم دەکردو دوای ئەوە بەپەلە هەموومان لەشەقامی کۆماری کەرکووک کۆدەبووینەوەو گفتوگۆمان دەکرد. کەریم پەرەنگ شیعرە تازەکانی بۆ دەخوێندینەوە، فازیل جاف، عەلی کەریم، جیهاد دلپاک باسی تازەترین شانۆیان دەکرد. مارف عومەر گول و لەتیف هەلمەت لەبەغدا دەگەرانەوەو باسی ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەوێیان بۆ دەکردین...هتد. زۆر جاریش بەسەعات لەیەک شوێنی شەقامی کۆماریدا قسەمان دەکرد، ئەویش بەردەم کتێبخانەی ئاسۆ بوو. کتێبخانەی ((ئاسۆ)) سەرچاوەی هەموو کتێب و گۆڤارە بەنرخەکان بوو بۆ ئێمە. خاوەنەکەی سەفەری لوبنان و سوریاشی دەکردو کۆمەلێک کتێبی قەدەغەکراوی بۆ دەهێناین. کاک جەبار کەخاوەنی ئەو کتێبخانەیە بوو پیاوێکی دلسۆزو نیشتیمان پەروەربوو. ناوی کتێبخانەکەی بەدار لەچوارچێوەی دوکانەکەی نووسیبوو. پاش ماوەیەک نازاردان ئەمنەکانی بەعس ناچاریان کرد ناوی کتێبخانەکەی بکاتە عەرەبی، بەلام ئەوەی جێگای دلخۆشی بوو بۆ ئێمە ناوە کوردییەکەی لەگەل دیکۆری دوکانەکەدا هەلکەنرابوو، ئەمەش تا گرتنی کاک جەبار لەلایەن ئەمنەکانەوە بۆ دەزگاکانی ئەمن ئاشکرا نەبوو. من ئێستاش بیر لەوە دەکەمەوە نازانم بۆ بینینی ناوی ((ئاسۆ)) لەسەر ئەو دوکانە لەو کاتانەدا ئەو هەموو هێزەی پێدەبەخشین. ئەگەر ئەو کتێبخانەیە لەسلێمانی بوایە بەدلنیاییەوە ناوە کوردییەکەی هیچ مانایەکی گەورەی نەدەبوو چونکە لەو کاتانەشدا سلێمانی پری بوو لەچەندین کتێبخانە کەناوی کوردیان هەبوو. من پێم وابوو ئەو تایبەتمەندێتیە تەنها لەکەرکووک یا شارە کوردییەکانی دیکە وەک کەرکووک هێزیان بەکوردەکان دەبەخشی. رەنگە بەشێکی گەورەی ئەو هێزە

پەیوەندی بەشالاوی ناو گۆرینەکانەوە هەبوو‌بێت کەحکومەتی بەعس یەکسەر دوای هەرەسەکەی **1975** دەستی پێکرد.

ئەم کتێبخانەیە لەگەل کتێبخانەی ((گەل)) کەهەلکەوتووی شەقامی (( کۆماری)) بوون، تاقە کتێبخانەی کوردی بوون لەکەرکووک، سەنتەری پێگەیشتنی هەمووومان بوون . ئەم شەقامە رۆلی تووی مەلیکی جاران و شارێی سالمی ئێستای بۆ ئێمە دەبینی. هەرچی نووسەرو ئەدیبی گەورە هەبوون ئێمە لەو شەقامەدا ناسیمان و باشترین گفتوگۆکانیشمان هەر لەسیاسەتەوە تا زیندانەکان، لەخۆشەویستیەوە تا شۆرشی نوێ لەو شەقامەدا دەکرد. لەهەندێ کاتدا بینینی ووشەیەکی کوردی هێزێکت پێدەبەخشێت کەدەتوانیت زۆر شتی پێبکەیت

ئەوەی گرینگ بوو بەنیسبەت هاورێکانمەوە زوربەیان لەهەولەکانی خۆیاندا بەردەوام بوون. بۆ نموونە ئازاد ئەحمەد ئەسوەد خوێندنی لەزانکۆکانی مانشتەر تەواو کردو وەکو وەرگێرێکی باش کار دەکات، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کەئێستا خوێندکاری دوکتۆرایە لەسلێمانی و خاوەنی چەندین کتێبی باشە.ماوەیەک سەرنووسەری سەردەمی عەرەبی بوو، ماوەیەک خۆی بەوەرگێرانی کتێبەکانی عەلمانەیتەوە خەریک کردبوو...هتد. باوکی ئەم دوو برایەش دارتاش بوو، بەلام بەشێوەیەکی زۆر سەیر کاری پەیکەرتاشی دەکردو تاوەکو ئێستاش چەندین پیشانگای زۆر نایابی کردۆتەوە.

کەریم پەرەنگ کەئێستا بەکاری وەرگێرانەوە لەنەمسا خەریکەو چەندین کتێبی باشی کردۆتە کوردی، ئەو سەردەمە خەریکی شیعر نووسین بوو. لەو کاتەدا خاوەنی چەندین شیعری ناسکی وەک ((زەرێ خان)) بوو. خاوەنی زمانێکی پاراو چوان بوو. ئەدیب نادر کەچەندین سال بەنووسینی شیعرەوە خەریک بوو، لەم سالانەی دوایشدا چەندین کتێبی ئەدەبی زۆر نایابی لەئینگلیزیەوە بەکوردیکرد. عبداللە قەرەداغی کەئەودەمە خوێندکاری بەشی فەلسەفە بوو لەبەغدا، رۆشنبیرێکی زۆر باش بوو، بەلام دواتر بوو بەپێشمەرگەو رێبازی خۆی لەمارکسیەوە بۆ ئیسلامی گۆری. بەرای من یەکێک لەدەرئەنجامە خراپەکانی ئەم گۆرانکارییەی عەبدوڵا ئەوەبوو تا دەهات لەنووسین دوور دەکەوتەوە تا وشکی کرد .مستەفا گەرمیانی هاوسەری مەهاباد قەرەداخی کەسێک بوو بەشێوەیکی شێتانە کەرکووکی خۆشدەویست. پاش **30** سال ژیان لەخۆشترین ولاتەکانی ئەوروپای رۆژئاوا بریاری ئەوەیدا بۆ کوردستانبگەرێتەوە. لەگەل ئەوەشدا

لەسەرەتادا لەهەولێر دەژیا بەڵام بەرای خۆی هەر بیری کەرکووکی دەکرد بۆیە دواجار لەکەرکووک نیشتەجێ بوو تا لەتەقینەوەکەی بەردەم مەلبەندی یەکێتی گیانی لەدەستدا .

فەهمی کاکەیی یەکێکی دیکە بوو لەو هاورێیانەم کەئەودەم زۆر خۆی بەخوێندنەوەی دراماو شانۆوە خەریک کردبوو. تا لەکەرکووک بووین شانۆنامەیەکی بەناوی ((ژان)) نووسی و دواتر لەسوید خۆی بەنووسینی کتێبی کوردی قوتابخانە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات خەریک کردو ئێستاشلەم بوارەدا خاوەنی چەندین کتێبی زۆر باشە. ئەحمەدی مەلا هاورێیەکی دیکەمان بوو کەدواتر سەفەری فەرنسای کردو لەبواری ئەدەبی کوردیدا دوکتۆرا نامەکەی وەرگرت. ئێستا لەیەکێک لەزانکۆکانی ئیسپانیا کار دەکات و لەنێو کوردەکاندا بەیەکێک لەفەرەنسی زانە باشەکان دەژمێردرێت.

مەهاباد قەرەداخی هاورێیەکی دیکەمان بوو کەئەو دەمە زیندانی کراو دواتر من لەسوید چاوم پێی کەوتەوە. دواتر لەبواری نووسیندا پێگەی خۆی بەرز کردەوەو خاوەنی چەندین کتێبی باشەو دواتریش بووە یەکێک لەئەکتیڤەکانی نێو رێکخراوەکانی ژنان. بەداخەوە لەم ماوەی دوایەدا ناسۆی نووسینەکانی رێچکەیەکی جودایان گرتەبەرو مەدحکردنی سەرۆکەکان جێگەیەکی شیاوی لەنووسینەکانیدا گرت.  عەلی کەریم و جیهاد دلپاک کەکاریگەری زۆریان بەسەرمانەوە هەبوو هەر لەکوردستان وەکو دوو ئەکتەری زۆر سەرکەوتوومانەوە. مارف عومەر گول هاورێیەکی دیکەمان بوو کەخەریکی شیعر نووسین بوو. ئەوو لەتیف هەلمەت بەر لەهەمووومان چوونە بەغدا و ئێمە لەرێگەی ئەوانەوە زۆر لەئەدیبە کوردەکانی بەغدامان ناسی. مارف دواتر لەمۆسکۆ خوێندنی دوکتۆرای لەبواری یاسای نێودەولەتی تەواو کردو گەرایەوە زانکۆی سلێمانی.

لەنێو هاورێکانی ئێمەدا کەریم پەرەنگ و ئازاد ئەحمەد ئەسوەد لەهەمووومان شارەزاتر بوون لەبواری شیعرداو زمانێکی زۆر پاراویان بەکار دەهێناو کەمێکیش عاشق بوون. بەهۆی ئەندام بوونی لەحیزبی کۆمەنیستی عیراقدا پەرەنگ لەبواری مافەکانی ژناندا زۆر کراوە بوو. دەبێ ئەوەش بلێم پەرەنگ لەو بوارەدا کاریگەرییەکی زۆر پۆزەتیڤانەی بەسەرمانەوە  هەبوو. ئێمە کەلەکۆمەلگایەکی دواکەوتوودا دەژیاین، تێروانینمان بۆ ئافرەت هێندە بەرز نەبوو.

بەتایبەت هەموو دەوروپشتی منیش هەر لەو بابەتە بوون، بۆیە منیش تا سەرەتاکانی ناسینی ئەو گروپەش هەر وابووم.

لەیادەوەرییە شرینەکانمدا خالێکی وەرچەرخان هەیە کەپەیوەندی بەو هاورێیانەوە بەتایبەت بەکەریم پەرەنگەوە هەیە. کاتێک من لەپۆلی نۆیەمی بنەرەتی بووم گولالەی خوشکم تازە دەستی بەپۆلی یەکەمی بنەرەتی کردبوو. ئەو دەم ئەو دەبوو بۆ چوونە قوتابخانە تەنورەی لەبەر بکردایەو ئەمەش بۆ منی 15 سالان قابیلی قبول نەبوو. ئێستاش لەیادمە چۆن لەسەر کۆلانەکەمان راوەستابووم و بەدایکم دەگووت ((ئەگەر بەتەنورەوە بچێتە قوتابخانە قاچەکانی دەشکێنم)). دواتر بەهۆی ئەو هاورێیانەوە بیروڕای من و هەمووشمان لەبارەی ژنانەوە گۆرانکارییەکی رادیکالانەی بەسەردا هات. من دواتر خۆم دوکان بەدوکان دەگەرام تا تەنورەی بۆ بکرم و ئێستاش خۆشەویستی هەموو نافرەتانی دونیا لەچاوەکانی ئەوەوە دەبین. لەم یادەوەرییانەدا دەبێ سوپاسێکی بێ پایانی پەرەنگ بکەم.

جەمیل ئەمین کەسێکی دیکەبوو کەتاوەکو ئێستاش نە بووە نووسەرو نەئەدیب و نەشاعیریش بەلام رۆلێکی زۆر پۆزەتیڤانەی لەسەر گروپەکەمان هەبوو. تا سنوری عەقل بڕ بکات کاک جەمیل مرۆڤێکی بێگەردو نموونەیی و بەوەفاو نیشتیمان پەروەرو رۆشنبیر بوو. لەلایەک خوێندەوارێکی باش و کەسێکی دلپاک و لەخۆبوردوو بوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامی کۆمەلەی رەنجدەران و خاوەنی پەیوەندییەکی زۆر بەربلاوبوو. کاک جەمیل پارمەتیەکی گەورەی کۆمەلەی رەنجدەرانی لەکەرکووک و بەغدا دەداو دوو جاریش بەهۆی ئەوانەوە کەوتە زیندانەوە بەلام بەداخەوە یەکێتی نیشتیمانی بەشێوەیەکی زۆر نادلسۆزانە پشتی تێکرد، یا راستیەکەی ئەو یەکێتی هەلنەبژاردو ئەویش بەناچاری ئێستا لەیەکێک لەکۆمپانیا ئەهلیەکاندا کار دەکات. من لەرێگەی ئەوەوە چەندین کەسی دلسۆزی وەکو نەجمەدینە سورم ناسی کەدواتر لەگەل مەفرەزەیەکی کۆمەلەدا شەهید کرا. لەکاک جەمیلەوە مرۆڤ فێری زۆر رەوشتی چاک و نیشتیمانپەروەرییەکی بێگەرد دەبوو. ئەو جارانیش رۆژنامەی هەموو حیزبەکانی دەکری و پەیوەندیشی لەگەل هەموویاندا هەبوو. من دواتر لەوە تێگەیشتم بۆ پاش ئەو هەموو خزمەت و خەباتە لەریزەکانی یەکێتی قوتابیان و کۆمەلەدا کاک جەمیل نەیتوانی لەگەل یەکێتی هەل بکات. ئەو یەکێک بوو لەویژدانە زیندووەکان کەلەلایەک پێی خۆش بوو لەگەل هەموو نەیارەکاندا تەبا بێت و لەلایەکی دیکەشەوە نەیدەویست ببێتە یەکێکی گەندەل و خاوەن کۆمپانیا. ئەم دوو تایبەتمەندێتیەش لەدەسەلات دووری خستەوە.

بەکورتی جەمیل ئەمین بۆ هەمووومان مرۆڤێک بوو بێگەرد و بێگەردێک بوو لەئالتون.

## دار درەختە یا ماڵ

زۆرجار کەکتێبمان لەکتێبخانە عەرەبییەکاندا دەکڕی هاورێکانم بەمنیان دەگوت تۆ پرسیاری نرخەکەیمان بۆ بکە چونکە عەرەبییەکەی تۆ لەئێمە باشترە. لەراستیشدا بەشێکی ئەم قسەیە دروست بوو. دوای هاتنە سەر تەختی بەعسیەکان لە **1963** دا لەگەڵ زۆر خێزانی کوردی دیکەدا بەرەو ناوچەکانی رۆژئاوای عیراق دوورخراینەوەو لە کەی **3** یا **K3** کەسەر بەرومادی بوو گیرساینەوە. **k1**، **K2**، **K3** ، هەروەها **H2H1** **H3K** کۆمەڵێ ناوچەی جیا جیابوون کەئینگلیزەکان لەدەوری کێڵگە نەوتیەکان دروستیان کردبوو.من بۆ یەکەمین جار لەو بیابانەداو لەتەمەنی **5** ساڵیدا هەستم بەخۆشەویستی کچان کرد. لەوێندەرێ، لەنێو ئەو دارخومایانەدا فێری زمانی نووسین و خوێندنەوە بووم. ئەمەش وای لێکردم زوربەی جارەکان بەزمانی عەرەبی بیربکەمەوە نەک کوردی. دوای ئەوەی بەتەواوی لەبواری پەروەردەدا خۆم ساغکردەوەو سەرچاوەی زیاترم لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوە خوێندەوە، بەتایبەت ئەو شەرانەی نێوان پیاژێ و ڤیگۆجیسکی، لەکاریگەری بیرکردنەوە بەزمانی دایک تێگەیشتم.

پاش گەرانەوەمان لەعەرەبستانەوە بۆ کوردستان، تاوەکو ئەم ساتانەش بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە کەبۆ من وەکو هاورێکانم ئەو شیعرو چیرۆک و مەتەڵە کوردییانە لەیادەوەریمدا زیندوو نین. ئەوانەی بەکوردی دەیانخوێند دەیەها شیعری کوردی نایابیان لەبەر کردبوو کەهەستێکی کوردانەی پێیان دەبەخشی، بەڵام من لەبری ئەوانە من شیعری عەرەبی تورەهاتم لەبەر کردبوو کەبۆ من هیچ سۆزێکی تێدا نەبوو. هاورێکانم کتێبەکەی بالداریان دەخوێند: دارا دوو داری دی ، دۆی دادە رژا، بەڵام لەبری بالدار ئێمە لەناو فیکری ساگع الحێری- دا گیرمان خواردبوو من چاوەروانی ئەوەبووم کەی حوشتر ئەفەنی دادەبەزێتە خوارەوە ((الی متی یبقی البعیر علی التل- وانەیەکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی)).

کاتێک خەریکی خوێندنەوەی تیۆری فەنتازیاکەی ڤیگۆجیسکی بووم بیرم لەوەش دەکردەوە لەیادەوەرییەکانمدا هەستێکی کوردی وونە کەرێگە لەدروستکردنی

فەنتازیا دەگریت. بێگومان یادەوەرییەکان بەشێکی گرینگ لەپرۆسەی دروستبوونی فەنتازیا پێک دێنێت. لەیادەوەری مندا لەبری دیمەنی شاخ و کێوی بەرز، گوێژەو سەڤین و هەلگورد ..هتد دیمەنی بیابانێکی وشک و گەرم و بێروح هەبوو کەهیچ هەستێکی بەژیان نەدەبەخشی. لەیادەوەری مندا لەبری ئاوی سازگاری کانیەکان تولەرێکانی هەورامان، دەشتێکی بێ گیاو گول و مردوو هەبوو، ئاوێکی سوێر هەبوو، دەشتێکی ئەگەر لەتینوێتیدا بمردیتایە قومێک ئاو نەبوو بیخوێتەوە. لەیادەوری مندا یەک تاکە گول نیە،لەبری داربەروو، دارخورما هەیە. یەک کانیاو نیە، یەک چاوی شین نیە، یەک شاخ نیە. بەلام لەیادەوەری هاورێکانمدا هەموو دەشتەکان پڕبوون لەدرەخت و شاخ و لەبن هەر درەخت و لەهەر دەشتێکدا چەندین کانیاوی سازگار هەبوون. لەهەمووشی خراپتر لەیادەوەری هاورێکانمدا روخساری چەندین کچی ناسک هەبوون کەتەلیسمێکی سیحراویان دەبەخشیە ئەو یادەوەرییانە، بەڵام یادەوەری من پڕبوو لەدیمەنی چەندین کچی پێخاوسی پیس کەبەیەکەوە روومان لەدەشتەکان دەکرد. هەموو ئەم یادەوەرییانە کاریگەری زۆری لەسەر فەنتازیای نووسین هەبوو، هەموو نووسەرێکیش هەست بەوە دەکات.

لەساڵەکانی یەکەمی ئاوارەییدا لەعەرەبستان تووشی هەموو ئەو گرفتانە هاتم کە عەبدولا سەراجی جیرۆک نووس لەجیرۆکی (( هەشت و نیوی بەیانی، هەشت و نیوی ئێوارە)) دا نووسیبووی. لەماڵەوە ((دار )) بۆ من مانای درەخت بوو، بەلام لەقوتابخانە ((دار)) مانای ماڵی دەگەیاند. کێشەی و جیاوازی زمانی ماڵەوەو قوتابخانە بۆ منداڵێکی یەکەمی سەرەتایی بووە هۆی چەندین گرفت کەوەکو یادەوەرییەکی تاڵ لەلای من بەزیندوویەتی دەمێنێتەوە. بەڵام تاقە شت کەدڵی خۆشکردم ئەوەبوو مامۆستایەکی تا بڵێی قەڵەوو خوێن شیرینمان لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییدا هەبوو. هەر لەبەر ئەو قوتابخانە تارادەیەک بۆ من جێگایەکی خۆش بوو، ئەوەش بەدوور نازانم دواتریش هەر لەبەر ئەو مامۆستایە بووبێت کەمن تاوەکو ئێستاش قوتابخانەو زانکۆم بەرادەیەکی سەیر خۆشدەوێت و رەنگە ئەمەش وەکو فاکتەرێک رۆلی لەوەدا هەبووبێت کەمن وەکو پەروەردەناسێک کار بۆ گەشەسەندنی منداڵان بکەم.

من لەشەستەکاندا لەعەرەبستان بووم و ئەودەم هیچ هەستێکم بەو شتە جوانانەی کوردستان نەدەکرد کەپێشتر باسم کردن چونکە نەمدیبوون، بەلام پاش ئەوەی دایکیشم لەو دیمەنە ناشیرینانەی عەرەبستان بێزار بوو، تەنگی بەباوکم هەلچنی

کەواز لەکارەکەی بێنێت و بگەڕێنەوە کوردستان. ئەمەش باشترین بڕیارێک بوو کەباوکم بیدات. چاکیەکی دیکەی باوکم ئەوەبوو لەنێو ئەو هەموو عەرەبانەدا و لەو بارودۆخە خراپەدا بۆ کورد کەعبدالسلام عارف نەیدەهێشت سەر بەرز بکەینەوە باوکم نەیهێشت ئە کوردستان و ئەکوردییەکەمان بیر بچێتەوە، کەتا ماوم قەرزاری ئەو دوو کارەی ئەوم.

دوای گەرانەوەمان بۆ کەرکووک هەموو شتێک بۆ من جیاواز بوو. دیمەنی مرۆڤەکان، بۆنی باخ و گوڵەکان، باخەکەی مالی باپیرم و شارە هەنگەکەیان، جادەو ڕێگاکان، بۆنی دیوارە کەچەکەمان کاتێک دایکم پاش نیوەروان ئاورشێنی دەکردو هەلمێکی گەرمی دەناردە سەرەوە، بۆنی جادە خۆڵەکەی بەردەم مالمان کەئێوران خوشکانم ئاورشێنیان دەکرد، زمانی ئاخاوتن و پێکەنینی کچەکان، دیمەنی شاخ و ئاوەکان ...هتد. بەڵام باوکم ئەو کاتەش پێی باش نەبوو من و براکانم بچینە خوێندنی کوردی چونکە پێی وابوو خوێندنی کوردی پاشەڕۆژێکی باشی نیە و چارەنووسیشی دیار نیە. لەم کارەشدا ڕەنگە ئاهەقی نەبووبێت، دوای هەرەسی **1975** هەرچی قوتابخانەی کوردی هەبوون لەکەرکووک داخران.

## کڕنوش بۆ ساتەوەختێک دەبەم

دوای قۆناغی ئامادەیی بەشێکی زۆر لەهاوڕێکانمان بۆ خوێندنی زانکۆ بەرەو شارەکانی دیکە ڕۆشتن و منیش لەزانکۆی موستەنسریە لەبەغدا دەستم بەخوێندنی ئابوری کرد. ئەمەش یەکەمین دابەشبوونی ئێمە بوو وەکو گروپ. من لەبەغدا چاوم بەجیهانێکدا هەڵهات زۆر لەو جیهانە جیاوازتر بوو کەلەکەرکووک یا لە شارەکانی دیکەی کوردستان هەبوون. لەکاتێکدا لەکەرکووک هەموو چەند هەفتەیەک یا چەند مانگێک ئەوجا پیشانگایەک دەکرایەوە، لەبەغدا بەبەردەوامی پیشانگا هەبوو. لەوێندەرێ بۆ یەکەمین جار من پیشانگای شێوەکارە ئەوروپیەکانم بینی کەخاوەنی جیهانبینیەکی تەواو جودا بوون. لەکەرکووک تەنها چەند شاعیرێکم بینی بوو بەڵام لەبەغدا بۆ چەندین میهرەجانی شیعری دەچووم و لەوێ بۆ یەکەمین جار بەزیندویەتی گوێم لەنەزار قەبانی و مەحمود دەروێش و بەیاتی و ... هتد دەگرت کەخاوەنی دەنگێکی زۆر سیحراوی بوون. هەر لەوێش تێکەڵی کۆمەڵێ خوێندکاری کۆمەنیست بووم کەبوونە هۆی ئەوەی بەجیدی دەست بەخوێندنەوەی ئەدەبیاتی مارکسی بکەم و تا ماوەیەکی زۆر بڕوام پێیان هەبێت.

لەکەرکووک هەرگیز چاوم بەنووسەرێک یا شانۆکارێکی ناوداری جیهانی نەکەوتبوو، بەلام لەبەغدا چەندین نووسەرو ئەدیب و شاعیری گەورو شانۆکاری ناوداری وەک جوبرا ئیبراهیم جوبراو عەبدولرحمان مونیف و سامی عبدوالحەمیدو عبدالمسیح سەروەت و ... بینی. تێکەڵابوون لەگەل ئەو هەموو رەوتە فیکری و ئەدەبی و هونەرییە عەرەبی و تارادەیەک ئەوروپیەش جیهانبینی منی بەتەواوەتی گۆری. تەنانەت لەبەغدا بەشێوەیەکی زۆر جیاواز چێژم لەبەر هەمەکان دەبینی. لەلایەکی دیکەشەوە توانیم لەنزیکەوە تێکەل بەکۆمەلێک نووسەرو ئەدیبی زۆر ناوداری کورد ببم کەرۆلێکی پۆزەتیڤانەیان لەگەشەسەندنی تۆری پەیوەندی و رۆشنبیری و جیهانبینی مندا هەبوو. لەوێندەرێ هەموو ئەو ئەدیب و کەسایەتیە گەورانەم بینی کەلەکۆری زانیاری کورد، زانکۆکان، رۆژنامەو گۆڤارەکان، کۆمەلەو یەکێتی نووسەران ...هتد کاریان دەکرد.

حەمەی مەلا کەریم و دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول دوو یەکەمین کەس بوون کەزوربەی خوێندکارو رۆشنبیرە کوردەکان کەدەچوونە بەغدا سەردانیان دەکردن. رەنگە لەبەر ئەوەش بووبێت ئەو دوو پیاوە تا بلێی لەخۆبردوو دلکراوەو یارمەتیدەر بوون. من زیاتر ئەوانم لەرێگەی یەکێتی نووسەرانەوە دەناسی کەهەردووکیان بەرێوەیان دەبرد. ئەوان یارمەتی هەموو ئەو رۆشنبیرە کوردانەیان دەدا کەدەهاتنە بەغدا و هەندێک جاریش بەهۆی ئەوانەوە توشی گرفت دەبوون. لەو کاتەوە من بۆ رۆژنامە عەرەبی و کوردییەکاندەستم بەنووسین کرد. دواتریش چەندین گەنجی دیکەم ناسی کەدواتر و ئێستاش لەبواری نووسیندا کار دەکەن، بۆ نموونە کەریم دەشتی، کەریم سۆفی، ئەژاد عەزیز سورمێ، ئەبو بەکر خۆشناو، فاروق رەفیق...هتد.

لەبەغدا هەرکات مرۆڤ سەردانی کۆری زانیاری کوردی بکردایە گوێی لەدەنگی حەمەی مەلا کەریم دەبوو کەگۆرانی هەورامی دەچری. کاکە حەمە هێندە دلسۆز بوو بۆ هەموومان بەبێ بەرامبەر ئامادە بوو چەندین رۆژ بەدوای بەرهەمی هەموو نووسەرە کوردەکاندا بگەرێت و هەلەچنی بۆ بکات و چاپی بکات و بۆشیان پۆست بکاتەوە بۆ کوردستان. بەدەر لەو دلسۆزو زانایانەی دیکە کەلەدەرەوەی کۆری زانیاری هاوکاری کۆریان دەکرد،چەندین کەسی زانای وەکو شوکر مستەفاو کەمال مەزهەرو ... هتد کاریان دەکرد. ئەگەرچی شێوازی کارکردنی کۆری زانیاری کورد زۆر لەشێوازی یەکێتی نووسەرانی کرد بالاتر بوو، بەڵام هەردووکیان لەسەرەتای هەشتاکاندا بەماوەیەکی زۆری پڕ لەچالاکیدا

تێپەربوون کەمن پێم وایە هەرگیز ناکرێت لەبیر بکرێن چونکە رۆلێکی گەورەیان لەپێگەیاندنی گەنجە کوردەکان و زمان و ئەدەبی کوردیدا هەبوو.

ژیانی بەغدا بەدەر لەو رەوتە رۆشنبیریە بەربلاوە بۆ کوردەکان سەنتەرێکی دیکە بوو بۆ رێکخستنی حیزبە کوردییەکان. بوونی هەزارەها خوێندکار کورد لەوێ گورێکی بەتینی بەو مەسەلەیە دابوو. مرۆڤیش لەتەمەنی لاوێتیدا خوێنی زۆر گەرمەو بایەخ بەزۆر مەترسی نادات یا راستتر بلێم بیریان لێناکاتەوە.لەسەرەتای هەشتاکاندا حکومەت خوێندکاری زانکۆکانی ناچار دەکرد کەراهێنانی سەربازی بکەن و ماوەی ئەم راهێنانەشی وەکو دەوامی فەرمی زانکۆ ئەژمار دەکرد. عەرەبەکان بەشێوەیەکی گشتی گرفتی گەورەیان نەبوو، بەڵام بەشێکی دیاری کوردەکان ئەوەیان رەتدەکردەوە. بۆیە هەر کەسێک ئەو راهێنانەی نەکردایە وەکو نەهاتوو ئەژمار دەکراو دواتریش لەزانکۆ دەردەکرا. بەم شێوەیە سەدەها کورد لەزانکۆو پەیمانگا جیاوازەکان دەرکران. لێرەوە بیرۆکەی خۆپیشان بۆ پشتیوانیکردنی خوێندکارە دەرکراوەکان هاتە مەیدان و

سەرەتا لەسلێمانی و دواتر لەهەولێرو کەرکووک و شارەکانی دیکەش دەست بەخۆپیشاندانی خوێندکارانەو جەماوەری گەورە کرا. ئێمەش ئەو کاتە لەبەغدا بووین و وردە وردە لەناو خۆماندا باسی مانگرتنێکی لەو بابەتەمان دەکرد. لەم مەسەلەیەدا زیاتر ئەندامەکانی پارتی کۆمەنیستی عیراق سەرگەرم بوون و ئەو دەمە فاروق رەفیق و حەمەشوان و دانا جەلال و ئاشتی تالەبانی ... ... هتد. ئەمانە هەموویان لەرێکخستنەکانی پارتی کۆمەنیستی عیراق کاریان دەکرد.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو دەمە لەلایەک سەرگەرمی گفتوگۆ بوو لەگەل حکومەتی بەعس و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی بۆ بەعسی بسەلمێنێت کەخۆی تاقە هێزی بالایە لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا دەستی کردبوو بەشەرکردن و شەرفرۆشتن بەزوربەی هێزەکانی دیکە. بۆیە یەکێتی نیشتیمانی پشتیوانی مانگرتنێکی لەم جۆرەیان نەدەکرد. ئێمە بەدرێژایی کات پلانی ئەوەمان دادەنا چۆن لەناوچەی مەیدا، واتە ناوجەرگەی شاری بەغداو نزیکەی کۆلیژی ئەندازیاری و وەزارەتی بەرگری دەست بەخۆپیشاندان بکەین. لەم کاتانەشدا پەیتا پەیتا خوێندکارانی دیکە لەزانکۆو کۆلیژەکانی دیکەوە دەهاتن و گفتوگۆمان لەوبارەیەوە دەکرد.

بەهەر حال ئێمە هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەی دوای ئەوە چی روودەدا؟ چی لەخێزانەکانمان دەکەن؟ هەرگیز بیرمان لەوێرانبوونی ژیانی خۆمان نەدەکردەوە. ئێستا دوای ئەو هەمووساڵە ئەوە دەزانم بێگومان حکومەت لەهەمان چرکەدا هەموومانی دەکوشت و خێزانەکانی لەسێدارە دەداین و بەلایەنی کەمەوە 1000 کەسی تێدا دەکوژراو چەندین خێزانیش مالوێران دەبوون. من لەوە تێدەگەم ئێمە خوێن گەرم بووین و هەستمان بەزۆر شت نەدەکردو حیسابمان بۆ زۆر شت نەدەکرد چونکە تەنها خەمی نیشتیمانمان لەکۆڵ کردبوو. بەڵام من سەر لەوە دەرناکەم بۆ ئەو هەموو پیاوانەی حیزب لەشاخەوە بیرێکیان لەئێمەو خێزانەکانمان نەدەکردەوە؟ بۆ ئەخشەی خۆپیشاندانێکی لەم بابەتەیان بۆ ئێمە دادەنا. دواتر بیستمەوە تەنها پیاوێک پێی وابوو ئەوە کارێکی باش نیەو بەم شێوەیەش پلانەکە هەڵوەشایەوە.

من تاوەکو ئەمرۆش سوپاسی عەقڵی ئەو پیاوە دەکەم کەرۆڵی لەهەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارەدا هەبو. تاوەکو ئێستاش دەستەو ئەژنۆ بەرامبەر ئەو ساتەوەختە دادەنیشم و کرنووشی بۆ دەبەم ، چونکە ئەگەر ئەوە ئەبوایە هەموو خوێندکارە کوردەکان و خێزانەکانیشان کوژرابوون. لەو ساتەوە ئەوەم زانی کەحیزبە کوردییەکان ئاستی بیرکردنەوەیان زۆر تەسکەو تەنهابیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. بۆیە لەهەموو کاتەکانی دیکەدا هەولم دەدا لەروانگەی خۆمەوە بیر بکەمەوە نەک ئەوان. نەک هەر ئێمە بەلکو ئەوانەی هەوادارو کادیری یەکێتیش بوون زۆر لەیەکێتی بێئومێد بوون چونکە لەکاتێکدا پێشمەرگەکانی یەکێتی لە 1984 دا لەناو شارەکانی کوردستاندا بەنازادی دەسورانەوە، خوێندکارە دەرکراوەکان ئومێدێکی زۆریان بەیەکێتی هەبوو بیانگەرێنێتەوە بۆ زانکۆکانیان. بەڵام فوئاد مەعسوم کەوا بزانم سەپەرشتی بەشێکی گفتوگۆکانی نێوان حکومەت و یەکێتی دەکرد، بەروونی ئەوەی بەهەموو خوێندکاران راگەیاند کەئەوان ئامادە نین باسی شتێکی لەو بابەتە لەگەل حکومەتی بەعسدا بکەن.

## برۆسکەیەک بۆ سەرۆک

لەکاتێکدا کۆری زانیاری عیراق و یەکێتی نووسەرانی و ئەدیبانی عیراق چالاکیەکی ئەوتۆیان نەبوو، یەکێتی نووسەرانی کورد هەفتانە کۆرو سیمیناری هەبوو. رژێمی بەعسیش ئەو هەموو چالاکیانەی بەدڵ نەبوو بۆیە یەکەم جار کۆری

زانیاری کوردی هەلوەشاندەوەو کردی بەبەشێک لەکۆڕی زانیاری عیراق. دووم جاریش هەولیدا یەکێتی نووسەران بەربەست بکات. ئەو دەمە لەپال یەکێتی نووسەرانیشدا کۆمەلەی رۆشنبیری هەبوو کەموکەرم تالەبانی و جەمال خەزنەدارو چەند کەسێکی دیکە بەرێوەیان دەبرد. موکەرەم جەمال تالەبانی کەزووتر لەحکومەتی عیراقدا وەزیری ناودێری بوو، تا کەوتنی سەدامیش خاوەنی پەیوەندییەکی باش بوو لەگەل حکومەت و لەگەل سەدامدا. بەلای خەلکێکی زۆرەوە هەر لەوساوە تاوەکو ئەمرۆش موکەرەم تالەبانی پیاوێک بوو پڕ لەگومان، بەلام سرۆشتی پەیوەندییەکانی ئەو لەگەل حکومەتدا تاوەکو ئەمرۆش روون نەبۆتەوە.

ئەو کات کۆمەلە مانگنامەیەکی رۆشنبیریان بەناوی ((رۆژی کوردستان)) دەردەکردو چەندین کۆرو سیمیناریشیان ساز دەکرد بەلام بەئەندازەی یەکێتی نووسەران چالاک نەبوون. لەبەغدا هەفتەی واهەبوو دوو کۆری کوردی لەلایەن یەکێتی نووسەران و کۆمەلەوە ساز دەکران. هەلوەشاندەوەی کۆمەلە بۆ حکومەت زۆر لەهەلوەشاندەوەی یەکێتی نووسەران ئاسانتر بوو. حکومەت ئەم کارەی بە عبدالستار تاهیر شەریف راسپارد کەئەو دەمە حیزبێکی تایبەتی لەبەغدا هەبوو پالپشتی حکومەتی دەکرد.

لەکاتی کۆبوونەوەی سالانەو هەلبژاردنی دەستەی تازەی کۆمەلەی رۆشنبیریدا حکومەت لەرێگەی شێخ ستارەوە هەولی ئەوەی دەدا زۆرترین لایەنگرانی خۆیان لەکۆمەلەدا بکەن بەئەندام بۆ ئەوەی لەکاتی هەلبژاردنی دەستەی نوێدا دەست بەسەر کۆمەلەدا بگرن. کۆمەلە کەتا ئەو کاتە چەند ئەندامیکی کەمی هەبوو کەمن بەراستی ئەمدەزانی چەند بوون بەلام رەنگە 50 ئەندام بووبن. ئێمە ئەو کاتە خوێندکارێکی کوردی زۆر بووین لەبەغداو بریارماندا بەهاوکاری جەمال خەزنەدار بەرەیەک دژ بەشێخ ستارو هەموو جاشەکانی دیکە دروست بکەین. بۆیە هەموو رۆژێک دەیان خوێندکارمان دەهێناو لەکۆمەلەدادەبوون بەئەندام. شێخ ستاریش سەری دەکرد بەهەموو کون و قوژبنێکداو تەنانەت بەگوندەکانیشدا بۆ ئەوەی جەماوەر بۆ حکومەت کۆبکاتەوەو بیانکاتە ئەندام. سەرئەنجام رۆژێک پێش کۆنگرە شێخ ستار ناوی 2000 لادێیی و فەرمانبەرو جوتیاری هەژاری هێناو لەکۆبوونەوەیەکی ئاساییدا داوای کرد وەکو ئەندام قبولیان بکەن. من پێم وایە هەلەی هەرە گەورەی دەستەی ئەوجای کۆمەلە ئەوەبوو ئەو ژمارە زۆرەیان بەیەکجار قبول کرد. ئەمەش کۆتایی کۆمەلە بوو بۆ ئێمە. کۆنگرە لەزانکۆی

موستەنسریە بەستراو ئەو ئێوارەیە بەڵێشاو جوتیارو کرێکارو خەڵکی لادێیی بۆ ئەوێ دەهاتن.

سەرگوزشتەیەکی سەیری ئەو ئێواەیە ئەوەبوو کاتێک یەکێک لەئەندامانی دیوان کەکۆبوونەوەکەیان بەرێوە دەبرد، نازانم کێ جاف بوو کەسەر بەشێخ ستار بوو ووتی لەکۆتایی ئەم کۆنفرانسەدابرۆسکەیەکمان نووسیوە بۆ سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسێن، کێ رازی نیە دەست بەرز بکاتەوە. ئێمە کەڵەچاو ئەواندا زۆر کەم بووین ئەماندەوێرا دەست بەرز بکەینەوە، بەڵام ئەوان کە هۆڵەکەیان پڕ کردبوو هەموویان بەیەکجار دەستیان بەرز کردەوە. ئەو کابرایە رەنگی تێکچوو، یەکسەر ووتی: نا گوێ بگرن من پێم وایە ئێوە خراپ حالی بوون، من مەبەستم ئەوەیە کێ رازییە ئێمە ئەم برۆسکەیە بۆ سەرۆک بنێرین. جارێکی دیکە ئەوان هەموویان دەستیان بەرز کردەوەو ئێمەش جارێکی دیکە دەستمان بەرز نەکردەوە، بەم شێوەیە کۆمەڵە کەوتە دەست شێخ ستار

من بەر لەدەستپێکی کۆنگرە چاوم بەچەندین کەس کەوت کەخەڵکی گوندە جیاوازەکان بوون. هەندێک لەوان دەیانووت ئێمە نازانین بۆچی هاتوین، ئێمە برە پارەیەکمان وەرگرتووەو لەنوتێلی باش دابەزیوین و نانمان بۆ دەکرن و تەنها داواکاری ئەوان لەئێمە ئەوەیە هەر کات داوایان کرد دەست بەرز بکەینەوە، ئەوە ئێمە دەست بەرزدەکەینەوە. ئەم قسانەش هەموویان دروست بوون و ئەوانیش بەبەردەوامی دەسشتیان بەئاسمانەوە بوو.

کۆمەڵە تا ئەو کاتە تەنها رۆژی کوردستانی دەردەکرد کەڵەبەر بێپارەیی بەکاغەزی زەرد دەردەکراو هیچ پاداشتێکیشی بەنووسەران نەدەدا. بەڵام دوای کۆنگرە شێخ ستار زانی هەموو نووسەرەکان دوورکەوتنەوەو کەس نەیدەویست شتیان بۆ بنووسێت، بریاری دا رۆژی کوردستان گەورە بکات و بەکاغەزی سپی چاپی بکات و پاداشتێکی زۆریش بەنووسەران بدات. لەهەوڵی کۆکردنەوەی نووسەردا مەحموود زامدار هاوکاری زۆری شێخ ستاری دەکرد. مەحموود سەرکەوتووترین رۆژنامەوانی کورد بوو بەڵام پیاوێکی هەلپەرست بوو بۆ پارە هەموو شتێکی دەکرد. یەکەمین گروپ کەبریاری هاوکاریکردنی دا کۆمەڵێک شانۆکاری خەڵکی سلێمانی بوون کەلەئەکادیمیاو پەیمانگای هونەر جوانەکان دەیانخوێند. لە مردووەکان کەریم عوسمان و بەرزان ناوێک بوو کەهەردووکیان دواتر لەشاخ کوژران. لەزیندووەکانیش کۆمەڵێک بوون کەئێستاش لەبواری شانۆی کوردیدا

هەندێکیان لەکوردستان و هەندێکیان لەئەوروپا کار دەکەن و هەندێکیشیان وازیان هێناوە.

ئەگەرچی شێخ ستار توانی بەهۆی پارەی حکومەتەوە رۆژی کوردستان زۆر باش بکاتەوەو گەشەی پێبدا بەڵام ئێمە هەمیشە بەرۆژنامەی جاشەکانمان لەقەڵەم دەداو نووسەرەکانیشی لەنێو خوێندکاراندا بەبێ هەلوێست و ناپاک لەقەڵەم دەدران. من تاوەکو ئێستاش شێخ ستار بەچاش دەزانم و زۆریشم بەلاوە سەیرە نمایندەکانی میدیای ئازاد ئەوو سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە لەیەک ریزدا دادەنێن.

## ئیمام حوسێن و شەراب

شەری هەشت ساڵەی نێوان عیراق و ئێران درێژەی کێشاو بووە هۆی ئەوەی خەلکێکی یەکجار زۆر روو لەئێران و دواتر ئەوروپا بکەن. من بۆ ماوەی سێ سال تا کۆتایی **1990** لەئێران مامەوە. ئەوەش دەرەفەتێکی زۆر باش بوو بۆ فێربوونی زمانێکی دیکەو شارەزابوونی ئەدەبێکی دیکە. لەو ماوەیەدا بریارمدا جگە لەزمانی فارسی هیچ کتێبێ بەزمانی کوردی یا عەرەبی نەخوێنمەوە. ئەمەش ئەگەر لەلایەک یارمەتی دام بۆ فێربوونێکی خێرای فارسی ئەوە لەلایەکی دیکەوە یارمەتی دام بۆ شارەزابوون لەئەدەبی فارسی. لەوێ دەستم بەخوێندنەوەی بوزورگی عەلەوی، حافز، سادقی هیدایەت، نیما، گولسورخی، شاملو ، مەحمودی دەولەت ئابادی، فەروخی فەروخزاد...... هتد، کرد.چشمهایش و **53** ئەفەری بوزورگی عەلەوی دوو بەرهەم بووم کەتاوەکو ئێستاش چێژیان لێدەبینم.

لەپال ئەمانەشدا قۆناغی دووەمی خوێندنەوەکانم بەفارسی دەستی پێکرد کەبریتی بوون لەبەرهەم و شاکاری نووسەرە ناوارەکانی جیهان. مرۆڤ کەدەچێتە تاران سەری لەو هەموو بەرهەمە وەرگێردراوە سوردەمێنێت. زۆر نووسەری ناودار هەبوون من لەبەغدا یەک دوو کتێبێکیانم دیبوو، هەندێ نووسەر هەبوون من تەنها وتاریانم بینیبوو، بەلام لەتاران هەموو کتێبەکانیان کرابوون بەفارسی و بەریزی یەکەوە دانرابوون. لەکاتێکدا رژێمی ئیسلامی هەناسەشی لەخەلک بریبوو، بەلام لەهەمان کاتدا مرۆڤ دەیتوانی هەموو جۆرە کتێبێک تەنانەت کتێبەکانی مارکسیش پەیدا بکات.

لەئێران دووبارە دەستم بەخوێندنەوەی ئەدەبی مارکسی و ئابوری کردەوە. لەبەغدا لێکۆلینەوەیەکی بچکۆلانەم لەسەر ئابوری ژاپۆن بۆ کۆلێژی ئابوری زانکۆی موستەنسریە نووسیبوو، بەڵام گرفتی سەرچاوەم هەبوو. لەبەغداش هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لەسەر نهێنی سەرکەوتنی ئابوری ژاپۆن نەبوو. من تەنها یەک کتێبی بەنرخم دەستکەوت ئەویش کتێبێکی رەشاد عبدالغفار بوو کەلەسەر سیستمی کۆمەلایەتی ژاپۆن بوو ئەویش لەپیشانگایەکی لوبنایەکان لەبەغدا کریم. بەلام ئەوەی وای لێکردم ئەو کتێبە تەواو بکەم ئەوەبوو لەرۆژەکانی کۆتاییدا بەر لەوەی عیراق بەجێبهێلم بەرێکەوت ئافرەتێکم ناسی داوای لێکردم کارێکی بۆ راپەرێنم بەلام دواتر زانیم لەسەنتەری بازرگانی ژاپۆنی ناسراو بە ((جیترۆ)) کاری دەکرد و ئەو توانی کۆمەلێک سەرچاوەی زۆر بەنرخی ئینگلیزیم بۆ پەیدا بکات کەبەهیچ شێوەیەک نەبەعەرەبی و نەبەکوردی نەبوون. لەئێران کۆمەلێک سەرچاوەی یەکجار دەولەمەندم لەسەر ئابوری ژاپۆن دەستکەوت. بۆیە دووبارە دەستم بەنووسینەوەی کتێبەکەمە کردەوەو تەواوم کرد. دواتر لەرێگەی عادل مورادەوە، کەئەودەم لەسەرکردایەتی سۆشیالیست بوو، پەیوەندیم لەگەل نووسەری ناوداری عەرەب هادی عەلەوی بەست کەئەودەم لەسوریا بوو. دەمویست کتێبەکەم لەسوریا بۆ چاپ بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی پارەیەکی زۆری تێدەچوو بۆیە وازم لەو پرۆژەیە هێنا.

لەئێران سێ سال لەگوندێکی پارێزگای خورەم ئابادا بەناوی ((پل هرو)) کەلەنێوان خورەم ئابادو برۆجەردا بوو ، لەناو لورەکاندا دەژیام و کاتێکی زۆرم بەدەستەوە بوو.لەنێو باخەکانی ئۆردوگاکەدا دەستم بەخوێندنەوەی چەند رۆمانێکی چەنگیز ئیتماتۆڤ کرد. دواجار بریارمدا (( یەکەمین مامۆستا)) کەی بکەمە کوردی و دواتر لەدەزگای سەردەم بۆیان چاپکردم.

لورەکان میللەتێکی سادەو ساکارو باش بوون، بەڵام وەکو زوربەی میللەتەکانی دیکەی ناو ئێران لەحالەتی میزاجی بەدەر نەبوون. ئەوان لەبەر خراپی باری ئابوری زۆر کاری نەشیاویان دەکرد کەلەگەل مۆراڵی ئینسانەکاندا یەکیان نەدەگرتەوە. ئێمە بۆ دەستکەوتنی شەراب بۆ لای ئەو لادێیانەی دەچووین. جاری واهەبوو لەبەر دەرگای مزگەوتی گوند چاوەرێمان دەکردن تا لەنوێژ تەواو دەبوون بۆ ئەوەی شەرابیان لێبکرین. لەهەمووشی سەیرتر رۆژێکیان لەکاتی عاشورایا بوو ئەو پیاوەی بریار بوو شەرابمان بۆ بهێنێت لەناو مزگەوتەکە بەزنجیر لەخۆی دەدا. ئێمەش ناچار بووین تا لەو بەزم و رەزمە تەواو دەبێ چاوەروانی بین. دوای

ئەو سێرمۆنیە کابرا بەسەنگی خوێناوییەوە هاتەدەرەوەو شەرابی خۆی پێ فرۆشتین. بەلام ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە ئەوەبوو ئێمە مامەڵەیەکی زۆرمان کرد بۆ ئەوەی بەنرخێکی هەرزان پێمان بفرۆشێت، بەلام کابرا ووتی(( نا ئەم نرخە گران نیە. بەسەری ئیمام حوسێن ئەمە باشترین نەوعی شەرابە)).

ئەودەم ئەو دەبڵ مۆرالیە، ئیسلام بیت و شەراب بفرۆشیت، بۆ من قابیلی قبول نەبوو چونکە لەباشوری کوردستان ئێمە میللەتێکی تەواو جیاواز بووین و هێشتا مۆرال مابوو خەلکیش راستگۆبوون. ئێستا بارودۆخی باشوری کوردستانیش لەرووی مۆرال و مرۆڤدۆستی و پارەو درۆزنیەوە کۆپیەکی ئێرانەو گرینگترین شت بەلای زورێکەوە دەولەمەندبوونی خێرایە، بەڵام بەچ رێگایەک مرۆڤ دەولەمەند دەبێت ئەوەیان هیچ گرینگ نیە. ئەم مۆدێلی دەولەمەندبوونە ئێکسپرێسەی خەلکەکان لەسیاسیە پایە بەرزەکانی ناو دەسەلاتی کوردی و و دەوروبەری دەسەلاتەوە فێربوون.

پەروەردەو سەرەتاکانی کار

دەربازبوون لەکوردستان و ئەو عیراقە عەرەبیەی کەهەموو ژیانی ئێمەی ورد ورد کرد، هەروەها لەو ئێرانەی کەتەنها بۆ روخان و شکسپێهێنانی مرۆڤەکان دروست بووە، بۆ من دونیایەکی زۆر گەورتری خستە سەرپشت. ئەم دونیایە لەرۆژی یەکەمەوە وایکرد مرۆڤ بەچاوێکی دیکەوە براونێتە هەموو رووداوەکان. نیشتەجێبوون لەرۆژئاوای ئەوروپا لەسەرەتای **1991** وە چاویلکەیەکی بەمن بەخشی کەئەک بتوانم تەماشای کۆمەلگایەکی بچوکی وەکو سویدی پێبکەم ، بەلکو تەماشای هەموو جیهانی پێبکەم. من تەواو لەگەل بەختیار عەلی- دام کەئێمە پێویستمان بەوە بوو بچینە ئەوروپا بۆ ئەوەی بتوانین واقیعی خۆمان بەچاوێکی دیکەو لەگۆشەنیگایەکی دیکەوە بخوێنینەوە. رەنگە فێربوونی زمانێکی دیکە بۆ خوێندنەوە لەم بوارەدا فاکتەرێکی زۆر یارمەتیدەر بووبێت. ئەو جیهانبینە تازەیەی ئێمە لەرۆژئاوا بەدەستمان هێنا بۆ من مەسەلەیەکی حەیاتی بوو. من مامۆستام دەبینی تا لەسنوری کوردستان بوو هیچ لارییەکی لەو سیستمە پەروەردەییە نەبوو کەئێمە بەلایەنی کەمەوە لەحەفتاکانەوە لەکوردستان پیادەمان دەکرد. بەلام دوای چەند مانگێگ لەژیانی تاراوگە رەخنەی جیدی لەو سیستمە دەگرت کەخۆی کاری پێدەکرد.

تێکەلاوبوون بەجیهانی رۆئاوا کەبەهیچ شێوەیەک لەجیهانی رۆهەلات نەدەچوو، هەندێک حەزی تازەی لەلا دروستکردم. یەکێک لەو بوارانە کەزیاتر خۆشم ویست و دەمەویست کاری تێدا بکەم بواری پەروەردەو گەشەسەندنی منداڵان بوو. بۆیە بریارمدا چیدیکە بەردەوام نەبم لەخوێندنی ئابوری و پێویستیشم بەوە نەبوو بروانامەکەم بەرابەر بکەمەوە. هۆکارێکی دیکە بۆ وازهێنان لەئابوری ئەوەبوو ئەو زانستەی من لەهەشتاکاندا لەزانکۆکانی بەغدا خوێندبووم لەئەوەتەکاندا بەشێکی زۆری هەلەبوو، بەشێکی دیکەشی بەهیچ شێوەیەک بۆ ئابورییەکی هاوچەرخ بەکەلک نەدەهات. بۆ من پەروەردە بوارێکی زیاتر بەهێزو ئەکتیڤ بوو وەک لەئابوری. رەنگە گۆرینی رشتەی خوێندن بۆ هەندێک کەس کارێکی ئاسان نەبێت، بەلام بۆ من بەخۆشحالییەوە دەست بەو گۆرانکارییە کرد بەبێ ئەوەی پێویستم بەوە هەبێت قەناعەت بەخۆم بکەم.

لەکۆتایی هەزارەی دووەمدا و لەتەمەنی **38** سالیدا دەست بەخوێندنی پەروەردە کرد. ئەمەش بۆ من دەرەفەتێکی زۆر باش بوو بۆ ئەوەی رێرەوی نووسینەکانیشم بگۆرم. ئەلبەتە ئەو کاتەی لەزانکۆی ستۆکهۆلم پەروەردەم دەخوێند خۆم بەنووسین و وەرگێرانی کتێبی دیکەشەوە خەریک کردبوو، بۆ نموونە کتێبی ((دابەشکردنی دەسەلات )) و ((دابەشکردنی دەسەلاتەکان لەئێران)) کەدواتر لەدەزگای سەردەم و ئاراس چاپکران. لە **2004** دا یەکەمین کتێبم لەبواری پەروەردەدا نووسی کەمن پێم وابوو یەکەمین کتێب بێت کەلەسەر پەروەردە بەکوردی لەباشوری کوردستان نووسرابێت. ئەم کتێبە کەپێشوازییەکی باشی لێکرا، لەپێنج دەروازەدا باسی پێنج گرفتی بواری پەروەردەی دەکرد. من هیوام وابوو رۆژێک بێت هەر بەشەو بکەم بەکتێبێکی سەربەخۆ. تاوەکو ئێستا دوو بەشیانم کردووە بەکتێب، بەشی یەکەمیان لەسەر دیاردەی هەراسانکردنی منداڵان بوو لەژێر ناوی (( هەراسانکردنی منداڵ لەنێوان مال و قوتابخانەدا)) لەسالی **2007** چاپکراوو ئێستاش خەریکی نووسینی بەشێکی دیکەم لەسەر تیۆری گەشەسەندنی مەعریفی منداڵان کەباس لەژان پیاژێ دەکات.

پێش ئەوەی خەریکی کتێبەکەی ژان پیاژ ببم، ماوەیەک خەریک بووم بەشێکی دیکەی ئەو کتێبە کەتایبەت بوو بەزانستی دایداکتیک، بکەمە کتێبێکی سەربەخۆ چونکە پێم وابوو لەرووی عەمەلیەوە سودی بۆ مامۆستاکان زیاترە ، بەلام دواتر بێزار بووم و وازم لەو پرۆژەیە هێنا. من بەنیاز بووم ئەو کتێبە بکەمە دووبەشەوە: بەشێکیان تیۆری بێت و بەشەکەی دیکەشیان پراکتیکی بێت لەسەر

زانست و شێوازەکانی وانەووتنەوە لەقوتابخانەکانی کوردستاندا. هیوام وابوو وەکو ڕێنامەیەک بێت بۆ داهێنانی چەندین شێوازی نوێ لەبواری وانەووتنەوەدا چونکە قەناعەتی من وایە ئەوەی دەبێتە هەوێنی گەشەسەندنی مەعریفی خوێندکاران و ڕاپەڕینی بواری پەروەردە، شێوازەکانی وانەووتنەوەیە نەک مەنهەجەکانی خوێندن. ئەلبەتە نووسینی کتێبێکی لەم بابەتە گەرانێکی باشی بەناو قوتابخانەکاندا دەویست و بەشی خۆشی ئەرکی زۆری هەبوو. من بۆ نووسینی (( هەراسانکردنی منداڵ)) یش ئەو گەرانەم کردبوو دەمزانی چەند ئەرکی زۆرە.

ئامانجی من ئەوە نەبوو کتێبێک بنووسم وەکو تیۆری بمێنێتەوە، بەڵکو ئەوەبوو کەکاری پێبکرێت. بەڵام ئەوەی تورەی کردم و بێتاقەتی کردم ئەوە بوو، ئەوەی بەلای وەزارەتی پەروەردەوە گرینگ نەبێت زانستی وانەووتنەوە بوو. لەلای خۆشمەوە قەناعەتم بەوە کرد کەئێمە وڵاتێکی دواکەوتووین و جارێک زۆری ماوە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کەدایداکتیک داینەمۆی گەشەسەندنی مەعریفیە لەلای منداڵ. یەکێک لەتایبەتمەندێتیەکانی سیستمی فێرکاری ئێمەو هەموو وڵاتە دواکەوتووەکان ئەوەیە تەنها مەنهەجەکان بەداینەمۆی پێشکەوتنی سیستمی فێرکاری دەزانین. بۆیە وازم لەو پرۆژەیە هێناو حەزمکرد خەریکی تیۆرییەکانی ژان پیاژێ ببم، واتە کتێبێک بۆ نوخبەیەکی دیاریکراو بنووسم کەبەراورد لەگەڵ کتێبی پێشودا هەموو مامۆستایەک لەبواری عەمەلیدا ناتوانێت سودی لێ ببینێت چونکە سود وەرگرتن لەتیۆرییەکانی پیاژێ بەدوو شێوە دەبێت: یا ئەوەتا دەبێ خۆت ئاستێکی رۆشنبیری باڵات هەبێت یا ئەوەتا دەبێت گروپێکی زۆر پرۆفیشناڵت هەبێت ئەو کارەت بۆ بکات.

ڕەنگە هۆکارێکی زۆر بەهێزی دیکەش هەبێت کەوای لێکردم خەریکی نووسینی کتێبێک ببم لەسەر ژان پیاژێ. ئەم دەروونناسە گەورەترین کاریگەری بەسەر بواری پەروەردە هەبووە، بۆیە لەزۆر شوێندا بەپەروەردەناس ناوی دەرکردووە. بۆ ماوەی چەندین دەیەو تا مردنی خۆشی لە **1980** دا لەبوارەکەی خۆیدا بڕیارکابەر بووە. تاوەکو ئەمرۆش بازدان بەسەر پیاژێدا کارێکی مەحاڵە چونکە سەرجەم قوتابخانە بنەرەتیەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەسەر ڕێنماییەکانی ئەو بەرێوە دەچن. لەکتێبخانەی کوردیشدا تا ئەو رادەیە من چاوم پێیکەوتووە، بەدەر لەدەروازەی یەکەمی کتێبەکەی خۆم ((تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار)) کەلەسەر پیاژێ بوو، ئێمە تەنانەت یەک وتاری ڕێک و پێکیشمان لەسەر بەرهەمەمانی ئەم پیاوە نیە. لەسەرەتادا داوای ئەوەم لێکرا یەکێک لەکتێبەکانی پیاژێ بکەمە کوردی.

بەلام لەبەر چەند هۆکارێک من وام بەباش زانی لەبری ئەوە خۆم کتێبێک لەسەر تیۆرییەکانی پیاژێ بنووسم چونکە بەم شێوەیە پیاژێ باشتر بەمامۆستاو پەروەردەکارانی کورد دەناسێنم.

سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێم هەر لەیەکەم کابینەوە 1992 وە تا دوا کابینە 2009 جیهانبینیەکی روونیان بۆ پەروەردە نەبووە. بۆیە پەروەردە نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنێت. لێرەدا مرۆڤ دەبێت دادپەروەرانە قسە بکات و کەمێک باس لەهەولەکانی دلشاد عبدالرحمان بکات کەلەکابینەی پێنجەمدا وەزیری پەروەردە بوو. کاک دلشاد بۆ یەکەمین جار توانی ئەو بەستەلەکە بشکێنێت و قۆناغی یەکەمی گۆرانکارییەکان دەست پێبکات کەبەرای من هەنگاوێکی زۆر باش و گرینگ بوو. ئەم گۆرانکارییانە راستە تەنها بەشێکی کەم بوو لەکۆی سیستمی فێرکاری ئێمە، بەلام پێش ئەو هیچ کەسێک نەبوو بزانێت ئەم کارە بکات. من پێم وایە ئەگەر کاک دلشاد لەبواری خوێندندا پسپۆری لەبواری پەروەردە و زانستی پەروەردە هەبوایە ئەوە دەیتوانی گۆرانکاری زۆر گەورەتر بکات. ئەم کارەی کاک دلشاد تەنها بریتی بوو لەویست و ئارەزووی خۆی نەک بەرنامەیەکی گشتی حکومەت کەلەسەر بنەمایەکی تیۆری یا لێکۆلینەوە ئەنجام درابێت. سەرئەنجام کۆنگرە پەروەردەیی لەئایاری 2007 دا لەهەولێر بەسترا و منیش یەکێک لەو کەسانەی لێکۆلینەوەیەکم تێدا خستە روو. ئەو کۆنفرانسە لەگەل هەموو ئەو کۆنفرانسانەی پێشوتردا جیاواز بوو، چ لەشێوەی کارکردن و چ لەدەرئەنجامەکانیشدا.

## کۆنگرەی پەروەردەیی

لەناو کۆنگرەدا لەنێوان کۆنخوازەکان و نوێخوازەکاندا زیاتر لەجیاوازییەک هەبوو. مرۆڤ دەیتوانی بەئاسانی سنوورێک لەنێوان ئەو بەرەیەدا دابنێت کەچەندین سال بوو دەستیان بەدواکەوتوویی پەروەردەوە گرتبوو نەیاندەویست هیچ گۆرانکارییەکی جیدی بکرێت، هەروەها ئەو بەرەیەش کەدەیویست گۆرانکاری بکاتە ئەمرێکی واقیع

دوای نیوەرۆی رۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکە بۆ ئێمە تەرخانکرابوو کەلەدەرەوە هاتبووین. لەنێو گروپەکەی خۆماندا تەنها من لێکۆلینەوەم بۆ کۆنگرە نووسیبوو

کەتایبەت بوو بەدیاردەی توندوتیژی لەقوتابخانەکانی کوردستاندا. بەدەر لەبەشە تیۆرییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە من سالێک پێشتر قوتابخانەکانی کوردستان و زۆر شوێنی دیکەش گەرابووم و لەگەل مندالاندا قسەم کردبوو ئامارم کۆکردبۆوە، ئەمەش جێگای ستایشی زۆر کەس بوو. لەبنەرەتیشدا وام نووسیبوو ببێتە بەشێک لەو کتێبانەی خوێندکارانی کۆلیژی پەروەردە دەیخوێنن یا ئەو خوێندکارانەی دوای زانکۆ دەبوونە مامۆستا.

ناکۆکی و جیاوازییەکان لەنێوان گروپی یەکەم و دووەمدا زۆر دیاربوون. ئەوان تەنها ئەو گۆرانکارییە سنوردارانەیان پێخۆش بوو کەخۆیان شارەزای بوون. بۆ نموونە سعودیەو ئوردون و کوێتیان بەنموونەی بالا وەسف دەکرد لەکاتێکدا سیستمی ولاتە ئیسکەندەنافیەکانیان بەدوور لەرەوشت و کولتوری کوردی وەسف دەکرد. باسی ئاین، دایداکتیک، پەروەردە یا هەر شتێکت بکردایە ئەوان لەگەل کولتورو داب و نەریتدا بەراوردیان دەکرد. ئەو گروپانە کەلەکۆمەلگادا زۆرن، هەمیشە لەهەموو گۆرانکارییەکدا کولتورو داب و نەریت وەکو قەلغانێک دژ بەریفۆرم و گۆرانکاری باش بەکار دەهێنن. ئەوان کاتێک تازەترین مۆبایل و ئۆتۆمبیل بەکار دێنن و لەگەل جوانترین کچی بێگانەدا دەخەون باسی ئەوە ناکەن کەئەمانە لەگەل داب و نەریتی ئێمەدا ناگونجێن، بەلام کەباسی ریفۆرمی باش دەکەیت دەلێن ئەمانە لەگەل نەریتی کوردەواریدا کۆک نین.من هەمیشە دژی ئەم بۆچوونەم و وەکو بیدعەی کۆنخوازەکان وەسفی دەکەم. زۆرجار حیزبە دەسەلاتدارەکانیش مل بۆ ئەو بیدعەیە کەچ دەکەن و تاوەکو ئێستا هەندێ کاریشیان بەداخەوە بەو هۆیەوە راگرتووە.

لەهیچ کۆنگرەیەکدا من بەئەندازەی ئەم کۆنگرەیە ماندوو نەبووم. هەفتەیەک بەر لەکۆنگرە لەوە ئاگادار کرامەوە کەدەبێ لە **5/27** لەهەولێر ئامادە ببم. من بۆ کارێکی دیکە بلیتی **5/24** - م بۆ هۆلەندا بریبوو، دەشبوایە **5/29** بۆ کارێکی دیکە لەگەل گروپێکدا لەستۆکهۆلمەوە بۆ پاریس بچین. من کارەکەی پاریسم زۆر بەلاوە گرینگ بوو چونکە بۆ خۆم سودێکی زیاتری هەبوو، بەڵام پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر پێم باش بوو لەهەولێر بم نەک لەپاریس چونکە لەلایەکەوە کۆنگرەکەی هەولێر سودێکی زیاتری بۆ مندالان و خوێندکارانی کورد هەبوو، ئەمەش بۆ من مەسەلەیەکی حەیاتی و گرینگ بوو. لەلایەکی دیکەشەوە بەلێنم بەوەزیری پەروەردە دابوو کەئامادەبم و کار بۆ گەشەسەندنی پەروەردە بکەم و

ئەویش بەبەردەوامی دەیووت ((راستە ئێمە سیاسین و من وەزیرم بەڵام گۆرانکارییەکان بەنێوەو کەسانی شارەزا دەکرێت))،

هەموو ئەم پەلە پەلەش زۆر شپرزەی کردم چونکە هێشتا هیچیشم بۆ کۆنگرە ئامادە نەکردبوو، هەرگیز پێشم خۆش نەبوو وەکو هەموو میوانەکانی دیکە تەنها قسەی ئاسایی بکەم بەڵکو پێم خۆش بوو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێشکەش بکەم. بەهەر حاڵ بریارمدا نەگەرێمەوە بۆ ستۆکهۆلم بەڵکو لەئەمستەردامەوە یەکسەر لەسەر خاکی هەولێر بنیشمەوە. ئەوەی کارەکەی لەلا ئاسان کردم لێکۆڵینەوەکە لەناو لاپتۆپەکەمدا هەبوو. کەمێک لەهۆڵەنداو بەدرێژایی 6 سەعات لەناو فرۆکەی هێلی ئاسمانی نەمساویدا من خەریکی ئەوەبووم بەبەرنامەی پاوەر پۆینت ئەو کارانە ئامادە بکەم کەلەسەر شاشە پێشکەشی کۆنگرەی بکەم.

رۆژی 5/26 گەشتمە هەولێرو پێشوازییەکی زۆر باشم لێکراو لەئوتێلی هەولێر پلازا لەگەڵ کۆمەڵێک خەلکی دیکەدا کەلەئەوروپاوە هاتبوونەوە یەکمان گرتەوە. فەرهاد شاکەلی لەزانکۆی ئۆپسالای سوید مامۆستا بوو، هۆمەر قەرەداغی لەستۆکهۆلم بەرێوبەری پەروەردە بوو ، کەریم مستەفا کەپەروەردەکار نەبوو بەڵام ماوەیەکی زۆر لەچوارچێوەی کارەکانی کۆمەکدا هاوکاری قوتابخانەکانی کوردستانی دەکرد، ژن و پیاوێکی دیکە لەهۆلەنداوە، کورێکی دیکە بەناوی یوسف لەدانمارکەوە کەنەمزانی لەچ بوارێکدا کاری دەکرد هەروەها موحسین جوامێر کەمن تاوەکو ئێستاش نەمزانی بۆ لەکۆنگرە بوو.

هەموو رۆژێک لەکاتژمێر 9 بەیانی تا 5 ی ئێوارە لەکۆنگرە کارمان دەکرد. دواتر دەگەرامەوە ئوتێل و بەدیداری رەسمی و نارەسمیەوە تا کاتژمێر یەکی شەو سەرقال دەبووین. من هەموو رۆژێک کاتژمێر 6 ی بەیانی هەلدەستام و لەمەلەوانگەکەی ئوتێل مەلەم دەکرد و بەرەو کۆنگرە بەرێ دەکەوتین. لەماندوویەتیدا ژێر پێکانم قرژەیان دەهات. لەکۆنگرەدا زۆرێک پێیان خۆش بوو لەگەڵ ئەواندا کار بکەم و زۆر جار نەمدەزانی لەگەڵ کێیدا کار بکەم. بۆ من کارێکی خۆش بوو ئەو هەموو خەلکەم ناسی و کارم لەگەڵیاندا کرد. بەڵام لەهەمووشی ناخۆشتر ئەوەبوو مرۆڤ ماندوو دەبوو تا قەناعەت بەپەروەردەکارانی دیکە بکات کەئەمانەی خوارەوە هاوچەرخن و ئێمە دەبێ کاری هاوچەرخانە پەسەند بکەبن. لەنێو کۆنگرەدا هەندێ خەلکی زۆر باشم بینی کەتامەزرۆی گۆران بوون و هەندێکیان ئێستا کاری باش دەکەن.

لەماوەی کارکردنم لەگەل منداڵاندا زیاتر بایەخم بەگەشەسەندنی مەعریفی و چۆنێتی زانست وەرگرتنی ئەوان دەدا، بەلام لەپال ئەوەشەوە حەزم دەکرد لەرۆژنامەکاندا لەسەر دوو ئاست کار بکەم: یەکەمیان بایەخدان بەگرفتە هەنوکەییەکان و ریگاچارەی ئەو گرفتانەو دووەمیشیان بایەخدان بەو دەروناس و پەروەردەناسانەی لەسەر ئاستی فیکر کاریان دەکرد. بۆیە هەولی ئەوەشم دەدا لەسیمینارو کۆرەکانمدا تیشک بخەمە سەر ئەو دوو مەسەلەیە. بەلام من پێم وایە هەندێک لەو مەسەلانە بەتایبەت بایەخدان بەچۆنێتی وەرگرتنی زانست بۆ پەروەردەکارانی کورد تازەیەو رادەی سود وەرگرتن لەو زانستە تەنها سود بەنوخبەیەکی کەم دەبەخشی. لەماوەی تێکەلاوبوونم لەگەل پەروەردەکاراندا ئەوەم بۆ روون بووەوە کەگەنجەکان زۆر زیاتر ئەو باسانەیان پێخۆشە تا بەتەمەنەکان.

من چەندین جار گەراومەتەوەوە سیمینارو وۆرکشۆپم سازکردووە. نووسینی وتارەکان و کتێبەکان هۆکارێک بووە بۆ نزیکبوونەوەی من لەگەل پەروەردەکاران و رۆژنامەنووسەکانیش کەهەندێکیان هاوکاری زۆریان کردووم. بەلام مرۆڤ لەگەرانەوەیدا بۆ کوردستان زۆریش خەمبار دەبێت. من لەهیچ شوێن و ولاتێکدا بەئەندازەی کوردستان ئەوەندە وریای قسەکانی خۆم نەبووم و حەساس نەبووم. مرۆڤ هەمیشە دەبێ بەوە دەست پێبکات کەئێوە زۆر زیرەکن و شارەزان بەلام...هتد. چونکە زۆرینەی ئەوانە لەسیمینارەکانمدا بینیومن زۆر حەساسن بەرامبەر بەو زانیارییانەی لەدەرەوە دێن. هەستێکی وایان لەلا دروست دەبێت وەکو ئەوەی ئەوانەی لەدەرەوە دێنەوە پێیان دەلێن ئێوە کەم زانستن. ئەگەر هۆکارێکی ئەم حەساسیەتە ئەوە بێت کەکۆمەلێک خەلک لەدەرەوە دەچنەوەو فشە بەسەر خەلکەوە دەکەن ئەوە هۆکارێکی دیکە نەبوونی زانستی هاوچەرخ و دژایەتی کردنی هەموو شتێکی هاوچەرخە.

من لەوە دلنیام کەزانستی هاوچەرخ لەولاتی ئێمەدا دەگمەنە. بەلایەنی کەمەوە لەبواری پەروەردەدا هەر نیەو ئەو زانستەی هەمانە بۆ حەفتاکان دەگەرێتەوە. من لەم حەساسیەتەی ئەوان تێدەگەم بۆیە زۆر بەنەرمی شتەکانم خستۆتەروو چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوان ئامادە نین شتت لێوەربگرن. ئەمەش هەندێک جار بۆ من سەختە. بۆ نموونە سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی زۆر بەقەناعەتەوە پێی وایە

ئەوان کارێکی زۆر باش دەکەن، بەڵام من پێم وایە پەپێچەوانەوەیە. بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە زانستەکانی خۆتیان پێشکەش بکەیت. من لەشوێنی دیکەدا ئاوا کار ناکەم، بەلکو راست و رەوان دەڵێم ئەمە زانستی تازەیەو ئەمەش کۆنە. لەراستیشدا ئەمە سیمای هەموو ولاتە دواکەوتووەکانە کەزۆر حەساسن و زانستە کۆنەکانی خۆیان بەزۆر باش دەزانن بەڵام ولاتە پێشکەوتووەکان بەخۆشحالییەوە دەیانەوێت تۆ خالە لاوەزکانیان بۆ دەست نیشان بکەیت

لەگەلمامۆستاکانی سلیمانی وهەولێردا لەسەر زۆر مەسەلە کارم کردووە. بەلام ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کەزوربەی هەرە زۆریان چاوەروانی ئەوەبوون کەدارەکەی ((موسا)) یان بدرێتە دەست یا لەۆرکشۆپەکە چوونە دەرەوە ئیدی بتوانن هەموو کێشەکانی هەراسانکردن چارەسەر بکەن. ئەمەم لەهەموو سیمینارو ۆرکشۆپەکاندا بەدی کرد. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئەوان بەدیدو چاوەروانیەکەوە دەچن یا دەنێردرێنە ئەو سیمینارو ۆرکشۆپانە کەهەموو گرفتەکانیان چارەسەر بکات نەک وەک ئەوەی دەشێ ئەم دیدارانە جۆرە یارمەتیدەرێکبن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان. ئەمەش جیاوازی نێوان جیهانبینی مامۆستای ولاتە دواکەوتووەکان و پێشکەوتووەکان دەخاتەروو

من لەتەواوی کارەکانمدا بەو شێوە کلاسیکیە کار ناکەم کەهەموو چارەسەرەکان بخەمە بەردەستی مامۆستاکان، بەلکو من یارمەتیان دەدەم و نامرازەکانیان دەخەمە بەردەست بۆ ئەوەی خۆیان کارەکان بکەن. من کاتێک لەگەل خوێندکارەکانیشدا کار دەکەم هەر بەو شێوەیە کار دەکەم. کۆی ئەم گرفتەش بۆ شێوازی کۆن و نوێ دەگەرێتەوەو من ناتوانم هەنگاو بەرو دواوە بنێم و شێوازێکی کۆن پەیرەو بکەم لەکاتێکدا لەشێوازی نوێی کارکردن شارەزاییم هەیە. بەلام دوای ئەو کارانەبەتاییەت دوای کارکردن لەسەر هەراسانکردنی منداڵان لەهەولێر، لەگەل خۆشمدا بیرم لەوە کردەوە لەوانەیە وا باشتر بوایە خۆم بۆ قوتابخانەکان بچومایە و لەکاتی روودانی هەر دیاردەیەکی هەراسانکردن یا توندوتیژی بەیەکەوە چارەسەرمان بکردایە بۆ ئەوەی فێری شێوازی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەبن. ئەوان دەقاودەق پێویستیان بەو شێوە کارکردنە هەبوو.

هەمان گرفت بۆ من لەکاتی کارەکانی دیکەشمدا دووبارە بوونەوە. بۆ نموونە ماوەی دوو هەفتە لەقوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێردا لەسەر چوار بابەتی جیاواز

لەگەل هەموو توێژەکاندا کارم کرد. لەسەر بواری فیکری و لەوانەش کارەکانی ژان پیاژێ، بواری سیستمی نوێی قوتابخانەکان، هەراسانکردن، باخچەی ساوایان ...هتد. هەموو ئەو گروپانەی من بینیم دەبوون بەدوو بەشەوە: بەشێکیان بەدوای گۆرانکاریدا دەگەران و پالپشتی سیستمی نوێ بوون و بەدوای زانیاری تازەدا دەگەران بۆ ئەوەی عەیبەکانی سیستمەکە چارەسەر بکەن یا بۆ ئەوەی بتوانن ئەم سیستمە بەسەرکەوتوویی بەرێوە ببەن. بەشێکیشیان بەتەمای دارەکەی موسا بوون و هەموو ئەو کارو چالاکی و زانستەی خۆیان دەیانزانی بەزۆر باش وەسفیان دەکرد، بۆیە شتێکی ئاساییش بوو کەداکۆکی لێبکەن. هەندێجار ئەو زانستەی پێیان بوو بەزۆر پێشکەوتوو لەقەلەمیان دەدا کەلەبنەرەتدا وانەبوو. مرۆڤ دەبوایە زۆر بەنەرمی ئەوەیان بۆ بسەلمێنێت ئەگەر نا زۆر دلناسک بوون و زویر دەبوون. بەلام خالی هاوبەشی هەموو گروپەکان لەبواری پەروەدەدا ئەوە بوو کەزانستی تازەیان لەبەردەستدا نەبوو لەمەشدا خەتای ئەوان نەبوو، بەلکو سیاسەتی حکومەت بەرپرسە لەو کارە.

لێرەشدا من هەرگیز گلەییم لەتاک تاکی ئەو مامۆستاو بەرێوبەرو توێژەرانە نەکردووەو ئەوەش گرفتەکە نیە، بەلکو تەواوی گرفتەکە لەئەستۆی حکومەت دایە کەلەسیاسەتی خوێندنی بالاو پەروەردەدا بەرجەستە دەبێت. لەدوای راپەرینەوە تا وەزارەتەکەی دلشاد عبدالرحمان و وەزراەتەکەی دلاوەر عەلائەدین بەهیچ شێوەیەک وەزیرەکان نەیانتوانیوە هیچ گۆرانکارییەکی جیدی بکەن.کادیرە پەروەردەییەکانی ئێمە لەزانکۆکان زانستێکی کۆن فێرکراون و بەسیستمێکی کۆن راهێنراون. ئەوان لەو بەشەدا زیرەکن، بەلام گرفتەکە لەوێوە دروست بووە کەپێشکەوتنی ئێستا پێویستی بەزانستی تازە هەیەو ئەو زانستەش لەکوردستاندا دەگمەنەو ئەمەش گەورەترین گرفتە . گرفتی دووەم بریتیە لەوەی کادیری خاوەن زانستی نوێ لەم بوارەدا بەدەگمەن دەست دەکەون. ئەگەرنا من چاوم بەهەندێک بەرێوبەری گشتیش کەوتووە کەهەول دەدەن و پێشیان خۆشە ببن خاوەنی ئەو زانستە بەلام چۆن؟ گرفتێکی دیکە ئەوەبوو کادیرەکانی پەروەردە وەکو کادیری هەموو بوارەکانی دیکە خۆیان لەزانکۆکاندا بەروحی خوێندنەوەو توێژینەوەو فێربوون گۆش نەکراون، بۆیە بۆ فێربوونی زانستی نوێ یێت دەبێ بەزۆر پالیان پێوە بنێیت.

بەهەر حال مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لەولاتی ئێمەدا پەی بەداهاتووی پەروەردە ببات. هۆکارێک کەلێرەدا حوکم دەکات نەبوونی سیاسەتێکی پەروەردەییە لەلایەن

حکومەتەوە کەوا دەکات هەر کەسەو بەمیزاجی شەخسی خۆی هەندیک کار بکات بەبێ ئەوەی لەرووی زانستی پەروەردەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبێت. بۆیە دەبینین هەر وەزیرێک هەندێگ گۆرانکاری دەکات و ئەوەی دوای ئەو بەئارەزوی خۆی رایدەگرێ و دەیگۆرێ بەبێ ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو بوارانە بکرێت.

لەکۆتایی سالی **2010** دا پلانێکی فێرکاری نوێ و یاسایەکی نوێ بۆ قوتابخانەکانی سوید هاتە ئاراوە. لەماوەی کارکردن بۆ بلاوکردنەوەی زانیاری و چەسپاندنی لەلای هەمو مامۆستاکان مرۆڤ هەست بەسیستمێکی پتەو دەکات و لەوێشەوە زۆر بەوردی هەست بەوە دەکات چۆن سیستمێکی نوێ دەبێ لەقوتابخانەکاندا پیادە بکرێت. ئێمە لەسوید دەبێ زیاتر لەسالیک کار لەم مەسەلەیەدا بکەین بۆ ئەوەی ئەم پلان و یاسا تازەیە لەلای هەموو کادیرو مامۆستاکانی روون بێت. لەبەر رۆشنایی ئەم کارە کەتا سالی داهاتووش درێژەی دەبێ، ئەوەم لەلا روون بوو چۆن دەبوایە لەکوردستان ئیشمان بۆ چەسپاندنی ئەو گۆرانکارییادەبکردایە کەکۆنگرەی **2007** بریاری لەسەردا.

ئەلبەتە پێشتریش من و کاک هۆمەر قەرەداخی لەگۆشەنیگای خۆمانەوە دیدو بۆچونی خۆمان بۆ ئەو کارە هەبووە. بۆیە یەکێک لەرەخنە بەردەوامەکانی من لەپرۆسەی پەروەردە لەدوای کۆنگرەکەی **2007** ئەوە بوو کەوەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە سیستمەکە لەلای کادیرە پەروەردەییەکان و قوتابخانەکان جێگیر بکات. من کاتێک لەگەل مامۆستاو بەرێوبەرو بەرێوبەرە گشتیەکانیش کۆدەبوومەوە هەمان خالیان دەخستەروو. من لەلای خۆمەوە لەبەر ئەوەی کارم لەم بوارەدا کردووە ئەوەم لەلا روون بوو کەچۆن دەتوانین سیستمە تازەکەمان پیادە بکەین، بەلام دیسانەوە لەبەر هەمان هۆ نەمانتوانین ئەو کارە لەکوردستان بکەین. لە وەزارەتی پەروەردە پێویستمان بەدەزگایەک هەیە بۆ ئەوەی ئەم کارەمان بۆ بکات. من و هۆمەر قەرەداخی چەند جارێک سیمینارمان سازکردووە بەلام ئێمە پێویستمان بەوە هەبووە کەسیمینارەکانمان تەواوکەری یەکتری بن و لەسەر داخوازی مامۆستاکان بن نەک خۆمان بابەتەکان هەلبژێرین چونکە ئەوانن کەلەبواری پیادەکردنی ئەم سیستمە تازەیەدا هەست بەسەختی دەکەن نەک ئێمە.

بەدرێژایی کات هەولی ئەوەم دەدا قەناعەت بەکاربەدەستانی بواری پەروەردە بکەم کەکار بۆ دانانی پلانێکی فێرکاری و یاسایەک بۆ قوتابخانەکان بکەن بەڵام بێهودە

بوو. تەنها من و هۆمەر قەرەداخی لەسەر ئەم گرفتەمان نووسیوە چونکە درکمان بەو بۆشاییە گەورەیە کردبوو کەلەم بوارەدا هەبوو. ئەلبەتە مەبەست لەپلانی فێرکاری پلانی ئاسایی نیە، بەلکو پلانی فێرکاری ئەو پلانەیە کەرۆلی دەستوور لەسیستمی پەروەردەییدا دەبینێت.بەهەمان شێوەش مەبەست لەیاسای قوتابخانەکان یەک یاسای تایبەت نیە بەئەندازەی ئەوەی کۆمەلە یاسایەکی بنەرەتی قوتابخانەکانە کەکاروباری قوتابخانەو سیستمی پەروەردەیی ڕێک دەخات.

لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردە دەستم بەنووسینی ((سیستمی قوتابخانە بنەرەتی و ئامادەییەکان)) کرد. ئەمەش کارێکی زۆر گرینگ بوونەک بۆ من بەلکو بۆ هەموو کوردستان، چونکە تا دەرچوونی ئەم سیستمە ئێمە لەکوردستان کارمان بەو سیستمە دەکرد کەعێراق لەسالی **1987** دا نووسیبووی. ئەلبەتە ئێمە دەمانتوانی ئەو کتێبە زۆر باشترو تۆکمەتر بکەین، بۆیە من داوای ئەوەم لەوەزارەتی پەروەردە کرد دوای پێداچوونەوە لەلایەن لیژنەکانی خۆیانەوە دووبارە بۆم رەوانە بکەنەوە بۆ پێداچوونەوە. بەلام بەداخەوە دوای پێداچوونەوەی لیژنەی تایبەت یەکسەر کتێبەکە چاپکرا.بەلام لەگەل هەموو کەم وکورتیەکیشدا ئەو کتێبە بەیەکێک لەبەرهەمە پێویستەکان و باشەکانی وەزارەتی پەروەردە دەژمێردرێت. بەلام مرۆڤ دەبێ هەمیشە گەشبین بێت و منیش واهەست دەکەم کارێکی باشمان کردووەو هیوام بەدوارۆژێکی زۆر باشتریش هەیە.

ئێستا کەمن لەنووسینی ئەم یادەوەرییانە دەبمەوە کۆتایی مانگی دیسامبەرەو پلەی سەرما بەرادەیەکی شێتانە کەمی کردووە. هەموو روح و گیانی ستۆکهۆلم بەستوویەتی و مرۆڤ لە **17** پلە لەژێر سفرەوە هیچ هەستێکی لەلا نامێنێت.دوێنێ کەچوومە دەرەوە بۆ ئەوەی شووشەی ئۆتۆمبیلەکەم لەبەفر پاک بکەمەوە، ژنە بالابەرزەکەی دراوسێمانم بینی کەماوەیەکی زۆر بوو دیار نەبوو. لەراستیدا بیرم دەکرد، بەلام مرۆڤ لەو بەستەلەکەی ستۆکهۆلمدا دلیشی بەئاستەم کار دەکات.

لەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە تەماشای ئاوەکەی دەرەوە دەکەم و هەموو شتێک بەستوویەتی. بەفر بەشێوەیەکی بەردەوام دەبارێت و واهەست دەکەم خودا هیچ شوێنێکی دیکەی نەبینیوەتەوە بەفری تێبکات جگە لەستۆکهۆلم نەبێت.

ستۆکهۆڵم، شوباتی**2011**



# چەتری وشە

# لە ڕۆژانی بێنەواییدا

کەریم پەڕەنگ

ڕەنگ بێ لە دونیادا هیچ شتێک بە قەد ئەوە سەخت نەبێ مرۆڤ لەبارەی خۆیەوە بنووسێ، چونکە ئێمە هەرچی چەندە پانگەشەی ئەوە بکەین کە خۆمان باش دەناسین، من وای دەزانم ئەمە لە وەهم زیاتر نییە. وەکو کوندێرا لە شوێنێکدا دەڵێ: «ناتوانم دەربارەی خودی خۆم یان ژیانی خۆم یان حاڵەتە ڕۆحییەکانم بدوێم»، منیش بە هەمان شێوە زۆر بە سەختی دەتوانم گوزارە لە ژیانی ڕابردووی خۆم بکەم. ڕەنگ بێ گەورەترین وەهم مرۆڤ تێی بکەوێ ئەوە بێ کە لەو بڕوایەدا بێت خۆی بە ناخی خۆیدا ڕۆ دەچێ و لە ڕۆحی خۆی ورد دەبێتەوە، لێ من لەو بڕوایەدام هیچ مرۆڤێک لە خۆیداڕۆ ناچێ، ئەو وێنا و جیهانەیشی بۆ خۆی چێی کردووە جگە لە گومڕایی هیچی دیکە نییە. ڕەنگ بێ ئەم وێنا و جیهانە زۆر جار دڵنەواییکەر بن و هێوریمان پێ ببەخشن، بەڵام کاتێ لە گەڵ ئەوانی دیکەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەم وێنا و جیهانە جگە لە بڵقی سەر ئاو هیچی دیکە نین، چونکە لە لایەکەوە کارێکی سەختە مرۆڤ لە خۆیدا ڕۆچێ، بۆ خۆدزینەوە لەم کارە هەوڵدەدا بچێتە ناخی ئەوانی دیکەوە، ئاوێنەیەکیش لە ئارادا نییە بۆ تاودانەوەی قووڵیی چێپێی ئەو هەنگاوانەی کە بەرەو ناخی خۆمان هاویشتوومانن و ئەگەر ئاوێنەیەکی لەو جۆرەش لە ئارادا بووایە زۆر جیاواز دەبوو لەو ئاوێنانەی ئەوانی دی بەرامبەرمان ڕایان گرتوون و هەمیشە بیرمان دەخەنەوە ئەو ئاوێنەیەی ناخمان چەندە نازفرۆش و عەیار و دووڕووە و چەند لە ئاوێنەکانی دەوروبەرمان جیاوازە. سەلماندنی ئەوەی ئایا ئاوێنەکانی ناخ سەرڕاست و ڕاستگۆن یان ئاوێنەکانی ئەوانی تر، دەبووە شەڕێکی بێکۆتایی بەشێکی گەورەی ژیانی داگیر دەکردین. هەر لە بەر ئەوەشە من زیاتر حەز دەکەم لەو ئاوێنانەدا سەیری خۆم بکەم کە بە دەستی ئەوانی دیکەوەیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە من هەمیشە ئەو ئاوێنانە بە ڕاست دەزانم و کتومت تاودانەوەی وێنەی خۆمیان تێدا بەدی دەکەم، لێ هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی ئەوانی تر بە وێنەیەکی جیاواز کارێکی تاقەتپڕووکێن وماندووکەرە، ئەگەر نەڵێم مەحاڵە و زۆر جار لە توانای مرۆڤدا نییە ئەو هەموو خۆڕاگری و پشوودرێژییەی هەبێ بۆ بەرهەڵستی ئەو وێنە و وێنا هەڵانە. واتە مرۆڤ لەم حاڵەتەدا لە جووتەوەرییەکی دۆزەخیدایە. تەنیا ئەوانی دیکە دەزانن من بە ڕاستی کێم.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم، دەبێ ئێمە لە لای ئەوانی تر بە دوای خۆماندا بگەڕێین، نەک لە ناخی خۆماندا، یان باشتر بڵێین هەمیشە ئەوانی تر باشتر ئێمە دەناسن، وەکو ئێمە خودی خۆمان بناسین.

ئەگەرچی خەیام لە شیعرێکیدا کە شێخ سەلام هەر بە شیعر وەریگێڕاوە دەڵێ:

ئەگەر نەفامم، ئەگەر نەزانم

ئەگەر سەرخۆشی مەیخانەکانم

هەرکەس بە جۆرێک لە من تێ ئەگا

منیش ئەر کەسەم کە خۆم ئەیزانم

هیوادارم شیعرەکەم بە ڕاستی نووسیبێتەوە چونکە چونکە بە نووسین لە بەردەستمدا نییە، ئەگەر زەینم فریوم نەدا بە تەواوی نووسیومەتەوە. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمە بە ڕاستی ئەو کەسەین کە خۆمان دەیزانین، یان ئەو کەسەی ناو ئاوێنەکانی ئەوانی دیکەین؟

مرۆڤ ئەگەر زۆر جار لە پێشهات و بەسەرهاتەکانی ڕابردووشدا بژی هێشتا هەر خستنە سەر کاغەزیان کارێکی سەختە، چونکە یادەوەرییەکان زۆربەی کات تێژپەڕن و پێڕۆی پرۆگرامێکی پێش وەخت ناکەن، یادەوەری و خەون وەکو یەک وان، هەروەکو چۆن ناتوانێ بڵێی ئەمشەو دەخەوم و خەونێکی بەو جۆرە دەبینم. یادەوەریش بە هەمان شێوە هەر کاتێک ویستی دێت و ناشزانین کەی، چی یادەوەرییەک دێت.

## خوێندنەوە وەکو بەشێک لە ژیان

کارلۆس ڕویس زافۆن لە ڕۆمانی "سێبەری با"دا دەڵێ: "... زۆر کەم شت خوێنەر ئەوەندە زۆر دەخەمڵێنن وەکو یەکەم کتێب، کە بە ڕاستی ڕێگا بەرەو دڵی خۆشدەکا. ئەو یەکەم لاپەڕانە، زایەڵەی ئەو وشانە، کە ئێمە لەو بڕوایەدان بە جێمان هێشتوون، بە درێژایی ژیانمان یاوەریمان دەکەن و لە یادەوەریماندا کۆشکێک ساز دەکەن، گرنگ نییە، چەند کتێب دەخوێنینەوە، چەند جیهانی تر

دەدۆزینەوە، چەند شت فێر دەبین و چەند شت لە بیر دەکەین کە ئێمە زوو بێت یان درەنگ هەر بۆ دەگەڕێینەوە."

زۆر شت لە ناوەوەی مرۆڤدا هەن یان باشتر بڵێین زۆر شت لە ناوەوەی مرۆڤدا ڕوو دەدەن، کە ئێمە هەرگیز ناتوانین خوێندنەوەیەکی عەقڵانییان بۆ بکەین و سەرەتا یان هۆیەکانی دەرکەوتنیان ڕوون بکەینەوە، ڕەنگ بێ هەستی خوێندنەوە و نووسین دیاردەیەک بێ لەو دیاردە پەی پێ نەبراوانەی مرۆڤ، لە بەر ئەوە من ناتوانم بڵێم هەستی خوێندنەوەم چۆن لە لا دروست بووە، بەڵام ئەوەندە دەزانم هەر لە منداڵییەکی زۆر زووەوە حەزم لە خوێندنەوە دەکرد.

بە پێچەوانەی زۆر لەوانەوە کە باسی خۆیان دەکەن و هەموو وردەکارییەکی منداڵیی و هەرزەکاریی خۆیان لە بیرە و وەکو دوێنێ بووبێ، ژیانی پەنجا شەست ساڵی پێش ئێستایان لە بیرە، من زۆر شتی ژیانی منداڵی و لاوی خۆم بیر ناکەوێتەوە. لە بەر ئەوە نازانم یەکەم کتێب لە ژیانمدا خوێندبێتمەوە چییە، لە بیریشم نییە کەی هەستی خوێندنەوەم لە لا دروست بوو. بێگومان ئەگەر ئەو کاتە بمزانیبا ڕۆژێک لە ڕۆژان یادەوەری دەنووسمەوە یان پرسیارێکی لەو بابەتەم لێدەکرێ، ڕەنگ بوو هەر ئەو کاتە یاداشتم بکردایە و ئێستا نووسین دەربارەی ئەو بابەتە بۆ من ئاسانتر دەبوو. بەڵام من لە تەمەنێکی زۆر هەرزەکارییەوە دەستم بە خوێندنەوە کرد، ئەو کاتەی من دەستم بە خوێندنەوە کرد کتێبی کوردی زۆر کەم بوو، هەموو ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەکاندا هەبوون بەشی مانگێک خوێندنەوەیان نەدەکرد، بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەبوو پەنا بۆ کتێبی عەرەبی ببەین و ئەو ساڵانە ئەوانەی زۆر دەخوێنرانەوە سەلامە موسا، نەجیب مەحفوز، موستەفا لوتفی مەنفەلوتی و بە کوردیش جگە لە دیوانەکانی گۆران و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و دیوانی چەند شاعیرێکی کلاسیکی کورد، ئەو کتێبانەش هەبوون کە محەمەد ئەمین عەسری لە کەرکوک بە شیعر داڕشتبوونەوە و هەر خۆیشی چاپی دەکردن، ئەو کتێبانە زۆربەیان مەتەڵی کوردی بوون و عەسری بە شیعر نووسیبوونی.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ کتێبێک نییە جێپەنجەی لە ئەستمدا بەجێهێشتبێ، بەڵام نهێنیی هیچ کتێبێکم لە بیرم نییە لە ئەستمدا هێلانەی کردبێ و لێرەدا ناوی بهێنم، بەڵکو چەندان کتێبن کە بە درێژایی ژیانم منیان خەملاندووە.

لە قوتابخانەی ناوەندی مستەفا زەنگەنە مامۆستای کوردیمان بوو، مستەفا زەنگەنە خۆی شاعیر بوو و بە شیعری «بێ ئومێدی» ناوبانگی دەرکربوو، بەڵام زیاتر گۆرانییەکە شیعرەکەی بە ناوبانگ کردبوو، کە قادر مەردان گووتبوی و پێشووتر مامۆستای مۆسیقامان بوو. مامۆستا مستەفا قوتابییەکانی ناچار دەکرد بە شێوەیەکی گشتیی کتێب و بە تایبەتی شیعر بخوێننەوە، بێگومان ئەمە بۆ من نەک هەر تۆپزیی نەبوو بەڵکو خۆشییەکی گەورەی پێدەبەخشیم لێ ئەو قوتابییانەی حەزیان لە خوێندنەوە نەبوو و بە ناچاری دەیانخوێندەوە خۆشییان بە چارەی مامۆستا مستەفادا نەدەهات. جگە لە نامە دڵدارییەکانم ڕەنگ بێ ئەو مەلەفانەی دەربارەی شاعیرانمان دەنووسی، یان بڵاوکراوەکانی سەر دیوار یەکەمین نووسین بوو بێتن کە بیرم لەوە کردبێتەوە جگە لە خۆم خەڵکی تریش دەیانخوێننەوە. کە مرۆڤ شتێک بنووسێ، بۆ نموونە یادەوەری و تەنیا بۆ خۆی بنووسێ کەمتر بیر لە جوانیی و ڕێزمان و وشەئارایی و ڕستەزایی و هتد دەکاتەوە، بەڵام لەو تەمەنە بچووکەدا شت بۆ خەڵکی تریش بنووسی داواکارییەکی گەورە بوو. مامۆستا مستەفا لەوانەی سەرە و دەرەیان لە گەڵ خوێندنەوەدا هەبوو داواکاریی زۆرتر بوو وەکو لەوانەی هەستی ئەدەبییان تێدا نەبوو، جاری وا هەبوو لە بەر هەندێ هەڵەی ڕێزمان سەرجەمی مەلەفێکی پێدەنووسینەوە، یان لە کاتی ئامادەکردنی بڵاوکراوەیەکی قەد دیواردا کە جاری وا هەبوو چەندان ڕۆژ کاری دەویست دەبوو لە بەر هەڵەیەکی ڕستەسازیی سەرلە نوێ بینووسینەوە، لەو چرکەساتانەدا خۆزگەم بە قوتابییە تەمەڵەکان دەخواست. ڕەنگبێ ئەمە لە پاڵ حەزی زگماکی خۆمەوە بۆ خوێندنەوە دنەدەری یەکەمم بووبێ. بەڵام من هەتا هەتایە قەرزباری مامۆستا شێرزدا فاتیحی ئینگلیزیم. مامۆستا شێرزاد فاتیح یەکێک بوو لە مامۆستا ڕۆشنبیرە، کراوە و مۆدێرنە بە ئاوەزەکانی کەرکووک، من نەک تەنیا خوێندنەوەی کتێب، بەڵکو دنیابینیی و هەڵویستیوەرگرتن لە ئاستی ناحەقیدا لەوەوە فێر بووم. مامۆستا شیرزاد مامۆستای ئینگلیزی بوو بەڵام زمانی کوردی لە زمانزانێکی کورد لە لامان خۆشەیەویستتر دەکرد،مامۆستا شێرزاد پڕ بە مانای وشە کورد بوو، لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ئێمەی هەرزەکار ورە ڕووخاو، بێئاسۆ هیچ تروسکاییەکمان لە ژیانی خۆمان و میللەتەکەماندا بەدی نەدەکرد، ئەو کاتە هەموو ئومێدێکمان بە شۆڕشی چەکدارییەوە گرێدابوو و بە تاقە هۆکاری سەرکەوتنمان دەزانی بە سەر دوژمندا، بەڵام ئەو خەونە بە نسکۆ کۆتایی هات، مامۆستا شیرزاد ڕۆڵێکی گەرەی بینی لە هوشیارکردنەوەی ئێمە و بە هەموو جۆرێک هەوڵی دەدا لەو تەنگژەیە ڕزگارمان بکا، خەفەتی زۆریشی دەخوارد کاتێ

ئیمەی بەو جۆرە دەبینی، من ئێستا وا بیر دەکەمەوە کە مامۆستا شێرزاد تاقە تروسکاییەکی لەو سەری تونێلەکەوە بەدی دەکرد وشە بوو، وشەی ناو کتێب، وشەی ناو گۆڤار، وشەی کوردی. من ئێستاش نازانم ئەو هەموو خۆگریی و تەحەمولەی لە کوێوە دەهێنا، ئەو هەموو وزەیەی لە کوێوە دەهێنا بتوانێ لەو ڕۆژە پڕ مەترسییانەدا وزە بە ئێمەش ببەخشێ.

"شۆڕیجە" ئەو گەڕەکەی منی تێدا لە دایکبووم و گەورە بووم یەکێک بوو لە گەڕەکە کوردنشینە میللییەکانی کەرکوک، ئەو گەڕەکە هەمیشە چقڵێک بوو لە چاوی ڕژێمی عێراقدا، لەو ساڵانەدا ئەو گەڕەکە ڕەمزی بەرگریی و خۆبەدەستەوەنەدان بوو. زۆر مامۆستا حەزیان نەدەکرد لەو گەڕەکە وانە بە قوتابی بڵێنەوە، بۆیە زۆر جار قێزەون دەبوون و ئەگەر بە ئارەزووی خۆیان نەڕۆیشتنایە، ئەوا گەڕەکبەدەر دەکران و دەچوونە قوتابخانەیەکی تر. ئەو مامۆستایانەش کە هەر زوو هەستیان بە ئاڵۆزیی و قورسیی دەکرد و هەوڵیان دەدا یارمەتی قوتابیان بدەن لە لای خەڵکەکە خۆشەویست دەبوون و نەک هەر لە ناو قوتابخانە بەڵکو لە دەرەوەشی خۆشەویست دەبوون، مامۆستا شیرزاد یەکێک بوو لەو مامۆستایانە.

مرۆڤ کە بیر لەو هەموو کتێبە دەکاتەوە دڕدۆنگ دەبێ، کە هەرچی چەندە بخوێنێتەوە ناتوانێ هەموو کتێبە باشەکان بخوێنێتەوە. مرۆڤ خوێنەر کە فێری زمانێکی زیندووی دەوڵەمەند بوو ئیتر مایەی بەزەییە، چونکە بۆی دەردەکەوێ هەرچی چەندە بخوێنێتەوە هێشتا هەر کەمی خوێندووەتەوە، بە پێچەوانەی زمانێکی هەژاری وەکو زمانی کوردی کە هەموو کتێبە باشەکانی ڕەنگ بێ بەشی چەند هەفتەیەک بن.

## شیعر و ژیان

ڕەنگ بێ هیچ کەسێک لە ئێمە نەزانێ کەی یەکەمجار دەستی بە گەڕان کردووە. ئێمە هەموومان بە دوای وەڵامدا دەگەڕێین بۆ ئەو پرسیارانەی کە هەر لە منداڵیمانەوە لە ناخماندا چەکەرەیان کردووە، ڕەنگ بێ لە ئەستیشماندا بەو قەناعەتە گەیشتیبین کە بە هیچ وەڵامێک ڕازی نابین و ئەگەر وەڵامێکیشمان چنگ کەوت ئەوا یەکسەر پرسیارێکیتری لە جێگادا بڕوێنین یان ئەگەر وەڵامێکی ڕاستی

پرسیارێکیشمان چنگ کەوت هەرگیز ددان بەوەدا نەنێین کە ئەمە ئەو وەڵامەیە کە بە دوایدا دەگەڕاین، بۆیە مرۆڤ هەمیشە گەڕیدە دەمێنێتەوە، ئیتر هەر یەکێک لە ئێمە لە شوێنێکی تردا بە دوای وەڵامدا دەگەڕێ.

یەکەمجار بە شیعر دەستم بە نووسین کرد. زۆر جار هەستم دەکرد، شیعر لە توانایدا نییە گوزارشت لە ئاڵۆزیی و تێکرچڕژانی ئەو دنیا جەنجاڵە بکا کە دەورمانی داوە، ئەمە بە مانای کەمکردنەوە لە بەهای شیعر نییە، هەندێ چرکەساتی نۆستالژی و میتافیزیکی هەن کە ڕەنگ بێ تەنیا لە توانای شیعردا بێت گوزارشتیان لێبکا.

بێگومان منیش وەک زۆر نووسەری تر لە دەرگای شیعرەوە هاتمە نێو دنیای نووسینەوە، بەڵام لە ئێستادا وا هەست دەکەم کە زیاتر لە ڕێی پەخشانەوە گوزارشت لە خۆم بکەم، ئەمە مانای ئەوە نییە کە من پشتم لە شیعر کردووە، نەخێر، ئێستاش شیعر زۆر دەخوێنمەوە و هەندێ جار شیعریش دەنووسم، چرکەسات هەن لە ژیان و جیهانی نووسیندا ڕەنگ بێ تەنیا شیعر بتوانێ گوزارشتیان لێ بکا، چرکەسات هەن ڕەنگ بێ تەنیا پەخشان بتوانێ گوزارشتیان لێ بکا وشیعر بەبەریان تەنگ بێ.

باوکم حەزی بەوە نەدەکرد من ڕوو لە نووسین بکەم، ئەو ڕای وابوو نووسەران لە برساندا دەمرن و نووسین ڕێگایەک نییە بۆ نان پەیدا کردن. لە بەر ئەوەی بڕوای بە قوتابخانەش نەبوو، حەزی دەکرد هەر زوو واز لە قوتابخانە بهێنم و پیشەیەک فێر ببم، واتە چوونە قوتابخانەم و نووسینم لە چاوقایمی خۆم بووە. سەیرە زۆر لە هاوپۆلەکانم بە شەق بۆ قوتابخانە دەهێنران، بەڵام من دەبوو ڕۆژانە لە ماڵەوە شەڕی ئەوە بکەم کە من حەزم لە قوتابخانەیە و باوکم و برا گەورەکەم دژی ئەوەن من بۆ قوتابخانە بچم.

لە کەرکوک چەند شیعرێکم نووسی و جگە لە هاڕێ هاوتەمەنەکانم (ئازاد ئەحمەد، مستەفا گەرمیان ئیحسانی حاجی غەفور، ئەوزاد ئەحمەد و چەند کەسێکی ترم) دەخوێندەوە و دواییتر لە بڵاوکراوەکانی ئەو کاتە لە بەغدا دەردەچوون چەند شیعرێکم بڵاو

کردەوە و دواییتر فازیل جاف و مارف عەمەر گوڵ و لەتیف هەڵمەتم ناسی. هەر زوو شیعرەکانم پیشان فازیل جاف داو زۆر پشتگیری کردم و بە مەحمود زامداری

ناساندم.مەحمود زامدار عادەتێکی زۆر سەیری هەبوو کە بەرهەمێکی بەگەن بکردایە، دەیگەیاندە کەشکەشانی فەلەک، هەموو دنیا بیگوتبا خراپە ئەو لە سەر ڕای خۆی دەمایەوە و لە هەموو شوێنێک پەسنی دەدا، کە بەرهەمێکیشی بە دڵ نەبوایە، ئەوا ماندوو نەدەبوو لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا سەرزەنشتی نووسەرەکەی بکا و سەروپۆتەڵاکی بکوتێتەوە. من یەکێک بووم لەوانەی بە شیعری "خەونێکی تر لە ڕەشماڵەی زەرێدا" بەر مەرحەمەدی مەحمود کەوتم و ئەو دنەدانەی یەکێکی وەکو مەحمود زامدار بۆ ئەو تەمەنی هەرزەکارییەی من زۆر بوو، درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم خۆم لە ئاستی ڕامبۆ و ئیلیەتدا دەبینی، بێگومان پشتگیریی زامدار تەنیا لایەنە مەعنەوییەکەی نەدەگەیاند، بەڵکو دەرگای زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەو کاتەشت لە بەردەمدا واڵا دەبوو، چونکە زامدار ئەو کاتە مەرجەع بوو. فازیل جاف ئەو کاتە لە بەغدا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان خوێندکار بوو، هاوگەڕەک بووین و کەم بۆ کەرکوک دەگەڕایەوە، کتێبخانەیەکی باشی لە ماڵەوە هەبوو، هەرگیز چکوسیی لە بەرامبەرمدا نەکردووە هەر کاتێک هەر کتێبێکم ویستبێ ئەگەر خۆیشی لە ماڵەوە نەبوایە هەر دەیاندامێ. زۆر جار نووسین لە مرۆڤێکت نزیک دەکاتەوە، لێ پەیوەندییەکە بەرتەسک نامێنێتەوە و دەبێتە هاوڕێیەتیی، پەیوەندی من لە گەڵ ئازاد ئەحمەد و ئیحسانی حاجی غەفور و نەوزاد ئەحمەد و مارف عومەر گوڵدا سنووری ئەدەبی بەزاند و لە ڕەوتی ئەو ساڵانەدا بووە پەیوەندییەکی ڕۆحی کە لە گەڵ هەندێکیاندا هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

کاتێ یەکەم کۆڕی شیعریش بۆ من و هەندێ شاعیری لاوی ئەو کاتە لە بەغدا ساز کرا ماڵەوەمان زۆر ڕێیان لێ گرتم بەشدا نەبم و ئامادەش نەبوون پارەی سەفەرەکەم بۆ مەیسەر بکەن، بەڵام دایکم بە دزیی باوکمەوە پارەی دامێ و توانیم لە کۆڕەکەدا بەشدار بم. ئەوانەی لەو کۆڕەشیعرییەدا بەشدار بوون: (مارف عومەر گوڵ، ئازاد ئەحمەد، ئەحمەدی مەلا، کەریم دەشتی، ئەبوبەکرد خۆشناوو هەندێ شاعیری دیکە.)

من جگە لەوەی هەندێ لەو شاعیرانە پێشووتریش هاوڕێم بووم، توانیم لەو کۆڕەدا کەریم دەشتی و ئەبو بەکر خۆشناویش بناسم و هەتا لە وڵات بووم لە ڕێی مارف عومەر گوڵەوە هەرچەند بچوومایە بۆ بەغدا یەکترمان دەبینی و چەند جارێکیش لە هەولێر لە گەڵ ئەبو بەکرد یەکترمان بینی.

من هەر لە سالآنی ناوەڕاستی حەفتاکاندا تێکەڵی بزوتنەوەی چەپ بووم و هەر بەر هەرزەکاریی لە گەڵ کۆمەڵێ هاوڕێمدا: جەمیلی مەلا شوکر (لە ١٤/٥/١٩٨٥دا لە گەڵ سێ برایدا بە دەستی بەعس شەهید کران)، ئیحسانی حاجی غەفور (باوکی چۆپی گۆرانیبێژ)، جەمیل ئەمین (دواییتر یەکێک لە کادیرە پێشڕەوەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری)، ڕەحیم شاڵی (ئەویش هەر بەعس شەهیدی کرد)، نەجیب خودابەخش و جاسم محەممەد غەفور کەوتینە خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکس و لینین و ماوتسی تۆنگ و کیم ئیل سۆنگ. هێشتا لە قوتابخانە بووین بیری چینایەتیمان لە لا ڕسکا و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر چەکەرەی دەکرد و خۆمان لە بیروباوەڕی ناسیۆنالیستانەی هاوتەمەن و هاوپۆل و دراوسێ و کەس و کار بە دوور دەگرت و لە بڕوایەدا بووین کێشەی مرۆڤ و چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە کێشەیەکی گەردوونییە و ئەگەر کورد لە ژێر چەوساندنەوەی نەتەوەییش ڕزگاری بێت، مادام کێشەی چەوساندنەوەی چینایەتی لە کوردستاندا لە گەڵ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکاندا کۆتایی نایەت، ئێمە ئەوساش دەبێ لە خەباتدا بین دژی سەرمایەدار و چەوسێنەر، بەڵام هیچمان ئەوەندە نێونەتەوەیی نەبووین کە کێشەی کورد وەکو مەسەلەیەکی نەتەوەیی بە ڕەوا نەبینین.

وای ئێمە ئەو کاتە دوای وەهمێکی تەماوی چەند خۆش کەوتبووین، وەهمێک وەکو بروسکە بە ئاسمانی منداڵیو مێردمنداڵیو هەرزەکارییو لاویماندا تێدەپەڕی، ئەو وەهمەی دڵی پڕ لە دنەو پاڵنان دەکردینو ئەفسونی خەونێکی پەلکەزێرینەیی یان بە دیالێکتە گەرمانییەکەی خۆمان بڵێین قژ نایشەو فاتمەیی یان قەوسو قەزەحی هەڵیگرتبووین،جیهانێکمان لە خەیاڵی خۆمدا چێ دەکرد مرۆڤەکانی هەموو دنیا تیایدا یەکسان بوون. من نامەوێ بەرگی ڕەشبینیی ئێستام بە بەری گەشبینیی ئەوساماندا دابڕم، بەڵام ئێستاش هەر خەریکی ڕزگارکردنی خەونەکانم لە تاریکیی، خەریکی ڕزگارکردنی خەونەکانم لە لە بارچوون. من نامەوێ گومانی ئێستام دەست لە بینەقاقای یەقینی ئەوسامان گیر بکات. ئەو کاتانە بەسەرچوون بەڵام جێپێی بە سەر لمی ژیانمەوە هەر ماوە. ئەوکاتانە بەسەرچوون و بەڵام جێماچی خەونەکانی ئەوکاتە ئێستاش بە سەر گۆنامانەوە ماوە. ئێمە دەمانزانی ئەو جیهانەی ئێمە خەریکی دروستکردنین جێگای کەم کەسی تێدا

دەبینەوە، بەڵام هەمیشە دڵمان بەوە خۆش بوو ئێمە ئەگەرچێی کەسیش لە جیهانە نوێیەکاماندا نەکەینەوە ئەوا ئەو چەند کەسەی لە دەوروبەری یەک بووین بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وامان دەکرد شەیتانیش جێگای لە دۆزەخ ببێتەوە. وامان دەزانی ئەو ڕووبارەی لە کانییەکانی جیهانبینیی ئێمەوەدروست دەبوو هەرکەسێک خۆی تێدا شۆریبا لە هەموو گوناهێک پاک دەبووەوە.

ئەو کاتە بستێک زەوی بە پیت لە وڵاتدا نەمابووەوە تۆوی حەزی تیا بوەشێنین. ئاسمانێک نەمابوو کۆلارەی ئەشقمانی تیا هەڵدەین. بەڵام ئێمە لەوێدا لە ناو بۆگەنی مەرگدا بۆنی ژیان بە لوتماندا دەهات، ئێمە دەمانویست لە ناوەوەی جیهان خۆیدا ژیان بگۆڕین نەک لە دوورەوە. ئێمە دەمانویست وێنە بین نەک چوارچێوە. ئەوەی مەرگ لە ناخیدا جێی نەدەبووەوە هەر ئێمە بووین. ئێمە سنگمان بۆ ژیاندۆستیی دابووە سەر پشت مەرگدۆستیی نەیدەوێرا لێمان نزیک ببێتەوە.

هێشتا زۆر لە هاوڕێکانمان بالقتەبووبوون، ئێمە باسی پەنجە براوەکانی ڤیکتۆر خارامان دەکرد کە چۆن لە بەندیخانەی جەللادەکاندا گیتاری بۆ ئازادیی ژەندووە. هەندێ لە هاوتەمەنەکانمان گوێیان لە گۆرانی خۆماڵی نەدەگرت، ئێمە دەقی گۆرانییەکانی مریەم ماکیبامان بۆ خەڵک وەردەگێڕا. زۆر لە هاوپۆلەکانمان نەیاندەزانی واژۆی خۆیان بکەن، ئێمە واژۆمان بۆ ئازادکردنی ماندێلا لە بەندیخانەی ڕەگەزپەرستەکان کۆدەکردەوە، زۆر لە هاوشارەکانمان کاتیان بە سەر هەرزانترین فیلمی تورکییەوە دەگوزەراند، ئێمە خەریکی لێکدانەوەی تێکستی گۆرانییەکانی سیلدا باغچان و داریوش بووین. زۆر لە هاوتەمەنەکانمان نەیاندەزانی شیعر چییە ئێمە کەوتبووینە خوێندنەوەی شیعرەکانی خوسرەوی گوڵسورخی و خوسرەوی ڕوزبە و پاپلۆ نیرۆدا و نازم حیکمەت. دەبێ ئەوەش بڵێم مەبەستی سەرەکی خوێندنەوەی ئەو کاتەمان گەڕان نەبوو بە دوای ئیستاتیکادا، بەڵام پتر گەڕان بوو بە دوای شیعری شۆڕشگێری و شکاندنی تینوویەتی شۆڕشگێری و سەلماندنی پتری هەڵوێستی سیاسی و پاساودانی هەڵویست و یاخیبوونمان.

نازام بۆچی ئێمە لە هەموو دزێوییەکدا بە دوای جوانیدا دەگەڕاین، ئەو وڵاتە بە زەڕەبینیش شتێکی جوانت تێدا نەدەدۆزییەوە، بەڵام ئێمە بو وێناو فەنتازیای زیندوو و فریودەری خۆمان دزێوترین شتمان جوان دەکرد، نازام ئێمە بۆچی لە دڕکدا گوڵو لە تاریکیدا ڕوناکیمان دەبینی. ئەوانیش بە پێچەوانەوە هەموو

جوانییەکیان دزێو دەکرد، هەموو گوڵێکیان لە ڕەگەوە هەڵدەکێشاو چڵیان لە جێی دەڕواند، هەموو مۆمەکانیان لێکوژانبوینەوەو دەیانویست ئێمە گۆرانی ڕووناکی بۆ شەوە دەیجورو ئەنگەستەچوەکانیان بڵێین.

بەڵام هیچ دزێوییەک نەیتوانی جوانیی ڕۆحی ئێمە بشارێتەوە، هیچ تاریکییەک نەیتوانی تێشکەکانیەو سەری تونێلەکەمان لێ بکوژێنێتەوە، هیچ دڕکێک نەیدەتوانی جێ بە زەردەخەنەی ئومێدی گوڵێکی جوانتری ئومێدو بەختەوەری بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی دابپۆشێ. هەزاران چڵ نەیدەتوانی گوڵاڵەسوورەیەکمان لێ بشارێتەوە.

## تاراوگە وەکو نیشتمان

کە مرۆڤ لە تاراوگە بوو دەبێتە کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو، لە لایەکەوە بە هەستێک لە زێدی، بەردەوام هەوڵ دەدا ئاگای لە داهێنانی نوێ، نووسین، سیاسەت، باری کۆمەڵایەتی، حوکمڕانیی زێدەکەی بێت، لە لایەکی دیکەوە لە هەوڵی دانەبڕانی لە وڵاتە نوێەکەت. یەکێکی لە سلێمانی، کەرکوک، دهۆک یان هەولێر بژی بە لایەوە گرنگ نییە کێ لە هۆڵەندا، نەمسا، فەرەنسا، هتد... حوکم دەکا، بەڵام ئەوی لە نەمسا یان هەر وڵاتێکی تر دەژی بە لایەوە گرنگە ئاگای لە ژیانی ڕۆژانە، سیاسەت هتد بێ، بەڵام بە لاشییەوە گرنگە چی لە وڵاتەکەیدا ڕوو دەدا. کوردی هەندەران دەچن بۆ هەڵبژارنی پەرلەمانی عێراق لە گەڵ ئەوەیشدا زۆربەمان ناسنامەی عێراقیمان نەماوەو دەیان ساڵە ناسنامەی ئەو وڵاتانەمان هەڵگرتووە.

لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکاندا ناسۆی ژیان لە وڵات تەسک بووەوە، یان دەبوو ببیتە ئازوخەی یەکێک لە شەڕە یەک لە دوای یەکەکان، یان ڕوو لە شاخ بکەیت و ببیتە پێشمەرگە یان وڵات بەجێبهێڵی، پێش من لوقمان عەباس گەیشتە لەندەن، من ئومێدێکی گەورەم بە لوقمان بوو، لە بەر ئەوەی ئەو خزمی لە لەندەن هەبوو، لەو بڕوایەدابوو ئاسانتر دەتوانێ جێگیر ببێ خەڵکێک هەن کۆمەکی بکەن و کە من دەگەمە لای پشتێکم هەبێ، بەڵام لە بەر ئەوەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسابوو هیچ دەوڵەوتێک لە دەرەوەی عێراق ئامادە نەبوو ڤیزە بە پاسەپۆرتی عێراقی بدات، من و ئەدیب نادر کە پێشووتر گەیشتبووینە تورکیا لەوێ

گیر ماین، خەریک بوو ڤیزەی تورکیامان تەواو دەبوو و بە ڕەسمی ڤیزەی هیچ دەوڵەتێکی دیکەمان دەست نەدەکەوت، ئەو پارەیشی بۆ ڤیزەی قاچاخ داوایان دەکرد بە ئێمە هەڵنەدەسووڕا. ناچار ڤیزەی بولگاریامان کڕی، لە بولگاریا ڤیزەی ڕۆمانیامان بە قاچاخ کڕی. ئەم ڤیزانە هەموو ڕەسمی بوون (واتە پاسەپۆرتەکەمان ڤیزەی ڕەسمی پێوە بوو و واژۆی قونسڵیش ڕەسمی بوو)، بەڵام ئەک لە پەنجەرە ڕەسمییەکانی سەفارەکانەوە بەڵکو لە دەرگاکانی پشتەوەی باڵیۆزخانە و لە ڕێی دەلاڵەوە. دەمبینی ڕۆژ بە ڕۆژ و هەتا لە وڵات دوورتر دەکەوتینەوە ئەدیب پتر ورەی دەڕووخاو کەمتر بەرگەی غوربەت و ئەم ڕاکەڕاکەیەی دەگرت، وڵاتە بە ناو سۆسیالیستەکانیش دۆستی عێراق و سەدام حوسێن بوون و پێیان خۆش نەبوو ئێمە بگەینە ڕۆژئاوا. بە هەرحاڵ ئەدیب بڕیاری گەڕانەوەی دا و من بە تەنیا خۆم دایە دەستی تاراوگەوە، بەڵام ئومێدم بە لوقمان هەر مابوو لە لەندەن بگەمە لای. بەڵام هەتا گەیشتمە نەمسا لوقمان عەباس لە بەریتانیاوە گەڕابووەوە.

لە کاتێکدا دەربازبوون لە ژێر کۆنترۆڵی بەعس لەدایکبوونێکی نوێی دەگەیاند و مانەوە لە وڵات مەرگێکی تا ڕادەیەک حەتمی بوو ئەدیب و لوقمان گەڕانەوە بۆ ناو ئاگر و خوێن. نارەزووەمەندانە، بە پێی خۆیان گەڕانەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ. گەڕانەوەی ئەدیب و لوقمان بووە هۆی بە تەنیا مانەوەی من و خۆدانە دەست هاتونەهاتەوە، بەڵکو منی تووشی شۆکێکی گەورە کرد. منی خستە کێشەیەکی دەروونی و شەڕێکی دژوار و سامنەکەوە لە گەڵ خۆمدا. بیرم دەکردەوە تۆ بڵێی من هێندە دڵڕەق و خۆپەرست بم ڕزگاربوونم لەو دۆزەخە لە سۆزی دایک و باوک و کەس و کار و هاوڕێ و خاک و وڵات بە لاوە گرنگتر بێ؟ تۆ بڵێی من سەرچاوەی سۆزم وشکی کردبێ و بۆ تاقە چرکەیەک بە زەینمدا نەیەت بۆ وڵات بگەڕێمەوە. لێ هەر زوو لوقمان شاری بەجێهێشت و بووە پێشمەرگە پاشان گەیشتە فینلەندا، ئەدیبیش چوو بۆ ئێران و پاشان گەیشتە ئینگلتەرا. مستەفا گەرمیانی پێش ئەوان لە ئێرانەوە گەیشتە سویسرا.

گەڕانەوەی ئەدیب و لوقمان بۆ من ئەو کاتە ئەوەندە مایەی تێنەگەیشتن بوو، وەکو ئەوەی بەبەرچاوەوە مەلێکی ئازاد بگەڕێتەوە بۆ ناو قەفەزەکەی، مامزێکی هەڵاتوو چەقۆیەک بە دەمەوە بگرێ و بیداتە دەستی ڕاوکەرەکەی.

ئەو کاتە هەموو پردەکانی دوامانەوە رووخابوون، وەکو خنکاویکی بە شەپۆل دەورە دراو چرکە بە چرکە پتر ئاوی دووریی و بیرچوونەوە دەچووە قورگمانەوە و بەری هەناسەمانی دەگرت. مینەرێک نەبوو لە سەرییەوەدەنگی خۆمان بە خەڵک بگەیەنین، بڵاوکراوەی کوردی لە ئینگلتەرا هەبوو، تەنیا کوردی لەندەن پێیان دەزانی. نامەکانمان بە ماڵەوە نەدەگەیشتن، ئەو نامانەی بۆمان دەهاتن نەدەگەیشتن. بڵاوکراوەکانی ناو عێراق شتیان بۆ بڵاو نەدەکردینەوە.

کوندێرا دەڵێ: پراگ بۆ کافکا کۆسپێکی گەورە بوو. ئەو لەوێ لە جیهانی ئەدەبی و بەخشگەرایی لە ئەڵمانیا دوورەپەرێز بوو، ئەمەش بۆ ئەو کوشندە بوو. بەخشکارەکانی زۆر کەم خەمی ئەم دانەرەیان دەخوارد، کە زۆر کەم دەیانناسی. یۆاخیم نونسێلد کتێبێکی بۆ ئەم گرفتە تەرخان کردووە و پیشانی دەدا، کە شیاوترین هۆ ئەوە بوو (من ئەم بیرانە زۆر بە واقیع دەزانم)، بۆچی کافکا رۆمانەکانی، کە کەس داوای لێنەدەکرد، تەواو نەکرد. چونکە ئەگەر نووسەرێک ئاسۆ کۆنکرێتییەکەی نەبینیێ، دەستنووسەکانی بڵاو بکاتەوە، پاڵنەری نییە دوا دەستی پێدا بهێنێ و هیچ شتێک رێگای لێناگرێ، بە کاتیی لە سەر مێزەکەی لابەرێ و خۆی بۆ شتێکی دیکە تەرخان بکا.

بۆ ئەوەی ئێمەش کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا تەراو بووبووین تاراوگە زەمینەیەکی بە پیت نەبوو بۆ بەهرە و داهێنانەکانمان. ئەو شتانەی لە چەکمەجەکانماندا کۆ دەبوونەوە پاش ماوەیەک فرێمان دەدان، چونکە بارێکی قورس بوون و ئەم ماڵە و ئەو ماڵ پێکردنیان ئاسان نەبوو. لەو رۆژانەدا کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد رۆژێک لە رۆژان ئەم هەموو دەرفەتە دێتە پێشەوە و مرۆڤ دەتوانێ بڵاویان بکاتەوە. ئێستا زیاتر لە سی ساڵە لا تاراوگە دەژین، ئاسنامەی ئەو وڵاتانەمان هەیە، زۆربەی رۆژ بە زمانێکی بێگانە قسە دەکەین، پەیوەندیمان لە گەڵ هاوزمانی خۆماندا زۆر کەمە، لێ هەر کوردستان بە ئیشتمان دەزانین.

محەمەد کوردۆ لە شیعرێکیدا دەڵێ:

ماڵێک هەموومان بەجێی دەهێڵین و

ناومان ناوە ژیان..

ماڵێک،

هەمووما‌ن ڕووی تێ دەکەین و

ناومان ناوە مردن..!

بەڵام ئـێمەش ئەو شـوێنەی تێیـدا نـاژین پێـی دەڵێـین نیـشتمان، ئەو شوێنەیـشی ژیانمانی تێدا دەگوزەرێنین پێی دەڵێین تاراوگە. ئێمە بـۆ مـاڵەوە دەگەڕێینەوە، بەڵام دەزانـین ئەمە مـاڵی ئـێمە نەمـاوە، دەگەڕێیـنەوە بـۆ نیـشتمان، بەڵام دەزانـین ئەمە نیشتمانی ئێمە نەماوە. بڕێخت شیعرێکی زۆر جوانی هەیە بە نـاوی «بیرکردنەوە لە درێژیـی تاراوگـە».شـیعرەکە لە دوو بەش پێکهـاتووە، کەم دەقـی ئەدەبـیم خوێندووەتەوە هێندە جوان گوزارشت لە ناخی مرۆڤی ناویبوو بکا:

بزمار بە دیوارەکەدا دامەکوتە

چاکەتەکەت فڕێدە سەر کورسییەکە!

بۆچی خەمی چوار ڕۆژ دەخۆی؟

تۆ سبەی دەگەڕێیتەوە.

درەختەکەت ئاو مەدە!

بۆچی درەختێکی تر دەڕوێنی؟

پێش ئەوەی بە قەد پلەیەک بەرز بێ

تۆ بە خۆشنوودییەوە ئێرە جێدێڵی.

کە خەڵکی بە لاتدا تێدەپەڕن

کڵاوەکەت بخەرە سەر ڕووخسارت

بۆ لاپەڕەی ڕێزمانێکی نامۆ هەڵدەیتەوە

هەواڵی بۆ وڵات بانگکردنەوەت

بە زمانێکی ناشنا نووسراوە.

بەو جۆرەی گەچی بنمیچەکە هەڵدەوەرێ

(دەستی لێنادەم)

پەرژینی زەبرو زەنگ دادەرزێ

ئەو پەرژینەی لە سەر سنوور

دژی داد چێکراوە.

لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا ئەو مرۆڤە کوردانەی تازە ئاوارەی هەندەران بووبوون وەکو مرۆڤی ئاویبووی شیعرەکەی بریخت بزماری دائەکوتا بۆ ئەوەی چەکەتەکەی پیا هەڵواسێ، خەمی چوار ڕۆژی نەدەخوارد، درەختەکەی ئاو نەدەدا، درەختێکی تری نەدەڕواند، چونکە پێش ئەوەی کەمۆکەیەک باڵا بکا، ئەو ئێرە بەجێدەهێڵێ، ئایەوێ خەڵکی نوێ بناسێ، ئایەوێ فێری زمانێکی بێگانە بێ، سبەی ڕژێمی سەرکوتکەری وڵاتەکەی تەفروتونا دەبێ و دەبێتە تۆزی دەم با و ئەم بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی. ئەو ساڵانە گەڕانەوە خەونی هەر یەکێک بوو لە ئێمە، تەنانەت ئەو کوردانەی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە نەمسا بوون، لە گەڵ ئەوەیشدا لە ساڵی ١٩٧٦ەوە لەم وڵاتەدا بوون، کەمێکیان ئەبێ، ئەوانی دیکە، جانتا ئامادەی گەڕانەوە بوون و گەچی بنمیچەکە هەڵیش بوەریایە دەستیان لێی نەدەدا، چونکە لە خەونی ئەوەدا بوون پەرژینی زەبروزەنگ دادەرزێ و بۆ وڵات دەگەڕێنەوە.

بریخت لە بەشی دووەمی شیعرەکەیدا دەڵێ:

سەیری ئەو بزمارە بکە بە دیوارەکەدا داکوتراوە:

لەو بڕوایەدای کەی دەگەڕێیتەوە؟

دەتەوێ بزانی، لە ناخەوە لە چی بڕوایەکدای؟

ڕۆژ بە ڕۆژ لە ژوورەکەتدا دادەنیشیو دەنووسی

بۆ ئازاد بوون کار دەکەی

دەتەوێ بزانی چۆن بیر لە کاری خۆت دەکەیتەوە

سەیری ئەو شابەڕووە بچووکەی حەوشەکە بکە

بە گۆزەی پڕ ئاوی بۆ دەبەی!

پاش چەند ساڵێک مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ گەڕانەوە بڵقی سەر ئاوە، خەونێکە و هەرگیز نابێتە واقیع، ئەمجا بە گۆزەی پڕەوە ئاو بۆ ئەو ڕووەکە دەبا کە لە سەرەتاوە گومانی لە ئاودانی هەبوو، بزماری بە دیوارەکەدا داکوتیوە و ئیتر چاکەتەکەی ناخاتە سەر کورسییەکە. بەڵام ئەوەی سەیرە و مایەی تێڕامانە و لە حاڵەتەوە بووە دیاردە ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی دوای هێوریی، دوای ئەمانی دیکتاتۆر و کەشێکی تا ڕادەیەک ئازادی وڵات کە ڕوو لە تاراوگە دەکەن هەر لە سەرەتاوە بە نیازی مانەوە هاتوون و هەر یەکەم ڕۆژ بزمار بە دیوارەکەدا دادەکوتن و بە گۆزەی پڕ ئاو بۆ ڕوەکەکان دەبەن.

کوندێرا دەڵێ:

ئەم نیگا سەرپێییە لە بەراییدا کێشەی هونەریی کۆچبەر بەیان دەکا: چەندێتی هاوشێوەی قۆناغی ژیان هەمان کێشیان نییە، بە پێی ئەوەی، ئایا سەر بە تەمەنی منداڵی یان تەمەنی گەورەیین. ئەگەریش تەمەنی گەورەیی دەوڵەمەندتر و گرنگترە بۆ ژیان هەروەکو بۆ کاری داهێنان، بەڵام نائاگایی، یادەوەریی، زمان، سەرجەمی بنەمای داهێنانی هونەری زۆر زوو پەرەدەستێنن؛ ئەمە بۆ پزیشکێک گیر و گرفت پێکناهێنێ، بەڵام بۆ ڕۆماننووسێک، بۆ ئاوازدانەرێک دەتوانێ جۆرە پچڕانێک بگەیەنێ، ئەو شوێنە بە جێبهێڵێ کە فەنتازیاکانی، خولیاکانی، واتە تێما بنەماییەکانی پێوە بەستراون. دەبێ هەموو وزەی، سەرجەمی کارامەیی هونەری بخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی زیانی ئەم بار و دۆخە بکاتە ئاهەنگی سەرکەوتن.

لە گۆشەنیگای ڕووتی شەخسیشەوە کۆچبەریی قورسە: مرۆڤ هەمیشە بیر لە ئازاری تاسەباریی وڵات دەکاتەوە؛ لەو ئازارە سەختتر ئەو بارودۆخە ڕۆحییەیە، کە وشەی نامۆبوون (Entfremdung)ی ئەڵمانی وا بە باشی وەسف دەکا: ئەو پرۆسێسەی، ئەو شتەی کە لێمانەوە نزیک بوو نامۆ دەبێ. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی کۆچ بۆ براوەوە هەیە مرۆڤ هەست بە نامۆیی ناکا: لێرەدا پرۆسێسەکە بە پێچەوانەوەیە: ئەوەی نامۆ بوو، بە کاوەخۆ ئاشناو بەبەها دەبێ. نامۆیی لە شێوە دڵداخورپێنەرە، سەرسامکەرەکەیدا خۆی بە ژنێکی نەناسیاو بەیان ناکا، کە ئێمە هەوڵدەدەین فریوی بدەین، بەڵکو لە شێوەی ژنێکدا خۆی بەیان دەکا، کە پێشووتر هی ئێمە بووە. تاق و تەنیا گەڕانەوە بۆ زێد پاش ماوەیەکی درێژی ئائامادەیی دەتوانێ پەردە لە سەر نامۆیی ڕاستەقینەی جیهان و بوون لا بدا.

کۆچ: نیشتەجێبوونی زۆرەملێ لە وڵاتی بێگانەدا بۆ کەسێکی وڵاتی زێدی وەکو تاقە وڵات تەماشا دەکا. بەڵام ئەمجا کۆچ درێژتر دەخایەنێ و دڵسۆزییەکی نوێ دێتە ئاراوە، دڵسۆزیی بۆ ئەو وڵاتەی بە خۆی گرتووە و چرکەساتی دابڕان دێتە ئاراوە

کە مرۆڤ منداڵیی خۆتی لە وڵاتێکی نامۆدا بە سەر نەبردبێ هەتا بمرێ هەر نامۆیە. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە زمانزانین و شارەزایی شار و شەقام و داب و نەریتەوە نییە. بەڵام گەنگەشە لەوەدایە کە مرۆڤ چەند ساڵێکی لەو وڵاتە نامۆیەدا بە سەر برد ئیدی لە وڵاتەیەکەی خۆشیدا نامۆیە.

بڵاوکراوەی کوردی لە ئەوروپا کەم بوو و ئەو بڵاوکراوانەش کە لە ئارادا بوون زیاتر بایەخیان بە سیاسەت دەدا و زۆر سنووردار بوون و زۆر جار سنوورەکانی ئەو وڵاتەیان تێنەدەپەڕاند کە لێی دەردەچوون، ئەمەش پاڵنەر نەبوو بۆ بەردەوامیی. زۆر جار مرۆڤ دڕدۆنگ دەبوو کاتێ دەینووسی و دەرووییەک نەبوو تێیدا دەنگی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێ و دەبوو دەقەکانی چەندان ساڵ لە ناو چەکمەجەکانیدا زەرد هەڵگەڕێن و لە لە کاتی ماڵ گواستنەوەشدا دەبوونە بارێکی قورس. ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە نووسین خۆم بە دوور بگرم.

## وەرگێران: پەنجەرەیەک بە رووی جیهاندا

وەرگێران پەنجەرەیەکە بە رووی هەوای نوێ و نامۆ وئاسۆی دیکەدا و جا بۆ ئەو میللەتانەی ئەدەبێکی دەوڵەمەند بەهێزیان نییە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە وەرگێران باشترین هۆکارە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، دەلاقەیەکە بۆ هەڵمژینی هەوای جیهان. وەرگێران دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیو ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای تاریکی بەردەم خوێنەرو نووسەری کوردە. وەرگێران نەک تەنیا کتێبخانە بەڵکو زمانیش دەوڵەمەند دەکا. وەرگێران ئەک تەنیا بۆ تێگەیشتن لەوانی تر بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە خودیش گرنگە.

لە بەر ئەوەی وەرگێران لە نووسینی ئێمەدا مێژوویەکی کۆنی نییە و هێشتا فەرهەنگی باش و دەوڵەمەندمان نییە وەرگێر دەبێ پشت بە سەلیقەو لێزانیی خۆی ببەستی لە وەرگێراندا. ئێمە دەبێ بزانین وەرگێران بە شێوەیەکی گشتیو وەرگێرانی دەقی ئەدەبیی بە شێوەیەکی تایبەتی وەرگێرانی وشە بە وشەو ڕستە بە

ڕستە نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بەڵکو وەرگێڕانو گواستنەوەی شتە پەیپێنەبراوەکانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە.

ڕووکردنە وەرگێڕانی من لە پڕ نەبووە، بەڵکو لە پاش لەزەت بینین لە هەر کتێبێک ئەوەم بە زەیندا هاتووە دەست بە وەرگێڕانی بکەم تاوەکو چەند کەسێکی دیکەش بتوانن لەزەتی لێ ببینن.

من خۆیشم بە تەواوی نازانم چۆن بیرم لە وەرگێڕان کردەوە، لە ساڵانی حەفتاکاندا هێشتا لە کوردستان دەژیام چەند شیعرێکم لە عەرەبییەوە وەرگێڕان و لە گۆڤار و بڵاڤۆکەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوم کردنەوە. ڕەنگ بێ ئەو مەیلەم هەر لەسەرەتای دەست بە خوێندنەوە کردنم هەبووبێ، ئەو لەزەتەی خۆم لە دەقێکی دەبینم بە خەڵکی دیکەشی بگەیەنم و لە لەزەت بینیندا هاوبەشم بن. کە فێری زمانی ئەڵمانی بووم خەونم ئەوە بوو چەند دەقێک وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. لە سەرەتای دەست پێکردنمدا بە وەرگێڕان لە زمانی ئەڵمانییەوە شانۆنامەیەکم وەرگێڕا، بەڵام ئەوە پێش ڕاپەڕین بوو و بڵاکردنەوەی دەقی کوردێکی تاراوگە لە وڵات زۆر زەحمەت بوو، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ بوو، پاشان چەند شیعرێکم لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕا و لە بڵاوکراوەکانی کوردستاندا بڵاوکرانەوە. پێش دەرچوونیشم چەند شیعرێکی جیهانیم لە عەرەبییەوە وەرگێڕابوو. ساڵانی هەشتاکان لە سەرەتادا ئەو کتێبانەی بە کوردی دەستم دەکەوتن و لە زمانە بێگانەکانەوە وەرگێڕدرابوون لە گەڵ دەقە ئەڵمانییەکاندا بەراوردم کردن، ئەمە بۆ من ئەزموونێکی گەورە بوو و زۆر شتیان لێوە فێر بووم. نەک بەو مانایەی فێر بووم چۆن وەربگێڕم، بەڵکو بەو مانایەی چۆن وەرنەگێڕم.

لە پاش ڕاپەڕین و زۆربوونی دەزگای بڵاوکردنەوە دەرووییەک لە بەردەم نووسەراندا کرایەوە بۆ بەردەوامبوون و بڕیام دا چەند دەقێکی کە خۆم چێژم لێبینیبوون و بۆ خوێنەری کوردم بە پێویست دەزانی وەرمگێڕان یان لە پڕۆژەمدایە لە ئایندەدا وەریان بگێڕم.

هەموو زمانێک کۆمەڵێک نهێنیو گەمەی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە زمانی دیکەی جیا دەکاتەوە، لە بەر ئەوەیە زانینی دوو زمان بەس نییە بۆ وەگێڕانی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بەڵکو پەیبردنە بەو نهێنییانەی ئەو زمانانە لە خۆیاندا حەشاریان داوە.

من بەهۆیەوە ئەمەوێ سەرچاوەی ڕۆشنبیریی من زمانی عەرەبی بووە. ئەگەرچی لەم سی ساڵەی دواییدا زمانی ئەڵمانی تەنگی بە عەرەبیزانییەکەم هەڵچنیوە، بەڵام سەرچاوەی سەرمایەی ڕۆشنبیریی من عەرەبی بووە، ڕەنگ بێ ئەم سەرچاوەیە لە ئەستمدا هێلانەی کردبێو لە کاتی نووسیندا هەندێ وشەی عەرەبی دزە بکەنە ناو دەقەکانەوە، بەڵام ئەم پرۆسیسە ئە پرۆسێسێکی دەستە ئەنقەستەو نە پلان بۆ دانراو، من لە کاتی نووسیندا بە تەواوی جڵەو بۆ ئەستم شل دەکەمو هەوڵدەدەم ڕەوتی دەق بە تۆپزیی نەگۆڕم. هیوادارم ئەو وشانە دەقەکان دزێو نەکەن و هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا ئاگایانەتر بنووسم و وەربگێرمو کەمتر وشەی عەرەبییان تێبترنجێ، چونکە ئاگام لەوەیە ئەوەی پاش ڕاپەڕین ئەوەیەکە ئەوەندە سەرودەری لە گەڵ زمانی عەربیدا نییەو جۆرە هەستەوەریی(حەساسیەت)ێکیشی بەرامبەری هەیە.

یەکێک لە ئاستەنگە هەرە گەورەکانی بەردەم هەموو وەرگێڕێک پابەندبوونە بە دەقێکەوەو دەستپاکییە بەرامبەر بە دەقەکە، بێگومان لێرەدا باسی وەرگێری دەستپاک دەکەم. چونکە ئەگەر نووسەر دەقێکی خۆی لە بەر دەستدا بێ بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ گەمەی تێدا بکاو وشەیەک بە وشەیەکی تر بگۆڕێو یان ڕستەیەک لا بداو ڕستەیەکی تر یان چەند ڕستەیەکی تری لە جێ دابنێ. کە پاتریک زویزکیند ڕۆمانی عەتری نوسیوە چووە سەرجەمی ئەو ناوچانە گەڕاوە کە ڕووداوەکانی ڕۆمانی عەتری تێدا ڕوو دەدەن، زۆر کارگەی عەتر دروستکردن گەڕاوە هەتا بە چاوی خۆی ببینێ عەتر چۆن بەرهەم دێو لە چی بەرهەم دێ. بەم کارەی ڕۆمانەکەی بۆ وەرگێڕ زۆر سەخت کردووە، یا با بڵێین بۆ وەرگێڕێکی وەکو ئێمەی سەخت کردووە، چونکە وەرگێڕێکی ئینگلیز یان فەرەنسی یان ئیسپانی چەندان سەعات لە بەردەم چەند فەرهەنگێکی سەقەتدا دانامێنێ هەتا ناوی گوڵێک دەدۆزێتەوە بە زمانەکەی خۆی چی پێ دەڵێن، بەڵکو بە زۆربەی زمانە زیندووەکان فەرهەنگی گوڵو گژوگیاو ئاژەڵو دارو درەخت هەیە. لە کاتی وەرگێرانی ڕۆمانی عەتردا بە دەم وەرگێڕانی وشەیەکەوە دەتلامەوە، بەدگومانییەک بە سەرمدا زاڵ دەبوو و چەند جارێک بڕیارمدا دەست لە وەرگێڕانی ڕۆمانەکە هەڵگرم، چونکە ئەو کاتەی بەو وەرگێڕانەوە بە سەرم برد دەمتوانی لە هەمان ئەو کاتەدا سێ ڕۆمانی ئاسایی وەربگێرم. نەبوونی یان کەمیی فەرهەنگ لە زمانەکانی دیکەوە بۆ زمانی ئێمە گرفتێکی گەورەیەو وەرگێر زۆر ناچاری وشەداتاشین یان بەکارهێنانی هەڵەی وشە ببێ.

یەکێک لەو کایانەی کتێبخانەی کوردی لێی هەژارە شانۆنامەیە. لە لای خوێنەری کورد هێشتا نەبۆتە نەریت دەقی شانۆیی بخوێنێتەوە. ڕاستە کە شانۆنامە دەنووسرێ بۆ ئەوە دارێژراوە کە لە سەر شانۆ نمایش بکرێ نەک بخوێنرێتەوە. بەڵام خوێندنەوەی دیالۆگ چەژو سروتێکی خۆی هەیەو لە خوێندنەوەی دەقەکانی تر جیاوازە. جیهانی شانۆ خۆی لە خۆیدا هێندە جیهانێکی پڕ تەلیسمو سەرنجڕاکێشو سەرسامکەرە کە خوێنەری بە سەلیقە دەتوانێ زەینی خۆی بکاتە شانۆیەکی بزێو. شانۆنامە دەتوانێ ڕەگەزی ڕۆمان، کورتەچیرۆک، شیعر، دیالۆگی ڕۆژانە هتد لە خۆی بگرێ. بە ڕای من کەم سروشت هەیە لە دنیای داهێناندا وەکو شانۆ لە گۆڕانو پەرەسەندندا بێ. ئەمڕۆ شانۆگەرییەک لە سەر شانۆ ببینە. سبەینێ بچۆرەوە هەمان شانۆ، بە هەمان ئەکتەرو دەرهێنەرو جلو بەرگو بیناسازییەوە هەمان شانۆگەریی نابینیتەوە، جووڵەی ئەکتەرەکان گۆڕاوە، ڕوناکییەک کز ترە، دیالۆگێک زووتر لەوەی ڕۆژی پێشوو دەوترێ. هتد. جگە لەوەیش شانۆکار بە سروشت بزێوترو زانخوازترە لە ڕۆشنبیری تر. من بۆ خۆم چەندان ساڵ شیعرم نوسیوە، بەڵام ئەو دیالۆگە ڕۆحیو ڕۆشنبیرییو فیکرییەی لە گەڵ شانۆکاردا هەمبووە، لە گەڵ شاعیردا نەمبووە. شانۆکار دەبێ بە سروشت ڕۆشبیر بێ، ئەگینا خولیایەکی هەڵەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. مرۆڤ دەتوانێ بە بێ ڕۆشبیرییەکی قووڵو فرە مەوداشاعیر بێو ناو بە ناو دیوانێکی شیعر بڵاو بکاتەوە یان کۆڕێکی شیعریی بکاو خۆی لە نووسینی تیۆری نەدا، گفتو گۆ نەکاو دەیان ساڵیش شاعیر بێ، بەڵام شانۆکار کاری لە گەڵ دەقدایە، لە گەڵ تیۆریدایە، لە گەڵ دەرهێنەردایە، لە گەڵ جەماوەردایە.

کاتی خۆی شانۆنامەی "ڤاتسلاڤی" نووسەری پۆڵۆنی "سلاڤۆمیر مرۆژەک"م لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕابوو، بەڵام هەر بە دەستنووس لە چەکمەجەکمدا بوو، ئەو کاتە کۆمپیوتەر نەبوو، نازانم چۆن ئەو دەستنووسەم وەکو زۆر لە شیعر و چیرۆک و یاداشتنامە و نووسینی تر فڕێ نەدابوو. من ئاگام لە زنجیرەی شانۆی بیانی نەبوو کە هونەرمەندی شانۆکا دانا ڕەئووف سەرپەرشتی دەکا و لە دەزگای ئاراس بڵاو دەبێتەوە. عەبدوڵا قادر دانسازی هاوڕێم پێی وتم کە شتێکی لەو بابەتە لە ئارادایە، بۆ من ئەکەهەر زنجیرەکە، کە ئاواتم ئەوە بوو ئێمەش ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو

میللەتانی تر زنجیرەیەکی شانۆنامەمان هەبێ، بەڵکو ناسینی دانا ڕەنوفیش بۆ مایەی دڵخۆشییە و ئێستا وا بۆ سێ ساڵ دەچێ هاوڕێتییەکی دوور بە دوور و دیالۆگێکی شانۆیی و ئەدەبی بە یەکەمانەوە دەبەستێ.

برێشت یەکێکە لەو نووسەرانەی کە زۆر جێی سەرنجی منە. یەکەم لە بەر ئەوەی برێشت داهێنانەکانی لە پێناوی مەسەلەیەکدا خستۆتە گەڕ کە جیهانی نازایدیخوازییو مرۆڤخوازییو ژیانخوازییە، ئەمەش ئەگەر دەقاو دەقیشو سەدا سەدیش نەبێت لە دنیابینیی منەوە زۆر نزیکە، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی وەکو برێشت داهێنانەکانیان لە خزمەتی مەسەلەی مرۆڤانەدا خستبێتە گەڕو قوربانییان بە لایەنی ئیستاتیکی نەدابێ لە پێناوی گەیاندنی ئایدۆلۆژیاداو هەڵبژاردانی تێماکانی برێشتی داهێنەر وەکو شەکسپیرو مۆلێر ئەمر دەکا. ئەوەی پتر جێی سەرسامییە ئەوەیە کە برێشت تەنیا شانۆنامەنووس نەبووە، بەڵکو دەرهێنەرو تیۆرکاریش بووە. زۆربەی شانۆگەرییەکانی خۆی دەرهێناوە، "نامۆکردن"ی هێنایە ناو شانۆوەو وەکو دژە ڕێبازێک بۆ شانۆی کلاسیکی ئەرستۆیی بە کاری هێنا، لە کاتی خستنە سەر شانۆی دەقەکانیدا بە جۆرێک دەقەکانی لە گەڵ نمایشدا گونجاندووە کە زۆر جار دەقە ئەسڵییەکان ناناسرێنەوە و هەندێ جار لە ژێر هەمان ناونیشاندا سێ دەقی جیاوازی بەرهەم هێناوە. جگە لە تیۆرکاریی بۆ شانۆ، کە دەیان لێکۆڵینەوەی دەربارەی شانۆ نوسیووەو هەتا ئەمڕۆیش مایەی سەرنجن. لەم گۆشەنیگایانەوە برێشتم هەڵبژاردووەو چەند شانۆنامەیەکیم کردۆتە کوردی. بەڵام پاش وەرگێرانی چەند دەقێکی برێشت کە بە ڕای من بۆ کتێبخانەی کوردی بە گشتییو بۆ کتێبخانەی شانۆی کوردی بە تایبەتی پێویستن ئەگەر دەرفەت هەبێو دەزگای بڵاوکردنەوە ئامادەی بڵاوکردنەوەی بێ چەند شانۆنامەیەکی دیکەم لە زەیندان ڕەنگ بێ لە ئایندەدا خۆمیان پێوە سەرقاڵ بکەم.

## وەرگێرانی پێچەوانە

زمانی ئێمە یەکێکە لەو زمانانەی کە سەرنجی ئەوروپییەکانی یان ئەوانی دی ڕانەکێشاوە بۆ فێربوونی. ڕەنگ بێ نەبوونی زمانێکی ستاندارد هۆیەک لە هۆیەکان بێ بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان یان ئەوانی تر خۆیان لە قەرەی فێربوونی

زمانی کوردی نەدەن. یان ڕەنگ بێ نەبوونی دەقی دانسقەیش یان نەخوێندنی زمانی کوردیش هۆکار بن کە زمانەکەی ئێمە نافەرۆز کراوە.

زۆر جار پرسیاری ئەوەم لێدەکرێبۆچی لە کوردییەوە بۆ ئەڵمانی دەق وەرناگێڕێ... وەرگێڕان بۆ زمانێک کە هەر لە منداڵییەوە فێری نەبوویبیو هەر لە سەرەتاوە لە قوتابخانە نەتخوێندبێ ئاستەنگێکی گەورەیە. ڕەنگ بێ یەکێکی وەکو ئێمە کە بە تەمەنێکی گەورە چۆتە وڵاتێکی ئەوروپیو بە گەورەیی فێری زمانێکی ئەوروپی بووە دەقێک بەو زمانە بنووسێ، بەڵام پرۆسەی وەرگێڕان قورسترە، وەکو پێشووتر ئاماژەم پێدا وەرگێڕان گەمەکردنە لە زماندا، ئەگەر بە زمانی ڤیتگنشتاین ئازادانە قسە بکەین، وەرگێڕ ڕەنگ بێ مانای وشەی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی کارێکی سەختە. ئێمە کە دەیان ساڵە لە ئەوروپا دەژین دەتوانین لە زمانێکەوە دەقێک وەرگێڕێنە سەر زمانی خۆمان، بەڵام بە پێچەوانەوە کارێکی تا ڕادەیەک مەحاڵە. فێربوونی زمانو وەرگێڕان بۆ زمانێک تەنیا دۆزینەوەی هاوواتاو مانای ڕستە نییە، بەڵکو گەمەکردنە بە زمان، ڕۆچوونە بە نێو دەریای دیاردەی زماندا، کە دیاردەیەکی ئاڵۆزو شلوێیەو مەلەوانی شارەزاو بە سەلیقەی دەوێ. بە داخەوە کورد لە ساڵانی پەنجاوە لە ئەوروپاو ئەمەریکایە، کەچی ئەوەی دووەم هەتا ئێستا زمانی کوردی بە باشی نازانێ تاوەکو دەقی لێوە وەرگێڕێتە سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان. عەرەبێکی زۆر ئەڵمانی دەزاننو لە ئەڵمانییەوە تێکست وەردەگێڕنە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام هارتموت فێنریش کە ئەڵمانە دەقەکانی عەلا ئەسوانیو محەمەد موستەجابو ئیمان حومەیدن یونسو سینان ئەنتونو ئیبراهیم ئەلقۆنی لە عەرەبییەوە بۆ ئەڵمانی وەردەگێڕێ، چونکە ئەڵمانی زمانی خۆیەتیو دەتوانێ گوزارشت لە دەقەکان بکات، چیکیزمان یان فەرەنسیزمانێکی زۆر ئەڵمانی دەزانن، بەڵام ئەوە وەرگێڕە ئەڵمانەکانن کە دەقەکانی میلان کوندێرایان لە چیکیو فەرەنسییەوە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە. تورکێکی زۆر ئەڵمانی دەزانن، بەڵام ئەوە ئەڵمانەکانن کە تێسکتەکانی یەشار کەمال یان ئۆرهان پاموک لە تورکییەوە بۆ ئەڵمانی وەردەگێڕن. بۆ بەرهەمەکانی گابریل گارسیا مارکیزو ماریۆ فارگاس یۆساو ئومبێرتۆ ئێکۆو ئیتالۆ کاڤینۆو مارتین ئت هارت..هتد.. دەتوانین هەمان شت بڵێین. من لەوەتەی بە ئەڵمانی دەخوێنمەوە هیچ کتێبێکی وەرگێڕاوی ئەڵمانیم نەخوێندۆتەوە کە وەرگێڕێک لە زمانی زگماکی خۆیەوە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕابێ، بەڵکو وەرگێڕەکان یان خۆیان ئەڵمان بوونە، یان ژنێک یان پیاوێکی

زمانی زگماکی ئەڵمانی ئەبووە لە گەڵ پیاوێک یان ژنێکی کە زمانی ئەڵمانی زمانی زگماکی بووە بە دوو قۆڵی وەریانگێڕاوە.

بوونی دەقی وەرگێڕراو لە هەموو بوارێکدا هەوایەکی نوێیە و بۆ گەشەکردنی ئەدەبەکەمان گرنگە، لێ ئەدەب لە هەموو کایەکانی دیکە لە ڕوحی منەوە نزیکترە. وەرگێڕان کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێیە بە ڕووی جیهاندا و موتوربەکردنی ئەدەبە بە ڕۆحی نوێ. گواستنەوەی وێنەی کولتورێکی دیکەیە بۆ کولتوری زمانی خۆ.

بەوە دەچێ مرۆڤ هەر لە بوونییەوە کۆنجکۆڵی و زانخوازی بەشێک لە ڕۆحی پێک بهێنێ و هەمیشە لە گەڕاندا بووە بە دوای شتی نامۆدا. ئەمەش هەر بواری ئەدەب ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێ. دۆزینەوەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆلۆمبوس بە ڕێوە بوو بەرەو هێندستان بۆ هێنانی بەهارات و ئاورێشم. خۆ ئیسپانییەکان بە بێ بەهاراتیش لە برساندا نەدەمردن یان بە بێ ئاورێشمیش لە سەرمادا ڕەق نەدەبوونەوە. بەڵام مرۆڤ هەمیشە حەز بە شتێک دەکا کە لە پاڵ شتەکانی خۆیەوە پێویستییەکانی ژیانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە. ئەگەر مرۆڤێک لە حەوشەکەی خۆیدا دارتوویەک یان دارهەنجرێکی هەبێ و لەو بڕوایەدا بێ بە درێژایی ژیانی ئەو تاقە دارە بەسیەتی بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خۆی پێ مەیسەر بکات ئەوا خۆی تووشی وەهمێکی گەورە دەکا، چونکە لەشی مرۆڤ پێویستی بە لە توو یان هەنجیر زیاتر هەیە و بە تەنیا خواردنی توو یان هەنجیر ناتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. بەڵام ئەگەر هەمان مرۆڤ گەنم تۆو بکات، دارگێلاس و دارهەنجیر و دارسێو و هتد. بچێنێ، بێگومان ڕەنگ بێ بتوانێ بڵێ تا ڕادەیەک ژیانی خۆم مەیسەر کردووە، بەڵام هەر ئەم مرۆڤە پێویستی بە ڤیتامینی دیکە هەیە، ڕەنگ بێ هەموو ڤیتامینەکان لە بەری دارستان و بێستان و کێڵگە و ڕەز و مەرمەزەکەیدا خۆیدا هەبن، بەڵام هێشتا قنیات بەم شتانە نەکا و بە دوای سەوزە و میوەی نامۆ و دوورەدەستدا دەگەڕێ، ڕەنگ بێ کەشی وڵاتەکەی گونجاو نەبێ بۆ ئەوەی دارپرتەقاڵ، دارمۆز، دارخورما یان دارسێو بەخێو بکات، بۆیە بە ناچاری ڕوو لە شوێنی دیکە دەکا بۆ پەیداکردنی ئەو پێوستییانە. دەتوانین ئەم بیرکردنەوانە بۆ بواری ئەدەبیش بگوازینەوە. مرۆڤ ناتوانێ دەرگاو پەنجەرە لە خۆی دابخا و لەو بڕوایەدا بێت ئەو ئۆکسجینەی لە ژوورەیەکدا پەنگی خواردووەتەوە بۆ هەتا هەتایە بەسیەتی. وەرگێڕان میوەی نوێیە، پەنجەرەیە بە ڕووی هەوای نوێدا، ئەو میوە نامۆیانەن کە ئێمە پێویستمان پێیانە و لە پاڵ میوە خۆماڵییەکانەوە گەشە بە ڕوحمان دەدەن. هەتا کتێبخانەی

نەتەوەیەک دەوڵەمەندتر بێت، پتر چاوەڕوانی داهێنانی باشتری لێدەکرێ وەکو کتێبخانەیەکی هەژار، هەتا بوارەکانی بیرکردنەوە ڕەنگاوڕەنگتر بن خوێنەری ئەو گەلە فرەڕەهەندتر و ئاسۆی بیریان فراوانتر دەبێ، توانای کرانەوەی بە ڕووی دنیادا زۆرتر دەبێ. هەتا تێکستی ڕەنگاوڕەنگت کەمتر بێ بێدەنگی زۆرتر دەبێ. ئەدەبی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی، تەنانەت عەرەبی و فارسیش ڕەنگ بێ بتوانن بە بێ وەرگێڕان دەربەرن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری وەرگێڕان نابن. وەرگێڕان چالاکییەکی مەعریفییە وەکو داهێنانەکانی خۆیان. من ئەمڕۆ پێویست ناکات فێری ئیسپانی بم بۆ ئەوەی کارەکانی مارکیز، یۆسا، یان زافۆن بخوێنمەوە. پێویست ناکات فێری پۆرتوگالی بم بۆ ئەوەی ساراماگۆ، ئەنتونەس یان کۆیلۆ بخوێنمەوە، پێویست ناکات فێری تورکی بم بۆ ئەوەی یەشار کەمال یان ئۆرهان پاموک بخوێنمەوە، من پێویست بەوە ناکات فێری چیکی بم بۆ ئەوەی میلان کوندێرا یان پاڤێک کۆهوت بە چیکی بخوێنمەوە، پێویست ناکات فێری فەرەنسی بم بۆ ئەوەی، کوندێرا، تاهیر بن جەلون یان ئەمین مەعلوف بە فەرەنسی بخوێنمەوە. تەنانەت پێش ئەوەی ڕۆمانەکانی علاء الاسوانی بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕدرێن بە ئەڵمانی هەبوون.

ئێستا لە کوردستانی باشووردا خەڵکێکی زۆر جگە لە زمانی کوردی زیاتر هیچ زمانێکی دیکە نازانن، لە بەر ئەوەش لە ناوچەکەدا هیچ گەلێک نییە لە دەقدا لە ئێمە هەژارتر بێ، بۆیە لە هەموو ئەو گەلانەی دەروبەرمان زیاتر پێویستمان بە دەقی نوێ و وەرگێڕراو هەیە.

من بە ئەدەب دەستم بە خوێندنەوە کردووە، بە شیعر پێم خستە نێو جیهانی داهێنانەوە، ئێستاش بەشی هەرە گەورەی خوێندنەوە و سەرچاوەی ڕۆشنبیریم ئەدەبە، هەر لە بەر ئەوەشە زیاتر بایەخ بە وەرگێڕانی ئەدەبی دەدەم. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هیچ دەلاقەیەکم بە ڕووی بوارەکانی دیکەی نووسیندا نەکردووەتەوە و شێوازەکانی دیکەم پەراوێز خستووە. بەڵام دەبێ ددانی پێدا بنێم، ئەو هەلومەرجەی ژیانم کە ئێستا تێیدا دەژیم وا دەکا وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی کەمتر تووشی ماندووبوونم بکا وەکو دەقێک لە بوارێکی دیکەدا. وەکو پێشووتر ئاماژەم بۆ کرد، من لەنێو جیهانی ئەدەبدا پێرەوکە بوومە و گەورە بووم.

زمان خۆی لە خۆیدا لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەوڵەمەند دەبێ، وەرگێڕان کردەیەکی ڕووکەش نییە بۆ کات بەسەربردن بەڵکو وەرگێڕان ئەو هونەرە، زانستە، پرۆسیسەیە کە ئێمە لە ڕێیەوە دەتوانین بە جیهان ئاشنا بین، پردێکە بۆ پەڕینەوە بۆ بەری ئەوانی دیکە، گەروویەکی دووەمە بۆ هەڵمژینی هەوای دیکە. پێوەرێکە

بۆ بەراوردکردنی خۆمان بەوانی دیکە، لە سەرووی ئەمانەشەوە وەرگێران نەک تەنیا کتێبخانە، بەڵکو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانیش. وەرگێران ناچارمان دەکا خۆمان لە وشە، ڕستە، دەستەواژە، چەمک و ئیدیۆمی وا بدەین و بە دوای مانا و هاوواتاکانیدا بگەڕێین کە لە کاتی نووسینی خۆماڵیدا خۆمانیان لێ لادەدەین یان هەر بەزەینماندا نایەن بۆ بەکارهێنانیان.

هەتا ئێستا سێ کتێبی کوندێرام لە بارەی هونەری ڕۆمانەوە وەرگێڕاوە، لێ هەڵبژاردنی من بۆ وەرگێرانی گوتارەکانی کوندێرا تاقە هۆکار و پاڵنەر ناوبانگی کوندێرا نەبووە و نییە، بەڵکو زیاتر لە بەر ئەوە بووە کوندێرا وەکو ڕۆماننووسێک و پێرۆکارێک بیروڕای خۆی دوور لە مێژوووینووسیی ڕۆمان و تیۆری وشک نووسیوەتەوە. من ئەگەر کتێبی هەر نووسەرێکی دیکەم بخوێندایایەوە کە وەکو کتێبەکانی کوندێرا بە دڵم بوونایە ئەوە لە بەردەممدا نەدەبووە کۆسپ کە نووسەرەکەی نەناسراوە. پێگەی ئەدەبیش ئەوە ناگەیەنێ کە خاوەنی پێگەکە هەمیشە شتی جوانی نووسیوە یان دەنووسێ. بۆ ئایندەش چەند دەقێکم هەڵبژاردووە کە نووسەرەکانیان بەناوبانگ نین، یان بە لای کەمەوە لە لای ئێمە ناسراو نین. مەرج نییە نووسەری باش هەمیشە دەقی باش بنووسێ. کوندێرا دەڵێ: "ڕۆماننووسێکی قسەکەر لە بارەی هونەری ڕۆمانەوە کەمێک جیاوازە وەکو لە پرۆفیسۆرێکی لە سەر دوانگەوە وانەبڵێتەوە"

لە بەر ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا بەشێکی گەورەی ژیانم بۆ وەرگێران تەرخان کردووە حەز دەکەم لێرەدا ئێستێک بکەم زۆرتر لە لایەنەکانی دیکەی ژیانم لە سەری بنووسم، لە ئەوەی کە باسی وەرگێران دەکەم بزانین مەبەستم لە وەرگێران چییە؟ ئایا وەرگێران گواستنەوەی کۆدی زمانێکە بۆ کۆدی زمانێکی دیکە، واتە وەرگێرانی وشە بە وشەی دەقێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، یان گواستنەوەی مانایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. ئێکۆ دەڵێ، ئاسانترین و یەکەم پێناسە بۆ وەرگێران ئەوەیە: هەمان شت بە زمانێکی دیکە بوترێ. بەڵام بە داخەوە شتەکە وایە، یەکەم ئێمە بێ قەید و شەرت ناتوانین بڵێین، هەمان شت وتن چی دەگەیەنێ. دووەم لە ڕێی ئەو دەقەی وەری دەگێرین هەمیشە نازانین، لە ڕاستیدا چی دەبێ بوترێ، سێیەم، لە هەندێ حاڵەتدا نازانین، وتن چی دەگەیەنێ. هەندێ جار ئێمە لە زمانەکەمان وشەیەکمان بۆ وشەیەکی زمانی ئەڵمانی نییە و دەبێ ئەو وشەیە بە نێو ڕستە ڕوون بکرێتەوە، ئایا ئەمە وتنی هەمان شتە بە کوردی؟ من لەو بڕوایەدام نەک هەر زمانێکی هەژاری وەکو زمانی کوردی،

بەڵکو دەوڵەمەندترین زمانی هەموو دنیا دەرۆستی ئەوە ئەیەت دەقێک وەکو خۆی وەرگێڕێتە سەر زمانەکەی، هەرچی چەندە وەرگێر دوو زمانەکە بە باشی بزانێ. ئێمە دەتوانین وەرگێران بە پالیمپسێتە بەراورد بکەین. پالیمپێست پێستە یان تەختەبەردێکە کە چەند جار شتی لە سەر نووسرابێ و کوژێنرابێتەوە، بەڵام نووسینە کۆنەکەی وەکو کلێشە هێشتا پێوە دیار بێ.

وەرگێر لە نێوان دوو بەرداشدایە، لە لایەکەوە بەرداشی "دەستپاکی" لە گەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا، لە لایەکی دیکەوە "زمانی ڕەوان"ی دەقە وەرگێڕاوەکە. وەرگێڕان زانستە، زانستی ڕاقەکردن و دەبێ هەمیشە ئامانجی ئەوە بێ هەتا بکرێ مانای دەقە ئەسڵییەکە بە زمانێکی پاراو بە خوێنەر بگەیەنێ، واتە هەرچی چەندە ڕەچاوی زمانی بۆ وەرگێردراویش بکرێ نابێ دەقە ئەسڵییەکە بێتە قوربانی.

هێرۆنیمۆس دەڵێ: "وەرگێڕان ئەوە نییە وشە بە وشە، بەڵکو مانا بە مانا گوزارشتی لێبکرێ."

ئێکۆ دەڵێ: "وەرگێڕان واتە، لە سیستەمی ناوەوەی زمانێک و بنەمای دەقێکی بەم زمانە دارێژراوە تێبگەیت و ئەمجا دەبڵێیک (کۆپی)یەکی ئەم سیستەمی دەقە بخوڵقێنی کە بتوانێ لە لای خوێنەر کاریگەری هاوشێوە بەرهەم بهێنێ، هاوشێوە لە ئاستی سیمانتیکی و سینتاکسدا هەروەکو لە ئاستی شێواز، دارشتن، ڕەمزە سیمبۆڵییەکان و هەژانی هەست، کە دەقە ئەسڵییەکە دەیەوێ بیوروژێنێ."

وەرگێر دەرگیری دڵسۆزیی بۆ تێکستە ئەسڵییەکە و زمانی ڕەوانی دەقە وەرگێردراوەکەیە. لە لایەکەوە دەبێ هەتا دەتوانێ لە دەقە ئەسڵییەکە لا نەدات و وابەستەی دەقە ئەسڵییەکە بێ، لە لایەکی دیکەوە خوێنەری دەقە وەرگێڕادراوەکە وا هەست بکا بە زمانی خۆی نووسراوە و ئەو پەیامەی نووسەری دەقە ئەسڵەییەکە دەیەوێ بیگەیەنێ بۆ زمانە بۆ وەرگێردراوەکە بگوێزرێتەوە، ئەمەش لە هەندێ حاڵەتدا زۆر لەوە قورستر و مەحاڵترە کە مرۆڤ دەتوانێ وێنای بکات. زۆر جار لە کاتی وەرگێڕاندا دەقە وەرگێراوەکە ئەو مانایە بە ئاسانی بە دەستەوە نادا کە دەقە ئەسڵییەکە مەبەستییەتی، بۆیە کەوتۆتە سەر سەلیقە و توانای وەرگێرەکە چۆن مامەڵە لە گەڵ حاڵاتێکی وادا دەکا. زۆر جار نەبوونی مانایەک بۆ وشەیەکی دیاریکراو لە زمانەکەماندا وەرگێر تووشی گێرمەوکێشە دەکا. نەبوونی فەرهەنگ، یان با بڵێین فەرهەنگی باش لە زمانەکەماندا کێشەیەکی گەورەی بۆ وەرگێر دروست کردووە.

شارەزابوونی دوو زمان مەرجێکی زۆر گرنگە بۆ وەرگێڕان، بەڵام زانینی زمان یەکێکە لە پێکهاتەکان بۆ ئەوەی وەرگێڕان ئەنجام بدرێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هەر کەسێک دوو زمانی بە باشی زانی ئەوا دەبێتە وەرگێڕ یان وەرگێڕێکی باش. بێگومان ئەگەر یەکێک زمانی فارسی و زمانی کوردی نەزانێ ناتوانێ لە فارسییەوە دەقێک بۆ کوردی وەربگێڕێ (با ئێمە لێرەدا ئەو حەڵەتە ئاوارتەیە ڕەچاو ئەکەین، کە لە دونیای ئێمەدا خەڵکی بە جەرگ هەیە بە بێ ئەوەی ڕێزمانی هیچ یەکێک لەو زمانانە بزانێ، شان دەداتە بەر وەرگێڕان)، جارێکیان کوردێکی ڕۆژهەڵات گوتبووی کوردی ئەودیو (مەبەست کوردی باشوورە) بە فڕۆکەش بە سەر ئێراندا تێپەڕێ لە فارسییەوە تێکست وەردەگێڕێ. ئەگەر ژنێکی فارس شوو بە پیاوێکی کورد بکات و منداڵیان ببێت و ژنەکە لە گەڵ منداڵەکەی بە فارسی قسە بکات و پیاوەکە بە کوردی، ڕەنگ بێ منداڵەکە هەردوو زمانەکە بە بێ خەوش بزانێ، بەڵام ئەمە گەرەنتی ئەوە نییە کە منداڵەکە دەتوانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە وەرگێڕێکی باش، چونکە وەرگێڕان لە زمان زانین زۆرترە، وەرگێڕ دەبێ بە قووڵیی بە ناخی زماندا بچێت، بتوانێ گەمە لە هەردوو زمانەکەدا بکات، بچێتە بنج و بناوانی نهێنیی هەردوو زمانەکە. مرۆڤ لە کاتی وەرگێڕاندا نهێنی هەردوو زمانەکەی بە باشی بۆ دەرکەوێ، چ لایەنە بە هێز و لاوازەکانی زمانە ئەسڵییەکە و چ لایەنە بە هێز و لاوازەکانی زمانە بۆ وەرگێڕاوەکە بە باشی بزانێ. ئەگەر هەرچی وشە هەیە لە فەرهەنگی دوو زماندا و ڕێزمانی دوو زمان بە بە سەروبەری بزانی بەشی ئەوە ناکات مرۆڤ پێی وەربگێڕێ، زانینی دوو زمان بەس نییە بۆ وەرگێڕان. وەرگێڕان بیرکردنەوەیە بە دوو زمان، خەون بینینە بە دوو زمان.

یەکێک دوو زمان بزانێ دەتوانێ لە جادە لە گەڵ خەڵکی بە هەردوو زمانەکە گفتوگۆ بکات، بەڵام لە توانایدا نەبێ ئاسانترین دەق لە هیچ یەکێک لەو زمانانەوە بۆ زمانەکەی دیکە وەربگێڕێ.

من بۆ خۆم ڕام وا نییە کە بێگانەیەک فێری زمانێکی بێگانە بێ دەبێتە وەرگێڕێکی باش، چونکە وەرگێڕ دەبێ بۆ زمانی زگماکی خۆی وەربگێڕی نەک لە زمانی زگماکی خۆیەوە بۆ زمانێکی بێگانە. ئەو زمانە کوردییەی لە بیست ساڵی یەکەمی ژیانمدا لە کەرکووک فێری بووم و لە گەڵ دایک و باوک و کەس و کار و هاوڕێکانمدا پێی دواوم لەم سی و یەک ساڵەی ژیانمدا ئەوەندە فێری ئەڵمانی نەبووم و لەمەودواش فێر نەبم، ئەو گوزارشتەی دەتوانم بە زمانی کوردی لە هەست و ئەستەکانمی بکەم بە ئەڵمانی ناتوانم بیکەم، ئەو ڕستەسازیی و

وشەنارایی و ئیدیۆمانەی دەتوانم بە کوردی بە کاریان بهێنم ناتوانم بە ئەڵمانی بە کاریان بهێنم. لەو بڕوایەدام ئەمە بۆ خەڵکی دیکەش وا بێ.

بێگومان هەر کەسێک چەندان ساڵ لە زمانەکەی خۆیدا خۆی بە بوارێکەوە خەریک کردبێ دەستەڵاتی زیاتر بە سەر وشە و ڕستە و چەمک و دەستەواژە و گوزارشتەکانی دیکەدا دەشکێ وەکو لە ژانرێکی بەو نامۆ. ئەوی لە گەڵ شیعردا گەورە بووبێ مەرج نییە بتوانێ دەقێکی فەلسەفی یان پزیشیکی وەربگێڕێ. بەڵام ئەگەر تەنیا وەرگێڕی دەقی ئەدەبی بێت، ئەوا من ناستەنگێکی زۆر نابینم لە وەرگێڕانی دەقی ئێتستاتیکیدا بە شێوەیەکی گشتی، لە بەر ئەوەی ژانرە ئەدەبییەکان هەموو دەستەخوشکی یەکن، بەڵام کەوتۆتە سەر سەلیقەی وەرگێڕ. بێگومان وەرگێڕانی شانۆنامەیەک جیاوازە لە ڕۆمانێک، لە بەر ئەوەی شانۆنامە هەر لە سەرەتاوە وا بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە کە لە سەر شانۆیەک نمایش دەکرێ، هەتا ئەگەر خوێنەرێک وەکو دەقیش بیخوێنێتەوە، بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە، کە هەر لە سەرەتاوە بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە وەکو دەقێک بخوێنرێتەوە، هەتا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سیناریۆشی بۆ بنووسرێ و لە سەر شانۆ نمایش بکرێ یان بکرێتە فلیمی سینەمایی. هەندێ وەرگێڕی کورد هەن توانیومە دەقە وەرگێڕاوەکانیان لە ژانری ئەدەبیدا بە بێ گیروگرفت بخوێنمەوە، بەڵام بەرهەمی هەمان نووسەرم لە ژانرێکی دیکەدا خوێندۆتەوە و نەمتوانیەوە یەک لاپەڕەی لێ تەواو بکەم، لە بەر ئەوەی ئێمە ڕەخنەمان لە وەرگێڕانەکانمان نییە، بەراووردمان نییە، دەبێ وەرگێڕ بە سەلیقەی خۆی بزانێ لە کوێدا دەستەڵاتی بە سەر وەرگێڕاندا دەشکێ پەرەی پێ بدا و لەو شوێنەشدا کورت دەهێنێ دەستی لێهەلگرێ.

بۆ هەمووومان شەو و ڕۆژ بیست و چوار سەعاتە وکەسیشمان تەمەنی نوحمان نییە، هیچ مرۆڤێک نییە بتوانێ خۆی لە هەموو بوارێک بدا و لە هەموو بوارەکانیشدا سەرکەوتوو بێ، من لە گەڵ ئەوەدام مرۆڤ بزانێ سەلیقە و توانا و پسۆڕیی خۆی لە کوێدایە لەو بوارەدا پەرەی پێ بدا و هەوڵ بدا خۆی زیاتر تیادا ماندوو بکات. مرۆڤێک کە دەقێکی فەلسەفی زۆری نەخوێندبێتەوە، ناتوانێ لە پڕ کتێبێکی فەلسەفی کانت، هێگل یان سارتەر بە باشی بکاتە کوردی، یەکێکی بە درێژایی ژیانی کتێبێکی دەروونزانی نەخوێندبێتەوە ناتوانێ دەقێکی فرۆید، ئادلەر، یونگ یان ڕایش وەربگێڕێ، ئەدیبێک بە درێژایی ژیان دەقی ئەدەبی خوێندبێتەوە ناتوانێ کتێبێکی تۆژینەوە وەربگێڕێ. ئەمە تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەیەکی ئێمەدایە شاعیر دەبێ کە هەمان کاتدا چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و

فەیلەسوف و دەروونزان و هەندێ شتی تریش بێت. بەڵام لە بەر ئەوەی لە دونیای ئێمەدا ڕەخنە لە ئارادا نییە، کەس نانووسێ بەڕێز، من چەندان ڕۆمانم خوێندۆتەوە کە جوانت وەرگێڕاون، بەڵام ئەمە کتێبە فەلسەفییەی وەرت گێڕاوە لێی تێناگەم، بەوە دەچێ جەنابتان سەرتان لە فەلسەفە دەرنەچێ و بەرهەمەکە بە خۆتان هەرس نەکراوە، بە من چۆن هەرس دەکرێ. وەرگێڕیش ئاگای لە هەڵەکانی خۆی نییە و بەردەوام دەبێ.

لەم بیست ساڵەی دواییدا کتێبخانەی کوردیی هەتا بڵێی قەبە بووە، کتێبێکی زۆری زمانە جیاوازەکانی دنیا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکەمان. من هەندێ جار وا هەست دەکەم وەرگێڕی هیچ یەکێک لە زمانەکانی دیکەی دنیا بە قەد وەرگێڕی کوردی بەجەرگ نەبێ. من وەرگێڕ دەناسم پۆڵۆنی و ئەڵمانی وەکو یەک دەزانێ، لە بەر ئەوەی لە ماڵباتێکی ئەڵمانی پۆڵۆنیایە. واتە خوێندنگە و ژیانی دەرەوەی پۆڵۆنی بووە و لە ماڵەوە بە ئەڵمانی قسەی کردووە و چەند ساڵێکیش لە ڤێنا مامۆستای ئەڵمانی بووە، بەڵام هەتا کتێبێک چەند جارێک نەخوێنێتەوە بڕیاری وەرگێڕانی نادات، دەڵێ من جاری وا هەیە ئەوەندە دوودڵم لە وەرگێڕانی بەرهەمێک، هەتا لە مێشکی خۆمدا و بە بێ ئەوەی وشەیەکم خستبێتە سەر کاغەز وەرمدەگێڕابێ بڕیاری وەرگێڕانی نادەم. بە پێچەوانەی ئەمەوە، جارێکیان نووسینی وەرگێڕێکی کوردم خوێندەوە وتبووی بیستبوومە فلان نووسەری ئەڵمانی بەرهەمێکی وای هەیە، بە دوای وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی بیکەمە کوردی. سەیرە، بەرهەمێکی هێشتا نەتخوێندۆتەوە بڕیارت داوە وەری بگێڕی، ڕەنگ بێ ئەمە یەکێک بێت لە تایبەتمەندییە هەرە دانسقەکانی وەرگێڕانی ئێمە. ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوەندە بەسە ناوی نووسەرێک و ناونیشانی کتێبێکی بە سەر کتێبێکەوە بێ و ئیدی شانازی بەوەوە بکەین، کە دەقێکی ئەو نووسەرەمان لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە، یان بە ڕاستی پێویستمان بە ڕۆحی دەقەکەی نووسەرەکە هەیە. بەڵام لە ئێستادا هیچ چارەسەرێکی دیکە بەدیناکەم هەتا خەڵکێکی زۆر فێری زمانە زیندووەکان نەبن و لە زمانە ئەسڵییەکانەوە دەست بە وەرگێڕان نەکەن.

من لەو بڕوایەدا نیم کێشەکە کێشەی وەرگێڕان بێ وەکو تەکنیک، وەکو هونەر، بەڵکو کێشەکە لە بونیادی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئێمە لە وەرگێڕان. بۆ ئەوەی لە وەرگێڕان تێبگەین دەبێ بۆچوونە کۆنە هەڵەکانمان بسڕینەوە و بە بۆچوونی تەندروست لەم هونەرە گرنگە جێی بکەینەوە.

بۆ ئەوەی بەر بەو لێشاوە بگرین کە پتر زیان لە کتێبخانەی کوردی دەدا وەکو قازانجی پێ بگەیەنێ. کێشەی وەرگێڕان لە کەلتووری ئێمەدا کێشەیەکی زۆر گەورەیە. من وا هەست ناکەم لای زۆربەی وەرگێڕەکان پرسی وەرگێڕان گەیاندنی پەیامێک بێت یان وەکو پڕۆژەیەکی گرنگی کەلتووری تەماشا بکرێ. ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوە بەسە کە کتێبێک ناوی نیتشە، کافکا، تۆلستۆی، شەکسپیر، هتدمان بە سەر کتێبێکەوە خوێندەوە ئیتر وەکو کتێبی ئەوان لێی بڕوانین.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لە ڕێی وەرگێڕانەوە کتێبخانەی کوردی بە قەوارە ڕۆژ بە ڕۆژ قەبەتر بەڵام بە ڕۆح هەژارتر بکرێ. زۆر لەو تێکستانەی لەم ساڵانەی دواییدا کراونەتە کوردی ئەدەبەکانیان هەژارتر کردووە، نەک دەوڵەمەند. زۆر تێکست دەبینم و چەند لاپەڕەیەکی لێ بەراورد دەکەم و بۆم دەردەکەوێ کەموزۆر پەیوەندی بە تێکستە ئەسڵییەکەوە نییە. دەبێ ئەم پاشاگەردانییە سنوورێکی بۆ دابنرێ و خوێنەری کورد بەو دەقانە چەواشە نەکرێن. ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوەندە بەسە کتێبێک بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە کە تەنیا ناوی نووسەرەکە (ئەویش زۆر جار بە هەڵە)و ناونیشانی کتێبەکە (ئەویش زۆر جار بە هەڵە یان ناوێکی دیکە)و وەکو ناوەڕۆک زۆر لە دەقە ئەسڵییەکەوە دوورە.

وەرگێڕانی ئێستا زیانێکی گەورە لە پرۆسیسی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی دەدا.

هەندێ جار ئەو هەستەم لە لا دروست دەبێ وەرگێڕی کورد لە بڕوابەخۆبوون و بەخۆدا ڕاپەرموونێکی بێ بنەماوە دەقی خراپ دەخاتە کتێبخانەی کوردییەوە. ئەگەر مرۆڤ هەندێ جار چەند لاپەڕەیەکی ئەم وەرگێڕانانە بە دەقە ئەسڵییەکان بەراورد بکات هەر زوو تووشیە نائومێدی دەبێ. بێگومان لێرەدا مەبەستم هەڵەی تەکنیکی وەرگێڕان نییە، چونکە هیچ وەرگێڕێک نییە لە وەرگێڕانی ناو درەختێکدا، باڵندەیەکدا، ئیدیۆمێکدا بە هەڵەدا نەچێ، یان بە هەڵە لە ڕستە و دەستەواژەیەکی زمانە ئەسڵەکە گەیشتبێ. بەڵکو مەبەستم ئەو وەرگێڕانانەیە لە هیچ پەیوەندییەکیان بە دەقە ئەسڵییەکەوە نییە و ناتوانن ئەو پەیامە بگەیەنن کە نووسەری ئەسڵی مەبەستی بووە.

بە ڕای من هەوڵبدرێ هەتا دەکرێ دەق لە زمانی ئەسڵییەوە بکرێتە کوردی، بەڵام لە بەر ئەوەی لەمڕۆدا ئەم ئامانجە بە واقیعی نابینم، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە ئەو

دەقانەی لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە دەکرێنە کوردی و ئەسڵەکەیان عەرەبی و فەرەنسی نییە، بە زمامزانێکی پسپۆڕ بدرێ و لە گەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا بەراورد بکرێ، بێگومان من ئەم پێشنیارەم تەنیا بۆ ئەو دەقانە نییە کە لەمەودوا دەکرێنە کوردی، بەڵکو بە سەرجەمی ئەو بەرهەمانەی هەتا ئێستا وەرگێڕدراون و جارێکی دیکە چاپ بکرێن و کتێبخانەی کوردی لە وەرگێڕانە خراپەکان پاک بکرێتەوە.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم: ئەو پاشاگەردانییەی وەرگێڕان ئەمڕۆ ماڵی کتێبخانەی کوردی وێران کردووە دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ و خوێنەری کورد بە دەقگەلێک چەواشە نەکرێن کە کەم و زۆر پەیوەندیی بە دەقە ئەسڵییەکەوە نییە و وەرگێڕی عەرەب یان فارس بە ئارەزووی خۆی و بە بێ هیچ سەلیقە و لێزانییەک پەڕ و باڵی کردووە.

بە بەراورد لە گەڵ گەلانی دراوسێمان ئێمە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە کۆچمان بۆ وڵاتە بێگانەکان کردووە و ئەو ماوەیەش لە ژیان ئەدەبی گەلێکدا زۆر کورتە، من ئومێدەم ئەوەیە لە بیست، سی ساڵی دیکەدا کوردێکی زۆر فێری زمانە بێگانەکان ببن و ڕاستەوخۆ لەو زمانانەوە وەربگێڕن، ئەوەکو لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، مێژووی داگیرکاری و هەڵس و کەوتمان لە گەڵ عەرەب و فارسدا کۆنە و بۆ چەندان سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و کورد زمانەکەیان دەزانێ و ئەوانیش زووتر کەوتوونەتە وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەوە، لە بەر ئەوە وەرگێڕی کورد زۆر پشت بەو دوو زمانە دەبەستێ بۆ وەرگێڕان لێیانەوە، بەڵام بە داخەوە زۆربەی وەرگێڕ و خانەی بڵاوکردنەوەکانی ئەو دوو زمانە جێگای متمانە نین و لە وەرگێڕاندا ئازادییەکی زۆر بە خۆیان دەبەخشن، لەمڕۆشدا من هیچ ئالتەرناتیڤێک بۆ ڕێگەگرتن لەم دیاردەیە نابینم، ئەوە نەبێ دەزگاکانی خۆمان هەوڵ بدەن خەڵکی زمانزان وەکو پسپۆڕ دامەزرێنن دەقە وەرگێڕدراوەکان بە ڕاستی لە گەڵ دەقە ئەسڵییەکاندا یان لە گەڵ دەقی زمانێکی زیندووی جیهانیدا بەراورد بکەن، چونکە بەراورد لە وەرگێڕان ئاسانترە. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە ڕێی وەرگێڕانەوە بە چۆنێتی دەبێ نەک بە چەندێتی.

بەوە دەچێ قەدەری نووسەری کورد ئەوە بێ کە لە نێوان نووسین و ژیاندا یەکێکیان هەڵبژێرێ، واتە مەحاڵە ئێمە بتوانین لە یەک کاتدا بنووسین و بژین، وەکو مرۆڤە ئاساییەکان. ڕاکردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان بەشێکی گەورەی ژیانی زۆربەمانی داگیر کردووە، بەڵام وەکو نالی دەڵێ: ئەگەرچی عومری خدر و

جامی جەمت بوو، چونکە ئەمەلت زۆرە بە قوربان چ عومرێکی کەمت بوو. ئەمە تراژیدیای ژیانی زۆربەمانە کە کاتمان زۆر کەمە. زۆر جار ناتوانین بڕیار بدەین کامەیانمان زۆرتر حەز لێیە: ژیان یان نووسین. با چاوەڕوان بین، بزانین ئایندە چی لە گەڵ خۆیدا دەهێنێ. زۆر جار ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزوومان دەکوژێ و لە پڕۆژەکانمان دوورمان دەخاتەوە. تەمەڵی خۆیشم لەولاوە بوەستێ، من نووسەرێکی پڕ بەرهەم نیم، ئیدی ئەویش چ بە هۆی سەرقاڵیمەوە بێ بە پەیداکردنی بژێوی ژیانەوە یان بە هۆی تەمەڵی خۆمەوە بێ.

بەڵام کە مرۆڤ دەخوێنێتەوە، هەموو وشەیەک، دەستەواژەیەک، ڕستەیەک جێپەنجەی خۆی لە زەینیدا بەجێدەهێڵێ. لەم ساڵانەی دواییدا چەند کتێبێکم خوێندۆتەوە کە یان خەریکی وەرگێڕانیانم یان ڕەنگ بێ لە ئایندەدا بیر لە وەرگێڕانیان بکەمەوە. بۆ ئەمساڵ لە پڕۆژەمدایە دوو شانۆنامەی کورتی گیۆرگ بویخنەر لە کتێبێکدا وەربگێڕم. هەروەها کتێبی سێیەمی گوتارەکانی کوندێرا بە ناوی "پەردە"وە. ماوەیەکی زۆرە حەز دەکەم ڕۆمانی "شەوی لیشبۆنە"ی ڕاینەر ماریا ڕیمارک وەربگێڕم، هەروەها ڕۆمانی "دۆزینەوەی لەسەرخۆیی" ستێن نادۆڵنی و "یەعقوبی درۆزنی" یورەک بێکەر. بێگومان ئەمانە تەنیا پڕۆژەن و لە کاتی خوێندنەوەیاندا بیرم لە وەرگێڕانیان کردۆتەوە و هیوادارم ئەگەر دەرفەتی وەرگێڕانیانم نەبوو کەس نەیانکا بە ماڵ بە سەرمەوە.

دەبێ لە کۆتاییشدا ئەوە بڵێم پرسیاری پڕۆژەی داهاتوو لەم کاتەدا بۆم ئاسان نییە، چونکە لە کاتی شەڕدا زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ بەرچاو ڕوون بێ و وەڵامی لۆژیکی بداتەوە. من لە ئێستادا لە گەڵ خۆمدا لە شەڕدام، هیچ کاتێک لە ژیانمدا هێندە نووسینم نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە، هیچ کاتێک لە ژیانمدا بە قەد ئێستا ڕۆژی چەندان جار ئەو پرسیارەم ڕووبەڕووی خۆم نەکردۆتەوە: "من بۆچی دەنووسم؟"

هیچ کاتێک بە قەد ئێستا نووسین ماندووی نەکردووم، نووسین لە لای من لەوە دەرچووە لەزەت و خۆشی و ئاسوودەییم پێ ببەخشێ، بەڵکو پتر زۆر لە خۆکردنە. لە کاتێکدا من لە بیرکردنەوەدام واز لە نووسین بهێنم، پرسیاری پڕۆژی داهاتووم لێدەکرێ، ئەمە شەڕەکە گەرمتر دەکا!!



# له شۆراوەوە تا کۆلن

گارا رسول

هەر لە منداڵییەوە دەرکم بەوە کرد کە من پەیوەندیم لەگەڵ وێنەدا زیاترە وەک لە ووشە. پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە، لەسەر زگ پاڵ ئەکەوتم و تەماشای کتێبەکانی کاکەم "محەمەد"م ئەکردو بەدوای وێنەدا دەگەڕام، جا ئەو وێنەیە لە شتەکانی ناو واقیع بچوایە یاخود تەجریدی بوایە من لێی وورد دەبوومەوەو کاتێکی زۆرم بەوەوە بەسەر دەبرد. زیاتر چێژم لەو شێوانە وەردەگرت کە ئاشکرا نەبوون، واتە لە مرۆڤ و ئاژەڵ و دادودرەخت نەدەچوون، لە خەیاڵی خۆمدا لە شتەکانی ناو واقیعم دەچواند. ئەمەم کردبوو بە خوو، هەرچ کاتێک ماڵ چۆڵ بوایە من لاپەڕەی کتێبەکانی کاکەمم هەڵدەدایەوە. کە فێری خوێندەواریش بووم، لە وێنەکان زیاتر تێ ئەگەیشتم وەک لە وشەکان.

## شۆراو

من لە شۆراو لەدایک بووم، دێیەکە ١٥ کیلۆمەترێک دەکەوێتە خۆرئاوای شاری کەرکوک، خانووەکانی لە قوڕو خشتی قوڕ دروست کرابوون. هەموو خانووەکان یەک قات بوون، قەت نایەتە یادم خانووی دوو قاتم لە شۆراو بینیبێ. زۆربەی خانووەکان حەوشێکی گەورەیان هەبوو، لەباوەڕاستی حەوش دا سەکۆیەکی گەورە دروست کرابوو بۆ خەوتنی هاوینان، باغچەیەکیش گوڵەباغی تیادا چێنرابوو. خانووەکەی ئێمەش لە ژوورێکی گەورەو حەوشێکی گەورەو سەکۆیەکی گەورە پێک هاتبوو، کە شێوەیەکی هەندەسیی دیاریکراوی نەبوو، لە خواریشەوە ئاودەست و حەمام و تەنوورێکی نانکردنی لێ بوو. پاشان کە ژنمان بۆ کاکەم محەمەد هێنا ژوورێکی تریشمان لەتەنیشت ژوورە کۆنەکەوە دروست کرد، دیوی ناوەوەو دەرەوەیمان بە گەچی سپی سواغ دا. هەریەک لە ژوورەکان دەرگایەک و پەنجەرەیەکیان بەتەک یەکەوە هەبوو، گوێسەبانەیەکیش لای سەرەوە. سەربانی ژوورەکان بە چوار پێنج کۆڵەکەدار بان دەدران کە پێیان دەگوت "ڕاجە"، ئەم ڕاجانە بە داری باریکترەوە دەبەستران و لەسەریشەوە بە فەرشێک لە قامیش و پووشوپەڵاش دادەپۆشراو، ئنجا خۆڵی پیا دەکراو بەقوڕ سواغ دەدرا.

ئێواران لەسەرپشت ڕادەکشام و لە ئاگرەکەی شۆراو ڕادەمام کە چۆن لەقەد دیواری خانووەکان ستێبەرو ڕووناکییەکی وای دروست کردبوو کە بە هێڵێکی چەوتاوچەوت لەیەک جیا دەکرانەوە. هێڵەکە هەمیشە لەگەڵ ئاگرەکەدا دەجووڵایەوە لەشێوەی ئەرمە شەپۆلی ئاو. ئەم یادەوەرییە هەتا ئێستاش کارێکی زۆری لەسەر

تابلۆکانم هەیەو، تیشک و خۆڵ و ئەتمۆسفیری خۆڵ لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی تابلۆکانمن، واقیعی بن یان تەجریدی.

## کەرکوک

لەساڵی ١٩٦٣دا حکومەت دێی شۆراوی تەخت کردو ئیدی ئێمەو هەموو خەڵکی شۆراو گواستمانەوە بۆ کەرکوک و، لە چەند گەڕەکێکدا وەکو کرێچی ژیاین تا دواجار لە گەڕەکی ڕەحیماوا گیرساینەوە. لەوێ لە قوتابخانەی ئەندەلوسی سەرەتایی کچان دەوامم کرد. قوتابخانەکەم و مامۆستاکانم زۆر خۆشدەویست، بەتایبەتی دوو مامۆستام، یەکێکیان تورکمان بوو ناوی ست عالیە بەهائەدین بوو، ئەوی دییان مەسیحی بوو ناوی ست سوعاد داوود عەسکەر بوو، هەردووکیان زۆر هانیان دەدام هونەر بخوێنم. ژگە لەمانە بەڕێوەبەری قوتابخەنەکەش، ست ساجیدە جواد ئەلسەڕاجیش هەنی دەدام. دێتەوە یادم، لەپۆلی چوار بووم، ست عالیە منی لەگەڵ قوتابیانی پۆلی شەش سواری پاس کردو بردمانی بۆ کتێبخانەی گشتی بۆ بینینی پیشانگایەک، کە یەکەمین پیشانگا بوو لە ژیانمدا بیبینم و هەستێکی گەورەی پێم بەخشی.

کاتێ چوومە قوتابخانەی "متوسگە الشرقیە" هەموو قوتابی و مامۆستاکان نێرینە بوون، ئیدی ئارەزووی هونەریم دای لە کزی. بەڵام لە پۆلی سێ بووم کاتێ حیسام حەکیمم ناسی، کە خەڵکی ڕەحیماوا بوو خوێندکاری ئامۆژگای هونەرە جوانەکان بوو لە بەغدا، حیسام هونەرمەندێکی شێوەکار بوو، لەڕێی هاوڕێی شێوەکارم ئەیوب شەریفەوە ناسیم. حیسام زۆر هانی خوێندنەوەو وێنە کێشانی دەداین، تا ئەو ڕادەیەی کە منیش ساڵی ١٩٧١ تەقدیمی ئامۆژگای هونەرە جوانەکانم کرد لە بەغدابەڵام وەرنەگیرام، ئەوە تووشی شۆکی کردم، هەر ئەو شۆکەش بوو وای لێ کردم بەردەوام بم لەسەر هونەرو خواست و ئارەزووی هونەرمەندبوونم تیا دروست بێ. پاش وەرنەگیرانم لە ئامۆژگای هونەر، لە کەرکوک بەدوای مامۆستایەکی باشی هونەردا دەگەڕام، ئیدی هونەرمەند فەخری جەلالم دۆزییەوە کە مامۆستا بوو لە ئاوەندیی ئیمام قاسم، منیش خۆم ئەقڵ کردە ئەو قوتابخانەیە. پۆلی چواری ئامادەییم لەوێ تەواو کردو لە مەرسەمەکەی مامۆستا فەخری جەلال لەگەڵ ئەیوب شەریف و ئاری بابان لەسەر دەستی ئەو مامۆستایەدا فێری ڕەسم

بووین. هەر لە قوتابخانەی ئیمام قاسم یەکەمین پیشانگای هاوبەشمان کردەوە لەگەڵ ئەیوب شەریف و ناری بابان.

پاشان گواستمەوە بۆ ناوەندیی "الحکمە"، لەوێ هێندە بایەخم بە هونەر نەدەدا زیاتر دەمویست خوێندن تەواو بکەم و پلەیەکی باش بێنمەوە لە زانکۆ وەربگیرێم وپاشان تێهەڵچمەوە. دوایین قوتابخانەم "إعدادیە کرکوک"، پاشان لە زانکۆی مووسڵ کۆلیجی زانست وەرگیرام و دەستم کردەوە بە ڕەسم کردن. لەزانکۆدا مەرسەمێکی باشی لێبوو سێ مامۆستای زۆر چاکی هونەر وانەی ڕەسمیان دەگوتەوە، چرار قەدۆ، نەجیب یونس، راکان دەبدوب. من لەگەڵ راکان دەبدوب دا هێندە نەدەگونجام، بەڵام چرار قەدۆو نەجیب یونس زۆر هانیان دەدام و ئیدی وای لێهات هەموو ساڵێک لە فیستیڤاڵی زانکۆکانی ئێراق دا من نوێنەرایەتیی زانکۆی موسڵم دەکرد. یەکەمین فیستیڤاڵ ساڵی ١٩٧٩ لە موسڵ بەڕێوەچوو، دووهەمیان ساڵی ١٩٨٠ لە بەغداو، دواهەمیان ساڵی ١٩٨١ لە بەسرە بەڕێوەچوو. پاش دەرچوونم لە زانکۆ ساڵی ١٩٨٢، مامۆستا زرار قەدۆ پیشانگایەکی تایبەتی بۆ کارەکانم کردەوە لە مووزەی هونەر لە موسڵ، کە ئەوەش یەکەمین پیشانگای تایبەت بوو لە ژیانم دا.

## ژیانی پێشمەرگایەتی

پاشان پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، سەرەتا لە گوندی وەرتێ بووم، کە لەوێ دەبوایە وێنەی شەهیدان گەورە بکەمەوە، ئەوەش بۆ من کارێکی قورس بوو چونکە من هونەرمەندی پۆرترێت نەبووم. وازم لەو کارە هێناو دەستم کرد بە جوانکاری و دیزاینی ئەو گۆڤارانەی لە ڕاگەیاندنی مەڵبەنددا دەردەچوون، وەکو گۆڤاری "ڕاپەڕین"و گۆڤاری "پێشمەرگە". پاشان لەگەڵ هونەرمەندو پێشمەرگە "کاکە عەبە"دا گۆڤاری "ئەستێرە"مان دەرکرد بۆ منداڵان، کە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو. پاشان بیستمەوە کە "ڕەمزی قوتبەدین" لە دێی هەڵەدن دەژی، ڕەمزی شێوەکارێکی چاکە، منیش گواستمەوە هەڵەدن. لەوێ لەگەڵ ڕەمزی و کاک عەباسی ڤیدیۆو ئەردەلان (ڕێبوار خالید) مەرسەمێکمان پێکەوەناو من تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ کارم تیا کردو وانەی هونەرم بە قوتابییانی دێی هەڵەدن دەگوتەوە. پاشان خەلیل کاکەیی هات بۆ لامان و لەگەڵ ڕەمزی و ئەردەلان و خەلیل و چەند هونەرمەندێکی دیکەدا پیشانگایەکی هاوبەشمان لە سورداش کردەوە. پاشان من و

خەلیل کاکەیی و کاک بێستوون لە دێی کۆتەڵ پیشانگایەکی هاوبەشی ترمان کردەوە، کە مام جەلال کردیەوەو ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و نووسەران ئامادە بوون وەکو محەمەد موکری و عەبدوڵلا سەڕاج و حەمەسەعید حەسەن. پاشان ماوەیەک لە سلێمانی و ماوەیەک لە سورداش و ماوەیەک لە قەمچووغە مامەوە، ویستم لە قەمچووغە مەرسەمێک بکەمەوە بەڵام نەکرا، ئیدی منیش بەرەو ئێران بەڕێ کەوتم.

## ئۆردوگای کەرەج

دەتوانم بڵێم کاریگەریی ڕەمزی قوتبەدین بەئەندازەی فەخری جەلال و نەجیب یونس و چرار قەدۆ گرنگ بوو لەسەر کارکردنم. ئەوجۆرە کارکردنەم لە ئۆردوگای کەرەج بەکارهێنا کە ئەنجامەکەی دەوروبەری ?? تابلۆی بچووک بوو زۆربەیان پێک هاتبوون لە وێنەی دەموچاو لەسەر کاغەزی فڕێدراو.

ساڵی ١٩٨٦ توانیم ئۆردوگای کەرەج بەجێ بهێڵم و سەفەر بکەم بۆ ئەڵمانیا، کە تاکو ئەمڕۆ تیایدا دەژیم و بەردەوامم لە کاری هونەری.

## ئەڵمانیا

گرنگ ئەوە بوو بۆ من ئۆردوگای کەرەج بەجێ بهێڵم ئیدی بۆ هەر کوێیەک بێ گرنگ نییە. تەناتەت لە بەهاری ساڵی **1986** دا لەگەڵ هاورێیەکی نزیکم کە ناوی لوقمان تاڵەبانی بوو بڕیارمان دا ئۆردوگا بەجێ بهێڵین و بچین لەگەڵ خزمی لوقمان دا لە دێی (قەوەلە)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا بژین. بەڵام خوا کردی لە هاوینی هەمان ساڵدا نامەی کیشوەرم بۆ هاتەوەو لیزە پاسیان دامێ، ئیدی بۆم هەبوو سەفەر بکەم. ئەو کاتە تاقە وڵاتی ئەورووپی کە ناوبانگی باشی هەبوو بۆ پەناهەندەی ئەڵمانیا بوو، گەرچی من پێم ئەڵمانیام پێ خۆش نەبوو، پێم وابوو هیچ شتێک من بە کەلتووری ئەو وڵاتەوە نابەستێیەوە، بەڵام خۆ ئەڵمانیاش ئەورووپایەو، لەوەش گرنگتر بەلای منەوە رزگار بوونم بوو لە ئۆردوگای کەرەج، رزگار بوونم لە ژیانی بەکۆمەڵ، ئیتر دەتوانم ڕوو لە شارستانێتی بکەم و لە ژوورێکدا بەتەنها دەست بە ژیانی ئاسایی بکەمەوەو خەونەکانم بهێنمە دی.

له 14ی ئەمووزی 1986 دا گەیشتمە ئەڵمانیا. دەوری بیست رۆژێک لە بەرلین لە کەمپێکــی پــڕ لە پەناهەنــدەی رەگەزی جۆربەجــۆردا مــامەوەو پاشــان ئەبــوایە دابەشــمان بــکەن بەســەر شــارەکانی ئەو وڵاتەدا. ئەو کــاتە ناوبــانگی موقــاتەعەی بــایرن Bayernلەهەموویــان خراپتــر بــوو. لەترســـی ئەوەی نەوەک بەر ئەو موقـاتەعەیە بـکەوم و دووبـارە ژیـانی یەکـۆمەڵ لەنـاو هـۆڵی گەورەدا بەسـەر بەرم وەکـو ئۆردوگـای کەرەج کە نـۆزدە مـانگم تیـا بەسـەر بـرد، پلانـم بـۆ خـۆم دانـا کە راســتەوخۆ لە بەرلیــنەوە بــڕۆم بــۆ شــاری گــۆتنگنGottingen، کە ناوبــانگی لەهەموو شارەکانی تر باشتر بوو. بەڵام هەوڵەکەم سەری نەگرت و سەرەنجام هەر بەر موقــاتەعەی بــایرن کەوتــم، لە دێیەکــدا جێگیــر بــووم بەنــاوی هــایگن بروویکنHeigenBruken. لەویش خستمیانە هۆڵێکەوە، دیسان ژیـانی بەکـۆمەڵ و چەرپایەی دووقات، لەگەڵ کۆمەڵێ پەناهەندەی تردا کە چەند مانگێک بەر لەمن ئەوانـیش لە ئۆردوگـای کەرەجەوە هـاتبوون. ئەوە بـۆ مـن شـۆک بـوو، خەونـی بەتەنها ژیانم لە ژوورێکدا لە ئەڵمانیا ئەهاتەدی. دیسانەوە وەکو ئۆردوگای کەرەج چووە قاتی سەرەوەی قەرەوێڵەی دووقات و، دەستم بە رەسمکردن کرد بەهەمان ئەو شـێوازەی ئۆردوگـای کەرەج، وێـنەی دەموچـاو کە لە یادمـدا هەڵمـدەهێنجان، لەسەر کاغەزی بچووک بچووکی دۆزراوە، کارتۆنی پاکەتی برنج کە هەفتـانە لەگەڵ خواردنی تردا بە ئۆتۆمبیل بۆیان دەهێنـاین وەکو چۆن ئاڵف بە ئـاژەڵ دەدرێ، ئیتـر پەنـابەران پـاکەتە برنجەکانیـان بـۆم کـۆ دەکـردەوە، لەگەڵ کـارتۆنی جلـوبەرگ کە دەیاندا پێمان. بەم جۆرە لەسەر ئەو کارتۆنانەو هەر بەو کەرەستانەی لە ئۆردوگـای کەرەجەوە لەگەڵ خۆمــدا هێنــابووم وەکــو پاســتیل و قەڵەمـــی رەنگـاورەنــگ، بەردەوامیم دا بە رەسم کردن، لەتە مووسم بەکار دەهێنا بۆ هەڵکراندنی رەنگەکان، کە لە هەڵەدن لە رەمزی قوتبەدینەوە فێر بووم.

پـاش چەنـد هەفـتەیەک گۆشـەگیری لەو هـۆڵەدا بڕیـارم دا پەیوەنـدی لەگەڵ خەڵکـی دێیەکەدا دروست بکەم، کەسیشم نەدەناسی جگە لەو ئـافرەتەی کە جاروبـار دەهـاتە لامان و لەگەڵ پەنابەرانـدا نـانی دەخـوارد. منیش خـۆم وەکو شێوەکارێک بە ژنەکە ناسـاندو داوای یـارمەتیم لـێ کـرد بـۆ ئەوەی کـارە هونەرییەکـانم بە سـلاید پیشـانی لایەنێک بدات، ئەویش بە کەنیسەی دێیەکەیانی ڕاگەیاندو چەند رۆژێـک دوای ئەوە لەگەڵ قەشـەی کەنیـسەکەدا پـێکەوە هـاتن بـۆ لام و سـلایدو کـارە هونەرییەکـانی ترمیـان بینـی، ڕۆژێکی یەکشەممەیان دیـاری کـرد بـۆ ئەوەی پـاش نـوێژی کەنیسە سـلایدەکانم بـۆ خەڵـک نومـایش بـکەم، قەشـەو ژنەکەیـش ڕۆژنـامەنووسـێکیان

بانگراهێشت کرد دیمانەیەکی لەگەڵمدا ساز کرد. هەندێ کوردی پەناهەندەش هاتبوون و ویستیان دانیشتنەکە بکەن بە وتوویژی سیاسی و باکسکردنی هەرچوار پارچەی کوردستان، بەڵام قەشە بە ئەدەبەوە داوای گۆڕینی بابەتەکەی لێ کردن.

دیمانەکە رۆژی 3 ی شوباتی 1987 لە رۆژنامەی (ماین ئەکیو Main Acho)دا، لەژێر ناونیشانی (وێنە لە کوردستانەوە) بڵاو بۆوە. ئەم دیمانەیە دەرگای خێری لی کردمەوە، هەر پاش بڵاو بوونەوەی، ژنێکی هونەرمەند بەناوی (بیئاتە هوبنەرBeateHubner) پەیوەندیی بە ئۆردوگاکەوە کردو هەواڵی منی پرسی بوو. هێندەی نەخایاند ژنەکە هات بۆ ئۆرگوگا بۆلام و کارەکانمی بینی، پاشان داوەتی کردم بۆ بەشدار بوون لە پیشانگایەکی شێوەکاری کە ساڵانە لە دێیەکەی خۆیاندا، دێی (لۆرهاوپتن Lohrhaupten) نومایش دەکراو هەر خۆیشی سەرپەرشتیی دەکرد. ئەوە یەکەمین بەشداریی من بوو لە پێشانگایەکی گشتی لە ئەڵمانیادا، کە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەڵمانیەکان کارەکانم ببینن، بەتایبەتی کە ژمارەیەک لە خاوەن گالەرییەکان ئامادەی ئەو پیشانگایە بوون، هەروەها وەزیری هونەرو زانستی موقاتەعەی هێسن Hessen کە ناوی دکتۆرە ڤێرا روودیگەر بوو Dr.Vera Rudiger پیشانگاکەی کردەوەو تابلۆیەکیشی لێم کڕی. ئەوەش یەکەمین تابلۆ بوو لە ئەڵمانیا بیفرۆشم.

پاش ئەوە خاتوو بیئاتە هوبەر بانگی جارێک سەردانی دەکردم لە ئۆردوگاو، من و هونەرمەندێکی تریشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ ماڵەوەو خواردنی خۆشی دەداینێ. ئەو هونەرمەندەش پەناهەندە بوو ناوی (علی مزعل) کە بە عەلی عەرەب ناسرابوو لەگەڵ مندا لە ئۆردوگای کەرەجەوە هاتبوو. پاشان خاتوو بیئاتە پێی ووتم کە گالەرییەک هەیە کارەکانمیان بە دڵەو دەیانەوێ پیشانگایەکم بۆ بکەنەوە، منیش زۆرم پێ خۆش بوو، ئیتر هاوینی ساڵی 1987 خاوەن گالەرییەکە کە ناوی هۆرست شپیلینگ Horst Spelling بوو پەیوەندیی پێوە کردم، من ئەوسا ئۆردوگای (هایگن برویکن)م جێهێشتبوو لە شاری گووتنگن دەژیام. ئیتر ئەوە بوو گالەرییەکە کە ناوی (ئین دەر ڤێست شتات Galerie in der Weststadt) بوو، لە رۆژی 28 ی ئابی 1987 پیشانگایەکی تایبەتییان بۆم کردەوە، کە هۆرست شپیلینگ لەگەڵ خاتوو ڤالتراودی خێزانیدا پێکەوە سەرپەرشتییان دەکرد. پیشانگاکە، کە لە شاری هۆخ هایم Hochheimی نزیک شاری فرانکفورت

**Frankfwrt** کرایەوە، یەک مانگی خایاند، شایانی باسە تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانەش جوانترین پەیوەندیم لەگەڵ هۆرست و ڤالتراود شپێلینگ دا هەیەو زیادەڕۆیی ناکەم گەر بڵێم لە کەسوکارم نزیکترن بۆم. هەروەها لەگەڵ خاتوو بیئاتە هوبێنەریشدا پەیوەندییەکەمان بەردەوام بوو، کۆمەڵێ پیشانگای بۆم کردەوە، لەوانە پیشانگایەکی گەورە بۆ هونەرمەندە عێراقییە پەناهەندەکان. بەڵام بەهۆی هەندێ هونەرمەندی کوردەوە کە خۆم پێم ناساندن، پەیوەندیم لەگەڵ خاتوو بیئاتەدا تێک چوو.

یەکێک لە بەرهەمە جوانەکانی پەیوەندییەکانم لەسەرەتای دەست پێکردنم لە ئەڵمانیا ناسینی خاتوو گیزیلە ئومنهۆف **GezilaUmenhof** بوو کە لەڕێی هەندێ برادەرمەوە وەکو ساماڵ شەوکەت رەشید و دلێر چاوشینەوە ناسیم. ئەو خاتوونەش لای خۆیەوە منی بە هونەرمەندی ئەو کات ناسراوی خاوەن شێوازی سوریالیزمی سیحری ئەرنۆڵد هاوزنەر **Arnold Hausner** ناساند، کە ئەوکات پرۆفیسۆر بوو لە ئەکادیمیای ڤین. ئەرنۆڵد داوای لێ کردم کە لە ئەکادیمیادا لای بخوێنم، بەڵام لەبەر یاسای مافی پەنابەری لە ئەڵمانیاو، هەروەها بەهۆی دوورییەوە، کارەکە سەری نەگرت. لەلایەکی دی، پەیوەندیم لەگەڵ خاتوو ئومنهۆف بەردەوام بوو و پیشانگای بۆ کارە هونەرییەکانم دەکردەوە، بەتایبەتی کاتێ لە شاری بادکیسینگن **Badkissingen**ەوە گواستیەوە بۆخوارووی فەڕەنسا، لەوێ بۆ ماوەی دە ساڵ پیشانگای بۆ کارەکانم دەکردەوە، بەڵام پاشان بەهۆی رەفتاری هونەرمەندێکی کوردەوە کە لە رێگایەکی دیکەوە پێی گەیشت پەیوەندیمان پچڕا.

## گۆتینگن **Gottingen**

شاری گۆتنگن ناوو ناوبانگێکی جوانی هەبوو بۆ بێگانەو پەناهەندان، من کە هێشتا لە ئێران بووم ناوبانگی ئەو شارەم بیستبوو. پاش ئەوەی ناڕەزاییەکی زۆرمان دەربڕی دژ بە جۆری ژیانمان لە ئۆردوگای هایگن برویکن، کاربەدەستان هەموومانیان گواستەوە بۆ شارو دێهاتەکانی تری ئەڵمانیا. من شاری (گۆتنگن)م هەڵبژارد. لەوێ لەڕێی ژنە هونەرمەندێک کە ناوی خاتوو ئیڤ کابۆت **EvKaboth** بوو، پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو شارە دروست کرد. ئەو

خانمە لە ژیانی (گۆتنگن)مدا بە ئەندازەی خاتوو بیئاتە هویبنەر گرنگ بوو بۆ خۆم و کارە هونەرییەکانم.

پاش چەند مانگێک لیژنەی هونەریی شاری گۆتنگن چوار دانە لە تابلۆکانمیان هەڵبژارد بۆ بەشدار بوون لە پیشانگای ساڵانەی شارەکە کە ڕێکەوتی کۆتایی ساڵی 1987ی کرد. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ من. خاتوو ئیڤ کابۆتیش چاوپێکەوتنێکی بۆم ڕێکخست لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکدا کە بێت لە لاگەرەکە پرسیارم لێ بکات، واتە ئەم هونەرمەندە (من) هێشتا لە ئۆردوگا دەژی لە شاری گۆتنگن. بەم جۆرە کاربەدەستانی شاری گۆتنگن، پاش ئەوەی چاوپێکەوتنەکەمیان لە ڕۆژنامە خوێندەوە بڕیاریان دا لە ژیانی لاگەر (ئۆردوگا) ڕزگارم بکەن، ئیدی بۆم هەبێ بەدوای خانوودا بگەڕێم و کاربەدەستان کرێ خانووم بۆ بدەن. بەم جۆرە لە سەرەتای ساڵی 1988 لە ژیانی بەکۆمەڵی ناو لاگەر ڕزگارم بوو و هەر لەو شارەدا لە شەقامی برایتە شتراسە BreiteStr 6 چوومە ماڵی تایبەتیی خۆم، کچێکی لوبنانی جوانیشم کرد بە هاوڕێی خۆم، کە ناوی هەننا شالیتا Hanne Chalita بوو. ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو بەشەر ژیام، بەردەوامیشم بە کارە هونەرییەکانم داو ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندیم لەگەڵ ئەهلی هونەری ئەو شارەدا بەهێزتر دەبوو. لە چەند شارێکی دیکەی ئەڵمانیاوە داوەتنامەم بۆ دەهات بۆ کردنەوەی پیشانگا، تا ئەو ڕادەیەی ئیدی پێویستیم بەوە نەبوو خۆم بەدوای گەلەری و ژووری پیشانگادا بگەڕێم. جگە لە خاتوو ئیڤ کابۆت، قەشەی کەنیسەکەی گۆتنگنیش پاستۆر کنوت ڤێلمان Knut Wellmann پشتیوانییەکی زۆریان لێم کردو، ساڵانە لە چەندین پیشانگای تایبەتی و گشتی دا بەشدار دەبووم.

ئەم دۆخە لە گۆتنگن بەم جۆرە بەڕێوە چوو هەتا هاوینی ساڵی 1990.

## فرایبورگ Freiburg

ساڵی 1990 لەگەڵ کچە هاوڕێ تازەکەم، سوزانە Susanne، کە پاشان بوو بە خێزانم، گواستمانەوە بۆ شاری فرایبورگ لە باشووری ئەڵمانیا. لەوێ دوو ساڵ ماینەوەو کچە جوانەکەم ژیلۆ Jilouلە ڕۆژی 21.12.1992دا لەدایک بوو. لەوێش بەردەوامیم دا بە کارە هونەرییەکانم. تابلۆکانم زیاتر ڕەنگی سپی و زەردو

ڕەنگی کاڵیان لەخۆ دەگرت، بە پێچەوانەی ئەوساڵانەی لە شاری(گۆتنگن)دا بردمە سەر، کە شەپۆلێکی ڕەنگی ڕەش سەرجەم کارەکانمی گرتبۆوە.

خۆشترین ساتەکانی ژیانم لە فرایبورگدا بردەسەر، لەگەڵ خێزانەکەم و کچەکەم و، ناوەندی هونەریی ئەو شارەدا. سوودم لە هەڵەکانی گۆتنگن وەرگرت. ژیانێکی هونەریی هێمنم بەسەربرد، کۆمەڵێ پیشانگای تایبەتی و گشتیم کردەوە، بەتایبەتی لەلایەن گەلەریی خاتوو یوتا فینک Jutta Fink کە لەگەڵ کوڕە هاوڕێکەیدا، ئەلێکساندەر فۆلف Alexander Wolf کە هونەرمەندو شاعیرە پشتگیرییەکی باشیان لێ کردم.

## کۆلن Köln

پەشیمان کە شاری فرایبورگم جێهێشت و گواستمەوە بۆ شاری کۆلن. ویستم شاری گەورە تاقی بکەمەوە، بەڵام ئەو کاتە زێرینەی لە فرایبورگ بەسەرم برد تاوەکو ئەمڕۆش لە ئەڵمانیا نەمبینیوەتەوە.

لە کۆلن سەرەتا لە کاری وێنەکێشان دوور کەوتمەوەو پتر لەگەڵ گرووپە هونەرییەکاندا کارم دەکرد، وەکو پۆست فلوکسوس Post Fluxus، کە ئەو کاتە ئەکادیمیایەکی تایبەت بەم هونەرە لەوێ هەبوو. پیشانگای تایبەتییان بۆ کارەکانم کردەوەو تەنانەت ناوی منیان وەکو یەکێک لە هونەرمەندانی پۆست فلوکسوس خستە کتێبەکەی خۆیانەوە، کتێبی ئەکادیمیای ئولتیمەیت Ultimate Akademie. پاشان هەندێ کاری ئەنبشتەلاسیۆن و کاری هونەریی دیکەم لەگەڵ هەندێ گرووپی دیکەدا ئەنجام دا. نجا گەڕامەوە بۆ هونەری شێوەکاری کە بواری سەرەکیی خۆمە.

لە شاری کۆلن دا ئەو خەونەشم هاتەدی کە بۆ ماوەی ساڵێک هونەری گرافیک بخوێنم لە زانکۆی دوسلدۆرف Düsseldorf. پاشان ئەو خۆشەویستییەی بۆ تیۆری هونەری کە لە ئێرانەوە لەگەڵمدا بوو، لە کۆلن بەردەوامیم پێداو بۆ ماوەی نۆ ساڵ لە زانکۆی کۆلن بەشی مێژووی هونەردا ئامادەی زۆربەی موحازەرەکانی هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ بووم. سەرەنجام کتێبێکم بە کوردی نووسی لەژێر ناونیشانی (هانەری شێوەکاریی مۆدێرن) کە دەزگای ئاراس ساڵی 2004 لەسەر

ئەرکی خۆم چاپیان کرد. بەداخەوە کە بەبێ ئاگاداریی خۆم هەندێ گۆڕانکاری لە کتێبەکە کراوە لەلایەن دکتۆر موحسین ئەحمەد عومەر کە ئەو کاتە کارمەند بوو لە دەزگای ئاراس دا. دەرفەتی دووره وڵاتیی منی بە هەل زانیوە هەستاوە بە گۆڕینی ئەو بەرگەی کە من بۆ دانابوو، هەروەها ناوی خۆی بە گەورەیی لە بەرگی کتێبەکەدا وەکو نووسەری پێشەکی و پیاچوونەوە نووسیوە لە کاتێکدا من خۆم پێشەکیم بۆ نووسیبوو.دکتۆر موحسین دەسکاریی ناوەڕۆکەکەشی کردووەو لەمەدا تووشی هەندێ هەڵەی زانستی بووە لەبەر ئەوەی بواری ئەو نییە. هەروەها ئەو لاپەڕەیەشی لێ هەڵگرتووە کە تیایدا سوپاسی ئەو هاوڕێیانەم کردبوو کە یارمەتییان داوم لە ئامادە کردنی کتێبەکەدا. جگە لەوە، من تاکو ئەمڕۆکەش نازانم کێ نرخی ئەو کتێبە وەردەگرێ و چۆن دەفرۆشرێ، نامەی ناڕەزاییشم بۆ وەزیری ڕۆشنبیریی ئەو کاتە و بۆ پەرلەمانی کوردستان نووسی بەڵام وەڵامیان نەدامەوە... بەڵام سەربارى ئەوەش، من بەوە خۆشحاڵم کە کتێبەکە لەنێوەندی هونەری شێوەکاریدا سەدایەکی باشی داوەتەوەو کەلێنێکی لە کتێبخانەی هونەری کوردیدا پڕ کردۆتەوە.

## گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات

من لە ڕۆژهەڵات لەدایک بووم، ئەو کەلتوورە بە باش و خراپیەوە بەشێکە لە من و منیش بەشێکم لەو. بۆ گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات سەرەتا وڵاتی (مەغریب)م هەڵبژارد بۆ گەشت و گوزارو گوزەرانی ژیانی ڕۆژهەڵاتی، لەم ماوەیەی دواییشدا (تونس)م هەڵبژارد.

## تونس

تونس بۆ من تازەبوونەوەی هەست و سۆزەکانمە، دووبارە بوونەوەی گەنجێتیمە. تونس وڵاتێکە نە شەڕوشۆڕی بە خۆیەوە بینیوەو نە چاشی تیایە نە بەعس، منیش تۆخنی سیاسەتی ئەوێ ناکەوم، بۆ من گرنگ ئەو ئاشتی و هێمنییەیە کە لەوێ هەستی پێ دەکەم، بەخۆمدا دەچمەوە، دەمباتەوە بۆ مێژووی کۆن، شەقام و دوکان و چایخانەو خانووەکانی تونس کەرکووکم بیر دەخەنەوە، هەندێ لە شەقامەکانی ئەوێ شارع جمهوریی کەرکووکی ساڵانی حەفتام دەخاتەوە بیر، پیاسە کردن و قاوە خواردنەوە لەسەر ئەم شەقامانە تامی کەرکووکم پێ دەبەخشن. لەوێ وادەزانم لە کەرکووکم، وا دەزانم لە شارع جمهوریم، جلوبەرگ و ڕوخساری خەڵکەکەش هەر لەوانەی خۆمان دەچن. لەوێ دەتوانم خۆشەویستی بکەم، دەتوانم دانیشتنی

چاپخانەکان بۆ کاری هێڵکاری و هونەری فۆتۆگرافی بەکار بهێنم. تابلۆکانی ئەم دواییەشم بەڕادەیەکی زۆر جوانکاریی حەرفی عەرەبی لەخۆ دەگرێ، بەکارهێنانی حەرفی عەرەبی لەخزمەت هونەری شێوەکاریدا. ئەمەش بەشداریی تونسە لە هونەرەکەم.

گارا

تشرینی دووەمی 2010



# نوسین

# لە ژێر چەتری شارێکی برینداردا

مەدیحە سۆفی

ئەو کاتەی دەمێک بوو دوکەڵ ببوە چینی دووەمی هەوری ئاسمانی ئەم شارە، ئەو کاتەی شار مەعشوقێکی ئەزەلی و سەدای ویژدان بوو و لە درزی هەوری چڕە دوکەڵەوە تیشکی خۆی دەگەیاندە سەر خاکێکی برینداز...ئەو کاتەی خاک تینوو و بابەگوڕگوڕ تینووتری دەکرد، ئەو کاتەی لەم شارە شیرینەدا لەدایکبوونی هیوا لە ئاشتنی بێ هیوایی زیاتر بوو، لەم ڕەحیماوەیەی ئێستادا کە چەند ماڵێکی ئەوەندەی ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست ئاوەدانی کردبووەوە، لە ناوەندی هاوینێکی گەرمی نۆسەدوشەست وەکو دووەم منداڵی خێزانێکی بچوک بۆ گرتنە دەستی چمکێکی بگرەوبەردەی سەر فەرشی لەقی شار هاتمە دونیاوە.

لەوە ئەچوو لەگەڵ یەکەم هەناسەو هەڵمژینی دوکەڵی گڕی بابەگوڕگوڕ ڕوحم تێکەڵ بەعەشقێکی نەبڕاوەو تەلیسمێکی هەتاهەتایی ئەم شارە بووبێ، ئەو کاتە من کوڕەو خەم گەورە، هێدی هێدی من گەورەتر و تەلبەندەکانی ژیان زیاتر و نیگاکانم بەرەو ئاسۆیەکی نادیار ڕێبوارێکی بێ ویستگەی تەمەن بوون. باوکم وەکو مامۆستایەکی سەرەتایی چەندەها نەوەی لە پردی نەخوێندەوارییەوە پەڕاندەوە ئەودیو و بە لاپەڕە هەمەچەشنەکانی ژیانی ئاشنا کردن، دایکیشم تا دواهەناسەی زاتێکی ئازای بە جورئەتی پڕ لە توێشووی بەرگری بوو بۆ ڕۆژگاری ڕەشی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێی ئەو کاتە، ڕەحیماوە ناوەندی لەدایکبوونم بوو و وماوەیەکیش لە تەپەی مەلا عەبدوڵا بووین، بەڵام بەهۆی پیشەی مامۆستایی باوکمەوە سەرەتا وەکو پۆلەمەلی گەرمیان و کوێستان کردوو جێنشینی چەندەها گوندی دەوروبەری کەرکوک بووین و لە پایزدا کۆچی لادێمان دەکرد و لەگەڵ هاتنی مانگی جۆزەردان و سەرەتای پشووی هاوین باروبارگەمان دەپێچایەوەو بەرەو حەساری شار دەگەڕاینەوە ئەو شارەی بە پێڵاوی ماندووبوونەوە لەدایک بوو و لەسەر شەقامی هەڵواسراودا ئێشگری دەروازەی ژیانێکی پچڕ پچڕی نائارام بوو، کەرکوکی هەمیشە ماندوو بەردەوام ئێمەی بە عەشقی خۆیەوە لە ئامێز گرتبوو و ساڵی شەستو سێ کە حەرەسقەومی وەکو گورگی برسی کەوتبووە نێو خەڵکی ئەو شارەو دەیگرتن و ڕاپێچی دەدان و کەم کەس لە چنگی دڕکاوی ئەوان ڕزگاری دەبوو، لەگەڵ داخستنی قوتابخانەو هاتنی پشووی هاوین وگەڕانەوەمان بۆ کەرکوک باوکم لەلایەن حەرەس قەومییەوە گیراو ئێمەش پشووەکەمان لەڕێی بەندیخانەی موسەییبدا بەسەر برد، لەسەردانێکدا وەکو خەو بیرم دێت کە چۆن لەسەر شانی دایکما بەرزکرابوومەوە تاتوانیم لەدرزی شیشەکانی تەلبەندەکەوە

باوکم ببینم، ئەوکاتە منی تەمەن سێ ساڵ کۆمەڵێک ووردە داستانی نائاساییم لە سەر پەڕی نەبینراوی خەیاڵمدا بە وێنە چاپکردبوو کە ئەمڕۆ دەتوانم وەریگێڕمە سەر وشە و ببێتە شایەتی ئەو ڕۆژگارانە، ڕۆژانێکی سەخت بوون و ئەماندەزانی هێشتا سەختتر وا لە توێی داهاتوودایە...

باوکم زۆر هەوڵی دەدا قوتابخانەی کچان لەو گوندە بکرێتەوە کە تێیدا مامۆستا بوو و پەروەردەش یەکێک لە مەرجەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەشژمارەی خوێندکارەکان بوو، بۆیە هەر زوو منی ناونووس کرد تا ژمارەی کچەکان زیاتر بێت لە لیستەکەو ڕەزامەندی کردنەوەی لە پەروەردە وەربگرێت. یەکەم ساڵ و دووەم ساڵی سەرەتاییم هەر لای باوکم تەواوکرد، کاتێ باوکم گوێزرایەوە بۆ لادێیەکانی نزیک کەرکوک کە دەیتوانی هاتووچۆ بکات ئیتر ئێمەش هەر لە شار ماینەوە و ئەو کاتە لە گەڕەکی تەپە نزیک ماڵی نەنکم بووین، بۆ ماوەیەکی کورت لە مەکتەبی قازی لای چایخانەی سەرچەم لەسەر کوڕنیش قوتابی بووم پاشان قوتابخانەی ( التقدم) لە تەپە کرایەوە چوومە ئەوێ و ئەو قوتابخانەیە لەماڵمانەوە دوور بوو بۆیە دیسانەوە گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی (تهژیب) لە تەنیشت گۆڕستانی تەپەوە.

لەگەڵ بەیاننامەی ١١ی ئازار لە ساڵی ١٩٧٠، من لە پێنجی سەرەتایی بووم، کە خوێندن کرا بەکوردی لەو خۆشییەی ئێمەی لە کەرکوک لەخۆ گرتبوو، لە بیرمە کە دایکم لە ماڵێکی دراوسێی پەست بوو چونکە منداڵەکانیان نەخستە قوتابخانەی کوردی، ناوی قوتابخانەکەی ئێمەش گۆڕا بۆ قوتابخانەی شیرین، خۆشترین ووشە کە ئەو کاتە فێری بووم و زۆرم پێ خۆش بوو لەوانەی جوگرافیا بوو کە ئاراستەکان بوو: باکور- باشور- ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا .

قوتابخانەی شیرینی سەرەتایی قوتابخانەیەکی تێکەڵاو بوو لە تەپە لە تەنیشت گۆڕستانەکەوە بوو، سەردارو سالاری براشم هەر لەو قوتابخانەیەدا بوون، سالار زۆر بێدەنگ و سەلامەت و زیرەک بوو بەڵام سەردار هەموو قوتابخانەکەی هێنابووە لەرزین، ئەوەندە هار بوو هەر چی کاری نەشیاو هەبوو دەیویست تاقیبکاتەوە، لە دەرسا زیرەک و لە هەڵسوکەوتدا بوێر و نەترس، ئێمە تەنانەت لە فەڕاشەکەش دەترساین ئەو نە لە بەڕێوەبەر و نە لە مامۆستا نەدەترسا، ناخۆشترین شت ئەوە بوو چەند جارێک کە مامۆستاکان ئەویان دەست نەدەکەوت من چەند دارێکم لەسەر دەست دەدرا و سەرداریش دەچووە سەر بەرزترین داری

قوتابخانەکەو نەدەهاتە خوارەوە، لە کۆڵانیش ئەوەندە بەردی دەگرتە دارو دیوار و پەنجەرە و لە یاری ڕەسم و مزراحێن و هەڵوکێن و هەڵمات پێشەنگ بوو و هەردەم قۆرخی یاریەکانی کردبوو، لە هاوینی ۱۹۷۲ بوو عەسرێک لە دەرگا درا، کە باوکم دەرگای کردەوە دوو پۆلیس بوون بە باوکمیان ووت : تۆ باوکی سەرداریت وتی بەڵێ فەرموو، وتی کوڕەکەت بەردی گرتووەتە دوکانی حاجی و شوشەی نوقڵەکانی شکاندووە، باوکمیش وتی باشە من پوولەکەی دەبژێرم پۆلیسەکە وتی نەخێر نەبێت لەگەڵماندا بێت بۆ مەرکەزی پۆلیس، سەیر لە چوونە مەکەزی پۆلیس نەبوو بەڵکو لەوەدا بوو کە هەموو گەڕەک کۆبۆوەو هەرچی مناڵ هەبوو دوای سەردار و باوکم کەوتن هەر ئەتوت خۆپیشاندانە، منیش چووم، هەر ئەوەندەش بوو کە باوکم بوو بە کەفیل و پارەی زەرەرەکەی دا و هەر هەموو وەکو دەستکەوتێکی گەورە سەردارمان هێنایەوەو هەموو گەڕەکە سەرزەنشتی حاجی وچاخ کوێریان دەکرد بۆ ئەم هەڵوێستەو ئەم شکات کردنەی لە پۆلیس و و شانازیان بەو هاتنەوەیەو بەو بردنەوەیە دەکرد، ئیتر چۆلەکەو داروديوار و میوەی درەخت و دونیا زەلالەتی بوو لەدەستی، تا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەگەڵ باوکم ڕێککەوتن لەسەر گوێزانەوەی بۆ قوتابخانەیەکی کوڕان، نزیکترین قوتابخانەش بۆ ئێمە کە خوێندنی کوردی بوو قوتابخانەی گۆران بوو لە لای مزگەوتی ئیخوان، بە چوونی سەردار بۆ ئەو قوتابخانەیە منیش ئازاد کرام و ئیتر بە ڕاستەی ئاسن لێدانم نەخوارد، ئەو قوتابخانەیەش مامۆستای ناسیاو و مامۆستای هاوڕێی باوکمی زۆر تێدا بوو، لە سەیرانێکی بەهار بۆ قەرەهەنجیر کەساڵی یەک جار دەکرا باوکم هەموو مامۆستا ناسیاوەکانی خۆی ڕاسپاردبوو کە ئاگاداری بن، نیوەڕۆکەی مامۆستایەک هەر دەگەڕێت سەردار نادۆزێتەوەو لەوە دەترسێت کە شەرمەزاری باوکم بێت و بەسەلامەتی نەیداتەوە دەستی، پاش گەڕانێکی زۆر دەبینێت وا لەسەر سەرەوەی درەختێکی بەرزدایە هاوار دەکات و دەڵێ: ( سەردار وەرە خوارەوە خێرا.....) ئەویش نایاتە خوارەوە و مامۆستاکە دەڵێت:( وەرە تۆ باوکت ئەو پیاوە چاکە بێت و خۆت ئەوەندە سەگ و سەگباب بیت) ئیتر لەو کاتەوە ئەم قسەیە دەوترێتەوە.

پاش ساڵانی سەرەتایی کە هەمووی بارگە پێچانەوەو قوتابخانە گۆڕین و سەردانی بەندیخانەو ئانارامی بوو ناوەندیم لە ناوەندی خانزادی کچان دەست پێکرد و هەر لەو ساڵەش باوکم خانویەکی تازەی لە گەڕەکی مامۆستایان لە ڕەحیماوا دروست کرد کە نزیک بوو لە قوتابخانەی خانزادەوە، لە ناوەندییەوە خولیای نوسین

داگیری کردم و هەرلەوکاتەوە دەستم پێ کرد باری سەر پەڕی دڵ و لێو و ڕوحم بگوێزمەوە سەر کاغەزی دەستم، وانەکانی زمانی کوردی و عەرەبیم زۆر پێ خۆش بوو، هەفتەی جارێک نووسینەکانم بە عەرەبی و کوردی لە دالانی قوتابخانەکە هەڵدەواسرا بۆ خوێندنەوەی لەلایەن قوتابییەکانەوە، کەسێکی مات وزیاتر تەنها و بێ دەنگ بووم، لە داڕشتندا دەبوایە تێکستەکەی خۆم لە پۆلەکەدا بخوێنمەوەو زۆر جار نمرەی تەواوم وەردەگرت.

لە هەرەسەکەی ١٩٧٥ لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم، قوتابخانەی خانزاد ڕێک لەسەر شەقامی سەرەکی کەرکوک بۆ هەولێر بوو و پۆلەکەی ئێمە لەسەرەوە بوو و پەنجەرەی گەورەی هەبوو دەیڕوانییە سەر شەقامە سەرەکییەکە، دیمەنی ئەو پاش نیوەڕۆیەی ئەو هەموو زیلی عەسکەرییەی پڕ لە پێشمەرگەیەم قەد لەبیر ناچێتەوە کە لە هەولێرەوە بەرەو ناو کەرکوک دەهاتنەوەو ئێمەش وەکو بت بە پەنجەرەکانەوە نووسابووین، گەروومان ووشک و ڕەنگمان پەڕیو، هەبوو دەیووت جارێکیتر کورد شۆڕش بەخۆیەوە نابینێت، ساتێکی تاڵ بوو، ئومێدی لە دڵدا نەدەهێشتەوە.

لەوکاتەدا بەعس گەرمەی دەسەڵاتی بوو، دەیویست هەرچی باش دەوترێت ئەو بگرێتەوە، لە بەهارا چالاکی زۆری بە ناوی ( ڕمسیە شعریە ) وە دەکرا بۆ هاندانی ئەوانەی دەستی نوسینیان هەیە و بۆ پیاهەڵدانی ڕژێمەکەو بۆ کێبڕکێی نێو قوتابخانەکان، لە بەهاری ساڵی١٩٧٥ قوتابخانەی خانزادیش بەشداری کرد بەشداریکردنەکەش بەزمانی عەرەبی بوو، مامۆستاکەی ئێمەش نوسینێکی منی هەڵبژارد و زۆر دڵنیا بوو لەسەرکەوتنی ومنیش منێکی گۆشەگیری تەنها و تا ئەو کاتە لە پۆلەکەی خۆم زیاتر لە هیچ شوێنێکی تر میوانی جەماوەر نەبووبووم بەڵام خۆشەویستی قوتابخانەکەو هاندانی مامۆستاکەم ڕێی پێناسانکردمچونکە لە لایەکەوە قوتابخانەی خانزاد قوتابخانەیەکی سەرکەوتووی کوردی و پایەی لەنێو شاردا لە نێو قوتابخانەکاندا دیار بوو و لەلایەکی ترەوە من پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی زۆر سەیرم بە مامۆستاکانەوە هەبوو لەو تەمەنەدایە تایبەت مامۆستاکانی زمانی کوردی و عەرەبی کە هەر ڕێنماییەکەم بکرایە بەناسانی پەیڕەوم دەکردو خۆمیش تووینووی نووسین و ئەدەب بووم بەڵام زیاتر گۆشەگیر و تەنها بووم.

ئەوەی لە بیری مندا وەکو ئەوەی هەڵکەنرابێت تا ئێستا چەند وێستگەیەکی ژیانە کە وەرچەرخانی هێنایە کایەوە لە بوونم و لە بڕیارەکانی ژیانمدا، هەوڵ ئەدەم ئەوەندەی پێم بکرێ ئەو وێستگانە تۆمار بکەم کە زایەڵەی ناخمی لەگەڵ سەردەمێک پێکەوە تێهەڵکێش کرد کە بە مرۆڤ بوونی ئێمەی دەخستە ژێر پرسیارەوە لەوانە یەکەم بینینی باوکم لە بەندیخانەی موسەییب کە سێ ساڵان بووم دووەم بەشداریم لەم (امسیه شعریه) یەدا بوو کە لەو تەمەنەدا من بە ناخ چوومە سەر لیستێک کە هیچ لێکچوونێک نەبوو لە نێو بوونی من و ڕێساکانی داگیرکەر بۆ داگیرکردنی بوونی من، لە کاتی خوێندنەوەی هۆنراوەکەم هەستم بە بێدەنگی هۆڵەکە کرد، کە تەواو بووم لە خوێندنەوەی گوێم لە چەپڵەیەکی زۆر بوو، بە پەلە گەڕامەوە سەر جێگاکەم، کە هەموو لە خوێندنەوەی بابەتەکانیان تەواو بوون و پاش ماوەیەک مامۆستاکەم هات و ووتی بابەتەکەی تۆ زۆرترین خاڵی ڕەزامەندی پێ دراوەو زۆر لەسەرووی بابەتەکانی ترەوەیە، ئەو لە من زۆر دڵخۆشتر بوو و دیسانەوە چووەوە لای لیژنەکە و پاش ماوەیەک پشوو و بۆ چاوەڕوانی ئەنجامەکەی، مامۆستاکەم زۆر تێکچوو بوو و پەست و بێ ئارام بوو کە پرسیم چی ڕوویداوە ووتی لەبەر ئەوەی بابەتەکەی تۆ ستایشی بەعس و پیاهەڵدانی ئەوانی تیا نییە هەر لەسەر لیستەکەش نەماوەو لابراوە، کە خەڵاتەکان خوێنرانەوە ناوی من لە دوا ناویش نەگیرسابۆوە،دەنگی چەپڵە و هەستڕاگرتنی هۆڵەکەم لێ بووە بینەری شانۆگەرییەکی زۆر موززەیەف، لەوێدا دەتزانی مرۆڤیت بەڵام جێ پێت لەسەر فەرشی ئەم نامرۆڤایەتییەدا جێی نابێتەوە.

قوتابخانەی خانزاد لەسەر شەقامی سەرەکی کەرکوک ـ هەولێر بوو، شەقامێکی ناسەرەکی لەسەر شەقامە سەرەکییەکەوە بەرەو ماڵی ئێمە دەچووو لوولەیەکی ئەستووری پێدا دەڕۆیشت، لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم شەقامەوە لەسەر شەقامی سەرەکی کەرکوک ـ هەولێر بەردێکی گەورە هەبوو ئێمە هەر خۆمان خەڵکی ئەوناوە ناومان نابوو بەردەقارەمان، ئەم بەردە جێ ژوان نەبوو بەڵام خۆشترین شوێنی گەنجەکانی قوتابخانەی ناوەندی زێوەری کوڕان بوو کە کەوتبووە نەوبەرەوە واتە ئەو بەردەقارەمانە سەرەڕێی چوون و هاتنەوەی کچانی خانزاد و چوون و هاتنەوەی کوڕانی زێوەر بوو، کوڕ هەبوو تا دوا کچی خانزاد دەچووە نێو قوتابخانەکەوە ئەو هەر لەوێ دەوەستا ئینجا بە پەلە و بە هەڵەداوان دەکەوتەوە ڕێ و خێرا دەپەڕیە ئەوبەرەوە بەرەو قوتابخانەی زێوەر و زۆر جار لەوانەی یەکەم دوادەکەوت، ئەمە تەنها دەربڕینێکی هەرزەکارانەی هەندێک لەو

گەنجانە بوو ئەگەر تا لە فیستیڤاڵ و کێبڕکێی وەرزشی و ئاڵوگۆڕی مەلزەمەو یارمەتیدانی یەکتر پشت و پەنای یەکتر بوون.

ئەو ساڵانە گۆڤاری بەیان وا بزانم مانگانە دەردەچوو، خۆشترین ڕۆژم ئەوە بوو کە ژمارەی تازەی دەردەچوو و باوکم لەسەر ڕێی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، بۆی دەکڕیم کە ئەو کاتە گوێزرابۆوە ناو کەرکوک و لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ناوشار مامۆستا بوو، من هەموو ژمارەکانیم هەبوو و هەموویم کۆکردبووەوە و زۆر جوان بە ڕیز دامنابوون. هەر ئەو کاتەش بۆ گۆڤاری بەیان بە ناوی خواستراوەوە بابەتم دەنارد و وڵامیش دەدرامەوە.

بە هۆی جوانەمەرگی براگەورەکەمەوە، کە هەر زوو خەباتی ژێرزەمینی دەستپێکرد و خوێندنەوەو ئاشنابوونی بەو دونیایەی ڕەفزی ئەو زۆرداری و ستەمەی دەکرد، هەمووومان لە ماڵەوە دەروازەیەکی زیاترمان لێ کرابۆوە بۆ فێربوون بە تایبەت بۆ خوێندنەوەی کتێب و کاتێ ئەو لە زانکۆی بەغدا بوو هەموو ژمارەکانی کۆڕی زانیاری کورد و کتێبی جوراوجۆری دەکڕی کە بۆ ئەو کاتە پشتێکی باشی ئێمە بوو کە دەمانتوانی بە ئاسانی دەستمان بگاتە جۆرەها کتێب و گۆڤار.

ئەو کلیلی دەرگای ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکو بۆ دەوروپشتیش کردبۆوە، زاتێکی نەترس و بەتواناو ژیانی وەکو سەفەرێکی کورت دەبینی، کەرکوکی وەکو هەناسەی ژیان دانابوو، لەو ڕۆژگارە سەختەی تیایدا دەژیا تەنها بوو، زۆربەمان لەوە نەنەگەیشتین کە پەیامەکەی ئەو بۆ ئەمڕۆ (کۆڵنەدانە تا گەیشتن بە مەرام)، ڕێکەوتی زۆری کەوتە سەر ڕێ کە دەبوایە شەڕی بۆ بکات، بەڵام خۆشەویستی بۆ کورد و کەرکوک ڕاستییەکی پاکژ بوو کە ڕەنگ زاڵ نەبوو بەسەریدا، ڕوحی شاد و جێ نزرگەی شاد و یادی نەمر، لە پاش نەمانی زۆر وتەی بوو بە ئەستێرەو خوا لەژێر سێبەری خۆی ئارامی بکات.

ناسینی مامۆستای چیرۆک نووس مامۆستا حسێن عارف

ئەو سەردەمەی هەر وەکو ئێستاو خراپتر ئاخم دەکولاو توینوو و زۆر توینوو بووم، قەڵەمەکەم چاوشارکێی لەگەڵ قەدەر دەکرد، قەدەریش لەگەڵ زەمەن، ئەو

کاتە دەبوو تەنها تەنهایی بدۆزیتەوە، ئەویش دەرەقەتی فشاری ناخی خۆتی نەبوو، بۆیە درزی دەخستە قاوغەکەی تەنهایی و لە دونیایەکی وەکو خۆی دەگەڕا، لەو گەڕانەدا لەکاتی سەردانی هاوڕێیەکی منالّیم لە ئەمینداریتی کشتوکالّی هەولێر مامۆستای لێهاتوو و بەڕێز و بلیمەت مامۆستا حسێن عارفی چیرۆکنووسم ناسی، لێرەوە گەرمترین سلّاوی بۆ دەنێرم و هیوای تەمەندرێژی و ئاسودەیی بۆ دەخوازم، هەر بۆ ئەوەی ڕای ئەو چیرۆکنووسە بلیمەتە بزانم لەسەر هەندێ نووسینی خۆم لە سالّی ١٩٨٩سێ کورتە چیرۆکم بۆ برد بۆ خوێندنەوەی و پاشان گوێ بۆ ڕێنماییەکانی شل بکەم، یەکێک لەو کورتەچیرۆکانە ناوی ( زەنگی ڕۆژگارێکی ژانگرتوو بوو)، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە بۆ کاتێک کە ڕژێمی فاشی لەگەرمەی زۆرداری و ستەمکردن بوو بەس بوو تا هەناسەت دوا هەناسەی سەر دونیا بێت، دوو چیرۆکەکەی دیکە تا ڕادەیەک ئاسایی بوون، کاک حسێن هەمووی ناردبوو بۆ هاوڕێیەکی لە بەغدا کە لە دەزگای چاپکردنی گۆڤاری کاروان کاری دەکرد، دوو چیرۆکە ئاساییەکە بۆ بلّاوکردنەوەو چێرۆکی ( زەنگی ڕۆژگارێکی ژانگرتوو) ش تەنها بۆ بینین و خوێندنەوە، چونکە ئەم چیرۆکە بەهیچ جۆرێک نەدەبوو بلّاوبکرێتەوەو بچێتە بەردەستی خوێنەران و هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەلّ خەتەری بلّاوکراوەکانی شاخدا لەوکاتە.

من ئەوکاتە لەبەر نائارامی باری سیاسی مالّی خۆمان لە کەرکوکەوە کارەکەم گوازتەوە بۆ هەولێر، لە کێلّگەی پەلەوەری هەولێر وەکو ئەندازیاری کشتوکالّ دەستبەکار بووم، لەوێ دەبوایە کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی لەسەر کار بین، برادەرێکی بەڕێز لەوێ کاری دەکرد و لەناوشاری هەولێریش کتێبخانەی هەبوو زۆر جار ئاگاداری دەکردمەوە لە گەیشتنی کتێبی نوێ ژمارەی تازەی گۆڤارەکان، هاوینێکی گەرم و زۆر وشک و پڕ ئیش بوو، هات و ووتی:

ـــ دوێنێ عەسرێکی درەنگ ژمارەی نوێی کاروان گەیشتە کتێبخانەکەمان، بابەتێکی تۆی تیایە....پیرۆزە.

منیش ووتم: زۆر باشە خۆزگە دانەیەکت لەگەلّ خۆت بهێنایە.

ووتی: بەداخەوە نەمهێناوە، گەر بمهێنایە دەمانکردە زەنگی ڕۆژگاری ئەمڕۆ، وتم: بەلّێ؟ ووتی نا مەبەستم ناونیشانی کورتە چیرۆکەکەتە: زەنگی ڕۆژگارێکی ژانگرتوو!!!

ئیتر من ئەو وەستانە وەستام...وشک بووم...هیچم پێ نەوترا....دونیام لەبەر چاو تاریک بوو..ئێو دەمم تاڵ و بێدەنگ. کرێکارەکان بەرەو سەرکاری خۆیان دەچوون و پێیان سەیربوو هیچ ڕێنمایی و پلانێکم پی ڕانەسپاردن، نەدەمتوانی تەلەفۆنی کەس بکەم و نەدمتوانی شوێنی کارەکەش بەجێبێڵم، بەو شپرزەییەوە تا گەیشتمە کاتی تەواوبوونی کار و عەسرێکی درەنگ گەڕامەوە ماڵەوەو لە ماڵەوەش ڕاچڵەکینێکی تر چاوەڕوانی دەکردم.

کە پاش بیست وسێ ساڵ ئەو ڕۆژگارە تاڵانەت دێتەوە یاد ئەو کاتە دەزانی چ ژیانێک لە تەمەنی ڕابووردوو خۆی بە ترس و ڕاچڵەکین و تاسان و چاوەڕوانی و شپرزەیی پڕ چەک کردووەو توانیوتە بیبەزێنی و ناچاریش بوویتە بیبەزێنی، هەر لەگەڵ چوونە ماڵەوە بینیم هەر بەڕێکەوت میوانی کەرکوکیمان هاتبوو، ئەو میوانەشمان ماوەیەکی کەم بوو کتێبخانەیەکی بچوکی کردبۆوە بۆ فرۆشتنی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار، میوانەکان زۆربەیان چووبوونە دەرەوە بۆ پیاسە و تەنها کچێکیان مابووەوە، منیش سەلامم کرد و بەخێرهاتم کرد ویەکسەر وتی:

ـ زانیت دوێنێ ئەمن هاتن و هەرچی ژمارەی نوێی گۆڤاری کاروان هەبوو هەموویان لەبەر چیرۆکەکەی تۆ سەحب کردەوە لە کتێبخانەکەی ئێمەو لە هەموو کتێبخانەکانی کەرکوک....

منیش سەیرێکیم کردوو و ویستم شتێک بڵێم ئەو هەر بەسادەیی خۆی بەردەوام بوو و وتی:

ـ باوکم دوێنێ شەو کە هاتەوە بۆ ماڵەوە پاش داخستنی دوکانەکە وتی لەوانەیە مەدیحەش بگرن......

کە گوێم لە ( هەرچی ژمارەی نوێی کاروان هەبوو هەموویان سەحب کردەوە....) ئیتر زانیم کار لە کار ترازاوە... چۆن ئەو شەوەم بەڕێخست نەمزانی..کارەکەشم ئەوەندە هەستیار بوو هی ئەوە نەبوو پشوو وەرگرم، چوومە سەرکار، تاوێ بیرم کردەوە چی بکەم باشە؟ پێش هەموو شت کەسی بڕوا پێکراوم هەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی تێمگەیاند کە ئەگەری گرتنم هەیە و ئاگاداری ئیستیعلامات بکاتەوە بۆ ئاگادارکردنەوەم لە هەر بارێکی نائاسایی کە هەست پێ بکرێت، لە لایەکەوە بوونم لەسەر کار باش بوو چونکە دەتوانرا ئاگار بکرێمەوە، لەلایەکی تریشەوە نەمدەزانی لە کەرکوک مەسەلەکە گەیشتووەتە کوێ؟ چەند کاتژمیرێک لەسەر کار

مامەوە پاشان بڕیارم دا شتێک بکەم، دوو کاتژمێر پشووم وەرگرت و یەکسەر تەکسیم گرت و چوومە لای کاک حسێن عارف تا بزانم ئەم پرۆسەیە چۆن ئاوای لێ هات و بۆچی.

کە چوومە ژوورەکەی سەیرێکی کردم وتی: دەبێت خۆت بشاریتەوە....

وتم ئەی بۆ ئەو بابەتە بڵاوبۆتەوە، وتی هیچ نازانم، من ئەمەیانم بۆ هاوڕێیەک ناردووە بۆ خوێندنەوەو ئەوانیتر بۆ بڵاوکردنەوەو چۆن پێچەوانە بووەتەوە نازانم..نازانم لەوێ چی ڕویداوەو بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە کراوە؟...گرنگ ئەوەیە ئێستا خۆت بشاریتەوە..

کە لە ژوورەکەی دەرچوومە دەرەوە هەستم بە قوڵی کاریگەری ئەم ڕووداوە لەسەر مامۆستا حسێن کرد و زۆرم پێ ناخۆش بوو کە چۆن هەوڵی باشی دەدا تاکو بابەتەکانم بڵاوبێتەوەو ئێستاش دەرئەنجامێکی ئەوەندە شپرزەو ناارامی هەیە بۆ ئەوو من و نازانم بۆ کێی دیکە. هەر بە تەکسی بە ترسەوە گەڕامەوە شوێنی کارەکەم و بەردەوام کە تەلەفۆنی ئیدارە لێیدەدا وام دەزانی بۆ ئاگادارکردنەوەمە. وە لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان ئەوەندە ڕاکردن و خۆشاردنەوەمان بە خۆمانەوە بینی بوو نەمدەویست هەموو ماڵەوە دیسانەوە ناارام بکەم.

ئەو کاتە کاک یەلاح حەسەن لە چەمچەماڵ لە کتێبخانەیەک کاری دەکرد، کە زانیبووی وا ئەمن ئەو ژمارەیەی گۆڤاری کاروان لەبەر بابەتەکەی من سەحب دەکاتەوەو ئەو گرفتە دروست بووە یەکسەر محمەد ئاگادار دەکاتەوەو ئەویش بە هەویەی موزەووەر لە چەمچەماڵەوە هات بۆ هەولێر و ووتی مەچۆرە سەرکار و خۆت بشارەوە وتم ناکرێت، هەندێک لە هاوڕێکان پێشبینی ئەوەیان کرد کە چەندە لەو ژمارەیە هەیە لە کتێبخانەکان هەمووی بکڕن و خێرا نەمێنێ، پاش ماوەیەک تەنها ئەوەندەم زانی کە لابردن و دەسکاری ئەو کەسانە کراون کە لە دەستەی نوسەرانی ڕاگەیاندنی گۆڤاری کاروان کاریان کردووەو یەکێکیان وتبووی : ئەو کچە چی پێ کردین!

ئێستاش لە ڕاستی ئەم ڕووداوە تێنەگەیشتم، هەر کەسێک کوردی بزانێت و بخوێنێتەوە دەیزانی ئەو بابەتە هی بڵاوکردنەوە نییە لەو گەرمەی دەسەڵاتی بەعس و لەو زۆرداریيەی ئەو ڕژێمە پەیرەوی دەکردو ئێستاش ئەمزانی چۆن ئەو بابەتە

لە ڕەقابە دەرچووەو دەربازبووە ئەمانە هەموو تا ئێستا لای من پرسیارن و هیچ وڵامێکیان نییە.

ئەم ڕووداوەو ئەوەی ( ڕەسمیە شعریە ) ەکەی ساڵانی قوتابخانەی خانزاد دوو ڕووداوی گرنگ بوون لە ژیانی نووسینمدا، کە پرسیاری زۆریان بۆ داهاتووم خوڵقاند، خەڵکی کەرکوک لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسک و نامرۆڤایەتیا پەنگیان خواردبووەوە .زۆر جار دەموت من لەدایکبووی شارێکی ئەوەندە پڕ لە ئازار و برینم چەندی خەبات بۆ بکەی کەمەو بۆیشی کرا، شارێکدەمانبینی چۆن لە ژێر چینە ئەستورەکانی زۆرداریەوە چرۆکان دەپشکوێن، چۆن ترس وەکو ماری ڕەش نزیک دەبێتەوە بەڵام لە بەر ئەستوری بڕوا و کۆڵنەدان خۆی دەشارێتەوەو هەڵدێ، دەمانبینی چۆن دارودەستەی بەعس نەیدەتوانی مۆمی چاوی هیوا لەو خەڵکە بکوژێنێتەوە و چۆن دەستەوەستان بوو لەوەی پیاسەی شەقامی جمهوری چۆڵ بکات، دەمانبینی چۆن ڕۆژ بەڕۆژ ڕێکخراوە نهێنییەکان بە ژمارە هەڵدەشاخێ و چۆن زانکۆکان و بە تایبەت زانکۆی بەغدا شانەکانی بەرفراوانتر دەبوون، دەمانبینی ئەم شارە چۆن هێدی هێدی بازنەی ژیانی ئاسایی تیایدا تەسک و تەسکتر دەبێتەوە بەڵام بازنەی بڕوای هەر پەل دەهاوێت.....ئێستاش دەبینین چۆن بازنەی ماددەی ژمارە گۆڕاوەکان یاری بە ڕۆژگارەکانیان دەکەن و چۆن بەم ئەمڕۆ سبەینێیە سڕیان دەکەن، سڵاو لە کەرکوکی خاوەن خەباتی خاوێن و ئێستایەکی پڕ لە دوودڵی.

مەدیحە سوفی/ ئەڵمانیا

٢٠١٢/٠٣/١٧

# پاشکۆ

# وێنەکان



ئازاد ئەحمەد- 1979/3/19



ئازاد ئەحمەد- کەریم پەرەنگ 1977/9/30





جەبار ئاسۆ لە کتێبخانەی ئاسۆ- ساڵانی سەرەتای هەشتاکان



ئەحمەدی ملا- بەغداد 1979



دڵپاك تاهیر- هەولێر 1980



مستەفا گەرمیانی و ئازاد ئەحمەد لە کتێبخانەی ئاسۆ 1980



ئازاد ئەحمەد ومستەفا گەرمیانی لە ماڵی ئازاد 1980



مستەفا گەرمیانی- ئازاد ئەحمەد- نەوزاد ئەحمەد 1980



عیزەدین مەجید- کەریم محمد عبد اللە- ئازاد ئەحمەد- شێرزاد

عبدالواحد- جەمیل ئەمین- نەوزاد ئەحمەد- فایەق سەعید

1980



ئازاد ئەحمەد- جەلیل قەیسی- نەوزاد ئەحمەد 1995



ئازاد ئەحمەد ودڵپاك تاهیر 11-3-1979



ئیبراهیم عەلی ئەحمەد (بڵند) –شاهین- ئازاد ئەحمەد- مارف

عومەر گوڵ- جەوهەر كرمانج- مەریوان وریا قانع

بالیسان 1984



فەهمی کاکەیی ومحمد موکری 1976



راوەستاوەکان لە ڕاستیەوە: نەوزاد ئەحمەد- مارف عومەر گوڵ-
ئازاد ئەحمەد-/دانیشتووەکان: مستەفا گەرمیانی- جەمیل ئەمین-
عبد الله قەرداغی- نە ناسراوە سالی 1980 لە ماڵی کاك جمیل امین



مەهاباد قەرەداغی- سەڵاح حەسەن پاڵەوان- عبد الله سليمان مه شخەڵ 1985



نەوزاد ئەحمەد- فايەق سەعيد- ئەديب نادر_ لە ماڵی فايەق سەعيد 1982



عەباس عەسکەر- معتصم ساڵەیی- ئازاد ئەحمەد- کەمال غەمبار- زاهیر رۆژبەیانی-
محمد صابر محمود- عەلی کەریم- محمد بەکر- نەوزاد ئەحمەد
شەقامی جمهوری 1989



ئازاد ئەحمەد- کەریم پەرەنگ- کەریم دەشتی- مارف عومەر گوڵ
ساڵی **1979**- بەغداد- کۆمەڵی رۆشنبیریی کوردی



**یەکگرتنەوەی بەشێك لە هاوڕێیانی شقامی جمهوری پاش 35 ساڵ: لە ڕاستەوە:** کەریم پەرەنگ، ئازاد ئەحمەد، دڵپاك تاهیر، مارف عومەر گوڵ، نەوزاد ئەحمەد، نۆڤەمبەری 2013 سلێمانی

# پێرست


1-پێشکەش........................................................................ 3

2-پێشەکی........................................................................ 4

3-ئازاد ئەحمەد: هاوڕێیانی شەقامی جمهوری................................. 5

4-ئەحمەدی مەلا: شیعر پێداویستییەکە بەڵام نازانین بۆچی!............ 37

5-ئەدیب نادر:گەڕانەوە بۆ ماڵی یەکەم.......................................... 47

6-بەیان سەلمان: لە خەوندا داپڕان نیە، زنجیرە هەیە..................... 93

7-حوسێن کاکەیی: شارو شاخ و تاراوگە...................................... 107

8-دڵپاک تاهیر: Flashback.................................................... 119

9-ڕووناک شوانی: ڕوو لە مەنزڵگەی منداڵی................................. 131

10-سەلام محەمەد: سەرەتاکان................................................. 141

11-سەڵاح حەسەن پاڵەوان: من و شار و ترس.............................. 155

12-عەبدوڵا قادر دانساز: هیچ یادەوەرییەکم نییە تا بیگێڕمەوە......... 175

13-عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ): لە تاریکییەوە بۆ تاریکی............... 189

14-فەهمی کاکەیی: بەزاندنی سنوورەکان..................................... 215

15-فایەق سەعید: لە کەرکووکەوە بۆ ستۆکهۆڵم............................ 253

16-کەریم پەڕەنگ: چەتری وشە لە ڕۆژانی بێدەواییدا...................... 283

17-گارا: لە شۆراوەوە تا نۆردوگای کەرەج.................................... 315

18-مەدیحە سۆفی: نوسین لە ژێر چەتری شارێکی بریندارا.............. 327

19- پاشکۆی وێنەکان.......................................................... 339

# بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی رووناكبیری و كۆمەڵایەتی كەركوك

| ژ | ناوی كتێب | بابەت | نووسەر | ساڵی دەرچوو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعرو بیرەوەری | مەلا شاخی | 1998 |
| 2 | سروودی منداڵان | سروودی نەتەوایەتی | كۆمەڵێك شاعیر | 2003 |
| 3 | دیوانی ئال یاسین | شیعری وەرگێراو | محەمەد ئال یاسین | 2005 |
| 4 | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەری | سەعید شاكەلی | 2005 |
| 5 | كۆنفرانسی ماددەی 58 | وتارو دیكۆمێنت | | 2005 |
| 6 | راگەیاندنی بەرەستەكردنی ستەمی ئایدیۆلۆژی | لێكۆڵینەوە | شێركۆ جەبار | 2006 |
| 7 | خورماتوو لە نێو پاكتاوی رەگەزیدا | لێكۆڵینەوە | حەسەن بارام | 2006 |
| 8 | فەرهەنگی (ماچۆ)ی كاكەیی | فەرهەنگسازی | هاشم كاكەیی | 2006 |
| 9 | لەنێوان ئێستاو رابردوودا | لێكۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵەیی | 2006 |
| 10 | مێژووی ئەو كۆمەڵەو رێكخراوو حیزبانەی لەناوچەی كەركوكدا سەریان هەڵداوە | مێژوویی | سمكۆ بەهرۆز | 2006 |
| 11 | عەلە بەستێ | كورتە رۆمان | حەسەن جاف | 2006 |
| 12 | ژیاننامەو بەرهەمەكانی پرۆفیسۆر زەنون | لێكۆڵینەوە | د. زنون محمد بریادی | 2006 |
| 13 | نەخۆشیەكانی ئاژەڵ كە توشی ئادەمیزاد دەبن | لێكۆڵینەوە | د. عبدالكریم حاجی محمد علی | 2006 |
| 14 | كەركوك لەنێوان پیلان و خەمساریدا | كۆبەندی كۆمەڵە وتار | هێمن مولود | 2006 |
| 15 | كۆمەڵە وتار | ووتار | تەها سلێمان | 2006 |
| 16 | شكستی بلیمەتی | كۆمەڵە وتار | عەبدوڵلا مەحمود | 2006 |
| 17 | كەركوك لەنێوان حەزی خەڵكەكەی و خەونی ئایدۆلۆژیادا | لێكۆڵینەوە | عەلی مەحمود محەمەد | 2006 |
| 18 | دەروونناسی گشتی | دەروونناسی | د. عەبدولستار تاهیر شەریف | 2006 |
| 19 | گەنج و تازەگەری | وتار | فەرمان هیدایەت | 2006 |
| 20 | ئەنفال دۆزەخی بێگوناهەكان | شیعر | فەرمان هیدایەت | 2006 |
| 21 | بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان | مێژوو | حەسەن بارام | 2007 |
| 22 | الارجوان قصص كردیە مترجمە | كۆمەڵە چیرۆكی وەرگێراو | محمد سابر محمود | 2007 |
| 23 | شۆڕشەكانی ئیبراهیم خانی دەلۆ | مێژوو | مستەفا نەریمان | 2007 |
| 24 | كێشەی ویلایەتی موسڵ | لێكۆڵینەوە | د. فازڵ حسێن | 2007 |
| 25 | بەشێك لە حیكایەتەكانی ئەنفالی سێ | مێژوو | هاوار عەباس | 2007 |
| 26 | شووشە | شیعر | هێمن خورشید | 2007 |
| 27 | شێت بوون | شیعر | عومەر سەیدە | 2008 |
| 28 | مدینة اغرقت في الظلام | صورة وثائق | شرف الدین جباری | 2008 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | سوتان بەبۆنی بارانی نامۆبوون | نەق | تەها سلێمان | 2008 |
| 30 | گوڵبژێرێك لە شیعرو شاعیرانی گەرمیان | كۆكردنەوەو ئامادەكردن | سالح هەلاج | 2008 |
| 31 | شهود عيان عن الانفال | دوكومينت ودراسه | عارف قوربانى | 2008 |
| 32 | المتاهه | مجموعه قصص | سالار ئیسماعیل | 2008 |
| 33 | "شانۆكار"گۆڤاری شانۆیی | شانۆ | تیپی شانۆی ئەزموونگەری كەركوك | 2008 |
| 34 | سەما لەگەڵ گورگە بۆرەكان | وتار | ستران عەبدوڵلا | 2008 |
| 35 | وەرزی بێ تاقەتی | شیعر | سۆران مامە حەمە | 2008 |
| 36 | صفحات من تاريخ اليهود في العراق وكردستان | تأريخ | صلاح الدين مجيد زنگنه | 2008 |
| 37 | هۆنراوەو دیوانی شاعیرانی كوردی گۆران | لێكۆڵینەوەو رەخنە | هاشم كاكەیی | 2008 |
| 38 | كوردو توركمان | لێكۆڵینەوە | موعتەسەم نەجمەدین | 2008 |
| 39 | جلولاء في صفحات التأريخ | دراسة | نجم عەبدوڵلا | 2008 |
| 40 | قسە خۆشەكانی ناوچەی گەرمیان | پەندو سەرگوزەشتە | شكوری حەمەی هەیەر | 2008 |
| 41 | شاكر فتاح رۆڵی لە رۆژنامەنووسی كوردیدا | لێكۆڵینەوە | بەهادین ئەحمەد | 2008 |
| 42 | خوایە وەرە بۆ ئەمەریكا | شیعر | لەتیف هەڵمەت | 2009 |
| 43 | كاتژمێر دوو | چیرۆك | ئاسۆ سەعید | 2009 |
| 44 | دیوانو یاداشتی شێخ ئەحمەد شاكەلی | دیوانو یاداشت | هاشم كاكەیی | 2009 |
| 45 | پەیوندییەكانی ئاسورییەكانو بەریتانیا | بحث | سيروان حمة سعيد | 2009 |
| 46 | شعراء جماعة كركوك | دراسة | هشام القيسي | 2009 |
| 47 | قراءة استدلالية في مسرح الكردي | دراسة | بشار عليوى | 2009 |
| 48 | كركوك الحقائق والأرقام | وثائق | عارف قورباني | 2009 |
| 49 | دانیشتن بەدیار ئەنفالەوە | وتارو دیدار | خەلەف غەفوور | 2009 |
| 50 | لەكۆتایی چاوەڕوانیدا | چیرۆك | عومەر سەید | 2009 |
| 51 | كەركوك لە روانگەی مێژووەوە | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | و:د.ئازاد عبدالواحید | 2009 |
| 52 | بیبلۆگرافیای چالاكییەكانی كۆمەڵە بۆ ساڵی 2008 | چالاكی كۆمەڵە | ئا:ئەوزاد شێخانی | 2009 |
| 53 | رموزنەكان | كۆمەڵە چیرۆك | بەكر دەروێش | 2009 |
| 54 | رامان لە ئایدلۆژیاكان | هزری سیاسی | محمد فاتح عبدالرحمن | 2009 |
| 55 | تاوانو تۆڵە | هۆنراوە | حەمید مجید جوامێر | 2009 |
| 56 | التركمان في وثائق البعث | وثائق | سەمەد چاوشین | 2009 |
| 57 | كوردستان لەچاخی مەغۆلدا | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | د.عەبدوڵلا عەلیاوەیی | 2009 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 58 | مۆدلیانی | هونەر | گرفتار کاکەیی | 2009 |
| 59 | رێبەری دەزگای رۆیتەرز | رۆژنامەوانی | و: عمر عبدالكريم | 2009 |
| 60 | خطوة على طريق النقد | دراسة نقدية | جليل بصري | 2009 |
| 61 | هزری رەخنەیی و ئستاتیکای دەق | لێکۆڵینەوەی رەخنەیی | سعید محمد بەرزنجی | 2009 |
| 62 | بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال | مێژوو | و:سۆران عەلی | 2009 |
| 63 | مێرووله | چیرۆکی مندالآن | نەوزاد شێخانی | 2009 |
| 64 | گوڵ و ئاسك و هەنگ | چیرۆکی مندالآن | نەوزاد شێخانی | 2009 |
| 65 | نەورۆزنامە | شیعر | محمد عبدالرحمن زەنگنە | 2009 |
| 66 | دور النواب كركوك في العهد الملكي | دراسة تاريخية | د. نبيل محمود عكيد | 2009 |
| 67 | تۆبزاوە | پرسی ئەنفال و جینۆساید | ئاوەندی چاك | 2009 |
| 68 | نەوت بەرانبەر بەخاك | لێکۆڵینەوە | د. سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2010 |
| 69 | چەمچەماڵ لە چەرخی بیستدا | مێژوو | د. زەنون پیریادی | 2010 |
| 70 | شیعر کوژی | چەند پەڤێك دەربارەی شیعرو شاعیری | حەمە کەریم عارف | 2010 |
| 71 | گیرفان | گۆڤارێکی رۆشنبیری | کۆمەڵێك رووناکبیر لە گەرمیان | 2010 |
| 72 | وتەو پەندی بەنرخ | پەند | عدنان ئیبراهیم زەردەمکی | 2010 |
| 73 | ماندێلاو دیموکراسی ئەمرۆ و باشووری ئەفەریقا | لێکۆڵینەوە | شادمان مەلا حەسەن | 2010 |
| 74 | صفحات من تأريخ اليهود | دراسه تاريخيه | صلاح الدين مجيد | 2010 |
| 75 | ابعاد كوردستانية قضاء خورماتوو | دراسه تاريخيه | حسن بارام | 2010 |
| 76 | پیاوێك گرەو لە نەمری دەباتەوە | لێکۆڵینەوە | ئا:سەلاح هەلاج | 2010 |
| 77 | عمليات الانفال في كوردستان العراق | دراسة تاريخية | فاتح محمد سليمان | 2010 |
| 78 | چەپانەی شوکر خەیاتەوە | لێکۆڵینەوە | گەرمیان شکور | 2010 |
| 79 | ئەنفال و سەگە رەشەکەو بیابان | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | هێمنمەولود | 2010 |
| 80 | کەرکوك تایم | لیکۆلینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | 2011 |
| 81 | شەبەك | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | هاشم عاصی کاکەیی | 2010 |
| 82 | یەکێتی قوتابیانی کوردستان 1975-1953 | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سامان کەریم مەحمود | 2010 |
| 83 | دیوانی شێخ کەریم بەرزنجی | شیعر | کەریم بەرزنجی | 2010 |
| 84 | ناوچەی کفری لەنێوان سالانی 1945-1914 | لێکۆڵینەوەی | حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ | 2010 |
| 85 | کەرکوك لەنێوان مێژوو دووبارە نووسینەوەیدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | 2010 |
| 86 | سێشەممە دەبمە جەللاد | فکری | خالد سلێمان | 2010 |
| 87 | زۆرانبازی لەگەڵ سەدی 21دا | وتار | ستران عەبدوڵلا | 2010 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 88 | شەوی سەفەر | شعر | سەیران شوانی | 2010 |
| 89 | سۆزی شاعیر | شیعر بۆ گۆرانی | ستاراحمد عبدالرحمان | 2010 |
| 90 | طوز خورماتو التاريخ والشراكة الحقيقية تبني البشر | دراسة تأريخية | برهان برزنجي | 2011 |
| 91 | ئەدەب و هونەر (بەرگی دووەم) | لێکۆڵینەوە | موعتەسە سالەیی | 2011 |
| 92 | عێراقی مۆزایكو ناهۆمۆجین | لێکۆڵینەوە | ئەنوەر حوسێن (بازگر) | 2011 |
| 93 | الصحافة الكوردية البدايات وآفاقها | تأريخ | د.صباح موسى | 2011 |
| 94 | الكورد والتركمان الى اين | دراسة | محمد شاكلي | 2011 |
| 95 | Faraj (anfal) | جینۆ ساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 96 | The arab shovel (anfal) | جینۆ ساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 97 | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەری | شێخ سەعید شاكەلی | 2011 |
| 98 | ئەنفال لەدیدی ئەوانی ترەوە | كۆمەڵە بابەت | ئاكۆ شوانی بارام صبحی | 2011 |
| 99 | ئەنفالی بناری گل | لێکۆڵینەوە | بەختیار محمد موزەفەر | 2011 |
| 100 | ئەنفالی ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوە | ئارام رەزا بەهرۆز صالح | 2011 |
| 101 | پێوانی هەستی خۆ بە کەمزانین لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | مەریوان عەبدولەجید | 2011 |
| 102 | ئەنفالی چوارو كاریگەری | لێکۆڵینەوە | هێمن كامیل | 2011 |
| 103 | قەیران و شوناسی خێزان لە پەراوێزی ئەنفال | | پشتیوان رەحیم | 2011 |
| 104 | تغطية الصحافة العراقية لعمليات الأنفال | بحث | شيخ صديق | 2011 |
| 105 | لە بزووتنەوەوە بۆ حیزبی سۆسیالیستی كوردستان | لێکۆڵینەوە | محەمەد شاكەلی | 2011 |
| 106 | دەفری زێرین | كۆ دیدار | خەلەف غەفور | 2011 |
| 107 | بۆ ئەوەی رستی تەسبیحەكە نەپسێ | كۆمەڵە گوتارێكی رۆژنامەوانیی | ئەحمەد تاقانە | 2011 |
| 108 | زارا | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 109 | حەپسە | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 110 | گەلاوێژ | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 111 | دەسەڵاتو سەربەخۆی كورد | لێکۆڵینەوەی سیاسی | كاكەرەش سدیق | 2011 |
| 112 | ئەلبوومی گەرمیان | ئەلبوومی ئاوداران | سالح هەلاج | 2011 |
| 113 | Why does  kirkuk belongto Kurdistan? | جینۆساید | عارف قوربانی | 2011 |
| 114 | لەسەر سنور | كورتە چیرۆك | ئەیوب لهۆنی | 2011 |
| 115 | | | | |
| 116 | قەزای كفری..شارەدێی كەلار | لێکۆڵینەوە | محمد شاكەلی | 2012 |
| 117 | The ethnic cleaning of kirkuk Issue(1) | جینۆساید | عارف قوربانی | 2012 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 118 | The ethnic cleaning of kirkuk Issue(2) | جینۆساید | عارف قوربانی | 2012 |
| 119 | ئەو رۆژەی لەدایك بووم | راپۆرتە رۆمان | ئازاد رشید | 2012 |
| 120 | قسە خۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | رووداوو پەند | شکورد حەمەی همیەر | 2012 |
| 121 | بەشێك لەدیوانی خانەی قوبادی | لێکۆڵینەوە | کاروان عوسمان خەیات | 2012 |
| 122 | هەڵسەنگاندنێك بۆ یاسای رۆژنامەگەری | رەخنەو پێشنیار | ناسح حەمە حسێن | 2012 |
| 123 | هەرێمی کوردستانو ئیدارەی ئایندەسازی | کۆمەڵە وتار | ئاوات محمد ئەمین | 2013 |
| 124 | باليسان، شيخ وسان اول جريمة كيمياوية في كردستان | شهادات حية | د.جليل البصري | 2013 |
| 125 | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی 1) | توێژینەوەیە | رێبوار رەمەزان عەبدوڵا | 2013 |
| 126 | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی 2) | توێژینەوەیە | رێبوار رەمەزان عەبدوڵا | 2013 |
| 127 | حیکایەتەکانی مەرگ | دیکۆمێنتاری | ئیبراهیم هەورامانی | 2013 |
| 128 | دواتر دەینێرم | کۆمەڵە وتار | فاتیح سەنگاوی | 2013 |
| 129 | قۆناغی سێی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | محەمەد ئەمین رەشید | 2013 |
| 130 | مستوى الدافعية للانجاز وعلاقته بالتحصيل الدراسي | بحث ودراسة | ايوب خسرو نادر الهماوندى | 2013 |
| 131 | المقابر الرمليه | روايه مترجمه | حسن جاف | 2013 |
| 132 | خەمێك بۆ ئەنفال | کۆمەڵە وتار | هێمن کامیل | 2013 |
| 133 | اسفار الجحيم | كتابات | جليل ابراهيم الزهيري | 2013 |
| 134 | ئەنفالو جینۆسایدی کورد | لێکۆڵینەوە | چنار نامیق | 2013 |
| 135 | ئەنفال نامە | کۆمەڵەشیعر | عوسمان دەروێششکور | 2013 |
| 136 | ئەنفال گەردانەی بیابان | کۆمەڵە وتار | لەتیف فاتیح فەرەج | 2013 |
| 137 | دیدەڤانێن ئەنفالو کۆمکوژیو کیمیابارانان | دیدەڤان | رێکارێ مزویری | 2013 |
| 138 | پرۆسەی ئەنفالو کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی | لێکۆڵینەوە | رێبوار ئیبراهیم سلێمان | 2013 |
| 139 | شاهد على جريمة العصر | | عارف قوربانی | 2013 |
| 140 | شاهد من عمق الصحراء | | عارف قوربانی | 2013 |
| 141 | مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد | | رێکارێ مزویری | 2013 |
| 142 | جینۆسایدی گەلی کوردستان ئەنفال | لێکۆڵینەوە | سالار مەحمود | 2013 |
| 143 | لەرەهەندی مێژوویەوە بۆ رەهەندی یۆتۆپیای ئەنفال | لێکۆڵینەوە | رێبوار سیوەیلی | 2013 |
| 144 | ئەو نامانەی بە فرمێسك نووسراون | نامە | ئا/لەتیف فاتیح فەرەجو ئاکۆ محەمەد شوانی | 2013 |
| 145 | ئەنفال خاڵخاڵان | رووداوو ئامار | مەلا شاخی | 2013 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 146 | ئەنفال 25 لە 10 رەهەندەوە | دیداری ڕۆژنامەوانی/ئەنفال | سەباح عەلی جاف | 2013 |
| 147 | جوگرافیای کەلتووری ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوەیەکی | کازم جەباری | 2013 |
| 148 | بیبلۆگرافیای کتێبەکانی ئەنفال | بیبلۆگرافیا | ئاکۆ محەمەد شوانی | 2013 |
| 149 | پەیڤستان | کۆ گوتار | عەبدوڵلا سەراج | 2013 |
| 150 | دیوانی لوتفی | شیعر | ئا:عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی | 2013 |
| 151 | ئاوێتەبوونو لێکدانەوەشیعری (نالی)بەنموونە | لێکۆڵینەوە | ئەرخەوان محمد عوبید | 2013 |
| 152 | خاکەرۆ یەك لە خەرمانی شاعیران | ژیاننامە | مەنسوور سالەیی | 2013 |
| 153 | لە لاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە | ڕەتکردنەوەو ڕەخنەگرتن | ڕەفیق حیلمی | 2013 |
| 154 | حقائق تسندها وثائق | وثائقی | سامان بابان | 2013 |
| 155 | هونەری کارلێکەری | | سوبحی ئەلشارۆنی | 2013 |
| 156 | دوو لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری | ڕۆژنامەوانی | احمد عارف | 2013 |
| 157 | Wahid an eyewiness of anfal genocidal crimes | دۆکۆمێنتاری | عارف قوربانی | 2013 |
| 158 | کوردەواریو لێکۆڵینەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی | فۆلکلۆر | هاشم کاکەیی | 2013 |
| 159 | ڤانکاو چەند چیرۆکێکی تر | چیرۆك | و/ئازاد نەجم | 2013 |
| 160 | گۆرانییەك بۆ چرۆکان | شیعرو چیرۆك بۆ منداڵان | ستار ئەحمەد | 2013 |
| 161 | دیوانی منداڵان | چیرۆكو هۆنراوە بۆ منداڵان | لەتیف هەڵمەت | 2013 |
| 162 | دیپەو ژیلە | چیرۆك بۆ منداڵان | ئەسعەدی لوڕزادە | 2013 |
| 163 | خۆشترین وەرز | چیرۆكو هۆنراوە بۆ منداڵان | خالید عەبدول | 2013 |
| 164 | شوانە بچکۆڵە | چیرۆكو هۆنراوە بۆ منداڵان | جەلیل حەمەسەعید ڕەشید نادر چۆڵەمەکی | 2013 |
| 165 | گلەیی ناڵدارو باڵدار | شیعر بۆ منداڵان | عەتای مەلا ستار | 2013 |
| 166 | پەڵە هەورە سپییەکە | چیرۆك منداڵان | ئامانج شاکەلی | 2013 |
| 167 | ازاء البحر من شعر الكوردي | دراسه | هشام القیسی | 2013 |
| 168 | سۆسیۆلۆژیای ئەدەب | لێکۆڵینەوە | د.ئازاد عبدالواحد | 2013 |
| 169 | سۆمەرییەکان | مێژوو | فەرمان هیدایەت | 2013 |
| 170 | الأنثوية الشعرية | دراسة | جليل البصري | 2013 |
| 171 | بەهاری عەرەبی | سیاسی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2013 |
| 172 | بين التراث والمعاصرة | دراسة | معتصم سالەیی | 2013 |
| 173 | سورەوەردی لە زادگایەکی کوردەوارییەوە | لێکۆڵینەوە | سەربەست کەرکوکی | 2013 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 174 | ملامح من المشهد الكركوكي | نقد | نزار السلامي | 2013 |
| 175 | واقع كركوكي | دراسة | عادل ادهم | 2013 |
| 176 | مامەند کرکوکی | لێکۆلینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | 2013 |
| 177 | چوارینەکانی سەدایی | شیعر | شوان سەدایی | 2013 |
| 178 | Taimur | بیرەوەری ئەنفال | عارف قوربانی | 2013 |
| 179 | تۆم خۆشدەوێت، ئەی تۆ؟! | کۆمەلایەتی | کنێر عەبدولا | 2014 |
| 180 | لە نۆسالیدا حەزم بە شوو بوو | چیرۆك | غازی کەرکوکی | 2014 |
| 181 | مەلا جەمیل رۆژبەیانی | لێکۆلینەوەو دیدار | ئا/محمود نجم الدين | 2014 |
| 182 | دەربارەی راگواستن و تەعریب لە ناوچەی خانەقین | لێکۆلینەوە | رحيم حميد | 2014 |
| 183 | بحوث ورشة عمل الدراسية من اجل تطوير محافظة كركوك | وثائق | اعداد د. جليل الزهيري | 2014 |
| 184 | ئەحمەد موختار جاف | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ئا:کاروان عوسمان خەیات | 2014 |
| 185 | ئازادبوون لە ئایدۆلۆژیا | وەرگێرانی شیعر | و.لە عەرەبییەوە عبدالرحیم سەرەرۆ | 2014 |
| 186 | پروپاگەندە | میدیا | وەرگێران و ئامادەکردنی: مەلمەت هۆشیار | 2014 |
| 187 | توێژینەوەی کۆنفرانسی زانستی تەسەوف | توێژینەوە | ئا:دارا حەمید محمد م.ابراهيم کوێخا محمد | 2014 |
| 188 | رەمەزان رزگاربووی گۆرە بەکۆمەڵەکان | دیۆکۆمێنتاری | ئا:عارف قوربانی | |
| 189 | كركوك الأرض والتأريخ | دراسة تأريخية | بورهان برزنجي | 2014 |
| 190 | الصل | رواية | محمد سعيد زنكنة | 2014 |
| 191 | فەرهادێکی تر | رۆمان | غەفور سالح عەبدولا | 2014 |
| 192 | الصراع على كركوك | دراسة تاريخية | و:نوزاد محمود حميد | 2014 |
| 193 | لەنێوان دیکتاتۆریەت و دیموکراسیدا | کۆمەڵە وتار | برایم محێدین عارف | 2014 |
| 194 | وانەی بەسالاچوویەك | کورتە چیرۆکی وەرگێردراو | و: ئیسماعید هەناردەیی | 2014 |
| 195 | کودەتای برسێتی | رووداوی مێژووی کۆن | ئا: خالید مجید فتح الله: ئەحمەد علی حیدر، محەمەد بەکر | 2014 |
| 196 | الحوادث الطبيعية وغير الطبيعية المذكورة في التأريخ | بحث تاريخي | هوشيار بكر عزيز | 2014 |
| 197 | هایکۆ | شیعر | و:محترم محمد | 2014 |
| 198 | دیواودەری شیعر | لێکۆڵینەوە | فەیسەڵ هەمەوەندی | 2014 |
| 199 | صورة المجتمع والمدرسة في الخمسينات من القرن الماضي | بحث وثائقي | محمد شاكەلی | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 200 | گوڵە ساناکان | چیرۆکی منالأن | ئاڤان محمد | 2015 |
| 201 | خانقاه سەید ئەحمەد لە مێژوودا | لێکۆڵینەوە | سیروان سەرگەلۆیی | 2015 |
| 202 | ئاوشفیتز& تۆپزاوا | لێکۆڵینەوە | دالیا عومەر | 2015 |
| 203 | دۆستانی ژینگە | لێکۆڵینەوە | دیاری حسێن | 2015 |

© 2015 issuu pdf downloader. All right reserved. Privacy Policy